# کامێرای چاوەکانم

ناوی کتێب: کامێرای چاوەکانم
نووسینی: عومەر عەلی ئەمین
بابەت: یاداشت
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: مهاباد رەحیم
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠
ژمارەی سپاردن: 2480
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨
کوردستان -سلێمانی
www.sardam.net
www.sardam.enf
www.sardam.org

# کامێرای چاوەکانم

عومەر عەلی ئەمین

سلێمانی - ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ()

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

پێشکەشە بەو مرۆڤانەی کەلەدوای خۆیان، ڕووناکییەکیان داگیرساندووە٠

سێ دیاری:-

من بەتۆوە جوانم. تۆش، بە منەوە جوانیت.

ماڵ و گەڕەك و شارەکەمان بە هینەکانی ئێوەوە جوانن.

ماڵ و گەڕەك و شارەکەی ئێوەش، بە هینەکانی ئێمەوە جوانن.

هەموو کەس دەتوانێت گۆرانی بڵێت، کەم یان زۆر، سازگار یان ناساز، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئەوەندەی چۆلەکەیەکی بەربەیان کاربکاتە گوێڕاگر.

# پێڕس


١- پێشوازی ١٣
٢- نووستنێکی قووڵ ١٥
٣- نیشتمانە بچکۆلانەکەم ١٦
٤- دێر زەمانێکی زوو ٢٦
٥- ئوتومبیل ها...ت! ٣٠
٦- گەشتی قوتابخانەکەی سورداش ٣٢
٧- گواستنەوە بۆ سلێمانی ٣٧
٨- لە حەوشەکەی ماڵی پووری باوکمدا ٣٨
٩- کلارنێتەکەی عەلی ئەفەنی ٤٠
١٠- گواستنەوە بۆ قەرەداغ ٤٣
١١- مەسکەت ٤٤
١٢- گەشتەکەی قوتابخانەی قەرەداغ ٤٦
١٣- ئەوساڵانە ساڵانی جەنگ بوو ٥٣
١٤- دەرچوون بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ٥٥
١٥- ئەسپە بۆرەو هیلالە فەنی ٥٧
١٦- یەکەمجار کە چووم بۆ بەغداد ٦٢
١٧- سێ ساڵی بەغدادمان ٧٥
١٨- عەسرەکەی کەرکووك ٧٧
١٩- هاوینی ١٩٤٦ ٧٩
٢٠- لە قوتابخانەی فەیسەڵیە و بەرزنجە ٨٢

٢١- بەرەو ناسریە ٨٣

٢٢- لە سوق لشیوخ ٨٤

٢٣- دوو ئەفسەرەكە ٩١

٢٤- گرتووخانەكانی بەغدا ٩٧

٢٥- سێ تەرم ٩٨

٢٦- ڕزگاربوونمان لەگرتن ٩٩

٢٧- خۆشاردنەوە لەپۆلیس ١٠١

٢٨- ڕۆژانێكی ڕەش ١٠٤

٢٩- كاتێكی كورتو ژیانێكی درێژ لەتەوێڵە ١٠٦

٣٠- نمایشێكی وەرزشی لەخورماڵ ١٠٩

٣١- قوتابخانەی سەیوانو قاورمەی نۆك فرۆشەكە ١١٢

٣٢- ئاوایی دەرەی مەڕ ١١٤

٣٣- ئادەم بە ئادەم دەگات ١١٨

٣٤- هەرتەلی چەپەكو هەرتەلە حەیاتەكە ١١٨

٣٥- پۆلە كەوەكە ١٢٢

٣٦- تێكەڵاویم لەگەڵ هەرتەلیەكاندا گەرم ببوو ١٢٥

٣٧- زیافەتەكەی مەلا مەجید ١٢٧

٣٨ ڕۆژێكی نائاسایی ١٣١

٣٩ دوای دوانزە ساڵ ١٣٧

٤٠ فۆلكلۆر ١٣٨

٤١ عەبە شەكەنە ١٤٠

٤٢ مەنعی تەجەول ١٤٢

٤٣ کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ١٤٨
٤٤- هونەری شێوەکاری ١٤٩
٤٥- لەشەستەکاندا ١٥٢
٤٦- دامەزراندنی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) ١٥٤
٤٧- ناوی ئەندامانی تیپەکە ١٥٨
٤٨- سەرینی باداری ١٦٠
٤٩- بلیمەت ١٦٤
٥٠- کورسیە بۆر ١٦٥
٥١- میوانەکان ١٧٠
٥٢- بانگ کردن بۆ بەغداد ١٧٣
٥٣- ڕۆژی نەورۆز لە بەغداد ١٧٥
٥٤- یەکەم تۆمارکردن لە تەلەفزیۆندا ١٧٨
٥٥- دیسانەوە مقۆ مقۆ ١٨١
٥٦- تیپی هاوڕێیانی گەزیزە ١٨٣
٥٧- ڕەنجەکانمان ١٨٧
٥٨- گەرمبوون لە بەرهەمدا ١٩٠
٥٩- شلەخەجێ ١٩٢
٦٠- کورتە دراماکانی تیپی سالار ١٩٧
٦١- هەر خەریکبووم ٢٠١
٦٢- ڕووەو سینەما ٢٠٣
٦٣- شەوەکەی چۆڵی قوڵفە ٢٠٨

٦٤- گەنجەکەی شەقامی کاوە ٢١٥
٦٥- ناسنامەی شانۆی کوردی ٢١٧
٦٦- ناسنامەی شانۆی کوردی قەڵەمی نووسەری کورد دەینووسێت ٢٢١
٦٧- لەبەر دەرگای باسەکەدا ٢٢٤
٦٨- دەست پێکردن ٢٢٧
٦٩- عەبا ٢٥٠
٧٠- سلێمانی لەدوو دەفتەردا ٢٥٣
٧١- چالاکیم لە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ٢٥٥
٧٢- چاپخانەکەی کارێزە ٢٦٠
٧٣- لە چۆمانەوە بۆ چۆمان ٢٦٦
٧٤- خانەنشینی یەکەمم ٢٧٩
٧٥- شەهید ئاوات ٢٨٠
٧٦- ڕاپەڕینی پیرۆز ٢٨٤
٧٧- بەرهەم تۆمارکردن لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنیدا ٢٨٥
٧٨- چالاکیتری پەروەردە ٢٩٠
٧٩- میهرەجانی یەکەمی هونەری  کوردی ٢٩٤
٨٠- فیلمی سینەمایی نێرگز بووکی کوردستان ٢٩٩
٨١- نەخشە ٣٠٣
٨٢- نەوازش هونەرمەندی شایست ٣١٧
٨٣- سێ شانۆیی ٣٢١
٨٤- ئاستی شانۆی کوردی لە هەشتاکاندا ٣٢٩

٨٥- بینینی دووەم میهرەجانی عەرەبی لەبەغداد ٣٣٠
٨٦- سێیەم میهرەجانی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی ٣٣٣
٨٧- ماڵی کاك فەیزی ٣٣٦
٨٨- نانەواخانەکە ٣٤٧
٨٥ شانۆی سەردەمی ڕاپەڕین ٣٥٠
٨٦ ڕووبارە گەورەکە ٣٥٤
٨٧ بچووکبوونەوەی شانۆمان لەنەوەداکاندا ٣٦٥
٨٨ دەستەوەستانییەکەم
٨٩ سەرچاوەکان
٩٠ کتێبە چاپکراوەکانم

## پێشوازی-

ئێستا (٨٢) جارە بەدەوری خۆری نازداردا دەسووڕێمەوە، بەڵام هەشتساڵیش زۆرترە نەخۆشیەکی درێژخایەن داوێتی لە جەستە و گیانم بەگۆچان نەبێت، بواری هەڵسوکەوتم نادات – سوپاسیش بۆ یەزدان ئەوەندە باوەڕم بەبیرکردنەوەی خۆم هەیە کە بتوانێت یارمەتیم بدات بۆ نووسینی ئەم بیرەوەریانە.
لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٧)دا لە سەردانێکی (شێرکۆ بێکەس)دا لە دەزگای (سەردەم) کە باسی نووسین هات بەباسدا، وتم نەخۆشم و خاویشم، ئەنجا پرسی ئەی بیرەوەرییەکانت چاپ نەکردووە؟ وتم لە یەك دوو کتێب و ڕۆژنامەکاندا بەپچڕپچڕی چاپکراون. ئەمە لای ئەوەوە بەو شێوەیە کەمتر کەڵکی دەبەخشی، بۆیە ڕەئی وەهابو کە ئێستا چ بیرکردنەوەیەکی تریشم هەیە

لەگەڵ چاپکراوەکانیشدا تێکەڵیان بکەم با لەیەك بەرهەمدا بن. کە وتم ئەوە بۆ ئێستای من ئەرکێکی گرانە چونکە نەخۆشم و ناتوانم. وتی تۆ بینووسە من لە سەردەم بۆت چاپ دەکەم با ئەم بەرهەمەش کەلە بەرچاودایە، بایەخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێرکۆ بێکەس کە ئەمەش کارێکی جوانەو خزمەتگوزارییەکی ڕۆشنبیریەکەمانەو شایستی سوپاسە.

ئێستاش کە دەستم کردووە بەنووسینی ئەم یادەوەریانە، هەروا بە نەشارەزایی و بەوێڵی ڕێگەیان نەگرتۆتە بەر، بەڵکو لە زۆر سەرچاوەی ڕۆشنەوە جۆگەلەیان هەڵگرتووە: هەیانە بیرکردنەوەی خۆمە کە هێشتا باوەڕم پێی ماوەو پشتی پێ دەبەستم. هەیانە حەفتاوهەشتاکانە کە لاپەڕەی دەلیلەکانیان لەنێو ئەرشیفەکەی خۆمدا شایەتیم بۆ دەدەن، هەیانە بەرهەمە تەلەفیزیۆنیەکانە کەهەر زیندوون. خۆ جاریێ وەهاشم لێنەهاتووە کە باوبژی بیرچوونەوە ناونیشانەکانیانم لێبفرێنێت، جگەلە ئەمانەش هێندێکیشیان ئەو یادەوەریانەن کە کتێبە چاپکراوەکانی خۆم لە ڕۆژنامە وە گۆڤارەکاندا خۆم بڵاوم کردوونەتەوە، هەیشیانە پەنایان بۆ ئەرشیفەکەی خۆم بردوومە. لەگەڵ متمانەی تەواوم بەم سەرچاوە ڕۆشنانە، جاروبارەیەك هەر ڕێك دەکەوێت بیرچوونەوەیەك ڕوویدات، کەئەوە منیش مافی خۆمە گلەیی لەو هەڵفڕێنانە بکەم و داوای بەخشینی لە ئێوەی بەڕێز بکەم.

ئەو کەسە بەڕێزو خزمەتگوزارانەش کە هێشتا لە ژیانان و ناوەکانیان هاتووە: سڵاوی گەرمیان لێ دەکەم و هیوای جوانیان بۆ دەخوازم و ئومێدی تەمەن درێژیان بۆ دەخـوازم. ئەو زاتانەشی لێمان جیابوونەتەوەو لەم جیهانەدا بەجێیان هێشتووین، لە پەنای گەورەی یەزداندا بن و هەر بەهەشتی بن و یادە شیرینەکانیان هەر بەخێرو خۆشی بێت.

عومەری عەلی ئەمین

شوباتی ٢٠٠٨

# نووستنێکی قووڵ

من بەمنداڵی پێیان وتووم تۆ لەدەوروبەری ساڵی (١٩٣٠)دا تەمەنت سێ و چوار ساڵ بووەو، هەستت بە ژیانی ئەم سەرزەمینە نەکردووە نەهیچ ئاگاداری کاروبارو هەڵسوکەوتی خۆت و کەسانی تری ئەم جیهانە بوویت. ڕووداو و بەسەرهاتەکانیش وەکو لێڵاییەکی بەسەردا هاتبێت و یان وەکو تارمایی هاتبنە بەرچاوت، وەهابوون، بەڵام ڕاستتر ئەوەیانە کە ئەو سێ و چوار ساڵە، تۆ لە نووستنێکی تەواو قووڵدا بوویت.

ئەو زانیاریانەش کەوەها دەگەیەنن: من لە ساڵی (١٩٢٦)دا لە سابونکەران لە ژوورێکی ماڵی پوری باوکمدا لەدایکبووم و بەهۆی ئەوەوە کە ئەوسا باوکم پۆلیسی سوارە بووە گوێزراوەتەوە بۆ چوارتاو، چی و چی و شتی تر، ئەوانە کەس لە منی نەبیستووەو بەڵکو لەدایك و باوکمیان بیستووەو ئەوان بۆیان

گێڕاونەتەوە، دەنا من خۆم فرم بەو ڕووداو و بەسەرهاتانەوە نییەو، بەڵکو وەهام بەلاوە پەسەندە کە ئێستا خۆم بەدەمی خۆم، باسێکی شەقامی سابونکەرانتان بۆ بگێڕمەوە، کە دەست پێکردنێکی ئەم بەرهەمە بگرێتە دەست و، بشبێتە سەرچۆپیکێشی دێڕەکانی ئەم کتێبە.

## نیشتمانە بچکۆلانەکەم

من کوڕی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانیم، دوای ئەو نیو سەدەیەی کەلەوێ پەروەردە بووم و قاڵی ژیان بووم، ئەوە (٣٥) ساڵیشە لەوێ گواستوومەتەوەو بنەماڵەکەشمان لەوێ نەماوە. لەوساشەوە ئەگەر نەڵێم بەدەگمەن، بەڵام زۆر کەم سەرم داوەتەوە، مەگەر بە بۆنەیەکی تایبەتی: خزمێك یان دۆستێکەوە نەبووبێت، هەر جارێکیش چوومەتەوە، ئاخێکم بۆ ئەو ڕۆژانەی ڕابووردوویان هەڵکێشاوە کەلەوێ بردوومەتە سەر. بەڵام هیچ جارێکیان وەکو ئەم جارە کاریگەرانە گەشەی پێ نەبەخشیوم و لە بوژانەوەو زیندوێتی بەش نەداوم.

ڕۆژێکی پایزی ساڵی (٢٠٠٣) بوو، بەرانبەر دەرگای قوتابخانەکەی (دواناوەندی گۆیژە) ڕاوەستابووم هەروەها دەمڕوانی هەروەك چۆن بینەرێکی سینەما فلیمێك دێتە بەرچاوی، ئاوەها منیش ئەم دیمەنانەی کە ئێستا باسیان دەکەم، ئاوەها بەبەرچاومدا نمایشیان دەکرد. خوار ماڵی قازیەوە نەبێت کەلە سنووری شاردا

بوو، ئیتر هەتا ڕووەو گردی سەیوان و کارێزی (وەستا شەریف) تابناری (گۆیژە) و (تووی مەلیک) چۆڵ و هۆڵ، یەك خانووی تێدا نەبوو.

ئەوەتا لە پشت قوتابخانەکەوە پەڵە دەغڵێکە، کاتیش بەرەبەیانێکی تاریك و ڕوونەو، ئینزاری بۆردوومانی فڕۆکەی ئینگلیزیش بەئاسمانەوە ئەزیرێنێت، هەرا، هەرای (ڕەشید عالی) هەزارو نۆسەدو چلە، ئێمەو مانانیش کە ماڵەکانمان لەم نزیکانە بوو، بەپەلە پڕوزێ خۆمان لەو پەڵە دەغڵەدا شاردەوە، ئەنجام کە فڕۆکەشمان نەبینی گەڕاینەوە ماڵەوە. هەر بەدوای ئەو دیمەنانەشدا ئەم شەقامی (برایم پاشا)یەشم لێگۆڕا بەسەددە درێژەکەی ڕۆژهەڵاتی شار. بەڵێ ئەوەتا لەملامەوە پردێکی بەسەرەوەیەو لەوبەرەوە ژوورێکی خشتی کاڵ (قولغ) دروستکراوە بۆ باجگرەکانی ڕێگەی (قرگە) و (بەرزنجە) و ئەو دەوروبەرانە کەبەم ڕۆژگارە لەسەر عانەیەك دووعانە باج وەرگرتن بۆڵەو مشتومریانە لەگەڵ ئەو ڕێبوارانەداو ئەگەر پێیان نەبوو گوریسێك یان پشتێنەکەیان بەبارمتە لێ گل ئەدەنەوە تا لەشار دێنەوەو پارەکە دەدەن. جا دەوری ئەم قولغەش هێندێك جانبازوەستاون، یەکێك لەو دێهاتانەوە سەرێك ئاژەڵی بهێنایە بۆ فرۆشتن، ئەمان تێیان ئەمروکان و بە مامەڵەیەکی پڕ سەیرو سەمەرە لەدەستیان دەردەهێنان. من چوزانم کە گەورە بووم توانای هونەری ئەوەم دەبێت کە هەندێك لەو کڕین و فرۆشتنانە لە شانۆو تەلەفزیۆندا نمایش بکەم.

بەڵێ لەم چرکە ساتەدا ئەم دیمەنانەم هەموو بەڕوونی هاتنەوە پێشچاو، ئیتر وێنەکانی ئەم ڕابووردووە پابەندی کردم، بڕیارمدا وردە وردە بەو شەقامەدا سەربەرەوخوار ببمەوە بۆ ناو سابونکەران واتە خوار ماڵی قازیەوە کەلەو سەردەمەدا ئەملاوئەولای شەقامەکە بامێ و تەماتەو سڵق و سەوزەی هاوینەی لێدەڕوێنرا. ئیتر کە گەیشتمە سەرەتای شەقامەکەی سابونکەران واتە (فولکەکە) ئازاری شەلە شەلی نەخۆشیەکەم لە (٩٤٠)وە گەیاندمیە (٢٠٠٣). ناچار بۆ پشوودان لە چاخانەیەکی ئەوێدا دانیشتم. بەڵام کە لەگەڵ چاخواردنەوەکەدا سەرنجی جادەکەم دەدا، پرسیارم لەخۆم دەکرد:

ئەرێ یاران! ئێستا نە (عەبدوڵای مەلا ڕەشیدو نە ئەمینە قوتە) ئەبینم لێرەوە بڕۆن، نە (عەلی ئەمین و نە دەروێش کەریم) لێرەوە تێدەپەڕن و، نە (عەبەی عەدەو نە مەلا ڕەووف) بێرەدا ڕادەبوورن. ئەمانە کوان؟ لەکوێن؟ ئێستا لەجیاتی

ئەوانە کەسانێتر بێرەدا هاتوچۆ دەکەن! هەڵبەتە دەورو تەسلیمیان لەگەڵ ئەم بەرێزانەدا کردووە کەلێرەوە تێدەپەڕن. کاتێك بەخۆم زانی سەرلەنوێ لە (٢٠٠٣) یەکەو گەڕاومەتەوە بۆ (٩٤٠)و بەرەو ژووری و، لەخوارتر لەلای چاخانەکەی (حەمە گوێزە)وە خۆم بینیەوە، کە ماڵەکەیان بەدیواری چاخانەکەوە نووسابوو، خۆیشی ژنەکەی مردبوو، سێ و چوار مناڵی هەبوو لە خەم ڕەخسی بوون، زۆری کات خۆی لە چاخانەکەدا ئاگاداری دەکردن. ئەوەتا وا لەسەری کۆڵانەکەی خوارتریشەوە، (ع.ح.ب)ی شاعیرو (عومەر عارف) کە قوتابی ناوەندی بوون دەیانبینم پێدەکەنن و دەتریقێنەوە بە چۆنێتی شیعرەکەی (ئەحمەد هەردی) کە چۆن بۆ تەخمیس کردنی شیعرەکانی (مەفتونی قەرەداغی) وتبووی. ئەوا هەر لە کۆڵانەکەشەوە (باجی تاوس) هاتە دەرەوە کەلەژێر باراشێکدا نوشتاوەتەوە، کە زۆرجار لەم نزیکانە بەمجۆرە کۆڵانەوە دەبینرا حەماڵی بۆ ماڵان و ئەو ناوچەیە دەکات لە پێناو گوزەرانی مناڵە بێباوکەکانیدا. باجی تاوس ژنێکی ئازای تری بیرخستمەوە (ئامەی چەقالە) باجی ئامین بێوەژنێکی پیری چاو کزبوو، چەقالەو قەزوان و گوێزی سوێر دەکردو ئەیدا بەکۆڵیاو گۆچانەکەی هەڵدەگرت و دەیگێڕا بە ماڵاندا، لەهەر دەرگایەکی دەدا دەبوو بەخۆشی خۆشیەك، ژنان و مناڵان لێی کۆدەبوونەوە بەدەم گوێزو چەقالەو قەزوان خواردنەوە، لەدەوری دادەنیشتن بەقسەی خۆش لەگەڵیدا دەیان بردە سەر، ئازایانە خۆی بەخێو دەکرد.

کەلەسەری ئەم کۆڵانەش کەمێك بەرەو خواربوومەوە گەیشتمە ماڵی (میرزا عەبدوڵا) و ماڵی (تایەری خاڵە لە) کە دوو خانووی گەورەو دوو نهۆمن... ئەوەتا بەو بەریشەوە ماڵی (حاجی کەریمی شمقار) دەبینم کە عروسی و تەختەبەندێکی جوانەو نهۆمی ژێرەوەی ڕیزە دوکانێکی بچووکی دەرابە تەختەیە. خوار ماڵی حاجی کەریمیش، چوخمەکەی سابونکەران هاتە ڕێم کە ئەمیش بەشی خۆی دەنگ وباسی جنۆکەو دەعبای گرتۆتەخۆ، کەلە دەوروبەری ئەم چوخمەش ئەوەتا بە سەربانەکانەوە ژنان و پیاوان دیارن هێندێك سابوونە هەڵدەخەن و هێندێك سابوونی وشك دەبەنە خوارەوەو دەیکەنە بابەتێك بۆ سەرچاوەی گوزەرانیان کە (سابوونی بەزی) و (سابوونی سەرکەف) لە سابوونە ناسراوەکانی گەرەکن.

خوار چوخمەکەشەوە ئەوە دوکانی حاجی کەریمی شمقارە کە دوو دوکانیەکە

دراونەتە دەم یەکترو سەوزەو میوەو ماستی تێدا دەفرۆشرێت. هاوینانیش بەفرفرۆشەکانی مەڵکەندی لە چاڵە بەفرەکانی گۆیژەوە بەئێسترو گوێ درێژ بارە بەفری بۆ دەهێنن و، ئەمیش بەمشار لەتیان دەکات و دەیفرۆشێتەوە بە دوکاندارەکانی ئەو نزیکانەو کڕیاریتر. خوار حاجی کەریمیش ئەوە دوکانی (سمە بلبل)ە کەبەم ڕۆژگارە سەبیل و بلبلی قوڕ دروست دەکات و زۆرجاریش لەگەڵ عەزەی کوڕیدا دەیکات بەهەرا چونکە کەمێك بزێوی دەکات.. ئەوەش دوکانەکەی (شەوکەتی دەلاکە) کە وابزانم من تەنیا یەکجار سەرم لاتاشیوە. دوکانەکەی (حاجی حەمە حەوایی) برنج فرۆشیش بەتەنیشتیەوەیەتی.

خۆ کەمن ئەم دوکانانە دەبینم و ئەم کەسانە دێنە بەرچاوم و ئاوا بەم شەقامەدا دێمە خوارەوە، هەروا دەزانم کە لەگەڵیاندا دەژیم و لەناویاندام، ساڵانی سەرو چل و پەنجاکانەو، هەرگیز ئەوەم ناکەوێتەوە بیر کە کاتێك ئەم گەڕانە ساڵی (٢٠٠٣)یە. هەر لەگەڵ درێژخایەنی ئەم گەڕانەدا، بەوبەر دوکانەکانی حاجی کەریم و سمە بلبل و شەوکەت و حاجی حەمە حەواییەوە ئەم پانتاییە تەختەی لێیە، کۆنتریش حەوزێکی لێبو ئێستا نایبینم، دوواتر بۆرییەکی ئاگر کوژێنەوەشی لێبوو ئەویشم هەر نەدی. بەڵام ئەوەی کە گەورەو بوونی هەبوو چاخانەکەی (حەمە شەشە) بوو. ئەم چاخانەیە وەك مەڵبەندێکی گەورەی کۆمەڵایەتی وابوو. شەوانی ڕەمــەزان (مەلا سمایل) دەچووە سەر مێزێکی بەرزو هەقایەتی (ڕۆستەمی زاڵ و شیرین و فەرهادو ناسرو ماڵ ماڵی) بۆ ئەم خەڵکە دەخوێندەوە، جاری واهەبوو دەمارەکانی ملی سوور دەبووەو بەنەڕینەوە دەیکێشا بەمێزەکەدا، خەڵکەکەی ڕادەچڵەکاند. جارێکیان باسی ئازایەتی و نەبەردی ڕۆستەمی بۆ دەگێڕانەوە دەیوت: (ئیمامی عەلی) خوای لێڕازی بێت ناوبانگی ئازایەتی ئەم ڕۆستەمەی بیستبووەوە، هەر بەدوایدا دەگەڕا بیدۆزێتەوە تا لە زۆرانێکدا بیکوتێت بەزەویدا... ڕۆژێك لە کێوی مازەندەران لە نەدیویەکدا وادەبینێت ڕۆستەم بەسواری ئەسپەکەیەوە خەریکی ڕاووشکارەو گورزەکەشی بەدوای خۆیدا کێش دەکات. ئیمام بەم دۆزینەوەیە زۆر دڵخۆش دەبێت، دەیەوێت ڕایگرێت تا چنگی لەگەڵ بکات. بۆ ئەم ڕاوەستانەش بەهەموو هێزێکییەوە لە دواوە قاچ دەخاتە سەر گورزەکەی. بەڵام ڕۆستەمیش لەڕۆیشتنی خۆی ناکەوێت، بەبێ ئەوەی ئاوڕیش بداتەوە بۆ دواوە بزانێ چییەو چی نییە،

قامچییەك بۆ دواوە دائەوەشێنێتەوە بۆ ئەسپەکەی و دەڵێت: ئەی کوێرەوە بیت مازەندەران بۆ خۆت و درك و دارت!

هەر لەبەردەم ئەم چاخانەیەشدا شیرینیترین بیرەوەریم هاتەوە یاد: لە هاوینی (٩٤٧)دا کۆمەڵێك گەنج بووین گیانی نیشتمان پەروەریی کۆی کردبووینەوە زۆربەشمان ماڵمان لەو نزیکانە بوو، (مامۆستا ئەحمەد هەردی و مامۆستا ئەحمەد غەفوورو کاك ڕەئوف یەحیاو کاك عومەر عارف) و چەند کەسێکی تر بووین، ئیتر هەموو شەوانی مانگە شەوی ئەو هاوینە کە چاخانە خەریك دەبێت چۆڵ ببێت، لەسەر خواستی خۆمان کورسی و قەنەفەیان بۆ دەهێنایە بەردەم چاخانەکەو لەو مانگە شەوەدا بەدیار مامۆستا هەردیەوە دادەنیشتین، هەر شەوەی چیرۆکێکی بۆ دەگێڕاینەوە.. چیرۆك لەجۆری (روایات الجێب) کە ئەو کاتە باوبوون، تایبەتیش بوون بە ڕووداوی پۆلیسی و تاوان و دزیی و دۆزینەوەی تاوانبارانەوەو لەم بابەتانە. جا مامۆستا هەردی خۆی لە گێڕانەوەی قسەی ئاساییدا ئەوەندە پابەندت دەکات هەر حەز دەکەیت تەواوی نەکات، نەخوازە چیرۆك گێڕانەوەش.. دەقاودەق ئەم چیرۆکانەی لەبەربوو، هەر شەوەش چیرۆکێکی حەفتا هەشتا پەڕەیی بۆ دەگێڕانەوە لەکاتی گێڕانەوەکاندا، سەرەتای چیرۆکەکان زۆر ئاڵۆزو سەرنجڕاکێش بوون... بۆنموونە: مانگ کە جاروبارە لەودیو پەڵە هەورەکانەوە دەردەکەوت، بەڕووناکێکەی ئەو ئاقارانەی ڕووناك دەکردەوە کە بەدەیان لاشەی لەوناوەدا لێکەوتبوو. دوای ئەو جەنگە خوێنینەی کەلەوێدا ڕوویدابوو. یان ئەو ڕستە بەهێزانەی کە دەربڕینی دەروونی بەکاری دەهێنان. بۆنموونە: کەبرا کوژراوەکە هاتە ژوورەوەو هەر لە دەرگاکەوە بکوژی براکەی بینی، بەسەیرکردنێك سەیری کرد کە ئەگەر ئەو چاوانەی تیر بوونایە هەموو گیانی هەلاهەلا دەکرد. هەروەها تەعلیق لێدانیشی پێخۆش بوو بەتایبەتی هی من. بۆ نموونە، گێڕایەوە: میری ناوچەکە مامۆستایەکی بۆ کچەکەی ڕاگرت کەلە کۆشکەکەیدا وانەی پێبلێتەوە. ئامۆژگاری کرد ئەو لەم کۆشکەدا هەرچییەکی بینی هەڵنەداتێ و خۆی نەکات بەلایەن، تەنیا ئیشی ئەو هەر وانەکان بێت و هیچی تر، لەو، فێرکردن و لە ئێمەش پارەی زۆر... منیش قسەکەم بۆ میر تەواوکردو وتم: ئا ئیتر تۆ بۆخۆت لەتەڕ بخۆو لەوشك بنوو هەقی هیچی ترت نەبێت.. هەردی بەم تەعلیقە زۆر پێکەنی. هەروەها شێوەی گێڕانەوەکانی بەجۆرێك بوو،

ئێمە وەها هەستمان دەکرد کەلەنێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو چیرۆکانەدا دەژین، هەتا جارێکیان بەم بۆنەیەوە ڕەئووف یەحیا وتی: هەردی قەرزارم بیت ئەگەر مردم بمکە بەپاڵەوانی یەکێك لە چیرۆکەکانت. بۆسبەی شەو کە کۆڕ گەرم بوو، چیرۆك گەیشتە نیوەی، ڕەئووف هەر دیار نەبوو. هەتا هەواڵیان بۆهێناین کە کاك ڕەئووف بریندارەو لە نەخۆشخانە کەوتووە.

ئیتر شەوان کە چیرۆکەکانی کۆتایی دەهات، چاخانە کەسی تێدا نەماوەو سەرجادە کەسی پێوەنەماوە، ئێمەش بڵاوەمان لێدەکرد وامان دەزانی لە سەیری فلیمێکی سینەمایی بووینەتەوەو، یان شانۆییەکمان بینیوە، یان لە کۆڕێکی ئەدەبی هەڵساوین. لەڕێگاش کە دەڕۆیشتینەوە بۆماڵەوە، هەر بیرمان لەوە دەکردەوە کە سبەی شەو زووتر بگەڕێینەوە هەتا چیرۆکێکی نوێمان بۆ بگێڕێتەوە. چاخانەکەی حەمە شەشە دوای چەند ساڵێك گۆڕاو کرا بە (گەرماوی گەل)و کەوتە شۆرین و چاککردنەوەی چەندان کەسانی بیر پیس و چڵکن.

مێشکی مرۆڤ چەندە بەکارە، بروسکاسایی ئەم هەموو دیمەن و وێنەو کاروبارانەی نێو ئەم چاخانەیەی لەچاو تروکاندنێکدا هێنایەوە بەرچاوم. من بەم سەرشەقامی سابوونکەرانەوە وەکو لە بێژنگی دەستی زەمانەدابم ئاوەهابووم، هەر تەتەڵەی دەکردم و گێژی دەدام. هەر لەسالآنی چلەکانەوە بۆ پەنجاکان، دەمێکیش لە پەنجاکانەوە بۆ شەستەکان و بەرەو ژوورتریش دەیهێنام و دەیبردم.

بەڵێ کە مرۆڤ لە چاخانەکە دەترازێت و بەرەو خوار دەبێتەوە، دەگاتە دوکانی (حاجی عەبەکە)ی حەڵواچی بەڵام بەدەستە چەپدا، ئەوەتا مەنجەڵێك (گەزۆکونجی) کوڵاوی لەسەر پشتی سینیەکی مس ڕۆکردووەو، بەکێردێکی تیژ کرچە کرچ قاشی دەکات و چەند منداڵێکیش بەدیاریەوە ڕاوەستاون، خۆ کە حاجی عەبەکەش ئەمری خوای کرد، حاجی ( حەمە موراد)ی حەڵواچی لەوبەریەوە داینا.

ئەی ئێوە (حەمەی کەبابچی) بۆ ناپرسن؟ سەیر چەپە دوکەڵی کەبابەکەی ئەو دوکانە بچکۆلە هەژارەی بکەن، هەر بۆن و بەرامەکەی مۆرڤ تێر دەکات دەکات. ئەوەتا ئەوە (پیرەمێرد)ی شاعیریش وەك هێندێك ڕۆژیتری بە عەرەبانەیەکی دوو ئەسپییەوە لەبازاڕ تەشریفی هاتەوەو لەبەر کەبابخانەکەدا دابەزی و داوای لە وەستا محەمەد کرد ژەمێك کەبابی سەفەری بۆ ببرژێنێت و، چووەوە نێو

عەرەبانەکەو دانیشت هەتا کەبابەکەی پێدەگات، کە لەگەڵ خۆی بەسواری عەرەبانەکەوە بۆ قاوەڵتی بەرەوژوور بیباتەوە بۆ قەڵەندەرخانەکەی. خۆ ئەم خەڵکەش کە وادەبینی لەجێگەی خۆیان جووڵە جووڵێکی ڕێزیان پێکەوت، بەبێ هۆ نەبوو، ئەوە جەنابی قازیە (شێخ محەمەدی خاڵ)وا بەرەوژوور دەبێتەوە بۆ ماڵی خۆیان لای مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینەوە. خەڵکی شار ڕیزێکی گەورەی لێدەگرن و سابونکەرانیش شانازی پێوەدەکەن.

هەر خوار دوکانەکەی حەمەی کەباب بەدەستە ڕاستی جادەکەدا، قوتابخانەی (کەشتی نوح) دەبینم کە دوو دوکانەو دراونەتە دەم یەکتر، ئەوەتا مامۆستا (نەجمەدین مەلا) بەدەنگە گڕەکەی خوێندن و نووسین و وانەی کوردایەتی فێری قوتابیە تەمەن گەورەکانی دەکات. (کەشتی نوح) قوتابخانەیەکی خنجیلانەیە تایبەتە بە (نەجمەدین مەلا) خۆیەوە خۆشی بەسەڵتی ژیانی تیا دەباتە سەر. جاروبارە هێندێك دۆست و ناسیاو شەوانە بەسوعبەتەوە توورەی دەکەن و ئەویش لەداخدا بەسوعبەتەوە دەیانداتە بەر قسەکانی خۆی. بوونی مامۆستا نەجمەدین لەم گەڕەکەدا ئاوەدانیەکە.

کۆڵانەکەی تەنیشت کەشتی نوحیش، هەمیشە لەوێوە (محمود شەوکەت سەعید دانسازو شێخ سەلامی شاعیرو حسەینی حاجی وەلی و عوسمانی سەعی مەلا عەباس) ئەم بەڕێزانە لەو کۆڵانەوە هامشۆ دەکەن کە کۆمەڵە پیاوێکی ناودارو بەڕێزی سابونکەرانن بەتایبەت (شێخ سەلامی) شاعیر کە باناوبانگە.

ئەوەتا لەخوار کەشتی نوحەوە بەوبەریەوە (حەمامی موفتی)یە، من زۆرجار لەگەڵ باوکمدا بۆ خۆشۆرین دەچووین بۆ ئەوێ. ئەم حەمامە بەشەو بۆ پیاوانەو بەرۆژ بۆ ژنانە. ئەوەشم بیرە کە هێشتا مناڵ بووم چوار ساڵان نەببوم، دایکم جارێك لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ئەو حەمامە کە نۆرەی ژنان بوو... بیرمە ژنەکان بەشێوەی تارمایی دەهاتنە بەرچاوم، جارێکیان تارمایی ژنێکم بینی بەپێوە ڕاوەستابوو جامێکی لەپێشی خۆیەوە ڕاگرتبوو.

خوارتریش لە حەمامەکەوە بەدەستی ڕاستدا لەوبەرەوە، ئەوە مزگەوتی (سەید حەسەن)ە، کە تەختاییەکی کەمێك پانی لەبەر دەرگاکەدا هەیە. جارو بارەیەك (ئەحەی جاو) کە پیاوێکی بە تەمەنی شێتۆکەیە، تەبەقی حەڵواکەی بۆ فرۆشتن لێرەدا دادەنێت. کە هەندێکجاریش دەمانەوێت لێی بکڕین لێمان عاسی دەبێت

دەڵێت: یەکی بە دە لیرە کەمتر نافرۆشم ئەی من چی لە عانەیەك بکەم؟ عانەیەك بدەم بەچی؟

هەر لەخوار مزگەوتەکەوە، ئەو ماڵە دوو نهۆمییە، ئەوە ماڵی (یەکتا بەگ)ە.. ئەوە یەکتا بەگ خۆیەتی لەدالآنەکەی نهۆمی خـوارەوە بەچاویلکەکانیەوە دانیشتووەو سەیری دەرەوە دەکات کە بەو بەریانەوە خانوویەکی دوو نهۆمی هەیە لەشێوەی ئوتێلدا ئەوە ماڵی دکتۆر (نوری فتوحی) و (میرزا عەبدوڵا)یە، ژێری ئەم نهۆمە ریزێك دوکانە یەکێك لەوانە دوکانی (حسە دەرزی) ئوتووچییە کە بەدەم ئوتوولێدانەوە بەم رۆژگارە خەریکی خۆهەڵکێشان و گێرانەوەی قسەی تەڕوبڕە بۆ ئەو گەنجانەی کە هامشۆی دەکەن، کەمن و (حەمە سەعی) هاوڕێی خۆشەویستم دوو کەسین لەوان. کەلەم دوکان و ماڵانەوە بەرەو خوارتر دەبمەوە، دەگەمە دوکانی ڕەسم گرتنەکەی (ئەحمەد دەنگ گەورە).. ئەوەتا وا ئەو زەلامەی لەسەر کورسیەك داناوەو خەریکە ڕەسمی دەگرێت، من چووزانم چارەنووس وەهای نووسیوە کە دوای دە پانزە ساڵیتر دەبینە هاوڕێی یەکترو بەیەکەوە (تیپی نواندنی سلێمانی)دا دائەمەزرێنین و بەرهەمی شانۆیی پێشکەش دەکەین.

هەر بەوبەر سەید ئەحمەدیشەوە لەسەر سووچەکە، دوکانەکەی (قادر ئاغا)ی عەتار هەیە، کە جێگەی دوو دوکانە خراونەتە سەریەکترو کورسی و قەنەفەی تێداناوەو، ڕۆژنامە وە گۆڤارو کتێبی کۆن و کارتۆن و چاویلکەو لەم بابەتانە شتی داناوە بۆ فرۆشتن. ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆژانەش بۆی دێت ناوی ئابوونەکانی لەسەر دەنووسێت (موحتەرەم فلان کەس) ئەو کەسانەی کە بۆ عەسران دێنە ئێرە بۆ ڕۆژنامە خوێندنەوە ئاغا لەم ڕۆژنامانەیان دەداتێ و، ئەوانیش دوای خوێندنەوەی دەفلس، زۆرتر، کەمتر دەیدەنێ. ئەم شوێنەی ئاغا جێگەی جۆرە کتێبخانەیەکی گرتۆتەوە. قادر ئاغا خۆی پیاوێکی بەڕێزی بەدەم و زمان ڕەوانەو چاکەت و کەوا لەبەردەکات، ئەوانەی کە دێنە لای دادەنیشن، دەبینین لەپشتی سەریەوە بەدیوارەکەوە وێنەیەکی خۆی لە شووشەو چوارچێوە گیراو بە شەڕواڵ و ستارخانیەوە، هەڵواسراوە، لەژێریدا ئەم شیعرە نووسراوە:

شوهرەتم عەتار من خۆشخاترم
خادمی دەرگای عەبدالقادرم

که خواحافیز له قادر ئاغاش دەکەم، لەخوار ئەوەوە بەچەند دوکانێك دەگەمە دوکانەکەی (ئۆفیك)ی مەی فرۆش، که یەکێکە لەبرا مەسیحیەکان و چەند ساڵە نیشتەجێی سلێمانیەو زۆر لە مەیخۆرەکان لای ئەم مەی دەکرن. وتیان (خاڵە رەجەب) مەعمیلێکی پێنج شەش ساڵەی ئۆفیك دەبێت. جارێکیان کە بۆ مەی کڕین دەچێتە لای لەپێشدا چاك و چۆنی لەگەڵ دەکات، ئۆفیکیس بەکوردیەکەی خۆی لەوەلامدا دەڵێت: مەرهەبا رەشید. خاڵە رەجەبیش سەرێك با دەدات و دەڵێت: ئۆفیك من پێنج شەش ساڵە وارو وێخم لەگەڵ تۆدا دەرهات هێندەم مەی لێکڕیت، کەچی موبارەك نەبێت تازە پێم دەڵێیت رەشید؟

بەوبەر ئۆفیکیشەوە ئەمە باریکە باخێکی شارەوانیش بەتەنیشت شەقامەکەدا درێژبۆتەوە، هەرچەندە هێندێك درەختی بەرزیشی تێدایە، بەلام ناوچەکە تێر ناکات. کۆتایی ئەم باخەش گەراجەکەی (عەبدە) یە. ئەوە عەبدە خۆیەتی کورسیەکەی هێناوەتە دەم گەراجەکەو قاچی لێخستۆتە سەرقاچ و دانیشتووە. من وا تێدەگەم ئەمە تاکە گەراجیش بێت لە شاردا، بۆ مۆڵ خواردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاتووچۆی دەرەوەی شار دەکـەن. ئائەمە یەکێکە لەم ئۆتۆمبیلە سەر بەچادرە کەم پەنجەرانەی لەوێدا راوەستاوە. بەوەدا کە بەهەردوو لاقەبرغەیدا کۆڵ و بار شەتەك دراوە. جەوەندە ئاوە لە چادر دروستکراوەکەش بە پێشەکەیدا هەڵواسراوە چەند کەسێکیش دەوریان لێداوە، وادیارە ئامادەیە بۆ رۆیشتن.

ئەم تۆپە لاستیکە سەربەزورنایەش کەلەدیوی دەرەوەی جامەکەی پێشەوە قایم کراوە، ئەمەش هۆرنەکەیەتی. بابەم بۆنەیەشەوە ئەوە بڵێم، لەسەرەتای شەقامەکەوە کەمن هاتووم هەتا ئێرە، چوار عەرەبانەی دوو ئەسپیم نەدیوە ئەو عەرەبانانەی کەمنداڵ لەدواوە خۆیان پێدا هەڵدەواسی و کاکی عەرەبانچیش ناوبەناو قامچیەکی بۆ دواوە بۆ دادەوەشـانـدنـەوە. دەنگی چوارناڵەی ئەسپەکانیشیان لەسەر ئەم شەقامە ناخۆش نەبوو. کە (عەبدول وەهاب)ی مۆسیقازانی میسریش بەناونیشانی (اجری اجری) ئەم دەنگەی کردووە بە ئیقاعێك بۆ یەکێك لە گۆرانیەکانی.

ئەو دوکانانەش بەرامبەر گەراجی عەبدە، ئەو یەکەیان کە زەیتون و دەنکە کولەکەو فستق و چکلێت و هەمەجۆر مەی و لەم بابەتانەی تێدا دانراوە،

ئەو یەکەیان دوکانی (جەرجیس) و (مەتی)یە. ئەم دووبرا مەسیحیە لە کۆنەوە لەشاردا دەژین و کوردیەکی باش دەزانن، لەبەر ڕەوشتی جوانیشیان خەڵکەکە ڕێزیان لێدەگرێت. جلوبەرگیش چاکەت و پانتۆڵ لەبەردەکەن. جەرجیسیش سدارەیەکی لەسەردایە. دوو دراوسێ دوکانەکەی خوارتریشیان، دوکانی (کەریمە ڕەش) و (عەبدوڵی حاجی کەریمی شمقارە)ە کە دوو دوکانی پۆشتەن و کەلوپەلی نوێیان تێدا دانراوە بۆ فرۆشتن. ئەم دوو دوکانەش کۆتایی دوکانەکانی شەقامی سابونکەرانن کە ڕاستەوخۆ نووساون بە چاخانە گەورە دوو دیویەکەی (حەمە ڕەقـە)وە دیوێکیان لەسەر شەقامەکەیەو دیوەکەی تریان دەڕوانێت بەسەر بەردەرکی سەرادا.

بەوبەر شەقامەکەشەوە تەنیشت گەراجی عەبدە چاخانە گەورە دوو دیویەکەی (حاجی عەبدول) هەیە هەروەها ئەویش دیوێکی لەسەر شەقامەکەیەو دیوەکەی تری ڕووی لەبەردەرکی سەرایە. ئەم دوو چاخانەیە کە گەورەترین چاخانەکانی سلێمانین سەرچۆپی کێشی شەقامی سابونکەرانن، کەسانێکی زۆر هامشۆیان دەکەن و، شەوانیش بەلۆکسی دوو تۆری دەیکەن بە چراخان و ئیتر هەتا درەنگانێك دەنگی ڕادیۆو مۆسیقاو گۆرانی ئەو بەردەرکی سەرایە ئاوەدان دەکەنەوەو، تەقەی یاری دۆمینەو تاوڵەیان لێوە دێت.

ئالێرەدا بە کۆتایی هاتنی شەقامی سابونکەران، کۆتایی بەگەشتەکەی منیش هات و بەنیو سەعاتێکیش لەساڵی (١٩٤٠)وە گەیشتمەوە ساڵی (٢٠٠٣).

ئیتر لێرەدا ڕاوەستام و لەنێو ئەو هەموو عەشاماتە بێ ژمارەیەدا کەوتمە بیرکردنەوەیەکی هۆشیارانە لەو دیمەن و وێنانەی کە بەلایاندا ڕابووردم و تێرم لێ نەخوارد: ئەو هەموو هاوڵاتیانە کە بەبینینیان شادو شوکر بوومەوە، ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی کەمنیان پێگەیاندو من لەگەڵ تاڵی و شیرینی ئەواندا گەورە بووم، لەگەڵ شایی و شینی ئەواندا تێکەڵ بووم و بەشداریم کرد، ئەوان منیان دروستکرد، ئەوان مێژووی ئەم نیشتمانە بچکۆلانەی منیان نووسیەوە. ئەو شەقام و ڕێگاوبان و خانووبەرەو دوکان و بازاڕانەی ئەوان بوو، جوگرافیای گەڕەك و شارەکەمیان دروستکرد.

جا لەئاستی ئەم ڕاستیانەشدا زۆر بەگران ئەو ڕستانەم بۆ دادەڕێژرێت کە توانای ئەوەی هەبێت ئەو هەموو شادمانی گەشەیەی ناخم بخاتەڕوو بەشێوەیەك کەلە

هەموو ئاسۆکانی گیانمدا بەهەمولایەکدا بچریسکێتەوە.

## دێرزەمانێکی زوو

ئەنجا دوای ئەم گێڕانەوەی نیشتمانە بچکۆلانەکەم، دەگەڕێمەوە بۆ دێرزەمانێکی زووی منداڵیی:

باوکم پۆلیسی سوارە بوو، ماڵمان لە دێی (قەرەچەتان) بوو، لەو سەردەمەشدا هەر منیان هەبوو... واهاتە بەرچاوم، پۆلیسێك یان سەربازبوو لەناو دێدا بەمەترەلۆزێکەوە لەسەر پشتی ئۆتۆمبیلێکی وەك پیکابی ئێستا بەکۆمەڵ تێدەپەڕین و بەرەو شاخەکان دەچوون، ئیتر نەمزانی هەرایە، ناکۆکیە، لەبەینی کێدایەو چیەو چی نییە.

جارێکیشیان هەر لە قەرەچەتانەوە لەماڵەوە کە دایکم بەسووکە نەخۆشیەکەوە لەڕاڕەوەکەدا ڕایشکاندبووم، کە باوکم لەوکاتەدا ئەسپەکەی بەلای مندا بردە

دەرەوە، ئەسپ لەپڕێکدا سڵەمیەوەو، لەبەر تەنگەبەری ڕاڕەوەکە بەهەر چوار پەل دەیکوتا بەزەویەکەدا، پاشوویەکی لەژوور سەری منەوە دانا. دایکم زریکەیەکی لێهەڵسا: کوڕە ئاگات لەو منداڵە بێت.. بەخوا خوا ڕەحمی پێکرد ئەوەنەی نەمابوو، پاشووی بخاتە سەر سەری ئەو کوڕەو نوقمی زەویەکەی بکات. ئەگەر ئەسپەکە خۆی نەیویستبێت بیپارێزێت.

عەسرێکیشیان هەر لەو ماڵە بارە گەلایان هێنابوو لە حەوشەکەدا خستبوویان دەیانگواستەوە بۆ ژوورتر، باجی حەنیفی خاوەن ماڵ کە کۆڵێکیدا بە کۆڵیدا، هاوارێکی لێهەڵسا، توومەز ڕەشمارێك بەسەر ملیدا شۆڕبۆتەوە بەڵام باش بوو پێوەی نەدا.

کاتێکم زانی ماڵمان لە (گردەبۆر)ە کە دێیەکی بچکۆلانە، یەك مەخفەری لێ بوو. ماڵەکەشمان لەدامێنی ئاواییەکەبوو. بەیانیەکیان هەتاوکەوتن کەلە خەو هەڵسام و لێفەکەم لەسەر خۆم لادا، بینیم لای قاچمانەوە پشتەو ئێمە کابرایەکی عەرەبی عەبابەشان بەپێوە نوێژ دەکات. لەترسدا لێفەکەم دایەوە بەسەرمدا... کە ویستم دڵنیابم، جارێکیتر لێفەکەم لادایەوەو بەوردی سەرنجمدا، تەماشادەکەم کابرا هەر خەریکی نوێژە، کەزانیم ڕاستییە لەترسانا ڕووخساری خۆم داپۆشیەوە وەکو بڵێیت خەوم لێکەوتەوە. هەرچەندە کە باوەڕم بەخەرافیاتیش نەبوو بەڵام ئەو ڕووداوەم هەر لەبیرە.

دوای (گردەبۆر) باوکم گوێزرایەوە بۆ (سورداش) کەلە بنار شاخەکانی سورداشدا بوو دەیڕوانی بەسەر دۆڵی (تابین) و (کۆتەڵ) و (کانی سارد) و دێهاتەکانی دەوروبەریاندا، شارۆچکەیەکی پڕ باخ و باخات و سەوزی و کانی و ئاو، وەك کانی (قەبران و کانی سەراو کانی حەسارو) هەرچەندە مزگەوتەکەی تێر ئاویش نەبوو. لەناوەڕاستدا قەلایەکی بەرزی گڵینی بەرد بەسەری پشتێن شەقام نەخشاندبووی، کردبووی بە دوو گەڕەکەوە، گەڕەکی سەراو مەلایان، گەڕەکی مزگەوت.

ئێمە لەسەرەتادا لە گەڕەکی مەلایان خانوومان گرت بەکرێ کە دواکەوتووتربوو، کە هەر چووینە ئەوێ دایکم دوای دوو سێ ڕۆژێك منی لەبەرماڵێکەوە پێچاو گرتمی بەباوەشەوەو، هێنامی بۆ مەرقەدەکەی شێخ ئەحمەدی هیندی لەمزگەوتەکە بۆ تکای چاکبوونەوەم. کەهەر لەو گەڕەکە باوکم دەرچوو بۆ شار پرتەقاڵی بۆ دەکڕین و چکلێتیشی لە چاخانەکەی سەرا بۆ دەهێناینەوە.. هەر لە گەڕەکی

مەلایان بووین باوکم لە سلێمانی قەلەمێکی ئەستووری شین و سووری بۆهێنابووم ئەوسا نەچووبوومە قوتابخانە لە کاغەزە زەردەکانی ناو کەلە شەکردا خەتم پێدەکێشا.

لەبناری قەڵاکەش بەدیوی مزگەوتەکەدا لەخوارەوە چاپخانەیەکیان لای ڕیزە تووەکەوە کردەوە، سنووقێکی گۆرانیان دانابوو، زۆر شەو کە گۆرانیەکانی سەید عەلی ئەسغەری بڵاودەکردەوە، نیوەی سورداش پتر گوێی لێبوو، بەرادەیەك ئێمەی منداڵان گۆرانیەکانی سەید عەلیمان لەبەرکردبوو.. خەڵکەکە دەشی گوت لەم چاخانەیە، چایەك بەفلسێکە.

لەوە دواش شارۆچکەکە گەورەتر بوو، نزیك قوتابخانەکە ئاسنگەرخانەیەك دانراو، ئێمەی منداڵ هەمووجار دەچووین بۆ سەیری موشەدەمەی وەستاکەو ئەویش دڵی نەدەشکاندین، موشەدەمەکەی دەدایە دەستمان و کوورەکەمان بۆ دەدەماند.

ماوەیەکی پێچوو ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکی قوتابخانەکە کە ئاوەدانی زۆرتر بوو، لێرە خانوویەکی گەورەمان بەکرێ گرت کە لەگەڵ قوتابخانەکەدا یەك حەوشە بوون.. باوکم چەند مەڕێکی بۆ کڕین بۆ شیرو ماستەکەیان و هەروەها بەبنە گونیە هەناری بۆ دەکڕین لە کایەندا دایدەنا بۆئەوەی نەڕزێت، جگەلە قەزوانی سەوز ئەوە کە هەر بەمەن بۆی دەکڕین.

کە ساڵی (١٩٣٣) هاتە پێشەوە: منیش وادەی خۆ ناونووسکردنم لە قوتابخانە هاتە پێشەوە، بەخۆشیەکەوە خۆم ناونووسکرد وەکو وتم کەلە خانوویەکی کۆنی گەورەی یەك حەوشەیی ماڵی خۆماندا بوو، دایکیشم لە پەڕۆو پاتاڵ جانتایەکی دەسك لەملی بۆ دووریم، کە بۆ هامشۆی قوتابخانە کەلوپەلەکانمی تێدا هەڵگرم، کەبەو جانتایە زۆر دڵخۆشبووم.

قوتابیەکان نزیکی بیست کەسێك دەبـوون، هەموو لەسەر تەنەکەی نەوت کورسی تەختە دادەنیشتن، دیواری هەیوانەکەی پێشیشەوە لە یەکەوە هەتا دە بەتەباشیر ژمارەکان لەسەر یەکتر لێی نووسرابوون، هەتا ماوەی یەك دوو مانگیش ئەو ژمارانەی هەر پێوە مابوون. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش کە شێخ محەمەد زوهدی بوو، پیاوێکی بەخۆوەی کەواو سەڵتە لەبەر بوو، کە شێخ ڕەئووفی کوڕی خەتەنە کرد، نیوەڕۆکەی لەماڵی خۆیان زیافەتێکی دۆکولیوی بۆ هەموو قوتابیەکان کرد، کەبەم بۆنەیەوە زۆر پێخۆشحاڵ بووین.

لەوێ مابنەوە بەڵام کاتێك وردبوومەوە هەر لەو نزیکانە لەخوار گۆڕەپانەکەوە کە وتم قوتابخانەیەکی چوار پۆلی ڕارەو درێژمان بە بەردو گەچ بۆ دروستکراوەو، زەمینەی ژوورەکان بەردرێژکراوەو، گۆڕەپانێکی گەورەو فراوان بەوبەرەوەو، قوتابخانە هەی قوتابخانە. بەڵام (شێخ محەمەد زوهدی) بەڕێوەبەر لەوێ نەماوەو مامۆستا (سەعید زەکی) هاتۆتە جێگەی و مامۆستایەکی موسڵی دەنگ گەورەی ڕەشیان بۆ ناردوین. ناوی عەبدول ئەحمەدە فەنیە، بەڵام بەکوردیش دەدووا، ئەم وەرزشیشی پێدەوتین. جا لە سلێمانیەوە مەعاریف تۆپێکیان بۆ ناردبووین، بە دەنگە گەورەکەیەوە دەیوت: هەر کەسێك عەسران بە پانتۆڵی وەرزشەوە نەیەتەوە بۆی نییە شەق لەو تۆپە هەڵبدات. منیش دایکم دەرپێیەکی کورتی ڕەش قردێلە سپی بەتەنشتی بۆ دووریم کە پاش نیوەڕوان دەچوومەوە بۆ یاری، مامۆستا ڕێگەی تۆپ تۆپێنی دەدام.
سورداشیەکانیش پیاوانی خۆیان بەمزراحین و هەڵماتینی سەربانەکان دەبردە سەر کەلە بەرد دروستیان دەکرد.. جاروبارەش لەو ئاواییەدا ڕەشەبایەك هەڵیدەکرد ژیانی ناخۆش دەکرد...
ڕۆژێکی زستان لەمزگەوتەکەدا مقۆمقۆ پەیدابوو وتیان هێنایانەوە بردیانە ژوورەوە، کە چووم بۆ سەیر تەماشا دەکەم ئاگرێك لە ئاگردانەکەدا کۆتەرەی زۆری پێوەنراوەو نێڵەنێڵ دەسووتێت ئەم خەڵکەش لەنزیك ئاگرەکەوە دانیشتوون و هەموو چاویان بڕیوەتە گەنجێکی ڕەنگ هەڵبزرکاو کە بێدەنگی دایگرتووە، تومەز ئەمە لەو دەشت و دەرە سەرما خەریکبووە ڕەقی بکاتەوەو، چەند کەسێکی پیاو چاکیش گوێیان لە هاوار هاواری بووەو، چوونەتە فریای و هێناویانەتەوە.
لە قوتابخانە ناوم بەزیرەك دەرچووبوو کاتێك لامکردەوە لەپۆلی سێیەمم هەتا باوکیشم لە هاویندا خستمیە حوجرەکەی لای مەلا عەبدوڵا لە مزگەوت. مەلا عەبدوڵا پوشێکی دایە دەستم وتی بەو پووشە ئاماژە بۆ پیتەکان بکە، ئەویش کەزانی بەماوەیەکی زۆر کەم جوزئی عەمەم تەواوکرد: وتی عومەر لای کەس ئەم زیرەکییە باس مەکە با نەبیت بەچاوەوە.
لەقوتابخانە لەپۆلی سێ لەگەڵ دوودا لەیەك ژووردا تێکەڵ دایاننناین کە فەوزی ڕەشیدو ئافتاوخانی خوشکی بەیەکەوە لەپۆلی دوو بوون هەتا کە لەپۆلی سێ

بووین لەپەروەردەی سلێمانیەوە کە ئەوسا مەعاریفیان پێدەوت کتێبێکیان بۆ خوێندنەوەی کوردی بۆ ناردبووین، کتێبەکە چیرۆکەکانی بەوێنەبوو: مام ورچ خانووەکەی لە دارستانەکەدا بوو بە خاکەنازێکەوە لەبەر دەرگابوو، پانتۆڵ و کراسێکی قۆڵ کورتی لەبەرکردبوو گەلێك دیمەنەکەی دڵگیربوو، زۆرجار سەیری ئەو وێنانەمان دەکرد. مندالآنی سورداشیش لەو سەردەمەدا بەلایانەوە بابوو، هەر کە ئۆتۆمبیلێك بهاتایە ئیتر هەرکەسە لەجێگەی خۆیەوە دەیکرد بەهاوارو هەرایەك.

## ئوتـرومبیل ها.....ت!

هەر لە (کۆتەڵ)وە کە ڕێگاکە لادەدات و سەربەرەوژوور ڕوو دەکاتە (سورداش)، ئیتر ئوتومبێلەکە هەتا دەگاتە ئەوێ ئەو ماوەی بیست دەقیقە ڕێگەیە، جوان لەبەرچاوی دانیشتووانەکەیەتی کە وەکو خاڵێکی ڕەش بەجادەکەوە دیارەو، لەدوای خۆیەوە تەپ و تۆزێکی سپی هەڵدەسێنێ.

ئەوا ساڵی نۆسەدو سی وسێیەو منیش لەو سەردەمەدا خۆم ناونووسی قوتابخانە کردووە، ئێمەی مندالآنیش چونکە هێشتا کەم ئوتومبیلمان بینی بوو، هەر ئوتومبیلێك لە کۆتەڵەوە ڕووەو سورداش دەربکەوتایە، ئیتر کێچ دەچووە کەوڵمانەوەو لە خۆشیانا هەتا ئەمانتوانی بەدەنگی بەرز بەدەم ڕاکردنەوە هاوارمان دەکرد: ئوترومبیل ها...ت! خۆ هەر منداڵێك ئەم هاوارەی گوێ لێبوایە، ڕووەو کۆتەڵ سەیرێکی دەکردو لە جێگەی خۆیەوە ئەویش لە خۆشیانا بەدەم ڕاکردنەوە پڕ بەدەنگ هاواری دەکرد: ئوتورومبێل ها..ت! ئیتر بەجۆرێك ئەم

هاوار هاوارە تەشەنەی دەکرد کوچەو کۆڵان نەئەما لە سورداشدا هاواری تێدا بەرزنەبێتەوە، بەرادەیەك ئەو شارۆچکە خۆشە هەر بەجارێك ئاوەدان دەبووەوە.
بۆ کوێش رامان دەکرد؟ هەموو سەربەرەو خوار بۆ جێگە وەستانی ئوتومبیلەکە لەدامێنی خوارەوەی ماڵەکان، لای دووسێ دوکانەکەوە دراوسێی قوتابخانەکە.
ئیتر ئەمە لەوێدا کۆدەبووینەوەو بەجۆش و خرۆش و پەرۆشێکەوە چاومان لەو ئوتومبیلە نەدەتروکاند هەتا دەگەیشتە سورداش، ئەو ماوە کەمەمان بە مانگێك لێ دەڕۆیشت. جاری وا هەبوو کە ئوتومبیلەکە لە دۆڵەکەی بەردەمی سورداشدا، دەکەوتە نەدیویەوە، رامان دەکرد بۆ سەر ملەکە لەوێوە سەیرمان دەکرد کە چۆن بەنرکە نرك و ناڵەناڵ و فیشك و هوور، هێزی دەدایە خۆی و سەرەو ژوور سەردەکەوت. ئەنجا کە گەیشتە لامان لە خۆشیانا هەر ئەوە نەبوو باڵ بگرین، ئیتر ئێمەش لە گەڵیدا. بەتەنیشتیەوە دەکەوتینە راکردن و بەدەم هەناسە برکێوە هەر سەرنجی رێبوارەکانی ناوەوەمان دەدا، کە هەورازو چاڵ و چۆڵی جادەکە دەیشڵەقاندن. ئەنجا کە دەگەیشتەجێ و رادەوەستا، ئێمەش ئۆخەیمان دەکردو، هەموو جەستەمان دەبوو بە چاو نەماندەزانی سەیری کوێ بکەین: مەکینەکەی؟ ناوەکەی؟ پێچەکانی؟ چادرەکەی؟ جامەکەی پێشەوەی؟ دەرگاکانی؟ باروبارگەی لای قەبرغەی؟ پیپەکەی(هۆرن) کە وەکو تۆپێکی زورنا بەدەم وابوو بەدیوی دەرەوەی دەستی شۆفێرەکەوە؟ یان ئەو جەوەنە ئاوەی کە بەپێش مەکینەکەدا هەڵواسراوە؟ یان بەرێزەوە سەیری شۆفێرەکە بکەین.. کە هەندێکیان لەگەڵ رادەوەستان لە ئوتومبیلەکە بازیان دەدایە خوارەوەو سەرقاپی ئاوی گەرمی مەکینەکەیان هەڵدەپچڕی و ئاویش فیچقەی دەکرد ئەوانیش لەترسانا رایان دەکرد. نەمدەزانی سەیری چی بکەین و لەچی وردبینەوە؟ جارێکیان شۆفێرەکە لەوێ نەبوو بەهەلم زانی دەستێکم نا بە تۆپەکەداو هەڵم گوشی، پیپەیەکی بەرزی لێهەڵسا، هەرچی منداڵان لەوێدا بوون دەستیان کرد بە پێکەنین، منیش هێندەم بەلاوە گرنگ بوو وام دەزانی مانگی دەستکرد بۆ ئاسمان هەڵدەدەم.
ئیتر ئەم ئوتومبیلە یەکێك بوایە لەحەوت شتە سەرسوورهێنەرەکەی جیهان، هەر ئاوها سەیرمان دەکرد. لە خۆشیانا هەموو هۆش و گۆشێکمان لەدەستچووبوو، نەماندەزانی شەوە؟ رۆژە؟ ئێرە سورداشە کوێ یەو کوێ نییە؟ لە شادمانی ئەو

بینراوەدا هەر بەجارێك نقوم ببووین، بەڕادەیەك چەند لاپەڕەیەكی لە ڕۆژگاری خۆشیماندا نووسیبووەوە كە ئێستا جاروبارە دەیخوێنینەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو خۆشی و گەشكەیەمان هەر ئەوەندە بوو هەتا ئوتومبیلەكە لەوێ دەمایەوە، ئیتر لەوە دوا كە دەڕۆیشتەوە هەموو ئەو گەشەو شادمانیەی لەگەڵ خۆی دەبردەوە، ئەوسا دەبوایە ئێمە یەك حەفتە یان پتر چاوەڕوانمان بكردایە هەتا ئوتومبیلێكی تر دەهات.

بۆ گەڕانەوەش كە شۆفێرێك دەیویست ئیش بە ئوتومبیلەكەی بكات، جاروبارەیەك دادەبەزی و چەند هەندلێكی لێدەدا، جاری واش هەبوو دەبوایە ئەو بەسەزمانە ئارەقی ڕەش و شینی بكردایە، ئەوسا هندل دەستایەبنەكەی دەخستەگەڕ كەمن لەو كاتانەدا لەدڵی خۆمدا هەر لەخوا دەپاڕامەوە زوو ئەو هەندلە ئەو مەكینەیە بخاتە ئیش. ئیتر كە دەهاتە سەر ئەوەی بەرەو شار بكەوێتە جووڵە، هەموو ئەو گەرموگوڕی و گورج و گۆڵیەمان سارد دەبووەوە ئەو گەشیەمان دەژاكاو، لەجێی خۆمان بەبێ جووڵە ڕادەوەستاین و بەخەمێكی قورسەوە چاوی بەڕێكردنمان لێ نەدەتروكاند، هەتا لەناو دارەكانی كۆتەڵدا ون دەبوو.

## گەشتی قوتابخانەكەی سورداش

پێش ئەوەی پۆلی سێیەم تەواو بكەم، وەهام بەلاوە پەسەندە كە وێنەیەكی ئەو گەشتەتان نیشان بدەم كە هێندێك لە قوتابیەكان و قوتابخانەكە سازیان كرد بۆ (سەرگەڵو) و (سەرمورد) و (قەمچوغە) كە وادەردەكەوت بەشێك بوو لە ژیانی ئەو سەردەمەی قوتابخانەكان: دەوروبەری بەهاری هەزارو نۆسەدو سی و پێنج بوو، بەیانیەك هێشتا خۆروبان گەرم نەببوو، بەرەو بەر دەرگای قوتابخانەكەی (سورداش) كە بەشێك بوو لەڕێگەی هاتوچۆی هامشۆكەرانی ئاواییەكە، ئەمرۆ

جۆرە جەنجاڵیەکی پێوە دیاربوو، لەو ناوچەیەدا عەبدولئەحەدە فەنی کە مامۆستایەکی گەنجی سەڵتی خەڵکی موسڵ بوو، ئەوسا قوتابی و خەڵکی و مامۆستایان بە ئەفەنی بانگیان دەکرد، هەر دەهات و دەچوو، سەری زۆر قاڵبوو، ئەوە کا عیزەتی فەراش بەخۆی و خەنجەری بەر پشتێنەکەیەوە هەر باسی ناکرێت.. نزیکی بیست قوتابیەکی خنجیلانەش خۆیان گۆڕیوەو سەرو جووت کڵاشی دیاری قوتابخانەیان لە پێدایەو هەرکەسە نزیك گوێدرێژەکەی خۆی ڕاوەستاوەو چاوەڕوانە کە لێفەو سەرینێکی لەسەر کۆپانەکەی دابەستراوە بۆ سواری ڕێگاو بان، خاوەن ئاژەڵیش لەلاوە وەستاوە کە نیازە لەڕێگا ئاگاداریيان بکات، جگەلە کەسوکاری بەڕێکەران و یوسفی پۆلیسی سوارەو هاوڕێکەی بەخۆیان و ئەسپەکانیانەوە، ئەو ناوچەیە دەنگە دەنگ و خۆشی خۆشی و ژاوەی شادمانی لێهەڵدەسێت.. ئەمە بەنیازی چی؟ گوایا ئەم قوتابیانە بەخێریێ نیازیانە بەدەوری (گۆی زەویدا) گەشتێکی دووسێ ڕۆژی بکەن! ببورن، لە سورداشەوە لەودیو شاخی (دابان)ەوە بۆ سەردانی قوتابخانەکەی (سەرگەڵو) لەوێشەوە بۆ دۆڵەکەی ئەودیو شاخەوە گەڕانەوە بۆ ڕوکاری سورداش بۆ قوتابخانەکەی (قەمچوغە) ئەنجا هاتنەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆیان.

بەڵێ ئەو بەیانیە کە تەدارەکی ڕێگا سازبوو، کەژاوەی گەشت بەرەو باشوور بەڕێگای ناو ئەو هەردوو هەڵەتانەدا جووڵاو سورداشمان خستە پشتمانەوە. ئەی چۆن ئێمەی منالانی خوار دەو یانزە سالان کە یەکەم جارمانە ئەو سەربەستیەمان بۆ دروست دەبێت لە ماڵ دووركەوینەوە، جا بەگۆرانی وتن و سروودو چەپڵەڕێزانەوە ئەو ڕێگەیە نەبەینەسەر؟ کە هەتا لەو کاتەدا هێندێك لە دانیشتوانی گوندی (هۆمەر قەوم)ی سەر ڕێگاکەمان بەسەربانەکانەوە بینیان وا کۆمەڵێك منال بەسواری گوێدرێژی لێفە بەپشت لەگەڵ پۆلیس و چەند کەسێکی تردا بەرەو دێ هاتن، جا قوتابیەکی پۆلی سێی ئەو دێیەمان لەگەڵدابوو ناوی (حەبیب) بوو، ڕۆژان لەو دێیەوە بەپێ هامشۆی قوتابخانەکەی سورداشی دەکردو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، حەبیب لەوێ تێمانئالا کە بۆ نانی نیوەڕۆ لە هۆمەر قەوم میوانی ماڵی ئەوان بین، بەلام عەبدول ئەحەدە فەنی دوای سوپاس هەر بەوە قایل بوو کەلە هەیوانە گەچکراوەکەی ماڵیان سەروچایەك بخۆینەوەو بکەوینە ڕێ. کە بەرەو ڕۆژهەلات ماڵئاواییمان کرد بەکێوی دابانداا هەڵژناین،

ئەی خواگیان خۆرەتاوی ئەو ڕۆژە چەندە ڕووناك و گەش بوو! درەختە دار بەڕووەکان چەندە سەوزو بریقەداربوون! ڕێگاو بانە بەردەلانیە پێچاوپێچەکەی چەندە جوان و سەرنجراکێش بوو، چیای چی؟ بەرز بەرز دەیروانی بەسەر ئەو دۆڵە تەلیسماویەی مێرگەپاندا، دووسێ سەعاتێکی نەبرد هەر بەخۆمان نەزانی، چۆن وا پاش نیوەڕۆیەو بەسەر لوتکەی شاخەکەوەین و توێشەبەرەمان سفرەو خوانێکی جوان و بەتامی خورماوڕۆن و کولێرە بەچەورەو نان و هێلکەی کولاّو ڕازانۆتەوەو بەوبەرزیەی بەرامبەرمان لە ڕۆژاواشمانەوە چیای پیرەمەگرون بۆمان دەشنێتەوە.

وتویانە دەرمانی ڕێ ڕۆیشتنە، ئەنجا ( سەرگەڵو) تۆش لە دۆڵە هەزار بە هەزارەکەی ئەودیودا لەچ چەمێك و باخێکدا، لەپەنا چ گردێکدا خۆت شاردۆتەوە خۆت بگرە وا هاتین، ئەوا ڕەنگی سەوزیش لەو ناوچەیەدا هەر خۆی دلێرەو خۆی قسە دەکات. دەمە دەمی عەسربوو لەدامێن ڕێگەکە لای چەند درەختێکەوە بۆ پشوو لاماندا کەچی کە سەرەنجیان دەدەین بەدەنکە چوالەی جوان خۆیان ڕازاندۆتەوەو بانگێشتمان دەکەن بۆداکرماننی چەند دەنکێکیان، ئێمەش دڵمان نەشکاندن من ئەوە یەکەمجارم بوو کە دەنکە چوالەم بەدرەختەوە دیبێت.

کە دەستمان کردەوە بەڕۆیشتن، هێندێکی پێچوو لە نەدیویەکدا لە گەروویەکی تەسکدا خانووبەرەکانی (سەرگەڵو)مان بۆ دەرکەوت.. هێشتا ڕووناکی ڕۆژمابوو گەیشتینە ناو دێ، کە دەستوبرد پەنجەی سروشت و هەڵسوکەوتی خەڵکەکە تابلۆیەکی بەپەلەیان دروستکرد. خانوو ماڵەکان لەسەر کەنارەکانی چەم و ئاوێك کە بەناو دێدا دەکشا.. چەند درەختێکی بەرز بەدیاریەوە، چۆلەکە بە جریوە جریو بەسەر لقەکانیەوە ئاهەنگی ئێوارەیان سازدەکرد. حەوشی قوتابخانەکەش جمەی دەهات لە پێشوازیکەران و دانیشتوانی (سەرگەڵو)، لە هەیوانە گەورەکەی قوتابخانەکەشدا چەند کەسێك کەوتنە برنج بژاردن و، لەژوورەکانیشدا گسکدان و ڕایەخ هەڵتەکاندن بوو، هەر ڕووخسار بوو دەگەشایەوەو کەس نەیدەپەرژایە سەرکەس. من چووزانم ڕێم کەوتۆتە دێیەکی وەهاوە کە دوای بیست سی ساڵێکی تر دەبێتە بنکەی شۆڕشێکی وەها گەورە لەکوردستاندا کەلە جیهاندا دەنگ دەداتەوە...

ئیتر من لەهەموو کات و ساتێکی ئەو گەشتەدا ئەوەندە پێخۆشحاڵ بووم وام

دەزانی خەونێکی خۆش دەبینم.. بەڵێ لەم کاتەدا کە خەڵکەکە لەحەوشی قوتابخانەکە خڕۆشابوون، کاتێکم زانی سەید ڕەشیدی جەباری کە ئامیر مەخفەری سەرگەڵو بوو بەخۆی و یەك دوو پۆلیسەوە هاتن و دوای بەخێرهاتن لە عەبدول ئەحەدە فەنی پرسی ئەرێ ئەفەنی کوڕەکەی عەلی ئەمینتان لەگەڵە؟ کە وتی بەڵێ، ڕووخسەتی بۆ خواستم کە ئەمشەو میوانی ماڵی ئەوان دەبم. ئەمە چییە باپیرم خزمی جەباریەکانی گەرمیانە، سەید ڕەشید کە دێت بۆ سورداش باوکم جارجار زیافەتی بۆ دەکات، سەید ڕەشیدیش کەمنی بانگکرد بۆماڵەوە دەیەوێت خزمایەتیەکە گەرمتر بکات، کە بەدڵێکی تەنگەوە لەگەڵی ڕۆیشتەمەوە بۆ ماڵەوە، لەو میهرەجانە خۆشەی قوتابیەکانی کردم، بەژنەکەی وت: بەدری ئەمشەو کاکە عومەری عەلی میوانە چێشتێکی جوانمان بۆ لێبنێ.. کە بەدری سینیەکەی هێنایە پێشەوە دەبینم قوبوولی ساوەرە، کە ئەم ساوەرە برنجی قوتابخانەکەی هێنایەوە بیرم، ئەمە ئەوەندەی تر کۆڵەی کوتام و بەلام نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر بێبەشکردنم لە خۆشحاڵی بوونم لە گەشتەکە.

من هەرچەندیش خۆم بەنەوسن نەدەزانی، بەلام کە بەدری خانیش نانی هێنایە پێشەوە، دەبینم قوبوولی ساوەرە، لەجێی خۆشم وشك بووم. بەلام تازە کارەکە ترازاوەو، وەکو دەڵێن (میوانکەری خانە خۆییە).

بۆ بەیانیش کە ماڵئاواییم لەماڵی سەید ڕەشیدکرد، بەدری خان وتی کاکە عومەر ئەو توێشەبەرەیە ببەستە پشتت بۆ ڕێگات. ئەنجا کە لەگەڵ قوتابیەکاندا دەستی یەکترمان گوشی خواحافیزیمانکرد دوای دووسێ سەعاتێك ڕۆیشتین بەدۆڵی ئەودیودا، برسیم بوو، کە توێشە بەرەکەم کردەوە، بۆم دەرکەوت کە بەدری خان دەجار هەقی ساوەرەکەی کردبووەوە. حەڵوایەکی وەهای کردبوو پڕی کردبوو لە دەنکە بادەم و خورماوڕۆن و داودەرمانی بەلەزەت، بۆیە لەکاتی خواردندا لەگەڵ عەبدول ئەحەدە فەنی و کاك عیزەت و پۆلیسەکاندا وەکو ساڵی گرانیەکە تێی بەربووین. حەڵوایەك تاموچێژەکەی ئێستاش لەبێخی دانمدایە، ئەی دەستەکانت خۆشبێت بەدری خان بۆخۆت و حەڵوات. ئەنجا دوای ماوەیەکی تر ڕێگاکوتان، گەیشتینە عەقارێکی تەختایی لە دامێن ڕێگەکەوە چەند درەختێکی پیری بەرو سەریان نابوو بەیەکەوە وەکو تەگبیربکەن، بڕیاردرا حەسانەوەو نانی نیوەڕۆ لەوێ بەرینە سەر. هەر کە لەگەڵ دانیشتین یوسفی پۆلیس چەند گاشە

بەردێکی لوتکەی شاخەکەی ئەوبەری کرد بەنیشانەو بەتفەنگەکەی هەرچەند گوللەی تێدەگرت، ئەماندی تۆزی لێهەڵدەسان، بەڵام هاوەڵە پۆلیسەکەی تری، لەیەك تەقە زیاتری نەکرد. وەلێ ئەو بەسەرهاتەی لێرەدا لێم بەسەرهات، هەموو گەشانەوەو شادمانیەکی گەشتەکەمی لەبیر بردمەوە، چونکە تووشی پرسیارێکی وەها سەختی کردم هەتا ئەم دێڕانەش دەنووسم، بەدوای وەڵامەکەیدا وێڵم..
بەسەرهاتەکەش ئەمەیە:

کەلەو ئاقارەدا نانی نیوەڕۆمان خوارد، ئەفەنی یاری (هەرەم)ی پێکردین. ئێمەش بەچەپڵەڕێزانەوە رامانکردە تەختاییەکەی لامانەوە،چەند قوتابییەکی گەورەتر دەستیان کردە ملی یەکترو بەچیچکانەوە دانیشتن، چەند قوتابییەکی بچوکتریش کە یەکێکیان من بووم کلاشەکانمان لەولاوە داکەندو بەپێی پەتی چوینە سەر شانیان و هەموو دەست لەملان بەپێوە ڕاوەستین و، بۆماوەیەك (هەرەمەکە) قەلاکە. دروست بوو، ئیتر دوای چەپڵەو ئافەرینکردنی تەماشاکەران، هاتینە خوارەوەو یاریەکە تەواوبوو، هەرکەسە چووەوە بەلای کلاش لەپێکردنی خۆیەوە، کەچی دەبینم تاکێك لەکلاشەکانی من گۆڕاوە بەتاکێکی پیاوانە، هەرچەندە بەسەرسووڕمانەوە دەپرسم دەگەڕێم ئەملا کلاش و ئەولا کلاش، ئەم بەسەرهاتە سەیرو سەمەرەیە گشت گەشتیارەکانی خستە گەڕان بۆ دۆزینەوەی تاك کلاشەکەم... دییان هەرکەسە کلاشەکانی پڕ بەپێی خۆی بوو، من نەبێت، تاکێك گەورەو تاکێك بچووك... کون و کەلەبەر نەما هەمووی نەگەڕێین بەبێ ئەنجام مایەوە... ئەم بەسەرهاتە سەیرە چی بوو؟ تاکە کلاش کوێوە کەوت؟!

پەیمان پێنەبرد. هەتا ئێوارە بەشەلەشەل و بەم تاکە کلاشەوە بەم ڕێگە بەردەلانی و لێژەدا بەرەو (سەرمورد) خۆم کێش کرد، کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی هەرچی خۆشی و بەشارەتێکی ئەو گەشتە هەبوو، لەداخانا هەموویم لێبوو بەزەقنەبووت، بۆ شەویش لەژوورێکی زۆر قەبزو ناخۆشی دێی سەرمودا کەلە دەربەندێکی تەنگەبەری شاخی قەمچوغەدا خۆی مەلاس کردبوو، لەبەر قوتیلەیەك دوای خەوە نووچکێیەکی قورس خەوبردمیەوە. بۆ سبەینێش کەلە دەربەندەکەوە سەربەرەوخوار بووینەوە بۆ دێی (قەمچوغە)ی ئەم دیوی شاخ کە ئاوی چەمێکی قووڵ، وەك سێو دەیکردە دوولەتی جوان لەباوەشی ئەو بنارەدا دوای شادبوون بەسەردانی قوتابخانەی (قەمچوغە)و ناسینی یەکتر

لەگەڵ قوتابیەکانیدا، بووینە میوانی- هەر یادی بەخێربێت- مستەفافەنی مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کە شەوێکی خۆشیشمان لەوێ بەگۆرانی و چەپڵەڕێزان و دەمەتەقێ بردەسەر، شەوێکی وەها کە درەنگ بیردەچووەوە، هەرچەندە من پەژارەیەکیشم بەلای تاکە کلاشە گۆڕاوەکەمەوە بوو، بەڵام ئەمجۆرە خەمانە هەر بەسووکە شادمانیەك دەژمێررێت و بۆ یادگاری گەشتێکی وەها. بۆ سبەینێش کەلای کانی گورگانی دامێن ئاوایی سورداشەوە ڕیزبووین و بەدەم سروود وتنەوە کە ئەوسا (شەرقی)یان پێدەووت، خۆمان کرد بەئاواییدا، دانیشتووان و پێشوازیکەران سەرنجیاندا کە کاکە عومەری ناو ڕیزەکە یەکێك لە تاکە کلاشەکانی پیاوانەیەو بەدەم ڕۆیشتنەوە هەر بەزەویدا کێشی دەکات.

## گواستنەوە بۆ سلێمانی

کە خوێندنی پۆلی سێیەم بەپلەی یەکەمین تەواوکرد شەهادەتنامەی خۆمم لێخستە گیرفانەوەو، ماڵمان گواستیەوە بۆ سلێمانی، کە باوکم بەپێی توانای خۆی لەنزیك ماڵی پوریەوە لە دەڤەری مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین کە هەر لەسەر سابوونکەران دەژمێردرێت: خانوویەکی کەمێك بچکۆلەی بۆ دروستکردین و، ئێمە لەوێ جێگیربووین و خۆی بەتەنیا هاتەوە بۆ سورداش. ئەمەش لەبەرئەوەی گوایا من لە سلێمانی بەباشی بخوێنم.

کە پایز هات (بابەئەفەنی) کە خاڵی باوکم بوو، بە قادرە فەنی قەرەداغی بەناوبانگ بوو و کاتی خۆی ئەفسەری عوسمانلی بوو، لەوێ ڕایکردبوو بۆناو لەشکری شێخ

مەحمودو ئێستاش لە سلێمانی لە گەڕەکی حاجی حان دوالاپەڕەکانی لەسەر کتێبی ژیانی خۆی دەخوێنێتەوە، هاوینان لەدالانە گەورەکەی ماڵی خۆیان دادەنیشت و میوانێکی زۆریش دەهات، هەموو جارێك کەمن دەچووم بۆلای، دۆشەکەکەی هەڵدەدایەوەو، عەنایەکی دەدامێ... جائەو ڕۆژێك گالیسکەیەکی دووئەسپی بەکرێ گرت بۆ قوتابخانەی فەیسەڵییە کە ناونووسم بکات، لەڕێگا کە گەیشتینە لێژاییەکەی گەرماوی سەرچناری ئێستا، چەند خانوویەکم بینی تاقەکانیان ڕووەو شەقامەکە دەیڕوانی. بابە ئەفەنیش کە ئێمە خزمان هەرەوامان پێدەوت، لەوکاتەدا، دەستەسرەکەی دەهێنا بەچاویدا. وتم بابە ئەفەنی ئەوە چاوت دەیەشێت؟ وتی نەو کوڕم، ئەوە بۆ ڕۆژی (١٩٢٣/٢/٤) دەگریم کە فڕۆکەی ئینگلیزەکان ئەم شارەی بۆردوومانکرد، ئەها تۆ سەیری ئەم کۆڵانە بکە... ئەنجا چاوەکانی وشك کردەوەو وتی: بخوێنن کوڕم بخوێنن. پرسیم کۆڵانی تریشیان بۆردوومانکرد؟ وتی ئەم ناوچەیە پیاوانی کاروباری شۆڕشی زۆرتر لێ دەبینرا.
ئەنجا کەگەیشتینە فەیسەڵییە، قادر ئەفەنی لەوێ لای (عەلی ئاگا)ی بەڕێوەبەر لەپۆلی چوار ناونووسی کردم و لای حاجی عەزیز بەگ کە دوکانەکەی لەوناوەدابوو، کتێب و قەڵەم و دەفتەری بۆ کڕیم م... هەتا دوو فانیلەی تەنکی سپی ژێریشەوەی هەر بۆ کڕیم.

## لەحەوشەکەی ماڵی باوکمدا

ئەو یەك دووساڵەش لە سلێمانی زۆر تێکەڵی ماڵی پووری باوکم بووین. ئەوان لە خانوویەکی گەورەو حەوشە فراوانی وەهادا بوون، هەشت نۆ ماڵی تێدا دەژیا، دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکیان لەسەر شەقامی سابونکەران، دەرگاکەی تریان کەمێك ڕووەو مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین، کەئەم دەرگایەیان کارێزێکی

لەسەربوو، ئاوەکەی بەشی نیوەگەرەکێکی دەکـرد، کە ئەوسا بۆری ئاو بەدەگمەن هەبوو، خەڵکی لەکارێزو مزگەوتەکان ئاویان دەخواردەوە. منداڵانی ئەم حەوشەیەش (حەمەمین و عومەری مەلارەشیدو جەبارو (عوسمان) بوون کە هەر ئەم جووتەی دووەمیان قوتابی بوون، من یاریم لەگەڵ ئەمان دەکرد.
لەبەردەرگای کارێزەکە گلۆپێکی لێبوو، شەوێکیان مامە حسەینی باوکی حەمەئەمین کە بەرگدروویەکی پیربوو، هات بەدوای کورەکەیدا، لەدەرگای کارێزەکەوە وتی: لۆلە حەمەئەمینم بۆ بانگ بکەن، حەمەئەمینیش چووە بەردەمی وتی مامەحسەین حەمەئەمین لێرە نییە. شەوێکیشیان کەلە یاری بووینەوە هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی، سەرەگوریسێکم لەبەر گلۆپەکەدا دۆزیەوە، دارێکم بەدەستەوە بوو بەسەری دارەکە کە هەڵمگرت، دوای جەبار کەوتم کەخۆی کرد بەحەوشی کارێزە تاریکەکەدا، بەنیازی گاڵتەو سوعبەتەوە بەدارەکە گوریسەکەم بۆ هەڵدا، گوریس کەوتە سەر ملی و پێیدا شۆڕبووەوە. یەك زریکەی لێهەڵسا زۆر سامناك وایزانی مارە. پەشیمانان شاخیان لێبڕوایە منیش لێمدەروا، ئەوەندە پەشیمان بوومەوە. ئەو بەستەزمانە هەتا مانگێك تووشی رەشە گرانەتێیەك بوو زۆر قورس. بەلام کەسیش نەیزانی ئەو کارەساتە من بووم.
چەند جارێك ژنانی حەوشەکە گێڕایانەوە: عومەری مەلارەشید لەکاتێکدا کە شیرەخۆرە دەبێت لەهەیوانەکەی خۆیان لای ئاسکۆڵ خانی دایکی دادەنیشێت، لەوکاتەدا کەڵەشێرێك دێت و نزیك عومەر دەخوێنێت، ئاسکۆڵ خانیش کە دەبینێت عومەر دادەچڵکێت، هاوار دەکات ئای پێغەمبەر عومەری کورم بپارێزیت. ئیتر شیرزە دەبێت و دەچێتە لای سەریەوەو بەپێوە رادەوەستێ و هەردوو دەستی وەکو باڵی کەڵەشێر رادەوەشێنێ و جاباڵاشی بەرزبوو هەروەکو دەنگی کەڵەشێر دووسێ جار بەسەریدا دەخوێنێت. ئیتر دەرودراوسێ لێی کۆدەبنەوەو دەپرسن: ئەوە خێرە ئاسکۆڵ خان؟ ئەویش رووداوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ترسی عومەرم دەرکرد.
من کەلە قوتابخانەی فەیسەڵییەش ناونووسکرام، مامۆستاکانی ئەوسا کە یادم بێت: ئەحمەد فەخری، حسەینی میرزا ساڵح، شێخ ئەحمەدی برای قازی و کەسانی تریش بوون. قوتابیەکانی پۆلی چواریش گەلێك بوون، کەمنیان لای قوتابی حەسەن رەفعەتەوە دانا. هەروەها لە پۆلەکەدا قوتابیان: عەلی قادر،

ڕەئووف سەعید، ڕۆبین ئۆفێك، غەفور سەعید، دوو قوتابی تریش لە ئابلاخەوە دەوامیان دەکرد، زۆرتریش وەکو باسمکرد باوکم لەبەر خوێندنەکەی من، ئێمەی لە سلێمانی داناو خۆی گەڕایەوە بۆ ژیانی تەنیای لە سورداش. بەلام بەداخەوە من هیواکەی ئەوم بەجێ نەهێنا، بەهۆی یاریکردن لەگەل منداڵانی گەرەکداو بەهۆی فەرامۆشکردنی وانەکانم و بەهۆی جیاوازی ژینگەی لادێم لەگەل شارستاندا، نەك ئەو زیرەکیەی جارانم نەما: بەڵکو ئەو ساڵە لە پۆلی چوارەمیش دەرنەچووم، کە باوکم بەدرێژی ئەو هاوینە لەداخدا قسەی لەگەل دابڕیم، دایکیشم ئاگاداری کردبووەوە کە نەکەیت دەستێك بۆ ئەو کوڕە درێژ بکەیت. بەلام من زۆر خەفەتم بەو هەڵوێستەی باوکم خوارد کە بۆ ساڵی ئاییندە چوومەوە قوتابخانە، تیژپۆلی چوارەمم بڕی بۆ پۆلی پێنج.

ئەو هاوینەش لە سلێمانی سووکە ئاشنایەتیەکم لەگەل کلارنێتەکەی عەلی فەنیدا پەیداکرد:

## کلارنێتەکەی عەلی ئەفەنی

کابرا ئەم فرمێسکانەی چاوی بەسەر ئەو گوپەخڕە فووتێکراوانەیدا کەبەدەم قولپدانی سۆزە هەڵچووەکانی دەروونـەوە لە گەرووی بلوێرەکەی دەمیەوە دەڕژانـە نێو شەوگاری دامێن شاری خامۆشەوە، زەنگۆل زەنگۆل بەسەر مووکورتەکانی ڕیشە ماش و برنجیەکەیدا گلۆر دەبوونەوە بۆ خوارەوە.

- مامە عەلی فەنی، ئەوە بلوێرنیە؟ ئەمە یەکەمجارمە کەشتی وەها ببینم.

عەلی فەنی بلوێرەکەی ماچ کردو بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی:

-بلوێری چی کوڕم ئەمە (کلارنێت)ی پێ دەڵێن، کلارنێت.

ئیتر گورج نایەوە بەدەمیەوە.
کلارنێت ئەیلاواندەوەو فرمێسکەکانی چاوی عەلی فەنیش بۆی دەسەندەوە.
کلارنێت تێی دەچریکاند ئاوازەکانیش بەدەم سەمای پەنجەکانی عەلی فەنیەوە بەتەوژم هاژەیان دەکرد، هەڵدەچوون دەنیشتنەوە، شەپۆلیان دەدا هێمن دەبوونەوە، گرژو ناسك دەبوونەوە، گڵ دەتووایەوە بەرد نەرم دەبوو، درکە زەردەکانی نێو وشکە وەردەکەی لێی دانیشتبووین، سەوز دەبوونەوە، جرو جانەوەری شەو ئاسوودە دەبوونەوە، خامۆشی شەوگار مەست دەبوو، تیشکی مانگیش ئەمەیی.
من و هەردوو کورەکەی لەگەڵ ئەم جەماوەرەدا بەدیاریەوە بەکەیل بوون کەیل دەبووین. ئەی چۆن؟ با تەواو تەمەن گەورەش نەبین، ئەو کلارنێتەکەی هێنابووە زمان. لەگەڵ فووی پێدا دەکرد، فووی بەناخی مندا دەکردو هەستەکانمی دەخرۆشاند.
ئەم ئاهەنگانە لەژێر چاودێری مانگی هونەرمەندا سازدەکران کە تاکە پەنایەکیش بوون بۆ حەشاردانی عەلی ئەفەنی لەبۆڵەی خێزان و خوتەی دەرودراوسێ و هەرەشەی شێخی گەرەکەکەی کە پێی ڕاگەیاندبوو:
- ئەم هەموو زورنا لێدانە چییە؟ شەوان خەوی لە دەرودراوسێ زڕاندووە، واز نەهێنێت لە گەرەکەکەدا جێی نابێتەوە.
ئیتر لەبەرئەوە عەلی فەنی هەر کە شەوانی مانگە شەوی لێ دەهات قپڵاخە مەرەزە قاوەییەکەی دەکردە سەر ئەو سەری باڵاکورتەی و جانتای کلارنێتەکەی لەژێر چاکەتەکەیەوە دەشاردەوەو هەردوو کورەکەی خۆی دەدایە پێش و بانگێکیشیان لەمنی ئەم خزمەی پۆلی چواریان دەکردو، ئیتر دوورە پەرێزی خەڵکی بناری گۆیژە خۆت بگرەو هاتم.
لەگەڵ پیرە کلارنێت تێی دەچریکاند، کێ دەڵێت مەلی بەئاسمانەوە ڕانەوەستاندووەو ئێمە سەرنجمان نەدەدا. بەڵام ئەوەی کەپتر سەرنجی ئێمەی ڕادەکێشا، فرمێسکەکانی چاوی بوون کەلەبەر تیشکی مانگەکەدا بەدرەوشاوەیی دەوەرینە خوارێ.
ئێمە ئەو تەمەنەمان نەبوو کەلەزمانی ئەو فرمێسکانەی ئەو تێبگەین، بەڵێ ئێستا ساڵی (١٩٣٨)تەو لەدامێنی شاری سلێمانی کلارنێت لێدەدات. بەڵام چوزانین

ئێستا لای ئەو، ساڵ، هەزارو نۆسەدو دەیەو لەهەرەتی گەنجیایەتی و لەناو تیپێکی گەورەی سەربازی مۆسیقادا، لەبەر چریسك و هووڕی کارەبای ڕەنگاورەنگ و لەمیهرەجانێکی گەورەی بەناوبانگدا، لە گۆرەپانێکی شاری ئەستەنبوولدا، دانیشتووەو بەدەم شنەی شەماڵی ئاوی (بۆسفۆر)ەوە، دەستوپەنجەکانی، کلارنێتەکەی هێناوەتە جۆش. چووزانین ئەو فرمێسکانە سکاڵای یادگارە شیرینە ورووژاوەکانێتی، وا دەرژێنە نێو جەرگەی چۆڵەوانیەوە. چوزانین ئەو فرمێسکانە رازی ئاواتە تاساوەکانی ناخێتی کە بەعەزرەت گرمەیەکەون بۆ بەرپاکردنی شۆرشێکی مۆسقا لە شارەکەیدا، کەچی وا نەك هەر گرفتاری نەبوونی چەند هاورێیەکی مۆسیقازان و دەستە ئەژنۆی نەبوونی تیپێکی مۆسیقابووە لە شارەکەدا، بەڵکو چەتەولی ڕۆژگاریش لەشکری لێ دەکات.

شەوگار شەکەت دەبوو لە پەلوپۆ دەکەوت، کلارنێت تازە کەللەی گەرم دەبوو...

ئەی گوایا منیش مافی ئەوەم نییە بەئاواتەوە بم کە جارێك: دەستێك لەو کلارنێتەوە بدەم بزانم ئەمە چییە (گۆران) واتەنی ((واگیان ئەسمێ هۆش دەمژێ)).

ڕێکەوت جانتاکەی کلیل نەدرابوو، کورە گەورەکەی لەژێر ڕەفەکەدا بەسەر کورسیەکەوە ڕاوەستابوو، منیش لایەوە کورە بچکۆلەکەشی لەهەیوان چاودێری دەرەوە بووین... هەرچەند فوومان پێداکردو کردمان و کۆشامان، دەنگ لەداروبەردەوە هات، دەنگ لە کلارنێتەوە نەهات.

کلارنێت لەدەست کەوتە خوارەوەو... تاوان ڕوویدا. بەدڵە کوتێ و پەلەپڕووزێ خرایەوە نێو جانتاکەی خۆی لەسەر ڕەفەکە... هاوڕێ بچکۆلە کەتنکەرەکانی عەلی فەنی بەشڵەژاوی ڕامان کردە خوارەوە.

ئیتر مانگە شەو چوونە دەرەوە نەما... عەلی فەنی جەرگ سووتاو دوای ماوەیەك بەتەنیا حەیدەرم و قەلەندەرم سەری خۆی هەڵگرت و بێ سەروشوێن ڕۆیشت.

بەریشە تەواو سپیەکەیەوە، بەتوێی کراسێکی ئاودامان لەکونجێکی تاریکی شارێکی تری گەورەدا... مرد.

ئێستاش کە هەشت ساڵ بەسەر سەدەی دوودا تێپەڕیووە هەر جارە کەلە تیپە مۆسیقا پێگەیشتووەکانی نێو شارەکەمدا، یان جێگەیەکی تر، دەبینم کلارنێت ژەنێکی تێدا بێت، داستانی عەلی فەنی هونەرمەندی بەئاوات نەگەیشتوو، لەیادمدا

دەخرۆشێت.

## گواستنەوە بۆ قەرەداغ

کە دەرگای ساڵی نوێی پۆلی پێنج دوای ماوەیەك لە سلێمانی کرایەوە، لەوێ نەمخوێند، چونکە لەکاتەدا باوکم گوێزرایەوە بۆ (قەرەداغ)، ئیتر کۆچ و باری ئێمەش لەڕۆژێکی پایزی باراناویدا بەسواری وڵاخ برد بۆ ئەوێ، چونکە ڕێگاکە قوڕبوو قیرتاو نەکرابوو. کە چووینە ئەوێ (ئەحمەد بەهجەت) کە ئەفسەرێکی خانەنشینی عوسمانلی خەڵکی قەرەداغ، ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، کەلە خانوویەکی گەورەی شەش پۆلی ڕێکوپێکدا بوو، ئەحمەدە فەنی دوای چەند ڕۆژێك کۆچی دوایی کرد، عەزیزە فەنی میرزا ساڵح چووە جێگەکەی، کە گەنجێکی چالاکی دڵسۆزی شارەزابوو، پۆلی پێنج و شەشم لە قەرەداغ تەواوکرد،

لەوانەی حسابیشدا زۆر کۆڵ بووم، لەپۆلی پێنجدا کە نمرەمان وەرگرت بۆ پۆلی شەش، عەزیزە فەنی بانگی کردم وتی: تۆ لەحسابدا زۆر لە دوواوەیت و شایستەی دەرچوون نەبوویت، بەڵام لەبەرئەوەی لەدەرسەکانی تردا زیرەکیت، وەهام بەباش زانی بچیتە پۆلی شەش، هەوڵبدە لەوانەی حسابدا زۆر تێبکۆشە: لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری شەشیشدا کە بردیانین بۆ سلێمانی، هەر ترس و لەرزی نمرەکانی وانەی حسابم بوو، بەڵام (٦٨)م وەرگرتبوو.

قەرەداغ مارومێرووی زۆر هەبوو. بەو هاوینە هەر کەسێك لەژێر گوێسەبانەکەیدا، یان بنمیچێك یان جێگەیەکدا مارێکی بدیایە ڕایدەکرد بۆ لای عەزیزە فەنی و، ئەویش دەستی دەدایە (تاپڕ)ەکەی و بیگەیشتایەتێ، دەیدایە بەر فیشەك و هەلاهەلای دەکرد.. شێخ حەسەن ناوێکیش فەراشی خەستەخانەکە هەبوو، پێیان دەوت شێخ حەسەنی مارگر، هاوینان و بەهاران هەمیشە هەمەجۆر ماری لە گیرفان باخەڵدابوو. زۆر زۆر دەیبردن لە سندوقێکی دەرمانی خەستەخانەکەدا دەیبەستنەوەو سەرەکەی لەسەر دادەخستن، شێخ سەعدەدینی بەرپرسی خەستەخانەکەش، چونکە لەمار دەترساو هەرچەندە وەهاش خۆی دەرنەدەخست، چونکە لەمار دەترساو نەیشیدەوێرا پێی بڵێ یاشێخ ئەم مارانە مەهێنەرە ئێرە، ئەمە خەستەخانەیەو، خەڵکی لەترسدا پێبڕی ئێرە دەبن و ئیتر نایەن بۆ دەرمان وەرگرتن،جائەوە لەم دواییەدا ماڵی هاتە شارەوە، بەڵام ئەو مارە زۆرەی دەست نەئەکەوت بیگرێ. با ئیتر واز لەوە بهێنین و باسی مەسکەتەکە بکەین:

## مەسکەت

زۆر حەزم لەمەسکەت دەکرد، خەریك بوو زرووکەی بۆ بکەم، مام فەتاحێکیش

هەبوو لەنێو ئەو چوار پێنج دوکانەدا ژوورێکی بچووکی پەیدا کردبوو، هێندێك وردەواڵەو شرکەو پرکەی تیادا بلاوکردبووەوە ناوی نابوو، دوکان. هێندێك جار دۆست و ناسیاویش دەهاتنە لای و بۆ دەمە تەقێ دادەنیشتن.
مام فەتاح لەگەڵ وردەواڵـەکـانـدا، مەسکەت و لەبزینەو لەو بابەتانەی لە شارەوە دەکڕی و دەیهێنا بۆ دوکانەکەی و دایدەنا. بەڵام بەلای منەوە ئەو مەسکەتەی دەیهێنا، مەسکەت نەبوو، تام و بۆو شیرینیەکی بەلاوەبوو، هاوتای نەبوو، چێژەکەی تاماوەیەك لەدەمدا دەمایەوە. ئەمە کارێکی کردبووە من هەرچی ڕۆژانەیەکم وەردەگـرت، دەمکردە دەستی مام فەتاحەوە، هەتا وای لێهاتبوو کە زۆری مەسکەتەکانی ئەو لەسەر من دەبرایەوە. ئیتر ئوررزدییاکی من ئەوێ بوو، چونکە لەو مەسکەتانەی هەبوو. سەرتان نەیەشێنم و بێنەوە بەلای سەرگوزشتەکەماندا، بەشانی مزگەوتەکەی قەرەداغەوە ڕیزە دارچنارێك چووبوو بەئاسماندا، وەرزی زستان گەڵاکانی وەراندبوو بەروتاوەیی ڕاوەستابوو، لەجێگەکەی خۆیەوە بەسەیرکردنی هاموشۆکەرانی ڕێگەکەی نزیکیەوە خۆی خەریك دەکـرد... ڕێگاکەش قورێکی کزرەوە بوو بۆ منیش کاتێك کە بەوێدا دەڕۆیشتم بینیم لەپێشمەوە دووفلسیەك لەسەر زەویەك بۆم پێدەکەنێت، هەر بەبێ دواکەوتن هەڵمگرتەوەو خستمە گیرفانمەوە، لەکاتی ڕاستبوونەوەمدا جۆرە خۆشنوودیەك لەگیانمدا چەخماخەیدا، ڕووەو دوکانەکەی مام فەتاح تیشکێکی فڕێدا کە دەپانزە هەنگاوێك لێمەوە نزیك بوو. بەبێ کات بەفیڕۆدان لەوێ قوت بوومەوەو وەکو ساڵێك بێت مەسکەتم نەخواردبێت، دووفلسیەکەم دایە دەستی و وتم مام فەتاح مەسکەتێکم بدەرێ.
بەڵام هێشتا مەسکەتە حەیاتەکەم لەبەر دوکانەکەیدا تەواو نەکردبوو وەکو پێم بڵێن: باشە کێ دەڵێت هەر ئەوە بووەو پارەی تریشی لێنەڕژاوە؟ ئەی بۆچی جارێکی تر ناچیتەوە، و چاك بگەڕێیت هەی نەگبەت؟!
کاتێك بەخۆم زانی دوواشیرینی مەسکەتەکەم لەجێگەی دۆزینەوەی دووفلسیەکە قووتدا. لە بەختانی منیش چۆڵ بوو. کەلە زەویەکە وردبوومەوە بینیم عانەیەکی سپی جوان لەسەرگازی پشت ڕاکشاوە، ئەی! ئەی خوا بەقوربانی عەقڵی خۆممکات! کاتێك کە دەستم بۆ عانەکە برد تەماشامکرد هەر عانەکە نەبوو لەتەنیشتیەوە، بیست فلسیەکی خنجیلانە لەسەرلا لەقوڕەکەدا ڕاوەستاوە! لەخۆشیانا خەریك

بوو هاوارێك بکەم عەرش و قورش گوێی لێبێت، بەڵام شەیتان نەو، گێڕامەوە.
سامانەکە چووە گیرفانمەوە... منێکی پۆلی پێنجی سەرەتایی لەو گرانی و جەنگی دووەمی جیهانیەدا، کە ڕۆژانەکەم لە دووفلس تێنەدەپەڕی ئەویش هەموو ڕۆژنا، ئێستا وا (٢٥) فلس خۆی بکات بەگیرفانمدا، بەدەم شنەی ئەم شادمانیە درێژخایەنە چریسکاوەیەوە، بەرەو ماڵەوە ڕێگەم گرتەبەر لە خۆشیانا پێم نەدەکەوتە سەرزەوی. لەڕێگەش بەدەم بەزمان پاشماوەی شیرینیەکانی بێخی دانم و نێو گوپەکانمەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەم سێ چوار ڕۆژەی دوایی خۆم لەمەسکەت مربکەم.

## گەشتەکەی قوتابخانەی قەرەداغ

هەروەکو خۆی وێنەکەیەکی گەشتەکەی قوتابخانەی سورداشم نیشاندان بۆ (قەمچوغە) ئێستاش وەهام بەلاوە خۆشە، وێنەیەکی گەشتەکەی قوتابخانەی قەرەداغتان پێشکەش بکەم:
(وەرزی گیارەشی بەهار لەدۆڵی قەرەداغدا زرنگابووەوە، مرۆڤ و پەلەوەرو گیانلەبەری خستبووە وەنەوزی خەوێکی شیرین و لە بەهەشتێکی ئاسوودەدا مەستی کردبوون.
خۆریش کە بەدەست و پەنجەکانی ژمارە (١٩٣٩) لە تەقویمی زەمانەدا دەنووسی، لەبەرزی ڕمێکەوە لەشاخی دارمازەڵەوە بەپرشنگەزێڕینەکانی ئاوڕشێنی ئەو

دیمەنە تەلیسماویانەی دەكردو سەرنجی ددابـووە حەوشەی قوتابخانەكەی قەرەداخ كە قوتابیە خرپنەكانی بەڕاكەڕاكەو قریوەقریو و یاری و پێكەنین وەك شارەهەنگ ئەو نێوەیان خرۆشاندبوو.

شاورێك لێدرا.... دەنگی شاورەكە ئەو جۆش و خرۆشەی منداڵەكانی خستە شەپۆل، شەپۆلەكان لەدەوران دەوری حەوشەكە وەستانەوەو، قوتابیەكان ڕیزبوون. ڕیزبوون بۆ پێشوازی كردنی ڕۆژێكی نوێی خوێندن. مامۆستاكەیان عەزیزە فەنی بەدەم شاور هەڵسوڕاندنەوە بەڕووخسارە گەشەكەیەوە هات، جا ئەو سەردەمانە قوتابیان، مامۆستایان بە ئەفەنی بانگ دەكرد.

عەزیزە فەنی، عەزیزی میرزا ساڵح، مامۆستایەكی گەنج و گورج و گۆڵ و زمان شیرین بوو، ئەوسا من لە پۆلی شەشەم بووم حساب و هەندەسەو وەرزشی پێدەوتین، جگەلە ئەوە بەڕێوەبەریش بوو، خۆی لێرەنییە خوای لێرەیە خۆی لەگەڵمان ماندوو دەكردو دەرسێكی پێدەوتینەوە هەر حەزمان دەكرد گوێی لێراگرین، یاخوا جێگەی بەهەشت بێت. دەڵێت: قسە، قسە دەبرێت، هەر لەوێ كەلە پۆلی پێنجدا بووم مامۆستایەكمان هەبوو عەبدول خالقەفەنی، (عەبدولخالق خالید) خوالێی خۆش بێت، بەقوربانی ئەو خوایە بم كە مامۆستا عەبدولخالقی دروستكردووە، وانەی (مەدەنیە)ی پێدەووتین كە (پـەروەردەی نیشتمانی) ئێستایە،بیرمە باسەكە باسی هەڵبژاردنی گشتی بوو،هەروا ئەزانم ئێستایە لەگەڵ خۆی سووردەكردەوە دەماری ملی دەردەپەڕی و بەهێز مستەكۆڵەی دەكێشا بە ڕیحلەكەداو دەینەڕاند: قانوون سەربەستی هەڵبژاردنی داوە بەهەموو كەسێك. ئاغاو بەگ و دەرەبەگ ناتوانێت ئەو سەربەستیە لە میللەت زەوت بكات، پیاوی نوری پاشا ناتوانێت ڕێگەی خۆپاڵاوتن لەكەس بگرێت، زۆردارو كاربەدەست بۆی نییە هەڕەشەو زۆر لە خەڵك بكات كە ڕەئی بۆ فلان یان فیسار بدرێت یان نەدرێت. ئیتر مامۆستا عەبدولخالق دەرسەكەی بەجۆرێك دەوتەوە وای لە ئێمە كرد خۆمان بیرچووەوە كە منداڵی دە ساڵانەی پۆلی پێنجی سەرەتایین، بەڵكو وامان دەزانی زەلامی چل ساڵەیین و لەگەرمەی كۆڕی هەڵبژاردنداین، هەزاران ڕێزو سڵاو بۆ ئەو مامۆستایانەی كە یادگاری جوان و بیرەوەری بەنرخ بۆ قوتابیەكانیان بەجێ دێڵن.

ئینجا بابێینەوە سەرەوكاری قوتابیەكان. بەڵێ ئەو بەیانیە عەزیزە فەنی

لەریزەکەدا دوای سەیرکردنی پاك و خاوێنی و ئامۆژگاری کردن و سروود وتن و شیعر خوێندنەوە، مژدەی پێداین کە بریارە قوتابخانەکەمان: پۆلی چوارو پێنج و شەش، لەگەڵ مامۆستاکاندا گەشتێکی سێ و چوار رۆژیی بەقوتابخانەکانی دۆڵی قەرەداخدا بکەن.

من بەش بەحاڵی خۆم لەساڵی (١٩٣٦)دا کە قوتابی پۆلی سێیەم بووم لە سورداش ئەمجۆرە سەیرانانەم کردبوو. بەڵێ کە عەزیزە فەنی ئەم مژدەیەی پێداین، قوتابیەکان لەخۆشیدا خەریك بووین باڵ بگرین.

رۆژی دیاریکراوی گەشت دەستی پێکرد، قوتابیان بەبەرگی دیدەوانیەوە کە ئەوسا (کەشافە) یان پێدەووت، پاش نیوەرۆ بەپیادە بەرەو (جافەران) کەوتینە رێ، یەك دوو مامۆستای تریشمان لەگەڵ بوو بیرمە یەکێکیان ناوی شەریفەفەنی بوو، جا شەریفەفەنی یادی بەخێربێت قورئانێکی دەخوێند ئێمە بەو منداڵیە هەر حەزمان دەکرد گوێی لێرابگرین. کەلەو گەشتەماندا مامۆستا عەزیز لەدانیشتنی شەواندا یان لەئیسراحەتی بن هێندی درەختەکانی رێگاوباندا، داوای لێدەکرد: شەریفەفەنی عەشەرەیەکمان بۆ ناخوێنێت؟ ئیتر مامۆستا شەریفیش دەستی دەخستە بناگوێ و دەنگی لێهەڵدەبری، قورئانێکی دەخوێند هەموو بەدیاریەوە جووڵەمان نەدەکرد.

بەڵێ کەبەرەو جافەران کەوتینە رێ بەدەم یاری و پێکەنین و گۆرانی و قسەی خۆشەوە دوای دوو سەعاتێك گەیشتینە ئەوێ.. لەوێش مامۆستا مەلا (نەجمەدین فەنی) خوای لێخۆش بێت کەتەنیا مامۆستای قوتابخانەکەی ئەوێ بوو، لەگەڵ قوتابیەکاندا، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و، چەند ژوورێکی قوتابخانەکەیان بۆ میوانداری بۆ تەرخان کردین کەلەدامێنی ئاوایی بەجێگەیەکی بەرزی دڵگیرەوە دەیروانی بەسەر چەمی دیوانەدا، حەوشێکی خنجیلانەی پاکو خاوێنی هەبوو کەئەو حەوشەیە بۆ شەوێ پر بوو لەکەسوکاری قوتابیەکان و خەڵکی ئاواییەکە کە بەمیوانی هاتبوون بۆ بەخێرهاتن و چاوپێکەوتنمان، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەرزەوی.

ئیتر شەو کە عەزیزە فەنی زانی، کۆر زۆر گەرمەو هەر کەسە چی لەباردایە دەسائیتر گۆرانییە، قسەی خۆشە، هەڵپەرکێیە چییە، پێشکەشی کرد، ئەمیش هەڵساو من و قوتابیەکی تری بانگکرد، بیرم نەماوە ناوی چی بوو، چووینە

ژوورێکەوەو وتی: ئێستا هەرسێکمان تەمسیلێك دەکەین.
لەگەڵ ئەو ناوی تەمسیلی هێنا من دەستبەجێ شانۆییەکەی ساڵی (١٩٣٧)ی قوتابخانەی (فەیسەڵیەم) بیرکەوتەوە لە سلێمانی، کە لەوێ ئەوسا قوتابی پۆلی چوارەم بووم. جا من خەڵکی سلێمانیم و لە سلێمانی لەدایکبووم، بەڵام بۆیە ئەوەندە مەکتەباو مەکتەبم کردووە باوکم هەزار ڕەحمەتی لێبێت، ئەوسەردەمە پۆلیسی سوارەبوو و، بۆ هەرکوێیەك بگوێزرایەتەوە ئێمەشی لەگەڵ خۆی دەبرد.
بەڵێ ئەو ساڵە لە داڵانەکەی سەرەوەی قوتابخانەی فەیسەڵییە شانۆییەك پێشکەشکرا، قوتابیانی پۆلی پێنج و شەش پێشکەشیان کرد، کە سەیرکردن بە بلیت کڕین بوو، من چووم بۆ سەیر،ئەوەندەم بیرە لە شانۆیەکدا شێروپڵنگ و چەند گیانداڕێکی بەهێزی تر دادگەی گوێ درێژێکیان دەکرد. جا مامۆستای خوا لێخۆشبوو (تۆفیق حەسەن دەوڵەت) کە ئەوسا بەیەکەوە قوتابی بووین، ئەو دەوری مام ڕێوی دەبینی، پێیان دەوت، قانون.
بەڵێ من دوو ساڵ لەوەو پێش ئەو شانۆییەم بینی بوو کە بەلاشمەوە خۆش بوو، جا کە مامۆستا عەزیز فەرمووی بەیەکەوە ئێستا تەمسیلێك دەکەین، بۆیە منیش پێم خۆش بوو. بەڵام نەمزانی بۆچی لەنێو قوتابیەکاندا من و ئەو یەکەی هەڵبژارد. ئیتر بابڵێین کورتە چیرۆکەکەش مامۆستا عەزیز لەوەوپێش دەیزانی، یان وەك کارێکی کوتوپڕی خۆی لەوێدا شانۆگەرییەکەی ئامادەکرد. زۆر بەکورتی و ئاسانی تێی گەیاندین کە چی بڵێین و چی بکەین و وتووێژو جموجۆڵ چی دەبێت. وتی من دەبم بەپیاوێکی جوولەکە. تۆش ببە بەکوڕی من، ئەمیش ببێت بەدز. شەو ئێمە لەماڵەوە دەخەوین، دزێك دێت لە دەرگاکە دەدات، من زۆر دەترسم، لەترسدا باوەش دەکەم بە تۆدا کە فریام کەویت، من ناوێرم قسەبکەم، تۆ دەنێرم لەدیوی ناوەوەی دەرگاکەوە قسە بکەبڵێ: کێ یە، بەڵام دەرگاکە ناکەیتەوە.
کوڕ: کێیە ئەوە؟
دز: منم
کوڕ: تۆ کێیت؟
من میوانم بیکەرەوە.

کوڕ: ئاخر نووستووین.
دز: دەبچۆ باوکت خەبەر کەرەوە.
ئەنجا وەرە بۆلای من، منیش هاوار دەکەم دەڵێم: ئەرێ کابرا چیتان دەوێت بەم شەوە؟
دز: خواجە، میوانین میوان. بیکەرەوە.
باوك: کردنەوەی چی؟ بڕۆ بڕۆ وەختی میوان نییە. ئێمە نووستووین نووستوو.
دز: نووستنی چی؟ ئەی ئەوە نییە قسە دەکەن.!
باوك: ئاخر ئێمە تایەفەکەمان هەروایە. کە دەنووین چاومان بزەو نووستووین و قسە دەکەین.
بەڵێ ئیتر تێیگەیاندین کە ئەمە کورتەی شانۆییەکەیە. دوای ئەوە جلەکانی خۆمان گۆڕی. خۆی دەستووری جولەکەی ئەوسای سلێمانی، کەواو سەڵتەیەکی لەبەرکردو، منیش چاکەت و دزداشەیەك. ئەنجا تەپەدۆڕێکی هێناو سووتاندی و بەستووەکەی ریش و سمێڵێکی درێژی بۆ خۆی نەخش کردو، لەدواییدا بە قوتابیەکدا بەرەو دۆشەك و سەرین و لێفەی ناردە ناوەڕاستی حەوشەکەوە کە میوانەکان دەوران دەوری دانیشتبوون، ئەو فانۆزانەش کە هێنرابوون، بە قوتابیەکی تری وت نزیکیان بخاتەوە لە نوێنەکان. کە ئەمانە ئەنجامدران جێگەی ڕاوەستانی دزەکەی نیشان کرد. ئێمەش بێ پرۆڤەو ڕاهێنان دوای مامۆستا کەوتین چووینە سەر نوێنەکان ڕاکشاین. واتە نواندنەکە دەستیپێکرد. ئامۆژگاری دەکردم کە دەرگاکە چاك دابخەم، شەوە، نەوەکا دزو درۆزن بێنە سەرمان.
لەگەڵ بۆ یەکەمجار دزەکە لەدەرگای دا، مامۆستا عەزیز لەترسدا ڕاپەڕی و باوەشی کرد بەمنداو پەنای بۆ من هێنا، کە بەشێوەی جولەکانە پێیدەوتم: بۆخاتری خوا چی بکەین و چیم لێدەکەیت؟ حەزرەتی موسا ئەوە دزە هاتۆتە سەرمان، دز! ئیتر جموجۆڵی وای دەکرد بینەرەکان لەبەر پێکەنین خۆیان پێڕانەدەگیرا. بەنیسبەت منیشەوە خۆوڕاستان کارەکە باش هەڵسووڕاو دەورەکەم بە ڕێکوپێکی ڕۆیشت و هەتا مامۆستا عەزیز ئافەرینیشی کردم... ئەنجا لەدوایدا بۆم دەرکەوت: چونکە پێشتر ئەوەندە بەیانیان لەڕیزدا هاتوومەتە دەرەوەو شیعرم خوێندۆتەوەو، ئەوەندە لە سەیراندا گۆرانیم بۆ قوتابیەکان وتووەو

بۆیان سەندوومەتەوە وەك گۆرانی (لەخرەی نێری نێری و غەزاڵی وەی غەزاڵی و گەوهەرێ وەی گەهەرێ.. هتد) کە ئەوسا باوبوون، بۆیە مامۆستا عەزیزیش منی هەڵبژاردووە بە ئەکتەرەکە. ئەنجا ئیتر دوای ئەو شانۆییە بووبە بڕگەیەك لەبەرنامەکانی شەوانی داهاتووی گەشتەکەمان، کە شەوێکیش لە قوتابخانەکەی (سێوسێنان) پێشکەش میوانەکانمان کرد.

جا لە سێوسێنان، یادی بەخێربێت، (کوێخا نەجم) میوانداریيەکی پیاوانەی کردین، ئەو دوو شەوە کەلەوێ بووین بەیانیان لەکاتی نان خواردندا، سەبەتەیەك گوڵەباخی ڕەسەنی دەهێناو لەسەرنان خواردنەکە هەموومانی گوڵباران دەکرد، جا جگەلە (والی) کوریشی بەهەشت بیت، قوتابیەکی تری سێوسێنانیشمان لەگەڵ بوو، (فاتح)ی ناوبوو و، ئەویش شەوێك دەورێکی پێکەنیناوی بۆ خۆی دروستکرد، دەوری سواڵکەرێك کە بەتەکە لێدانەوە بەدەم گۆرانی سەیر سەیرەوە بەمیوانەکاندا دەگەڕاو سواڵی لێدەکردن.

بەڵێ ئەمە یەکەمجام بوو لە ژیانمدا بەشداری نواندن بکەم. ئەو بینراوەش کە گێرامەوە ئەگەرچی شانۆییەکی ئەوتۆش نەبووبێت، بەلام لەچاو ڕۆژگاری ئەوسادا شتێك بووە لە بابەتی شانۆیی و بەنیسبەت منیشەوە یەکەمجاری بەشداربوونە. بەلام ئەمەش ئەوە نابەخشێت کە بووبێت بەسەرەتایەك یا سەرەتایەك کە بەردەوام بەشداربوونی تری بەدوادابێت تا پەیرەوی بکەم، دیسان ئەوەش ناگەیەنێت کە من هەر لە منداڵیەوە خولیای شانۆم هەبووە، زۆری قوتابی لەریزی چالاکیەکانی قوتابخانەیدا بەشداری چالاکیەك هەر دەکات، وەرزش بێت، پێشانگە بێت، گۆرانی بێت، شانۆ بێت. بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو قوتابیە لە منداڵیەوە ئەو جۆرە خولیایەی هەیە. ئەو سەردەمە نە تیپ و نەشانۆو نەگورجوگۆڵی هونەریی لای ئێمە نەبووەو مەگەر چەند ڕۆشنبیرێکی وەك مامۆستا عەزیز، یان بلێین قوتابخانەیەك بە بۆنەیەکەوە بەرهەمێکیان هەڵسووڕاندبێت.

ئەم بەشداری کردنەی گێرامەوە بەنیسبەت منەوە، یەکەمجارەو زۆرجاریش لەژیانی هونەریی خۆمدا بیرم دەکەوێتەوەو بەرێزەوە سەیری دەکەم و بەخۆشەویستییەوە تێی دەڕوانم، چونکە من وەکو ئەکتەرێك ئەو یەکەمجارە، کەڵکێکی بنەڕەتی هونەریی زۆر بەنرخی ئەوتۆی پێگەیاندووم کە ئەکتەر زۆر

بەگران دەستی دەکەوێت. ئەویش ئەمەیە کە باسی دەکەم:
زۆربەی ئەکتەری شانۆ لەجیهاندا، لە سەرەتای هەموو شانۆییەکدا کە چوونە سەر شانۆکە، یان لەسەرەتای چوونە نێو کادرەوە، هەست بەجۆرە سامێك دەکەن، دەسا ئیتر سووك بێت یان قورس، کورت بێت یان درێژخایەن، ئەمەش هەتا ماوەیەك. ئەنجا ئەوسا دوای ئەوەی کە سامەکە دەرەوێتەوە، ئەکتەرەکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی خۆی و بین دەگرێت. ئەم حاڵەتەش لەهەموو شانۆیەکدا دووبارە دەبێتەوەو پێوەندی بەتەمەنی هونەریی ئەکتەرەوە نییە. ئەم ڕاستییە هەموو ئەکتەرێکیش ددانی پێدادەنێت.
من لە یەکەم بەشداری کردنمدا وەك وتم، مامۆستا عەزیز هەر لەسەرەتای دەورەکەیەوە کە بەشێوەیەکی جولەکانە قسەی دەکردو، ترسی نیشان دەداو،

ڕەفتاری ترسنۆکانەی دەکردو، جارو بار پەنای بۆ من دەهێناو، بەمنەوە خۆی ئازا دەکردو، بەجۆرێکی ئەوتۆ منی خەریك کردبوو بەخۆیەوە، کە بواری ئەوەم نەمێنێت لەبەرچاوی میوانەکان سڵێك بکەمەوە، یان سامێکم لێ بنیشێت، یان بشڵەژێم، یان وتووێژێك و جموجۆڵێکم تێکەڵ و پێکەڵ ببێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە منیش هەر لەسەرەتاوە دەورەکەم بەئاسانی و ڕەوانی ڕۆیشت و کاتێکم زانی نمایشەکە تەواو بووە.
جا ئەم یەکەم ئینتیباعە یان ئەم یەکەم هەستە، بەجۆرێکی ئەوتۆ لەدەروونی مندا چەسپی و تۆمار بوو، ئیتر هەر ئەوە بوو، جێگیربوو نەکوژایەوەو هەتا ئێستاش کە یەکەمجار دەچمە سەر شانۆکە یان کادری نواندنەکەوە لە تەلەفزیۆن و سینەماو ڕادیۆدا، بەلامەوە: کارێکی ئاساییە [1]

## ئەوساڵانە ساڵانی جەنگ بوو

لەساڵی (١٩٣٩)وە هەتا دەوری نیوەی ساڵی (١٩٤٥) ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم بوو. هەرچەندە سلێمانی و عێراق گۆڕەپانی جەنگەکە نەبوو بەڵام پڕیشکی گرتبوویەوە.
لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە سلێمانی و عێراق بەهۆی هەرای (ڕەشید عالی گەیلانیەوە) خۆ گورج کردنەوەیەکی تێکەوت و شڵەقاندنێکی پێوە دیاری دا.
من ئەو کاتە کە ساڵی (١٩٤١) بوو قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی بووم، داوایان لێکردین کە ئەگەر شەڕ ڕوویدا ئێمەی قوتابیان کاروباری فریاوانی (أسعافات

أولیه) لەنێو شاردا ڕایی بکەین.
بەپێی پەیمانی ساڵی (١٩٣٠) هێزەکانی بەریتانیا لە ( سن الذبان و حبانیة) هەبوون، بەڵام بەبۆنەی ئەم هەڕایەوە هێزی تری لەوێ دابەزان و بەڕاکردنی ڕەشید عالی و بەخنکاندنی (سەڵاحەدین سەباغ) و چەند زابتێکی تری هاوڕێی، بزوتنەوەیەکەی دامرکاندنەوەو (وەسی و فەیسەڵ) کەڕایان کردبوو، گەڕانەوە بەغداد.
لەوماوەیەدا هێندێك لەلەشکری بەریتانی کە هندی ڕەگەزبوون بەسلێمانیدا ڕەت دەبوون و هاتوچۆیان دەکرد بۆ پێنجوین، لەکاتێکدا کە شەقامەکەی سابونکەراندا بەرەو ئەوێ دەڕۆیشتن، ئێمەی منداڵانیش بە ڕەفیك ڕەفیك دوای لۆریەکانیان دەکەوتین و هەر بۆ ڕابواردن بانگمان دەکردن ڕەفیك سگریت هەی، هێندێکیان لە پاکەتەکەیان جگەرەیان دەردەهێناو بۆیان هەڵدەدا‌ین. من بیرم نییە ئەم سەربازانە لە شاری سلێمانی هەڵیان دابێت ئەوە نەبێت جاروبارە بۆ حەسانەوەی چاخانەکان یان پیاسەیەکی شەقامێك دادەبەزین.
لەوسالانەشدا چەند کەسێکی کەم ژمارەش خۆیان ناونووس کرد بەسەربازی (لیڤی) وتیان ناردوونیان بۆ دوورگەی (قبرس).
تا سێ و چوار ساڵی یەکەمی جەنگیش، قوتابخانەکان جلوبەرگی دیدەوانی و فتووە یان لەبەردەکردو مەشقێکی زۆریشیان پێ دەکردن.
بەریتانیا لەو سالانەدا بۆ پڕوپاگەندە لە سلێمانی کتێبخانەیەکی کردەوە، جگەلە ئەوەش ئێواران لەبەردەرکی سەرا بە میکرۆفۆن لە کۆمەڵێکی تایبەتی سەربەخۆیانەوە، دەنگوباسی شەریان بڵاو دەکردەوە.
بەڵام لەڕووی ئابووریەوە ئەم جەنگە پڕیشکەکەی بەتەواوی وڵاتی گرتەوە گرانی و کەم گوزەرانی باڵی کێشا بەسەر میللەتدا. بیرمە هەموو کاتێك کە باوکم نوێژی دەکرد، پێنج فەرزە لەسەر بەرماڵ دوعای دەکردو لەخوا دەپاڕایەوە لە گرانی بەدوورمان کەیت، توومەز ساڵی گرانییەکەی دی بوو. جا زۆر خێزان هەبوون نانی گەنمەشامیان دەخوارد، من خۆم چەند ڕۆژێك لەو نانەم خواردووە. گەنم و

ئارد بەکاروانی گویێ درێژو ولاخ لە ئێرانەوە دەهات. شەکرو چا بەبلیتی تەموین بوو. شەکری سپیماڵئاوایی کردو وردە شەکری زەردی ساوەریی هاتە ئاراوە. ئەفەندیەکم بینی بەچاکەت و پانتۆڵی جانفاسەوە ئامشۆی فەرمانگەکەی دەکرد (جانفاس جۆرە گونییەکی هەرزانە) رەنگە کەسانی تریش بووبێت من نەم دیون... هەتا نەوتیش، نەوت بەتەنەکە بەکۆڵانەکاندا دەگەڕا، ئێواران قاپێکمان دەکڕی بە (٢) فلس و دەمانکردە چراکانەوەو شەو لەبەر ڕووناکیەکەیدا وانەکانمان ڕەوان دەکرد.

## دەرچوون بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی

کەلە پۆلی شەشەوە دەرچووم بۆ پۆلی یەکی ناوەندی، قوتابخانەی ناوەندی لە قەرەداغ نەبوو، لەبەرئەوە باوکم منی ناردەوە بۆ سلێمانی کەلە ماڵی کاکە حەمەی مامم لەگەرەکی (حاجی حان)، کە تازە زاوا بوو، ئەو حەزیشی دەکرد پێی نەڵێن مامە، بەڵکو پێی بڵێن کاکە حەمە.
قوتابخانەکەشمان کە ناوەندی بوو خوارووی خەستەخانە گەورەکەی شارکەوتبوو، کەلەم سەردەمەی دواییەشدا گۆڕا بۆ خەستەخانەی کۆماری. پۆلی یەکم تەواو نەکرد جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد بەوەدا نەگەیشتین ساڵی خوێندن تەواو بکەین، لەبەرئەوە تاقیکردنەوەی ساڵیان دواخست، بۆ ساڵی ئایندەی خوێندن.. کەلە تاقیکردنەوەکەدا دەرچووم بۆ پۆلی دوو، ماڵیشمان هاتەوە سلێمانی بەلاّم ساڵی دووەم و سێیەم گرانی لە شاردا پەیدابوو. خوێندن لەو

سێ ساڵەی ناوەندیدا بەزمانی عەرەبی بوو، مامۆستاکانیش لەو قوتابخانەیەدا: (مەڕوان، کەسوری بوو، هەروەها شەریف قەرموینی کە بەغدادی بوو، ئەحمەدی قازی و ساڵح سەعید و ساڵح عەلی و حەمە کاکە کەئەم سیانەیان خەڵکی سلێمانی بوون، وەدیع فەتحوڵا میرزا کە خەڵکی بەغداد بوو هەموو جارێك دەیووت (الکیمیا مو زلاظة) سامی ناشید و هیلال کە ئەم دوانەیان خەڵکی میسر بوون، محەمەد مراد سودانی بوو لەگەڵ مامۆستا عەبدول مەوجود دا... بەڕێوەبەریش ساڵی سێیەمی کەمالەدین حسەینیان بۆ ناردین... هاوڕێی خۆشەویستیشم لەناو قوتابیەکاندا لەو سێ ساڵەدا، جگەلە هەموویان کە ڕێزم بۆیان هەبوو، جەمال بابان و حەمە سەعید ئیبراهیم و عەزیز سۆفی ساڵح بوو... قوتابیانی ناوەندی بەجلی دیدەوانیەوە دەیانخوێند، هەروەها مامۆستاکانیش دەبوایە بەرگی نیمچە سەربازیان لەبەردا بووایەو بەو بەرگەشەوە مەشقی سەربازییان بکردایە.

ئەو بەیانیانەی کە جەمال بابان ڕێکەوتی مام ڕەحیمی باخەوانی قوتابخانەکەی بکردایە، ڕۆژباشی لێ دەکرد مام ڕەحیمیش بەدەنگە بەرزەکەیەوە بۆی دەسەندەوە: ئەی خوا بتکات بەمدیری عەربەت ڕۆڵە! کەلە دواییدا خۆزگەکەی مام ڕەحیم هاتەدی و لەمانگی شوباتی ١٩٥٢ دا بینرا جەمال بابان بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت بوو.

بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەش کە باسمان کرد لە ناوەندی بوون خەڵکی سلێمانی نەبوون. فرۆشگەی قوتابخانەکەشمان کە ڕووخـا ڕووەو شەقامی (پیرەمێرد) دەیڕوانی، واتە بەشە ڕووخاوەکەی ڕووەو شەقامەکە کەوتبوو، جا قادری نوری بەگ کە قوتابی بوو، خزمێکی ئەفسەری هاتبوو بۆ ئەوێ بۆ دیدەنی. لەو کاتەدا کەمالەدین دەچێت بەسەردا ئەفسەرەکە دەبینێت ئاگاداری دەکات کە ئێرە جێگەی یەکێك نییە کە قوتابی نەبێت، ئەویش ئەمە بەجوان نازانێت و بەشەقەوە بۆی دەچێت و تێر دەیکوتێت، لەبەرچاوی قوتابییەکان دەیشکێنێت.

## ئەسپەبۆرەو هیلالە فەنی

خۆمەستیی و کەیل بوونی سوار، جۆرێکە لەو شادمانیانەی کە بۆ ئەو ماوەیە پێی دەگەشێتەوە.

کەلە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم و جاروبارەیەك دەچووم بۆ سەردانی ماڵی خاڵم لە (دەرەویـــان)ی قـــەرەداغ، لـەوێ لە هامشۆی کردنی کێڵگەو کشتووکاڵیەکاندا، کە سواری گوێدرێژیان دەکردم و لەسەر ئەو کۆپانە پانە، دادەنیشتم و گوێدرێژەش نەرم نەرم دەڕۆیشت بەڕێگەدا، دەنگی چوار پەلی دەهات کە دەینایە سەرزەوی، بە (مۆنیکا)یەکی ئێستام نەدەگۆڕییەوەو هەر حەزم نەدەکرد دابەزم.

کە گەورە بووم و چوومە پۆلی سێی ناوەندی، ئەگەرچی بەوپێیەی باوکم پۆلیسی سوارەبوو لەپێش چوونە قوتابخانەشمەوە خۆشمان ئەسپمان هەر هەبووە. بەڵام

چییە لەبەر سەلامەتی خۆم، نەباوکم و نەدایکم نەیانویستووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سواری ئەو ئەسپە ببم.. بەڵام کە گەیشتمە پۆلی سێی ناوەندی پەرۆشیەکەم بۆ سواری ئەسپەبۆرە لەسنووردا نەما، باوکیشم ئەسپەکەی خۆشدەویست چونکە سەرچاوەی گوزەرانی بوو، سەرەڕای ئەوەش هەروەکو زمنزانێك ڕەفتاری دەکرد، لەبەرئەوە زۆر بەدەستیەوە بوو.
وەکو وتم کە گەیشتمە پۆلی سێی ناوەندی ئیتر کار گەیشتە ئەوەی پەت بپچڕێنم.
عەسرێك کە ماڵ چۆڵ بوو، بەهەلم زانی بەپەلە (قەڵتاخ) (زین)ەکەم لێکردو، ئاوزنگیەکانیم کورت کردەوەو لغاوەکەم کردە دەمی، ئەویش بەهێمنیەوە خۆی نیشانداو، ڕامکێشایە بەردەرگاو بەسڵ کردنەوەیەکەوە سواربووم، جا ماڵیشمان لەدامێن شاربوو. کە لغاوەکەم بۆ شلکرد بەنەرمیەکەوە ئاگادارم کردەوە، ڕووەو سەدەکە جووڵام.. ئەسپە کەوتە ڕەوتێکی ڕەوانی نەرم، منیش بەسەر زینەکەیەوە جووڵەم نەکرد.. ئۆخەی ئەمە منم بەسەر ئەسپەکەوە؟ دەمێك بوو بۆ ئەم ڕۆژە دەگەڕام. بە جادەکەی هەڵەبجەدا هاتم هەتا گەیشتمە دەشتەکەی ئەوبەری سەدەکە. بەڵام تا دەهات ئەسپەبۆرە هێمنترو خۆشرەوتر دەبوو، کە بەوپێیە منیش خۆشحاڵترو دڵنیاتر دەبووم کە لەهەمان کاتدا هەموو دەقیقەیەکیش بەتەمابووم فرێم بداتە خوارەوە. لەوێدا گوێدرێژەکەی دەرەویانم بیرکەوتەوە، نەخێر ئەمە وەکو ئەو نییە، بەڵام ئەوەندەی عەرەبانەیەکی تریشقەو مارسیدسێك جیاوازیان هەیە.
ئیتر لەو دەشتەدا بۆم دەرکەوت زۆر لەژێر دەسەڵاتمدایە، بەهەرلایەکدا لغاوەیەکم بادەدا بەولایەدا پێچی دەکردەوە، ڕامدەکێشا، ڕادەوەستا، بۆم شل دەکرد، خێراتر دەڕۆیشت، ئەم ڕەفتارانە لەلام تامی ئۆتومبیل لێخورینێکی دەدا.
من چووزانم ئەم گوێڕایەڵی و ئەم زین کردن و لغاوکردن و نەرم ونیانیە لەدەسەڵات و توانای منەوە دروست نەبووە، بەڵکو بۆ ئەنجامی ژیری ئەسپەبۆرە خۆی دەگەڕێتەوە. ئەم یەکەمجارەم لەترسی کەوتنە خوارەوەش، لەڕەوت زیاتر، هیچی ترم تاقی نەکردەوە، هەروەها سەرنجی کەسیشم زۆر نەدەدا.
لەبەرئەوەی باوکم و دایکم پێنەزانن. زۆر نەمامەوە بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام کە گەیشتمە بەردەرگا تەماشا دەکەم دایکم هاتۆتەوە. کە ئەسپەکەم

هێنایە حەوشە، سەیرێکی کردم و وتی خۆمن وەهام زانی باوکت هاتۆتەوە بردوویەتی، عومەر گیان ئاگاداری خۆت بە، هەر ئەوەندەی وتو لای باوکیشم قسەی نەکرد. ئیتر لەمەولا کە باوکم دەچووە دەرەوە، چوار پێنج جاری تر من ئەم ڕووداوەم دووبارە کردەوە. هەتا بەتەواوی ترسم لە ئەسپەکە ڕەوییەوە، فێری لۆقەو غارغارێن و چوار ناڵ و چەرخەلەو خۆفڕێدانە خوارەوەو سواربوونەوە بووم لەکاتی لۆقەدا.

ئیتر گەیشتمە ڕادەیەك هێندێ عەسران گوێ قوڵاخ دەبووم لەو دامێنی شارە: لەکارێزی وەستا شەریف بووایە، تووی مەلیك بووایە،هۆمەرمەندان بووایەو،کارێزی حەسەن زەنگیانە بووایە، شایی یان دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بهاتایە، ئەسپەبۆرەم زین دەکردو خۆم دەگەیاندێ، دیارە هەر بێ ئاگاداری باوکم. کە هەستیشم دەکرد هێمن و لەسەرخۆییەکەی، خۆشەویستیی و هاوڕێتیەکەی. زۆرتر دەکردین، بەتایبەتی کەلە کەوتنە خوارەوە دەیپاراستم، بەمجۆرە دەرکەوتنەشم لەبەرچاوی خەڵك فیزو گەنجەفەی ڕەنگ دەدایەوە، لەدڵی خۆشمدا هەموو گیانم دڵخۆشی و کامەرانی بوو.

خوا لێم نەگرێت لەم دواییەدا باوکیشم بەم هەموو بەزمەی زانی بوو بەڵام لەبەر دڵی من گوێی خۆی لێ خەواندبوو، منیش ئەوەندە زیادەڕۆییم نەدەکرد کە ئەویش زۆر پەست ببێت.

هاوینی ٩٤٦ خوێندنم تەواو کردبوو چاوەڕوانی کردنەوەی قوتابخانە بووم دیاریکرێم بەمامۆستا، ئەو هاوینە خولێکی وەرزش کرایەوە، وەرزشی سواری تێدابوو، منیش بەشداریم تێدا کرد. جا لەسەر داوای مامۆستا ساڵح عەلی کە مامۆستای خولەکە بوو، بەشی سواری لە حامیەی سلێمانی یارمەتیاندا. من گەلێك سوودم لەو خولە وەرگرت. هەتا بیرمە ڕۆژێك لەجێگەی ئۆردوگاکەی جارانی ئەوساو، جێگەی مزگەوتەکەی عەلی کەماڵی ئێستا لەکاتی مەشقدا هەر ئەوەندەمان زانی (ڕۆبین ئوفیك) کە قوتابیەکی خولەکە بوو وەك گوللە تۆپ بەخۆی و ئەسپەکەیەوە لەناوماندا بەرەو شار دەرچوو.. ئەسپ هەڵیگرت بەڵام هەڵیگرت. ملازم خەسرەویش کە بەرپرسی خولەکەبوو هەرچەند هاواری لێکرد (سیطر علی حصانك! سیطر علی حصانك) بێ سوود بوو، پیرە ئەسپ وەها هەج ببوو بۆی نەدەوەستایەوە بەجۆرێك فڕاندی هەر لەچاو ون بوو.

وتمان تازە ئەمە  خدری زیندەش فریای ناکەوێت، لەدوایدا بیستمان کە ئەسپەکە خۆی لەکۆڵانێکدا کە دەرناچێت وەستاوەتەوەو ڕۆبینیش سەلامەتە کەمێك دەموچاوی ڕووشاوە.

هەر لە پەراوێزی باس و خوازی ئەم سوارییەدا: ڕۆژێك لە قوتابخانە هاوڕێی زۆر خۆشەویستم (حەمە سەعید برایم) پێی وتم: دەڵێیت چی ئەم عەسرە مامۆستا هیلال بەسواری وڵاخ بەرین بۆ ئەو بناری گۆیژەیە. تۆ ئەسپەکەی خۆتان بهێنەو منیش دوو ئاشنای شارەزووریمان بە دوو ماینەوە لەماڵی ئێمە میوانن.

ئەو سەردەمەی ساڵانی چل و سێیەش، سێ چوار مامۆستای میسری سەڵتمان لابوو یەکێکیان مامۆستا هیلال بوو کە وانەی عەرەبی پۆلی سێی ناوەندی پێدەوتینەوە. جا کابرایەکی قەڵەوی قەبەی ڕووخسار زبری سەرو زمان خۆش. وانەیەکی باشی دەووتەوە، دەیووت من شیعریشم هەیە، هەتا جارێکیان لەبارەی (قەڵەم)ەوە شیعرێکی خۆی لەسەر تەختەکە بۆ نووسین داوای لە قوتابییەکان کرد کەلای خۆیان بینووسنەوە، ئەمە یەکەم دێڕی بوو:

مل البقاع وسارفی الارجاو              ملك بلاجند ولا وزراء

بێینەوە سەر باسی گەشتەکەی عەسرمان: کە حەمە سەعید ئەو پێشنیازەی کرد، وتم حەمە سەعید منیش حەز دەکەم بەڵام دەترسم ئەم کابرایە بگلێت و ببێتە بەڵا بۆمان. ئەویش وتی دەبا بەخۆی بڵێین بزانین دەڵێت چی؟

کە پێمان وت بەسوپاسەوە پەسەندی کرد وتی منیش پێشتر سواری وڵاخ بووم.

پێش عەسر لەبەر ماڵی حەمە سەعیددا کە نزیك ئاشی (عەلەتریکەکە)بوو، حەمە سەعید ماینەکەی هێنایە دەرەوەو بۆی ڕاگرت و مامۆستا هیلالیش بەبێ سڵەمینەوە سواری بوو، کە ماینەکەش هەستێکی بەقورسیەکەی کرد. ئەنجا ماینەکەی تری هێنایە دەرەوەو هەرسێکمان بەسواری بەرەو کارێزەی وەستا شەریف کەوتینە ڕێ. هێشتا لەنێو شاردا بووین و نەگەیشتبووینە دەشت دووسێ منداڵە وردکە کە، دییان وا ئەم ئەفەنییە قنج و قیت بەسەر ماینەکەوەیە، بانگیان لێکرد: ئەفەنی ئەفەنی خۆت بەرزبکەرەوە ماینەکەت تەرس دەکات. هەرچەندە تێنەگەیشت، بەڵام ئێمە منداڵەکانمان بێدەنگ کرد چونکە هەر خەمی سەلامەتی مامۆستا هیلالمان بوو ئیتر جاروبار پاش و پێشمان لێدەگرت و ئەملاوئەولای

دەکەوتین، ئەویش خۆی لەسەر زینەکەی دامەزراندبوو بێخەم خۆی نیشاندەدا، هەتا رادەیەکیش لێی دەهات، وەهاش دیاربوو لەم سوارییەدا بەم دەشت و دەرە دڵی دەکرایەوە، بۆیە بەدەم ڕۆیشتنەوە هەمەجۆر قسەو باسمان دەکرد. کە گەیشتینە کارێزی وەستا شەریف لەوێوە بەرەو ژووربووینەوە بۆ نزیك بناری گۆیژە. لەو ڕەوتەدا مامۆستا هیلال ئەوەندە ئاغروسەنگین بەسەر ئەو وڵاخەوە دیاربوو، دیمەنەکەی زۆر جوان دەهاتە پێشچاوو، ئیتر نازانم ماینەکە لەبەر قورسی و گرانی ئەو، وا لەسەرخۆو هێمنانە دەڕۆیشت، یان دیمەنەکەی مامۆستا خۆی وەهای دەبەخشی. ئێمە بەئاسایی دەڕۆیشتین نە لۆقەیەك نە غارێکمان دەکرد، نەوەکا مامۆستا بەجێ بمێنێت یان بۆ ئەو گران بێت. پێخۆشحاڵی ئەم گەشتەش جووڵاندی بۆیە وتی: خۆزگە کامێرایەکمان پێبووایە. ئێمەش هەر پێخۆشحاڵ بووین لەوەی کە ڕێزمان لە مامۆستایەکی خۆمان ناوەو توانیومانە کە هەندێك خەمی دوور وڵاتیی خۆیمان ڕەواندبێتەوە. هەروەها خەڵکیش کە دەیانبینین لەگەڵ مامۆستایەکدا بەسوارییەوە لەو دامێن شارەین، هەستمان بەبوونی خۆمان دەکرد. بەوەش هەر دڵخۆش بووین کە کە میسریەکی وەکو ئەو بەوجۆرە بڕوانێتە دوو قوتابی کوردی وەکو ئێمە کە ڕێز لە مامۆستای خۆیان دەگرن.

ئیتر کە نزیك خۆراوا بووینەوە، مامۆستامان هێنایەوە ناو شار، کە زۆر ڕێزی خۆی نیشانداو سوپاسی کردین، چەندە ئەو بەو گەشتە دڵخۆش بوو، ئێمەش ئەوەندە دڵخۆش بووین، چەند ڕۆشنکەرەوەی ژیانن و چەند گەشن ئەو تیشکانە لە ڕۆژانی تەمەنی مرۆڤدا کە چریسکەی شادمانیان بەدەروون بەخشیوە! هەر لەبەرئەوەیە ئێستاش کە سوارێك دەبینم، ئەو کات و ساتانەی ئەسپەبۆرم لەلا زیندوو دەبێتەوەو، ئەو هاوڕێیەتی و دۆستایەتیم لەلا پیرۆزتر دەبێت، کە بەیەکەوە بردمانە سەر.

## یەکەمجار کە چووم بۆ بەغداد

ئەوکاتەی کە شانزەجار بەدەوری خۆردا سووڕابوومەوە، لە قوتابخانەی ناوەندی دەمخوێند، لەڕاستیشدا حەزم دەکرد لە دواڕۆژدا ببمە یان ئەندازیار، یان مامۆستا. بەڵام کەلە ١٩٤٢-١٩٤٣ دا خوێندنی ئەوێم تەواوکرد، نمرۆی ناونووسی کردنم لە کۆلێژی ئەندازیاری بەدەست نەهێناو ئەو ساڵەش لەخانەی مامۆستایانی بەغداد کەتەنیا خانە بوو لە عێراقدا، کەسیشیان وەرنەگرت. جائیتر نازانم هەر لە سلێمانی کەسیان وەرنەگرت یان لەهەموو عێراقدا. ناچار منیش چوومە پۆلی چوارەمی خوێندنی دواناوەندی. بەڵام دوای دوو مانگێك خوێندن، خوای من و تۆ کردی لەخانەی مامۆستایانی ئەعزەمیەوە لە بەغداد، نووسراوێك هات شەش قوتابیان دەویست. کە بەشی ناوخۆشی هەبوو، من خۆم ناونووس کرد کە هەڵبژاردنەکەش بەپێی نمرۆ بوو ناوەکان و دۆسیەکانیان داینێ کە لەگەڵ

خۆمان بیبەین بۆ بەغداد. ئەوسا باوکم بەرگی پۆلیسی لەبەردابوو، پۆلیسێکی خواناس بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەندە زەبروزەنگی قۆمیسەرەکانی دی بوو، حەزی دەکرد کورەکەی ببێت بە قۆمیسەر نەك مامۆستا، بەڵام کە زانی من هەر مامۆستاییم پێخۆشە، ئەویش دڵی نەشکاندم. وەك وتم ئەوسا تەمەنم شانزە ساڵ بوو، بەتەنیا شارانم نەدیبوو، چاوم نەکرابووەوە، هەتا گەڕەك و بازاڕەکانی سلێمانیشم بەتەواوی نەدی بوو.

ڕۆژێك پێش سەفەرەکەم، باوکم بۆ ڕێگاوبان و، کاروباری خۆ ناونووسکردن لە بەغداد، حەوت دیناری دامێ، هەرچەندە گەرمەی گرانی جەنگی دووەمی جیهانیش بوو، بەڵام حەوت دیناری ئەوسا، ئەوەندە زۆربوو، بۆ یەکێکی وەك من شەپلی شەپانی بەسەرەوە دەکرا، کە پارەکەشی دامێ بەپەرۆش و سۆزێکەوە وتی: کوڕم ئاگات لە دەرس و دەورەکانت بێت، نەکەی نائومێدیمان بکەیت.

مانگ، مانگی تشرینی دووەم بوو، لەنێو خۆشیەکی بێ ئەندازەدا خۆم ئامادە کردبوو بۆ سەفەر، کێ لەو زەمانەدا خوا دەیداتێ بەغداد ببینێت، نەخوازە لەوێش بمێنێتەوەو شەهادەتنامەی مامۆستایش وەربگرێت؟ هاتوچۆش ئەوسا بە پاسی تەختەو لۆری بوو، خۆ قەمەرەش هەبوو، بەڵام کەم کەس خۆی لێدەدا. بەقۆناغێك دەچوویتە کەرکوك و لەوێشەوە بە قۆناغێك بەشەمەندەفەر بە شەوێك دەچوویتە بەغداد.

بیستمان کە لۆرییەك بەبارەوە دەچێت بۆ کەرکوك، مردوو لەمە پاکتر ناشۆرێت، چونکە لەهەموویان هەرزانترە، کێ حەز دەکات بابێت و بۆ سبەینێ بەیانی سەعات هەشت لەمشیراوا ئامادەبێت. سەرلەبەیانی سەفەرەکەش لەنێو دوعای خوشکان و فرمێسکی دایك و ئایەتەل کورسی خوێندنی باوکدا، کەلوپەلەکانیان بۆ خستمە نێو جانتایەکی تەنەکەی ئەستوورەوەو، کە سێ کەمەرەی ئاسنی پێوەبوو بەئەڵقەرێزو قوفڵ دادەخرا، بەتانیەکیشیان بۆ قەدکردم گوایا بۆ شەوی شەمەندەفەر. باوکم جانتاکەی بۆ هەڵگرتم و گەیشتینە مشیراوا، لەوێ هاوڕێکانم کاك بەهجەت سەعید و، خوالێخۆشبووان ع.ح.ب و تۆفیق حەسەن چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵام محەمەد ئەمین عەبدوڵاو عەبدولقادر سەید عەلی و ئەحمەد عوبید وتبوویان ئێمە خۆمان دەڕۆین.

بەڵێ یەکی دە ڕوپێی خۆماندا بەشۆفێرەکەو، ناوی خوامان لێهێناو سواری

لۆریەکە بووین و لەگەڵ دووسێ ڕێبواری تردا، چوینە سەر بارەکان دانیشتین. بەڵام کە ورد دەبینەوە، دەبینین زۆربەی گونیەکان فەردە خەڵوزە کەلە بەشی پێشەوە هەڵچنراوە، منیش دەستێ جلی پاك و خاوێن و ئوتوو لێدراوم لەبەردایە، بەپەلەپیتکە خۆم دەتەکێنم، ئەمە کورە دەچێت بۆ بەغداد.

کە لۆریەکە کەوتە ڕێ و لانسی وەرگرت، ناوبەناو تەوژمی باکە دەیدا لەفەردەکانی پێشەوەو هێندێك وردە خەڵوزی دەهێناو دەیدا بە ئێمەدا، بەهۆی ئەمەوە پەستیەکی کوتوپڕی دایگرتم، بەڵام کە بەدەستەسڕەکەم خۆم دەتەکاندو ڕەشیم پێوە دیار نەبوو، ئاسوودە بوومەوە، ئیتر لەخۆشی هیوای مامۆستایەتی و لەخۆشی بینینی بەغداد، وردە خەڵوزو هەڵتەك هەڵتەك و هەڵبەزو دابەزی لۆریەکە تاسەکانی ڕێگاکەمان هەر بیرچووەوە. لە تاسلوجە کە ڕاوەستاین، مەلایەك لەگەڵمان سواربوو بۆ کەرکوك، کە هاتە گفتوگۆ، دەرکەوت مەلایەکی زاندوو دەم پاراوە، بەهەر کوێیەکیشدا تێدەپەڕین ناوەکەی دەوت: ئەمە ئەلاییە، ئەمە تەیناڵە، ئەمە گۆپاڵەیە، ئەمە دەربەندی بازیانە، ئەوە بەردە قارەمانە.. ئیتر ئێمە وامان دەزانی سواری هەلیکۆپتەرێکی ئێستا بووین و لەگەشتێکدا دەگەڕێین.

کەلە دەربەندی بازیانیش چووین بەودیوودا، لەدورەوە ڕەشاییەکی گەورەمان بینی مامۆستا بەدەست ئاماژەیەکی بۆکردو ئەوەندەی ترکرایەوەو، لەبەرخۆیەوە بەزمانێکی ڕەوان و دەنگێکی بەرزتر دەستی کرد بە (أنشا)یەکی عەرەبی وتی: (ولما عبرنا مضيق بازيان التأريخي، أشرفنا على جمجمال من مسافة بعيدة).

کەلە چەمچەماڵ دابەزین ماندوێتی ڕێگەو برسێتی هانیان داین لە چاخانەکەی ئەوێ لەنزیك قەڵاکەوە بوو، ژەمی نیوەڕۆ بخۆین کە وەها دەرکەوت ڕێبوارانی سلێمانی و کەرکوك بۆ حەسانەوەو، نانخواردنی ڕێگەو، نوێژکردن، لەوێ دادەبەزن.. نانخورا... لەدواییدا سواری بارە خەڵوزەکە بووینەوە، لۆریەکە بە ناوچەیەکی شەپۆلاویدا کەوتەوە ڕێ... ئەوەی شایانی باسیشە هەر لە سلێمانیەوە دەرچووین ئەو ڕێگەیە ناوبەناوێکی درەنگ نەبێت، ڕێکەوتی ئۆتومبیلی ترمان نەدەکرد... کە گەیشتینە دێیەکی بچووك مامۆستا وتی ئەمەش (قەرەهەنجیر)ە کە گەیشتینە بەرزاییەکەی ئەوسەریەوە بەدەست ئاماژەیەکی تری کردو وتی: ئەوا ئاگرەکەی باباگوڕگوڕیش دەرکەوت.شەوو ڕۆژ هەر دەسووتێ و

ناکوژێتەوە.. کە منیش چاوم تێبڕی، هەر بیرم لەوە دەکردەوە: چۆن هەمیشە هەر دەسووتێ و ناکوژێتەوە؟ کاتێك کەلەم بیرکردنەوەیەدا بووم وتیان: ئەمەش کوێرەکەی قەرەهەنجیرە، کێ خێر دەکات، بیکات. مامۆستا تێی گەیاندین، ئەو کوێرە پیاوێکی هەژارەو بۆخۆی بەڕۆژ دێت لەم سەرەڕێگەیە نزیك ئەو کوندرە دادەنیشێت و شەوانیش دەچێتەوە ماڵی خۆی، هامشۆکەرانی ئەم ڕێگەیەش کێ ویستی خێربکات، ئوتومبیلەکان ڕادەگرن و پارەی دەدەنێ. جا ئیتر خەڵکیش ئەم جێگەیەیان ناوناوە (کوێرەکەی قەرەهەنجیر)، بەڵێ ئێمەش ئیتر دوای ئەوە (کوێرەکەی قەرەهەنجیر)مان بەجێهێشت بۆ ماوەیەك، بەشاری کەرکوك شادبووین. دوای کە بەلای قەلادا تێپەڕین لە پردی خاسە پەڕینەوە کە بەبەردو قسڵ دروستکرابوو، باش بیرم نییە چەمەکە ئاوی تێدابوو یان نا.. لەوبەرەوە لۆریەکە ڕاوەستاو دایانبەزانین. شۆفێرەکە وتی: ئەوە شەقامی (مەجیدیە) دیارە، ئەگەر دەچنە ئوتێل، ئەوێ ئوتێلی لێیە... شەقامەکە نزیك بوو، بینایەکی پەڕپووتیان نیشاندا ین وتیان ئەوە ئوتێلە... بەپلیکانەیەکی تەنگەبەرو کووردا سەرکەوتین، جانتاو پارەکانی ڕێگەمان لای کاکەی ئوتێلچی دانا کە هەتا ئێوارە بۆمان هەڵگرێت... ئیتر ئەو دووسێ سەعاتەی لە کەرکوكماینەوە، لەترسی ونبوون لەدەوروبەری ئوتێلەکە دوور نەکەوتینەوەو هەر بەیەکیشەوە بووین. ئەوەشی لەو نزیکانە دیمان، شتێکی نوێی وەهای تێدانەبوو کە سەرنجمان ڕابکێشێ. بەڵام ئەوەی دڵی خۆشکردین ئەوەبوو هەر کەسێکمان دەبینی کوردن و بەکوردی قسە دەکەن، ئەوەشمان بەلاوە سەیربوو کە، بینیمان هەندێك پیاو بەپێچەوانەی سلێمانیەوە بەسواری پاسکیل هاتوچۆیان دەکرد زۆربەشیان لەگەڵ چاکەت کراس و پانتۆڵەکانیاندا جامانەیان بەسەرەوە بەستبوو، وتیان ئەمانە لەشەریکەی نەوت ئیش دەکەن.

کە سەعات بووبە نزیك چوارو نیویش، ویستمان بڕۆین، هەرچەندە ئوتێلچیەکە پێی وتین پەلە مەکەن هێشتا زووە، شەمەنەفەر سەعات نۆونیوی شەو دەردەچێت بۆ بەغداد، بەڵام ئێمە بەجانتاکانمانەوە لە ئوتێل هاتینە خوارەوەو، عەرەبانەیەکی دوو ئەسپیمان بەکرێ گرت بۆ مەحەتەو بەنێو ئەو هەموو بیناو شەقام و درەخت و فولکانەی قەراغ شاردا، ڕێگەمان گرتەبەر، جا کە دەنگی ناڵی لۆقەی ئەسپەکان و، هاژەی قامچی وەشاندنی کاکەی عەرەبانچی، لەگەڵ ئەو دیمەنە جوانانەدا

تێکەڵ دەبوون نیمچە ئاوازێکی خۆشی دەبەخشی. هێشتا ڕووناکی ئێوارە مابوو گەیشتینە بینایەکی یەك نهۆمی دەرگاپان کە ڕیزێك درەخت لەلایەوە ڕووابوو، عەرەبانەکە لەوێ ڕاوەستاو عەرەبانچیەکە وتی: ئەمە مەحەتەیە. ئیتر ئێمەش دابەزین و بەجانتاو کەلوپەلەکانمانەوە چووینە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵێکی پان و پۆڕ کە دەرگای چەند ژوورێکی لەسەربوو. لەهۆڵەکەشدا، ژن و پیاوو منداڵ و گەنج و پیر لەسەر کورسیە درێژەکان دانیشتبوون و کەلوپەلەکانیان لای خۆیانەوە دانابوو، وەك ئێمە نیازی سەفەریان هەبوو.

براکەم... بۆ سواربوونی شەمەندەفەریش پێویست دەکات بلیت ببڕیت. ئائەوە ژووری بلیت بڕەکەیە، ئەوەتا لەودیو پەنجەرەکەوە دانیشتووە خەڵکی هەر لەوێوە بلیتی خۆیان دەکڕن... ئەی خۆ ئەوە بەسەر خۆت ناهێنیت لەگەڵ شۆفێرەکە بکەویتە سەوداو معامەلەو، جەناب تا بەغداد چەندمان لێ دەسێنیت؟ ئەی ئەوە نابێت کەمێك خاترمان بگریت؟ بێقەزابیت خاترانە هەر هەبووەو ئێمە قوتابین و بۆ خوێندن دەچین...

تۆش وەکو ئەم خەڵکە هەر لە پەنجەرەکەوە بلیتێك دەکڕیت، هەتا لەگەڵ ئەویشدا ناکەویتە سەوداو معامەلە، چونکە لەسەری نووسراوە بایی چەندە. زیادوکەمی نییە، پارەی خۆت دەدەیت و بێ دەنگ دێیتە ئەملاوە. بەڵێ کەلە پەنجەرەکەوە بلیتمان بڕی بۆ بەغداد، پرسیمان چەندە؟ وتی (٤٠٥) فلسە. کە دایە دەستم نووسرابوو: کەرکوك-بەغداد.(باب المعظم)(٤٠٥) فلس. بۆ یەك کەس. تەئریخی ڕۆژەکەشی پێوە بوو.. خۆ بەڕۆژیش هاتوچۆی شەمەندەفەر هەیە، بەڵام بەشەو، ڕۆژەکەت بۆ دەگەڕێتەوە. ئەنجا کە بووینە خاوەن بلیتی خۆمان، دەرگاکەی ئەوسەر کرابووەوە. لەگەڵ خەڵکەکەدا بە خۆمان و جانتاکانمانەوە بەلای قۆمیسەرێکی پۆلیسدا ڕۆیشتین کەلەناو دەرگاکەدا زەلامێك لەتەنیشتیەوە ڕاوەستابوو، بەرگێکی تایبەتی لەبەردابوو، گازێکی بەدەستەوە بوو، یەکەیەکە بلیتەکەی لێوەرگرتین و بەگازەکەی دەنووکێکی لێگرت و دایەوە دەستمان وتی فەرموون بڕۆن.

کە چوینە ئەو دیوەوە، بۆیەکەمجار چاوم بەشەمەندەفەر کەوت.. شەمەندەفەری چی؟ چەند ژوورێکی باریك بەدرێژی سەدوپەنجا مەترێك بەڕیز درابوونە دەم یەکترو درێژببوونەوە، کە ڕیزێك پەنجەرەی تێدابوو. لەوکاتەدا نەمانپەرژا

زۆر سەیربکەین، چونکە خەمی جێگەگرتنمان بوو. لەدەرگای یەکێکیانەوە هەرسێکمان چووینە ژوورەوە، بینیمان گڵۆپی زۆر داگیرساوە، دووریز کورسی دووکەسی لە دارێکی تۆکمە لەم سەر تا ئەوسەر ریزبووە، ڕەفەی درێژ درێژ لەنزیک بنمیچەکەوە قایم کراون. چونکە هێشتاش زووبوو، کورسیەکان قەڵەباڵغیان پێوە دیار نەبوو، گورج هەرسێکمان لەنزیك یەکترییەوە جێگەمان گرت. ئیتر هەر ژن و مناڵ و پیاووپیرو گەنج بوون دەهاتن و خۆیان دەکوتا بۆ جێگەگرتن، ئەنجا زانیمان  کە ئەم ژوورانە پێیان دەڵێن: فارغۆن، کە دەرگایان بۆ سەر یەکتری هەیە. واتە تۆ دەتوانیت فارگۆنەو فارگۆن لەم سەری شەمەنەفەرەکەوە بڕۆیت بۆ ئەوسەر، بەبێ ئەوەی دابەزیت. ئیتر کە دامەزراین، جانتاکانمان خستە سەر ڕەفەکان و هەریەکەمان بەتانی یان جاجمی خۆی لەسەر جێگەکەی ڕاخست.. ئەمە جێگە، ئەنجا بیرمان لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەگەر کەسێك تەنگەتاو ببێت، لەکوێ بۆکوێ دەکرێ خۆی بگەیەنێتە کاکی شۆفێرو ئابرا بەزەحمەتی مەزانە یەك دەقیقە ڕایگرە من تا خوارەوە دەچم. نەخێر، ئەمەش سازکراوە، ئەو دووژوورە بچووکەی ناوەڕاستی فارگۆنەکە دەبینیت کە دەرگاکانیان بەرانبەر یەکتریە، ئەوانە ئاو دەستن، یەکێکیان بۆ پیاوانەو یەکێکیان بۆ ژنانە، لەکاتی پێویستدا بۆت هەیە بەکەماڵی ئیسراحەت دەستت بشۆیت.

ئەنجا کە ئیتر ئەم خەمەشمان نەما، کێچ کەوتە کەوڵمانەوە بۆ بینین و سەرنجدانی دەرەوەی شەمەندەفەرەکە، بەڵام بۆئەوەی کەلوپەلەکەمان پارێزراوبێت، واچاکە بەنۆرە بڕۆین، کە چوومە خوارەوە سەیرم کرد هەر فارگۆنێك لەسەر شەش حەوت جووت ڕەورەوەی ئاسن ڕاوەستاوە، مامۆستا لە قوتابخانە پێی وتبووین کە شەمەندەفەر بەسەر هێڵی ئاسندا دەڕوات. ئەنجا، سەیرم کرد شەقام یان بڵێین شۆسەیەکی دوورودرێژ بەتەنیشت شەمەندەفەرەکەدا ڕاکشاوە درێژتر لەویش، لەپەنجەرەی فارگۆنەکانەوە هەروا دیاربوو، لەناوەوە ڕێبوارەکان خەریکی خۆدامەزراندن بوون.. سەر شۆسەکەش لە بازاڕ دەچوو، چەپە دووکەڵی کەباب و گۆشت برژاندن و، هەروەها چایچی دەستگێڕو میوە فرۆش و دەنکە کولەکە فرۆش و.. تاد، لەهیچ پەکت نەدەکەوت، ئەوە هەروا ڕێبواریشە لەوناوەدا خەریکی پیاسەکردنن، کە زۆربەیان خەڵکی کەرکوك بوون، بۆ ڕەوانەکردنی کەسوکاریان هاتبوون... ئیتر کە گەیشتمە ئاستی پێشەوەی شەمەندەفەرەکە،

بینیم مەکینەیەکی زۆر زەبەلاح فیشك و هورو نرکە نرکێتی کردوێتی بە ڕۆژی خۆی، لەژێریدا ئاگرێکی جۆش خواردوو دەڵێی کورەی جەهەنەمە دەسووتێت، لەسەر چەند ڕەورەوەیەکی ئاسنی گەورەو بچووك ڕاوەستاوە گەورەکانیان ئەوەندەی پێچکەی دواوەی عەرەبانەیەکی دوو ئەسپی دەبن، یەك دوو کەسیش بە بەدلەی شینەوە هەروا خەریکن و، ناوبەناو بەپارچە پەڕۆکانی دەستیان، جێگەیەکی پاك دەکەنەوە، یەکێکیان دەستی نا بەجەڕێکی گەورەدا، لەپڕێکدا مەکینەکە لەگەڵ دەنگێکی تۆقێنەردا پەڵەیەك هەوری دەرپەڕاندە دەرەوە، من لەترسا خەریك بوو ڕابکەم، توومەز ئەمە بۆ پشووی مەکینەکەیە... ئەنجا کە دەستی نا بەجەڕێکی تردا، لەدووکەڵ کێشەکەی سەرەوەی لەگەڵ هەڵمێکدا لوورەی فیشکەیەك دەرچوو بەئاسماندا، هەرچی شاری کەرکوك هەیە گوێی لێی بوو. توومەز ئەمەش شووتەکەیەتی.. خۆ دیارە لەکاتی ڕۆیشتندا ئەم هەموو فارگۆنانە ئەم مەکینەیە ڕایاندەکێشێت.. ئیتر لەودیویشەوە دووسێ جووت هێڵی ئاسنینم بینی، کە شەمەندەفەرێکی تر بەدووسێ فارگۆنەوە هامشۆی بەسەردا دەکرد لەکاتی ڕۆیشتندا دەنگی ڕەورەوە ئاسنەکان دەهات. کەجارێکی تر سەیری فارگۆنەکانم کردەوە، لەپەنجەرەیەکەوە بینیم، یەکێکیان لەناوەوە ژوورێکی هێندە بچووکە، تەنیا دووکورسی مشەمادداری بەرانبەر یەکتر پان وەك قەرەوێڵەی نووستن لەگەڵ دەستشۆرو مێزێکی بچووکی تێدایە، وتیان ئەمە فارگۆنی دەرەجە دووەو زۆر گرانیشە. لەمیش خۆشتر هەیە کە دەرەجە یەکە. فارگۆنەکەی ئێمەش دەرەجە سێیە. ئەنجا دوای سەیرکردنی ئەمانە، گەڕامەوە بۆ بەشی دواوەی شەمەندەفەرەکە، دیم پێش کۆتاییەکەی دووسێ فارگۆنی پێوە بەسترابوو کورسیان تێدانەبوو، دەرگاکانیشیان زۆر گەورەو پان بوون، چەند حەماڵێك خەریك بوون فەردەیان لێ بار دەکرد. کەواتە ئەم فارگۆنانە هی بارن.

ئەی تۆ ئەو فانۆز بەدەستانە بۆ ناڵێیت؟ لەبەشی کۆتایی شەمەندەفەرەکەدا، لۆجێك هەیە کە بۆ ئەوان دروستکراوە. کاکەی فانۆز بەدەست بەپێی پێویست بەچەپ و بەڕاستدا جۆلانەی پێدەکات. ئەمە گوایا لەگەڵ شۆفێرەکەی پێشەوەدا، کە ئەویش فانۆزی پێیە، قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ئەی خۆ بەهاواریش دەنگیان ناگاتە یەکتر. ئەگەر چراکە سوور داگیرسابوو، ئەوە بۆ ڕاوەستانە.

ئەگەر سەوزیش داگیرسابوو، ئەوە بۆ ڕۆیشتنە. بەڕۆژیش لەجیاتی ئەو چرایانە، ئاڵایەکی بچووکی دەستیی دەسکدار، سوور یان سەوز، بەکاردەهێنن.

ئەمە کەی دەکەوێتە ڕێ؟ وتیان سەعات نۆ... بەڵام خۆ ئەمە وەکو پاسەکە نیە، شۆفێرەکە هاوار بکات: دەی کاکە ناوی خوای لێبێنن و سواربن با بڕۆین. یان یەکێك لەڕێبوارەکان تکای لێبکات: کاکە جارێ ڕاوەستە بابچم پاکەتێك بکڕم، یان لەوکاتەدا نەفەرێك دیارنەبوو ئەو چاوەڕوانی بکات، نەخێر، ڕۆیشتن وەخت و سەعاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەر پێویستە لەو سەعاتەدا بڕوات. بەڵام کار بەوە باشە پێش ئەوەی بجوولێت، شووتێك لێدەدات، مانای ئەوەیە: خەڵکینە ئامادەبن، دەی سواربن، هەرکەس دواکەوت بەجێ دەمێنێت و گوناحی خۆی بەئەستۆی خۆی، من لەسەر کەس ناوەستم. ئیتر بەڕێکەران دوای ماچ و مووچ و خواحافیزی کردن چوونەوە سەر شۆسەکەو، یەك دوو دەقیقەی پێچوو شووتی دووەمی لێداو پاش کەمێك هێدی هێدی بۆی کەوتە ڕێ، بەڵام لەوکاتەدا وەها لەسەرخۆ دەڕۆیشت، دەنگێکی نەرمی ڕەوڕەوەکانی نەبێت کە بەئاستەم دەبیسترا، هەر هەستمان پێنەدەکرد دەجوولێت. بەڕێکەران لەسەر شۆسەکەوە دەستی خواحافیزیان ڕاوەشاندو شەمەندەفەرەکەش خێراییەکەی زۆرتر دەبوو، کە خەریك بوو لە شاریش دەرچین، بەشووتی سێیەم بەرەو ئاسمان خواحافیزی خۆی کرد.

ڕێبوارەکان جێگای خۆیان لێخۆشکرد، ئەوەندەشی نەخایاند پیاوێك هات جلوبەرگەکانی لەهی پۆستەچی دەچوو، یەك دوو پۆلیس لەدواوە بوو گازێکی وەك پلایسی بەدەستەوە بوو، گوایا ئەمە (تی تی) پێدەڵێن، داوای نیشاندانی بلیتەکانی لێکردین، کە دامانە دەستی دوای سەیرکردنیان بەگازەکەی دەستی، ئەوەندەی دەنکە نیسکێکی لێقرتاندو دایەوە دەستمان، تاهەر جارێکی تر داوایان کرد، نیشانیان بدەین. خۆ ئەو کەسەشی بلیتی پێ نەبێت، بلیتی بۆ دەبڕن بەڵام دووئەوەندەی پارەکەی لێدەستێنن.

بەڵێ ئیتر ئەوا شەوەو، شەمەندەفەرەکەش گڵۆپەکانی دەرەوەی کوژاندۆتەوەو تۆش جانتاکەت لەسەر ڕەفەکەی سەرەوەی لای خۆتەوە داناوەو بەتانیەکەت لەژێر خۆتا ڕاخستووەو، دەنگی مەکینەو ڕەوڕەوەکانی لەو چۆڵەوانیەدا دەزرنگێتەوەو ڕێبوارەکانیش لەنێو خۆیاندا کەوتوونەتە دەمەتەقێ. سێ چارەکە

سەعاتی پێچوو، شووتێکی کرد بەئاسمانداو ڕۆیشتنەکەی خاوکردەوەو گڵۆپەکانی دەرەوەی داگیرساندو ڕاوەستا. چەند کەسێك لەبەر خۆیانەوە وتیان (حەوت تەغارە). کەلە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد دووسێ خانوویەکی مەحەتەکەبوو بەسەر دەرگای یەکێکیانەوە بەنووسینێکی پان نووسرابوو(افتخار) وادیاربوو ناوەکەی لە کوردیەوە گۆڕابوو بۆ عەرەبی، چەند کەسێکیش بەکەلوپەلی سەفەرەوە لەسەر شۆسەکە چاوەڕوانیان دەکرد، سواربوون و چەند کەسێکیش لەوێ دابەزین... ڕاوەستانەکە زۆری نەخایاند دیسانەوە دوای شووتێك کەوتەوە ڕێگەو گڵۆپەکانی کوژاندەوە بەرەو تاریکی شەو دەرچوو. ئیتر لەبەرئەوەی هێشتا زووبوو، ڕێبوارەکان جارێ خەویان نەدەهات، لەگەڵ یەکتری کەوتنەوە گفتوگۆ، هێندێکیشیان کەوتنە ئەو خواردنانەی کە پێیان بوو. جارجارێکیش کابرایەکی کتری بەدەست بەپرێمزێکی نێو تەنەکەکەوە لە فارگۆنەکەی ئەودیوەوە دێت، چایەکەی، دەستدار دەیکرێت و بێدەست سەیری دەکات. ئەوا شەمەندەفەرەش هەر دەرواو ماندوو نابێت... شەو درەنگبوو بووکەبە داقوق و دوزخورماتوو سلێمان بەگدا تێپەڕی بووین... سواربوون و دابەزین لەو جێگایانەش ئاڵوگۆڕکرابوو... زۆربەی ڕێبوارەکانیش ئەو گۆڕەی پێشوتریان پێوە دیارنەبوو، وابزانم شەوگار دوو لەت ببوو کە دیسانەوە شەمەندەفەرەکە شووتێکی لێداو خاوی کردەوەو دوای گڵۆپ داگیرساندن، ڕاوەستا. ئەو ڕێبوارانەی کە هێشتا نەنووستبوون، یەك دوانێکیان وتیان ئەمەش (قەرەغانە)... ئەگەرچی شەویش بوو، من حەزم دەکرد ئەو شارانە ببینم کە پیایاندا دەڕۆین هەتا ئەگەر ئیستگەکانیش بێت، بەڵام بۆئەوەی بەجێ نەمێنم، دانەئەبەزیمە خوارەوە، کە وتیان ئێرە قەرەغانە زۆر ڕادەوەستێت، دابەزیمە خوارەوە. یەکەم دیمەن کە بەرچاوم کەوت، لەوحەیەکی ئاسنی گەورە داکوتراوبوو لەسەری نووسرابوو (جلولا) لەسەر شۆسەکە خەڵکێکی زۆر بە کەلوپەلی سەفەرەوە ئامادەبوون، فرۆشیارێکی زۆریش لەوناوەدا ژاوەی دەهات کە خامۆشی شەویان ڕەواندبـووەوە... وتیان هەتا شەمەندەفەری خانەقین نەیەت، ئەم ناڕوات، هەروەهاش بوو، نزیکی نیو سەعاتێك پتر ڕاوەستا. بەڵام من لەبەر سەرمای شەو خۆم کردەوە بە فارگۆنەکەدا، دیم بەهجەت و تۆفیقی هاوڕێم بەدانیشتنەوە وەنەزیان دەدا، ع.ح.ب نەبێت بەئاگابوو، بەخوا برا ئێرەش ناوەکەی کراوە بەعەرەبی. ئیتر لەسەرما بەتانیەکم کردە کۆڵم و

خۆم گرمۆڵەکردو پاڵم لێدایەوە. گوێم لێبوو لەدەرەوە وتیان ئەوا شەمەندەفەری خانەقینیش هات. دوای ئەوە زۆری نەبرد کەوتینەوە ڕێ... ئەی چۆن؟ دەرمانی ڕێ، ڕۆیشتنە... وادیاربوو خەڵکی ئەم سەرهێڵی شەمەندەفەرە زۆریان لەسەر ئەمجۆرە سەفەری شەوەیان ڕاهاتبوون، بۆیە بینیمن زۆریان هەروا بەدانیشتنەوە خەو بردوونیەوە، بەڵام من چونکە یەکەمجارم بوو بەرگەم گرت. دوای ماوەیەکی تر کاتێکم زانی دوای شووتێك لەبەر چەند خانوویەکی ناو باخێکدا ڕاوەستا. لەڕێبوارەکانم بیست ئێرە (قزرابات)ە، بەلامەوە خۆش هاتە بەرچاو، لەبەرئەوە چوومە خوارەوە، لەوێش نووسینێکی پان بەسەر دەرگای یەکێکیانەوە بینی (سعدیە) وادیاربوو ناوی ئێرەش دەستکاری کرابوو بۆ عەرەبی، سەر شۆسەی مەحەتەکەی قزرابات خۆش هاتە بەرچاوم، ئاوەدانیی زۆر، گڵۆپی زۆر ئەو ناوەی رووناك کردبووەوە، فرۆشیارەکان بەگەرمی هاواری شتەکانیان دەکرد، لەبەردەم زۆربەی میوە فرۆشەکاندا دیم شووتی دانرابوو، بەڵام چۆن شووتیەك؟ ڕەنگەکەی سەوزێکی ڕەشباو، خڕ، گەورەو قورس بوو، بەمەزەنەی من، زەلام شووتیەکی هەڵبگرتایە، ئارەقی دەکردەوە.

سەرکەوتمە سەرەوە، شەمەندەفەرەکە بەناو جەرگەی شەوگاردا بەهەراوهوریا دەستیکردەوە بەرۆیشتن.. ڕێگا دووربوو... هەرنەدەبڕایەوە. من لەسەرەتای بەیانی ئەمڕۆوە هەتا ئێستا ئەم هەموو دیمەن و شت و بەسەرهات و ڕووداوە نوێیانەم دیـوە، هەرگیز نەیانتوانیوە، ئەو خۆشیەم لەبیربەرنەوە کەمن لە سەفەرێکدام بەرەو ئەو شارە گەورە بەناوبانگە کە حەزم لەبینینی بوو، لەسەفەرێکدام بۆ شاری بەغداد، بۆ دیاریکردنی پاشەڕۆژی خۆم و ببمە مامۆستا... ئاخۆ وەردەگیرێم؟ ئاخۆ ژیانی ئەو سێ ساڵەم لەوێ چۆن دەبێت و چۆن نابێت؟ بەڵێ بەدرێژی ئەو سەفەرە من هەر لەو بیرکردنەوانەشدابووم و لەگەڵیاندا دەژیام.

کاتێکم زانی شەمەندەفەرەکە ڕاوەستایەوە، وتیان ئەمەش (شارەبانە) لێرە دانەبەزیم، بەڵکو بەچاوێکی خەواڵوەوە لەپەنجەرەکەوە سەیرم کرد، بینیم لەوحەیەکی گـەورە ڕووبـەرووی شەمەندەفەرەکە داچەقێنراوە، لەسەری نووسراوە (مقدادیە)... ئەی هاوار شارەبانی بەسزمان تۆ لەکوێ و مقدادیە تۆ لەکوێ!... بەدەم باوێشکدانەوە تەواو ماندوو ببووم، شەوگاریش ڕوو لە کۆتایی

بوو، خەویش ئامانی بۆ نییە کە هات لەئاستیا بێ دەسەڵاتیت، بەدەم خەوە نوچکێشەوە هەستم کرد شەمەندەفەرەکە تاریکی شەوی لەخۆیەوە ئاڵاندووەو دەنگی مەکینەو ڕەوڕەوەکانی لەدوورەوە وەك لایلایەیەك دەیدا بەگوێمدا، ئیتر بەدەم ئەم هەستانەوە، ئاگام لەخۆم نەماو چوومە جیهانێکی ترەوە.

کاتێك خەبەرم بووەوە، هەستمکرد زۆر نەنووستووم، لەپەنجەرەکانەوە دیاربوو دنیا ڕووناك ببوەوەو، دەشتودەر دەبینرا، شاخ وداخ نەمابوو، هەتا چاو بڕیکات تەختایی و بیابان بوو.. هەروەها دێهات و باخی دارخورمامان بەرچاو دەکەوتن.... خەڵکی نێو فارگۆنەکەش تاك و تەرایەك نەبێت، هەموو لەشیرین خەوی بەرەبەیاندا نقوم ببوون.. شەمەندەفەرەکە خاوی کردەوەو ڕاوەستا. ئەم شارە کوێیە؟ ئەم خانووە جوانانەو، ئەم باخ و باخاتی پرتەقاڵ و لیمۆو دارخورمایە وا دەوریان گرتووەو، ئەم شەقامانە واخەڵکی بەدیزداشەو جلوبەرگی ترەوە دێن و دەچن، ئەمە کوێیە؟ بەڵێ ئەمە (باقوبەیە) هاوڕێکانم لەخەو هەڵسان.. شەمەندەفەر شووتی لێدایەوەو خواحافیزی لە باقوبەکردو بەسەر ئاوی سیروانیدا لە پردەکە پەڕییەوە.... دوای کەمێك خۆری ئاڵتوونی لە ئاسۆوە سەری دەرهێنا، کە تیشکەکانی لەپەنجەرەکەوە هاتنە ناو فارگۆنەکەوەو دایان لەورده گەردێك، ئەوسا هەستمانکرد کە نێو فارگۆنەکان پڕیانە لە تەپ وتۆز.. ئیتر لەمەولا ڕۆژە، گڵۆپی ئاوەدانیە دوورەکانیش نەمان.

لەهەر کوێیەکیش ڕابووەستاینایە هـەروا ژنە لادێـی بەعەبا زبرەکانیان و بەخەزێمەکانی لووتیانەوە، ڕووخسارو دەست و قاچ کوتراو، پێ بەکاڵەی پەڕۆوە، بەدەفرە ماست و قەیماغەوە بەقریوە قریو خۆیان دەکرد بەفارگۆنەکانداو دەیانبردن بۆ بەیانیانی بەغداد بۆ فرۆشتن. ئیتر دەیانکرد بەدەنگە دەنگ و قەرەباڵغیەك کەش و هەوای فارگۆنەکەیان دەگۆڕی، تەنانەت کە کورسی چۆڵیش نەمابوو لەسەری دانیشن، لەناو ڕاڕەو و زەمینەی فارگۆنەکەدا دادەنیشتن، وادیاربوو تی تیەکانیش لێیان نەدەپرسینەوە.

بەڵێ لەدوای مەحەتەی (کاسلزپۆست)و یەك دوو جێگای تر هەر بەوشێوەیە ڕاوەستاینەوە. کە نزیك بەغداد بووینەوە، لەدووریێکەوە چەند دووکەڵکێشێکی بەرزمان بینی دووکەڵیان دەکرد بەئاسمانداو ڕەنگی ئاسۆیان لێڵ کردبوو. وتیان ئەوانە کورە خشتەکانن... شەمەندەفەرەکە ڕۆیشتنەکەی خاوکردەوە،

لەبەر ئەوەنا کە ماندووبووە، بەڵکو ئەمە ئاوەدانیەو، ناوشارەو، گەڕەکە. کە سەیرمان کرد زۆربەی ماڵەکان لە قامیش دروستکرابوون پێیان دەوت(صرائف)، نە ئاووئاوەڕۆی هەبوو نە شەقام. شارستانێتی هەر پێوە دیارنەبوو، ژنان بەکراس و لەچکی ڕەشەوە بەعەبای زبری ڕەشەوە، پیاوان بەدیزداشەو پشتێنی قایشەوە، چەفتەو عەگال بەسەر، دەهاتن و دەچوون، وادیاربوو ئەم ناوچەیە فەرامۆشکرابوو.

ئێمەومانان چونکە یەکەمجارمانە، بادڵمان لەخۆمان دانەمێنێت بڵێین: بەغداد وا ناخۆشە! نەخێر ئەوە ئەم ناوچەیە وەهایە، تۆ لەدوایدا بۆت دەردەکەوێت خوا چی دروستکردووە. ئیتر دوای ماوەیەکی کەم، کە (صرائف)مان بەجێهێشت، چووینە ئاوەدانییەکی پێشکەوتووترەوەو شەمەندەفەرەکە ڕاوەستایەوە... وتیان ئەمە مەحەتەی (باب الشیخ)ە بینیمان زۆربەی ڕێبوارەکان لێرە دابەزین و فارگۆنەکە تاك وتەرای تێداما. بەڵام ئێمە بلیتەکانمان (باب المعظم)ی لەسەر نووسرابوو بڕیارماندا لەوێ دابەزین.

کەوتینەوە جووڵە، چونکە ناو شاریش بوو خاوتریش دەڕۆیشت،بەڵام هەتا دەڕۆیشتین بەرەو خانووی جوان و، چەند نهۆمیی نوێ و، شەقامی ئاوەدان و، گەڕەکی خۆشتردا تێدەپەڕین... دوای نزیکی دە دەقیقەیەك، شووتێکی درێژی بۆ ئاخرجار لێیداو، لەئاستی خانوویەکی گەورەی جواندا ڕاوەستایەوە، بەدڵی خۆش و سەلامەتی گەیشتینە (باب المعظم). جانتاکانمان داگرت و دابەزین و لەدەرگای هۆڵە گەورەکەوە تی تیەك بلیتەکانی لێوەرگرتین و چووینە ئەودیوەوە بۆ سەرجادە.

ئیتر ماندوێتی چی و شەونخونی چی و هەر هیچمان بیرنەما، سوپاس بۆ خوای گەورە ئێستا ئەوەتاین لە بەغداد.. لەسەر جادەکەش عەرەبانەی دوو ئەسپی زۆر وەستابوو ڕێبوارەکان بگوێزنەوە بۆ ناو شار، ئەی گوایا ئەمە ناو شارنییە؟ نەخێر قەراغ شارە. عەرەبانچیەکان بە (تفضل تفضل) تێمان ئاڵان، وامان لێهات جانتاکانمان بەدەست یەکێکەوە بوو، خۆمان بەدەست یەکێکی ترەوە بووین، کەلەم گێرمەو کێشەیە ڕزگارمان بوو، هەر چوارمان عەرەبانەیەکمان بەکرێ گرت بۆ ئوتێل (وجنة الشارع) لەسەر شەقامی ڕەشید... کە سواربووین و ئەسپ کەوتە لۆقەو سەیر ئەملاولای خۆمانمان کرد، هەر عەرەبانەیەو سەرەکەی هەڵدراوەتەوە

پڕێتی لەژن و منداڵ، هەتا دەڕۆیشتین زۆرتر خانووبەرەی نوێ و شەقامی نوێ و ئۆتومبیلی نوێمان، دەبینی. هەتا گەیشتینە شەقامێکی قەرەباڵغتر لەوان، هەر ئۆتومبیل و عەرەبانە بوو، موغازەو لۆقنتەو گازینۆو ئوتێل بوو، خەڵکێکی زۆر دەهاتن و دەچوون، دوای کەمێك گەیشتینە شەقامێکی زۆر قەرەباڵغتر، لەوێ عەرەبانەکە ڕاوەستاو کاکەی عەرەبانچی وتی: ئیتر ئەمە (شارع الرشید)ە، بۆ عەرەبانە یاساغە، لێرەدا دابەزن، ئاوا لەڕێکی خۆتان پەنجا مەترێك برۆن، دەگەنە ئوتێل (وجنة الشارع). کە دابەزین و بەرەو ئەوێ جانتاکانمان هەڵگرت، چی ببینین؟

ئەم هەموو کۆگاو گازینۆو چاخانەو لۆقنتانە، ئەم هەموو پایەو بینا بڵندانە. شۆسەی شەقامەکە دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەرزەوی، ئەم ژنانە لەناویاندا بێ پەچەو بێ عەبا، کەسیان بەنێر نەدەزانی، شەقامەکەش ئەم هەموو جۆر ئۆتومبیلە کە وەك مێروولە ڕێچکەیان کردووە، ئەو پاسانە کە دێن و دەچن و خەڵکی تێیدا دانیشتوون سەیری ئەملاولای خۆیان ناکەن... دەنگی قرەقرو هۆڕینی ئۆتومبیل، ئەم هەموو بینراوە نوێیانە بەچاوی ئێمە، ژاوەژاوێکیان دروست کردبوو، هەر خۆمان بیر چووەوە.بەڵام کاتێك بەسەر دەرگایەکی بچووکەوە نووسینێکمان بینی، (وجنة الشارع)، ئەوسا خۆمان بیرکەوتەوە. ئەوەتا کاکە ئەوە ئوتێلەکەیە.. بەپلیکانەیەکی تەنگەبەردا سەرکەوتین، دیمان کاکی ئوتێلچی و چەند کەسێك لە ڕارەوێکدا دانیشتبوون کە زۆر رووناك نەبوو، بۆنی تەرەشوعیشی لێدەهات. سڵاومان لەحازری کردو، وتمان کاکە ئێمە لە سلێمانیەوە هاتووین و جێگەی چوار کەسمان دەوێت. ئەویش دوای بەخێر هاتن، شاگردەکەی بانگکردو وتی: بیانبەرە فلانە ژوور. کە پێشمان کەوت بردینیە ژوورێکی سەرووتر کە بەسەر ئاودەستەکانەوە بوو، بەڵام بۆنی ئەویش لەخوارەوە گەلێك ناخۆشتربوو. ئەنجا خۆمان گۆڕی و دەست و دەموچاومان شۆری و بەشاگردەکەمان وت: چوار کەس برنج و شلەی بامێمان بۆ بانگ بکە. ئەویش کەمێك سەیری کردین و، ویستی شتێك بڵێت، بەڵام وتی: بەسەر چاو.

دوای نانخواردن، بۆ حەسانەوە، نا، بەڵکو بەنیازی نووستنی شەو هەر کەس لەسەر قەرەوێڵەی خۆی ڕاکشا. چونکە لای خۆمان ئاسایی بوو لەسەفەرکردندا، ئێواران دەگەیشتینە قۆناغ. ئێمەش چونکە لەو سەفەرە دوورودرێژەوە هاتبووین،

هەر بەپێی ئەو ڕاهاتنە، وامان زانی ئێستا ئێوارەیەو شەوە. لەڕاستیشدا ئەو ڕاکشانەمان سەعاتێکی نەبرد، وەکو بڵێیت چاویشمان چووبێتە خەو، یان نا. بەڵام کە وریابووینەوە هەر ڕۆژەو هەتا دێت ژاوەژاوی شەقامەکەی خوارەوە هەر بەرزتر دەبێتەوە، ئەوسا بەخۆمان زانی کە ئێمە ئەوەندە کاس بووین کاتمان لێتێکچووە:

ئەوە ئێمە چی دەکەین؟ برایان هێشتا نیوەڕۆ نەبووە، دەوامی دائیرەکان زۆری بەبەرەوە ماوە. هەڵسن! برا هەڵسن! خۆتان کۆکەنەوەو دۆسیەکانتان هەڵگرن با بڕۆین بۆ (ئەعزەمیە) بەلای کاروباری خۆناونووس کردنەکەمانەوە.

## سێ ساڵی بەغدادمان

لەو سێ ساڵەدا لەخانەی مامۆستایانی ئەعزەمیەی بەغداد، ژیانێکی جیاوازتر لەماڵەوە دەژیاین، بەشی خوێندن لەو خوێندنگەیەدا لە خانووە مێژووییەکان دەچوو کە خانوویەکی دوو نهۆمی تۆکمەبوو نزیك گۆڕستانی پاشاکانی عێراق.
بەشی ناوخۆییەکەی‌و، بەشی خوێندنەکەی پانتاییەکی تێدابوو لەیەکتری جیادەکردنەوە کە بۆ یاری تـۆڕو سەبەتە بەشی دەکـرد ئێمەش لەبەشی ناوخۆییەکەی هەر ئەوەمان لەسەربوو ئاگاداری وانەکانمان بین، ئیتر لە تەڕ دەمانخواردو لە وشك دەنووستین، بەشی خوێندنەکەشی مامۆستا زرنگ و شارەزاکانی کە زۆریان عێراقی نەبوون، بەرنامەیەکیان پێ دەوتینەوە کەلە سەروو ڕادەی هۆشیاریمانەوە بوو، شەوی دوو سەعاتیش دەچووینەوە بەشی خوێندن بۆ پیاچوونەوەی وانەکانمان.

ساڵی دووجار دەهاتینەوە بۆ سلێمانی، پشووی هاوین و پشووی زستان، بەڵام چونکە فێری ئەوەیان نەببووین، بیری ماڵەوەمان زۆر دەکرد، زۆری بەیانیان لەسەر مێزی نانخواردن خۆزگەمان بۆ سیرەی سەماوەرەکەی دایکمان هەڵدەکێشا لەماڵەوە، کە چۆن لەگوێ ئاگردانە گەرم و گورەکە چایی بۆ تێدەکردین.

قوتابی هەر چواردە لیواکەی لێبوو بە سلێمانی و کەرکوك و هەولێرەوە. مستەفا نەریمانیش یەکێك بوو لەو قوتابیانەی کفری، رۆژێك هات بۆلام هەواڵی پێدام کە عەلی کەمالی پیاوی بەناوبانگی کورد لە بەغداد یەکی مانگی دوو دیناری بۆ قوتابیە کوردەکان بریوەتەوە.

لەو یارمەتیە تۆشی تێدایت. بەڵام بەداخەوە لەبەر هێندێك قسەو قسەلۆکی سەر پلیکانەکانی سەر نووسینگەکەی عەلی کەمال بۆ ساڵی دووەم بوو بەیەك دینار. خانەی مامۆستایان لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا زۆر جێگەو زۆر شتمان بینی، چووینە سەردانی بەنداوی هندیەو قوتابخانەی کشتووکاڵیی ئەبوغرێب و شاری حلەو بابل و رۆستەمیەو سەردانی کارگەی چنین لە کازمیەو پالاوتەی ئاوی بەغدادو جێگەی تر...... و هەروەها. لە کۆتایی ١٩٤٥دا خۆ نیشاندانێك لە شاری بەغدادکرا بۆ لایەنگرتنی خەباتی فەڵەستینی، کەلەوکاتەدا کە تەقەی پۆلیس دەستی پێکرد ئێمە لە باب ئەلمعەزەم بووین. هەر لەم ساڵدا بوو کەبە سەرکەوتنی بەریتانیاو ئەمەریکاو رووسیاو فەرەنسەو چەند وڵاتێکی ترو ژێرکەوتنی ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو ژاپۆن و چەند وڵاتێکی تر جەنگی جیهانی دووەم تەواوبوو.

لەبەهاری (١٩٤٦)دا لافاوێکی گەورەی رووباری دیجلە هات گەرەکەکان و دەوروبەری شاری بەغدای بەشێوەیەکی بەرچاو گرتەوە. هەتا ئێمەش دوای تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو ساڵە کە ساڵی سێیەم بوو، کەویستمان بێینەوە بۆ سلێمانی، لەبەر ئاو وەستانی دەوروپشتی شار، بەبەلەم خۆمان گەیاندە ئێستگەیەکی شەمەندەفەری نزیکی شار کە سواربین. دە ئۆخەی ئیتر وا

خوێندنی خانەی ئامادەکردنی مامۆستایانمان تەواوکردو، شەهادەتنامەی خۆمان لە باخەڵدایەو (بەهجەت سەعید بەیەکەم دەرچووەو من بەدووەم و، محەمەدی شێخ محەمەد ئەمین، تۆفیق حەسەن، عەبدولقادر قازیش بەسەرکەوتوویی کە (ع.ح.ب)ی شاعیرو ئەحمەد عوبەیدیش) لەکاتی خۆیدا دوای پۆلی یەك، وازیان هێنابوو. ئەم کۆمەڵە قوتابیە کەلە خانەی ئامادەکردنی مامۆستایان دەرچووبوون، مامۆستاکانیان دیاریەکی قورسی زانستی و پەروەردەیان پێبەخشیبووین ئیتر وا لەسەر گەڕانەوەین بۆ سلێمانی. بەڵام کەگەیشتینە کەرکوك من داوای ڕووخسەتم لە هاوڕێکانم کرد کە ئەمشەو لەسەردانی ماڵی خزمێکم لە کەرکوك دەمێنمەوە، ئێوە خواتان لەگەڵ.

## عەسرەکەی کەرکوك

چاخانەی هاوینیە دڵگیرەکەی دەوری چیمەنە گەشەکە، کە دەیڕوانی بەسەر ئەو دەشتودەرە باسەفایەی دامێن، شاردا.

شنەی فێنکایەتی ئەو ئێوارە درەنگە بەهارەی کە پێیان دەوت ساڵی هەزارو نۆسەدو چل وشەش و ئەو تەندروستیە گەشاوەیەم.

بریقەی ئەو خۆشنوودیە کەلە ڕووخساری (ڕەمزی ئەفەنی) دەدرەوشایەوە لەئاستی من.

ئەم تابلۆیانە هەموویان لەدەوروبەری شادمانیەك دەسووڕانەوە کەلە ناخی مندا ببووە سەمفۆنیایەك و لەئاسۆکانی گیانمدا دەزرنگانەوە.

من ئەم سەر لە بەیانیە کەلە شەمەندەفەرەکەی بەغدا دابەزیم، ویستم بەتایبەتی لابدەمە کەرکوك هەتا مژدەی تەواوکردنی خوێندنی خانەی مامۆستایان بدەم

بەرەمزی ئەفەنی، ئەو پیاوەی کە بەسەرکەوتن و دیاربوونی خزمانی خۆی دەگەشایەوە.
دوای نیوەڕۆ خەوێکی ژێر متیلێکی تەنکیش لەنێو کەشێکی ئاسوودەیی خێزاندا، چای عەسرمان هێنایە حەوشەکەی ئەودیو. ئەنجا هەر بەبۆنەی ئەم مژدە دڵخۆشکەرەوە کە بۆ ئەمشەو گلی دابوومەوە، ڕەمزی ئەفەنی بڕیاریدا ئەو ئێوارەیە واز لەکاروباری تایبەتی خۆی بهێنێت و بەپیاسە بچینە چاخانەکەی دامێن شارو لەوێ بەیەکەوە ئێوارەکەمان بەسەر بەرین.
لەوێش لەدانیشتن و چاخواردنەوەو دەمەتەقێ کانماندا، دیمەن و، شێوەو، وێنەکانی ئەو چاخانەیە کە باسمکرد، بەوجۆرە هاتنە بەرچاوم کە هەریەکەیان بووەتە ئامێرێکی مۆسیقایەك و بەکۆمەڵ ئەو سەمفۆنیای شادمانییە دەژەنن و کەلە هەموو گیانمدا دەنگ دەداتەوەو دەزرنگێتەوە... ئەی چۆن؟ ئەی چۆن شادمانی لەو ئاستانەدا لەهەموو هۆش و گۆشێکمدا سەرڕێژناکات؟
من دوانزە ساڵە بێ پشوو ڕێگە دەکوتم، ئێستاش کە گەیشتوومەتە قۆناغ، چۆن لەخۆشیانا نافرم و ئەمە بەشێك لەو سەمفۆنیایە دروست ناکات؟
ڕەنج و کۆششکاری و ماندووبوونی دوانزە ساڵی ڕەبـەق، خوێندن و، وانە ڕەوانکردن و، خەم خواردنی دەرچوونی ساڵانەم، ئێستا لەکۆڵ کەوتبێت، ئەم نازو نیعمەتە گەورەیە چۆن مەستم ناکات و چۆن نابێتە هۆی دروستبوونی ئەو سەمفۆنیایە لەلام؟
بەکۆڵێکی قورس و گرانەوە بەهەورازێکی سەختدا گەیشتبێتمە سەرەوەو ئێستا بارەکەم دانابێت، ئەم هەناسە پڕ بەسینەیە چۆن کەیلم ناکات و لەدروستکردنی بەشێك لەو سەمفۆنیایەدا بەشداری ناکات؟
لەسێبەری ئەو درەختە بەردارەی خۆمدا کە ڕۆژانی مامۆستای دوارۆژی ڕووناکی خۆم پێشوازیم لێ دەکەن و، گوێم لە خۆزگەو خواستی دایك و باوکمەو پێم دەڵێن: ئۆخەی ئەوا ئێستا ئاواتە شیرینەکانمان هاتە دی، ئەم خەونانە چۆن یاریدەی دروستکردنی ئەو سەمفۆنیایە نادەن کە ئێستا لەهەموو ئاسۆکانی گیانمدا، دەزرنگێتەوە؟
بەڵێ ئەوە من لەجیهانی چاخانەکەدا قاچم خستۆتە سەر قاچ، بەڵام لەودیو ئەو جیهانەوە لەخەونێکی شیریندام و لەخۆشیانا دووباڵی گەورەم پێوەیەو، سوك

سوك ڕەوان ڕەوان بەپەڵە هەورەكانی ئاسماندا دەفڕم و دەسوڕێمەوەو بەرز دەبمەوەو نزم دەبمەوەو، دەڕوانم بەسەر جیهانێكی پان و پۆڕداو، بیركردنەوەم دەڵێت:

یاران، تۆ بڵێیت شادمانی لەمە شادمانی تر هەرگیز دروست دەبێت؟

ئا.....ی ئەو عەسرە چەندە چركە ساتێكی تەلیسماوی بوو!!

## هاوینی ١٩٤٦

لەهاوینی (١٩٤٦)دا كە ساڵێك بوو جەنگ كۆتایی هاتبوو خانەی مامۆستایانم بەدووەم تەواوكرد كە (بەهجەت سەعید كابان) هەر تەمەن درێژبێت ئەو یەكەم بوو. من بەو تەواوكردنەم هەناسەیەكی حەوانەوەم هەڵكێشا، چونكە ئەو بڕیارەی كە لەگەڵ خۆمدا دابووم، ڕۆژەكەی فرمێسكەكانی باوكمم بینی بەدوای ئەسپەكەیدا، ئەو بڕیارەم هێنایە دی.

ئەو هاوینە كە هێشتا لەبەر پشووی قوتابخانە دیاری نەكرابووم بە مامۆستا، لەسلێمانی خولێكی دیدەوانی و وەرزش بۆ قوتابیانی پێنجی سانەوی كرایەوە بۆ مەشقی مەلەوانی و، سواری وڵاخ و، یارییەكانی جومناستیك، كە دیدەوانانی هەر چواردە لیواكە، هەر كەس لە لیوای خۆیەوە تیا بەشداربوو، بەو بڕیارەی

دوای مانگێك هەموو لە ئۆردووگایەكی گشتیدا لە پێنجوین لەسەیرانێكی دووسێ ڕۆژیدا یەك بگرنەوە. منیش چووم بۆلای مامۆستا (ساڵح عەلی) كە بەڕێوەبەری خولەكەبوو، تێمگەیاند كە دەرچووی خانەی مامۆستایانم و هێشتا دیارینەكراوم بەمامۆستاو حەزیش دەكەم لەخولەكەدا بەشداربم، ئەویش خوای لێ خۆش بێت وتی بەشداربە. جا لەو خولەدا ئەفسەرەكانی حامیەی سلێمانی بەیارمەتی ئەسپیان دەهێناو مەشقیان پێدەكردین، هەتا لەو مەشقانەدا فێری سواربوون و دابەزین و هەمەجۆر غارو لۆقەو دابەزین سواربوونەوە لەكاتی لۆقەداو بازدان بەسەر تەختەی بەرزدا، فێربووم.... لەم خولەدا كەڵكەڵەی ئەوە كەوتە سەرمەوە كە شەوانە شانۆییەك لەو ئۆردووگایەی پێنجووین پێشكەش بكەین.
بەبێ ئەوەی پێشتر ئامادەكردن یا دەق نووسینی شانۆیی یان كاری دەرهێنان و پرۆڤە بزانم چۆنە، یان تاقیكردنەوەم هەبووبێت تیایاندا، لەو سەردەمانەشدا خولیای خوێندنەوەم هەبوو، بەچیرۆكەكەی (جەبران خەلیل جەبران)ەوە نووسام (خلیل الكافر) بەكوردی ئامادەم كرد بۆ شانۆ بەناونیشانی (جوامێری كافر) كە هەڵگەڕانەوەی كوڕە جووتیارێكی گەنج بوو لەدەرەبەگ و زۆرداران و دەسەڵاتدارنیش بەرانبەر بەو هەڵوێستەی بە (كافر) تۆمەتباری دەكەن.
ئەكتەرەكانم هەڵبژاردوو دەورەكانیانم بۆ دیاریكردن و، دەپانزە ڕۆژێك مەشقمان لەسەركردو لە ئۆردووگاكەش چەند مێزێكی پۆلی یەكمان لە قوتابخانەكەی پێنجوین هێناو چواردارمان بەگۆشەكانیا چەقاندوو، بەردەمەكەی نەبێت، جاجممان پێدا شۆڕكردەوە، شانۆ هەی شانۆ، جلوبەرگ خۆڵاتی بوو، مكیاجیش تەپەدۆری سووتاومان بەكارهێنا. ڕووناكیش فانۆزە دەستیەكان بوون كە بەدارەكانەوە هەڵمانواسیبوون.
شەو نمایشەكە لە ئۆردووگاكەی قوتابیەكانی سلێمانی، جەماوەری قوتابی هەر چواردە لیواكە دانیشتن بۆ بینین و ئێمەش ئەكتەرە قوتابیەكان كاك (ئەكرەم عەبدولقادر یامڵكی) كە بووبە دكتۆر لە كۆلێجی یاسا لە بەغداد، كاك (ئەحمەدی شێخ حەسەن) مامۆستا (كەمال جەلال) كە بووبە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، (عومەر عەلی ئەمین)، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (قادر دیـلان)... كە هەموو قوتابی خولەكە بوون، شانۆییەكەمان بەسەركەوتوویی پێشكەش كرد، شەوی دووەمیش لە ئۆردووگاكەی قوتابیانی لیواكانی تر پێشكەشمان كردەوە[2].

ئەوکاتە من ئەو کارە شانۆییەم بەکارێکی ئاسایی دانا بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەمە دەبێتە یەکەم کارم لەجیهانی شانۆدا، ئاگاداری ئەوەش نەبووم کە بۆم دەبێتە سەرەتایەك لە هونەردا. وایشم دانەدەنا کە رۆژێك دێت ئەم کارە بۆ ئەوە دەشێت کە پێی بووترێت خاڵی دەستپێکردن. بەڵکو ئێمە کۆمەڵێك گەنجی وریا بووین ئەم شانۆییەمان پێشکەش کرد بەبێ ئەوەی بزانم لەدوارۆژدا کاری تری بەدوادا دێت، یان بۆ کوێ دەڕۆم و دەگەمە کوێ.... وای تێدەگەم هەر دوای ئەو هاوینە ئەو بەرهەمەم بیرچووەوە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەگێڕانەوەی شانۆیی جوامێری کافر بهێنم، خوالێخۆشبووان کامەران موکری و نوری ئەمین بەگ کەلەوێ لەگەڵمان بوون لەبارەی کۆتایی جەنگ و چارەنووسی گەلی کوردەوە هەر لە پێنجوین دەقێکیان نووسی کە شەخسیاتەکانی (ستالین و رۆزفلت و چەرچل) بوون، کە شەوێك دوای جوامێری کافر ئەو سیمینارە شانۆییەشمان پێشکەش بە ئۆردووگای لیواکانی تر کرد، کامەران موکری خۆی دەوری ستالین، نوری ئەمین بەگ دەوری رۆزفلت، منیش دەوری چەرچلم تێدا بینی.

هەر ئەو رۆژەش کەگەڕاینەوە بۆ سلێمانی، بۆ سبەینێ بوومەلەرزەیەکی بەهێز روویدا، زیانێکی زۆری بەپێنجوین گەیاند، کە کۆمەڵێك قوتابی گەنجی دڵسۆز لە سلێمانی بۆ کۆمەك و یاریدەی لێقەوماوانی پێنجوین، لەحەوشەی قوتابخانەی گۆیژە شانۆییەکی سەرکەوتوویان پێشکەش کرد بەناونیشانی لەرێی نیشتماندا، کە مامۆستا رەفیق چالاك و کامەران موکری و شێخ رەزای گولانی و چەندانی تری تێدا بەشداربوون، ئەمە جگەلە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)ەکەی گۆران.

ئەوەش دەخەمەوە یاد، کەلە بەهاری ١٩٤٨دا، کۆمەڵێك قوتابی نیشتمان پەروەر لە قوتابخانەی ناوەندی ئەوسا کەلە دواییدا بووبە قوتابخانەی (غازی)، شانۆییەکیان بەسەرکەوتوویی پێشکەش کرد (کەرەلۆتی مەنوچەر) لەنووسینی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)و نواندنی خوالێخۆشبوو (رەئووف یەحیا)و چەند کەسێکی تر، کە هەواڵی ئەم بەرهەمە بە پەسەندێتی لەنێو شاردا، دەنگی دایەوە، کە ئەوساش من لەبەرزنجە مامۆستابووم.

هەر لە (١٩٤٦/١/٢٢)یشدا دابوو کە شنەی جەژنێك لەدڵی هەموو کوردێکدا هەڵیکرد، کاتێك کەلە سابلاخ لەئێران کۆماری مەهاباد دامەزراو، لە

(١٩٤٦/١٢/١٨)یشدا لەگەڵ خواستی دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەماندا، بەنەمانی ئەو دەستکەوتە پیرۆزە مەزنەو شەهیدبوونی قازی محەمەدو هاوڕێکانی، تاریکی هات بەسەر چاوماندا.

## لەقوتابخانەی فەیسەڵیەو بەرزنجە

لە (١٩٤٦/٩/٢٨)دا من لە قوتابخانەی فەیسەڵیەی سەرەتایی دیاریکرام بەمامۆستا، بەڵام چونکە مناڵکاربووم پێیان دەوتم: مامۆستا بچکۆلەکە. ئەوسا فوئاد ڕەشید بەڕێوەبەربوو، کەلەنیوەی ساڵدا بووبە چاودێر، مەلا جەلال چووە جێگەکەی. مامۆستایانیش: محەمەد تۆفیق، عەزیز شاڵی، عومەر ساقی، شێخ مستەفا بەرزنجی کە لەگەڵ خۆمدا دیاریکرا، ئەو زاتانەم لە یادە.

لە ژیانمدا مامۆستاییم پێخۆش بووەو گەشەم پێکردووە بەتایبەت کەلە بەرهەمی حەزو ئارەزووی خۆم بوو، لەبەرئەوە هەر وانەیەکیان پێبوتمایەتەوە لای من پەسەندبوو، لە پۆلی یەکەوە وانەم هەبوو هەتا شەش. لەسەرەتاشدا

هەندێك ڕۆتینم بەكاردەهێناو لەگەڵ قوتابیەكاندا كەمێك لە توندوتیژییەوە نزیك بووم، بەڵام بەرەبەرە ئەو هەڵوێستانەشم وازلێهێنا.

لەیەكەم ساڵمدا لەبەر وردە بزێوی سیاسی بەفەرمانی ئیداری گوێزرامەوە بۆ ناحیەی (بەرزنجە)، كە زەكێی خوشكمم لەگەڵ خۆم برد بۆ بناوانی ماڵ. لەوێ هەر كەلەبەر چاخانەكەدا لە ئوتومبیلەكە دابەزیم و دانیشتم و دانەنیشتم، عادل ناوێكی توركمانی مفەوەزی لێبوو، لەجیاتی بەخێرهاتنم وتی، تۆ مامۆستاكەنیت كەلە سلێمانی بۆ مەسەلەكەی فەڵەستین بانگمان كردی بۆ مەركەز؟ منیش گورج وتم بەڵێ خۆیەتی. پێكەنی و وتی خۆیەتی؟ وتم بەڵێ خۆیەتی. ئیتر قسەی نەكردو دەستی كردەوە بە دۆمینەكردنەوەكەی خۆی.

بەرزنجەم بەلاوە دێیەكی تەنگەبەرو كووربوو. قوتابخانەكەی لە خانوویەكی شەش پۆلی بچووكی كۆنی تاریكی كەم تەعمیردا بوو. بەڕێوەبەر ئەحمەد یوسف بوو كە كۆن مەسیحی بووەو ماوەیەكی زۆرە ئیسلام بووەو هەرلەوێش ژنی هێناوەو لەوێش ماوەتەوە. مامۆستا ئەحمەد هەر سكاڵای ئەوەی دەكرد كە وەكو ساڵانی پێشوو ناتوانێت بچێت بۆ ڕاو. مامۆستایەكی گەنجی ڕەشتاڵەی سەڵتی توركمانی بەخۆوەشی لێبوو قەرەیان پێدەوت، جگەلە عەبدول ڕەحیم كە ئەو خولیای ڕاوەكەوی زۆربوو... لە بەرزنجە دڵخۆش نەبووم ڕۆژگارم بۆ نەدەچووە سەر، چەندجار لەگەڵ دكتۆر عەتای پزیشكی پەروەردەدا هەوڵمدا ڕاپۆرتێكی پزیشكیم بۆ بنووسیت سوودی نەبوو.

## بەرەو ناسریە

لەبەرزنجەش بەهۆی بزێوی سیاسیەوە دوای هاوین واتە ساڵی دووەم بە

فەرمانی ئیداری هەڵیاندام بۆ (ناسرية) لەو خوارانە، کە چوومە ئەوێ مەعاریفی ناسریە فەرمانەکەمی دەرکردبوو بۆ (گەرمەت بەنی حەسەن) کە دێیەکی دووری چەپەکی ناو زەلکاوەکان بوو لەخوار (سوق الشیوخ)ەوە. ئەوە پەستی کردم گەڕامەوە بۆ بەغداد بۆلای (محەمەد عەلی قەرەداغی) کە ناسیاوێکی نزیکی خزمێکمان بوو لەوەزارەتی مەعاریف چاودێری گشتیی و دەستڕۆیشتووبوو، ئەویش بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بەڕێوبەری مەعاریفی ناسریەکرد وتی (والله یا بابە انت موخۆش موفتی) کە کێشەکەی تێگەیاند: گەڕامەوە بۆ ناسریە، بینیم فەرمانێکی بۆ دەرکردووم بۆ (سوق الشیوخ)، کە زۆر لە (گەرمەت بەنی حەسەن) چاکتربوو.

## لە سوق لشیوخ

سەر لەئێوارەیەکی درەنگە پایزبوو، بەمەبەستی خەم ڕەواندنەوە لەکەنار ئاوی (فورات) پیاسەم دەکرد. من هەر بەسەر لەوێ بووم، دەنا هەموو هۆش و گۆشێکم لە (سلێمانی) بوو، بۆ بیرکردنەوەی دایك و باوکم قوڵپیان دەدا کە دوو مانگێك دەبوو لێیان دابڕابووم.

خۆ وانەبێت ئەوەندە من لەبەر چەرخی زەمانەدا بەرگە نەگرم، بەڵام هێندێك ناهەمواریتر هاتبوونە پاڵ ئەم دابڕبوونە، باری شانمیان گرانترکردبوو.

دوو مانگە لەژوورێکی ئوتێلەکەدا بەسەڵتی ژیان دەبەمە سەر کەپێشتر فێرە ژیانی وەها نەبووم، نەدیوو نەناس لەگەڵ دانیشتووانی شارۆچکەکەدا، زۆرجاریش خواردنی بازاڕم تاقی کردبووەوە، وەك پێویست پاکی پێوە دیارنەبوو جگەلە بێ تامییان، هیچ خواردنێکی ئەم بازاڕە تامی چێشتەکانی دایکمی

نەدەدا، جگەلە ئەمانە، تەنیاییەکەشم. من نەمدەویست لەگەڵ کەسدا تێکەڵاوی بکەم، چونکە لێرە بڵاوبوو کە من لە سلێمانیەوە، بە فەرمانی کارگێڕی لەسەر سیاسەت و سیاسەتکاری هەڵدراوم بۆ (سوق الشیوخ) لەبەرئەوە تێکەڵاویم لەگەڵ کەسانیتردا لە تۆماری پۆلیسخانەدا بەچالاکیەکی سیاسی دەنووسرا، جگەلەوەش کە ئەو کەسەش لای میری شانی ئارداوی دەبوو. سەرەڕای هێندێك کەندو کۆسپیتریشیان هاتبوونە سەر ئەمانە وەرسیان کردبووم.

بەڵێ ژیان بردنە سەر لەنێو کۆمەڵە نالەبارییەکی وەهادا مرۆڤ لەژیانێکی ئاسایی بێبەش دەکات و پەست و خەمباری دەکات. بەڵام من لەناو دەروونمدا چرایەك داگیرسابوو تاریکی ئەو نالەباریانەی ڕەواندبووەوە، قورسایی شوێنەواری ئەو خەم و مەراقانەی سووك کردبوو.. لەڕێگەی ئەوەوە کە ئەمانە قایلیان کردبووم کەمن خاوەنی پەیمانێکی نیشتمان پەروەریی پیرۆزم و کە نامەیەك لەسینەمدایە دەبێت بیگەیەنم کە ئەویش خزمەتی گەل و نیشتمانە. پێیان ڕادەگەیاندم: ئەی خۆتۆ بۆ سەیران نەیانناردوویت بۆ سوق لشیوخ لەم خوارانە. لەسەرتە ئەم گیروگرفتانە هەمووی بدەی بە کۆڵتا. ئیتر بەم قایل بوونە ڕووداو بەسەرهاتەکانی ئەو جۆرە ژیانە لە پەستیەوە گۆڕا بۆ ئەوجۆرە شنەیە کە پێی فێنك دەبوومەوە، گۆڕا بۆ جۆرە پێخۆشحاڵ بوونێك کە کاتم پێ دەبردە سەر، گۆڕا بۆ جۆرە شادمانییەك کەلە ویژدانی خۆمدا هەستم پێدەکرد.. کێ بۆی دەرەخسێت شەرەفی خزمەتی نەتەوەکەی خۆی پێ ببرێت. ئیتر ئەمجۆرە بیرکردنەوانە بۆم بوونە سەبووری و تەسەلایەکی ئەوتۆ کە بەدرێژی مانەوەم لەوێ ئاسوودەییەکیان پێبەخشیم. لەبەرئەوە ئێستا لێرەدا هەرچی دەگێڕمەوە لە ڕووداوو بەسەرهات، ئاسایی یا نائاسایی، لەو لیستەیەدا دەینووسمەوەو، لەو خانایەدا حسابی بۆ دەکەم.

کە ماوەی دووسێ هەفتەیەك بوو لە قوتابخانەی یەکەمی سوق لشیوخ دەوامم دەکرد، بۆم دەرکەوت کە ئێرە هێشتا داب و نەریتی خێڵەکی زۆر پێوە ماوە، بەوەدا بۆم دەرکەوت: ڕۆژێك لە پۆلدابووم بەڕێوەبەر کە کابرایەکی بەخۆوە بوو عەبدول حسینی ناو بوو کاغەزێکی بەدەستەوە بوو هات بۆلام و بە ناسکییەوە وتی: ئەوە جەنابی موفەتیش تەشریفی هێناوەو لە ژوورەکەی من دانیشتووە ئەمەشی بۆ هێناویت بۆی ئیمزا بکە با پارەکەت وەربگریت. منیش کە خوێندمەوە

لیستەی کرێی سەفەرەکەم بوو لە سلێمانیەوە بۆ ئێرە. دەبینم چەردەیەکی باش پارەیان لێداشکاندووە، کە ئەوەم دی، دامەوە دەستی و وتم من ئەمە ئیمزا ناکەم. لەگەڵ عەبدول حسەین چەمۆڵیەکی لەخۆی ناو بەخەمێکی قورسەوە وتی چۆن مامۆستا چۆن؟ تۆ بەم کارە من لەبەرچاوی جەنابی موفەتیش ڕووزەرد دەکەیت. وتم ئاخر مامۆستا زۆریان لێشکاندووە. ئەویش بە پاڕانەوەیەکەوە وتی: ئەها مامۆستا هەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری برای بچووکی خۆت ئیمزای بکە. منیش زۆر بەزەییم پێداهاتەوە. ئیتر لەپشوودا هەموو مامۆستاکان بۆ بەخێرهاتنی جەنابی موفەتیش چوونە لای. کە تەماشا دەکەم هەموو بەپێوەو بەشەرمێکەوە دەستەو نەزەر ڕاوەستاون، بەتایبەت بەڕێوەبەریش عەبدەك عەبدەکێکی گرتۆتەوە. جەنابی موفەتیشیش لەسەر کورسیەکەی بەڕێوەبەرەوە خۆی گیف کردۆتەوە، من لای خۆمەوە گەلێك شەرمەزار بووم. کە ئەم ئاغاو دەرەبەگایەتیەم لێرەدا بینی، مامۆستاکانی سلێمانیم لەلا زۆر بەڕێزترو پیرۆزتربوو.لەسەرێکی تریشەوە ئەو پرسیارەم هات بەیاددا: باشە ئەی چۆن دانیشتووانی ئەم شارە، شانازی بەهاوبەشیکردنی خۆیانەوە دەکەن لە شۆڕشی هەزارو نۆسەدو بیستی خوارووی عێراقدا دژی بەریتانیا؟

لەنێو مامۆستاکاندا یەکێکیان تێدابوو (حەمدان)ی ناو بوو ئەم مامۆستا گەنجە سەری لەبیروباوەڕی نەتەوایەتیەوە دەخووراڵەم بارەیەوە چەند جارێك پێکەوە دواین: جارێکیان بانگێشتی کردم بۆ سەردانی بوستانەکەی (باخ) خۆیان لەناوچە زەلکاویەکاندا. پاش نیوەڕۆ کە یەکترمان بینیەوە بڕۆین، تەماشا دەکەم بەدرداشەیەك و تەزبیحێکی دەنگ گەورەو جووتێك سۆل بەسەر پێوە خۆی ئامادە کردووە. کە فەرمووی کرد، نزیکی نیو سەعاتێك لەگەڵ ڕووباری فوراتدا بەرەو باشوور ڕۆیشتین، هەتا گەیشتینە بوستانەکەیان، کە یەکێك بوو لەو سەدەها باخە خورمایانەی ئەو ناوچەیەی سوق لشیوخ کە بەمەڵبەندێکی بازرگانی خورما دادەنرێت لەخوارووی عێراقدا. بەڵێ کە گەیشتین باخێکی وشك و برنگ بێسەوزی و گژوگیا، بەڵام دارخورمایەکی زۆری بڵند بڵند، هێشوە خورمای دەنك قەڵەویان پێدا شۆڕبۆتەوە،ماڵێکیش بۆ باخەوانی لەوێ بوون. دوای گەڕانێك بەباخەکەدا حەمدان بڕیاریدا خورماو ڕۆن (ماست) بهێنن. کە هێنایان و دایاننا ئەمە یەکەمجارمە خورمای وەها ببینم، هەر دەنکێکی ئەوەندەی گوێزێك دەبوو،

پاراو، زەرد زەرد ئاوی چاوی دەبرد، کە دەستیشمان کرد بەخواردنی ناسك ناسك لە دەمدا دەتوایەوە، ناوك ورد، تامێکی شیرین و بێهاوتا، کەلە خواردنی بووینەوە من هەر ئەوەندەم وت، مامۆستا خوا عەرەبی خۆشدەوێت ئەمجۆرە خورمایەی پێبەخشیون... ئەویش ئەم ستایشەی زۆر پێخۆشبوو چونکە بردیەوە سەر نەتەوە پەروەریەکە.

هەر لەپەراوێزی باسکردنی مامۆستاکاندا، مامۆستایەکی کەمێك ورگنی قەڵەویان تێدابوو لەپەنجا ساڵان تێپەڕی کردبوو ناوی (عبدولجەبار)بوو، دوای مانگێك وتی مامۆستا جەنابت ئەمشەو لە ماڵی ئێمە میوانیت، ئەگەر ئیش دەکات دەنێرم ڕادیۆکەشت بهێنە، ئەوسا هەموو سوق لشیوخ جگەلە چاخانە گەورەکان و ماڵە دەوڵەمەندەکان، حەوت هەشت ڕادیۆی تێدانەبوو. شەو کەچووم عبدولجەبار هات بەپیرمەوە کە چوومە ژووری بڵێن میوانەوە، کۆمەڵێك کەسی باشی بۆزخ (ئەهلی) دانیشتبوون، کە فەڕاشی قوتابخانەکەیان دی لەگەڵمدا بەڕادیۆکەوە گەلێك پێشوازیان لێکردم... دوای هێندێك دەمەتەقێ کردن مامۆستا شوشەیەك عەرەق و مەزەی لەسەر مێزەکەی ناوەڕاست داناو، ئەنجا بەپێی سەر کۆمەڵێك پیاڵە هات. کە فەرمووکرا، هەموو نەیان خواردەوە، بەڵام مامۆستا عبدولجەبار بەتایبەتی فەرمووی لەمن کردو پیاڵەکەی هێنایە پێشەوە بۆ بەردەمم. من دوو ساڵ پتربوو مامۆستابووم، هەتا ئەوکاتە عەرەق نەچووبووە سەر زمانم چونکە لای هاوڕێ سیاسیەکانم باونەبوو، لەسەرێکی تریشەوە سڵم لەوە دەکردەوە سەرخۆش ببم و لەسنوور دەربچم، بەڵام لەئاستی خوڵقی عبدولجەبارو میوانەکانی تر بەخاویەکەوە چارەکە پیاڵەیەك عەرەقم تێکردو ئەویتر ئاو، بۆیەکەمجار تامی عەرەق کەوتە سەر زمانم، هەرچەندە کۆمەڵەکە حەزیان دەکرد چەند پێکێکی تر تێبکەمەوە، بەڵام هەتا هەڵسایین، خۆم بەو پێکەوە خەریك کرد. کەلەو ماوەیەشدا بیرم لەوە دەکردەوە کە سەرخۆش ببم و بە ڕێکی نەگەمەوە ئوتێل. بەڵام من پێش میوانەکانی تر ڕووخسەتم لە مامۆستا جەبار خواست و سوپاسمکردو پێشم وت لەبەر منداڵەکان شەویش با ڕادیۆکە لێرەبێت. لەڕێگەی ئوتێلیش لەش سووك و ئاسایی بووم. هەتا ئێستاش ئەوەندەم نەخواردۆتەوە مەستم بکات.

شەش حەوت حەفتە ڕابووردبوو بەسەرمدا، وەکو لەوەپێش وتم خواردنەکانی

بازاڕیشم تاقی کردبووەوە، هیچیان وەك پێویست پاك و خاوێنیان نەگرتبوە خۆیان سەرەڕای ئەوەی کە تامیشیان خۆش نەبوو، لەبەرئەوە ئەم کێشەیە بەتەواوی بێزاری کردبووم. بیرمکردەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە. کابرایەك نزیك ئوتێلەکە دوکانی سیوجگەر سوورکردنەوەی دانابوو لە تاوەدا، دەمبینی خەڵك لەوێ نان دەخۆن. نیوەڕۆیەك ژەمێکم لاخوارد، ئیتر لەدوایدا ڕارای گرتمی پێی بڵێم پێی نەڵێم؟ سیروان خۆڵێشت نەدەم هەر دەمبەیت؟ کابراش نزیکەی شەست دەبوو. وتم: عەمی تۆ خۆت دەزانی من سەڵتم و لە ئوتێلدا دەژیم، هەر ژەمەش لەجێگەیەك نان دەخۆم، حەز بەمە ناکەم، بۆچی لەماڵی خۆتانەوە دوو ژەمە برنج و شلەو نان و سەوزەم لەکاتی خۆیدا لە دوو مەنجەڵۆکەدا بۆناهێنیت بۆ ئوتێلەکە؟ چەند دەڵێت دەتدەمێ. دوای کەمێك بیرکردنەوەو منجە منجێك، ڕێك کەوتین مانگی بەشەش دینار، ئەو پارەیەش بۆ ئەو ڕۆژە باش بوو. بەڵام دوای کەمێك بێدەنگی وتی ئوستاژ ڕێگەیەکی تریش هەیە ئەگەر بەڕێزت بەلاتەوە پەسەند بێت؟ ئادەی فەرموو وتم، وتی منیش کوڕێکم هەیە ئەویش وەك تۆ مامۆستایە، ئێستا لە دیوانیەیە تۆش لێرە سەڵتیت کەس ناناسیت... دیوانیەو ئێرە بۆ تۆ جیاواز نییە، بۆچی لەگەڵ ئەو جێگە ناگۆڕنەوە، بەدڵی خۆشت پارەو دەداتێ و، ئەو هەموو مامەڵەیەکی گواستنەوەکەشی دەگرێتە خۆی. وتم عەمی من نزیکی دوو مانگە لێرەم مامۆستاکانیش کوڕی چاکن و لەگەڵیان ڕاهاتووم، ئەوەندەش حەز بە جێگەگۆڕکێ ناکەم، هەر جارەش خۆشت دەڵێیت ئێرەو دیوانیە هیچ جیاوازی نیە بۆ من لەبەرئەوە داوای لێبووردن دەکەم. دە ئارەزووی خۆتە بەڵام من هەر لەسەر بەڵێنەکەی خۆمم.

بۆ سبەی نیوەڕۆ لە ئوتێل چاوەڕوانم کرد عەمی دیار نەبوو، چووم بۆ دوکان بەنیازی خواردنەکە تەماشا ئەکەم هەر سیوجگەری سوورەوکراوی بۆ داناوم.. ئێوارە هەر هەمان خواردن بوو، ئەمە توومەس دەیەوێت وەڕستم بکات هەتا ناچاربم گۆڕینەوەکە لەگەڵ کوڕەکەی سازبکەم. ئیتر پارەی ئەو دوو خواردنەم پێداو جارێکی تر نەچوومەوە بەلایدا.

دوای (بەڵێن)ەکەی عەمی سەرلەبەیانیەکی هەتاو وەکو جارانم بەناشتا لەباڵکۆنی ئوتێلەکەوە ڕاوەستابووم سەیر گۆڕەپانە گشتیەکەی بەر ئوتێلەکەم دەکرد کە هەموو سوق لشیوخ بۆ کاروباری کڕین و فرۆشتن و چاخانە دانیشتن و

دەنگوباس زانین... تاد، ڕوویان دەکردە ئێرە، هەروا ورد دەبوومەوەو سەرنجم دەدا کام خواردن لەو خواردنە زۆرانە کە دانراون، هەڵبژێرم.. لەنێو عەشاماتەکەدا گەنجێکی کەم تەمەنم دی، بەدیار مەنجەڵێك کوببە شۆرباوە دانیشتبوو هاڵاوی لێ هەڵدەستا، هەرکە ڕووەو ئوتێلەکە سەیری کرد، بەدەست ئاماژەم بۆکرد کە کوببەم بۆ بهێنێت. بۆ سبەی بەیانیش کە ئەم کارە دووبارە بووەوە، بۆم دەرکەوت کە گەنجێکی سێبەر سووك، خۆی و خواردنی پاك و خاوێنیان پێوە دیارە، سەروزمان شیرین، لەوەش دەچوو ئاشنایەتی منی بەلاوە ناخۆش نەبێت، کە بۆ ژەمەکان پێم وت، بەزەردەخەنەیەکی خۆشیەوە دەستی خستە سەرچاوی. کە وتم مانگی (٦) دیناریش دەدەمێ دەستی خستە سەرچاوی و وتی ئەوە پارەی بۆ چییە؟ تۆ هەر میوانی من ببە.. زۆر سوپاسم کردو پێم وت حەز دەکەم بۆشت بکەم بە (٧) دینار وتی خوا زیادی کات. ئەم گەنجەش ناوی (سجیل) بوو.

(سجیل) دوو ڕۆژی یەکەم لە مەنجەڵدا ژەمەکانی هێناو دایناو ڕۆیشت. دوو ڕۆژی دووەم هێنای و خۆی بۆی کردمە قاپەوە، دوو ڕۆژی سێیەم دوای ئەوەی بۆی کردمە قاپەوە بۆی دانام و بەدیارمەوە دانیشت هەتا لێبوومەوە، منیش رادیۆکەم بۆ کردەوە، ئیتر لەوەدوا هەتا قاپەکانیشی نەشۆریایە، نەدەڕۆیشت.. دواتر چالێنانەکەشی کرد بەئەرکێکی خۆی.هێندەش ڕێزو ئاشنایەتی کەوتە نێوانمانەوە وتی مامۆستا من پێم ناخۆشە جلەکانت بدەیت بە ئوتێل بۆت بشۆرن، من حەز دەکەم خۆم بیانبەمەوە بۆماڵەوە بۆت بشۆرن.. ئیتر لەوەدوا وای لێهات وەکو دوو هاوڕێ لەگەڵ یەکتردا دەدواین. کە گەیشتینە ئەوەش مانگێکی بمێنێ بۆ پشووی نیوەی ساڵ وتم سجیل حەز لەچی دەکەیت لە سلێمانیەوە بۆت بهێنم؟ وتی ئارەزووی خۆتە. کەوتم تووتن بۆ خۆت و گوێزیش بۆ منداڵەکان، لەخۆشیانا خەریك بوو قووتم بدات. بەڵام بەداخەوە وەك دەیگێڕمەوە بەسەرهات نەیهێشت ئەو دیاریانەیان بۆ بهێنم. لە مانگی دوانزەدا بۆ کارێکی پێویست هاتمەوە بۆ بەغداد، ئێوارە لە پاسە تەختەکەدا کە لەرێگەی سوق لشیوخەوە بەرەو ئێستگەی شەمەندەفەرەکە دەچووم بۆ شاری (ئور)، کابرایەکم لە تەنیشتەوە دانیشتبوو، سەیرێکی کردم و وتی: (ئنلەحج رێل)؟ منیش لەدڵی خۆمدا وتم ئەمە ڕۆژەکە بوو کەلێی دەترسام، چونکە لای خۆمان بیستبووم

کەلەو خوارانە هێندێك وشەی عەرەبیەکەی خۆیانم لێ عاسی دەبێت... بەڵێ ئەو پیاوە پرسیارەکەی لێکردم، تەقەی سەرم دەهات. دوای کەمێك بێدەنگی هەروا تەوەکەلی لەخۆمەوە وتم: بەڵێ. ئەنجا لەگەڵ خۆمدا کەوتمە لێکدانەوەی: رێل، دەبێ چی بێت؟ رێل... رێل.. بەعەرەبی رێلم نەبیستووە، بەڵام بەئینگلیزی رێل مانای هێڵی شەمەندەفەرە. باشە ئەی نلەجح مانای چی؟ وادیارە ئەمیش پەیوەندیەکی بەرێلەکەوە هەیە. گوایا بڵێی مەبەستی ئەوە بووبێت ئایا پێیدا دەگەین؟ بەڵێ: ئایا بەشەمەندەفەرەکە دەگەین؟ نلەجح لە (نلحق)ی عەرەبیەوە نزیکە. بەڵێ دۆزیمەوە. چونکە شەمەندەفەریش سەعات (١٢) شەو لە ئورەوە دێت. کەواتە کەوتوومە بەڵێ، وەڵامەکەم راست بووە.

شەوی ١٩٤٩/١/٢١ لە ئوتێل لەدەرگای ژوورەکەم درا، کە کردمەوە، قۆمی سەرێکی(مفەوەز)ێکی کەمێك بەتەمەن خۆی کرد بەژوورەکەدا وتی تۆی هومەر عەلی ئەمین؟ بەڵێ وتم، وتی: خۆت بگۆرەو پێشمکەوە بۆ سەرا. وتم من مامۆستام، تۆ پرست بەبەرێوبەرێتی مەعاریف کردووەو دەنگی بەرزکردەوەو وتی: ئەمە فەرمانی (فەرمانی حاکمی عەسکەری عام)ە لەبەغدادەوە پێشمکەوە. هەتامن خۆم گۆری و ئامێرێکی مۆسیقی هارمۆنیم کری بوو لەسەر مێزەکەبوو. ئەوەی هەڵگرت، کە رۆیشتن کابرای قۆمی سەر (لەجیاتی ئەو مۆسیقایە) ئەو شەوە لە سوق لشیوخ نەیکردمە ژووری گرتنخانەکەوە بەڵکو لەژووری بەرێوەبردنەکەی خۆیدا داینام، هەتا سبەینێ کەلە ناسریەوە بەکەلەپچەکراوی رەوانەی بەغدادیان کردم.

جا ئەم بەسەرهاتەم بەبۆنەی سجیلەوە گێرایەوە، یەکێك بوو لەو مامۆستایانەی قوتابخانەکە نەهاتن لەسەرا سەرێکم لێبدەن، هەر بۆئەوەی بزانن هۆی گرتنەکەم چییەو چی نییە؟ بەڵام تەماشادەکەم ئەو سیجیلە بۆ نیوەرۆکەی بەخۆی مەنجەڵێك کفتە شۆرباوە خۆی کرد بەسەرادا بۆلام، ئیتر ئەوە دواجاربوو کەلەگەڵ ئەو پیاوە راستگۆیەدا یەکتریمان بینیەوە، ئەم رووداوو بەسەرهاتانەش لە سوق لشیوخ کە گێرامەوە ئاسوودەیی گەشتێکیان پێ بەخشیم، کە تام بۆکەی وەك خۆشی و وێنەکانی تامە تفتەکەی جگەرە وابوو.

پێش ئەوەی وێنەکانی (سوق الشیوخ) هەڵگرم هەر بەهۆی چالاکیی سیاسیمەوە لەوێ، ئەم بەسەرهاتەش چووە پاڵ بەسەرهاتەکانیتری ژیانمەوە:

## دوو ئەفسەرەکە

جانتاکەت چی تێدایە؟
کەلوپەلی تایبەتی خۆمە.
بیکەرەوە با سەیری بکەم.
کە ئەفسەرەکە سەیری کردو پشکنی هیچی وەهای تێدا نەدۆزیەوە، وتی بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە.

دوێنێ ئێوارە تاریکی داهاتبوو، نێو بازاڕەکەی ناوچەی ئارشاك لە بەغدا لەبەر خەڵکی شەپۆلی دەدا، بەقاڵ و سەوزە فرۆش و دوکاندارەکانی لەبەر ڕووناکی بەهێزی گڵۆپەکانیدا سەرقاڵی سەوداو مەعامەلەو شت کڕین بوون، کەئەم جەنجاڵییە زیندوێتیەکی خستبووە گوزەرەکەوە.

لەنێو ئەو ژاوەژاوەو جەنجاڵیەدا بەبێ هیچ خۆتێکدانێك ئەو دەرگایەم دۆزیەوە کە بۆیان هەڵدابووم، کاتێك کەلێمدا رووناکیەکی ئاسایی لەپەنجەرەی سەر دەرگاکەوە، پلیکانەیەکی تەسکی ئەودیو دەرگاکەی رووناك کردەوە، دوای کەمێك کابرایەکی باڵابڵندی شەپقە بەسەر دەرکەوت هەرلەوێوە پرسی کێیە ئـەوە؟ منیش کە ناوە نهێنییەکەمم وت، دەستێکی خستە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوەو لەسەرخۆ بەپلیکانەکاندا هاتە خوارەوەو لەپشت دەرگاکەوە وەك لەوەوپێش ڕێکەوتبووین بەدەنگێکی نزمتر دیسانەوە پرسییەوە کێیە ئەوە؟ منیش دیسانەوە ناوە نهێنیەکەمم وتەوە. ئیتر تاکێکی دەرگاکە کرایەوەو چوومە ژوورەوە. کابرا پێشکەوت بۆ سەرەوە کە دوو ژووری بچووکی چۆڵی بەرانبەر بەیەکتربوون. ئەنجا دوای کەوتم بۆ ژوورێکیان کە دەستێك نوێنی ڕاخراوو هێندێك کاغەزی بڵاو هیچیتری تێدا نەبووە، توومەز ئەمە مەڵبەندێکی حیزبیە. ئەنجا لەوێ کە سەرنجمدا ئەوسا ناسیمەوە کە دۆستەکەی پێش چوار پێنج مانگی سلێمانیە کە ئەوسا ئەو گەلێك لەخوار بەرپرسیاری حیزبیی منەوە بوو. دوای چاك و چۆنی و دەستگوشینی یەکتر وتی: کەواتە ئێستا تۆ لێپرسراوی ناسریەیت. زۆر سەرم لەم پرسیارەی سوورما، ئەنجا بەبێ دواکەوتن هێندێك کاغەزی لەتاقێکدا جیاکردەوەو وتی ئەمانە (٤٥) نسخە بەیاننامەیە لەگەڵ چەند ڕاپـۆرت و ئامۆژگاری حیزبدا دەیانگەیەنێتە ناسریەو، ئەگەر پێویستتان بەژمارەی زۆرتربوو، لەوێ بەدەست دەینووسنەوە. کە وەرمگرتن ئەستوورییەکەیان ئەوەندەی ئەستووری دەفتەرێکی شەست پەڕەیی دەبوو. منیش کەخەریکبووم بەدوو بەش لەباخەڵمدا توندیان کەم، لێی پرسیم: کەی دەگەڕێیتەوە؟ کەوتم سبەی شەو، بەجۆرە فەرمانێکەوە پێی ڕاگەیاندم کە، سبەینێ سەعات دە لەشەقامی ڕەشید لای شۆڕیجەوە خۆ پیشاندانێکمان هەیە پێویستە بەشداربیت ئەنجا ئێوارە بڕۆیتەوە. وەڵامم دایەوە کە ئامادەم. ئیتر بەدوو باخەڵی پڕەوە بەپلیکانەکاندا هاتینە خوارەوەو، ئەویش لەدواوە دەرگاکەی داخستەوە.

ئەنجا کە ڕژامە نێو ئاپۆڕاکەوە بەرەو ئوتێل هەرچەندە هۆشیارییەکەم ئاڵایە ئاگاداریکردنی خۆم، بەلام بیرکردنەوە لە خۆنیشاندانەکەی سبەینێ لەلام بووبە پرسیارێکی گەورە، چونکە ماوەیەك بوو میری لەهێرشێکی دڕندانەبوو، ئێمەش

بەتەواوی ڕیزەکانمان پەڕەوازە ببوو، بڕیاریش دراوە لە کشانەوەدابین، مانەوەی حیزبیش زۆرتر بەستراوە بەم کشانەوەیەوە، ئێستاش سبەینێ خۆنیشاندانە، ئەمە پێچەوانەی بڕیارەکەیەو لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا ناگونجێت، منیش کەلەوێ بەبێ چەند چوون بەو برادەرەم وت ئامادەم، ئەو فەرمانە، فەرمان بوو. ئیتر بەدەم ئەم بیرکردنانەوە کاتێك بەخۆم زانی گەیشتوومەتە ژوورەکەی خۆم لە ئوتێلەکە، هەرچەندە ڕێبوارێکیتریشی تێدابوو کەلەوکاتەدا لەدەرەوە بوو، لەناوەوە دەرگاکەم داخست و چیم پێبوو خستمە جانتاکەمەوەو دامخست، ئەنجا کەوتمە بیرکردنەوە لە نەخشەیەك بۆ گەیاندنیان... ئەی چۆن دارو دیوار سیخورە کە دەسگاکانیان هەموو لەشیان چاوو گوێچکەیە بە قۆستنەوەی ئەم نهێنیانە.. بەڵام بەکوێرایی چاویان هەر دەبێت ئەم دیاریان بگەیەنم. بیرم کردەوە: لەجانتاکەدا بێت دەیپشکنن، لەگیرفاندا بێت هەر چاوەڕوان دەکرێت بیدۆزنەوە، لەنێو خواردنێکی نێو زەمیلەیەکدا دابنرێت هەر بەردەست دەکەوێت. زۆرم سەر هێناو برد... ئاهە دۆزیمەوە دووسێ تەبەقی پان کاغەز لەگەڵ چەند فایەلێك دەکرم نووسراوەکان جوان لوول دەکەم و کاغەزو فایلەکانیان توندو تۆڵ تێوە دەپێچم و تێپیان پێوە چەسپ دەکەم و، ناشیانخەمە هیچ شتێکەوە هەروا بەڕووتی و بەئاشکرا لوولەکە دەگرم بەدەستمەوە، بەڵێ بەبەرچاوی هەموو سیخورو خەڵکیشەوە بەکەم تەرخەمیەوە وەك شتێکی ئاسایی بێنرخ بەدەستمەوە دەبێت. کێ بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەمە بەیاننامەیە یان شتێکی نهێنیە وا ئاوا بەئاشکرا دەخرێتە بەرچاو؟ خۆ ئەگەر وەهابوایە لەلوولەیەکی وەها بێنرخدا نەدەشاررایەوە، بەڵکو لەجانتایەکدا یان گیرفاندا یان حەوت کونیتردا حەشاردەدرا، بەڵام لوولە کاغەزێکی وەها، ئەوە هەر ڕێی تێناچێت. بەڵام هێندێك جاریش کاری نابەجێ دەبێتە کارێکی بەجێ.

ئەم نەخشیە لەهەموو سڵکردنەوەو مەترسی و دڵەڕاوکێیەك ڕزگاری کردم جگەلەئەوەی کە دڵنیاییەکیشی پێبەخشیم، دڵنیایی لە سەلامەتی خۆم، لەسەلامەتی پۆستەکە. ئیتر گەیشتمە ئاستی ئەم بیرکردنەوەیە، پڕ بەسینە هەناسەیەکم هەڵمژی و تەزوویەکی دڵخۆشی هات بەگیانمدا.

بۆ سبەینێ سەعات دە لەجێگەی ناوبراو خۆپیشاندەران کۆبووینەوە، لەکاتی چاوەڕوانیدا دۆستەکەم بەخۆی و کەرەنایەکەوە لەتاکسیەك دابەزی،

دوای وردبوونەوەیەك لە دەورووبەری خۆی ئەنجا بەبڕوایەکی بەتینەوە چووە سەر بەرزاییەك و بەدەنگە لەبارەکەی خۆی فووی کرد بەکەڕەناداو چریکاندی:

هاونیشتمانیە ئازادو سەربەستەکان! ئەمڕۆ ئیستعمارو نۆکەرانی کۆنەپەرستانی، لەبەردەم جەزرەبەی گەلانی جیهاندا پاشەکشێ دەکەن... تاد ئیتر خۆنیشاندەران ڕیز ڕیز شانیان بەشانی یەکترەوەو بەدەم دروشم بەرزکردنەوەو بانگەواز هەڵدانەوە بەرەو جێگە پەیکەرەکەی ڕەسافی ڕۆیشتن، بەڵام هەر سێ دەقیقەی برد، شارە پۆلیسمان بەچەك و زرێپۆشەوە لێوروژا، دوای هێنان و بردنێکی هەردوولا بیست کەسێکیان لێدەستگیرکردین ئەوانیتریشمان قەیسەریمان لێکرا بەکونە مشك.

بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژەش سەعات شەش تێپەڕی بوو، لە ئوتێلەکە جانتایەك بەدەستێکەوەو لوولەیەك کارتۆن بەدەستێکی ترەوە بەبڕوایەکەوە هاتمە خوارەوە، بێدەربەستانە بەنێو ئاپۆڕەکەو ئینزبات و موغازەکاندا ڕابووردم و لەدەورووبەرەکەم دەڕوانی، هەستیشم کرد کە خۆشنوودیەکی بێهاوتا لەسینەمدا سەررێژ دەکات. ئەنجا بێخەم لە شۆفێرەکە سواری تاکسیەك بووم کەوتینە ڕێ بۆ ئێستگەی شەمەندەفەری بەسرە کە شاری ناسریەش هەر لەسەر ئەو هێڵەیە... سەعات حەوت نەببو کەلە ئێستگەکە دابەزیم، ئەوە ئەگەر وەها نەبوایە دڵە خورپێ و ترس و لەرز دایدەگرتم، بەڵام ئێستا ئاوا بەم کۆکی و تەیارییەوە گاڵتە بەخۆگیڤکردنەوەی سیخورەکان دەکەم، لەدڵی خۆمدا هەڕەشەیان لێدەکەم: ئەها چیم پێیە! بۆچی دەنگتان نییە؟ جەنگاوەرانە بەرامبەریان وەستابوومەوە کەلەوناوەدا هەر چاوە زەقێیان بوو، ئەوە چاوە زەقێی چیتانە هەی شێرە کوللەکان؟! ئەمە عەرزو ئەمە گەز، فەرموون ئەمە کۆڵێك بەیاننامە کە ئێوە بۆی وێڵن، ئەوەتا وا لەبەر دەستتاندا، بزانم دەتوانن بیدۆزنەوە؟

هۆڵی بلیت بڕەکەش جمەی دەهات. ڕێبوار، سیخوڕ، ئینزیبات، ژن، منداڵ، سەرنجمدا لەنێو دەرگای شۆسەکەدا ئەفسەرێکی پۆلیس ڕاوەستاوە ڕێبوارەکان دەپشکنێت. منیش بێباکانە بەجانتاو لوولەکەوە چوومە پێشەوە کە بچم بۆ نێو شەمەندەفەرەکە، کابرای ئەفسەر ڕایگرتم و وتی: جانتاکەت چی تێدایە؟

کەلو پەلی تایبەتی خۆمە.

بیکەرەوە با سەیری بکەم

دوای گەڕانێکی ورد کە هیچی نەدۆزییەوە وتی بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، بەڵا لوولەکە کە خستبوومە بنهەنگڵم، هەر مێشیش میوانی نەبوو. لەلای خۆمەوە ئەوەندەیتر گەشەگرتمی و بڕوام بە نەخشەکەو بیرکردنەوەی خۆم پەیداکرد.

من بۆ زۆر نەکەوتنە بەرچاو نەمویست لە فارگۆنی پلە سێی جەماوەریەکاندا سواربم، بەڵکو بلیتی پلە دووم بڕیبوو چونکە کۆڕو کۆمەڵی دەوڵەمەند بۆ ئەمجۆرە کاروبارانەی لەمەڕ من گومانیان کەمتر لێدەکرێت. ئیتر کە چوومە ئەو دیو دەرگاکەوە بۆ سەر شۆسەی هێڵی شەمەندەفەرەکەو تێکەڵ بەو ئاپۆرایەش بووم، شام بەسەپان نەدەزانی. لەوکاتەشدا کە تیتیەکە بەلامدا ڕابوورد لێمپرسی تکایە فارگۆنی پلە دووەکان کامەیە، بەدەست ئاماژەی بۆکردن و چوومە فارگۆنەکەی خۆمەوە، کە سەیرم کرد چوار جێگەی نووستنی تێدایە کە دوو دوو بەرانبەر یەکتربوون لەگەڵ مێزێکی بچووك و دەستشۆرێکدا، پەنجەرەیەکیش دەیڕوانی بەسەر دەرەوەدا. جێگەی خۆم گرت و جانتاکەو لوولە حەیاتەکەم داناو ئیتر نەهاتمە دەرەوە تێکەڵ بە خەڵك ببم. ویستم چاوەڕوانی بکەم هەتا سەعات نۆ شەمەندەفەرەکە بکەوێتەڕێ، بەڵام نیو سەعاتی پێنەچوو کوت و پڕییەکی ترسناك ڕوویدا، دەرگای فارغۆنەکە کرایەوە تیتیەکە دوو ئەفسەری پۆلیسی لەگەڵ بوو ئاماژەی بۆ نێو فارغۆنەکە کردو گوتی: فەرموون. ئیتر لەوکاتەدا بەچاوی خۆم پەتی قەنارەم بینی. کە دوو ئەفسەرەکە هاتنە ژوورەوە یەکێکیان گەنجێکی یەك ئەستێرە لەسەر شان جانتایەکی دەستی پێبوو ئەویتریان سێ ئەستێرە، بەتەمەنتربوو، کە هاتنەژوورەوە بەساردیێکەوە سڵاویانکرد، منیش کە (باوەڕم بەبزەی زاڵم نەبوو) وەڵامدایەوە، کە زانیان منیش لەو فارگۆنەدا ڕێبوارم وتیان هەر تۆ لێرەیەت؟ کە بەبەڵێ وەڵامدانەوە، وتیان هاوڕێیی ڕێگەین. دانیشتن و دوای هەندێك گفتوگۆی ئاسایی وادەرکەوت کە ئەوان دەچنەوە بۆ (بەسرە)، منیش لە (ئوور) دادەبەزم و بەرەو (ناسریە)و ئاوا لەم بابەتانە. بەڵام هێشتا ئەم حاڵەتە بەشی ئەوەی نەدەکرد کەلە داچڵەکینی ئەم کوت وپڕیە ڕزگارم بکات، هێشتا ئەو گومانانە هەر لەمێشکمدا کینگڵی دەدا لێکمدایەوە کە ئەمانە لەپارێزی مندان و بۆ ئەم لوولەیە هاتوون. ئەمە بەدەم قسەکردنیشەوە سەرنجی ئەستێرەکانی سەرشان و قۆپچەی جلە ڕەسمیەکانیانم دەداو ناوبەناو بیریشم لەوە دەکردەوە کەلەکاتی پشکنیندا هەر جانتاو گیرفانەکانم دەگەڕێن

و سەرنجیان بۆ لوولەکە ناچێت. بەمە هاتمەوە سەرخۆم و وردە وردە بێباکی و گەشبینی خۆمم هاتەوە بەبەردا، زۆرتریش لەوەدەچێت ئەمانیش هەر ڕێبواربن و ڕێکەوت هێناونیە ئەم فارغۆنە، ئیتر چۆن دڵخۆش نابم و چۆن نامگرێتەوەو شادمانی نابێتە میوانم؟ سەعات نۆ شەمەندەفەرەکە شووتی کرد بەئاسماندا نەرم نەرم کەوتە ڕێ، شەوگارەکەی هەر نەدەبرایەوە ڕێگا هەر نەدەبرایەوە، قسەوباس زۆر بوو، ئەفسەرەکان لەناو خۆشیاندا قسەیان دەکرد، سیاسەتیش بەشێکی کەم نەبوو لەوتووێژەکانیان.. کابرای سێ ئەستێرە ڕقی لە شیعەکان زۆر دەبووەوە، باسی ئەوەشی کرد کەلەم ماوەی پێشوودا زۆریشیان لەلیواکان لێگیراوە هەتا لەشاری بەسرەشدا، ئەوا لوولەکەش بەبەرچاویانەوە بێخەم لەسەر جانتاکە شانی داداوە.

سەعات چواری بەیانی ببوو کە حلەو دیوانیەو سەماوەو چەند شارو دێهاتیترمان بەجێهێشتبوو، شەمەندەفەرەکە گڵۆپەکانی دەرەوەی هەڵگیرسان و بۆرەیەکی لێوە هات و نزیك شاری (ئوور) خاوی کردەوە، منیش کەلەوکاتەدا لەنووستنەکەم بەئاگا هاتمەوە هەستم کرد گومانەکان هەموو ڕەوینەتەوەو سڵ کردنەوەکان ڕەوینەتەوەو خۆشی گەشیەکەی شەوێم هەر زیندووەو، ئەوا دەشبینم قەلە ڕەشەکانیش یەکێکیان لەپرخەی خەودایەو یەکێکیشیان وەنەوز دەدات، ئیتر شەمەندەفەرەکە کە ڕاوەستا دەستێکم دایە جانتاکەم و لوولەکەشم بەدەستەکەیترەوە گرت و خواحافیزیم لەو یەکەیان کردو دەرگای فارگۆنەکەم پێوەدایەوەو هاتمە خوارەوە. هەر بەدەم خۆشی و شادمانی ئەو سەرکەوتنەوە بەئاسانی و ڕەوانی پۆستەکەم گەیاندە جێگەی مەبەست لە ناسریە.

# گرتووخانەکانی بەغداد

کەلە (سوق الشیوخ)ەوە ڕەوانەی ناسریەیان کردم و لەوێشەوە بەکەلەپچەکراوی لەگەڵ مامۆستایەکی نەناسیاوی تردا کە (عبدالرسول)ی ناوبوو کێشیان کردین بۆ گرتووخانەکەی سەرا لەبەغداد، تاریکی ئێوارە داهاتبوو، لەوکاتەشدا کەلەبەر دەرگاکە دابەزین ڕەشەبایەکی بەهێز هێرشی هێنایە سەرمان، دەنگی بانگیش لەمنارەکەوە تێکەڵ بەو دیمەنە دەبوو، جۆرە هەستێکی تایبەتی لەلام دروستکرد. کە چووینە ژوورەوە لەبەر زۆری گیراوەکان جێگەی نووستنمان هەر نەبوو. دوای سێ ڕۆژ لە ژوورەکەی ئەوبەرمانەوە تەقەیەك هەڵسا، وتیان یەکێك لە زیندانیەکان خۆی کوشتووە.

دوای ئەو سێ ڕۆژە منیان گواستەوە بۆ گرتووخانەکەی کەرخ لەوێ هۆڵێکی گەورە بوو، جمەی دەهات لەلاوە نیشتمان پەروەر، ناسیاوەکانی شاری

سلێمانی، ئیتر بوو بە هەراکێشان و باوەش بەیەکترکردن و ماچ و مووچ و دەست گوشینێك مەپرسە... زۆرتر لە (٥٠) ڕۆژ بەبێ لێپرسینەوە لەوێ ماینەوە. لەنێو گیراوەکاندا (سالح دیلان)مان لەگەڵ بوو جگەلە (بەدر شاکر سەیياب)، کە سالح گۆرانیەکەی(ختم الصبر بعدنا)کەی کەلسوومی بۆ وتین و، بەدریش شیعرەکەی (جبل شیرین)ی بۆ خوێندینەوە.

نزیکەی دوو هەفتەیەك تێپەڕی، ڕۆژێك پۆلیسێك لە پەنجەرەکەوە بانگی لێکردم کە چووم تەماشادەکەم دایکمە. لە سلێمانیەوە هاتووە بۆ چاوپێکەوتنم، زۆر بەزەییم پێیداهاتەوە، گەلێك دڵخۆشیمدایەوە، کە تەندروستیم باشەو کەموکوڕیم نییەو حەزم نەکردووە تۆش ئەم ئەرك و ماندووبوونەت بکێشایە، دوای (٥) دەقیقەیەك پۆلیسەکە کۆتایی بەچاوپێکەوتنەکە هێنا.

ڕۆژێکیش لە شیرین خەودابووم، مەدهۆشی بەرگدروو هاورێکانی خەبەریان کردمەوە، وتیان هەڵسە کاکە هەڵسە خەوەکەت تازەکەرەوە، هەر لەسنووری گاڵتەو سوعبەتیشدا جارێکیان بەدانیشتنەوە بازنەیەکیان بەست و وتیان تۆ هەتا ئەژنۆ خۆت هەڵکەو بچۆرە ناوەوە. کەبەجێم هێنا، قاچم زۆر تووکی پێوە بوو، هەمووی بەپەلە بەدەست تووکەکەیان هەڵکەندو ڕووتانەوە، وتم زۆر سوپاستان دەکەم قاچ و قۆڵتان بۆ پاککردمەوە.

## سێ تەرم

مانگ بەسەر چووبوو کە ڕۆژێك لەپەنجەرەکانەوە دیمان، کە پۆلیسەکان سێ تەرمیان لەدەرگای سەرەکیەوە بەتەنیاو جیاجیا لەبەتانیدا هێنایانە پۆلیسخانەکەوە کە پێمانزانی ئەو سیانە هاوڕێ (فەهدو محەمەد زەکی بەسیم و حسەین محەمەد شەبیبی) بوون لە سێدارەیان داون و دەیانبەن بۆ ناشتنیان لە جێگەیەکی تر. ئەنجا زانیمان ئێمە بۆچی گیراوین، بۆئەوەی ئەو ماوەیە مەترسی بەگژداچوونەوە لەسەر حکومەت نەمێنێت بۆیە هەتا ئێستاش لەکەسمانیان نەپرسیوەتەوە.

## ڕزگاربوونمان لەگرتن

دوای پەنجا شەوێك بەیانیەك پۆلیسێك هات و ناوی هەموو گیراوەکانی سلێمانی خوێندەوە کەبەپێی دادپرس هەموو (أفراج) بوون و خۆتان کۆبکەنەوە ئێستا دەتانبەینەوە بۆ سلێمانی، لەوێ بەرتان دەدەین.
بەڵام بۆ شەو کەگەیشتینە سلێمانی موتەسەریف بانگی کردین و وتی ئەمە فەرمانی دادپرسە هەموو ئیفراجن، ئێمەش ئێستا بەئیفراج و کەفالەتی سێ سەد دینار بەرەڵاتان دەکەین لەگەڵ چاودێریی (٣) مانگ پۆلیسیدا. منیش هاتمە قسەو وتم: لەبەغداد ئێمە هەر ئیفراجیان پێ وتین، کەفالەت و چاودێری تێدانەبوو. موتەسەریف سەیرێکی کردم و وتی تۆ ناوت چییە؟ کە پێم وت قەڵەمێکی سووری بەژێر ناوەکەدا هێنا. منیش وتم من بۆیە وەهام وت کە فەرمانەکەی دادپرسمان بۆبخوێنیتەوە، نەك خەتی سوور بهێنیت بەژێر ناودا.

بەنەرەیەك وتی: بیانبەن.

لە سلێمانیش هەر ئەو شەوە شێخ کەریمی دۆستی ڕۆشنبیرم کە بەرگدروو بوو بووبە کەفیلم و ئازادبووم. کە ئازادیش بووم خۆ دانانیشم چەند برادەرێك پێوەندییان لەگەڵ کردمەوەو، منیش پێوەندیم لەگەڵ چەند برادەرێك کردەوەو... بەلاّم کەس لەگەڵم نەدەگەراو منیش لەگەڵ کەس تێکەڵ نەدەبووم بۆئەوەی شان ئارداوی نەبێت، ئیتر چۆڵی قوڵفەم بیرکەوتەوە. سەرنجیش دەدەم لەناو برادەرانی حیزبیشدا ئەو کەش و هەوای یەکێتیەی جاران و بڕوا بەیەکتری کردنەکەی جاران و ئەو نزیکبوونەوەی پێشتر وەکو خۆیان نین کە ئەمانە هیچیان لەگەڵ داب ونەریتی حیزبایەتیشدا ناگونجێت.

هەستیشم کرد چاودێرییەکی قورسیشم لەسەرە کەلەناو کێشی ئەو چاودێرییەدا دەبوایە حەفتەی جارێك بۆ ئیمزاکردن بچوومایە بۆ ئاسایش... ئەنجا کە زانیم گرتنم نزیك بۆتەوە، خۆم ون کرد. لەوماوەیەشدا بارودۆخی حیزب لەبارنەبوو، زۆربەی برادەرە چالاکەکان گیرابوون، یان خۆیان شاردبۆوەو، یان ئەوانەی تێکۆشانیان دەتوانی ئەنجام بدەن، تاك و تارایەك مابوون.

لەوماوەیەشدا چەندجارێك پۆلیس چوونە ماڵەوە بۆ گرتنم و چەند جارێکیش شێخ کەریمیان بانگ کردبوو بۆ لێپرسینەوە. لەوماوەیەشدا کەلە ماڵی برادەرێکم خۆم شاردبووەوە، مامی هەستی بەشتێك کردبوو، هاتە ماڵەوەو لەوکاتەدا من لەگەنجینەکەدا بووم، گلەییەکی زۆری لە برازاکەی کرد کە گوایا ئەم بەزم و ڕەزمە چییە وا دەستی داوەتێ؟ لەدوایدا کەلێتان قەوما کێ فریاتان دەکەوێت، ئێوە خێزانێکی هەژارو بێدەستن ئەمڕۆ حکومەت بەهێزە.... قەیناکا قەیناکا تۆ هەر سەریشت لەم ئیشە دەخورێت زۆر خۆتی مەدە بەدەمەوە خەریکی لەسەدا پێنجی ببە، کورە لەسەدا دەی بکە. خۆ مەرج نییە ئینسان خۆی بکات بەسووری بەر لەشکر، لەسەدا بیستی بکە. هەر زۆر ئارەزووت لەمەبەستەکە هەیەو بەپەرۆشی بووی، بیکە بە لەسەدا سی، هەر دەشڵێی کەمە با لەسەدا چل بێت، ئیتر لەوە زیاتر؟ خواحافیزو، ڕۆیشت.

کەڕۆیشت وتم، مامێکی دڵفراوانت هەیە، ڕادەی تێکۆشانەکەی بۆ گەیاندیتە لەسەدا چل.

ماوەیەکی تری پێچوو شێخ کەریم لەگرتووخانەکە دەستگیرکرا. شێخ

کەریم دۆستی شیرینم خاوەن ماڵ و خێزان لەسەر من زیندانی بکرێت، ئەمەم بەلاوە هەڵنەدەگیرا، بۆ یەکێکیش کەلە بارودۆخێکی شاراوەدا تێبکۆشێت، بواری کەمترە لەیەکێك کە سەربەست بێت... لەوماوەیەدا بڕیاریشمدا بەشێك لەخۆشاردنەوەکەم لە بەرزنجە بەرمە سەر.

## خۆشاردنەوە لە پۆلیس

ڕێبوارەکانی دامێن ڕەزی بنارەکە کەبەو ئاستەدا ڕادەبوورن، لەنێو مێوەکانەوە ناو بەناوێکی درەنگ گوێیان لە ئاخ و ئۆفی ژنێکی بەتەمەن دەبوو کەپەژارەی لێدەتکا، لەولاتریشەوە جاروبارەیەك هەر بەدەم ترێ ڕنینەوە، پیاوێکیش هەناسەیەکی بەداخی هەڵدەکێشا بۆکرۆزی خەم و خەفەتی لێهەڵدەستا، زمانی حاڵی ئەم ژن و پیاوە بەتەمەنە ئاماژەی بۆ کۆستێکی گران دەکرد کەڕۆڵەیەکی ئازیزیان لەدەست چووبێت.

من ئەم بەیانیە تاریك و ڕوون لەشارەوە لەگەڵ هاوڕێکەمدا ڕووەو (بەرزنجە) دەرچووبووم. ڕێگەیەکی چۆڵەوانی و نائاسایی و دووریشمان گرتبووە بەر، خۆمان دەپاراست ڕێکەوتی کەس نەکەین. چی بێت لەئێوە نهێنی بێت، چونکە

من ڕاكردووی دەستی پۆلیس بووم، یەكێك بووم لەو نیشتمان پەروەرانەی كە كوناوكون پیاوانی نوری سەعید بەدوایدا دەگەڕان.

هێشتا عەسریش نەببوو، شاخی گۆیژەمان بڕی و گەیشتبووینە بنارەكەی دیوی ئەودیوی شاربازێڕەوە، لەوكاتەشدا كە بەدامێن ڕەزەكەدا ڕابووردین ئەو ئاخ وداخ ونالینەمان هاتە گوێ. ئێمە لەبەیانیەوە بەبێ پشوو بەڕێگەوەین، لەبەر خەمی پۆلیس و پیاوانی میری، ئەو شەكەت و ماندوێتی و ئەو هەموو برسێتیەی ڕێگامان لەبیر چووبووەوە لەبەرئەوە جێگەی خۆی بوو كەكەمێك لێرە پشوومان بدایەوە لەنانەكەی خۆمان و ترێی ئەم ڕەزە لەنێو ئەم میوانەدا نان و ترێیەكمان بخواردایە، نەخوازە ئەم ژن و پیاوەش خۆیان زامەكانیان ئەوەندە قووڵ و نادیارە نایانپەرژێتە سەر پرسیارو پرسیاركاری دەنگ و باسی كەسانی وەك ئێمەو مانان.

نابەدڵ لاماندایە قوژبنێكی نێو ڕەزەكــەوەو دانیشتن، دوای كەمێك توێشەبەرەكانمان كردەوە، لەوكاتەدا پیاوەكە بە جامولكەیەك ئاوەوە هات بۆلامان و، چەند خەمی دڵی هەڵیبگرێت بەخێرهاتنێكی كەمێك گەرمی كردین، كە توێشەبەرەكراوەكەی بەردەممانیشی بینی، بەبێ ئەوەی سەرنجمان بدات وتی: پەلەمەكەن نانەكەتان بەوشكی بخۆن، ڕاوەستن با دووسێ هێشوو ترێی جوانتان بۆ لێبكەمەوە، كە هێنای و بۆی دانایین، چووەوە بەلای ئیشی خۆیەوە.

دوای نان و ترێ خواردن كە چاوێكمان كردبوو بە دەچاو، دانیشتنەكە هانی ئەوەی داین كە هەندێ بحەسێینەوە، هاوڕێكەم لێی درێژبوو، لەبەرئەوەی زۆر ماندووبوو زوو خەوی لێكەوت. منیش خۆم پێ ڕانەگیرا ڕووەو ئاسمان لێی ڕاكشام. لەترسناكی چۆڵەوانی ئەو كەژو كێوانەو، خامۆشی ئەو چەم ودۆڵانەدا، ڕووانینەكانم دوور دوور فڕین بۆ ناو بەرزاییەكانی ئاسمان. لەجیاتی ئەوەی مێروولەو وردە جانەوەری ئەو چۆڵەوانیە تێم بئاڵێت، بیرۆكەو لێكدانەوە، هروژمێكی وەهای بۆ هێنام، دووچاری سەودا سەرییەكی گەرمی وەهای كردم لەگەڵ خۆم بكەومە مشتومڕو گلەیی و گلەییكاری و بڵێم: ئەرێ تۆ جەنابی ئەفەنی، مامۆستایەكی مووچەخۆری میری بوویت، كەچی ئێستا دەركراو دەربەدەری چۆڵ و هەردان بوویت! ئای...! چەند ئەو دایك و باوكە هەژارەت و براو خوشكە لێو وشكانەت لەدەمی خۆیان گرتەوەو كردیان بەقوڕگی تۆدا هەتا پێیان گەیاندیت!

ئای چەند بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەیـان دەکرد کە تۆ ببیتە خاوەن مووچەو پارەیان بدەیتێ! ئەوان هەموو هیواو ئاواتێکی دوورو نزیکیان هەر تۆ بوویت، کە تۆش بەدرێژی ئەم سێ ساڵە هەر مووچەی یەکەم مانگت لەدەست بووەوە، ئیتر لەوساوە ملکەچ هەر زەقەی چاویان دێت! کەچی تۆش ئەم بەرازەت لێدەرچوو، هەی بەراز..! ئای لەم دژوارییە!!

خامۆشی کپی ئەو کەژو هەردانە ئەوەندەی تر پەتی بۆ ئەمجۆرە بیرکردنەوانەم شل کرد، تادەهات ئەم سەودا سەریە پتر سووژن ئاژنی دەکردم، بەخۆم وت: ئەرێ یاران ئەمە چ ڕۆژێکە تۆی تێکەوتوویت؟ ها ئێستا ها دەقیقەیەکی تر دووسێ پۆلیس بەسەر سەرتەوە لە ئەسپەکانیان بازیان دایە خوارەوەو نەرانیان بەسەرتا: سەگی سەگباب ئەمە تۆی وا لێرە پاڵت داوەتەوە؟ خۆ ئێمە لەژێر زەمیندا بۆت دەگەڕاین، کەچی ئەوەتای لەسەر زەمین. هەڵسە نارەسەن ڕاست بەرەوەو دەستت بێنەو، لەپشتەوە کەلەپچەیان کردیت. هەرئەوەش، نا، ئەی ئەو پانزە بیست ساڵەی کە حاکمەکە دەیکوتێت بەتەنگەتدا؟ یان بریاری مەرگ بەهەڵواسین؟ ئەنجا لێرەدا ئەم پرسیارە چاوەڕوانکەرەشم لەخۆم کرد: چییە تۆ هۆشت لای خۆت نییە وابەم جۆرە بیردەکەیتەوە؟ تۆیەك پێنج شەش ساڵە گەنجێکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕیت، ئایا ئەم شێوە سەودا سەرییە بۆ یەکێکی وەکو تۆ دەشێت؟ئەنجا وەڵامی خۆمم دایەوەو دەمووت: ئەی ناکرێت بڵێین بۆچی ناشێت؟ ئایا ناشێت ڕۆڵە بیرلە هەژاری و داماوی دایك و باوك و براو خوشکی خۆی بکاتەوە، یان بەدەربەست لێقەماویانەوە بێت؟ ئایا ئەوانیش بەشێك نین لەم گەلەی کە ئێمە خەباتیان بۆ دەکەین و خۆمان لەپێناویدا بەخت دەکەین؟ تەزووەکانی ئەو سەوداسەریە وەها سڕی کردبووم جریوەی چۆلەکەیەك نەدەهات کەلە تاڵ و ترشییەکانی بمهێنێتەوە هۆش خۆم. بەڵام دەنگێکی تر رووی تێکردم.. لەنێو جەرگەی ئەو خامۆشیەوە لەدووری دوورەوە دەنگێکی زوڵاڵ بەشێنەیی بەرەو لام هات. بەزمانێکی شیرین کەوتە دوانم، بەزایەڵەکەی ئەوەی پێ بەخشیم کە دەنگێکەو لەئاوەدانیەوە هاتووە، ناویشی ئاوەدانیە، وتی هەڵسە هەڵسە من لەئاوەدانی سەربان و حەوشەو هەیوانی مزگەوتەکەی ئەم دێیەوە هاتوومەتە لات.. تا دەهات زایەڵی ئەم دەنگە دەیبووژاندمەوە بەجۆرێکی وەها هەستم بەخۆم کرد لەنێو ئاوەدانیەکدام و دڵنیایەك لە سینەمدا دەگەڕێت..

وتی هەڵسە من لەنێو ئاوەدانی و ئاسودەیی نێو ئاوەدانیەوە گەیشتوومەتە لات لەجێگەیەکەوە هاتووم، خاوەنەکەی خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتە.

ئیتر لەم ئاستەدا کە زایەڵی ئەم دەنگە لەهەموو ئاسۆی گیانمدا بڵاوبووەوە لەخۆمدا هەستم بەگۆڕانێك کرد... ئەو سەوداسەریە تاڵ و ترشانە نەمان و، چوومە جیهانێکی دڵنیایی و ئاوەدانیەوە. پۆلیس و کەلەپچەو دڵەڕاوکێ و زیندان و چۆڵەوانی و هەژاری و پەرۆشی دایك و باوك وخوشك وبرا، هەموویان هەر بەجارێك شوێنەواریشیان نەما.

لە ژاکاوی ئەو سەوداسەریەوە کەوتمە چالاکیە گەشەکانی جارانم.. پڕ بەسینەم هەناسەیەکم هەڵمژی و ئیتر گورج هاوڕێکەم لەخەوەکە وریاکردەوەو پێم وت: لەبەرئەوە زووتر بەئاگام نەهێنایتەوە وتم هێشتا کاتمان زۆرەو بەڵکو شەو بەتاریکی بچینە ناو ئاواییەوە. ئیتر من لەوساوە کە پەنجا ساڵ پترە، هەر کە گوێم لەدەنگی (بانگ) دەبێت، سروەی ئەو چرکەساتە شادمانیە لەمێشکمدا دەزرنگێتەوە کە لەو جیهانە ڕەشبینیەوە گواستمیەوە بۆ نێو جیهانی گەشبینی.

## ڕۆژانێکی ڕەش

دوای ماوەیەکی کەمیش کەلەبەرزنجە هاتمەوە، دەبینم ئەو بارودۆخەی کەبۆم باسکردبوون گەلێك خراپتر بووە، لەبێدەرفەتی و بێدەرەتانیدا ناچار ئیتر خۆم لە پۆلیس نەشاردەوە. کە ڕەوانەی تەحقیقاتی جینائیان کردم بۆ بەغداد، لەوێ دوای چەند ڕۆژێکی کەم و ماوەیەکی کەم بەرەورووی قۆمیسەرێکیان کردمەوە بەپێنج ڕۆژ لێپرسینەوەکەمی تەواوکرد. شەش شایەتم لەسەربوو فلانەکەس وادەڵێت تۆ دەڵێیت چی؟ فلانەکەس درۆ دەکات و ناشیناسم. کە هەر

پرسیارێکم بەنەفی وەڵامدەدایەوە تێر جنێوی دەکردم ئەوسا پرسیارێکی تری دەکردەوە. لێپرسینەوە تەواو نێررا بۆ دادپرس. هەتا لەو چوار ڕۆژەدا کە وەڵام نەبوو، پاشابووم. چونکە هیچیان لێنەبەستبوومەوە، ڕۆژی پێنجەم حاکم ناردی بەدوامداو وتی: ئەمە تۆ چیت کردووە؟ کەی ئەمە ئیفادەیە؟ من ئەم ئیفادەیە وەرناگرم. دەمەوێت ئێستا وەریگریتەوەو بیگۆڕیت و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەڵامم بدەیتەوە. منیش پێم وت لەوە زیاتر کەنووسراوە هیچی ترم نییەو هەر ئەوەیە. تۆ شەش شاهیدت لەسەرە شەش، یاڵاسیکتر برۆ بیگۆڕە. کابرایەکی چەتەوڵ بردمی بۆ ژووری تایبەتی ئازارو ئەشکەنجە لەوێ وتی دەیگۆڕیت  یان دەست پێبکەین؟ وتم ئەوە ئیفادەیەو داومەو، هەرئەوەیشەو هیچی تریشم نییە هەتا بیگۆڕم..

بەدوو زنجیر هەردوو دەستمیان بەستەوە، ئەنجا بەئاگری جگەرەو بەچەرخی جگەرە داگیرسان لەپێشدا بەربوونە سووتاندنی پشتی دەستی ڕاستم.. کابرا یەکێکی تریشی لەگەڵ بوو. هەموو جارێکیش دەیوت ها کیفیك؟ کابرا سووکە هاواریشی لێنەدەبیستم. ئەو بەرازە زۆر بێڕەحم و بێبەزەیی بوو هیچ ویژدانی خوای لەدڵدا نەبوو.. سێ جار لەهۆش خۆم چووم و زیندوو بوومەتەوە.. ئەو هەر لەسووتاندندا بەردەوام بوو، منیش لەبەرگەگرتندا هەر بەردەوام بووم.. ئەنجا لەوێدا بۆم دەرکەوت کەخوا بۆیە ئاگری کردووە سزا چونکە ئازارەکەی زۆر سەختە. ئەنجا کابرا دەستیکرد بەسووتاندنی دەستی چەپم کەلەم کاتەدا خەریك بووم بێمەوە هۆش خۆم ئەوسا بەخۆم زانی لەچ داراتێکدام. هەتا ئەو دەقیقەیەش نەمدەزانی کە مرۆڤی وادڵرەق و بێهەست هەیە.. بەڵێ هەتا ئێستاش شوێنەواری سووتاندنەکەی دەستی ڕاستم کەمێکی هەرماوە، کەهەر لەوکاتەشدا بەخۆم زانی و ددانم پێدانا کە منیش مرۆڤم و لەخوێن و گۆشت دروستکراوم. ئەنجا دوای ئەو هەموو بێزارکردنە کابرای چەتەوڵ بۆماوەیەکی دوورودرێـژ لەسەریەك کەوتە کولاندنەوەی دەستە سووتاوەکانم کەئازارەکانی ئەمیان گەلێك بەسوویێتربوو لەهی داخکردن و سووتاندنەکانی پێشوو..هەتا لێرەدا دەڵێم: زۆر قارەمانن ئەوانەی لەسەر ئاستی خۆڕاگرو بێگەرد دەردەچن.

دوای حەفتەیەکی تر کە دادپرس بانگی کردمەوە بۆلای خۆی:ئیفادەکەی پێشووی دەرهێنام و بەدڕاوی خستییە سەبەتەی خۆڵەکەوەو وتی: ئەمە ئیفادە ١٠٥

کۆنەکەتە دراندم، لەجیاتی ئەوە ئیفادەیەکی نوێمان بەپوخت وجوانیی بۆ نووسیویت و بۆشمان ئیمزا کردوویت، ئیتر لەرەسمیاتدا ئەمە دەخوات... دەئیتر سیکتر بۆ دەرەوە. بەڵام ئەو ئیفادەیەی کەلەجیاتی من نووسیویانەو ئاگاداری نیم: بەئارەزووی خۆیان دەیان ناوی ترو چەندان کەسانی تریان تێدا نووسی بوو کەخۆیان مەبەستیان بوو.

کەلە کەش وەهەوای تەحقیقاتی جینائی ڕزگارم بوو، داوام لەوەزارەتی مەعاریف کرد بۆ دامەزراندنەوەکەم کەدووری خستبوومەوە لە مامۆستایی، پەسەندی نەکرد.

## کاتێکی کورت و ژیانێکی درێژ لەتەوێڵە

خۆم گەیاندەوە محەمەد عەلی قەرەداغیەکەی خۆمان، کەبە (عەبدول مەجید زێدان) بلێت لەبەشی سەرەتاییەکەی کۆمەڵی (تەفەیوز)ی ئەهلی دامبمەزرێنێت بەمامۆستا، ئەویش داوەکەی نەدابووە دواوەو بەمووچەیەکی کەم دایمەزراندم. ئیتر لەگەڵ مامۆستا شێخ ڕەئوفی بەڕێوەبەری سەرەتاییەکەداو کۆمەڵە مامۆستاکانیدا ڕاهاتین و هەتا ساڵ و نیوێك بەیەکەوە قوتابخانەکەمان ئاوەدان کردەوە هەتا شوباتی ١٩٥٢. ئیتر کە کاروباری ئیداری مامۆستایان کەوتە دەست ئیدارەی ناوخۆیی: گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لە ١٩٥٢/٢/١٢ دا لە قوتابخانەی تەوێڵە دەوامی خۆمم کرد کەئەوسا ڕێگەوبانی ئوتومبیلی نەبوو هامشۆکردن لەهەڵەبجەوە بۆ ئەوێ هەر بەولاخ بوو.

تەوێڵە لەبەیەکگەیشتنی دوو دۆڵی قووڵی شاخاوی، لەناوچەیەکی کوێستانیدا هەڵکەوتووە، ئەو دۆڵانەش بەدارگوێزو دارتوو سەراپا داپۆشراون قوتابخانەکەیان

کەشەش پۆلی بوو لەخانوویەکی تایبەتی مام ناوەندیدابوو. کە بەڕێوەبەرەکەی ناوی (شێخ سەفائەدین) بوو، بەڵام شێخ سەفائەدین هەرخۆی شێخ سەفائەدین ئەمەندە مرۆڤێکی زرنگ بوو. دووســاڵ لەگەڵ شێخ سەفائەدین وعەباس ومەحمودی ئەولی ویونس وخورشیدە فەنیدا بەخۆشی بردمانە سەر. تەوێڵەش خۆی گوندێکی هەزار ماڵی زۆرتر بوو، مەرکەزێکی پۆلیس و گومرگی لێبووجگەلە فەرمانگەی شارەوانی، کەئەم لایەنانە گوندەکەیان یان بلێیت شارۆچکەکەیان دەبرد بەڕێوە.. لەخوار ئاواییشەوە مەرقەدی (شێخ سیراجەدین) و چەند شێخێکی تر خانەقاو ئەو ناوچەیەی پیرۆز کردبوو،کە ئیمامی مزگەوتەکەش (مەلا ساحێب) لەکاروباری شەرعکردن و ناوبژیدا دەستێکی باڵای هەبوو. مالیدەرو چلاغەو وەراوەرو بەرخانەقا لەگەرەکە ناودارەکانی ئەم ئاواییەبوون. سەوزەو کشتوکاڵ لەتەوێڵەدا کەم بۆ ڕاگرتنی مانگاو مەروماڵاتیش هەر کۆك نەبوو، دانیشتووانەکەشی جگەلەوەی کەزیتی و زیرەکیان تێدایە، بەقەناعەتیش بوون، بەدروستکردنی شاڵی ڕانك وچۆغەو کڵاش وچەقۆو قەڵەمبڕو بەرهەمی عەنتیکەی دارتاشی و، سەوداو کڕین وفرۆشتنی سەرسنوور خۆیان بەخێو دەکرد. (زاوەر)و(شۆشمێ)ش کەدوو دێی ئێران بوون لەگەڵ ئەوێدا هاوسنوور بوون.

لەمانگی چواری (١٩٥٢)دا، شەوێك لەهەیوان وحەوشەکەی قوتابخانەکەدا لەدەرهێنان و نواندنی خۆم بەناونیشانی (دادگایی کردنی مێش) شانۆییەکم پێشکەش کرد کەجەماوەرێکی زۆر هاتنە سەیری، ئەمە یەکەمجاربوو کەلەتەوێڵەدا چالاکی وەها ببینرێت... هەروەها ڕۆژێکیان قوتابیەکانم برد  بۆ تەختکردن و پاککردنەوەی تەلانێکی ژووروەوە، کەبۆ یاری فتبۆڵ دەست بدات، کەئەم کارەش ئەنجامدرا، ئەمە یەکەمجاربوو کەئەو یاریە لەتەوێڵەدا بکرێت.

لەبەهاری (١٩٥٣)شدا لەحەوشەی قوتابخانە چۆڵکراوەکەی کچان کە دراوسێی کوڕانەکە بوو، نەخشەیەکی عێراقم بەگڵ وبەرد دروستکرد کەشاخ وتەختاییەکانی نەخشەکەم تێدا نیشاندابوو. ئاوی دیجلەو فورات ولقەکانیان سەربەرەو خوار خوڕەی دەهات، ناوی شارەکانیشم لەسەر پارچە تەختە نووسیبوو لەجێگەی خۆیان دامکوتابوو، شێخ سەفائەدین و کەس وکاری قوتابیان بەچاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە ئەمجۆرە چالاکیە تایبەتیانەم کەپێشکەشی قوتابخانەکەم دەکرد. لەمانگی دووی (١٩٥٣)یشدا وەکو زاوایەکی خۆیان تێیاندەڕوانیم.

لەمانگی نۆی (١٩٥٣)دا من و خورشیدە فەنی لەسەر داوای خۆمان گوێزراینەوە من بۆ خورماڵ و ئەو بۆ هەڵەبجە کەهەردووکمان لەرۆژێکدا بەخاووخێزانەوە بەپشتی وڵاخ ماڵئاواییمان لەتەوێڵەکردو بەرەو قوتابخانەکەی خۆمان دەرچووین. بەڵام پێش ڕۆیشتنمان لەوێ با تامێکی دارتاشیەکەی هەردووکمان بچێژین.

خورشیدە فەنی کەبەتەمەن لەمن گەورەتربوو هاوینان لەتەوێڵە دەمایەوەو نەدەرۆیشتەوە، لەبیرکردنەوەو هەڵوێستیشدا کەمێك سەیربوو، هاوینی ١٩٥٣ کەزانی منیش دەمێنمەوە، پێشنیازی بۆکردم کەمادام هەردووکمان نارۆینەوەو هاوینەکە لێرە دەبین: بۆ کات بردنەسەر با کاتەکە بەدارتاشین بەرینەسەر، هەریەکەمان لەدارگوێز تاقمێکی دانیشتنی باش دروست دەکەین. من لەوەستا ئەحمەدی دارتاش کەرەسەی ئیشەکە بەمانگانە وەردەگرم و قوتابخانەکەش لەشێخ سەفائەدین دەخوازین و یەکی قوتابیەکیش دەکەین بەشاگردی خۆمان. کەپەسەندم کرد وتم خورشیدە فەنی من تاقم دروست ناکەم بەڵام دوو کورسی گەرۆك و کەنتۆرێك دروست دەکەم. ئەنجا کەئەو هەموو لایەنەکانی پرۆژەکەی جێبەجێ کرد هەردووکمان بەیەکەوە کەوتینە تەختەکرین، بەیەکەوە دەچووینە هەر ماڵێك، ژوورەکەی پشتەوەیان تەختەی دارگوێزو دارتووی پان ونزیکی سێ مەتر درێژ سەفتەو ئامادەکراوبوو بۆ فرۆشتن. ئێمەش بەئارەزووی خۆمان و بەپێی پێویست تەختەی گوێزمان کری لەقوتابخانەکە بەمشاری شەققە دامانهێناو تەختەکانمان ئامادەکرد. ئیتر بەرۆژ خۆمان بەو کارانەوە خەریك دەکرد. لەوسەردەمەشدا کە هەژاری زۆربوو هەر کەسێك بە دە رۆژ شلەو برنجێکی بخواردایە: پاشابوو بۆخۆی، وەهاش بڵاوبوو کەماڵی خورشیدە فەنی هەموو رۆژێك دوو ژەمە شلەو برنجیان هەیە، جا نیوەڕوان کە شاگردەکەی دەبردەوە لەو بابەتەی دەخوارد. نیوەڕۆیەکیان کەلە شاگردەکەی توورە بوو، ویستی لەلایەن دەروونیەوە کاری تێبکات نەڕاندی بەسەریدا: کەمێك گورج بەگورج، خێرا ئەوە تەواو بکەو بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە نان و دۆکەت بخۆ... دوای دوو مانگێك هەرکەسە چەندی ئامادەکردبوو بردیەوە بۆ ماڵی خۆی ئیشی لێبکات. خورشیدە فەنیش ماڵەکەی لەجێگەیەکی وەهادا هەڵکەوتبوو، بەم شەوگارە لەبەر تەق و هوری بزمار داکوتان ئەمبەرەو بەری دێیەکە دەنگی دەدایەوەو نەیدەهێشت کەس خەو بچێتە چاوی... جا ئەو ڕۆژەش کەهەردووکمان ماڵئاواییمان لەتەوێڵەکرد:

بەرهەمی دارتاشی ئەو هاوینەشمان بەپشتی ئێسترەکانەوە دابەسترابوو... لەڕێگاش هەر شیعرە جوانەکانی (گۆران)م لەگوێچکەدا دەزرنگایەوە کەبەسەر تەوێڵەدا هەڵیدابوو.

## نمایشێکی وەرزشی لەخورماڵ

کەگەیشتمە خورماڵ چوومە خانووەکەی حەمەی فەراشەوە کەزۆر ناخۆشیش بوو. خورماڵ لەجێگەیەکی پانی تەختی ئاوداردا بوو کە چەمی (زەڵم)ی پێدا تێدەپەڕی سەرچاوە گەورەکەی (ئاوی گەنجان) دیمەنێکی جوانی پێبەخشیبوو، هەروەها مزگەوت و منارەکەی سوڵتان سەلیمی عوسمانلی شاهیدی کونیی بۆ دەدا. گردۆڵکەیەکی گەورەش لەناوەڕاستی ئاواییەکەدابوو کەلە قەڵاییچە دەچوو دام ودەسگای میری بەڕێوەبەری ناحیە، لەوێوە دەڕوانی بەسەر ناوچەکەو خانووەکاندا، کەلە تەختاییدا دروستکرابوون.. لەخورماڵیشدا دوو گەڕاویش واتە دوو سەرچاوەی گۆگردیشی لێبوو کەخەڵکی لەملاولاوە دەهاتن بۆ چاکبوونەوەی هێندێك نەخۆشی پێست. مێژووناسێکی ئەوروپایی کاتی خۆی کەلێرەوە تێپەڕیوە دەڵێت: خورماڵ جوانترین دێی کوردستانە.

من کەچوومە ئەوێ لەوێ هاوڕێی خۆشەویستم جەمال بابان بەڕێوەبەری ناحیەکەبوو مامۆستا حەمەلاویش بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خەلیل زاخۆیی و عەبدوڵا کوردی مامۆستای ئەوێ بوون کە شەست قوتابیەکیان هەبوو. برینپێچی خەستەخانەکەش عەرەبێك بوو عەلی ناو بوو زۆرجار کە غوربەتی هەڵدەسا، بەدەنگە زۆر ناسازەکەی لەیانەکەی فەرمانبەراندا مەقاماتی عەرەبی دەوت. لەساڵی دووەمدا حەمەلاو گواستیەوە بۆ هەڵەبجەو منیان لەجێگەکەی دانا، هەروەها جەمال بابانیش لەوێ نەما، محەمەد عەلی الشیخ هاتە جێگەکەی کەلەدامێنی ئاوایی قوتابخانەیەکی شەش پۆلی و خانوویەکیان بۆ مامۆستا دروستکرد.

لەقوتابخانەکەی خورماڵ شانۆییەکم پێشکەشکرد لەبارەی نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە بەناونیشانی ئەوە کێیە؟ کەسوکارێکی زۆری قوتابیان هاتبوون بۆ سەیری، کەئەمەش یەکەمجاربوو لەخورماڵ شانۆیی نیشان بدرێت. قوتابخانە نوێیەکەشمان پانتاییەکی گەورەی هەبوو بەو بۆنەیەوە لەساڵی سێیەمدا نمایشێکی وەرزشیمان تێدا نیشاندا کە هەمەجۆر چالاکی وەرزی تێدا نمایشکرا، بۆ ئەم مەبەستەش مەڕێکم کڕی و پێستەکەیمان دایە ئافرەتێك بۆ خۆشکردن، قوتابخانەکەش بەرمیلی بەتاڵی شیری هەبوو، پێستەکەم گرتە بەرمیلەکەو، دەهۆڵ هەی دەهۆڵ، قوتابیەکم فێری دەهۆڵ لێدان کردو، قوتابیەکان بەڕیز کەوتنە ناو شارەوە بۆ بانگێش کردنی خزمەکانیان بۆ سەیری نمایشەکە. کەبەم هۆیەوە سەیرکەرێکی زۆر کۆبوونەوە بۆ بینینی نمایشەکە، کە ئەمە یەکەمجاربوو خورماڵ نمایشی وەرزشی چاوپێبکەوێت. هەروەها لەحەوشەی قوتابخانەکەدا نەخشەیەکی سروشتی عێراقم دروستکرد گەورەترو چاکتر لەوەی تەوێڵە، کەبەم چالاکیانەدا مامۆستایان و خزمانی قوتابیان دەرکەوت کە زۆر بەدەربەستیانەوەم.

وەکو گێرامەوە لە ١٩٥٥ دا جەمال بابان لەوێ گوێزرایەوەو محەمەد عەلی شێخ هات بۆ بەڕێوەبەرێتی ناحیەکە کەئەمیش بەدڵسۆزی و خزمەتگوزاری دانیشتووانەوە بەناوبانگ بوو. لەماوەی بەڕێوەبەرێتی ئەمدا سێ خانووی نایاب بەقۆنتەرات بۆ مامۆستاکان دروستکرا، کە یەکێکیان بە شایستی خۆم بەر من کەوت. کاتێك گواستمەوە ناوی و دوای پیرۆزبایی لێکردنم کاکە محەمەد عەلی

لێی پرسیم مامۆستا خۆ هیچ کەمکوورییەکی وەهات لەخانووەکەدا نەبینی؟ وتم خانووی چاکە، بەڵام هەر ئەوەندە دەمم سووتا کەوتم: بیریان چووە شووشەی پەنجەرەی سەر دەرگاکەی دەرەوە بەمەعجون تێبگرن، ئیتر ناتەواویم پێوە نەبینیوە، ئەوەش شایانی باس نییە، خۆم کە ڕێگەم کەوتە هەڵەبجە بۆی ئەهێنم و تێییئەگرم. هەر کەئەم وەڵامەم لەدەم دەرچوو، وتی: نەو شتی وەها نەکەیت.

ئەو قۆنتەراتچیە پارەی شووشەکەو مەعجونەکەی وەرگرتووە، پێویستە لەسەری بەناتەواوی هیچ بەجێ نەهێڵێت و تەواویان بکات.

هەرچەند وتم ئەو لەسلێمانی و خانوویەك لەخورماڵ، تازە ئەوە ناهێنێت،وتی بەڵێ بەڵێ خۆ ئێستا ئەو هەر لەسلێمانیەو خانووەکەش هەر لێرەیە، بەڵام ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە، زۆر کەسانیتر بیری لێناکەنەوە.

دوای هەفتەیەك کاك محەمەد بەنووسراوێکی حکومەتی کابرای قۆنتەراتچی بەدوو تەبەق شووشەو تۆپەڵێك مەعجونی شووشە تێگرتنەوە لەدووری سەد کیلۆمەتری سلێمانیەوە کێش کردە خورماڵ.

جا لەکاتی شووشە تێگرتنەکەدا، کەلەگەڵ کاك محەمەدو دوو کەسیترو شۆفێرەکەدا بەدیاریەوە ڕاوەستابووین کە قۆنتەراتچیەکە بەسەر پەیژەکەوە ئەنازەی پەنجەرەکەی دەگرت و، تۆپەڵە مەعجونەکەش لەسەر مقەبایەك لە زەویەکەدا دانرابوو، سەگێك لەنزیکمانەوە سەیرمان دەکات و مەعجونەی لێدەگۆڕێت بە گونکە هەویر،/ ئیتر قەپی پێداکردن و فڕاندی بۆ نێو دارستانە چڕەکەی نێو چەمەکەی لامانەوەو شوێنەوار ون بوونی: یەکێك بوو. نەهاوارو نەتێخورین نەبەرد باران کاری کرد.

کابرای قۆنتەراتچی بەنائومێدیەکەوە لەپەیژەکە هاتە خوارەوەو هەموو بەجۆرە پێکەنینێکی ناخەوە دەستمانکرد بەپێکەنین و سەیرکردنی یەکتر، بەتایبەتی کە من سەیری کاك محەمەدم کرد، لەدڵی خۆمدا وتم: تۆبڵێی ئێستا بیرلەوە نەکاتەوە ڕابسپێرێت: قۆنتەراتچیەکە گونکێك مەعجونی تر نەهێنێت؟

# قوتابخانەی سەیوان و قاورمەی نۆك فرۆشەکە

دوای ئەوەی کە پێنج ساڵم لەقوتابخانەکەی خورماڵ بردەسەر، بەهۆی هێندێك خزم و ناسیاوەوە گواستمەوە بۆ سلێمانی. لەوێش لە قوتابخانەی (سەیوان) کەلەسەر (ئاشی گاوران) بوو دایانانم، کەلەگەڵ عەزیزی میرزا ساڵحی بەڕێوەبەردا بەیەك گەیشتینەوە کە شێخ عەبدول ڕەحمان یارمەتیدەرو نووسەری بوو، کۆمەڵێك مامۆستاشی لێبوو وەکو مستەفا ساڵح و عیزەت ڕەشیدو فوئادی حەمەمیناغاو مەحمود وەهبی و ئەحمەد موسڵی و چەند کەسێکیتر. لەوێش خووم دایە یارمەتیدانی قوتابخانەکە، هەتا عەسرانیش تا درەنگانێك دەچوومەوە بۆ ئامادەکردنی (وەسائیلی ئیزاح)و کاروباریتری قوتابخانەکە، هەتا ڕۆژێکیان عەزیزە فەنی قۆڵی کرد بەقۆڵمداو پێی وتم: عومەر تۆ دەزانیت من فریاتکەوتم، ئەگەر من نەبوومایە خراپت لێبەسەر دەهات. کە پرسیم بۆچی؟

وتی تۆ دەزانیت سەعید ساقی ئەو ماوەیە لەپارێزتدابووە (سەعید ساقیش باشچاوەش پۆلیسخانەکەی سابوونکەران بوو) گومانی لێپەیداکردبووی کەبۆچی ئەم مامۆستایە ئێواران درەنگ لەقوتابخانەکە دەمێنێتەوە؟ بێگومان کارێکی سیاسی بەدەستەوەیە. کەمنیش تێمگەیاند ئەو کوڕە پاکەو بۆ وەسائیلی ئیزاح و وێنەکردن و ڕێکخستنی قوتابخانەکە دێتەوە،ئەوسا وازی هێنا.جا ئەوە بۆیە پێموتیت ئاگات لە خۆت بێت. لەناو قوتابیانی پێنج و شەشدا قوتابی گەورەیان تێدابوو، وەك مستەفا چاوڕەش و کوڕەکەی عومەر قەزازو جەلالی وەستا ئەمین یەك دوانێکی پێنجوینی و عومەری عەلی، کە ئەم عومەرە کوڕێکی هێمن و سەنگین بوو. هەروەها ئەو ڕەحمان و حەمەی کەرەمیش فەراش بوون و خەریکی پاکوخاوێنی بوون.

کە بەیانیان دەچووم بۆ دەوام دەمبینی پیاوێکی پیر بەدیار مەنجەڵێك قاورمەی نۆکەوە دانیشتبوو کەس لێی نەدەکڕی. بەڵام لەبەرئەوەی قوتابخانەکە هێشتا دیواری حەوشەی بۆ نەکرابوو، پیاوەکە بەڕۆژ کەمێك دەهاتە حەوشەکەوە ئیتر قوتابیان لەکاتی پشوودا وەها تێیدەئاڵان بەستەزمان سەری لێدەشێوا لەبەر زۆری کڕیارو پاڵەپەستۆ هیچی بۆ نەدەفرۆشرا. لەسەیوان یەك دوو هەفتە دەوامم کردو چونکە لەوەو پێشتر لەخورماڵەوە دایاننابووم بۆ سەرژمێرە گشتیەکەی ١٩٥٧،مانگێك ناردمیان بۆسەر ئەو ئیشە لەناوچەی هەورامان.

# ئاوایی دەرەی مەڕ

ڕووبارێکی ڕەنگ نیمچە پیرۆزەیی بلورین، بەنازو نوزێکەوە بەنێو چەمی بەردێیەکەدا لارولەنجەی بوو. ئەم ناوە بەدرێژایی کەنارەکانی خۆیدا چەوێکی سپی باوی زبری بەجێ هێشتبوو، کەلەولاترەوە چەند بەردێکی گەورەو بچووکی شۆراوەی لەسەر بڵاوببووەوە کە دەنووسان بەبناری ئەو شاخەوە وەك دیوارێکی بەرزو بڵند هەزار بەهەزار هەڵچووبوون و دەربەندێکی قووڵی سامناکیان دروستکردبوو.

من کەلەناو دێوە ئەو دیمەنە سروشتیە جوانەو ئەو ژن و منداڵانەم بەجلی ئاڵوواڵاوە دەبینی خەریکی قاپ و ئیبار شۆرین و ئاوهێنانن لەو ڕووبارەوەو قازو مراوی لەوناوەدا دەهاتن ودەچوون، هەموو هۆشێکم لەوێدا کۆدەبووەوەو گیرۆدەی ئەو دڵگیرییەی دەکردم.

ئەنجا سەیرکردنی چاو هەڵدەگەڕا بۆ ئەو ئەشکەوتانەی کەبەبەر کەژە بەرزەکانەوە هەڵکەوتبوون و وەك دیوار دەوری دێیەکەیان دابوو و هەرئەوەندەی بێژنگێك ئاسمانیان بۆ هێشتبووەوە. لەزۆری ئەم ئەشکەوتانەش بوو دێیەکە ناونرابوو (دەرەی مەڕ) کەبەشێوە زمانی هەورامی (دۆڵی ئەشکەوتان) جا کە لەنێو دێوە تێبینی دەمی ئەم ئەشکەوتانە بکرایە، هێندێکیان گەورو کۆڵێتیان لەنێودابوو کەبۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ دروستکرابوون. هەتا لەمەش سەیرتر دانیشتووانی دێیەکە دەیانگێڕایەوە کە سەردەمانی زوو ئەم دێیە بوونی نەبووە، بەڵکو لەنێو ئەم ئەشکەوتانەدا خانووبەرەیان دروستکردووەو تیایاندا ژیاون، دوای ئەوە بەرەبەرە، چۆڵیان کردووەو لەنێو ئەم دەربەندە تەسکەدا، لەم جێگەیەی ئێستادا، چروپڕ بەیەکترەوە نووساو، بۆ خۆپاراستن لەدەست درێژی ناحەزان و درندەی کێوی و فەرتەنەی زستان، خانووبەرەیان دروستکردووەو ئاوەدانیان کردۆتەوە، ئەم گوندی(دەرە مەڕ)ە یان لێ قووت کردۆتەوە. ئەو بەردە گەورەیەش کە دووسێ ئەوەندەی خانوویەك دەبێت و چەند ساڵێك دەبێت لەنێو دێدا جێگەی خۆی داگیرکردووە، ئەوە لەشاخەکەوە کەوتۆتە خوارەوە کەبەدەم بوومەلەرزەیەکەوە، بەشی خۆی زیانی وەشاندووە.

ڕۆژێکی پایزی ساڵی (١٩٥٧)بوو کەلەگەڵ دوو فەرمانبەریتر بۆ نووسینی سەرژمێری گشتی دانیشتووان، بۆ شەوو ڕۆژێك ڕێگەمان کەوتبووە ئەم دێیە، کەلەم ماوەیەدا چەندان شتی سەرنجڕاکێشمان بەرچاو کەوت. ئەوەبوو دوای شەوێك کەبەیانیەکەی نۆرە نووسینی مزگەوتەکە هات، داوامان لە مەلاکە کرد کە پیرێکی ئیفتادە بوو، بەپێی ڕێ ورەسمی کارەکەمان لەپەڕەکەی خۆی لەسجلەکەدا ئیمزا بکات، ئەویش پرسیارێکی سەیری لێکردین، وتی: ئەی نیازتان نییە دێهاتەکانی ئەودیویش بنووسن؟ ئەودیو مەبەستی ئێران بوو کە سنوور بەسنوورەوە بوو. ئێمەش وتمان مامۆستا، بەپێی یاسای دەوڵەتی ئێمە بۆمان نییە بچینە دەوڵەتێکی ترەوە، لەدڵی خۆشمدا وتم: تۆ بڵێیت مامۆستا مەبەستی ئەوە بێت کوردستان هەمووی یەك خاکە، یان ئەوەندە دوورە سیاسەت بێت: ئێران و عێراق دوو دەوڵەتی جیاوازن؟ ئیتر ئیمزاکەی مامۆستا داواکارمان بوو و کاتی ئەوەمان هات ماڵئاوایی بکەین بەڵام گوندەکە ڕێگەی ئەوەی پێنەداین، هەتا چەند وێنەیەکی تایبەتیتری خۆیمان پێنەبەخشێت کەلەدێهاتەکانی تری

ئەو ناوچەیە نەمان دەبینی.

بۆ چێشتەنگاوێکی درەنگ کەکەوتینە ڕێ، تازە تیشکی خۆر پەنجە زێڕینەکانی دەهێنا بەگوێسەبانەی خانووە بەرزەکانداو سەرەپۆپەی درەختەکانی ماچ دەکرد. بەڵام هێشتا چەند گوریسێك لەدێیەکە دوور نەکەوتبووینەوە گوێمان لێبوو لەنێو باخێکی نزیك ڕێگەکەوە دەنگێك فەرمووی لێکردبن کە تاوێك گەورەیان بکەین،ئەوسا بڕۆین.کە ڕووەو دەنگەکە سەرنجماندان،بینیمان کۆمەڵێك لەنێو باخێکدا دانیشتوون کەباخێك بوو لەهەموو ئەو باخانەی بەدرێژایی دۆڵەکە بەدارگوێزو دارتوو هەنارو ترێ و هەنجیرو هەمەجۆر درەختی میوەی ڕەنگاورەنگی عەترلی ڕازابوونەوە کە مرۆڤیان دەخستە جیهانێکی ترەوە. بەڵێ دیمان کۆمەڵێك ژن و پیاو منداڵ لەدەوری بەردێکی پان کەلەگەڵ زەویەکدا ڕێك بۆتەوە دانیشتوون و بەدەم میوە خواردنەوە خەریکی دەمەتەقێن، ئیتر ئێمەش وامان بەلاوە جوان بوو کەبەپیر ئەو هەستە جوانەیانەوە بچین، کەدوای پێشوازییەکی گەرم وگوڕ خۆمان ببینیەوە لەگەڵیاندا لەسەر خوانێکی سەوزی گەڵا هەنجیر دانیشتووین، کەبە هەناری دەنك یاقووتی و هەنجیری حەڵوایی و هێشوە ترێی دەنك گەش شەوقیان لەمرواری بڕیوە، ڕازاوەتـەوە، لەگەڵیاندا وەکو دۆستی هەزار ساڵە کەوتووینەتە دەمە تەقێ و باس وخواسی ئەم دنیایە. پیاوێکی ڕیش سپیان تێدابوو لەڕێزی قسەکانیدا وتی: یاخوا بەخێرهاتن مامۆستا خوای گەورە چاوی لوتفی لێمانەوە بوو کەئەم زستانە شەرمەزار نەبین، سەرچاوان هاتن، کاکی خۆم ئێمە چۆن قایل دەبین بەلاماندا ڕابـوورن و دڵمان نەیەت فەرمووتان لێنەکەین بۆ ئەم دانیشتنە جوانە... منیش دوای سوپاسکردنی ئەو هەستە شیرینەیان وتم مامە گیان خۆ ئەگەر بانگیشتان نەکردینایە خوانەخواستە ئەمە هیچ شەرمەزارییەکی بەکەس نەدەگەیاند. بەڵام وەکو مامە پیرە ئەمەی من وتم بەدڵی نەبێت، بۆیە جێگەکەی خۆی خۆش کردو دەنگەکەی گۆڕی و وتی: مامۆستا گیان تۆ چۆن دڵت دێت وەها بفەرموویت؟ ئێمە باوك وباپیرانمان جێگەیان بەهەشت بێت پەندێکیان پێ سپاردووین دەڵێت: ((خاوەنی باخ وبێستان، شەرمەزارە بەزستان)) ئەگەر خاوەن باخ لەکاتی بەروبوومدا بەشی کەسی لێنەدات، لەزستاندا خاوەنی باخ و بێستانەکە چاوی بەو کەسانە کەوتەوە کەلەهاویندا چی پێ نەبەخشیون، چۆن ئارەقی شەرمەزاری بەناوچەوانیدا نایەتە خوارەوە. جالەبەر

ڕێزی ئەو پەندە هەر دەبووایە بەخزمەتتان بگەیشتیانەیەو کەمێك تامی ئەم میوانەتان لەگەڵدا بکردینایە. ئەی گوایا پەند بۆ ئەوە دانەنراوە بخرێتە کوپەوەو سەری داپۆشرێت.. منیش وتم: مامە گیان ئێمەیەك لەسلێمانی و ئێوەیەك لەگوندی (دەرەی مەڕ)و نەدیوونەناس، کێ دەڵێت جارێکی تر چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە تاشەرمەزاریی بێتە ئاراوە. کەوام وت پیری ڕیش سپی زەردەخەنەیەك گرتی و هەروەکو خۆی بۆ سەرکەوتنێکیتریش ئامادەکردبێت وتی: مامۆستا ئەم پەندە بەنرخەی پێشینان تەنیا هەر لەگەڵ خاوەن باخ و بێستاندا نادوێت، بەڵکو ڕووی دەمی لەهەموو مرۆڤێکە، مرۆڤ ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان بووبە خاوەن سامان، یان دەسەلاَت، دروست وایە لەئاستی کەسانیتر بەخشندەو خاوەن ویژدان بێت، چونکە ئەویش هەروەکو باخ و بێستان وەهایە، وەرزی خۆی هەیە.

لەم ماوەیەدا کە گوێم بۆ وتەکانی ئەم ڕیش سپیە نەخوێندەوارە شل کردبوو والەم دوورە دێیە چەپەکەدا، ئاوها بەمجۆرە دەدوێت، تادەهات لەبەرچاوم گەورەترو مەزنتر دەبوو وام دەزانی لەبەر تەختی حیکمەتەکانی (کۆنفۆشیوس)دا ڕاوەستاوم و، گەوهەری قسەی نەستەقم بەسەردا دەڕژێت.

ئیتر دوای ئەوە بەسەعات و نیوێك ئێمە بەهەناسەبڕکێ بەڕێگە گوندی (زەڵم)ەوە سەرکەوتبووینە نزیك لوتکەی چیاکەو لەوێوە ئاوڕمان لەئاوایی (دەرەی مەڕ) دایەوە، خانووەکانی بەئاستەم لەو دەربەندە قووڵە هەزار بەهەزارەدا بەدی دەکرا، لەگەڵ خۆشماندا هەر ئەو پەندەمان دەوتەوە: ((خاوەنی باخ و بێستان، شەرمەزارە بەزستان)) کەلە گوندێکی ئەوتۆوە بایەخی پێدەدرا، کەڕێبوارێکیان نەبەسواری ئوتومبێل گەیشتۆتە ئەوێ و، نەنەخۆشێکیان لەو دێیەی خۆیدا نەخۆشخانەیەکی بینیوەو، نەمنداڵێکیان لەوێدا چاوی بەقوتابخانەیەك کەوتووە.

دەسا بەقوربانی خوای گەورە بم کە ئەم سروشتە جوانەو، ئەم بەرگریەو، ئەم کەلەپووری یاقوتەی لەکوردستاندا دروستکردووە.

# ئادەم بە ئادەم دەگات

دوای ئەوە بەچەند ساڵێك، ئێمە كۆمەڵێك برادەر لەلای كتێبخانەكەی ڕەئووف مەعرووفەوە لەسلێمانی ڕاوەستابووین، یەكێكیشمان كەسێك بوو لەو یارمەتیدراوانە، ئەو وتی ئەوە عەلی كەماله وابەرەو ئێرە دێت، كەگەیشتە ئاستی ئێمە سلاوێكی كردو سەیری كردین، ئەنجا بەپەنجە كەسەكەی بانگكرد نازانم ناسیەوە یان نا؟ پەنجا فلسی دایەو وتی ئا ڕۆژنامەیەكم لەم كتێبخانەیە بۆبهێنە.

# (هەرتەل)ی چەپەك و هەرتەلە حەیاتەكە

ساڵەكەم لەسەیوان بردە سەر، كە هاوین هات بەسەرۆكایەتی (عەبدول كەریم قاسم) و هاوڕێكانی لە (١٤)ی تەموزدا شۆرشێكی مەزن ڕوویدا، كەلەو هاوینە گەرمەدا سروەی شەماڵێكی فێنك لەهەموو عێراقدا هەڵیكرد، ڕژێمی پاشایەتی درا بەزەویداو سەردەمی كۆماری هاتە ئاراوەو زۆر لەتاوانبارانی ڕژێم بەسزای خۆیان گەیشتن و گۆڕانكاری گەورە ڕوویداو پڕۆژەی بەكەڵك هاتەدی. (عەبدول سەلام) هاتە سەردانی سلێمانی و جەماوەرێكی زۆر بەپیریەوە چوو، بەگشتی عێراق كەوتە ژیانێكیترەوە. لەوماوەیەشدا یەك دووجار چوومە لای برادەرێكی كۆنی حیزبی داوام لێكرد بەئەندام پەسەندم بكەنەوە، بەڵام كارەكە بێئەنجام مایەوە.

بۆ ساڵی نوێی خوێندنیش كە دەرگـای قوتابخانەكان كرایەوە چەند كەسێك بەناحەزیی خۆیان بەهۆی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەوە پاڵیان پێوەنام بۆ دوورترین دێ لە سلێمانی كە (هەرتەل) بوو لەولا بێتواتەوە. منیش لەڕانیەوە بەسواری ولاّخ ئاوات وگێلاس و دایكیانم هەڵگرت هەرتەل خۆت بگرە وا هاتین چونكە ڕێگای ئوتومبیلەكەی كوێر ببوەوە. شەو بەتاریكی گەیشتینە ئەوێ، كەلە ڕێگەش كەمێك باران لێی دابووین. لەوێ لە قوتابخانەكە دابەزین سلێمان بەگی فەڕاش و كورەكانی و فاروقی برینپێچ كە عەرەب بوو كاك مەلای دوكاندار هاتنە پێشوازیمان كە فاروق هەرچەندە سەڵتیش بوو قوتوویەك گۆشتی سوورەكراوی زۆر بەتام وبەچێژی بۆهێناین. بەیانی كەلەخەو هەڵساین دێیەكی بچكۆلەی خنجیلانە لەبناری شاخە بەرزەكەی (نۆزان)دا دەڕوانێت بەسەر دۆڵێكی قووڵ و پانی گەورەی پڕلە باخ و باخاتدا كەخەریكە بەسەر دەچێت.

جگەلەوەی كەناوچەكە بەگشتی بەچەندان دیمەنی سروشتیی جوان و ڕازاوە نەخشاوە قوتابخانەكەش هەربەناو قوتابخانەبوو، چوار ژووری نیمچەوێرانەی كون لەسەر هەیوانێك بەیەك ڕیز بەردەمەكەی سەربانێكی درێژبوو، ژوورەكەی ئەوپەڕیان بۆ مامۆستا تەرخانكرابوو كەبەتایبەتی بۆریەكی ئاویشی بۆ ڕاكێشرابوو. ئەم دێیە مەخفەرێك چوار پێنج پۆلیسێك و باشچاوەشێكی لێبوو

لەگەڵ برینپێچێکدا. کەسانی دیاری دێیەکەش قادر بەگ کە خاوەنی خانووەکەی قوتابخانەکەبوو، لەگەڵ کوێخا حەسەن و مام ئەحمەددا کە هەندێك توورەبوو، مەلا مەجیدو مەلا محەمەدو کاك مەلادا، کەئەم خەڵکی کۆیە بوو بەسەڵتی دوکانی لێرە دانابوو بۆخۆی دەژیا. سلێمان بەگی فەراش و حاجی ئەورەحمانی دوکانداریش هەر لەکەسانی ناسراوی ئێرەبوون.

کەبۆم دەرکەوت قوتابخانە چوار پۆلیەکەی پێشتر مامۆستای کەمتەرخەمی هەبووەو دواکەوتوون هەتا قوتابی سێ و چوار پیتەکانیان نەدەناسی، کەوتمە بیرکردنەوە بۆ نەخشەیەکی فریاکەوتن... دوای هەفتەیەك مامۆستایەکی موسڵاوی عەرەبیان بۆ ناردین، بەستەزمانە نەیتوانی دە ڕۆژ گوزەران بکات، ڕۆیشت، من خۆم بەتەنیا مامەوە.

لەقادربەگی خاوەن خانووەکەم پرسی، میری مانگی چەندت دەداتێ؟ وتی مانگی دە ڕوپیە. بۆم نووسی بۆ سلێمانی بۆی بکەن بە سێ دینار. کەداواکەم پەسەندکراو وەڵام هاتەوە، من لەقادر بەگ زۆرترم پێخۆش بوو. ئەو خۆی خێزانەکەی لەگەڕەکی (بەزۆژە)ی ئەودیوەوە دادەنیشت، لەدێیەکەشدا کەسێکی ناسراوبوو.

ئەنجا کەبیرمکردەوە چۆن ئەم قوتابخانەیە لەدواکەوتوویی ڕزگاربکەم؟ بۆ ئەم مەبەستە دەوامەکەم کرد بەدووان: پۆلی یەك و دوو تێکەڵ بەیانیان سێ و چواریش تێکەڵ پاش نیوەڕوان. وەهاشم بەچاك زانی پۆلی سێ و چوار کەپیتیان نەدەناسی لەسەرەتاوە لەخوێندنەوەی کوردیەوە دەست پێبکەنەوەو، دەفتەری دەست خەتەکانیشیان لە قوتابخانە هەڵگرم، دەنا چاودێر من تۆمەتبار دەکات بەفەرامۆشکردن.

بەڵێ من نەخشەکەی خۆمم نارد بۆ پەروەردە بۆ پەسەندکردنی هەرچەند وەڵامیان نەدایەوە، بەڵام من لەسەر نەخشەی خۆم بەردەوام بووم و سەرکەوتووانە تەواوم کرد، کە هەتا نیوەی ساڵ قوتابیەکانی سێ و چوار هاتنەوە بەخۆیاندا. چاودێریش کە بەهار هات هەتا دەفتەرە دەست خەتەکانم نیشاننەدا: باوەڕینەکرد، کەلە دوایدا لەراپۆرتەکەیدا نووسیبووی: قوتابیەکانی سێ و چوار لاوازو دواکەوتوو بوون لەئەنجامی لاوازییەکی پێشوترەوە. کەڕۆیشتیشەوە لەنزیك مزگەوتەکەوە بەسواری ئێسترەکەیەوە بانگی کرد کەپارەی ئابوونەکەی

نەقابەی مامۆستایان بنێرم.

لەبەرئەوەی هەرتەلم بەلاوە دڵگیربوو پشووی هاوین لەوێ مامەوە، باخ و باخاتێکی هەبوو، بۆنی عەترو گوڵاوی لێهەڵدەستا. کانیاوەکانی تامی بیبسی کۆلایان دەدا، خۆ ئەوە توتنی بێشەما واتە بۆندار هەر مەپرسە، ئەو توتنەی لەوێ هەبوو لەئەمەریکاش بۆنخۆشی وەها نەبوو، ئەوان ئەم توتنەیان نەدەنارد بۆ ئینحیسارەکەی رانیە بۆ فرۆشتن، بەڵکو کریار لەسوریەو جێگاکانی ترەوە خۆیان دەهاتنە ئێرە بۆ کرینی.. ئەی کەوەکانی بۆناڵێیت؟ نیوەڕوان لەکاتی نانخواردندا لەمبەرەوبەری گوندەکەوە هەر ئاوازو قاسپەی کەو دەهاتە گوێچکە، ناردم لە (قەڵادزێ) لای فەرەجی زاوامان (تاپر)ەکەی بۆناردم هەموو عەسرێك دەچوومە ڕاو چونکە کەوەکان دوور نەبوون، جاریش نەبوو بەبێ کەوی ڕاوکراو بگەڕێمەوە، خۆ تێریشم لەجوانیی ڕەنگە سوورەکەی دەنووك قاچەکانیان و خاڵ و ملە ڕەشەکانیان نەدەخوارد کەگۆشتەکەشی لەهی مریشك بەتامتربوو. جێگەڕاوەکان هێندە نزیك بوون هەتا جارێکیان گێلاسی کچیشم لەگەڵ خۆم برد کە هێشتا نەچووبووە قوتابخانە لەوسەرەوە کەوێکی ڕاوکراوی بۆ هەڵگرتم.

لەساڵی (١٩٥٩)دا لەوێ خوا کچێکی نوقڵیی پێبەخشیم کە ناومانناا (ئاواز) کەلەپێشی قوتابخانەکەدا دەمگرت بەباوەشەوە (دەروێشکە)ی بەناو قەساب لێم دەهاتە پێشەوە دەیوت: مامۆستا ئەم ئاوازخانەی ئەنگۆ گەلەك ژیکەڵەو زەریفە هەمووجارێك خێرێکی بۆ بکە.

# پۆلە کەوەکە

هەرلەم لاپاڵە شینکەیە بەرەوژوورتر بترازامایە، ئیتر ڕاستەوخۆ دەگەیشتمە سەر لوتکەی چیاکە، کە زەوییەکی بەرین و تەختاییەك بوو دووئەوەندەی گۆڕەپانی یاری تۆپی پێ دەبوو، کەبەسەر گازەرای پشتی ئەو شاخی (نۆزان)دا ڕاکشابوو. بەڵام هێشتا من بەلاپاڵەکەوە بووم، چووم بووم خۆم لەتەنیشت یەکێك لەو گابەردانەدا لێ مەڵاس دابوو. پۆلێك کەوبوون، چووبوومە پارێزیان، خۆ هەر لەبەرئەوەش شەکەتی و ماندوێتی سەعاتە ڕێگەیەکی هەورازی ئەو شاخە سەختەم چەشتبوو، هەتا هیوای ڕاوکەرێك بهێنمە دی، دەوا ئێستاش کەبەمەبەستی خۆم گەیشتووم و دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگی ڕاویی لێیان ورد دەبوومەوەو نیشانیان لێدەگرمەوە، کەچی بەبێ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم، پەنجەم لەسەر پەلەپیتکەی تاپڕەکە شل بووەوە، لاچووم! توومەز

سروەیەك لەجوانیی و دڵگیریی ئەو دیمەنە شناوەتەوە بەڕوومدا، بەرادەیەکیش گیرۆدەی کردووم هەموو بڕیارێکی ڕاوکەرانەی پێگۆڕیوم. بەڵێ ڕوانیم لەو نزیکەوە پۆلێکی دە پانزە کەویی بەو لاپاڵە شینە پاکوخاوێنە شۆراوەیەوە،بەو قاچە سوورانەوە، بەو دەنووکە ئاڵە گەشانەوە، بەو خاڵ و میلە ڕەشانەوە، خۆیان ڕازاندۆتەوەو، دەڵێی ئێستا لەخۆشۆرین خۆیان وشککردۆتەوە، لەبەرئەو هەتاوە درەوشایەوە نیشتوونەتەوەو، تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگی پڕ بریق و باقیان لەبەرچاوم نەخشاندووە! هەتا سەیری بکەم تێری لێناخۆم! ئەو دیمەنە هەر بەکەیل کردن کەیلی کردم، من ساڵێکە کەم ڕێکەوتووە ڕۆژبوێرم کردبێت رووم نەکردبێتە ئەو کەژو کێوە بۆ ڕاوە کەو و کەوم نەدیبێت، بەڵام لەکاریگەری ئەم جوانیەی ئێستایم ڕێکەوت نەکردووە. ئەم نهێنیە دەبێت چی بێت؟ تۆ بڵێیت ئەم شینکە تیرە بێت کەبەسەریەوە نیشتوونەتەوە؟... دەست و پەنجەی سروشت چەندە بەهرەیی هونەریی لێ دەتکێت، ئەمجۆرە تابلۆیانەمان پێ دەبەخشێت!... ئەم پۆلە کەوە ڕەنگەکانیان وەها بەیەکەوە دەستیان گرتبوو هەڵدەپەڕین و یەگ گۆرانیان دەچڕی، بەڕادەیەك مەستی کردبووم، دۆست و هاوڕێکانی تری گەشتەکەی ئەو شاخەم و گەلێك شتی تری هەر لەبیر بردمەوە.

لەبەرئەوە هیچ سەیرنییە بەلامەوە کە شتێکی وەها لەناخمدا بچەسپێت کەلەدوارۆژدا لەهونەرەکەمدا چەندان تابلۆو دیمەنی جوانی کەو وێنە بکێشم.

لەکاتێکیشدا کە نوقمی گیرۆدەی ئەم دیمەنە تەلیسماویە ببووم، دەنگی بەردێکی داخـزاو لەژێر پێمەوە دەرچـوو، هەموو ئەو پۆلە کەوە بەجارێك: وریابوونەوەو شەقەی باڵ و، لەچاو ون بوونیان، هەمووی یەك چرکە بوو. ئیتر لاپاڵە شینەکەش هەر شینایییەکەی خۆی پێوە مایەوە.

هەناسەیەکم هەڵکێشا. کەمێك هاتمەوە سەر خۆم. هەڵسامە سەر پێ، بەداخێکەوە ڕووەو فڕینی پۆلەکەو تێرامام.. بەڵام وەکو ڕاوکەرێك نا لەداخی لەدەستچوونی کەوەکان خۆیان، بەڵکو لەداخی لەدەستچوونی ئەو جوانیەی کەمنی لەڕاوکەرێکەوە گۆری بۆ مرۆڤێکی ناسك و جوان پەرست.

ئەنجا کە چەند هەنگاوێك بەرەو ژووربوومەوە. پێم نایە سەر تەختایی لوتکەی شاخەکە، بەڵام لەتابلۆیەکەوە ڕووبـەڕووی تابلۆیەکی تر بوومەوە، لەهونەرێکەوە گیرۆدەی هونەرێکی تر بووم... لەسەر بەردێك پاڵم لێدایەوە،

بەردەمم: زەویەکی تەختی پان و پۆڕ بەسەر ئەو چیا بڵندەوە، خاڵ خاڵ پەڵە بەفری سپی کەبریقەی دەدایەوە لێرەو لەوێدا کەوتووەو، سەوزە گیایەکی سەرەتای بەهاریش لەنێوانیاندا ڕاکشاوەو، ئەم گوڵە مێلاقە سوورو شین و زەردو مۆرو سپیە گەشاوانەش لەو ناوەدا بەدەم شنەی شەماڵەوە خۆیان دەلەنجێنن.. ئەم دیمەنە دڵفرێنەی سەرلوتکەی ئەم چیا بەرزو بڵندەش، هەتا چاو بڕبکات لەژێر ئاسمانێکی شینی گەشدا، دەڕوانێت بەسەر ئەو هەموو کەژوکێوە سەر بەبەفرەی دەوروپشتیدا کەهەر لەخۆشناوەتیەوە هەتا قەندیل و ئاسۆکانی ئێرانی گرتۆتەوە.

بەردی چی؟ کەی من لەسەر بەردێك دانیشتووم و هەر گرفتاری تەنیا ئەم هەست و هۆشە نەبووم؟ نەخێر بەڵکو نوقمی جیهانێکی تری ئەوتۆش ببووم هەروام دەزانی زەمانێکی ترەو، لەپاپۆڕێکی گەورەو بەریندام و، لەنێو پانتایی دەریاو زەریای ئەم کەژو کێوانەدا دەسوورێمەوەو گەشت دەکەم.

یاران! ئەم هەموو دیمەنە دڵگیرانە چرکە ساتێك بوون لەبریق و باقی ڕۆژانی تەمەندا بەجێمان هێشتن و، بیرکەوتنەوەیان چێژی پیرۆزیمان دێننەوە یاد.

## تێکەڵاوییم لەگەڵ هەرتەلیەکاندا گەرم ببوو

دانیشتووانی دێیەکە حەزیان بەدۆستایەتی من زۆر دەکرد، ئەوە فلاَن کەسە عاشقی فلاَنە کچ بووەو، ئەوە فیسارە کەسە لەگەڵ خێزانەکەیدا جۆرنییەو ئیتر هەمەجۆر سکالاَیان دەهێنایە لام. ئەوەش حاجی عەبدول ڕەحمانی دوکاندارە لەهەولێرەوە پێویستیم بۆ دەکڕێ، جارێکیان دەستەیەك فیشەکی تاپڕی ڕاویی و جارێکیشیان تەنەکەیەك ترشیات بۆ هەردووکمان، بەڵام ئەو بەشکردنەکەی لەسەر داوای خۆی بەبادیلە بوو، بادیلەیەك بۆ ئەو خۆی بادیلەیەکیش بۆ من هەتا تەنەکەکە کۆتایی دەهات (بادیلە واتە جامولکە). ئێوارەیەکیشیان مام سمایلێکی پیری سەڵت کەکوڕێکی دوانزە ساڵانەی هەبوو کەلەبەر ماڵەوەدا بارەدارەکەی خست، دەم و زمانەکەیم بەلاوە خۆش نەبوو، پێم وت شەوێك خۆت و کوڕەکەت

وەرن بۆ ماڵی خۆمان، کە شەو هاتن دوو هەناری وشکەوەبووی خستبووە فەقیانەکەیەوەو هێنابووی. شەو قسەمان زۆر کرد. کەلێم پرسی خێزانت هەیە؟ وتی نەو. خێزانەکەم ڕەدوو کەوتووە، من و کورەکەم بەیەکەوەین. کەلێمپرسی لەبەرت گران نیە بۆم بگێڕیتەوە؟ زۆر بەئاساییەوە گێڕایەوە وتی: من لەهەولێر عەسکەر بووم ئێوارەیەکیان کە هاتمەوە، ژنەکەم دەرکەی لێنەکردمەوە، هەر لەودیو دەرکەوە وتی، برۆ ئەمە ماڵی تۆ نییە، ئەمن شووم کردووە بەفلان کەس. جا فلانەکەسیش دراوسێیان بوو، هەموو جارێك مام سمایل لەسەربانەکەوە بانگی دەکردە کورەکەی هۆ.. هۆ.. فلانی خوێڕی ئەوە تۆ لەکوێندەرێیت وەرەوە، هۆ ئەو دایکەت وەها لێبکەم وەها لێبکەم. چەندان قسەی سووکی پێدەوت چونکە کوڕی خۆیەتی و فلانەکەسیش کەمێردی بوو بۆی نەبوو قسەبکات.

مام سمایل شەوێکیتر هەر خۆی هاتەوە، ئیتر کەشەوان دەهات کورەکەی نەدەهێنا، قسەو سەرگوزشتەی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە، شەوێك کەداوام لێکرد دەستێك بهێنێت بەپشتمدا، هەروەکو پزیشکێکی شارەزا کۆڵنجەکەی بۆ نەرمکردم. جا چونکە من زوو زوو کۆڵنجم دەکرد، ئەو فریام دەکەوت منیش پێمدەوت تۆ ڕەوای ئەوەی بکرێیت بەپزیشکی پشت شێلان لەخەستەخانەیەکی گەورەدا. جا کەلێم دەپرسی بۆچی ژنێك ناهێنی مام سمایل؟ دەیوت: ژن بە کەڵکی من نایەت.بۆخۆم (هەچەقوندەو، شەوە گوندە)، ئەمەم چاکترە ساڵی دووەم لەباخێکی دوورە ئاواییدا، لەخشتی کاڵ قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکرا، کەباران باری ئاوی دادەدا، لەماوەی ئەو دوو ساڵەشدا قوتابیەکانم گەیاندەوە دۆخی پێویستی خۆیان.

(کۆمەڵەی جوتیاران)یش هاتن، شەوێك میوانی ئەو بوون، مەنهەج و بەرنامەی کۆمەڵەکەیان بۆ دانیشتووان خوێندەوەو ڕێنماییان پێڕاگەیاندن و مەڵبەندێکیان بۆ کردنەوەو، داوایان لەمنیش کرد کە برا گەورەییان نیشان بدەم ساڵی دووەم کەلەلیستەی گواستنەوەی مامۆستایاندا، داواکەم بێئەنجام مایەوە: زۆر پەست بووم، خێرا هاتمەوە بۆ سلێمانی، دەرگاکەی (موسا سەمەد)ی (بەڕێوەبەری پەروەردە) پێوە درابوو. بەتوندیەکەوە پاڵم پێوە ناو بەبێسەلامکردن پێم وت: بۆچی من لەلیستەی گواستنەوەکەدا نیم؟ کەزانی کێم و نارەواییم لەگەڵداکراوە، لەسەرخۆ وتی مامۆستا ئەمساڵیش لەقوتابخانەکەی خۆت دەوام بکە، ساڵێکیتر

دەتگوێزمەوە قەڵادزێ. وتم من داوای سلێمانیم کردووەو ئەوێ مافی خۆمەو، ڕۆیشتم. هاوینەکەشی ئەو ساڵە ئاشنایەتیمان لەگەڵ مەلامەجید گەرم ببوو، زیافەتێکی خنجیلانەی بۆ کردم. ئیتر دوای ئەو زیافەتەو سوپاسکردنی، هەر لەو هاوینەدا ئیشێکی پێویستی چەند ڕۆژیم کەوتە سلێمانی، بەخێزانەوە چووینەوە بۆ ئەوێ و گەڕاینەوە.

## زیافەتەکەی مەلا مەجید

چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو کە بەڕێگە بەردەلانیەکەی هەورازەکەدا لەدیوی دەرەوەی کەڵەکەوە (مەلا مەجی)م بەکراس و دەرپێیەکی سپی و سوخمەکەی و کڵاوەکەی سەریەوە لەنێو باخەکەی خۆیدا لێدەرکەوت و، کەواو سەڵتەکەشی بەلقی درەختێکدا هەڵواسی بوو، کەباخەکەی یەکێك بوو لەو سەدەها باخچە چڕوپڕانەی ئەو چەمەی ڕازانبووەوە، ئەو چەمەی کە بۆنی عەترو گوڵاوی میوە گەیشتووەکەی مرۆڤی مەست دەکرد.
مامۆستا لەوێیت؟ بانگێکم لێکرد.
بەڵێ، بەڵێ، من بەتەمابووم زووتر بگەیتە جێ مامۆستا، ئەی ئەوە کوان منداڵانت لەگەڵ نییە.

داوای لێبوردن دەکەم مامۆستا لەبەر دووری و، کوچك و کەڵەکی ڕێگەکە نەیانتوانی بێن.

مەلا مەجی چەپەرە شکاوەکەی باخەکەی بۆکردمەوەو بەدەنگە نەرمە نزمەکەیەوە کە هەموو جارێك پێش قسەکردن بەسووکە کۆکەیەك قورگی پاك دەکردەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم. باخێکی خنجیلانە لەناوەڕاستدا کانی و ئاوێك، ترێ ڕەشکەو هەنارە سوورباوەکانی و هەنجیرە زەردەکانی بەڕوویەکی گەشەوە بەخێرهاتنی میوانیان دەکرد، مەلا مەجیش لەوناوەدا دەهاتوو دەچوو، ئەوەندە لەدەماخدا بوو لەپیرێکی هەشتا ساڵ نەدەچوو، خاتوو نیعمەتی هاوسەریشی کە لەنێوان چەند درەختێکدا لەودیوەوە بەدیار یەك دوو مەنجەڵێکەوە دووکەڵێکی خەستی دەکرد بەئاسماندا، نزیك بووەوەو وتی:

خێرەبێت مامۆستا، حەزمان دەکرد منداڵنشت لەگەڵەخۆ بهێنایە ئەمڕۆ لەخزمەت بووینایە خۆ مەلا مەجی دوێنێ پێی گۆتبووی.

سوپاس مەلاژن، بۆجارێکی تر دەیانهێنم.

مەلاژن چووەوە بەلای مەنجەڵ و دووکەڵی خۆیەوە.

بەڕەیەکی زۆر پاك و خاوێنی پان لەنزیك کانیەکەوە داخرابوو سەرینێکی باگردێنیی لەسەربوو، کە چوار مەشقی بەپاڵیەوە دانیشتم گورج مەلا مەجی هەڵسا قولێك جغارەی زەلی بێشەمای هێناو لەبەردەممدا دایناو. من پێشتر تووتنی ئەم جگەرەیەم وەها ناسی بوو کە هیچ توتنێکی بۆنداری ئەمریکاش نەیدەگەیشتێ، کەلێمان داگیرساند کەوتینە باسکردنی و مەلا مەجی وتی:

ئێمە چۆن ئەم تووتنە دەدەینە دایەرەی ئینحسار مامۆستا؟ قاچاخچی لەزستاندا لە سوریەو ئەملاولاوە خۆیانی بۆ دەکوتن و پارەی چاکیشی پێدەدەن، ئیتر بەدار هەنجیرێکی ئەولاتردا هەڵیڕوانی و ئەنجا سووکێك قوڕگی پاکردەوەو بانگی کرد:

نیعمەتێ! وەبکە هەنجیر بێنە خزمەت مامۆستا.

مەلا مەجی بەڵێ دوانزە عیلم بوو، لەناو ئاواییدا دۆست و لایەنگرانی خۆی هەبوو، بەڵام مەلا محەمەد پێش نوێژی ئاواییەکەی دەکرد.مەلامەجیش ئەگەرچی دانووی لەگەڵیا نەدەکولا، وەلێ تابۆی بکرایە کارێکی وەهای نەدەکرد گلەیی مەلا محەمەد بهێنێتە سەرخۆی، لەمانگی ڕەمەزانی ئەم ساڵدا کە مەلا

محەمەد لەمزگەوتەکەدا، سڵاوی نوێژی یەکەم بەیانی دایەوە،مەلا مەجی کە لە ریزی دواترەوە نوێژی دەکرد، هەڵنەساو هەربەدانیشتنەوە غۆدیە جغارەکەی لەگیرفانی سەڵتەکەی دەرهێناو لەنێو خەڵکەکەدا جغارەیەکی بێشەمای پێکرد، بەمانا ئەمرۆ رەمەزان نییەو سبەینێیە.

بەڵێ تا من لەبەسەرکردنەوەی ئەم بەسەرهاتەی مەلا مەجی بوومەوە، نیعمەتێ سەبەتولکە هەنجیرەکەی هێناو جوان لەئاوی کانیەکە شۆرییەوەو خستیە بەردەممان، بەڵام هەنجیر، چ هەنجیر؟ هەر یەکێکیان ئەوەندەی سەلکە شێلمێکی کوڵاو دەبوو، لەژێر پیاڵەیەکدا جێگەی نەدەبووەوە، بەم لاوبەولایدا شیلەکەی دەهاتە خوارەوە، بۆنی گوڵاوی لێدەهات. کە هەنجیرێکم خوارد زۆر حەزمکرد چی لەنێو سەبەتولکەکەشدایە هەمووی بخۆم، بەڵام بەجۆرێك ئەو تام و بۆیەی لێیدام، هەنجیری دووەمم بەگران بۆ تەواوکرا. ئیتر کە هەڵسام لەکانیەکە دەستم بشۆرم، مەلا مەجی وتی:

ئەوە تەتۆ چ دەکەی مامۆستا؟!

منیش وتم:

مامۆستا، لەوانەیە ئەم هەنجیرە لەوەبێت کە خوا لەقورئاندا سوێندی پێخواردووە، لەوانەیە ئێوەش بۆیە بۆمنتان دانابێت، کە تێربم و نیوەرۆ هیچم بۆ نەخورێت. مەلا مەجیش وتی بێ قەزابیت یاخوا مامۆستا. ئەنجا قورگی پاك کردەوەو بانگی کرد: نیعمەتێ، وەبکە ئەم سەبەتولکەیە هەڵگرە، با مامۆستا نیوەرۆمان لەگەڵ بخوات.

من لەپشووی ئەو هاوینەدا لەبەرفێنکی و دڵگیریەکەی هەر لەگوندی هەرتەل مابوومەوە، بەو پێیەش کەلەگەڵ مەلا مەجیدا دۆستایەتی و ئاشنایەتیمان هەبوو، رۆژی چواردەی تەموزی پەنجاونۆش بەیەکەوە لەسەربانی مزگەوتەکە دانیشتبووین، لەوکاتەدا فرۆکەیەك هات کۆمەڵێك بەیاننامەی فرێدایە خوارەوە بەعەرەبی نووسرابوون. کە یەکێکیان بۆهێنام دوای سەیرکردنێکی، بۆ رێز دامە دەست مەلامەجی کە بیخوێنێتەوە، ئەویش کەسەیری کرد وردەوردە دەستیکرد بەمنجە منج و قورگ پاکردنەوەو ئەنجا لەبەرخۆیەوە کەوتە خوێندنەوەی:

ب... یان...ب بمناسبە سەورە... ١٤ تەموز.. ال.. ال المجیدە.

مامۆستا ناوەکەی خۆی مەجید بوو کەچی ناوەکەی خۆی لێبوو بە مجید..

بەڵێ دوای بیرکەوتنەوەی ئەم سەرگوزشتەیەی مەلا مەجی، مامۆستا لەباخەکەدا سەعاتەکەی لەگیرفانی سوخمەکەی دەرهێناو سەرقاپەکەی هەڵدایەوەو سەیرێکی کردو وتی: کاتی نوێژی نیوەڕۆیە. لەسەر کانیەکە دەست نوێژەکەی شۆری و لەسەر بەردە نوێژێك ڕوویکردە قیبلەو هەردوو دەستی خستە بناگوێی و زۆری لەخۆی کردو بەدەنگە پیرەکەی بانگی دا، ئەنجا دوای نوێژکردن کەسەلامی دایەوە، قوڕگی پاککردەوەو بانگی کرد: نیعمەتێ وەبکە نان بێت.

تادەهات مەلامەجی زیافەتەکەی خۆشتر دەکرد. ئەم باخە خنجیلانە ڕازاوەیەی پڕ درەختی میوە گەیشتووە ڕەنگاوڕەنگانە، ئەو سەرچاوە جوانە ڕوونە کە تامی بیبسی کۆلای بیردەخستەوە. سروەی ناوبەناوی ئەم شەماڵە فێنکەو جریوەو جووکەی ئەو مەلە ئێسك سووکانەی سەرلقی درەختەکان کەئەو چەمەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

تام و بۆی ئەو جگەرە بۆندارانە کە مرۆڤی مەست دەکرد. ئەم بەرە زۆرە چاك و خاوێنە کەلەو تەختاییەدا بەو سەرینەوە ڕووەو ئاسمان دەڕوانێت.

ئەمانە هەموویان و ئەو بەسەرهات و سەرگوزشتە سەیروسەمەرانەی مەلا مەجی کەلەگەڵ خۆیدا هێنابوویە ئەم میواندارییەو زیافەتەکەی دەوڵەمەند کردبوو... ئەم هەموو دیمەنە سەرنج ڕاکێشە دڵگیرانە، لە هارمۆنیەکدا ڕێککەوتبوون و یەکیان گرتبوو، کارێکیان کرد لەماوەی ئەو دووسێ سەعاتەدا چاوم گیرۆدەی ئەو وێنانە ببێت و هیچی ئەودیو کەلەکەکە نەبینێت و هەموو بیروهۆش و سەرنجێکم لەنێو باخەکەدا بسوڕێتەوەو، پابەندی ئەوکاتانە بێت کەلەوێدا دەیبەمە سەر.

بەڵێ دوای ڕابواردنی ئەم سەرنج و تێبینیانە، نیعمەتێ لەسەر پڵاوپاڵێوێکی تووڵین چەند ئێربارێك (قاپ) خواردن و نانی تەرکراوی هێناو، کاسەیەکی گەورە دۆ بەسکۆکەیەکی دارەوە لەبەردەمماندا دایناو فەرمووی لێکردین و گەڕایەوە بۆ جێگەیەکەی خۆی. جا خاتوو نیعمەت ئەوەندە بەتام و بەلەزەت لەکاتی هێناندا ئەو پڵاوپاڵێوەی هەڵگرتبوو مرۆڤ ئەوەندەتر حەزی لەو خواردنە دەکرد.

کە خواردنەکەی دانا دوو دەوری برنج و دوو یەغنی کێش (ئاو تەماتە) بوو وەك خۆیان دەڵێن، لەو تەماتە کوێستانیانەی لای خۆیان کەتامی پرتەقاڵ دەدات... کە بیسمیلاشمان کرد من بەدەست نانم خوارد وتم:

- مامۆستا من کەخواردنێکم بەلاوە پەسەندبێت، بەدەست نان دەخۆم و کەوچك بەکارناهێنم.
ئەویش وتی: کەواتە ئێمە ئێستا دڵخۆشین، چونکە تۆ خواردنەکەت بەلاوە پەسەندە، هەر نۆشی گیانت بێت.

چەندان چەندان جار یادت بەخێر مەلا مەجی بۆ خۆت و زیافەتت!! گەلێ گەلێك ڕوو سووری بۆخاتوو نیعمەتی کەیبانووت!! کەچۆن ماوەی ئەو دووسێ سەعاتە تەمەنی منتان کەمەندکێشی ئەو هەموو خۆشنوودی و شادمانیەکرد!!

## ڕۆژێکی نائاسایی

هێشتا چلەی هاوین دوو سێ ڕۆژێکی مابوو، پێ بنێینە مانگی ئەیلوولی ساڵی هەزارو نۆسەدو پەنجاو نۆوەو دەروازەی قوتابخانەکان بخرێنە سەر پشت، بۆیە لە سلێمانییەوە ویستم بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆم کەلە گوندی (هەرتەل) بوو.

دوێنێ بەیانی هەروەکو گەڕانەوەکانی جارانم، لە پۆلیسخانەکەی سلێمانییەوە بروسکەیەکم لێدا بوو بۆ پۆلیسە ناسیاوەکانی (هەرتەل) کە (تکایە سبەینێ دوو ئێسترم بەکرێ بۆ بنێرنە دارەشکارتەو بۆ نیوەڕۆ لەوێ ئامادەبن)، چونکە ڕێگاکەی هەرتەل هەتا ئەوێ کەڵکی ئۆتۆمبێلی پێوە مابوو، ئەو سێ سەعاتە ڕێگەیەی تریش، دەبوایە بەسواری وڵاخ بووایە.

بەڵێ کە ئەو ڕۆژە کە خۆرو بان گەرم بوو، لەگەڵ شیرینی خێزانم و دوو منداڵە سەرو پێچکەکانمدا گێلاس و ئاوات، چووینە گەراج و ناوی خوامان لێهێناو سواری ئۆتۆمبیل بووین و، لەگەڵ یادگارە جوانەکانی پاری هەرتەل و، بیرکردنەوە لەژیانی داهاتووی ئەم ساڵیدا، نزیکی نیوەڕۆ بوو کەگەیشتینە دارەشکارتە.

دارەشکارتەش، پیرەدارێکی گەورەبوو کە جگەرەکێشێك بەئۆتۆمبیل دوورترە لە (سەروچاوە)ی دەشتی بتوێنەوە، کە دووسێ گوریسێك لەدامێنی ڕێگاکەوە، بۆخۆی بەتەنیا لەو چۆڵەوانییەدا تەمەنی دەبردەسەر. کە دابەزین و ئۆتۆمبیلەکە ڕوویکردەوە سلێمانی و گەڕایەوە، ئیتر ئێمەش بۆ دانیشتن نزیکی دارەکە بووینەوە، لەوکاتەدا دوو داڵ کەبەسەریەوە نیشتبوونەوە، هەردووکیان دایان لەشەقەی باڵ و هەڵفڕین و ئەوێیان چۆڵ کرد، هەروەکو لەگەڵ کاروانچییە هەرتەلییەکاندا ڕێکەوتبن کە شوێنەواریشیان هەر دیار نەبوو.

کە چووینە ژێر سێبەری دارەکە بینیمان بەردو کوچکێکی زۆر لەنێو پووش و پەڵاشدا، ژێرەکەیان جەنجاڵ کردووە، کە ڕیقنەی باڵندەو مەلەکانی سەر درەختەکە، لەسەر ڕێبازی سوریالی هەمەجۆر تابلۆیان لەسەر کێشابوون و لەتاو گەرمای نیوەڕۆ بەعەزرەت جووڵەیەکی هەواکە بوون کە ببزوێت، ئەنجا کە دانیشتین و سەیرێکی دەوری خۆمانم کرد، خامۆشی ناوچەکە جریوەی مەلێکی لێوە نەدەهات و، چۆڵەوانییەکی ئەو دەوروبەرە، ئەمانە هەموو ڕەگەلەکۆمەکی، چوونە پاڵ خەمەگرانەکەی دیارنەبوونی وڵاخەکان. دوای خۆ خەریککردن بەسووکە خواردنێکەوە، کە ئەمە هیچ خەمێکی ئەو چاوەڕوانکردنە درێژخایەنەمانی کەم نەکردەوە کە تێی کەوتبووین، ڕێبوارێکی سەڵتە زەلامیش لەڕێگاکەوە هات، کە ڕووەو ژێردارەکە سەیرێکی کرد، شکاندییەوەو هات بۆ لامان و سڵاوێکی کرد. من وا هەستم کرد کە کابرا شیرینی بینی، لێی دانیشت، لەڕاستیدا ئەمە وای لێکردم کە بەنا بەدڵ بەخێرهاتنی بکەم. ئەنجا کابراکە چاوی بەتەرمۆسەکە کەوت، داوای قومێك ئاوی کرد. گێلاس لەجیاتی قومێك ئاو، جامولکەیەك ئاوی ساردی بۆ تێکرد، بەوەشدا کە دانیشتنەکەی بەلاوە خۆش بوو، حەزی دەکرد بۆ نانی نیوەڕۆش لەخزمەتیدا بین.

ئەم وێنەیە وەهای لێکردم بکەومە ئەندێشەیەکی وەهاوە: هەر ڕێبوارێك

لێرەوە تێپەڕێ و جامێك ئاوی سارد نۆش بكات، ئەی ئەم زەردو سوورە لەم چۆڵەوانییە وشك وبرنگەدا، كە تینوویان بوو، خۆ دڵۆپێك ئاویان بۆ نامێنێتەوە لێوی پێ تەربكەن. ئەمە زۆر نیگەرانی كردم. بەڵێ هەرچەندە كابراش وەكو هەموو ڕێبوارێك مافی حەسانەوەی ژێر دارەكەی هەیە، ئاو بەخشینەوەش هەستێكی مرۆڤانەیە، بەلاّم ئیتر زەلامەكە خۆی ئیشی بەپەلەی هەبوو، یان هەستی بەخۆی كرد كە میوانێكی چارەگرانە، ئەوەندەی نەخایاند هەڵساو ڕۆیشت.

دوای ڕۆیشتنی كابرا، ئیتر كەوتمە گێژاوی بیركردنەوەی ئـەوەوە: كە بۆچی ولاّخەكان نەهاتن؟ خۆ ئەو پۆلیسانەی (هەرتەل) هەموو ناسیاون. نازانێ ئێستا ئێمە لەم چۆڵەوانییەدا، بەم گەرمایە لەبن ئەم دارەدا، بەم خێزان و منداڵە وردانەوە، بەدەم چاوەڕوانییەوە دەتلێینەوە؟ كە شەومان بەسەردا هات، چارەنووسمان چی دەبێت؟ ئێستا چی بكەین؟ چار چییە؟

ئیتر كەبەم ڕادەیە درەنگی پێ چوو، دڵنیابووم كە بەیەكجاری هیوام براوە، بەلاّم لەم كاتەدا كە بەدەم گێژاوی ئەم بیركردنەوە بەئازارانەوە لوولم دەخوارد: لەدوورێكی ڕێگاكەی هەرتەلەوە بەنێو دەشتەكەدا دووسێ ولاّخ و زەلامێكم بەدی كرد كە ڕووەو دارەشكارتە دەهاتن، بەتایبەتی كە خێرا دەڕۆیشتن، وەكو پاپۆرێكی دووری نێو دەریا هاتنە بەرچاوم بەمە تەزوویەكی خۆشیم بەدڵدا هات، بەلاّم كە هەتا بەتەواویش لێمان نزیكبوونەوە، ئەو ماوەیەمان بەساڵێك لێڕۆیشت.

كاتێك كە گەیشتینە ئاستی دارەكە، دوو ئێسترو گوێدرێژێكی بێباربوون و خاوەنەكەشیانم لە هەرتەل هەر نەدیبوو كابرا هەر سەلامیشی نەكردو لەسەر ڕەوتی خۆی دەیویست تێپەڕێت. كە ئەوەم دی، بەرچاوم تاریك بوو، بەلاّم پێش ئەوەی تێپەڕن بروسكەیەك بەمێشكمدا هات، بانگم لێكرد: برا ئەوە نیازی كوێت هەیە؟ كابراش بێئەوەی خاوی بكاتەوە دوای كەمێك بەنزمییەوە وتی كە: خەریكی كاكێشانە لەو خەرمانەی ئەولایەوەو، ئاماژەی بۆ پێشەوەی خۆی كرد. منیش بۆئەوەی لەدەستم دەرنەچێت گورج پێم وت: ئا تۆ ڕاوەستە مەڕۆ هەتا ئێوارە چەند كاروان دەكەیت؟ وەلاّمی دایەوە: ئەمڕۆ هەر ئەمجارە پێڕادەگەم. لەدەمیم قۆستەوە: ئەی ناكرێت ئەم كاروانە دوابخەیت بۆ سبەینێ و منیش نایەڵم

زەرەر بکەیت، وەرە ئێستا ئێمە بگەیەنە هەرتەل، چەند پارە داوا دەکەیت، پێت دەدەم و هیچ باریشمان پێ نییە.

کابرا دوای منجەمنج و بروبیانویەکی زۆر، قایل بوو وتی: دە وەرنە سەر ڕێگاکە سوارین، با درەنگمان پێ نەچێت. ئەمەم بەدەرووییەکی گەورە زانی، دەست و برد هاتینە سەر ڕێگاکەو، کابرا رووی ولاخەکانی بەرەو هەرتەل وەرگێراو ئێسترێکی بردە لای بەردێکی کەمێك بەرزو کە شیرین پێی لەسەر دابنێ، شیرین سواری ئێستربوو، گێلاس و ئاواتیش حەزیان دەکرد لای دایکیان بن، هەرچەندە کابرا گێرە گێرێکیشی کرد، وتم برا با جارێ لای دایکیان بن، لەدوایدا منیش یەکێکیان دەهێنمە لای خۆم. ئیتر ئێسترەکەی تریشی لەتەنیشت بەردەکەوە بۆ منیش ڕاگرت، بۆئەوەی بتوانم سواربم. من لەسواری ولاخدا بەشی خۆم شارەزاییم هەبوو، بەلام چونکە جارێکیان ئێستر فرێیدابوومە خوارەوە، بۆیە لەکابرام پرسی: برا ئەم ئێسترانە داناچلەکێن؟ ترستان هەر نەبێت، کابرا وتی کە سواربووم و ڕەشمەکەیم بەدەستەوە گرت و جێی خۆمم لەسەر پشتی ئێسترەکە خۆشکرد، سەعاتەکەی دەستم ئاماژەی بۆ دوو دەکرد.

کاروان کەوتە ڕێ و ئیتر کە ترسی چاوەڕوان کردن و مانەوەی دەشتم نەما: شنەی خۆش دلییەك دای بەروومدا، بەلام ئەو شنەیە دەقیقەیەکی نەخایاند، چونکە لەوکاتەدا کە دەمروانییە گلەسووری ڕێگا نەرمیانەکەی پێش خۆم، داچلەکینی لەپڕی ئێسترەکەم و، فرێدانە خوارەوەم بۆدواوەو، پشتی سەر کووتانم بەزەویداو، بێهۆشکەوتنی تەواوەتیم ئەمانە هەمووی بەکێك بوون.

کاتێك کە بەئاستەم هاتمەوە هۆش خۆم، وا لەسەر پشت ڕاکشاوم، کەکەمێك چاوم هەلهێناو جوولەیەکم بۆکرد، هەستم کرد ژێر کەپرێکەو، نزیکی عەسرەو، تەشقی گەرماکە شکاوە، بەلام گومانی هیچ ئێش و ئازارێکیشم لەخۆم نەکرد، تێبینیم کرد ئەوەش شیرین و مندالەکانە بەکزەلەیی بەدیارمەوە دانیشتوون.

شیرین کە دی وا کەمێك بەئاگا هاتمەوە، بەسۆزێکەوە وتی: ئۆخەی خوای گەورە، گەلێ گەلێکت لێ بەزیادبێت. ئەنجا بەدەنگێکی نزمترو بەپەرۆشەوە پێی وتم: زۆر سوپاس بۆ خوا، چاکتریت؟ هیچ کوێیەکت ئازاری نییە؟ کە منیش وتم: نەو شیرین هەست بەئازار ناکەم، شیرین لەجامولکەکەدا هێندێك ئاوی تێکردو خاولییەکی پێ تەڕکردو، هێنای بەدەم و چاومدا، دوای کزرکردنەوەی

ویستی قومێك ئاو بكات بەدەممەوە، لەوكاتەدا كە خۆم ماندوو نەكەم و قومە ئاوەكەی كرد بەدەممەوە، ئیتر ئەوەندە هۆشم هاتەوە بەر خۆم كە پرسی ئەوە بكەم: ئەمە كوێیە؟ من لێرە چی دەكەم؟ ئەمە چ بەسەرهاتێكە، شیرین تێم بگەیەنە شیرینیش هەر بەنەرم و نیانییەكەوە ئاگاداری كردمەوە: مادام تۆ سەلامەتیت مامۆستا. جارێ هیچ خۆت مەجولێنەو قسەش مەكە، با ماندوو نەبی چاكترە، لەدواییدا هەموو شتێكت بۆ دەگێرمەوە. لەگەڵ ئەوەدا كەمن لاجانگ و ناوچاوانیشم كەمێك رووشابوون، وتم شیرین من هیچ كوێم نایەشێت و ماندووش نیم، تۆ تێمبگەیەنە، ئیتر شیرینیش كە بەكورتی دای بەگوێمدا، هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشتم كە ئێسترە خاوەن تۆپیوەكە كەلەپرێكدا داچڵەكیوەو منی كوتاوە بەزەویداو، ئیتر هەر دەست بەجێ لەوێدا لەهۆش خۆم چووم و بەڵام كاروانچییەكە سواری كردوومەتەوەو، زۆر دڵیشی بەوە خۆش بووە كە بەسەر ئێسترەكەوە خۆم راگرتووە، هەروەها وتی: نزیك ئەم سەعاتە رێگاكە هەتا گەیشتووینەتە ئێرە، ئەمە تۆ بەسەر ئەو ئێسترەوە ورێنەت كردووەو قسەی هەلەق و مەلەقت كردووە. ئیتر كەگەیشتینە لای ئەم كەپرەی لای ئەم خەرمانەوە لەدامێنێ رێگاكە، كابرای كاروانچی لەوەلاتر چێت، لەجیاتی ئەوەی كە زۆرتر خەممان بخوات، كەچی چوو بەچەقی نەعەلەتداو وتی: خوشكم دەترسم ئەم پیاوە خۆی نەگرێت بەسەر ئێسترەكەوەو بكەوێتە خوارەوە، من لەوە پتر لەگەڵتا نایەم، دایبەزانین و بەلای كاكێشانی خۆیەوە لێیدا رۆیشت. منیش دەستێكم كەوتە ئەملاو ئەولا. ئیتر وام بەباش زانی لەژێر ئەم كەپرەدا بۆ خۆت راكشێیت، بەڵكو هۆشێكت بەخۆتدا بێتەوە.

خاوەن خەرمانەكەش كە بەمجۆرە ئێمەی دی، ماڵی ئاوابێت وتی: خوشكم خەمتان نەبێت ئەوە گوندی (دوواو)ە، لێرەوە نیو سەعاتە رێ نابێت، ماڵمان لەوێیە، هەر ئێستا دەچم دوو وڵاختان بۆبەكرێ دەگرم بتانباتەوە بۆ هەرتەل. ئەو سەعاتێك دەبێت رۆیشتووە، ئێستا كاتی هاتنەوەیەتی.

كە كەمێك لەمانە تێگەیشتم وتم: شیرین ئەمە تۆ دەیگێریتەوە، من وەكو لە خەودا بووبم هەر ئاگام لێ نییەو ئێستا لەتۆی دەبیستم. شیرینیش ئاگاداری كردمەوە كە هەر بیری لێ نەكەمەوە باشترەو ئێستا كاتی ئەوەم نییە، بەڵام من هەر درێژەم پێدا: شیرین من كە ئاگام لەخۆم نەبووە چۆن سەعاتە رێگایەك

خۆم بەسەر ئەو ئێسترەوە ڕاگرتووە؟ بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: دە هەروەکو نەبات دی بێت نەباران، ئاوها قنج و قیت بەسەر ئەو ئێسترەوە بوویت. ئەی چۆن قسەشم کردووە؟ وتی: زۆرتر دەتبزرکاند بەڵام مامۆستا گیان کەمێك حەواندنەوە بەخۆت بدە، جارێ ئەوەندە لێکی مەدەرەوە.

که گەیشتینە ئەم ئاستە، زانیم کە زۆرتر وریا بوومەتەوە. خۆ هەرچەندە هەستم بەهیچ ئازارێکیش نەدەکرد، بەڵام سەرم لەناوەوە دەنگێکی درێژخایەنی نەپساوەی دەدایەوە، هەرچییەکیشم دەبینی هەر ئەوە خۆیم لەبەرچاو بوو بیرکردنەوەم بڕی نەدەکردە ئەو دیویانەوە: شیرین، هەر شیرین بوو بەبیرمدا نەدەهات کە هاوسەرمە، گێلاس و ئاوات هەر گێلاس و ئاوات بوون باوك و فرزەندییم بەبیردا نەدەهات، ئەو دەشت و دەرو کەژو کێوانەی دەوروبەر، تەنیا هەر خۆیان بوون چۆنێتی سروشتییەکەیانم بەبیردا نەدەهات.

گوێم لێبوو شیرین بەخۆشیەوە وتی: ئۆخەیش ئەوە مامەی خاوەن خەرمان بەدوو ئێسترو زەلامێکەوە هاتەوە. کاتێك کە گەیشتنە لامان بەخۆشییەکەوە وتی: ئەوە شوکور مامۆستایە وا دانیشتووە؟ ئای کە پێم خۆشە، زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە، هەروەها وتی دە ئەوا ئەم برایە دەتانباتەوە بۆ هەرتەل، پێشتان بڵێم: ئێسترەکانیشی وەك مەڕ هێمنن. دوای پێزانین و سوپاسکردنێکی گەرممان بۆیان، بەدەم دوعاکردنی شیرین و ئایەتەلکورسی خوێندنی و ناوی خوا هێنانییەوە، کاروان دیسانەوە ڕێگای گرتەوە بەر. منیش هەرچەندە هەستم بەوەکرد کە مەترسیم لەخۆم نییە بەسەر ئێسترەکەوە خۆم ڕانەگرم، بەڵام زرنگدانەوەی دەنگەکە لەمێشکمدا هەر درێژەی هەبوو.

دەمە دەمی عەسرێکی فێنك بوو کە بەگوندی (دوواو)و (بێ کێڵ) تێپەڕین، کە دەنگی ژن و منداڵ و پیاو و مەڕو ماڵاتەکانیان دەیدا بەگوێمدا، هەروەکو لەخەودا بم وابوو، یان وەکو لایلایەیەك پێی دەحەسامەوە، کە هەتاوی سوورباوی ڕۆژئاواشم دەبینی بەسەر گڵە سپی دیواری هەیوانی ماڵەکانەوە، وەکو ببریقێتەوە وەهای دەنواند. بەبینینی ئەم وێنانە، هێندە لەشم سووك و سۆڵتر دەبوو وەك پەپوولەیەك بەئاسماندا بسووڕێتەوە لەجیهانەکەی ئەم بەیانییەدا نەما بووم، چووبوومە جیهانێکی ترەوە کە نەمدەزانی کوێیە. کە بەنێو ئەو دۆڵە پڕ لە دارو دەوەنـەدا تێپەڕین و سەرکەوتینە سەر ملەکە،

لەدووری نیو سەعاتە ڕێگاوە گوندی هەرتەل بەباوەشی باخەکانییەوە خۆی نیشاندابن، کەلەدوای بانگی شێوان بەکەمێك لەپێش دەرگای ماڵەکەی پاری خۆمان دابەزین کە هێشتا کەلوپەلەکەی پارمانی تێدا مابوو، شیرین دەست و برد لەسەر بانێژەکەی پێش ماڵەکە، ڕایەخی حەسانەوەی ڕاخست و منداڵەکانی بەتێری کردە خەو، ئیتر خۆشمان دوای سووکە خواردنێك، خەوە نووچکێیەکی ئەوتۆمان تێئالاَ، بەرگەمان نەگرت و دەست لەملان لێی ڕاکشاین. کە لەم کاتەشدا مانگ لەودیو چیای (نۆزان)ەوە بەسەر سەرمانەوە لەسەرخۆ، سەری دەرهێناو بەتریفە زیوینییەکانی بەمتیلێکی خەو دایپۆشین، کە بەدرێژایی کاتی نووستنەکە وامدەزانی لەکەژاوەیەکدا ڕاکشاوم کە بەسەر شانی فریشتەکانەوەیە، چونکە هەتا ڕۆژبووەوە شیرین هەر دەیگرتمە باوەش و دەستی دەکردە ملم و، هەر جارەش بەئاگا دەهاتەوە گوێم لێبوو بەدەنگە ناسکەکەی بەقوربان و بەساقەم دەبوو، بەلاَم وەك شێوەی ژن و مێرد نا، بەلاَم وەك شێوەی ئاسایی دایك و فرزەندیی، کەلەماوەی ئەم حەوت ساڵەی ڕابووردوومانداد بەیەکەوە بووین، ئەمە یەکەمجارە کە هەستی وەهای لێ دەبینم.

بەیانیش کەلەخەو هەڵسایین و نانمان خوارد، هەروەکو مامۆستاکەی جارانی خۆمم لێهاتبووەوە. ئاوا ئەم شەوو ڕۆژەی کە بەو پەرێشانییە لەپێناو نامەی مامۆستاییدا، بردمە سەر ڕۆژێکی نائاسایی بوو.

## دوای دوانزە ساڵ

لە لیستەکەی ساڵی دووەمدا ناوەکەمی تێدابوو کە گوێزرابوومەوە بۆ سلێمانی. بەلاَم لەدوای دوانزە ساڵ کەلەقوتابخانەی لادێکاندا لەباخچەی پەروەردەو فێرکردندا بردمە سەر.

عەزیزە فەنیش کە باوەڕێکی تەواوی بەدڵسۆزییەکەم هەبوو چوو بۆلای موسا سەمەدو بردمیە لای خۆی لە قوتابخانەی (الثورة) کە قوتابخانەکەی سەیوانی جارانی خۆی بوو ناوەکەی گۆڕابوو گواسترابووەوە بۆ نزیکی ئەوێ. ئیتر من لە (٩٦١-٩٦٦) لەوێ مامەوە کە لەگەڵ مامۆستاکانیدا خۆشترین ژیانی قوتابخانەمان بردۆتە سەر: عەزیزە فەنی خۆی، عەبدول ڕەحمان فەنی نووسەر، عەلی شێخ ڕەشید، عیزەت ڕەشید، ئیبراهیم سەرکیس، بەشیر عەلەکە، باقی عەلی، سابیربێباك، عەلی شەونم، حەمە فەرەج ساڵح، ئەحمەد حامید، عەبدوڵا سەید ئەحمەد، و کەسانی تریش. دوای یەك دووساڵێك عەزیزە فەنی خۆی خانەنشین کرد،یونس ئەفەندی هاتە جێگاکەی کە مامۆستایەکی دڵسۆز بوو ئێمەش ڕێزمان لێدەنا.

## فۆلکلۆر

لە پشووی هاوینی (١٩٦١)دا لە نەقابەی مامۆستایان، بۆ گەشەکردنی کەلەپوورو فۆلکلۆر لیژنەیەکی دروستکرد، لەسەرەتادا زۆربووین، بەڵام کە کارو فرمان هاتە پێشەوە ماینەوە سەر ع.ع شەونم و جەلال مەحمودو حەمە ڕەشید هەورامی و من، بەنیازی نووسینی کتێبی (سەرنجێك لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) یەك ژەمی بەبێپشوو بەدرێژی عەسرانی هاوینەکە، کارمان تێداکرد هەتا تەواومان کرد، من جگەلە لایەنە ئەدەبیەکەش، دووسەد وێنەی هێڵکاریم تێداکرد. کە لێبووینەوە دامان بەنەقابە، کە زانیمان لەکاتی چاپکردنەکەیدا ناوی ئەندامانی لیژنەکە دەکرێت بەژێر لێوەوە، ئێمەش کە داوامان کرد ناوەکان واراستە بنووسرێت بەوە سەغڵەت بوون. وتمان بۆچی ماندوو بوونێکی سێ مانگەی هاوین بەلاتانەوە پەسەندە، بۆچی شاردنەوەی ناوی ئەندامانی لیژنەکە

لەسەر کتێبەکە پەسەند نییە؟ نووسەران و ڕۆشنبیران زۆر مەبەستیان دەبێت کە ناوی لیژنەکەش لەو بەرهەمە بەنرخەدا هەر بڵاوبکرێتەوە. زۆرمان وت و کەمیان بیست... من و ع.ع شەونم لەسەر گیرفانی خۆمان کتێبەکەمان برد بۆ نوری عەلی ئەمین لە بەغداد کە بەناوی نەقابەوە چاپی بکات، بەڵام کە هاتینەوە بۆ سلێمانی، پێش چاپکردنی نەقابەی سلێمانی داخرا، ئیتر ئەوەبوو بۆئەوەی ئەو بەرهەمە نەفەوتێت بەناوی نەقابەی مامۆستایانی هەولێرەوە چاپکرا، بەڵام هەر بەبێناوەکانی لیژنەکە. ئیتر ئەوەبوو دوای ٢٧ ساڵ مامۆستا خالید جوتیار لە ڕۆژنامەی هاوکاری ١٠٧٩ (٢٩- ٥-٩٨) داوای کرد ئەم زاتە دڵسۆزانە کێن کە ناوەکانیان کراوە بەژێر لێوەوە؟ خۆیشم لەهاوینی (٩٦٢)دا لەڕیزی چالاکیەکانی هونەری شێوەکاریدا (٤٢) تابلۆی تایبەتی نەخش و نیگاری کەلەپووری سەر کاسەو کەوێل و جلوبەرگ و نوێن و تەختەو هەموو کەرەسەیەکی فۆلکلۆری کوردم لەکتێبێکدا بەرەنگەکانی خۆیانەوە ئامادەکرد بۆ چاپکردن، نیشانی زۆر دەستگاو کۆمەڵ و فەرمانگەمدا بۆم چاپ بکەن، هەموو بەلایانەوە شایستی خۆی بوو، بەڵام بەبیانووی ڕەنگاورەنگیەکەیەوە کە زۆری تێدەچێت کەس گفتی چاپکردنی نەدا، لەم دواییەشدا دووساڵ لەهەولێر لای ئەمانەتی ڕۆشنبیری مایەوە، تا (مەحمود زامدار) وتی لەڕاپەڕینەکەدا پارچە دڕاوەکانیم لەسەر جادە

بەدەست مناڵە وردکەوە بینیوە.
لە ١١ی ئەیلولی (١٩٦١)دا لەکاتی گەڕانەوەم لەبەغداد لەگەڵ ع.ع شەونمدا، لەبەر داخستنی ڕێگاو هاتنی سوپایەکی زۆر بۆ کوردستان، چوار ڕۆژ لەکەرکوك گیرمان خوارد، حکومەتی عێراق جەنگێکی (٣١) ساڵەی جینۆسایدی شێوەی بەسەر گەلەکەماندا سەپاند، هەتا بۆ جەزرەبە وەشاندن و کاولکاری وڵات، پەنای دەبرد بۆ بچوکترین بیانوو سوکترین بەڵگە. بۆنموونە:

## عەبەشەکەنە

هێشتا پێمان نەنابووە ساڵانی حەفتاکانەوە، لە سلێمانی یادی بەخێر بێت (عەبەشەکەنە)یەك هەبوو، بەیارمەتی خێرەومەندان دەژیا. عەبە گەنجێکی ساویلکەی مام ناوەندی، ئێسقان ئەستووری، لەش قورسی، خاوخلیچك، بوو. هەمیشە شەرواڵ و مراخانیەکی بێ پشتێنی لەبەر دەکردو، کڵاوێکی بێ جامانەی دەکردە سەر. عەبە ڕووخسارێکی جوانیشی نەبوو، هەتا بشڵێیت دەنگێکی ناسازی پێوە بوو.
هەر جارە خەڵکی سلێمانی بیاندیایە، وا خەڵکی کۆمەڵەیان کردووە، دەیانزانی کە ئەوە عەبەیەو باز دەدات، ئیتر خۆشحاڵ دەبوون و، ئەوەنەی تر کوڕو کاڵ لێی کۆدەبوونەوە. خەڵکەکە پاکەتە جگەرەیەك، یان دەسەسرێك، یان شتێکی بچووکیان لەو بابەتە، لەسەر زەویەکە بۆ دادەناو دەیان وت: دەی عەبە، بازەکەی بەسەردا بدەو، دەفلسەکە حەڵاڵ کە. ئیتر عەبەش پێشەکی

نەرمە پێکەنینێکی ناسازی گڕ پێدەکەنی و، سەیرێکی کۆمەڵەکەی دەکردو، ئەنجا قۆڵی هەڵدەماڵی و، دەرەلنگی شەرواڵەکەی هەڵدەکردو، وەك بەسەر گۆمی (زرێبار)دا بازبدا، ئاوا خۆی گورج دەکردەوەو دەیوت ((عەبە باز ئەدا)) عەبە باز ئەدا، عەبە باز ئەدا، بۆیان دەسەندەوە. ئیتر نەمدەزانی: خەڵکەکە گاڵتەی بە عەبە دەکرد، یان عەبە گاڵتەی بەوان دەکرد. دووسێ جارێك گوری دەبەستەوەو، کە بارەکەی بۆ نەرەخسایە، دەکەوتنە هاندانی: های شێری خۆم عەبە! های پاڵەوانی خۆم عەبە! ئادەی چاوەکەمی عەبە! دەی ئەمەت کردبێ عەبە! ئیتر عەبەش لەنێو ئەم هەراوهوریایەدا، بازێکی ناقۆڵای بەسەر شتەکەدا دەداو، تەپ دەکەوتە ئەودیویەوەو هاوارێکی دەکرد ((های شەکەنە!)) ئیتر کۆمەڵەکەش بەدەم هارەی چەپڵەو پێکەنین و هەراوهۆریاوە بۆیان دەسەندەوە ((های شەکەنە!)) ئەنجا هەر کەسێکیش بیویستایە، دەفلسەکەی دەکردە دەستەوە.

خەڵکی سلێمانی ئەمجۆرە مرۆڤە ساویلکانەیان خۆشدەویست و، گاڵتەو سوعبەتیان لەگەڵ دەکردن، شایەنی باسیشە: عەبە زۆر بازی نەدەدا، هەر بە دووسێ ڕۆژ، جارێك یان دوان نەبێت، ئیتر نازانم لەبەر قورسیی خۆی نەیدەتوانی یان چی.

بەڵام عەبە خوویەکی تریشی هەبوو: جارجارێك دەستی دەکرد بەگریان، بەڵام چۆن گریانێك؟ لەبازارا بەدەنگێکی بەرزی گڕی ناسازی بڵحەوە دەنگی لێهەڵدەبڕی، ئەم سەرەوسەری گوزەرەکە گوێیان لێبوو. هەر لەگەڵ دەشگریا دوکاندارەکان هەناویان دەکەوتە خوارەوە. چییە؟ دیسانەوە کوندەبەبووەکەیە؟ باوکم فریابکەون بۆڕە بۆڕی ئەم سەگبابی شوومە بێدەنگ کەن، هاکا وەك جاران عەسکەریە کردیان بەبیانوو ڕژانە بازارەکەوە کردیانە دەستوەشاندن، ئیتر بەپەلە دەچوون کە ژیری بکەنەوە، چونکە گریانی عەبەیان بە شووم دەزانی... کوڕە کاکە عەبدوڵا مەگری، عەبدوڵا گیان برای چاك بەو پیاوی چاك بە مەگری، بیکە بەخاتری خوا مەگری با عەسکەریە نەڕژێتە بازارەکەوەو دەست بکەن بە کوشتن و تاڵان و بڕۆیی. دەتۆ پێمان بڵێ بۆچی دەگریت؟ جێگەیەکت یەشێت بابتبەین بۆلای دکتۆر؟ ئەنجا ئیتر عەبەش لەپی دەستی بۆ درێژ دەکردن، بەدەنگە گڕە ناسازەکەیەوە بەدەم قوڵپی گریانەوە دەیووت: ئاخر نوقسانە، دایکم دەمکوژێت.

ئیتر دوکاندارەکایش گورج لەپی دەستیان بۆ پڕ دەکرد لەپارەو، دەیان وت: دەبڕۆ دەی بەقوربان لەم ناوە مەمێنە. عەبەش بەمە ژێر دەبووەوەو دەڕۆیشت.

هەر لە سالّی شەستەکانیشدا لە سلێمانی ئەتلەسێکی ڕەنگاوڕەنگی عێراقم دانا بۆ پۆلی پێنج، ئەویشم نیشانی گەلێك کاربەدەستانی پەروەردەدا لە بەغدادو سلێمانی، بەلام ئەویش بووبە قوربانی پالّەپەستۆی دینار، هەرچەندە نەخشەکەی پەروەردە خۆی تکریت و شەرقات لەجێگەی یەکتر نووسرابوون.

لەسالّی (١٩٦٣)یش بوو کە پەروەردە ناردمیە چالاکی قوتابخانەکان، سالّێك لەوێ بووم بۆ ڕاهێنانی هونەری شێوەکاری. لەکۆتایی (١٩٧٠)داو لەسەر داوای خۆم مامۆستا (حسەین نازم)ی بەڕێوەبەری پەروەردەش گواستمیەوە بۆبەشی شانۆ لە چالاکی قوتابخانەکان کەتا خانەنشینی یەکجاری کرام، هەر لەوێ مامەوە.

## مەنعی تەجەول

لەسالّی (١٩٦٣)دا عەرەبە شۆڤێنیەکان لە بەغداد کودەتایەکیان کردو عەبدول کەریم قاسم و سەرکردەکانی شۆڕشی (١٤)ی تەممووزیان لەسێدارەداو خوێنی چەندان نیشتمانپەروەرانیان ڕشت و ڕەشاییەکیان بەسەر عێراقدا هێنا. میریش کردیە سەر دام و دەسگاکانی و هەموو مامۆستاکان و فەرمانبەران کە دەبێت دژی (مەلا مستەفا) ئیمزا کۆبکەنەوە کە تەنیا هەر شەوکەت ئەحمەد حامیدو مامۆستایەکی عەرەب نەبێت ناوی (فائیز) بوو ئەوان نەبێت نەیانکرد. سالّەکەی زۆر ڕەش و شووم بۆ، ڕەورەوەی پێشکەوتن گەڕایەوە بۆ دواوە، کەلەو سالّەدا کە گەیشتینە (١٥)ی مانگی حوزەیران:

یەکێك لە چەپۆکە بەئازارەکانی دەسەلاتی میری بۆ کزکردنی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلەکەمان (منع التجول) بوو، کە کردبوویە بڕوبیانوویەکی هەمیشەیی

بۆ تۆڵەکردنەوەی هەر چالاکییەکی بچووك و گەورەی ناوشارو دەرەوەی شاری پێشمەرگە، یان گەڕان بۆ دۆزینەوەی نهێنیەك، یان مەبەستێکی تر. کە هەموو جارێك وەك هەموو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، (منع التجول) ێکی لەخەڵکی سەلامەت و بێ چەکی سلێمانی ڕاست دەکردەوە، کەلە فەرهەنگی تۆڵەدا چی چەپەڵ بوایەو تاوانی لێ بچۆڕایەتەوە ئەوەی هەڵبژارد.

ئەم مەنعی تەجەولانە بەپێی مەبەست و توانای خۆی ئەنجام دەدران. جار هەبوو گەڕەکێك یان دوان یان پتری دەگرتەوە، جار هەبوو شەقامێك یان دوان بوو، وازی نەدەهێنا بەڵکو بۆ مەبەستی بازوو دەرخستن خۆی و، هەروەها مەشق پێکردن، جاری وا هەبوو لە منع التجولەکانی گشت شاردا، لەموسڵ و عەمارەو دیوانیەو شارەکانی ترەوە (جیش الشعبی)یەکی تری بێ شوماری دەهێنایە پاڵ جەیشەکە، کەلەم ئەرکانەیاندا، ژیان و مردنی هەموو کەسێکی شارەکەیان پێ سپێردرابوو... کە برینەکانی ئەم منع التجولانەش لە ژیانی دانیشتووانی سلێمانیدا، ژانێکی زۆر سەختەو تاڵ و ترش و بەئازاری هەبوو... کەم کەس هەبوو جەزرەبەی قوورسی پێ نەگەیشتبێ، یان زیرەی لێ هەڵنەسێنرابێت، کە شوێنەوارەکانیان یادەوەریەکی بەسوێن لەناخی خەڵکیدا.

منع التجول هەبوو، بەیانیان مەلابانگان، یەك دوو فوویان دەکرد بە میکرۆفۆنێکداو بەدەنگێکی شوومتر لەدەنگی کونەبەبوو جاری بۆ دەدرا. هەش بوو کاتی دیاری کراوی نەبوو، لەئەنجامی ڕووداوێکی دیار یا نادیاری شارەوە، کوتوپڕ دەستی پێدەکرد.... ئیتر ئەمە هاووڵاتیانی شار کاتێکیان دەزانی، ئەوا لەبازاڕو دوکان، هەروا دەڕابەیەو بەپەلە دادەرێتەوە، دوکانی وا هەبوو بێئەوەی بپەرژنە سەر داخستنی هەروا بەچۆڵی بەجێی دەهێڵن... چییە کاکە چییە؟ قڵیشایەوە!! تەجەولە تەجەول! یان بەو شەقامانەدا هەروا خەڵکەو باڵی لێ پەیدابووەو لەبازاڕەوە بەرەوماڵەوە ڕادەکات... تەقەیە.! چی بووە برام چی بووە؟ تەجەولە تەجەول ڕاکەن قڵیشایەوە!! ئیتر کوڕ ئەو کوڕە بوو بەزووترین کات خۆی بگەیەنێتە ماڵەوە، ئیتر لەماوەی جگەرەکێشێك کەمتردا، ئەو شارە گەورەیە، کەسی پێوە دیار نەدەماو، وەك چۆڵەوانی لێ دەهات... شار بۆنی خوێنی لێ دەهات.

منع التجول لەماوەی ئەم (٣٠) ساڵەدا (٩٦١- ١٩٩٠) ناڵێم دیادەیەکی

هەفتانە، یان مانگانە، یان وەرزیانە بوو، چونکە کاتی بۆ نەبوو، بەڵام ئەوەندە زۆربوو هەموو کاتێك چاوەڕوانی دەکرا.

بەئازارترین منع التجولیش ئەگەرچی یەك لەیەکتریش بەئازارتر بوون! منع التجولەکەی نۆی حوزەیرانی (١٩٦٣) بوو. ئەی ئەوانەی کەتا ئەو ڕۆژەش نەهاتبوونە سەر زەمینی ئەم کوردستانەوە، من کە ئەم تراجیدیایانەتان بۆ دەگێڕمەوە، بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، گوێم لێبگرن، بۆ هاوتەمەنی خۆمی ناگێڕمەوە چونکە ئێمە خۆمان تیایدا دەژیاین. هەر بەزمانی ئەوساش دەیگێڕمەوە. نۆزدەی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە فەرمان و سەرکردایەتی (زەعیم سدیق) چوار شەوو چوار ڕۆژ سەرومڕ، سلێمانی بووبە مەعەسکەرێکی دەبابەو زرێپۆش و سەربازی خۆلە فیشەکا زەردکردوو،کەلەوماوەیەدا ناڵەی تۆپی پێنج پێنج و قرمەی شەست تیرو ڕیزی کلاشینکۆف گوێچکەی کەڕ دەکرد، نزیکی هەزارو پێنج سەد هاووڵاتی ئەم شارە سەلامەتە کەلە پەپوولە بێ گوناهتربوون، زۆربەیان بە بەرگی نووستنەوە لەماڵی خۆیانا، ڕەشبگیرکران، پیرەکان بەبێ گۆچان و نەخۆشەکان بەبێ دەرمان، هەموو لە تەویلەکانی حامیە، توندکران کەچی لە شەوی سێیەمدا مەفرەزەیەکی جەیش هات، حاکم عەبدولقادر سەید عەلی کە دراوسێی خۆمان بوون و لەماڵی خۆیان کە بەرگرتن نەکەوتبوو، برد بۆ سەراو لەوێ ئیمزای گیراوەکانیان پێکردو ناردیانەوە بۆماڵەوە... نزیکی سەدو پەنجا هاووڵاتیش هەر لەماڵی خۆیانا بەبەرچاوی فرزەندەکانی خۆیانەوە درانە بەر گوللەو شەهیدکران... لای تەلبەندەکەی حامیەشەوە هەشتا هاووڵاتی پەپوولەشیان هەر زیندە بەچاڵ کرد.

هەر مەرگ بوو دەباری... نێو شار بووبە گۆڕستان، خەڵکی لەبەر پشوونەدانی تەقە، شەهیدەکانیان لەماڵی خۆیاندا دەناشت گوایا بەئامانەت لەنزیك دارول تەلەبەوە دوو کوڕی گەنجی حاجی عەبدول ڕەحمان کەبرای مامۆستا مستەفابوون، هەر لەماڵەکەی خۆیانا شەهیدکران و هەر لەحەوشەکەی خۆیانا ناشتیانن... وتیان دوای منع التجولەکەش تەرمی دوو فەقێش لە مزگەوتی حاجی حانا بۆنیان کردبوو کە بەگوللەی عەسکەریە شەهیدکرابوون... تاڵان و بڕۆیی دوکان و بازاڕو ماڵان، ئەوە هەر مەپرسە، هەتا من لەو کاتەدا واهات بەبیرما: هەر ماڵێکی کورد ڕاست وایە لەکتریەکی ڕەش و حەسیرە شڕێك و دووسێ بەتانی

زیاتری نەبێت، چونکە لەوە زیاتر، هەر بۆ عەسکەر دەبێت.

ئەنجا هاوکات لەگەڵ ئەم منع التجولەکەشدا، هەتا دە پانزە ڕۆژ، ڕێگاوبان بۆ شارو بەپێچەوانەشەوە قەدەغەکرابوو، قوش دەرنەدەچوو، خەڵکی بۆ نیوکیلۆ تەماتە یان ترێ یان خەیار زرووکەی دەکرد.

ئیتر لەوە دوواش لەماوەی ئەم (٣٠) ساڵەدا هەر کە خەڵکی سووسەی منع التجولێکیان بیبیستایە، هیچ ناحەقێکیان نەبوو کە موچرکەی ترسناکی ئەو جۆرە کارەساتانەیان نەهاتایە بەلەشدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تادەهات گیانی خۆڕاگری و بەرگەگرتن و قوربانیدان لەپێناو سەربەستی کوردستاندا گەشەی دەکردو، بەڵکو لەناخی دانیشتوواندا ببووە داب و نەریتێکی ڕەسەن کە ڕەگی داکووتابوو، لەو دیمانەی ڕۆژانەیانداو بەبەرچاوەوە دیاربوو.

بەیانیەکیان لەگەڕەکی سەرشەقام، حاجی ساڵح تازە دوکانەکەی کردبووەوە، کە بینی وەستا مەحمودی مسگەری کۆنە هاوڕێی بەرەو ژوور دەبێتەوە بۆ دوکانەکەی لەناو بازاڕ، کەوتنە ئەم گفتوگۆیە:

حاجی ساڵح- ئەرێ خولە ئەوە چییە، دەڵێی نانی شوانت خواردووە.

وەستا مەحمود- توخوا وازم لێ بێنە، بەم بەیانیە تاقەتی سوعبەت و موعبەتم نییە.

حاجی ساڵح- کوڕە سوعبەتی چی خولە؟ تۆ هەتا کەی عاقڵ نابیت؟ ئا تۆ سەیربکە.

کە وەستا مەحمود سەیریکرد، وا لەڕێگەی ناو بـازاڕەوە هەر خەڵکەو بەرەوخوار ڕادەکات- کە ئەمەی دی وتی،

وەستا مەحمود- بەراست ئەوە چییە سالە؟

حاجی ساڵح- ئەی مردووت نەمرێ تۆ گوێت لەو تەقانە نییە. کەڕیت؟ دەڵێن لەبازاڕ منع التجولێکە، کێ جلی کوردی لەبەردایە، چنیانەوە!

وەستا مەحمودیش کەمێك تێراماو ئەنجا بەجلەکانی بەری خۆیدا هەڵیڕوانی و وتی- جا ساڵە، توو ویژدانت، مسگەری و عەگالیان وتووە؟ ئەنجا بەدانیشتنەوە وتی: ئابێنە زەلی بە.

لە(منع التجول)ێکی بەهاری ١٩٨٧ دا، لەبەردەم قوتابخانەی گۆیژەی کوڕاندا، زابتێکی عەسکەری کابرایەکی کەمێك ڕیشن دەگرێت جلی کوردی لەبەردا دەبێت،

جا ئەوسا لەناو پێشمەرگەدا تاك و تەرا هەبوو ڕیشیان دەهێشتەوە، کە دەیگری، دووای ئەوەی کە هێندێك ڕیشی با دەداو بۆی ڕادەکێشێت، لێی دەپرسێت: تۆچیت؟ ئەویش هەرچەندە (ئەمن) دەبێت لەترسا دەشڵەژێ و دەڵێت (قوات مسلحة) زابتەکەش ئەوەندەی تر ڕقی هەڵدەسێت و دەڵێت: (قوات مسلحة شنو؟) ئەنجا کابراکە هەویەکەی (ئەمن)ی نیشان دەدات و دەڵێت: سیدی أني (آمن)... زابتەکە سەیرێکی تری دەکات و دەڵێت: منو ێمر مالك؟ ئەویش دەڵێت: ملازم علي... زابتەکە خێسەیەکی تریٚ لێدەکات، لەو ناوەدا هێندێك کنگری پاك نەکراو ڕژابوو، ئاماژەی کنگرێکی پیری گەورەی دڕکاوی بۆ دەکات بیداتە دەستی. ئەویش هەروەکو فلچەی تەراش دووسێ جار دەیهێنێت بەڕیشیداو، ئەنجا لەدوایدا دەی ئاخنێتە دەمیەوە ناچاری دەکات بیخوات، کابراش لەترسا وەختە زیرە بکات، دەست دەکات بەخواردنی، تا چاوی پڕ دەبێت لە ئاوو چۆڕەچۆڕ کەف بەلالغاوەیدا دێتەخوارەوە. لەهەمان کاتدا فەرمانی پێدا کە بەدەم کنگر جووینەوە پشتێنەکەی بکاتەوەو بیدا بەسەر دەستێکیاو جامانەکەشی بەسەر دەستەکەی تریدا شۆڕکاتەوە، دوای ئەوە هەردوو دەرەلنگی شەرواڵەکەی هەتا ئەژنۆی پێ هەڵکردوو وتی: (الف مرة، انعله ابوك لابو آمر مالك. ابن الخر، هسه ولی من طدامی
بالعجل، لاتخليني أشوفك) ئیتر هەر بەو جۆرە کابرا بەتەپیوی و ڕیسواییەوە لەبەرچاوی ون بوو.

بەدرێژی ئەم (٣٠) ساڵە، سێ و چوار ساڵی مفاوەزاتەکەی ئازاری ١٩٧٠ی لێ دەرچێت، هەموو شەوێك لەم شاری سلێمانیەدا (منع التجول) بووە. بەڵام بەجۆرێکی ترو، لەبەرگێکی تردا، جاری بۆنەدراوەو میکرۆفۆنی بۆ نەخراوەتەکار. بەڵکو خەڵکی لەبەر گەڕوگوڕو، بڕوبیانووی داتاشراوی پیاوانی میری و بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان، زۆرجار هەر لەدوای عەسرەوە دوکان و بازاڕیان هەڵدەگرت و دەهاتنەوە بۆ ماڵی خۆیان و بۆ ئێوارە دەرگایان لەسەر خۆیان دادەخست و ئیتر وەکو منع التجولی لێدەهات. شەقام و کۆڵان و گەڕەکەکان چۆڵ و هۆڵ، لە سەگ و پشیلەو ئەمن و دەورێی ئینزیبات بەولاوە کەسی پێوە نەبوو، هەتا ماڵەو ماڵ کردنیش بەدەگمەن هەبوو. چاخانەو گازینۆو چێشتخانەکان هەموو دادەخران، یەك دوانێکیان نەبێت کە ئەمن و ئینزیبات لەبەر دانیشتنی

خۆیان ناچاریان دەکردن زۆرتر بمێننەوە... نەتاکسیەك نەعەرەبانەیەك دەست نەدەکەوت، یاخوا هیچ خێزانێك کەسیان نەخۆش نەکەوتایە، بەچی و چۆنی دەگەیانە نەخۆشخانە؟

خۆ منع التجول و بێ تەقەیشیان نەوتووە... کەم شەو نەبێ ٣٠ ساڵە لە سلێمانیدا شەو تەقە هەربووە.. لێرەدا بیرەوەریەکانی (مێجەرسۆن)م دێتەوە بیر کەلە ساڵی (١٩٠٩)دا لە سلێمانی نووسیوێتی دەڵێت (شەو نەبوو شاری سلێمانی بێ تەقە ڕۆژ بکاتەوە...) هەروەها زۆر شەوانیش پێشمەرگە دەهاتنە شارەوە، دەبوو بەتەقەو هورێك جار هەبوو وات دەزانی عاسمان ڕووخاوە... بۆ سبەینێش میری وای نیشان دەدا: نەبای دیوە نەباران. چونکە هەر بینایەکی سەر بەمیری دەلاقەیەکی تێبکرایە، میری شەو بەپەلە فەرمانی چاککردنەوەی دەدا، خوێنی هەر کەسێکی سەربەخۆشیان بڕژایە، هەر شەو دەیانشتەوە بۆئەوەی شوێنەواری بەرچاو نەکەوێت. ئەمەش بەمەبەستی بازوونیشاندان و، ورە بەرزکردنەوەی لایەنگرانی خۆی. خەڵکی سلێمانی بەجۆرێك لەگەڵ شەو

تەقەیەدا ڕاهاتبوون،ئەگەر شەوێك تەقە نەبووایە سبەینێ لەیەكتریان دەپرسی: ئەرێ چییە فلان كەس ئەمشەو تەق وتۆقمان نەبوو؟

ستەم و زۆركاری هەتا دوای ناچێتە سەر... ڕەورەوەی زەمانە ئەم منع التجولانەش شێلاو، ئەوانیش چوونە خانەی ڕابووردووەوە... بەڵام بەخوا كاكە: گەلانی جیهان لەوداخ و ژانانەی ڕابووردووی خۆیان: مێژووی سەركەوتنەكانیان نووسیوەتەوە.

## كۆمەڵی هونەرەجوانەكان

لەساڵی (١٩٥٢)وە تا ساڵی (١٩٥٧) لەبەرئەوەی لە تەوێڵەو خورماڵ مامۆستا بووم و دوورە شار بووم، زۆر ئاگاداری چالاكی هونەری نەبووم لە سلێمانیدا. بەڵام ئەوە دیار بوو كەلە ساڵی (١٩٥٧)دا كۆمەڵێك لاوی بەتواناو خاوەن بەهرەو هونەر دۆست لەسلێمانی كۆمەڵێكیان دامەزراندو مۆڵەتی ڕەسمییان وەرگرت بەناوی كۆمەڵی هونەرەجوانەكانەوە، كە بایەخی بەهونەری مۆسیقاو گۆرانی و شێوەكاری و شانۆ، دەدا، لەم بوارانەشدا كەسانێكی هونەرمەندو هونەردۆستی لەخۆی كۆكردەوە كە چەندان پێشانكەی بۆ شێوەكاری كردەوەو ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقای گێڕاو چەندان شانۆیی پێشكەش كردو، دەورێكی باشی گێڕا لەناسینی خەڵكی بەم هونەرانە، من خۆم یەكێك بووم لەو كەسانەی

کەلەپێشانگاکەی ساڵی ١٩٦٣ دا بەکۆمەڵێك نەخش و نیگاری کوردەواری بەشداریم کردووە جگەلە تابلۆیەکی پۆلێك کەو.

لەو شانۆییانەشی کە پێشکەش کردووە: (پیسکەی تەڕپیر) (تواناو تۆڵە) شانۆیی تریش. شایانی باسە هەر لە ساڵی (١٩٦٣)شدا، دوای چالاکیەکانی حکومەت ئەمە کۆمەڵەی داخست.

## هونەری شێوەکاری

لەپێش ساڵانی پەنجاکاندا کە مامۆستابووم، بۆم دەرکەوت کەلەکاتی وانە وتنەوەدا، پێویستیەکی گەورەم بەوێنە نیشاندان هەیە بۆ تێگەیشتن و ئاسانکردنی فێربوونی قوتابیان. خۆ لەم هونەرەشدا من تەقەی سەرم دەهات: بەڵام خۆشەویستی پیشەکەم وای لێ کردم کە خۆم فێری وێنە بکەم، تا پێویستیەکانی خۆم دابین بکەم.

کاتێ کەلەخانەی مامۆستایان قوتابی بووم، هەرچەندە هەفتەی دوو وانەی وێنەمان هەبوو و مامۆستایەکیشمان هەبوو (قاسم ناجی) هەر خۆی قاسم ناجی بوو، رووخۆش، زمان شیرین، پەروەردەکار، لەهونەرەکەشیدا باڵادەست، رەنگ و فلچەو پلێت و ستاندی دەدا بەقوتابیەکان: دەی کورم برۆن بۆ کوێ دەچن برۆن وێنە بکەن، زۆر قوتابی ئەم هەلەیان لەدەست نەدا. بەڵام من لەبەرئەوەی

لەوانە زانستیەکاندا نمرەی دەرچوون بەدەست بهێنم، هەوڵم نەدا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم هونەرە بگرم.

جا لەمامۆستاییدا کەبڕیاری فێربوونی وێنەکێشانمدا، بەپەرۆشەوە کە دەستمدایە فڵچەو ڕەنگە ئاوییەکان و... هتد دەبینم کارەکانم لەڕادەیەکدان، ئەوە دەهێنن کەلەسەریان بەردەوام بم، ئیتر وێنەکان بەرەبەرە ڕوویان دەهات بێنە بەرچاوی قوتابی... ساڵێکی پێچوو، دەبینم شێوەکان و ڕەنگەکان، جوانیش دەبەخشن... ئیشکردن بووبە دووساڵ هەستمکرد خۆشم چێژ لەکارەکان وەردەگرم، ئەمانە تەفرەیان دام درێژە بە وێنەکێشان بدەم، تا وای لێهات لەسنووری نەخشەو پێویستی قوتابخانە بچمە دەرەوەو وێنەی بابەتی تریش بکێشم دەڕوانم کارەکە دەبێتە خولیا.

لەپەنجاکانیشدا وای لێهات دۆست و هاوڕێ بەچێژەوە سەیری تابلۆکانیان دەکردو بەلایانەوە پەسەندبوو. لەدوایدا کەبەرهەمەکانم زۆرتر بڵاوبوونەوە ناوم کەوتە نێو ناوانەوە کاتێ بەخۆم زانی پێیان وتم: هونەرمەند.

لەقوتابخانەکانیشدا، جگە لە وانەی کۆمەڵایەتی کە دەمووتەوە، وانەی شێوەکاریشیان پێدام، کەبەم هۆیەوە چ ساڵێك لەسلێمانی بووبم، لەپێشانگەی ساڵانەی گشتی پەروەردەدا، بەبەرهەمی قوتابیەکان و بەرهەمی خۆشم، بەشداریم کردووە. هەتا لەپێشانگەکەی بەهاری (١٩٥٧)دا کە ئەوسا لەقوتابخانەی سەیوان بووم، هاووڵاتیەکی کوێتی تابلۆیەکی زەیتی هەڵپەڕکێ یەکی کوردی لێکڕیم بە (١٥) دینار.

لەشەستەکاندا چالاکیەکانی وێنەکێشانم زۆرتر گەشەی کردو زیاتر کەوتمە ناوەندە هونەریەکەوە. ئیتر لەو ساڵانەداچەندان کەس لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، خوێندنیان تەواوکردو هاتنە گۆڕەپانەکەوە، وەکو: (نوری ئیسماعیل و عوسمان خاڵ خوالێیخۆشبێت، دڵشاد ساحێب قڕان و... هتد) جگەلە ئەمانە (ئیسماعیل خەیات و عەزیز سەلیمیش) خۆیان بەجمهور ناساند. جگەلە (خالید زامدارو عومەر دڵخۆش) کەبەرهەمەکانیان لەبەرچاو بوون، کە (قادر کوردیش) پێش شەستەکان هەر دیاربوو. هەروەها (ئازاد شەوقیش) لەپێش شەستەکانەوە لێپرسراوی چالاکی قوتابخانەکان بوو. لەپەنجاکانیشا بەرهەمەکانی (جەمال بەختیارو خالید سەعیدی خوالێخۆشبوو، شێخ مستەفا

بەرزنجی) م دەبینی، پێش ئەمانیش (حەسەن فەلاح). کە ئەم هونەرمەندە بەرێزانە هەموویان تێکرا بەتابلۆو بەرهەمەکانیان مێژووی هونەری وێنەو شێوەکاری کوردییان رازاندۆتەوە.

من لەسالآنی شەستەکاندا چالاکی هونەریم دەرکەوت، پەروەردەی سلێمانی لە (١٩٦٣ و ١٩٦٤)دا کردمی بەراهێنەری هونەری وێنەکێشان لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا کە ئەوسا (وەسائیلی ئیزاح)یان پێدەوت مامۆستا ئازاد شەوقی لێپرسراوی بوو قادر کوردیشی لێ بوو، ئێستاش چالاکی هونەریی قوتابخانەکانی پێدەڵێن.

لەکارو بەرهەمە دیارەکانم لەهونەری وێنەکێشاندا:

جگەلە ئەو (٢٠٠) وێنەیەی نێو کتێبی (سەرنجێك لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) کەلەوەو پێش باسم کرد،لە ماوەی ئەو چوار پێنج ساڵەی نێوان (١٩٦٣-١٩٦٦ ) هوە ٤٤ تابلۆ نەخش و نیگاری رەنگاو رەنگی کەلەپووری کوردیم کرد بەنیازی چاپکردنی لەکتێبێکدا، کە ئەمە یەکەمجارە لەم هونەرەدا سەرنجی بۆ بچێت، بەلام زۆر بەداخەوە نێو کتێبی نەدی، کەئەمەش چیرۆکەکەی زۆر درێژە، کەلەم دواییەشدا بەرەش و سپی بەشێوەی مەقالەیەك لە ژمارە (١٣)ی گۆڤاری کەلەپووری کورد زستانی (٢٠٠٠)دا هێندێکیانم بلاوکردەوە.

لەساڵی (١٩٦٧)یشدا (١٠) نموونەی وێنەی فۆلکلۆریی رەنگاورەنگم کێشا، بە (٢٠) هەزار نسخە لەشێوەی کارتی جەژنی پیرۆزەدا چاپم کرد کە، بابەتەکانیان لەبارەی جلوبەرگی ژنانەو پیاوانەو کوردسوارو پۆلەکەو دیمەنی لادێ و ئاوهێنان لەکانی یەوە بوون... هتد، کە ئەمانەم لەسلێمانی و هەولێرو کەرکوك بلاوکردەوە، ئێستاش نموونەکانیان بەدەگمەن نەبێت دەست ناکەوێ. سەیر ئەوە بوو کەپێش (١٩٦٧) هێشتا کارتی رەنگاورەنگ نەگەیشتبووە بازارەکانی سلێمانی، بەلام کە من ئەو وێنانەم بلاوکردەوە، کارتی رەنگاورەنگی ولاتانی دەرەوە رژایە بازارەکانەوەو کاری کردە سەر بازار ساردیی بەرهەمەکانی من.

لەساڵی (١٩٦٤)دا بیرم لەوە کردەوە: من سالآنێکی دوورودرێژە خەریکی وێنەکێشانم زۆر لە خۆم و دۆست و هاورێ کە دەیانبینن، بەرانبەر بەسوپاسێك داوایـان دەکـەن، لەماڵەکەی خۆشمدا چەند تابلۆیەکی ئەوتۆشم نییە کەلە ژوورەکانندا هەڵیانواسم.. ئەم حاڵەتە زۆر بێزاری کردم، ئیتر لەوساوە بڕیارمدا

که کۆمەڵێك تابلۆی زەیتی دروست بکەم و نیشانی کەسیان نەدەم و هەڵیانگرم تا لەدوارۆژدا خانووم کرد، لەژووری میوانەکانمدا هەڵیانواسم. واشم بەپەسەند زانی کە بابەتی ئەو تابلۆیانە لەژیانی خۆوڵاتیەوە، نزیك بێت. بۆ ئەم پرۆژەیەش چەند دیمەنێکی گەورەم لەدیمەنی لادێ جوانەکانی ناوچەی سلێمانی هەڵبژاردو دەستم کرد بە کارکردن تیایدا، تا لەساڵی (١٩٦٩)دا پرۆژەکەم تەواوکردو بووم بەخاوەنی سامانێکی هونەریی و چاك هەڵمگرتن.

## لەشەستەکاندا

سلێمانی لەساڵانی شەستەکاندا بەرووداوو بەسەرهاتی گەورەدا تێپەڕی کە ژیانی دانیشتووەکانی خرۆشاندبوو، وەکو شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)، کودەتاکەی (١٩٦٣)ی بەغدا، لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم و هاورێکانی، قەدەغەکردنەکەی هاتوچۆکردنی (٩)ی حوزەیران، داخستنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان، هێرشی تۆڵە دیکتاتۆریانەکەی حکومەت بۆ سەر سلێمانی و گەلی عێراق... هتد کەئەم رووداوو بەسەرهاتانە ئەو بارە ئاساییەی شڵەقاند کە بۆ چالاکی هونەری دەستی دەدا.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ساڵانەدا ناوبەناو بەرهەمی شانۆیی هەر نمایش دەکراو دەنگی هەر هەبووە وەك:

(تاوانێك لەئاسماندا) (شەش پەنجایی) (شەوی کۆتایی) (کاوەی ئاسنگەر) (فەرهادی شۆڕشگێڕ) (شاکیر من دایکتم) (ئەمر دەکەیت بەگم) (کۆڵنەدانی

قوتابیان) (زێڕین)... هتد.

ئەم بەرهەمانەی کە ناوم بردن بەزۆریی لەلایەن قوتابیانی ناوەندی و ئامادەییەکانەوە یان قوتابیانی هێندێ ڕێکخراوی غەیرە هونەرییەوە پێشکەش دەکران بەبێ ئەوەی تیپ و کۆمەڵی هونەری تایبەت هەبووبێت کە هەل و مەرج و مەڵبەندو مەنهەجی هونەری هەبێت. ئەویش بەبەڵگەی یاریدەدانی قوتابیانی هەژار یان نەخۆشەوە یان بەناوی چالاکیەکی قوتابخانەوە یان پرۆژەیەکی گشتی بەکەڵکەوە کۆمەڵێك قوتابی بەتوانای ئارەزوومەند لەهونەردا، کۆدەبوونەوە دەقێکیان پەیدا دەکردو، لەخۆیان یا شارەزایەکی دەرەوەی خۆیان دەرهێنەرێکیان بۆ دیاری دەکـردو، بۆ چەند ڕۆژێـك (٣-٥) یا زیاتر پێشکەش دەکران.. چونکە تەنیا شانۆیەك بوو لە سلێمانی. بەڵام بەنیسبەت شەخسی خۆمەوە بۆم نەدەلوا لەو چالاکییانەدا بەشداری بکەم، بەڵام گەلێك لەم نمایشانەم دەبینی و هەواڵم دەبیستن. ئەو تیپەشمان بەگران دەهاتە بەرچاو، وامان بەجێ زانی کە شانۆییەك پێشکەش بکەین بۆ یاریدەی قوتابیانی هەژار.

ساڵ گەیشتبووە (١٩٦٨) کاك ئەمین لەنووسینی خۆی دەقی (بڕیارو ئەنجام)ی هێنا کەبەرەو ڕووی سەعید ئەحمەد کرایەوە بۆ دەرهێنانی، کە دوای دیاری کردنی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بەڕووخسەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەستکرا بەراهێنان. مـاوەی (٢٠) ڕۆژ پێوەی خەریکبووین. دیکۆر دانرا، پڕوپاگەندەی زۆر کرا، بەیان مۆڵەتی موتەسەریفیەت دەرچوو، بلیت فرۆشرا، ئەوسا واباوبوو بەشداران خۆیان دەگـەڕان بەماڵان و فەرمانگە و قوتابخانەکاندا بلیتیان دەفرۆشت... ئەنجا ئەو ئێوارەیەی کە بۆ سبەی شەو بڕیارە بچینە سەر شانۆ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئاگاداری کردین کە، شانۆکە بۆ ئێمە نابێت و خۆیان شانۆییان هەیەو بۆ ئەمەش قسە لەگەڵ مامۆستای هونەرەکەیان بکەین، مامۆستای هونەرەکەشیان کەخۆی بەهونەرمەند دەزانی و تێکەڵبوو لەگەڵ بزوتنەوە هونەریەکەو، چاوەڕوانمان دەکرد زۆر کەس بەرەنگاریمان بکات ئەو نەبێت، کەچی کەکێشەکەمان لەلا باسکرد لەئەنجامدا وەکو ئاسنی سارد بکوتین وابوو. لۆژە لۆژ هاتینە دەرەوە. ئەنجا سەرەڕای ئەو ڕەنجەش بۆ ئەوەی ڕوو زەردی خەڵکی نەبین بەتایبەتی من و کاك ئەمین کە هێندێك بلیتمان فرۆشتبوو، یەکە یەکە گەڕاین بەسەر ئەو کەسە

بەرێزانەداو پارەکەیمان بۆ بردنەوە.

ئەم کەوتنەمان بووبەهۆی ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە بەجۆرێك کاری هونەری بکەین، سەربەست بین و هەڵسوکەوتی خۆمان بەدەست خۆمان بێت و کەس دەست نەخاتە کاروبارمانەوە، کەئەمەش بەوە دەبێت کە تیپێکی تایبەت بۆ شانۆ دابمەزرێنین و مۆڵەتی لەحکومەت وەربگرین و بەرنامەو نەخشەی ئیشکردنمان هەبێت. ئیتر بڕیارمدا (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) دابمەزرێنین، دەست لەدەست و قەوەت لەخوا.

## دامەزراندنی تیپی (نواندن و مۆسیقای سلێمانی)

ئەم کێشەیە هۆیەك بوو لەهۆکان، بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەبوو: بزووتنەوەی هونەری شانۆو ئارەزوومەندانی شانۆ، ئەوەندە لەشارەکەدا پەرەی سەندبوو، دامەزراندنی تیپی تایبەت نەبوایە کارەکان نەدەڕۆیشت. لەبەرئەوە لەرووی مێژووییەوە کاتی ئەوە هاتبوو پێویست بەدامەزراندنی تیپی ڕەسمی بکات.

ئەمە مێژووەو جگەلە ئەوەش بیرەوەری نووسینە، لەبەرئەوە مافی ڕەوای خۆمە چەند ڕەنجم لەگەڵ دامەزراندنی ئەم تیپە داوە بەڕاستی تۆماری بکەم.

کەوتمە خۆم، بەئەرکێکی زۆر، یاسای ژمارە (١٦٦)ی ساڵی (١٩٦٤)م لەرۆژنامەی (الوقائع العراقية)دا پەیداکرد.

دوای دوو هەفتە خەریك بوون، ڕژێمی ناوخۆو بەرنامەی تیپەکەم نووسی. ئەنجا لەگەڵ برایانی هونەرمەندان (سەید ئەحمەدو ئەنوەر قەرەداخی و حەسەن تەنیا، نوری ئیسماعیل و ئەمین میرزا کەریم و بورهان مەسرەف)دا

بۆماوەی مانگێك كەوتینە خوێندنەوەی و لێكۆڵینەوەی كاركردن لەپێناوی دامەزراندنیدا. زۆربەی زۆری ئەو خوێندنەوەو باس و خوازانە لەماڵی خۆمان بوو، جارجارێكیش ماڵی سەید ئەحمەد، كەلەم كۆبوونەوەو هات و چۆیانەدا بەدەربەستەوە بوون بەتایبەت سەید ئەحمەد. منیش جگەلە ئەوە كات و شوێنی كۆبوونەوەو كاروبارەكانم دیاری دەكردو زیاتر ئیشەكەم لاخۆشەویست دەكردن و سەرقاڵێكی تەواوی كارەكە بووم.

دوای ئەوەی كەكاتی نووسینی داواكە هات، نووسینمان و من و سەید ئەحمەد بردمان بۆ موتەسەریفیەت.. لەپاش دوومانگ دام و دەزگای (ئەمن) بانگی هەمووومانی كرد بۆ پرسیار، لەوكاتەدا ئەمینی میرزا كەریم لەوێ نەبوو چووبوو بۆ ئەڵمانیا بۆ دەرمان كردنی چاوی، ئێمەش بۆئەوەی ئەم هەلە كۆسپی تری تێنەكەوێت و لەدەستمان نەچێت، سمكۆ عەزیزمان خستە جێگەی ئەمین، دوای پرسیاری (ئەمن)، داواكە لەموتەسەریفیەتەوە ڕۆیشت بۆ بەغداد بۆ وەزارەتی نێوخۆ.

سەید ئەحمەد ستۆدیۆی وێنەگرتنەكەی خۆی بەجێهێشت و كوڕانە دوای كەوت بۆ بەغداد، لەوێش (١٤) ڕۆژی ڕەبەق بەهەموو ماندووبوون و ئەمسەرەوسەرەوە بەدیاریەوە بوو، تا دەقی مۆڵەتەكەی نەخستە باخەڵیەوە، نەهاتەوە، پێشانگایەكی هونەرییم كردبووەوە لەبازاڕی شووشە، ڕۆژێكیان لەوێ

دانیشتبووم، کاتێکم زانی سەید ئەحمەد وەك ڕەوتەنی لەوێوە سڵاوێکی کردووە تێپەڕی. زۆر سەرم سوورما، ئەمە لە سەید ناوەشێتەوە... دوای لێکدانەوەیەکی زۆر خۆمم پێ نەگیراو خۆم لەماڵەوە گەیاندە لای. دەستی کرد بە باخەڵیاو مۆڵەتەکەی دەرهێناو دایمێ، تومەز ئەمە کە بەبەرپێشانگەکەمدا تێپەڕیوە نازی کردووە.. منیش کە خوێندمەوە لەخۆشیاندا پیتەکانی لەبەرچاوم هەڵدەپەڕین.
ئەمەش دەقی مۆڵەتەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

مديرية مصلحة السينما والمسرح العامة

العدد: ٤٢٠

الادارة:

التاريخ ١٩٦٩/٢/٤

السادة:

سمكۆ عەزیز فەرەج

حسن حسين كريم

برهان عبدالكريم رشيد

عمر علي أمين

أحمد سيد محمود معروف

أنور عمر قرەداغي

نوري أسماعيل فتاح

م/ أجازة فرقة تمثيلية و موسيقية

{استناد الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الأمر الوزاري المرقم (١١٤٤١) المؤرخ في ١٩٦٥/٦/٢١ و بناء على ما جاء في القرار المؤرخ في ١٩٦٥/٢/٤ الصادر من لجنة النظر من طلبات تاسيس التمثيلية و الفنية.
قررنا منحكم الأجازة بتاسيس فرقة للتمثيل والموسيقي بأسم فرقة السليمانية للتمثيل والموسيقى) مع التقدير.}

عزمي الصاللحي

المدير العام
نسخة منة الى/ - - - - -

- - - - -

- - - - -

بەڵێ تیپ دامەزرا کە ئەمە یەکەم تیپی ڕەسمیە لە مێژووی بزووتنەوەی شانۆدا لە کوردستاندا،کاتەکەشی بووبە کاتی وەرچەخانێك لەو بزووتنەوەیەدا.

ئالێرەدا گێڕانەوەکەم ڕادەوەستێنم،چونکە خاسیەتی ئەمەش دەمگەڕێنێتەوە بۆلای هونەری شێوەکاری کەمافی زۆری بەسەرمەوە هەیەو، ڕەوای خۆیەتی کە بەڕێزەوە باس و خوازەکانی ئەویش تۆمار بکەم.

هەر ئەو ڕۆژە کە مۆڵەتەکەی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانیمان بۆ هاتەوە،فڵچەو ڕەنگەکانم بەیەکجاری دانا، بۆئەوەی خۆم تەرخان بکەم بۆ هونەری شانۆ کە ساڵی (١٩٧٣)ش بووم بەخاوەنی خانووی خۆم، هۆڵی میوانەکەم بەو هەشت تابلۆیە ڕازاندەوەو لەوساوە هەرچی میوانێکم دێت بەڕێزەوە پێشوازی لێدەکەن (٧). با ئەوەش نەشارمەوە کە ئەو بڕیاری فڵچەدانانە بەیەکجاری، بێت و بەڵام حەوت ساڵ بڕی کرد، چونکە لەهاوینی (١٩٦٦)دا بۆ کات بردنە سەر، بەبچوکی وێنەی چەند دێهات و تابلۆی ترم بەبۆیەی ئاوی دروستکردو، بەفۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ لەبەرم گرتنەوەو ئێستا لەئەلبومێکی تایبەتدا لەلام ماون.

لەخوێندنەوەی ئەم بیرەوەریانەدا بۆ خوێنەری بەڕێز دەردەکەوێت کەمن زیاتر بایەخم بە فۆلکلۆرداوەو بەدەربەست کەلەپووری میللیەوە بووم پشت بەو ڕاستیەی کە کەلەپووری ناسنامەی نەتەوە نیشان دەدات. کە دەشپرسن ئاخۆ چ جۆرە ڕەنگێکم لەوێنەکێشاندا بەکارهێناوە؟

وەڵامەکەی: زیاتر ڕەنگی زەیتیم بەکارهێناوە دوای ئەو ڕەنگی ئاویی و ئەنجا پۆستەر. ڕێبازەکەش کە پێڕەوم کردووە، واقعیانە بووە، کەبەبێ ویستی خۆم ئەم ڕێگەیەم گرتۆتەبەر.

پێش ئەوەی کۆتایش بەم باسە بهێنم، لەبارەی مێژووی هونەری شێوەکاریەوە لەسلێمانیدا لە ئاخروئۆخری چلەکانەوە هەتا (١٩٦٩)، لە ژمارە (٣٠ی گۆڤاری راماندا ١٩٩٨/١٢/٥) بەدرێژی باسێکم بلاوکردەوە ئەو بەرێزەی بیەوێت لەم رووەوە زانیاری زۆرتر پێبگات، یارمەتی دەدات.

کەئەو رۆژەی مۆلەتی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانیمان بۆ هاتەوە، فلچەو رەنگەکانم داناو لەهونەری وێنەکێشانەوە گواستمەوە بۆ هونەری شانۆ، کەبەم گواستنەوەیە لەچالاکی پچرپچرەوە هاتمە سەر رەوتی رەوان:

(کەریمی قەرەنی) ئەوسا پارێزگاری سلێمانی بوو بۆ یاریدەدانی تیپەکە کاری راست بێت، لەبازاری عەسری نهۆمی سەرەوە هۆلێکی داینێ بۆ نیشتەجێ، ئەنجا چەند کەسێك بۆ بەشی شانۆو چەند کەسێك بۆ بەشی مۆسیقا خۆیان ناونووس کردو ئەو حەوت هونەرمەندەی کە ناومان بردن هەلیان بژارد بەدەستەی بەرێوەبەری تیپ و منیشیان هەلبژارد بە سەرۆکی تیپەکە.

ئەمەیە راستی و دروستی دامەزراندنی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی کەمن لێرەدا بۆ مێژوو حەقیقەت تۆماری دەکەم، لەمە بەولاوە هەرچی وتراوەو دەوترێت لەگەل راستیدا ئاشنانییە.

ئەمەش ناوی ئەو زاتانەیە کە دەست پێشخەر بوون بۆ ناونووس کردنی خۆیان لەتیپەکەدا:

| ژ | بەشی نواندن | بەشی مۆسیقا |
|---|---|---|
| ١ | عومەر عەلی ئەمین | ئەنوەر قەرەداغی |
| ٢ | سەید ئەحمەد مەحمود | ولیم یۆحەننا |
| ٣ | سمکۆ عەزیز | خالید سەرکار |
| ٤ | حەسەن تەنیا | فەرەنسیس داود |
| ٥ | بورهان مەسرەف | جەمال شادان |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | حەسەن دڵسۆز | فەرەیدون دارتاش |
| ٧ | سەلاح فەرەج | سەربەست |
| ٨ | کامیل قادر ئاغا | عوسمان |
| ٩ | حەمە زیاد | دلێر |
| ١٠ | مەحمود جەمال | نوری قەرەداغی |
| ١١ | حەمە ڕەشید هەرەک | قادر کابان |
| ١٢ | عوسمان چێوار | ئیبراهیم محەمەد |
| ١٣ | قادر محەمەد فەتاح | فەرید عیسا |
| ١٤ | کاوە کەریم | عەلی ڕووخۆش |

**چونکە تامەزرۆی ئیشکردن بووین، هێشتا نەحەسابووینەوە، بۆ بەرکوڵ دەستمان کرد بە ئامادەکردنی بەرنامەی ئاهەنگێکی هەمەجۆر کەبەبۆنەی جەژنی قوربانەوە لەسەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان پێشکەشی بکەین، کە بەرنامەکەی بریتی بوون لەم بابەتانە:**

**ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا، چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی پیاوانە، شانۆییەك بەناونیشانی (گیسك نییە بزنە) لە نووسینی عومەری عەلی ئەمین، لەگەڵ پەندی پێشینان بەکاریکاتێر، کە ئەمیش هەر لە ئامادەکردنی خۆم بوو.**

**بەرنامەی مۆسیقاو گۆرانی سازکراو پەراوەی تەواو لەسەر شانۆییەکە کراو، بەرهەم خرایە سەر شانۆ: لەپێشەوە گۆرانی و مۆسیقا، ئەنجا (گیسك نییە بزنە)و بابەتەکانی تر، ڕۆژەکانی تریش هەروەها.**

**کاك حەسەن تەنیاش لەباڵفۆنەکەی ئوتێلی شەعبەوە میکرۆفۆنی داناو بەدەنگە سازگارەکەی هەموو ڕۆژێکی جەژن تێر بانگەشەی ڕاگەیاندو ئەو بەردەرکی سەرایەی خرۆشاندبوو. ئەوەش کە زۆر شایانی باسە ئەکتەرانی (گیسك نییە بزنە)ش قادر محەمەد، حەسەن دڵسۆز، ڕزگار نوری، سدیق شاوەیس، کامیل قادر ئاغا، حەسەن تەنیا بوون، کە سەید ئەحمەد دەرهێنانەکەی گرتبووە**

ئەستۆ.

ئەم ئاهەنگە لە (١٩٦٩/٢/٢٦)دا دەستی پێکرد، بۆ حەوت ڕۆژ درێژەی کێشا کەلەڕاستیدا چالاکیەکی سەرکەوتوو تەڕوبڕ بوو.

بۆیەکەمجار بوو لەمێژووی بزووتنەوەی شانۆی کورددا، ئاژەڵ بچێتە سەر شانۆ، یەکەمجاریش بوو کە هونەرمەندی شەهید (قادر کابان) گۆرانی (ئەی شەمی شەوان) بڵێت، بەشداری کردنی گەزیزەش بۆ میوانەکان، بابەتێکی تایبەتی بوو لەبابەتەکانی ئاهەنگەکە.

## ئەو شانۆیانەش هەتا من لەتیپدا بووم پێشکەشکران

## سەرینی باداریی

لەهاوینی ١٩٦٩دا، لەنووسینو دەرهێنانی سەید ئەحمەد دەستمان کرد بەئامادەکردنی شانۆیی (سەرینی باداریی)م، ئامادە لێرەدا مەبەستم ڕاهێنانی سەر شانۆو جێبەجێکردنی پێویستیەکانی تری بەرهەمەکەیە. تیپ دیسان وەکو زەردەواڵـە خرۆشایەوە: دیکۆر دروستکردنو، ڕاهێنان لەسەر شانۆو بلیت چاپکردنو... هتد. بەڵام من لەنواندندا هاوبەشیم نەکرد چونکە ویستم بەکاروباری بەڕێوەبردنو ئامادەکردنی پێویستیەکانەوە خەریك بم. بەڵام کێشە گەورەکەی کەلێی دەترساین، هاتە بەردەممان: نەبوونی ئافرەت.

ئەمە کێشەیەکی سەخت بوو کە شانۆمان هەر لەکۆنەوە پێوەی دەتلایەوە. ئەکتەری پیاو لەجیاتی ژن لەسەر شانۆ دەوری دەبینیو مەگەر زۆر بەدەگمەن نەبووبێت. کە ئەمەش کەمو کووریو ناتەواویەك بوو بۆ شانۆکەمان. هەرچەندە ئەم کێشەیەش بەبانگەوازو ڕێنماییو هەمەجۆر هەوڵی تر، چارەسەر ناکرێت،

چونکە کۆسپەکە پێوەندی بەلایەنی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی ڕۆشنبیریو شارستانێتییەوە هەیە.

پرسیارەکەش لەبەردەمی ئێمەدا قوت بـووەوە: ئایا هەروەکو جاران ئەکتەرێکی پیاو دەوری ژن ببینێت؟ بڕیارماندا: نەخێر. سەرینی بادارییی دوژمنی دەوێت، گەنجێك و پیرێك... ئەوا پیرەکە وتمان با پیاو دەورەکەی ببینێت، بەڵام خۆ گەنجەکە هەر ناکرێت وازی لێ بێنین. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کەوتینە هەوڵو تەقەلادانێکی زۆر گەرم.. بەڵام بێ سوود بوو. دوای چەند ڕۆژێك ئافرەتێکی بەڕێزیان بۆ هەڵدایین، منو سەید ئەحمەد پێمان نایەوە بەجەرگی خۆمانداو لەماڵەوەیان میوانداریمان کردنو ڕوومان لەمێردەکەیو خۆی نا... زۆر سوپاسیان دەکەین داواکەیان پەسەند کردین. ژنەش نەخوێندەوار بوو، لەپرۆڤەی سەر شانۆکەدا سەید ئەحمەد ڕستەیەکی دەدایە بیڵێت، ئەو (٢٠) ڕستەی دەخستە سەرو بینی دەگرتو هەر نەی دەبڕیەوە. خوشکم بەسە، دایکم، تەواو، ئەو هەر درێژەی دەدایە. ئیتر کە زانیمان وایە بەڕێزەوە داوای لێبووردنمان لێکرد. ئینجا دیسانەوە دەست بکەرەوە بەهەوڵدان: کەچی پیاوێکی بەڕێزیان بۆ هەڵدایین لەسەرچنار.. لەگەڵ سەید ئەحمەددا غیرەتمان دایە خۆمانو چووین بۆ ماڵیان.. بەڵام گیانمان بەوەبوو کە ماڵەکە خزمی ئەندامێکی بەشی مۆسیقای تیپەکەمان بوو کاك (سەربەست). کە چووین ئاسایی دوای پێشەکیەکی درێژخایەن داواکەمان لەڕووی کاك حەمە ڕەشیدی باوکیدا درکاند. دوای چەندو چوونی چوار پێنج ڕۆژێك کە سەید ئەحمەد بینی وا ڕووناك خان لەسەر شانۆ خەریکی پرۆڤەیە لەبەرچاوی بست بست باڵای دەکردو بەتایبەتی کە ڕووناك خوێندەواریش بوو... جگەلە ڕووناك، سمکۆ عەزیز، عوسمان چێوار، حەسەن تەنیا، حەمە ڕەشید هەرەس، ئاواز عومەر لە شانۆییەکەدا هاوبەش بوون. ئەو هاوینە بەسەرکەوتوویی، تیپی شانۆیی (سەرینی بادارییی) لە ١٩٦٩/٧/١وە بۆ (٥) ڕۆژێك پێشکەش کرد، بەڵام هەموو ڕۆژێکیش لەپێش شانۆییەکەدا ئاهەنگێکی گۆرانیو مۆسیقاو نیشان دەدرا.

کەلە شانۆییەکە بووینەوە ئەندامان پێشنیازیان کرد ببرێت بۆ هەولێر. خۆمان گورج کردەوەو پێداویستی چوونە هەولێر جێبەجێ کرا... پێشەکیش بەهۆی فەرەیدون دارتاشەوە نامەیەکمان وەرگرت بۆ کاك حەمە ئەمین مەلا فەرەجی

پارێزگاری هەولێر. منو نوری ئیسماعیل بۆ زەمینە خۆشکردن پێش چەند ڕۆژێك چووین بۆ هەولێرو نامەکەشمان برد. کاك حەمە ئەمین زۆر پێخۆشحاڵ بوو کاروباری زۆری بۆ ئاسان کردین. بەشی ناوخۆییەکەی بەرەو ڕوو کردینەوە کە هاتین لەوێ دابەزین. هۆڵی شەعب پڕی بوو لەفەردە ئارد فەرمانی دا بۆیان چۆڵ کردین ئەنجا گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. پێش دوو سێ ڕۆژ چوونمان واتە چوونی تیپ بۆ هەولێر سێ چوار برادەرمان نارد بۆ هۆڵی شەعب بۆ دیکۆر ئامادەکردن، پڕ لۆریەکەیان کەرەسەو کەلوپەل بردو ڕۆیشتن.

ئەنجا با لەوێ برادەران خەریکی دیکۆر دانان بن و ئێمەش لەسلێمانی کۆکو تەیار شانۆیی و مۆسیقا ئامادەبن. بەڵام هەر دوای کۆتایی هاتنی سەرینی باداریی لە سلێمانی، مقۆ مقۆیەك کەوتبووە نێو ئەندامانەوە.. چونکە لەو دوو چالاکیانەی پێشتردا، کە برایانی شانۆکارەکان دەیانبینین برایانی مۆسیقا لە کاروباری مۆسیقا نەبێ، خۆیان لەهیچ کاروبارێکی تری تیپ ناگەیەنن، بەرادەیەك هەتا کورسی دانیشتنەکانی خۆشیان، دەبوایە برادەرانی شانۆ لەسەر شانۆکە بۆیان دابناناایەو هەڵیانبگرتایە، ئەم حاڵەتە زۆر بێزاری کردبوون تیپیش پێش ڕۆیشتن بۆ هەولێر لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم تێبینیانەی ڕاگەیاندو دووبارەی کردەوە کە هەموو ئەندامان بەیەکسانی وەك کاتی خۆی لەپێش مۆڵەتەکەدا بڕیاردراوە هەموو ئەندامان بەرپرسیارن لەڕایی کردنی هەموو کاروبارێکی تیپدا. هەر کەسێکیش ئەم ئەرکانەی بۆ ڕایی ناکرێت، تیپ زۆری لێ ناکاتو خۆی سەربەستە. بەشی شانۆ بەلایانەوە پەسەند بوو، بەپێچەوانەی بەشی مۆسیقاوە کە ئەوان لێی بێدەنگ بوونو گرتیانە دڵ، تا لە هەولێر هاتینەوە، ئەوسا درکانیان وەك لەدوایدا باسی دەکەین.

لەسەر حسابی تیپ پاس بۆ ئەندامان گیرا. لەوێ لەبەشی ناوخۆیەکە دابەزین کە لەولا هۆڵی شەعبەوە لەسەر ڕێی ئیسکان بوو. ناوخۆییەکی گەرم، وشك، بێ ئاو، هەولێر تازە ئاوی تری زۆریان بۆ ڕاکێشابوو بەڵام هێشتا بەسەرماندا دابەش نەکرابوو.

کەلو پەلمان دانا دەی بۆ هۆڵی شەعب. کاروباری دیکۆرو پێویستیەکانی تر باش دەڕۆیشت. ئەنجا بۆ سبەینێ منو جەمال شادان بە ئۆتۆمبیلەکەی سمکۆ عەزیز کەوتینە نێو شار بۆ بانگەشە بڵاوکردنەوە بەمیکرۆفۆن. خۆ ئەوساش

میکرۆفۆنی باتریمان نەبوو ئیمپری فایەر بەکار دەهات. جەمال شادان دەنگێکی باشی پێوە بوو، کەلە قسەکانی دەبووەوە نۆرەی شریتی گۆرانیەکان دەهات. گۆرانیەکانیش شریتی عەزیز شاروخمان پێبووو خەڵکەکە گوێمان لێبوو دەیان وت:

هۆڵی گەل لەکوێیە؟ ئێمە دەمان وت گەل. هەروەها دەیان وت: ئەتوو بڵێ بالیفی باداری سەرینی بادارییی چیە کاکۆ؟ کە جەمال دەستی کردەوە بەقسەکردن هاواریان دەکرد: کەسی کاکی مەقامەکە لێدە مەقامەکە.

بۆ سبەینێ عەسریش واتە لە ١٩٦٩/٧/٢٠دا بەئامادەبوونی پارێزگارو پیاوانی حیزبو فەرمانبەرانی میریو خەڵکانی زۆر، ئاهەنگەکە دەستی پێکرد. گەزیزەش وەك جارانی قوت بووەوەو بەدەمەتەقێکەی خۆی دەستپێکردنی ئاهەنگەکەی ڕاگەیاند. بۆیاندا لەچەپڵە.

منیش بەناوی تیپەوە، بەخێرهاتنی میوانەکانم کردو، لەبارەی هاتنی تیپو ئاهەنگەکەو کەڵکی هونەری مۆسیقاو شانۆوە وتەیەکم پێشکەش کرد.

ئەنجا هەروەکو جاران گۆرانیو مۆسیقا دەستی پێکرد. هونەرمەندی شەهید قادر کابانو ئیبراهیم محەمەدو فوئاد ئەحمەدو مامۆستا ئەنوەر کۆییو هی تریش بەگۆرانیە خۆشەکانیان بەشدارییان کرد. ئەنجا دوای ئەوە شانۆیی سەرینی بادارییی نمایشکرا.

شانۆییەکەمان شەش ڕۆژی زیاتر نەخایاند، وەکو هەستیشمان دەکرد خەڵکە گشتیەکە بەڕوویەکی شیرینەوە زۆر پێشوازیان نەدەکردین، وەکو لەدوایدا، پێمانزانی لەبەرئەوەی پارێزەر ڕووی داوینەتێ. ئەوەشم بیستبووەوە کە پێشمەرگە لەشاخ لەم هاتنەی ئێمە ئاگادارنو لەچالاکیەکەشمان نارازی نین.

لە پەراوێزی ئەم نمایشەشدا، حەمە ڕەشید هەرەس کە دەوری ژنە بەتەمەنەکەی دەدی- نەك ڕوونــاك- لەکاتی نمایشەکەدا کە دەچێتە دەرەوەی هۆڵ بۆ حەسانەوە، سەربازێکی حلەیی وایزانی بوو ئافرەتە تەماعی تێکردبوو، حەمە ڕەشیدیش بەچاو هەڵتەکاندن گەلێك سوعبەتی لەگەڵ کردبوو.

لەم ئاهەنگەدا ئەوەندەمان بلیت نەفرۆشت، سەروبەر دەری بهێنێ، کە هەتا ئەندامانی تیپیش بەدرێژی مانەوەیان لەهەولێر، میوانی گیرفانی خۆیان بوون... دوای نمایشەکە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لەڕێگاش ئەوە دەهاتەوە یادم کە چۆن

ڕووناك كوڕانه شانۆییەكەی ڕاپەڕاندو چۆن هەموو جارێك لەكاتی نمایشدا دایكی لەودیو شانۆكەوە بەدیاریەوە دادەنیشتو چاوەڕێی دەكرد، كە چووینەوە سلێمانی زۆر مەمنونی بووینو سوپاسمان كرد، بەڵام ئیتر لەمەولا جارێكی تر لەسەر هیچ شانۆیەك نەمانبینی. بەم بۆنەیەوە تا دوای حەفتاكانیش ئەگەر ئافرەتێك بهاتایە سەر شانۆ، هەر بۆ یەكەمجار بوو، ئیتر نەدەبینرایەوە.

## بلیمەت

دوای گواستنەوەمان بۆ بیناكەی تۆفیق قەزازو لەسەرەتای مانگی دەی ١٩٦٩دا لە (بەڕێوەبردنی ناوخۆ)ی (الادارة المحلیة) سلێمانیەوە فەرمانێكی نووسراومان بۆ هات كە پێویستە بۆ باربووی فەڵەستین تیپ شانۆییەك پێشكەش بكات. بۆ ئەم مەبەستە چیرۆكی (بلیمەت)مان هەڵبژارد كە من لەنووسینەكانی (جەبران خەلیل جەبران)ەوە وەرم گرتبوو، مامۆستا ئەنوەر تۆفیقیش چووە ژێر دەرهێنانەكەی بەشدارانی شانۆییەكەش بریتی بوون لە: عومەر عەلی ئەمین، قادر محەمەد، حەمە ڕەشید هەرەس، بورهان مەسرەف، خاڵە عەزیز، سەید ئەحمەد، حەسەن تەنیا، حەسەن دڵسۆز.

من ئیتر لەمە بەدواوە، بۆ خۆ دوورخستنەوە لەكێشەی ئافرەت، لەنووسینی دراماكانمدا چ شانۆیی چ تەلەفزیۆنی، هەوڵم دەدا شەخسیەتی ئافرەتی تێدا بەشدار نەكەم، هەرچەندە ئەمەش كارێكی وا دەكات بەهێندێك دراماوە دیار بێت. بەم پێیەش چەندان كەسی بێڕەحم بڵاویان دەكردەوە كە چیرۆكەكانی عومەر لاوازن، بەبێ ئیعتیبار دانان بۆ ئەو مەبەستەی كە باسم كرد.

ئیتر ئەکتەرەکان هەرکەس دەوری خۆی وەرگرتو پرۆڤە دەستی پێکراو خۆئامادەکردن گەرم بوو. بەڵام ئەوەی لەدڵماندا گرێ بوو، کورسی هۆڵەکە بوو، هەموو جارێکیش خاوەن ئاهەنگەکان دەبێت خۆیان ئەم ئەرکە بکێشنو خۆیان ئەم ٣٠٠-٤٠٠ کورسیە پەیدا بکەن هۆڵەکەی پێ پڕبکەنەوە.

## کورسیە بۆر

((بەڵێ یەکێك لەو کۆسپە بچووكو ساکارانەی کە بەرگێکی گێروگرفتی هەمیشەیی کردۆتە بەرخۆیو شانۆمان بەدەستیەوە هاوارێتی، کێشەی کورسیە. کورسی دانیشتنی بینەران لەهۆڵەکەدا، کە بەنیسبەت شانۆوە هێندە مەبەستە، چارەسەرکردنی یاریدەیەکی گەورەی شانۆییەکە دەدات، بەڵکو خۆشکردنی جێ دانیشتنی بینەر لەشانۆدا کارێکی هێندە پێویستە، وەك پێویستی دراماکە لەسەر شانۆ. چونکە بینەرێك کاتی سەیرکردن لەسەر کورسیەکی ڕەقی بزماراوی یان لەقو شکست دابنیشێت، باوەڕ ناکەم کەڵك لەو درامایە وەربگرێت. ئای کورسیەبۆر چ تاڵاوێکت کرد بەقورگماندا!

لەسلێمانی هەتا ئەم چەندساڵانەی دوایش، هەر تیپو کۆمەڵێك کە نیازی شانۆییەکمان هەبووایە، پێشەکی لەزری ئەوەمان لێدەهات: کورسی لەکوێو چۆن پەیدا کەین؟ ئیتر لەماڵان یان قوتابخانەکان دەهێنران، جارجاریش تەنەکەی نەوتیان لەگەڵدا ڕیز دەکراو میوانەکان لەسەری دادەنیشتن، هەتا جاری واش هەبوو ریحلەی پۆلەکانیش بەکاردەهێنران.

لەپەنجاکانیشەوە هەبوو نەبوو شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان هەبوو،

ئەویش لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا واتە تا ١٩٦٩ دوو سێ جار بەنیوەو نیوەچڵی کورسی بۆ دروستکراوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت بەرگەی گرتووەو بێ کورسی ماوەتەوە.

ئەنجا لەم حاڵەتەشدا کورسی پەیداکردن دەبێتە کارێکی هەرەوەزی تیپەکە، دەی کاکە تۆ لەماڵی خۆتان سێ کورسی پەیدا بکە، جا ئەو ساڵانەش ماڵان کەم کورسیان هەبوو، برا تۆش دوو کورسی، ئەگەر نییە یەکێك. تۆش برای عەزیز قەنەفەیەك ئەگەر خۆشتان نیتانە، قەیدناکات لە ماڵی خزمێك یان دراوسێیەك. فەرموون بابچینە فێنە رێکخراویش خۆ هیچ نەبێت ئەوانیش هەشت نۆ کورسیمان بۆ هەڵدەسوورێنن. ئای بیرمان نەبوو: خۆ باخەکەی شارەوانی دە پانزە کورسی درێژی نێو باخیان هەیە بەتەختەو ئاسن دروستکراون ئەوە چوار پێنج ساڵە لەقوژبنێکی باخەکەدا بەشکاوی لەبەر باران رزیون، بۆچی داوایان نەکەین‌و بیانهێنین‌و چاکیان بکەینەوە. خۆ ئیتر ئەمە کورسی هەر کەسێکیش بخوازێت، بەشکاوی دەیهێنێت‌و بەساغی‌و سوپاسەوەو بەچاککراوی بۆی دەبەیتەوە. جگەلە کرێ گرانەکەی لۆری‌و ئۆتۆمبیلی تر.

ئیتر کە کورسیەکان بەم کوێرەوەریە لەهۆڵەکەدا کۆدەکرانەوە، ئەندامانی تیپ هەرکەسە بەجلی کارەوە خۆی لێهەڵدەکردو وەك شارەهەنگ دەورووژانە کورسی چاککردنەوە، ئیتر بەدەم ماندبوون‌و ئارەق رشتنەوە لەو هۆڵەدا دەبوو بەتەق‌و هوری بزمار داکوتان‌و تەختە برینەوەو کورسی ئەم دیو ئەودیو کردنێکەوە، کەسی گوێی لەکەس نەدەبوو، ئەم کارەش کە سێ و چوار رۆژ پێش نمایشەکە دەستی پێگرد،دەبوایە شەوگاریش بخرایەتە سەر رۆژ ئەوسا ئەو کورسییانە روویەکی مەجلیسیان دەبوو، ئەنجا ئای... شان ماندوو دەبوو! نێو چاوان ئارەقی دەرشت! دەست مشار دیبری! قاچ بزمارو تەڵەزمی پێدادەچوو! ئیتر دوای ئەوەی کە بەهیمەتی مەردانەی هونەرمەندان بەوجۆرە هۆڵەکە پڕ دەکرا لەکورسی ئەنجا شایەتمانێکی بەهەقمان دەهێناو کە سەرەنجیشمان دەدا ئەم کورسیانە ریز لەدوای ریز دانراون: رەش، سوور، سەوز، کۆن، تازە، کورسی نایلۆن، تەختە، ئاسن، کورسی درێژی باخچەی شارەوانی، کورسی تاقیگە (مختبر)، ئەمانە هەموویان بۆخۆیان برایانە بەیەکەوە کۆببوونەوەو گونجابوون‌و هۆڵەکە وەك پێشانگەیەکی کورسی، دەهاتە پێش چاو. کە ئەمەمان دەبینی کۆڵێك دڵمان

دەكرایەوەوماندوومان دەحەوایەوە چونكە كێشەی كورسیمان بۆ ئەم نمایشە جێبەجێ بوو. بەڵام وەك بڵێیت كورسیەبۆر دەست لەبەرۆكمان نەكاتەوە، دوو رۆژی پێ نەدەچوو، سەرلەنوێ دەكەوتەوە جیرەجیرو گۆرانی وتن‌و لەقەلەق‌و هەڵدەوەشایەوە، ئیتر دەبووایە هەموو رۆژێك بەیانیان بكەوتینیایەتەوە سەرو گوێلاك كووتانەوەیان. ئای كورسیەبۆر چۆن كوڵەت كووتاین..!

جا بەبۆنەی گواستنەوەشیانەوە با ئەم سەرگوزشتەیەش بگێرمەوە:

(مانگی دەی ١٩٦٩ كە بەتەمای ئەم شانۆیی بلیمەتە بووین، بەڵێنی دە دوانزە كورسی درێژی چواركەسییم لە بەرێوەبەری قوتابخانەی پێشكەوتن مامۆستا (كەریم زەند) وەرگرتبوو، عەسر دوای دەوام كە چووم بۆ كورسیەكان‌و لەدەرگای قوتابخانەكەمدا، ئەورەحمانی فەراش- یادی بەخێر بێت- دەرگاكەی كردەوە، وتم: كاك ئەورەحمان هاتووم بۆ كورسیەكان. ئێ من‌و ئەورەحمانیش لە ساڵی ١٩٤٦ەوە یەكتری دەناسین، ئەو فەراشی قوتابخانەی فەیسەڵیە بوو منیش لەوێ مامۆستا بووم، كە وتم بۆ كورسیەكان هاتووم، نیوە خێسەیەكی لێكردم‌و وتی: توخوا ئەمە سنعاتە تۆ دەیكەیت مامۆستا؟! دەستت ماچ دەكەم رەفیقی تۆ هەموو چەند ساڵە بوونە موفەتیش‌و بوونە مودیری مەعاریف، تۆ ئەم بەزمە چییە هەر وازی لێناهێنی؟... منیش چونكە ناوبەناو لەمجۆرە قسانە دەدران بەروومدا، وەڵامم نەدایەوەو كورسی خۆمان گواستەوە. رۆژگار هات‌و رۆژگار چوو، لەسەرەتای ساڵانی هەشتاكاندا، رۆژێك لە بازار گوێم لێبوو لەدواوە یەكێك بە مامۆستا مامۆستا كەوتۆتە دوام‌و بانگم دەكات. كە ئاورم دایەوە ئەورەحمان بوو. وتم: فەرموو ئەورەحمان خێرە وا بەپەلە پەل بانگم دەكەیت؟ وتی: ئەرێ مامۆستا بەراست ئەوە بۆچی مانگێك دەبێت ونن؟ دەركەون باوكم دەركەون بیرتان دەكەین. منیش كە پێكەنیم وتی توخوا ئەوە بەچی پێدەكەنی؟ وتم رۆژی كورسیەكەت بیرە؟ وتی مامۆستا من چووزانم تەمسیل ئەوەندە خۆشە).

هەتا ساڵی حەفتاكانیش كورسیە بۆر بەمجۆرە لەگەڵ شانۆكانی سلێمانیدا دەجووڵایەوە، بەڵام لەوەدوا ئەو نازو نوزەی هێندێك كەم بووەوە. ئەوەبوو بەرێوەبەرێتی پەروەردە شانۆی چالاكی قوتابخانەكانی دروستكردو نزیكی (٢٥٠) كورسی بۆ تەرخانكرد. لەدەوروبەری هەشتاكانیشدا دەوری (٤٠٠)

کورسی بۆ هۆڵەکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان جێبەجێکرا، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانیش جێگە دانیشتنی میوانەکانی هۆڵەکەی خۆی سازکرد... ئیتر کاتێك کە هۆڵە گەورەکەی زانکۆ کە ئێستا هۆڵی ڕاپەڕینە، هۆڵی ڕۆشنبیری ساڵی (١٩٨٥)، هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ساڵی ١٢/٤/١٩٨٨، کەلە شارەکەدا دروستکران، هەرکەسە هۆڵی خۆی تێر کورسی کرد، بەم هۆیەوە کورسیەبۆر کەوتە تکای ئەوەی هێندێك گلەییو گلەییکاری لەسەر شان سووك بکرێت، هەرچەندە بەم پێیەش ڕادەی چالاکی شانۆیی گەرمتر بووەو بینەران زۆرتر کورسیان پێویستە.)

ئیتر دوای ئەوەش کە بەڕەنجی فەرهادیش هۆڵمان پڕ کورسی کرد، ئەنجا بکەوەرە بانگەشەکردن، دەستمانکرد بەبانگەشەکردن بۆ شانۆییەکە. ئەوساش وا باوبوو بەمیکرۆفۆنێكو قەمەرەیەکەوە گەڕەکە گەورەکانی شار دەنگ دەدران... یان جاری وا هەبوو یەك دوو برادەر سواری عەرەبانەیەکی دوو ئەسپی دەبوون و بە میکرۆفۆنێك بەدەهۆڵو زوڕناوە نێو شار دەگەڕانو بانگەشە بڵاودەکرایەوە.

جگەلە ئەمانەش لەسەر پارچە کارتۆن هەواڵی شانۆییەکە دەنووسراو لەنێو جامخانەی هێندێك شوێنی دیاردا دادەنرا. بەڵام ئەوەی کە هەر پێویست بوو بکرێت: لەوحەیەکی گەورە بەوێنەو نووسین دەرازێنرایەوە بەدرێژی ڕۆژانی شانۆییەکەو پێش شانۆییەکەش لەفولکەو گۆڕەپانەکانی شاردا دادەنران. بەڵام ئەو سەردەمە بانگەشە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تەلەفزیۆندا دیار نەبوو.

ئەنجا دوای بانگەشەکردنیش ئیتر ئۆخەیمان کردو، حەسەن تەنیاش لەژووری میکیاجو جلوبەرگ دەستی کرد بەمکیاج کردن، کەلەو سەردەمەدا کەرەسەکانی بریتیی بوون لە: ئەسیتۆنو مەستەکیو کرێمو قەڵەمی لێوو برۆو خوری مەڕو بزن... هتد.

شانۆی بلیمەت هەشت ڕۆژی خایاند لە (١/١١/١٩٦٩- ٨/١١/١٩٦٩) لەم نمایشەدا بەسەرهاتێکی عەنتیکە ڕوویدا: ئەوا خاڵە عەزیز نەخۆشەو لەجێگەدا کەوتووە، منیش کە دەچم بۆ سەردانی بۆ نەخۆشخانە دڵخۆشیی دەدەمەوەو وورەی بەرز دەکەمەوەو ئەنجا دەڵێم هەرچەندە نەخۆشیش سەرەتای مردنو خۆئامادەکردنە بۆ نەمان، ئەگەر باوەڕیش ناکەیت سەیری لیستەی نەخۆشی

نەخۆشخانەکان بکە... کە کاتێك من ئەم قسانەم بۆ دەکرد، بینیم خاڵە هەر بەڕاستی هات بەلاداو لەحەوت ساڵان ڕاست بووەوە، لەمیوانەکانیش وایە ئەمە هەر بەشێکەلە بینراوەکەو ڕاستە... منیش کەدیم خاڵە بەڕاستێتی، لەخۆمدا زۆر تێکچووم بەڵام نەمهێشت میوانەکان پێبزانن... بەوە چارم کرد قادر محەمەد کە پیاوم بوو لەماڵەکەدا، بانگم لێکرد کە خاڵە بوراوەتەوەو فریای بکەون و بیگەیەنن بەدکتۆردا، بەمجۆرە قادر هات و بەباوەش بردیە دەرەوەو ئیتر هیچ شڵەژاویەك ڕووی نەداو شانۆییەکە لەسەر ڕەوتی خۆی بینی گرت.. خاڵە عەزیزیش کە بردیانە دەرەوەی نمایشەکە، هۆشی هاتەوە سەرخۆی و ئاسایی بووەوە.

ئەنجا دوای ئەم شانۆییە بەیەك دوو مانگ واتە لە ١٦ی شوباتی ١٩٧٠دا لەنووسین و دەرهێنانی ئەحمەد دەنگ گەورە (سەید ئەحمەد) هەر لەسەر ئەو شانۆیە، شانۆیی (گۆرهەڵکەن)مان نمایش کرد، کەلەڕاستیدا کارێك بوو پەسەند دەرنەچوو، لەگەڵ خواستی جەماوەری بینەراندا ئاشنا نەبوو.

ناوی بینەرمان هێنا: لێرەدا نامەوێت باسی پێوەندی بینەر بە شانۆوە بکەم کە چۆن عونسورێکی بنەڕەتیە لەپێکهاتەی شانۆدا، یان کەم و زۆری بینەر، سەرکەوتن و دواکەوتنی شانۆییەك دیاری دەکات... هتد کە ئەم باسانە زانستی شانۆ دەگرێتەخۆ. بەڵام لێرەدا دەمەوێت باسی بینەر خۆی بکەم.. پێوەندی بینەر بەهۆڵەوە لەسلێمانی.

# میوانەکان

((جەماوەری بینەری شانۆ لەسلێمانیدا هەر لەکۆنەوە حەزیان بەئاشنایەتی شانۆکردووەو بەرەبەرەش لەگەڵ کاروانەکەیدا ڕوو لەزۆری بوون. شانۆییەکانی هەتا ساڵانی پێش پەنجاکانیش، زۆربەی جەماوەری بینەرەکانی قوتابیان و مامۆستایان و ڕۆشنبیرو ئەدیب و هونەرمەندو فەرمانبەرانی دایەرەکان بوون. ئەهالی کەمتر بۆی دەهاتن وەکو بڵێیت گوایا شانۆ بۆ ئەوان دروست نەبووە یان جموجووڵەکە بەو ڕادەیە گەرم نەبووە کەوەك ئێستا خۆی لەجەماوەر نزیك بخاتەوە. لەبەرئەوە زۆربەی شانۆییەکانی ئەو ماوەیە لەسێ و چوارجار پتر نیشان نەدەدران، هەتا شانۆیی واش بووە یەك جار پێشکەش کراوە، کەبەم پێیەش بینەر کەمتر دەیبینی. بەنیسبەت بینەری ئافرەتیشەوە من ناتوانم بڵێم پێش پەنجاکان ئافرەت چووبێت بۆ سەیرکردنی شانۆیی.

جگەلەئەمەش وا باو بوو لەزۆربەی نمایشەکاندا ڕیزە کورسی میوانەکانی نێو

هۆڵەکە کەلەپێشەوە بوو، تەرخان دەکرا بۆ ئەشراف و دەوڵەمەندان و گەورە پیاوان، یان جاری واهەبوو یەکەم ڕۆژ تەنیا تایبەت بوو بەوانە.

بەڵام لەساڵی پەنجاکان و بەرەوژوور تا ئاخرو ئۆخری شەستەکان گۆڕان بەسەر جەماوەری بینەراندا دەهات... بەرەبەرە ژمارەی بینەرانی نەخوێندەواران و ئەهالی ڕوو لەزیادی بوو، هەستیان بەوەکرد: شانۆ بۆ چینێك و کۆمەڵێکی تایبەتی نییەو بەڵکو بۆ گشتە.

ئافرەتانیش لەشەستەکاندا بەرەبەرە دەستیانکرد بەهاتوچۆی شانۆ، بەڵام نەدەبوو تێکەڵ بەپیاوان ببوونایە، یان نمایشی واهەبوو هەر بەسێ ڕۆژ جارێك ڕۆژێکی بۆ ئافرەتان دیاری دەکرد، کە ڕادەی هاتنیان هێشتا نەدەگەیشتە ڕادەی بینەرانی پیاوان... ئەشرافیش هەرچەندە ڕیزە کورسیەکانی پێشەوەیان هەر مابوو، بەڵام کەمتر کرابوونەوە. لەپێش تەواوبوونی شەستەکانیشدا کە بینەر دەهاتە شانۆ، جگەرەکێشان و برێشکە خواردن و منداڵی بچووك هێنان بەلایەوە کارێکی ئاسایی بوو.. کارمەندەکانیش هەروەك بینەرەکان وابوون لەبەرئەوە ڕوویان نەدەهات ئەو کارانە بدەنەوە بەڕووی میوانەکاندا. بەڵام لەساڵی ١٩٦٩ وە کەتیپ و کۆمەڵی تایبەت دامـەزرا، ئەمان دەرفەتی ئەوەیان زۆرتر بۆ ڕەخسا کە خزمەتی شەخسیەتی شانۆ بکەن، ئامۆژگاری و ئاراستەکردنیان بۆ میوانەکان بڵاو دەکردەوەو زۆرجاریش لەبەرنامەی ئاهەنگەکان دەنووسراو بەسەر میوانەکاندا بڵاودەکرایەوە کە جگەرەکێشان و برێشکە خواردن...هتد لەگەڵ داب و نەریتی شانۆدا ڕێك ناکەون. ئیتر بەرەبەرە ئەمانەش کەم بوونەوە تا لەهەشتاکاندا وای لێهات: لەکاتی نمایشێکدا ئەو هۆڵە گەورە پڕ لەمیوانە کپ و خامۆش دەڵێی چۆڵەوانیەکەو کەسی تێدا نییە، دوای ئاهەنگەکەش خوا نەکا ئاغزە جگەرەیەك، تویکڵە قەزوانێك، گوڵە بەرۆژێك لەهۆڵەکەدا کەوتبێت. لەسەرەتای حەفتاکانەوە بەدامەزراندنی تیپ و کۆمەڵی هونەریی لەناوەندەکەدا، چالاکی هونەری گەرمتر بوو بەتایبەتی کە تیپەکانیش لەجاران زیاتر خۆیان لەجەماوەر نزیك دەخستەوە، ئیتر ڕادەی بینەران بووبە جەماوەریی، واتە تێکەڵ لەڕۆشنبیران و غەیرە ڕۆشنبیران. هەتا بەنیسبەت ژنانیشەوە ئەوە نەما کە ڕۆژانی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێت، ئەوانیش بوون بەتێکەڵ، واتە ژن و پیاو بەیەکەوە دەهاتن بۆ شانۆ، بەڵام لەنێو هۆڵەکەدا بەیەکەوە دانەدەنیشتن.

هۆڵەکە کرابوو بەدوو بەشەوە: لای ڕاست و لای چەپ، پیاوان لەلایەك و ژنان لەلایەکەی ترەوە دادەنیشتن. بەنیسبەت ئەشرافیشەوە نەریزی پێشەوە، ماو نەرۆژی دیاریکراو، ما، هەر بینەرێك بلیتی کام کورسیەی بکڕیایە، لەسەر ئەو کورسیە دادەنیشت و دەبووە خاوەنی. ئیتر لەهەشتاکانیشەوە جیاکاری بۆ ژنانیش نەما،چونکە ڕێژەیان لە هۆڵەکەدا خەریکە وەك ڕێژەی بینەرانی پیاوانی لێبێت.

تیپ و کۆمەڵە هونەریەکانیش هەر لەسەرەتایانەوە بۆ ئایندەشیان، لەنێو خۆیاندا کردوویانە بەباو، بۆ ڕێزلێنانی یەکتر، لەنمایشەکانداو لە ئاهەنگەکاندا بەناردنی بلیتی تایبەتی میوانداری یەکتری دەکەن و لەرۆشنبیران و ئەوانەی کە یارمەتی شانۆییەکەیان داوە بانگ دەکەن... هەتا لە هۆڵەکەشدا چەند کورسیەك بۆ میوانی کوت و پڕیش تەرخان دەکەن. لەکۆتایی هەشتاکانیشدا وای لێهات ڕێژەی ژمارەی بینەران لەژن و پیاو گەیشتە ئاستێك دەبێت چوار پێنج ڕۆژی لەوەپێشتر بلیتی خۆی بکڕێت و جێگەی خۆی بگرێت.

ئیتر دوای شانۆیی (گۆڕهەڵکەن) بەنیو مانگێك، شەوێك لەبیناکەی تۆفیق قەزاز، لەتیپ دانیشتبووین، کاتێکمان زانی تەقە دامەزرا، بەڵام دامەزرا! لەهەموو لایەکی شارەوە ئاگر دەباری. ئێمەش لەترسی گیانی خۆمان وەها سەرما لێشێوا، هەر ئەوەمان بۆ مایەوە هەتا زووە خۆمان دەربازکەین بۆ ماڵەوە، ئەو سەردەمە جێبێکم هەبوو بەپەلە سواربووم بەهەر کۆڵانێکدا دەرۆیشتم گوللە شەستی دەکرد. تا بەپەلە پرووزێ خۆم کرد بەماڵدا... لەوێش هەتا نیو سەعاتێك تەقە هەر بەردەوام بوو... ئەوسا دەرودراوسێ هەواڵیان بۆ هێناین کە نەترسین و ئەمە تەقەی خۆشیە. کەسەیری ڕۆژمێری سەر دیوارەکەم کرد مژدەی (١١ی ئازار)بوو.

## بانگ کردن بۆ بەغداد

بەخوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی جەژنێك لەسەرانسەری وڵاتدا هەڵیکرد... دەرووی گەورە کرایەوەو چالاکی هونەریش ئازادو بەرفراوان بوو.

نەگەیشتە ١٤ مانگ وتیان لەبەغداوە تەلەفۆنێکتان بۆ کراوە کەتیپ بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لەبەرنامەکانی ئاهەنگی نەورۆزو ئازار لەبەغدا. خۆم گەیاندە بەغدا تا بزانم کێ بانگی کردووین و بەرنامە چییە؟ لەوێ چوومەلای هاورێی بەڕێزو خۆشەویستم (جەمال بابان)ی ئەدیب، ئەوکاتە بەرنامەی ئەدەبی هەفتانەی لە رادیۆی بەغداد هەبوو،بەڕێوەبەری رادیۆی کوردیشی دەناسی،تێی گەیاندم کە بانگهێشتەکە لە لایەن رادیۆی کوردیەوەیەو پێخۆشحاڵە لەو ئاهەنگەدا بەشداری بکەن کە بەبۆنەی ئازارو نەورۆزەوە، لە (هۆڵی خولد) لە (شەوی ١٩٧٠/٣/٢١)دا سازی دەکات.

لەوکاتەشدا من هیچ واشم لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەو ئاهەنگە بشێت،

دەشمزانی کاك جەمال خۆی شانۆییەکی (کاوەی ئاسنگەر)ی هەبوو، داوام لێکرد کە تیپەکەمان بەو بۆنەیەوە دەتوانێت نمایشی بکات. جا سەرەڕای ئەوەش من لەگەڵ خۆم سێ کورتە درامای کەلەپووریی تەلەفزیۆنیشم بردبوو، ئەوانەشم بۆ خوێندەوەو پەسەندی کردن وتی کە (٢١)ی مانگ هاتن بۆ ئاهەنگەکە، کارێك دەکەم کە بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی (عەبدول ئیلاە) ئەو درامایەشتان لەتەلەفزیۆن بۆ تۆمار بکات.

هەر ئەو ڕۆژە وێنەی دراماکانم لا بەجێ هێشت و دەقەکەی کاوەی ئاسنگەرم هێنایەوە بۆ سلێمانی و دامەدەست سەید ئەحمەد. خۆت و شیری خۆت فریای بخە. ئەویش بەبەشداری ئەم ئەکتەرانەوە: عومەری عەلی ئەمین، سەلاح فەرەح، ئەحمەد تەرەزان، حەسەن تەنیا، حەسەن دڵسۆز، عومەر چاوشین، قادر محەمەد. دەرهێنانی کورتە دراما تەلەفزیۆنیەکانیشمان بەحەسەن تەنیا سپارد.

١٩٧٠/٣/١٩ تیپ لەبەغدا ئامادەبوو، کە ٣ ڕۆژیش پێش ئاهەنگەکە لەوێش هەر خەریکی پرۆڤە بووین. دایکی ئاریانیش ئەوساماڵیان لەبەغدا بوو ئەویش بەشداری پرۆڤەو شانۆییەکەی کرد. کاك ئەحمەد سالاریش ئەوسا لەوێ قوتابی ئەکادیمی بوو ئەویش هاوبەشی نواندنەکەی کردین.

دوای گەیشتنە بەغداد بەڕۆژێك، تیپ هەموو بۆ پیرۆزبایی کردن چووین بۆ سەردانی خوالێخۆشبوو (کاك ئیدرس)و ئەوان لە (ئوتێل بەغداد) وادیاربوو سەردانەکەیان پێخۆش بوو، چونکە لەسلێمانیەوە هاتبووین و هاوڕێیەکیشم لەوێ بوو کەلەگەڵمان هەڵسا لەدەرەوە تێی گەیاندم کە چەند ڕۆژە لێرەن، خەڵکی لەبەر حکومەت سڵیان کردۆتەوە سەردانیان بکەن، وا ئەمە یەك دوو ڕۆژە دەوریان قەرەباڵغە.

کەلەلای کاك (ئیدریس) هەڵساین بەرنامەکەمان گۆڕانێکی بەسەردا هات، چووم بۆلای (عەبدول ئیلاە) پێم ڕاگەیاند کە با بەرنامەکەمان دابەش بکەین.. شانۆییەکە لەنێو بەرنامەی لیژنەی ئاهەنگەکەی هۆڵی خولدا بێت کە بەسەرپەرشتی کاك ئیدریس و ئەوانەو، دراما تەلەفزیۆنیەکانیش لەنێو بەرنامەی تۆمارکردنی تەلەفزیۆنی کوردیدا بێت، کە ئەویش بەوە قایل بوو.

# ڕۆژی نەورۆز لەبەغداد

که ڕۆژی نەورۆز هات بەیانیەکەی لەبەغداد ئەندامانی تیپ هەموو بەبۆنەی جەژنی نەورۆزو ئازارەوە، بەشداریی ڕێ پێوانێکمان کرد لەشەقامی (ڕەشید) کە سەرێکی لەمەیدان و سەرەکەی تری نزیك (باب الشرقي)بوو. کوردێکی بەغدای یەکجار لەئەندازە بەدەر لەم ڕێپێوانەدا بەشداربوو، ئەوەشی توانای نەبوو لەبانێژەو باڵقۆنی ئوتێل و بیناکانی سەرشەقامی ڕەشیدەوە جگەرەت هەڵدایە نەدەکەوتە سەرزەوی، بەگوڵ باران و هەلهەلەکێشان و سلاویان لەجەماوەری ڕێپێوانەکە دەکرد.

بۆ عەسرەکەشی، قوتابیانی کوردی ئەکادیمیەش لەبەغدا، کەبەناوی ڕادیۆیی کوردیەوە شانۆییەکیان سازکردبوو بەم بۆنەیەوە لەسینەمای (ئەتڵەس) پێشکەش بکەن، کاتی عەسر کە دیکۆرەکان دەبەن بۆ ئەوێ، دەبینن کوردی تێرژاوە بەلام تێرژاوە، بەڕادەیەك لەکاتی بردنە ژوورەوەی دیکۆرەکاندا، زۆربەی

شکاوەو تێکچووە، هەتازۆریش لەئەکتەرەکان لەبەر ئەو چرەیە ڕێگەیان نابێت بچنە ژوورەوە، ئیتر بەم هۆیەوە پێشکەشکردنی شانۆییەکە، پەکی دەکەوێت.

ئەنجا کە ئێوارە هات، هەر لەپێش داهاتی تاریکیدا، هۆڵی خولد باخچەو حەوشەو ڕارەوەکانی یەك میوانتری نەدەگرت. دوای ساتەوەختێك کە کاك (ئیدریس)و میوانەکان گەیشتن، نێو هۆڵ گەشایەوەو ئاهەنگ دەستپێکرد. گۆرانی بێژێکی زۆری کوردو عەرەب و دەرەوەی عێراقیش بانگکرابوون. لەوانە سەمیرە تۆفیق و نەجوا فوئادو...هتد.

ئێمە لەدیوی ناوەوەی پەردەی شانۆکەوە خەریکی خۆئامادەکردن بووین، (داود قەیسی) کە یەکێك بوو لە گۆرانی بێژە عەرەبەکانی عێراق کە بانگکرابوون، لەکاتی تێپەڕینیدا بەلاماندا کە گوێچکەی کوڵەباڵەکەی حەسەن تەنیا، بەڕوومەتی کەوت، بەخێسەیەکی نارەزایی لەرووی حەسەندا وەستایەوە، حەسەنیش ویستی بەتوندی وەڵامی بداتەوە. بەڵام من فریاکەوتم و بانگێکم لە حەسەن کرد، کە گورج بێدەنگ بوو. حەسەن زۆر ڕێزی منی دەگرت، بەداودیشم وت، برام ئێستا ئێمە هەموومان لەجەژنداین، جەژنیش گەردن ئازادیە، ئیتر داودیش لەسەری نەڕۆیشت.

سەعات نزیکی یانزەی شەو، نۆرەی پێشکەشکردنی شانۆییەکەمان هات. گەزیزەش لەپێش پەردەوە لەسەر شانۆکەوە بەدەنگە تایبەتیەکەی خۆی دەستیپێکردو ئەوا تەلەفزیۆنیش ڕاستەوخۆ پەخش دەکات.

دەستی پێکردو... بەخێرهاتن و سەرچاوو گەورەتان کردین و جەژنە پیرۆزەو گەردن ئازادی نەورۆزو ئازاری لەمیوانەکان کردو ئەنجا وتی: ((ئازیزان! منداڵانی شەهیدانی کوردستان لەم جەژنەدا داوای حەتحەتۆکەو ملوانکەتان لێناکەن، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت لەسەر ڕێ و شوێنی باوك و برا شەهیدەکانیان بڕۆن بۆ پێشەوەو لەپێناو ئەو ئامانجانەدا خەبات بکەن کە ئەوان لەپێناویدا شەهیدبوون)). ئەنجا لەکۆتاییدا وتی: ((لەو ڕۆژەشدا کەلە سلێمانیەوە هاتم بۆ بەغداو لە باڵقۆنی تیپەوە سەیری دەرەوەم کرد: گۆڕەپان و شەقامەکان لەبەر جەماوەر ڕەش دەچووەو هەموو پڕ بەدەنگ هاواریان دەکرد: کێ بوو خۆی کرد بەشەکر؟ کاك ئەحمەد حەسەن بەکر. کێ بوو خۆی کرد بەشەکر؟ کاك ئەحمەد حەسەن بەکر! کێ بوو خۆی کرد بەشەکر؟ کاك ئەحمەد حەسەن

بەکرا. بەرزان بەرزان بەرزانی، بەڕاستی قارەمانی! بەرزان بەرزان بەرزانی، هیچ کەسێ نەیبەزانی! بەرزان بەرزان بەرزانی هیچ کەسێک نەیبەزانی! ئیتر ئەم هۆڵی خولدە هەموو بەجارێك بەچەپڵەوە بۆیان دەسەندەوە، هەر لەدەلەریەوە. ئەنجا بەئاماژەی دەست میوانەکانی بێدەنگ کردو وتی((کاکە ئەگەر ئێمە هەر خەریکی هیتاف کێشان بین، تا پارشێو ماندوو نابین. نەوەڵا فەرموون سەیری شانۆییەکەمان بکەن.. کاوەی ئاسنگەر)).

پەردە کرایەوە، شانۆییش ڕەوتی خۆی وەرگرت، ئەوەندە تێنەپەڕی یەکێك هات و لەناکاو پەردەکەی لەسەر داخستینەوەو شانۆییەکەی ڕاوەستان و وتی: هەمەجۆر سەفیرو قونسۆڵ دانیشتوون، ئەوان تاقەتی ئەوەیان کوا بەدیار شانۆییەکی دوورو درێژی واوە دانیشن. ئەمەی وت و ڕۆیشت، وتیان ئەمە کاك سامیە.

ئێمەش زۆرمان لەبەر گران بوو، کە ئەو هەموو ڕەنجەمان لەدەست چوو. لەگەڵ ئەو ڕۆیشت، بەشێکی زۆری شانۆییەکەمان پچڕاندو دەستمان پێکردەوەو بەشی کۆتاییەکەیمان نیشاندا.

## یەکەم تۆمارکردن لەتەلەفزیۆندا

که شەو ئاهەنگەکە تەواوبوو، بۆ بەیانی ١٩٧٠/٣/٢٢ تیپ بەجلوبەرگی نواندن و بەئێکسسوارەوە خۆمانکرد بەڕادیۆی کوردیداو، لەوێ لە ستۆدیۆی ژمارە (١)ی تەلەفزیۆندا، ئەوسا ستۆدیۆیەکی بچووك بوو هێشتا ستۆدیۆی ژمارە (٢)ی گەورەکە تەواو نەببوو، درامای (مشتەی ناو هەمانەکە کوشتوومی)مان تۆمارکرد، کە چیرۆکێکی کەلەپووری بوو لەئامادەکردنی من و دەرهێنانی حەسەن تەنیا بوو،دەرهێنانی تەلەفزیۆنیش (خالید موحاریب) گرتیە ئەستۆ. ئێمە هەرچەندە یەکەمجارمان بوو بۆ تەلەفزیۆن، بەڵام نواندن و هەڵسوکەوت زۆر بەلامانەوە ئاسایی بوو. ڕەشماڵێك لەستۆدیۆکەدا هەڵدراو نواندنەکەی لەبەردەمدا نمایشکرا، کە ئەکتەرەکان: عومەری عەلی ئەمین، قادر محەمەد، ئەحمەد تەڕەزان، عومەر چاوشین بوو کە دەوری ژنی بینی.

زۆر شایەنی باسیشە کە ئەمە یەکەم درامای کوردیە لەمێژووی تۆمارکردنی

نواندنی تەلەفزیۆنیدا تۆمار دەکرێت.

هەر بۆ سبەینێش لەهەمان ستۆدیۆ لە ئامادەکردنی من و دەرهێنانی حەسەن تەنیا هونەرمەند حەمودی حارسی بەدەرهێنانە تەلەفزیۆنەکەی خۆی، درامای (خوا لەسوڵتان مەحمود گەورەترە) و (دەوەن بەئاش)ی بۆ تۆمارکردین. کەلە یەکەمیاندا حەسەن تەنیاو دایکی ئاریان و گەزیزەو ئاوات عومەرو کەمال سابیرو سەلاح فەرەج، حەسەن دڵسۆزو عومەر عەلی ئەمین بوون. کە بۆیەکەم جاریش بوو گەزیزە لەتەلەفزیۆندا دراما پێشکەش بە بینەران بکات، ئەو بەقسە سەرەنج ڕاکێشە تایبەتیەکانی خۆی، پێشکەشی کردن.

پێش کۆتایی (١٩٧٠) مقۆ مقۆیەك کەوتە ناوەوە کەئەم تیپە وەها پێویست دەکات کە دووبەش مۆسیقاو نواندن لەیەکتر جیاببنەوە. ئیتر ئەوەبوو بەشی مۆسیقا لەوکاتەدا جیابووەوەو تیپێکی سەربەخۆی بۆ خۆی دانا، ئیتر لەمەولا کە نمایشێك پێشکەش بکرایە، وەکو جاران مۆسیقاو گۆرانی نەبوو، بەڵکو سەربەخۆ بوو.

دوای چالاکیەکی لەبەرچاو لەتیپدا وەکو پێشکەشکردنی شانۆی سەرپێ باداری، بلیمەت، گۆرهەڵکەن، کاوەی ئاسنگەر، هەروەها چەند نواندنێکی تەلەفزیۆنیی، هەستم پێکرد جێگەی بەرهەمە زۆرەکانی منی تێدا نابێتەوە، ئیتر وازم هێناو لە (٩٧٠/٥)دا تیپی هاوڕێیانی گەزیزەم دروستکرد.

پێشکەشکردنی بابەتەکانی ئەم ئاهەنگە (عەریفی حەفل) سپێردرابوو بەگەزیزە کە ئەوسا منداڵێکی هەشت ساڵانە بوو، کە ئەمەش دیسان یەکەمجار بوو کە پێشکەشکردنی بەرنامەی ئاهەنگ بسپێردرێت بەمنداڵ. لەم ئاهەنگەدا دەرکەوت کە گەزیزە دەنگێکی منداڵانەی تایبەتی دڵگیری هەیە... بەڵام بەشێوەی پیرێکی زیرەك دەدوا، شێوە زمانێکی کەلەپووری پەسەندی هەبوو، خۆی منداڵێکی ئێسك سووك و تامێکی منداڵی دەدا، بەڵام قسەکانی هی گەورەبوون، زۆر بەرەوانی قسەی بۆ میوانەکان دەکرد، جارێك نەبوو هەڵە بکات، ڕستەی پێکەنیناوی و ڕەوانی بەکاردەهێنا، نەك دروستکراو. ئەوەی کە دیاربوو، لەنێو هارەی چەپڵەو قاقای پێکەنینی میوانەکاندا پێشکەشکردنی بەرنامەکان وەکو ئاماژەم بۆکرد، ببوو بەبابەتێکی تایبەتی لە بابەتەکانی بەرنامەکە... یادی بەخێربێت ئەحمەد شوکری شاعیر کە ئەوسا هێشتا ناسناوی شۆی وەرنەگرتبوو، لەئاهەنگەکەدا

لەنێو نێوانەکانەوە بووکە شووشەیەکی بەشیعرەوە پێشکەشکرد وتی:

خوشکە گەزیزە، ئەستێرەی شانۆ　　　　دیاریم بووکێکە ناردوومە بۆتۆ

ئیتر لەم ئاهەنگەوە تایبەتمەندێتی هونەری گەزیزە،دەنگی دایەوەو،لەمەودوا لە چەندان ئاهەنگی هونەریو گشتیدا بانگدەکرا بۆ بەشداریکردن تیایاندا، نەك هەر لە سلێمانی،بەڵکو لە هەولێرو کەرکوك و بەغدایش،تا ئەو رادەیەی بوو بە ئەستێرەیەکی تەلەفزیۆن.

ئەو تایبەتمەندێتییەسەرنج راکێشەی گەزیزە پیاوێکی خزممان کە هات بەمیوانیمان، ئەو جوان دەری بری. کەچاك و چۆنی لەگەڵ کرد، وتی: چۆنی خوشکە گەزیزە؟ لەگەڵ خوشکە گەزیزەییەکەتدا لەچییایت؟ وەکو بەومانایەی ئەو خاسیەتانەی رێبازێك بێت.

١٩٨٨ خوێندنی بەشی شانۆی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان تەواوکردو، لەوساوە مامۆستای شانۆیە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی و چالاکی قوتابخانەکان، شانۆیی کوردیش شانازی پێوە دەکات و بەئەستێرەیەکی ئاسمانی خۆی دادەنێت.

پێش ئەوەی ئەمەش بڵێم، لەمیهرەجانەکەی مانگی (نیسانی ١٩٨٩)ی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیدا، مامۆستاو هونەرمەند (سەلاح قەسەب) لە لێکۆڵینەوەی شانۆییەکاندا لەهۆڵی رۆشنبیری رای گەیاند، کە: بەدڵنیاییەوە شاهیدی دەدات کە گەزیزە ئەکتەرێکی جیهانییە. هەروەها مامۆستاو هونەرمەندیش (عەزیز خەیون) رای گەیاند کە شانۆییەکەی گەزیزە هانی دام لەم بابەتانە شانۆییەك پێشکەش بکەم.

# دیسانەوە مقۆ مقۆ

هەرکە شانۆییەکە لەبەغدا تەواوبوو، دیسانەوە مقۆمقۆ لەنێو ئەندامانی تیپدا پەیدابوو. کاک فەتاح کاوە کەلە مانگی دووی ١٩٧٠دا سەرنووسەری بڵاوکراوەی (تیشکی هونەر)ی تیپ بوو و من و سەید ئەحمەد دەستەی نووسەرانی بووین، ژمارە (١)ی چاپکردبوو لەڕادەیەکی سەرکەوتوودابوو، فەتاح کاوە شانۆیی (لەسێبەری دڕکا)ی نووسیبوو بۆ پێشکەشکردن، جا کە سەید ئەحمەد ئەم دەقەی دواخستبوو ئەو هەر لەسلێمانیەوە پێش هاتنمان بۆ بەغداد، لەسەید پەست بوو. کە گەڕاینەوە سلێمانی فەتاح کاوە ئەمەی هەر لەدڵدابوو لایەنێکی مقۆمقۆکە بوو. واشی نیشاندەدا لەم هەڵوێستەیدا پشتی بەمافی خۆی بەستبێت. لایەنێکی تری ئەم بەزمە منیشی گرتبووەوە بەبێ ئەوەی بزانم هۆی چییە، کەهەرچەندە من هەر لایەنی هونەرەکەم گرتبوو.

سەید ئەحمەدیش چونکە من تێبینیم لەبارەی چیرۆکەکانیەوە نیشاندەداو،

ڕەخنەم لێدەگرت. ئەمەی گرتبووە دڵ و، بەهەلی زانی لێرەدا بەلای فەتاحدا دایشکاندەوە. لەم کاتەشدا تیپمان گواستبووەوە بۆ خانووە گەورەکەی پشت ئوتێل مەولەوی ئێستاوە، کاک سمکۆ عەزیزیش بەبیلّکاری باخەکەی دەکێڵاو بەوە دەیویست ڕەزامەندی هێندێك ئەندام بۆخۆی ڕاکێشێت. زۆر لەگەڵ سەید ئەحمەد خەریك بووم کە ئاسوودەیی تیپ تێکنەچێت، کەڵکی نەبوو، نەخێر مقۆمقۆ گۆڕا بەجۆرێك لەئاژاوە. ئیتر منیش گەیشتمە ئاستێك. کە بەهیچ جۆرێك ناتوانم لەم بارودۆخەدا خزمەتی هونەربکەم،لەبەرئەوە بیرم کردەوە کە دەرفەتێکی تر بدۆزمەوە بۆ درێـژەدان بە پەیامەکەم... چونکە هونەری سەرکەوتوو بەرهەمی ڕەنجی کۆمەڵێك هونەرمەندە کەرێزو تەبایی تێدا باو بێت و هەموو هونەر خۆشەویست بن. ئیتر بەهێمنی و بەبێ دەنگیی و بێ ناخۆشیی، تیپی نواندنی سلێمانیم بەجێهێشت. ئەو دەرفەتەش کە بیرم لێکردەوە، (تیپی هاوڕێیانی گەزیزە) بوو. هەروەها دامەزراندنی تیپی (هاوڕێیانی گەزیزە)ش یەکێکە لەو بەرهەمە هونەریانەم کە شانازی پێوە دەکەم.

## تیپی هاوڕێیانی گەزیزە

لەمانگی چوارداو لەتەلەفزیۆنی بەغداوە ئەو سێ درامایەی تۆمارمان کردبوون، کە بڵاوکرانەوە، بەجۆرێك لەنێو جەماوەردا دەنگی دایەوەو، بەجۆرێك پێخۆشحاڵی خەڵك و ڕەزامەندییانی کێش کرد، بووبە بنێشتە خۆشەی سەردانیان، بەتایبەتی کەئەم درامایانە کەلەپووریی بوون و پێوەندیان بەژیانی خۆمانەوە بوو، ئەمە یەکەمجاریشە درامای کوردی لە تەلەفزیۆندا بڵاودەبێتەوە. ئیتر ئەم چالاکییانە بۆ من بوو بەیەکێك لەو بەڵگەو شاهیدە بەهێزانەی تر کەلەنێو جەماوەردا شاهیدی بۆ سەرکەوتنی هونەرەکەم بدەن، کەئەمە پاڵی پێوەنام بۆ دامەزراندنی تیپێکی هونەریی تر.

من کەلە مانگی چواری ١٩٧٠ دا تیپی نواندنی سلێمانیم بەجێهێشت، هەر خۆم بەتەنیا بووم. کاتێك کە بڕیاری ئیشکردنیشمدا حەسەن تەنیاو کەمال سابیر کەدوو ئەکتەری زۆر چاکی تیپی نواندنی سلێمانی بوون، ئەوانیش بەجێیانهێشت و قۆڵیانکرد بەقۆڵی مندا، دوای چەند ڕۆژێکی تریش لەتیف ئەحمەدیش کە هەر ئەندامی ئەوێ بوو، ئەویش هاتەلامان. ئیتر بەهەموومان بڕیاری دامەزراندنی

تیپێکماندا کەلە (١٩٧٠/٥/١)دا لەدایك بوو، لەسەر پێشنیازی حەسەن تەنیاش، پشت بەناوبانگە جەماوەریە درەوشاوەکەی گەزیزە، ناومان نا (تیپی هاوڕێیانی گەزیزە)٠

پێش ئەوەی بچینە نێو هێندێ وردەکاریی چالاکیەکانیشیەوە، پێشەکی و بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا ئاماژە بۆ هێندێ لەخاسیەتەکانی ئەم تیپە نوێیە دەکەم کەگرتوویەتیە خۆی، ئەو خاسیەتانەی کە هەڵکەوتوویەکی مێژوویی ئەوتۆیان هەیە، دوور لەهەموو گومانێك، سەلماو چەسپاون، کەدەبوایە مێژوونووسانی شانۆی کوردی، بەدەرخستنیان ویژدانی خۆیان بحەسانایەوە٠

ئەم تیپە دەستەی بەڕێوەبەرو دەستەی گشتی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنکاری نەبوو،هەر هونەرمەندێکیان خۆی بەئەندامێکی جەستەی تیپەکە دادەنا٠ لەڕەوتی چالاکیەکانیدا باوەشی کردبووەوە بۆ هەموو هونەرمەندانی شارەکە، ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان لەدەوری کۆبوونەوەو بەگەرمیەوە بەشداری بەرهەمەکانیان دەکرد، وەکو: حەسەن دڵسۆز، عوسمان چێوار، عەتا سوڵتان، بەختیار ئیبراهیم، مەحمود جەمال، عەبدوڵڵا ساڵح، کامەران ئەخۆل، ئەنوەر سلێمان، جەمال عەبدوڵڵاو چەندانی تریش٠

(تیپی هاوڕێیانی گەزیزە) تیپێکی گورج و گۆڵ و فرە بەرهەم بوو، بەرادەیەك لەو ماوە کەمەی ئیشکردنیشیدا، توانی ٩ درامای تەلەفزیۆنی تۆمار بکات،کەئەم ژمارەیەش بەرانبەر بەکۆی بەرهەمی هەموو تیپەکانی ئەوسای کوردستان زیاتر نەبووبێت کەمتر نەبووە، کەلەستۆدیۆی ژمارە دووی تەلەفزیۆنی بەغداد بەفلیمی ڕەش و سپی تۆمار دەکرا، چونکە ئەوسا تۆمارکردن بەڕەنگاوڕەنگ هێشتا نەکەوتبووە ئاراوە٠

ئەم بەرهەمانەی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە لای تێکڕای جەماوەر بەرادەیەك پەسەندو جێگەی ستایش بوو، ئێستاش دوای ٣٠ ساڵ هەر بەپەرۆشن بۆ بینینیان٠

ئەم تیپە ڕای وابوو داوای مۆڵەتی ڕەسمی نەکات و لەماوەی کارکردنیدا سەربەست بێت٠ هەروەها بارەگایەکی تایبەتی نەبوو و جێبەکەی عومەر عەلی ئەمین نەبێت کەبۆ دەشت و دەرو، هاتوچۆو، جێگەی پرۆڤەو ئامادەکردن و کاروباری چالاکییەکانی بەکاردەهێنرا٠

زۆربەی ڕاهێنان و خۆئامادەکردنەکانیش دوای دەوامی ڕەسمی لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاردا رایی دەکرا،کە بە روخسەتی مامۆستا سامی حسەین نازمی بەڕێوەبەری پەروەردەی ئەوسا بوو. کەئەم یارمەتیدانەی بەڕێزیان شایستەی سوپاسێکی گەورە بوو بۆ هونەرو بۆ تیپەکە. وەکو قوتابخانەی ڕەفیق حیلمی و مەحوی و نەورۆزو بارزان.

لەگەڵ ئەمجۆرە ئیشکردنەشدا ئەم تیپە یارمەتی مادی لەهیچ کەسێك و هیچ لایەنێك وەرنەگرتووە. کەبەم بۆنەیەشەوە ئەوە بیر دەخەینەوە کەئەو برە پاداشتە کەمەشی ئەوسا لەتەلەفزیۆن دەدرا، بەشی شەوانی ئوتێلەکەشی نەدەکرد. بەڵام ئێمە بەبێ گوێدانە ئەم کۆسپانە، لەپێناو گەشەکردنی هونەری کوردیدا، پشتمان بەخۆبەخشینی خۆمان دەبەست و لەم ڕێگەیەدا تین و توانای خۆمان بەخت دەکرد.

ئەم تیپە لەلایەن بابەتەوە زیاتر برەویان بەبابەتی کەلەپووری و فۆلکلۆری و میللی دەدا، بەڵام لەڕووی چالاکیەوە زۆرتر بایەخیان بەدرامای تەلەفزیۆنی دەدا تا شانۆیی. کە لەو ماوەیەدا شانۆی (دەردەمەی) و (دەروپێی تەواو)و (خەوەکەی مامەلی)یان پێشکەشکرد، (دەردەمەی) لەنواندنی عوسمان چێوارو زەردەشت نوری. (دەروپێی تەواو) لەنواندنی جەمال عەبدوڵاو کەمال سابیرو لەتیف ئەحمەدو عومەری عەلی ئەمین هەردووکیان لەدەرهێنانی عومەر عەلی ئەمین و لەیانەی فەرمانبەرانی سلێمانی نمایشکران (دەروپێی تـەواو) لە ١٩٧١/٢/٨ دا بوو، لەنووسینی عومەر عەلی ئەمینیش بوو. هەروەها شانۆیی (خەوەکەی مامەلی) لەنووسینی خۆم و دەرهێنانی حەسەن تەنیا بوو لەباخچەی ساوایانی سلێمانی لەنواندنی حەسەن تەنیاو بەختیار ئیبراهیم و عومەر عەلی ئەمین و کەمال سابیرە.

گورج و گۆڵیی ئەم تیپە بەبەرچاوەوە بوو. یەکەم تیپە کە لەمێژووی هونەری کوردیدا یەکەم زنجیرە نواندنی تەلەفزیۆنی تۆمار بکەن کەبەناوی (چەم بێ چەقەڵ نابێ)وە بوو، ئەویش بەشەش بەشی نیو سەعاتی، لەڕۆژانی ١٩٧١/١٢/٤،٥ دا، کە پانزە هونەرمەند زیاتر بەشداری تێداکرد، لەوانە: گەزیزە، عومەر عەلی ئەمین،. کەمال سابیر، عوسمان چێوار، عەتا سوڵتان، کامەران ئەخۆل، شەهلا بەکر، جەمال عەبدوڵا، ئەنوەر سلێمان، هیوا مستەفا، فەرەیدوون و عەلی محمد

أمین، سەلام فەرەج و چەند هونەرمەندێکی تر.

هەروەها (هاوڕێیانی گەزیزە) یەکەم تیپە کەلەمێژووی هونەری کوردیدا، ئاژەڵی هێناوەتەوە نێو درامای تەلەفزیۆنی کوردیەوە، ئەویش هەر زنجیرەی (چەم بێ چەقەڵ نابێ) بوو.

وتمان ئەم تیپە زۆرتر بایەخی بەبابەتی کەلەپووری و میللی دەدا، کە بابەتەکانی ئەم توخمە لەخۆمان و لەبیرکردنەوەی خۆمان و ژیانی خۆمانەوە نزیکترن، کەلەسایەی ئەم هۆیەوە دەتوانێت جەماوەرێکی بینەری زۆر بۆ سەیرکردنی درامای تەلەفزیۆنی دروست بکات، کەلەهەمان کاتدا ئەمە دەبێتە زەمینە خۆشکەرێکیش بۆ یارمەتیدانی زۆرترکردنی جەماوەری شانۆ.

تیپی (هاوڕێیانی گەزیزە)خالێکی جوان بوو بەسەر ڕوومەتی مێژووی

هونەرەکەمانەوە.

## ڕەنجەکانمان

یەکێك لەئەرکە سەرەکیەکانم لەتیپدا، ئەوەبوو: لەدراما نووسیندا مەنهەجێکی وەهام بۆخۆم دانابوو کە: سەرسووکی و، ژمارەکەمی ئەکتەرلەسنووری (٤-٥) ئەکتەر مەگەر بەدەگمەن زیاتر بێت، ئەرکی هاتووچۆو، هەژاری گیرفان و، دوورە پەرێزی ئافرەت و وەك پێشتر باسم کرد، کەئەمانەم لەبەرچاو بێت و حسابیان بۆ بکەم، هەرچەندە ئەمانەش نابنە یاسایەکي گشتی بۆ هەموو درامایەك، بەڵام دراماش هەیە کە خۆی بتوانێت ئەم کۆڵانە هەڵبگرێت. دەی ئینجا کوڕینە دەست لەدەست و قەوەت لەخوا، با دیاریەکانمان ببەخشینەوە... بڕیارماندا یەکەم بەرهەممان تۆمارکردنی دەقی (گەزی چی و جاوی چی) و (زیندانێکی قووڵ) بێت لەسەر ئەو ڕایەی: لەجیاتی دووجار، با بەیەك سەفەر هەردوو دەقەکە

تۆماربکەین... دەقەکانم برد بۆ بەغدا. لەمەودواش هەر خۆم دەقم دەبردو ڕۆژی تۆمارکردنم وەردەگرت و کاروباری دارایم ڕادەپەڕاند. چونکە لەڕاستیدا ئەمجۆرە کاروبارە گرنگانە ئەگەر زەلامی کارامەو شیاوی خۆی نەبێت و هەر زوو پەك دەکەوێت. بەتایبەت منیش لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردیدا (عەبدول ئیلاە) هەر لەئاهەنگەکەی نەورۆزەوە لەهۆڵی خولد، ناسیاویم پەیداکردبوو، وەك تێبینیشم کردبوو عەبدول ئیلاە لە (١١ی ئازار)ەوە، بۆ خۆ بردنە پێشەوەی خۆی لەتەلەفزیۆن، وای بەباش دەزانی دەقە کوردیەکان نەداتە دواوە. لەسەری نەڕۆین، زانیمان ڕۆژی تۆمارکردنی ئەم دوو درامایە ٩ و ١٠ی مانگی شەشە ١٩٧٠ یە.

لەکاتی دیاریکراودا چووینە بەغدا. لەوێ زانیمان کە دەرهێنەرەکەمان (سەمیر سائیغە) کە کوڕێکی گەنجی موسڵاوی بوو وەك بۆمان دەرکەوت لەهونەرەکەیدا شارەزاو خەمخۆر بوو، هەتا بەدەربەست وردەکاریەکانیشەوە بوو. پێی وتین: من ئەگەر دەقێکم بەلاوە پەسەند نەبێت ئیشی تێدا ناکەم، هەرچەندە کوردیش نازانم وەك تێیانگەیاندم ئەم دوو دەقەی ئێوەم بەلاوە پەسەندە.

لەڕۆژی ١٩٧٠/٦/٩ دا لەستۆدیۆی ژمارە دوو، دوای ماندووکردنێکی زۆری ئێمە لە پرۆڤەدا (گەزی چی و جاوی چی) بۆ تۆمارکردین کەلە ئامادەکردنی من بوو، ناوی خۆی لەسەر نووسی. (فەتحی قابیل) کە هونەرمەندێکی میسری بوو دیکۆرەکانی بۆکردین، وتی: ئەم چیرۆکە زۆر سەرنج ڕادەکێشێت، بۆچی بەعەرەبیش تۆماری ناکەن؟ گەزیزەش بەزمانەکەی خۆی پێشکەشی بینەرانی کرد.

ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ واتە بۆ سبەینێش، هەر لەهەمان ستۆدیۆ سەمیر درامای (زیندانێکی قووڵ)یشی بۆ تۆمارکردین و ناوی خۆی خستە سەر، کەئەویش هەر لەنووسینی من بوو.

(گەزی چی جاوی چی) لەنواندنی حەسەن تەنیاو عومەری عەلی ئەمین و، کەمال سابیرو دایکی ئاریان بوو. (زیندانێکی قووڵ)یش لەنواندنی حەسەن دڵسۆزو من و حەسەن تەنیاو کەمال سابیر بوو. گەزیزەش پێشکەشی بینەرانی کرد.

بەڵێ ئەم دوو بەرهەمە تۆمارکران و لەوسەرەوە هاتینەوە ئەنجا چاوەڕوانی

بڵاوکردنەوەیان بکەین لەتەلەفزیۆنداو خۆمان بەرهەمی تر گورج بکەینەوە. دوای دووسێ حەفتەش کەلەتەفزیۆندا نیشاندران لەهەموولایەکەوە هەر ستایش و پێخۆشحاڵی و ئافەرین بوو بەسەرماندا دەباری.

ئیتر کێچ کەوتەوە کەوڵمان تا (١٩٧٠/٩/٨)مان لەتەلەفزیۆن بۆ دیاریکرا بۆ تۆمارکردنی درامای (خەوەکەی مامەلی).

(خەوەکەی مامەلی) کەلە نووسینی خۆم بوو لەوڕۆژەدا تۆمارکرا سەعاتێك و دوو دەقیقەی خایاند، سەرەلووتکەی بەرهەمەکانی تیپ بوو. کەگەزیزەو خۆم و حەسەن تەنیاو لەتیف ئەحمەدو کەمال سابیرو عەلی حەمە ئەمین و بەختیار ئیبراهیم و مژدە عەبدوڵاو مەحمود جەمال لە نواندنەکەیدا بەشداربوون و، ئەویش هەر لەستۆدیۆی ژمارە دوو و سەمیر سائیغ وەکو ئەوانی تر دەرهێنانەکەی بەناوی خۆیەوە تۆمارکرد. ئەو شەوەی لەسلێمانیش ئەم درامایە لەتەلەفزیۆندا بڵاوکرایەوە، بۆ سبەینێ پێیان وتم: ئەوە ئەو چیرۆکە چی بوو!!؟ مامۆستا ئەمشەو لێرە وەکو ئەوشەوە وابوو کە جەمال عەبدولناسر وازهێنانەکەی ڕاگەیاند. دراماکەی (خەوەکەی مامەلی) کە خۆم دەوری مامەلیم تێدا دەبینی بەجۆرێك دەنگی دایەوە جەماوەری بینەران لەهەولێرو کەرکوك و سلێمانیش هەربە مامەلی بانگیان دەکردم هەتا ئێستاش.

ئەم ڕاستیانە وەکو ڕۆژ ڕووناکن و دروستکراونین کەبەداخەوە کەم کەس بڵاوی دەکەنەوە بۆیە خۆم لەم بیرەوەری نووسینەدا خستمەروو. ساڵ وەرگەڕایەوە هەتا سەر (١٩٧١) کەلە ٥/مانگی یەکدا،سەرەتای ئەو ساڵەمان بەتۆمارکردنی درامـای (بیرهەڵکەن) دەست پێکرد لەنووسین و نواندنی خۆم و هەروەها نواندنی کەمال سابیرو لەتیف ئەحمەدو، عەلی حەمەئەمین و حەسەن تەنیا بوو گەزیزەش بەقسە قوتەکانی پێشکەشیکرد. بەڵام بەداخەوە کەئیتر سەمیرمان نەدیەوە، بەڵکو دەرهێنەرێکی تریان بۆ دانابووین کەناوی (حسەین نەسراوی) بوو. کاك حسەین پیاوێکی لەدەوری پەنجا ساڵیدابوو، هێمن و بێ فیز، لەدوایدا دەرکەوت کەلە ڕەئیەکانیدا نەرمە بەڵام لەهونەرەکەیدا نەدەگەیشتە سەمیر، بەڵکو هونەرمەندێکی ئاساییەو زۆرجار لەدەرهێنانەکانیدا بەدڵسۆزییەوە ڕاوێژی بەئێمە دەکرد.

کاك حسەین کە (بیرهەڵکەن)ی تۆمارکرد، شریتی ڤیدیۆکەی لەپەنجا دەقیقە

کەمتربوو. بەڵام ئەم درامایە وا تێدەگەم دووجار لەتەلەفزیۆندا بڵاوکرایەوە بەپێچەوانەی بەرهەمەکانی ترمانەوە... پێشیان نەوتم (بیرهەڵکەن) بۆچی هەر ئەو دووجارە بڵاوکرایەوە بەڵام واتێدەگەم لەبەرئەوەی بەرتیل خۆری و داونانەوەی ریسوا دەکرد.

دوای (بیرهەڵکەن) لەتیف ئەحمەد، دڵی لەکەمال سابیر پەست بوو، یەکجاری تیپەکەی بەجێهێشت و ئیتر هەر نەچوو بەلای هونەردا.

## گەرمبوون لەبەرهەمدا

لەو دووسێ مانگەی دوای (بیرهەڵکەن)ەوە وەها گەرم ببووین، بە (٣) درامای حازر بەدەستەوە پێمان نایە وەرزی بەهارەوە، کە وەرزێکی پڕپیت و فەڕی هونەر بوو:

لەمانگی ئازاری (١٩٧١)دا بەبۆنەی یەکەم یادی (١١)ی ئازارەوە، لەتەلەفزیۆنی کەرکوك کۆرە تابلۆیەکی تایبەتیمان تۆمارکرد کەدەوری سەرەکی گەزیزە دەیگێڕا، تامی شانۆییەکی دەبەخشی.

هەروەها بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەهەمان مانگ و لەهەمان ستۆدیۆ کۆرە تابلۆیەکی تایبەتیمان تۆمارکرد کە گەزیزە هەوێنەکەی بوو، ئەویش هەر تامی شانۆییەکی دەدا.

سێ دراماکەشمان:

درامای (خانمی مەکربار) لەنووسینی خۆم و نواندنی حەسەن تەنیاو کەمال سابیرو شارا عەباس و عومەر عەلی ئەمین و جەمال سابیر. درامای (ئاژاوە) لەئامادەکردنی عومەر عەبدول ڕەحیم و نواندنی خۆم و کەمال سابیرو حەسەن تەنیاو جەمال سابیرو ئاشنا عەباس.

ئەم دوو درامایە هەردووکیان لەمانگی ئازاردا تۆمارکران و گەزیزەش پێشکەشی کردن.

درامای سێهەم، درامای (بووکە بەبارانێ) بوو نووسینی کەمال سابیرە دەسکاری و نواندنی خۆم و هەروەها نواندنی عەلی حەمە ئەمین و کەمال سابیرو عەبدوڵا ساڵح و عەباس تۆفیق. تۆمارکردنیش بەهاربوو.

ئەم سێ درامایەش هەر لەبەغدا لەستۆدیۆی ژمارە (٢) تۆمارکران، هەرسێکیشیان لەدەرهێنانی حسەین نەسراوی بوون.

دوای ئەم وەرزە حەسەن تەنیا کەمن بەدرێژی کارکردنمان بەیەکەوە، نازم زۆر دەکێشا،ئەمجارە وەك وڕك، وڕکی گرت کە: بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی گلەیی ئەوەی لێکردووە کە ڕۆژێك نەهاتووە بۆ قوتابخانەو بەڵکو چووە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك، پەروەردەشی لێ ئاگادار کردووە، ئەویش ئەمەی بەڕێز نەگرتنی هونەرمەند داناوە، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە لێی بووردوو ئەو خەمەیشیم ڕەواندەوە، کەچی ئەو هەر لەسەر ئەوە سووربوو کە ئیتر لەکاری هونەریی خۆی دووربخاتەوە، هەرچەندە من زیاد لەپێویست و زیاد لەتوانا خۆیشم دڵم دایەوە ئەو هەر لەسەر وازهێنانی خۆی پێی داگرت. ئیتر تێنەگەیشتم چ مەبەستێکی تری لەم وازهێنانە هەیە.

کاك حەسەن تەنیاش بەوجۆرە لێمان دوورکەوتەوە لەوە بەدواوە لەجێگەیەکی هونەریی تر ئەویشمان نەدیەوە، دووسێ ساڵێك لەوەدوا نەبێت لەدرامای تەلەفزیۆنی (پاڵتۆ) و شانۆیی (خولە چەخماخە)ی تیپی پێشڕەودا نەبێت. ئیتر ئەویش خۆی لەهونەرەکە گۆشەگیرکرد.

حەسەن کەلەو سەردەمەدا خۆی گۆشەگیرکرد کتێبێکی چاپکرد بەناونیشانی (شانۆو شانۆی کوردەواری) کە زۆر لەنووسەرانی کاروباری شانۆ لەنووسینەکانیاندا بەسەرچاوەیەکی دادەنێن.

لەگەڵ حەسەن بەیەکەوە دامەزرێنەری (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) بووین،

چەند ساڵێك لەو تیپەدا سێ شانۆی و سێ بەرهەمی تەلەفزیۆنیمان تۆمارکردووە.

هەروەها یەکێکیشە لەدامەزرێنەرانی تیپی (هاورێیانی گەزیزە) و لەو تیپەشدا چوار بەرهەمی تەلەفزیۆنیمان تۆمارکردووە، جگەلە پێشکەشکردنی سێ شانۆیی، هەروەکو لەم بیرەوەریەدا بەئامانەتێکی مێژووییەوە تەواوی کارو بەرهەمەکانیم خستۆتە بەرچاو.

کەچی ئەم برا نووسەرە بەزەقەوە لەکوولەکەی تەردا نە ناوی من نە گەزیزە نە هاورێیانی گەزیزەی نەبردووە حەسەن دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، تووشی نەخۆشیی هات لەبەرئەوە دڵم نەهات بیدەمەوە بەرووی واقیعەکەدا. بەڵام ئومێدەوارم کە ناوەرۆکی ئەم کتێبە لەگەڵ رووداوو بەسەرهاتەکانی تری کوردستاندا ئەم رێگەیەی کە باسمکرد نەگرتبێتە بەر هەموو نووسینەکانی تری راست بن..

## شلەخەجێ

دوای کۆتایی هاتنی ئەو وەرزە، بڕیارماندا بەرهەمی داهاتوومان، زنجیرە درامایەکی پێنج شەشە ئەڵقەیی بێت، هیچی وەهاشمان لەبەر دەستدا نەبوو کەلەگەڵ بارودۆخی تیپەکەدا ئەو سەرکەوتنە بەدەستبهێنێ کە خۆمان مەبەستمانە لەبەر ئەوە دەستمکرد بەنووسینی زنجیرە درامایەك کەئەو مەبەستەمان بۆ بهێنێتە دی.

بە (٣) مانگێك لەنووسینی زنجیرە درامایەکی شەش ئەڵقەی نیو سەعاتیی بوومەوە بەناونیشانی (شلەخەجێ). کە وەك جاران بۆ برادەرانی تیپم خوێندەوەو هەموو پەسەندیان کرد. کەوا با دەست بکەین بەپرۆڤە. بەڵام ئەم پرۆڤەیە وەکو ئەو پرۆڤەیە نییە کە لەسەر یەك دراما دەمانکرد بەڵکو وەکو ئەوە وایە پرۆڤە لەسەر شەش دراما بکرێت. لەبەرئەوە پێویستی بەوە هەیە کە کات و

ماندووبوونی خۆی بدرێتێ.

بەدرێژی سێ مانگ پرۆڤەمان لەسەر کرد، تائامادەو کۆك و تەیار بوو، کە وەك جاران چوومەوە بۆ بەغدا، زانیم کەناومان لەڕۆژی چوارو پێنجی مانگی ١٩٧١/١٢ دا لەجەدوەلی ستۆدیۆی ژمارە دوودا نووسراوە دەرهێنەریشمان هەر حسەین نەسراویە کە ئێمە لەگەڵ ئەو پیاوە ڕاهاتبووین و دەگونجاین.

کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە سێ و چوار ڕۆژی تر سەفەرەو هەموو خۆمان گورج بکەینەوە، خەم و پەژارە باڵی کێشا بەسەر تیپەکەدا چونکە (شلەخەجێ) ئەکتەرێکی بزنی تێدابوو لەهەر شەش ئەڵقەکەدا بەشداربوو "کەوتینە تەگبیری ئەوەی کە چۆن ئەم بزنە لەگەڵ خۆماندا بگەیەنینە بەغدا؟ هەرچەندە لەوەوپێش ئەمەمان لا ئاسان بوو، بەڵام وا ئێستا ئەم بزن بردنە بوو بەڕاست و چۆن دەبرێت؟

بەڵێ پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن بزنەکە بەرین بۆ بەغدا؟

چی بێت لەئێوە نەهێنی بێت، ماندوێتی ئەو سێ مانگە خۆڕاهێنان لەسەر نواندنەکە، دەیەکێکی ماندوێتی ئەو تەگبیرو ڕایانە نەبوو کە چۆن ئەم بزنە لەسلێمانیەوە بگەیەنینە بەغداو ئەم چیرۆکەی پێ تۆمار بکەین و لەدوایدا بیهێننەوە؟ ئیتر برادەرانی تیپ لەوبارەیەوە هەریەکە پرسیارێکی دەکردو هەریەکە پێشنیازێکی نیشان دەدا:

با بزنەکە لەیەکێك بخوازین و لەدواییدا بۆی بهێنینەوە.

با خۆمان بیکڕین و دوایش کە هێنامانەوە دەیکەین بەسەیرانێك.

پێویستە دوو ڕۆژ بەر لەڕۆیشتن بکڕێت، بۆئەوەی دڵنیابین.

بەشی ئەو ماوەیەش کەلامان دەبێت ئالیکی پێویستە.

باشە بەچی بیگەیەنین؟ قەمەرە؟ پاس؟ لۆری؟

بەوانە هیچیان ناڕوات، پیکابێکی تایبەتی گەرەکە، دوانیشمان بۆ خزمەتی ڕێگای لەتەکیدا بین.

دەترسین ئەو بزنە لەڕێگە مردار بێتەوەو، تۆمارکردنی چیرۆکەکەمان پەکی بکەوێ.

باشە ئەوا گەیانمە بەغدا، ئەی ئەو چوار پێنج ڕۆژەی ئەوێ؟ جێگەی ڕێگەی؟ خەوو خۆراکی؟ ئاخر ئەمە جێگە پیس دەکات.

رووی نەبوونی ڕەش بێت، ئەگینا ئەو بزنە وا لەئێمە نەدەبووە شێر، هەتا وای لێهات برادەرێکمان لەداخدا وتی: بریا ئەم چیرۆکەمان هەڵنەبژاردایە.

ئیتر ڕۆژێکیان هەروا مات و مەلوول دانیشتبووین بەشارەتمان بەسترابوو نەمان دەزانی چی بکەین، لەپڕێکدا خوا دەرووی لێکردینەوە، برادەرێکی گەنجمان کە تازە هاتبووە تیپەکەوە (عەبدوڵا ساڵح) کە خۆیشی لەبەرهەمەکەدا بەشداربوو وتی: کاکە ئەم هەموو مەراقەی ناوێت دوو ڕۆژ بەرلەڕۆیشتنمان، برادەرێکمان بچێت بۆ بەغدا، هەر لەگەراجی نەهزە دابەزێ لەوێ حازروبزر بزنێکی جوان بکڕێت، بەڵام بەر لە کرینەکەشی لە ئوتێلێك جێگەیەکی بۆ مسۆگەر بکات و لەوێ بەدیاریەوە بێت تا خۆشمان دەچین... دەڵێ ئەقڵ بەگەورەو بچووکی نییە، وتم عەبدوڵا، دەك ئیمامی عەلی فریات کەوێت وەك فریای ئێمە کەوتی! خۆ لەوەش دەچێت کە ئەم ئەرکە هەر لەخۆتان بێت.

خوا تەمەن درێژی بکات، هەر بۆ سبەی ئێوارە لەبەغداوە کورانە تەلی بۆ لێدام کەوا بزنەکە لە (ئوتێل دیوانیە) دابەزیوەو کاکی ئوتێلچیش کە پیاوێکی هەولێریە بەم میوانداریەی خۆشنوودە، هەروەها عەبدوڵا وتی: هەژدە جێگەشم هەر لە ئوتێلەکە بۆ گرتوون، ئیتر شایەتمانێکی بەحەقمان هێنا.

کاتێکیش کە گەیشتینە بەغدا ڕاستەوخۆ بۆ لای بزنەکە، بینیمان پیرە بزن بۆخۆی لەهەورەبانەکەدا بۆخۆی پاڵی لێداوەتەوەو، یەك تەشت سێپەرەی ناسکی سەوزی والەبەردەمدایە، شا بەسەپان نازانێت، لەم کاتەشدا کاکی ئوتێلچی هات و بەخێرهاتنی کردین و وتی مامۆستا هیچ خەمی بزنەکە مەخۆن، مادام ئەنگۆ لەسلێمانیەوە بۆ خزمەتی هونەر هاتوونە ئەمن ئەو بزنەم بەزەیفی شەرەف لای خۆم نووسیوەو پارەیشی لێوەرناگرم. ئێمەش زۆر سوپاسی ئەو سەروزمانە شیرینەیمان کرد، بەڵام بزنی بەسزمان هەر ئەوەندەی خۆش بوو هەتا ئێمەی نەدی بوو، ئیتر ئەمە سێ ڕۆژ لەسەریەك دوای ئەوەی برادەرێکمان لەبازارەوە بەیانیان بەنیوە گونیەیەك سێپەرەوە دەهاتەوە، ئەو بزنە بەپێنج شەش کەسمان بەو پلیکانە زۆرانەدا بە باعەباع و یخەیخەو پاڵنان دەیانهێنایە خوارەوەو لەگەڵ سێپەرەکەیدا لەسندووقی دواوەی تاکسیەك توندەکراو یاڵڵا بۆ تەلەفزیۆن. لەوێش هەر بەهەمان شێوە دادەگیراو دەبرایە ژوورەوەو دەبووە تەحاتەحایەك: های بزنیان هێنا های بزنیان هێنا، لەوێش تا سەعات دەو دوانزەی شەو ئەم

کلۆڵە وەکو داشی دامە لەکاتی تۆمارکردندا، دەبرا بۆ ستۆدیۆو، لەکاتی تریشدا دەبرایە دەرەوەو لەقوژبنێکی حەوشەدا بەدارخورمایەکەوە دەبەسترایەوە، شەوانیش کە ئیشمان نەدەما، لەئێمە ماندوو برسی تر، ئەوبوو. ئەنجا وەرە چۆنتان هێناوە هەر بەوجۆرەش بیبەنەوە بۆ ئوتێل، تا بەپاڵەپەستۆو یخەیخەو باعەباع و لرخەلرخ دەمانگەیاندەوە هەورەبانەکە، ڕۆح دەهاتە کونەلووتمان، ئەمە جگەلە ئـەوەی کە نووستوان زۆربەیان لەشیرین خەو ڕادەپـەڕیـن و لەژوورەکانیان دەهاتنە دەرەوەو بەچاو گلۆفتنەوە سەیریان دەکردو سەریان لەم بەزمە دەرنەدەچوو، بزنی بەستەزمانیش لەوکاتەدا زمانحاڵی هاواردەکات: یاران ئەمە چ بەسەرهاتێکە.

ڕۆژی پێنجشەمیش لەڕێگا کە سەیری ناو پاسەکەت بکردایە کە پێی دەچووینەوە بۆ سلێمانی، ئەو ئەکتەرە مەزنە خۆشەویستەمان لەگەڵ نەبوو کەلەدراماکەدا دەوری سەرەکی هەبوو لەهەمووشمان جوانتر دەوری خۆی بینی. عەبدوڵڵا وتی هەر لەبەردەرگای ئوتێلەکە فرۆشتمەوە بەدوو دینارو چارەکێك واتە دە ڕوپێ زیان)(١١).

ناوی پارەش هاتە ناوەوە، بۆ ئەم بەرهەمە دوای یەك دوو مانگێك (٢٤٠) یان (٢٥٠) دینار بوو کە پێیان داین لەچاو بەرهەمەکانی پێشووترماندا ئەم پارەیە زۆربوو، چونکە بەشی کرێی ئوتێل و کرێی ئەمسەرو ئەوسەرو تاکسی نێو شاری دەرهێنا.

ئەو هونەرمەندانەی کەلە نواندنی ئەم زنجیرە درامایەدا بەشداریان کرد ئەم زاتانە بوون:

گەزیزە، عومەری عەلی ئەمین، کەمال سابیر، عوسمان چێوار، عەتا سوڵتان، شەهلا بەکر، کامەران ئەخۆل، ئەنوەر سلێمان، جەمال عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا ساڵح، هیوا مستەفا، سەلام فەرەج، فەرەیدوون عومەر، شوان عەبدوڵڵا، کامیل سابیر .

من کەئەم درامایەم نووسی ناوم نا (شلەخەجێ) بەڵام دوای یەك دوو مانگێ پرۆڤە لەسەر پێشنیازێکی بەهێزی کەمال سابیر ناوەکەیم گۆڕی. خۆم (چەم بێ چەقەڵ نابێ)م بۆ هەڵبژارد،کاتێکیش کەلە تەلەفزیۆندا بڵاوکرایەوە زۆر پەشیمان بوومەوەو ئەوسا تێگەیشتم کە کورد ڕاستی کردووە کە وتوویەتی: هەموو کاتێ

عەقڵ میوان نییە. چەند جوان و لەجێی خۆیدابوو کە بەناوی هەر (شلەخەجێ)وە بووایەو درامایەکی کوردی بەناوی ئاژەڵێکەوە بووایە، بەتایبەتیش کە جەماوەری بینەران هەر بە(شلەخەجێ) ناوی ئەو درامایە دەبەن.

لەسەر دێری باسی ئەم درامایەدا، ئەوە دەخوێنینەوە ئەمە یەکەم زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیە کەلەمێژووی هونەری کوردیدا تۆمار دەکرێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو یەکەمجاریشە لەمێژووی هونەری کوردیدا کە ئاژەڵ دەبرێت بۆ تۆمارکردن لەتەلەفزیۆندا.

وەکو وتیشمان ئەم زنجیرە درامایە، ٦ ئەڵقەی نیو سەعاتی بوو کە سێ سەعات دەکات، هەر ئەڵقەیەکیش گەزیزە بەشێوە زمانە تایبەتیەکەی خۆی پێشکەشی دەکرد، پێش ئەوەی کۆتایی بەباس و خوازی ئەم بەرهەمە بهێنم ئەم بەسەرهاتەش دەگێرمەوە:

زۆر گەڕام بۆ یەکێك کە دەوری (س) ببینێت، دوای ماندووبوونێکی زۆر برادەرێك هەرچەندە یەکەمجاری نواندنیشی بوو، ئەوم هەڵبژارد، چونکە بەتەواوی ئەو شەخسیەتەبوو کە چیرۆکەکە دەیویست، بەتایبەت کە قژە کورتەکەی لەسەر پێشەسەری ڕاوەستابوو، هەتا بەرادەیەکیش کە مکیاجیشی نەدەویست، کە دیم بەوجۆرەیە زۆر دڵم خۆشبوو، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکیشم هەبێت ئەم ڕاستیەم لای ئەو برادەرە زۆر بەئاشکرا دەوت، لەتەلەفزیۆنیشدا کە دەستمانکرد بە تۆمارکردن و هاتە کارەوەو کامێرا لەسەری داگیرسا، یاران ئەمە ئەو برادەرە نییە کەمن پێشتر بۆ دەوری (س)م هەڵبژارد! هەرچەندە سەرنجی دەدەم لەو ناچێت! گۆڕاوە. گۆڕانەکەشی لەچیدایەو لەکوێدایە؟ پەی پێ نابەم. ئەوە هەتا منیش لەم بیرکردنەوەو سەرنجدانەدام خەریکە تۆمارکردنی دەورەکەی تەواو دەبێت. لەوکاتەدا تێگەیشتم ئەمە توومەز لەکاتی مکیاجکردندا کرێمی داوە لەقژی و بەشانە خستوویەتی بەلایەکی سەریداو ڕووخساریشی پێوەی گۆڕاوەو خۆی قۆزکردووە بەمجۆرە (س)ی داماویش هەر ون بوو.

## کورتە دراماکانی تیپی سالار

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ بوو، تیپی شانۆی سالار بۆشەوچەرەی ڕەمەزان داوای چەند کورتە درامایەکی لێکردم کەلەتەلەفزیۆن تۆماری بکەن، منیش هەتا مانگی نیسان پێنج کورتە درامام نووسی، کە (زوهەیر عەبدول مەسیح) لە (٥/٤-١٩٨٥/٥/١٠))دا لەسەر ڕاسپاردەی تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە هاتە سلێمانی و دەرهێنانەکانی گرتە ئەستۆ.

ئەو بەرهەمانەش ئەمانەبوون:

مەرحەبا وەستا غوڵام- نواندنی خوالێخۆشبوو ئاراس تەیب و خۆم.لە لۆقنتەکەی وەستا عەلی ژێر ئوتێلی ئەوقاف.

ڕۆژوو بۆ ئاشتی یە- لەدوکانێکی بازاڕی سەرچناردا، نواندنی: ڕەمەزان و میرحاج

و ئەحمەد سالارو خۆم.
من لەپێشتردا مردم- لەماڵی کەریم ئاغای باوکی عومەر. نواندنی: ئاشتی عوسمان و بەیان ڕەشیدو ڕەمەزان و دایکی ئاریان.
شەقامی گەورە کە ئامادەکردن بوو- لەئامادەیی سلێمانی کوڕان و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، نواندنی ئەحمەد سالارو خۆم.
پرسیارو وەڵام- لەدوکانێکی سەرجادەکەی گەڕەکی دارۆغە، بەرانبەر خانووی مامۆستایان و نواندنی: خۆم و ڕەمەزان و میرحاج و یاسین.
لەو ساڵانەدا لای ئێمە تازە دراما لەدەرەوەی ستۆدیۆ لەدیکۆرە سروشتیەکەی خۆیدا لە: بازاڕو شەقام و گەڕەك و باخ و ماڵان و فەرمانگەو جێگا گشتیەکان.. هتد. خۆیاندا، تۆمارکردنی تەلەفزیۆنی دەست پێکردبوو.
بۆنموونە: کە ئێمە چیرۆکی (پرسیارو وەڵام)مان لەدوکانێکی گەڕەکی دارۆغەدا تۆمارکرد، یاخوا نەیبینی، ئەوەندە خەڵکی لێکۆبووەوە بۆ سەیرکردن گەڕەك هەر بەخرۆشان خرۆشاو جادەکە هەر ڕەش دەچووەوە، ئیتر ئێمەش وامان لێهات ئەکتەرەکان سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین: کاکە بەیارمەتی خۆتان،کاکە کەمێك ڕێگەمان بدەن، کاکە با ئیشەکەمان بکەین. ئێمە وتمان و ئەوان نەیانبیست. دە کاکە با پۆلیس بانگ نەکەین. کاك ئەحمەد سالار کە ٣٨ ساڵە هاوڕێمەو لێم نەدیوە توورەبێت، لەتاو ئیشەکە، لەوساتەدا بەدەنگە نەرەکەی بەنازەوە بەخەڵکەکەدا هەڵچوو توورەبوو، تا لەدوایدا بەهەزارحاڵ و ناڵی عەلی توانیمان لەتۆمارکردنەکە ببینەوە.
بەڵام ئێستا کە ساڵی (٢٠٠٨)ە هاوڵاتیانی شارەکە وا ڕاهاتووە حەز دەکەی لەناو بازاڕدا فلیمی سینەمایی (قەموورەکەی نۆتردام) تۆمار بکە، کەس ئاوڕت لێناداتەوە.
لەگۆڤاری (کاروان)داشانۆییەکم بەئامادەکردنەوە بڵاوکردبووەوە بەناونیشانی (زرەی زەنگۆڵەکان) کەلە نووسینی (لیوپولد لویس) بوو... جا (تیپی نواندنی لاوانی چەمچەماڵ) لە ١٩٨٥/٦/٢٢ دا، خستیانە سەر شانۆکەی قوتابخانەی سەلاحەدینی کوڕان، کەلە دەرهێنانی: موزەفەر حەمید زەینەڵ و نواندنی: محەمەد عەلی سەیدو، تالب عەبدولکەریم و، دلێر محەمەد ئەمین و، عەباس تەیب و هیدایەت تۆفیق و سیروان ڕەحیم و محەمەد مەحمودو فایەق عەزیزو ئەنوەر

محەمەد ساڵح بوو.

(تیپی شانۆی سالار) لە (٣٠/٢-١٥/٣/١٩٨٦) شانۆیی (بەرەوخۆر)ی لەسەر شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەدەرهێنانی ئەحمەد سالارو ئامادەکردنی ئەنوەر قادر ڕەشید، نمایشکرد، بەهاوبەشی نواندنی ئەم خوشك و برایانە: بەیان ڕەشید، خەرمان جەمال، خاوەر، عومەری عەلی ئەمین، کەمال ڕەئوف،مەریوان عومەر، فەرهاد شەریف، یونس حەمە کاکە، شۆڕش قادر، عومەر ساڵح و چەند کەسێکی تر. لەم شانۆییەدا دەوری (موراد)م دەبینی، کەلای برێختی خاوەن دراماکە ناوی (ئەزدەك)ە ناوی دراماکەش (جوغزە گەچینەکەی قەفقاس)ە.

(خەرمان) کە دەوری پیرێژنەکەی لەم شانۆییەدا دەبینی، ساکارانە بوو، کە پرۆڤە درێژەی کێشا، دەمانبینی هەرجارە دەربڕینێکی تری دەخستەسەر، جار لەدوای جار لەوەی پێشووتری بەهێزتربوو..کە لەگەڵ گشت شانۆکە ئاشنابوو، ئەمە جۆرە جموجووڵ و ئینفیعالاتی تری پێ دەبەخشی، هەر بەجەستە دەوری نەدەبینی بەڵکو لەناخەوە دەیبینی، نەك بەڕواڵەت، خاوەر لەئەنجامدا بەهەوڵی خۆی دەورەکەی خۆی دروستکرد، چەندە مەزنن ئەو ئەکتەرانەی کە خۆیان دەوری خۆیان دروست دەکەن کە دروستکردنی شەخسیەت و دەوریش لەئەنجامی پرۆڤەی زۆرو خەستەوە بەدەست دەهێنرێت.

ستانسلاڤسکی لەئەمەریکا درامایەکی شانۆی بەردەوامی بەلاوە نایاب دەبێت، لەکاتی پیرۆزبایی کردن لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، دەپرسێت: ئەمە بۆماوەی چەند ڕۆژ پرۆڤەتان تێداکرد؟ وەڵامیان نەدایەوە: سێ مانگ، وتی: دە مادام وابوو شانۆییەکەتانم بەدڵ نەبوو.

کێ دەڵێت یەکێك لەهۆیەکانی سەرکەوتنی دراماکانی تیپی هاورێیانی گەزیزەش، پرۆڤەی زۆر نەبوو؟ ئەکتەرەکان خۆیان ئامادە دەکرد لەدەورەکەی خۆیاندا نوقووم دەبوون... لەستۆدیۆ بەیەك ژەم بێ هەڵەو ڕاوەستان تۆماریان دەکرد. ئێستا لەم سەردەمەدا تۆمارکردن ڕستە بەڕستەیە کەلەجەستەوە دێت نەك لەناخەوە، من نکۆڵم لەلایەنی سوودی ئەم ڕێبازە نییە، بەڵام هەرگیز یارمەتی ئەکتەرەکان نادات کە بچێتە دەورەکەیەوە.

لەمیهرەجانی سێیەمی حەوت ڕۆژیەکەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیدا، لەسەر شانۆکەی خۆیان لە ٣/٤/١٩٨٩ دا درامای (هەنگوین)ی

پێشکەشکرد. هەنگوین لەدەرهێنانی (بەدیعە دارتاش)و نواندنی گەزیزەو بەدیعە خۆی قوتابیانی پەیمانگە بوو.

من بۆ نووسینی ئەم دەقە سوودم لەکەلەپووریی کوردیەوە وەرگرتبوو. زۆربەی زۆری سەرگوزشتەکەم دەستکاری کردبوو، تەنیا یەك رایەڵی کەلەپووری تێدا مابوو. سەرلەنوێ تان و پۆی ڕووداوو بەسەرهاتەکان لەسەر ئەم ڕایەڵە چنرابووەوەو شانۆییەکی تری لێدەرچووبوو، کەمانایەکی سیاسی قوڵی دەوروژانـد... زۆری تیپەکانیش لەوەپێشتر ئەم شانۆیەیان خوێندبووەوەو پەسەندیان کردبوو بەڵام هەر خوێندنەوە بوو.. هەتا مامۆستا بەدیعە دارتاشی هونەرمەند زۆر چاونەترسانە بەهەڵوێستە مەزنەکەی لەم میهرەجانەدا دەرهێنانەکەی گرتەخۆ... گەزیزەو ئەکتەرەکانی تریش ستایشی ڕێزو شانازیمان بوون.

(هەنگوین) مانایەکی سیاسی قووڵی دەبەخشی. ئازایەتیە گەورەکەش هی (بەدیعەخان) بوو کە دەرهێنانەکەی گرتەئەستۆ.. زۆر تیپ لەوەپێش ئەو دەقەشیان خوێندبووەوە..پەسەندیان کردبوو بەڵام بێ پێشکەشکردنی بەدیعەخان زۆر شایەنی ڕێزو سوپاسمە.

لە نووسینەکانم (عەباس ژاژڵە) لە گۆڤاری (بەیان) دا شانۆیی (موشاغەبە) ی خوێندبووەوە جا لەسەرخواستی خۆی لەهاوینی (١٩٨٩)دا لەسەرشانۆی یەکێتی نەقابەی کرێکاران و لەدەرهێنانی خۆی و بەناوی خۆیانەوە پێشکەشیکرد.. نمایشەکەیم بینی، لەگەڵ ڕێزمدا نواندنەکەی بەهێز نەبوو، بەڵام لەڕووی دەرهێنانەکەیەوە هێندی وردەکاری جوانی گرتبووە خۆ. نمایشکردنەکەش هەفتەیەکی نەخایاند. عەباس وتی دوای چوار ڕۆژ هەموو جارێك لەناوەڕاستی نمایشەکەدا کارەبا دەکوژایەوە، ئیتر ئێمەش دواتر پێمانزانی کە ئەمە دەستی پۆلیسەکانەکە بۆ پارێزگاری هاتبوون، چونکە شانۆییەکە ڕەخنەبوو بۆ هێندێ کرداری پۆلیس.

مامۆستا (ئیسماعیل هەورامی) لەدەرهێنانی خۆی بڕیاری پێشکەشکردنی بەرهەمێکی دابوو کەبەناوی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانەوە نمایشی بکات، خۆیشی لە پەیمانگە مامۆستابوو. شانۆییەکەی بۆناردم کە بەناونیشانی (پاشا ژن و یاخی بووەکان)ەوە بوو لەنووسینی (ئۆگۆبتی) بەو هیوایەی بۆی بکەم

بەکوردی. منیش دوو حەفتەی پێوە خەریکبووم و هیواکەیم بۆ هێنایەدی، کەلەسەر شانۆکەی پەیمانگە لە (١٩٩٠/٥/٧)دا نمایشکردنی دەست پێکرد.

چیرۆکە نواندنی تەلەفزیۆنیەکەی (ئەحمەد تۆفیق) کە بەناوی (باڵندە کۆچەرەکان)ەوە بوو، لەوەرگێرانی من بوو کەش و هەوایەکی ڕۆمانسی جوانی تێدابوو. تەلەفزیۆنی موسڵ تۆمارکردنەکەی گرتبووە لای خۆی. منیان هەڵبژارد بۆ بینینی دەوری (مامە سمایل) کە شەماڵ عەبدوڵڵاو فریاو شادانی فوئادی حەمە ئەمین ئاغاش هەر بەشداری نواندن بوون. ئەنوەر قەرەداغیش کاروباری دەنگی ڕایدەکرد. کامێرایەکی گەڕۆك و ستافەکەی لەموسڵەوە هاتن، چووین بۆ بێتواتە لەوێ لە (١٠/٦-١٣/٦/١٩٩٠) بەچوار ڕۆژ تۆمارمان کرد.

## هەر خەریکبووم

پێش ئەوەی ئەم ئەلبوومە بخوێنیتەوە، چاوێك بەلیستەی ئەو شانۆییانەدا بخشێنە کەلەمیهرەجانی شانۆی ساڵانەی قوتابخانەکاندا پێشکەش بەنەوەی نوێم کردووە وەك پێشتر بڵاوکراوەتەوە.

خۆ من هەر لەرێگەی پــەروەردەو مامۆستاییەوە نەچوومەتە باخ و باخاتی جیهانی منداڵانەوەو خەمی هونەری شانۆکەیان بخۆم، بەڵکو جگەلە ئەو بەرهەمانەش کەلەسنووری قوتابخانەکاندا پێشکەشم کردوون، بەڵکو لەدەرەوەی ئەو سنوورەش واتە لەجیهانە گەورەکەشیاندا، ئەم بەرهەمانەشم بەو هاوڕێ بچکۆلانانەم بەخشیوە:

-له ساڵی ١٩٩٢ دا هونەرمەند،بەکرکە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە  جوانەکانی سلێمانی بوو، شانۆیی (خەپان و خرپن)ی لە گۆڤاری بەیاندا خوێندبووەوە کە پێشتر بڵاوم کردبووەوە،ئیشی تێدا کردو کردی بی نمایشێکی تەلەفزیۆنی.

- لەنووسین و دەرهێنانی خۆم، ئۆپەرێتی (بولبولە گۆرانی بێژەکە)م لەساڵی ١٩٩٣دا لەتەلەفزیۆنی کوردستاندا، تۆمارکرد، بەبەشداریکردنی کۆمەڵێك لەمندالآن، کە راهێنانی شانۆییەکەشی لەلایەن مامۆستا عەبدوڵلاوە بووە.

- چوار پێنج ساڵێك بوو، سیناریۆیەکی سینەماییم بۆ ئۆپەرێتی (گوڵە پەلکە زێرینە) نووسی بوو کە بەقەڵەمی (کاتایف) بوو، هونەرمەند عوسمان چێوار چەند جارێك ئیشی تێدا کردبوو دەیویست لەفلیمێکی سینەماییدا بەرهەمی بهێنێت، هەر لای مابووەوە. تا نیازەکەی لەساڵی (١٩٩٣)دا هاتەدی، کەلە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا تۆماری کردوو بەبەرهەمێکی پوخت بڵاوی کردەوە.

- شانۆیی (دار قەیسی) شانۆییەکی مندالآن بوو، لەگۆڤاری (کاروان)دا بڵاوم کردبووەوە. تیپی هونەریی (میزۆپۆتامیا) لەیەکێك لە چالاکیەکانیانداو لەدەرهێنانی مامۆستا (حەسەن جودی) لە رۆژی ١٩٩٦/٦/١٧ دا خستیانە سەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوران و ئەم ئەکتەرانەش بەشداری نواندنەکەیان کرد:

دیلان محەمەد، سۆران جەلال، هێمن، نەریمان محەمەد، تاژان ئاسان، هاودەم حەسەن، دەروون عومەر، تاژان عەبدولرەحمان.

- لەسەر شانۆی هۆڵی (فارابی)یش، کەمال ئەحمەد، بەناوی تیپی هونەریی لاوانەوە لەهاوینی ١٩٨٩ دا، شانۆیی (بلوێرەکەی وەیسە شوان)ی دەرهێنا، کەپێشتر لەگۆڤاری کارواندا بڵاوم کردبووەوە.

بەدەربەستەوەبوونم بۆ هونەری مندالّ هەر لەگۆرەپانی شانۆو تەلەفزیۆندا نەبووە، بەڵکو لەوەش تێپەری کردووە بۆ بواری رادیۆ. لەساڵانی (٩٧٥-٩٧٨)نزیکی (٢١) درامای مندالآنەی ئیزاعیم بۆ رادیۆی بەغداد تۆمار کردووە، کەلەبڵاوکردنەوەیاندا هەر بەردەوام بووە، ئەمیش جگەلە بەشداربوونی خۆم لەنواندنی هەموویانداو دەرهێنانی زۆربەی زۆریان، پشت بەهاوکاری نواندنی کۆمەڵێك لەهونەرمەندان، وەکو: تەها خەلیل، قادر مستەفا، عەبدول کەریم حەمە جوان، گەزیزە، یادگار تەها خەلیل و چەندانی تریش، بووە.

## ڕووەو سینەما

کەپێمان نایە مانگی دووی (١٩٧٢)وە، درامای (چەم بێ چەقەڵ نابێ) لەتەلەفزیۆنەوە بڵاوکرایەوە، وەکو تێبینیشمان کرد، بەرهەم بەبەرهەم لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیاندا، پێشبڕکێ دەکەن.

ئەنجا دوای ئەوە دیسانەوە خولیای سینەما دایەوە لەسەرمان، من پێشتر چیرۆکێکی سینەماییم نووسی بوو بەسیناریۆوە بەناونیشانی (شەمامەو خاڵ خاڵ) کە دەربارەی زەوی و زارو جووتیارو چەوسانەوەو کۆمەڵی هەرەوەزی جووتیاران بوو، ئەوسەردەمەش باو باوی ئەم بابەتانە بوو کەسیناریۆکەم بۆ کەمال خوێندەوە، زۆر پەسەندی کرد،ئیتر بڕیارمدا بەسینەما بەرهەمی بهێنین، کەوتینە خۆمان، یەکەم هەنگاومان دەستنیشانکردنی ئەکتەرە سەرەکییەکان

بوو: خۆم و کەمال، گەزیزە، عبدالله ساڵح، مەحمود جەمال، عەتا سوڵتان...هتد.
بۆئەوەی کاتیش بەزایە نەدەین با هەندێك کاروباری سەرەکیمان ئامادەبێت ئەوسا دێینە سەر هەنگاوە گرنگەکانی تر. نزیکی بیست ڕۆژێك پرۆڤەی نواندنەکەیمان کردوو لەو ڕووەوە خۆمان بێخەم کرد، شێرە زلەکەش پارە بوو، ئێمەش پارە لە گیرفانماندا سەوزەڵەگیانم دەڵێت، لەوەدا وەکو (قارەمانی ئافرەتان)مان لێنەهات زۆر ماندوو نەبووین، چونکە پێشتر شتێکم دابوو بەگوێی بەڕێز (عەلی غەمگین)دا، ئەنجا ئێستا کەبەوردی باسەکەمان لای غەمگین کردەوە، لەبەغدا لۆقنتەی هەبوو، وادیاربوو لەڕووی بازرگانیەوە سەری لێی داخوراو هاوڕێیەکی تریشی پەیداکرد، بەڕێز (حەمەی زەینەب) کە پیاوێکی ناسراوبوو لە سلێمانی. هەردووکیان بەهۆی بەرهەمەکانمانەوە ئێمەیان دەناسی و باوەڕیان پێمان هەبوو. بۆ برینەوەی گفتەکە عەسرێك چووینە گازینۆیەکی سەرچنار، کاکە حەمە بیرەی بانگکردو کەوتە خزمەتکردن. ئەوان بەهەردووکیان ئەوپەڕی سێ هەزار دینارپان پێ هەڵدەسوورا. ئێمەش بەمەزەنەی خۆمان هەر نزیکی ئەوەندەی تێدەچوو. ئەنجا کەڕێککەوتین لەکۆتایی دانیشتنەکەدا پێمانراگەیاندن کەهەموو مەسرەفێك لەسەر خۆمان هەتا ئەو ڕۆژەی دەست دەکرێت بەوێنەگرتن، هاتوچۆی بەغداو سیناریۆ بردن بۆ مۆڵەتی ڕەسمی و ئیستنساخی سیناریۆو، مەعامەلە برینەوە لەگەڵ کۆمپانیا سینەماییەکاندا... هتد. ئەمانە هەمووی لەسەر ئێمە، نەوەکا کارەکە سەرنەگرێت و ئێوە کاسبن و بۆ زەرەر بکەن. ئەوان ڕایان وابوو کەئەمانەش لەسەر پرۆژەکەیەو دەبێت ئەوانیش تێیدا بەشداربن. وتم کاکە حەمە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ دانیشتنەکەیشمان لێرە، ئەویش هەر میوانی ئێمەن. کاکە حەمە کەلەوێش وەکو بەڕێوەبەرێکی گەورەی کاربەدەست تێمان گەیشتبوو یان وەکو قۆنتەراتچیەکی پەرۆشە پارە تێی دەڕوانین، کەئەم هەڵوێستەی لەئێمە دی و بۆی سەلما کەمەبەستمان خزمەتی هونەرەکەیە، ئەوەندەی تر باوەڕی پێ پەیداکردین.

ئەنجا جێبەکەم تووندکردەوەو دووقۆڵی بەرەو بەغدا، ئەو جێبەکەی کەلەسەرەتای کرینییەوە تا ئێستا لەژێر کارو فرماندا پشتی دارزاوەو خاوەنەکەی ڕێگەی ئەوە نادات کە کەس فلسێکی بۆ خەرج بکات، کاتی عەسربوو کەلەسەر پردەکەی قلیاسان بووین و بەرەو بەغدا دەچووین کەلە کەمالم پرسی سەعات

چەندە؟ وتی چوارە، وتم بەحەول و قوەتی خوا سبەینێ بەیانێ بۆ سەعات چوار تۆ لەبەغدادی. وەهاش بوو، تاریك و ڕوون سەعات چواری بەیانی لەبەردەرگای ئوتێلەکە لەبەغداد دابەزین. مایەی سەفەر سەلامەتییە.

پانزە ڕۆژی نیوەی دووەمی مانگی حوزەیران لەو گەرمایەدا لەبەغدا ماینەوە، ئیتر هەر خەریکی ئەمسەروسەر بووین: دەقی سیناریۆکەمان بە (١٠) نوسخە تایپ ڕایتەر کرد، ٣ نوسخەمان برد بۆ سینەماو شانۆ بۆ داواکردنی مۆڵەت، لەوێ دامانە دەست فەرمانبەرێك وتی پێنج ڕۆژی تر وەرنەوە بۆ وەڵام. کەچووینەوە بەپەسەنکراوی دایەوە دەستمان، بەمە دڵخۆش بووین و باوەڕمان بەخۆمان بەهێزتر بوو، چونکە ڕەخنەشی لێنەگیرابوو. ئێمە لەدوایدا زانیمان کە ئەم فەرمانبەرە خەڵکی هەولێرەو ناوی (سەفوەت جەڕاحە).

ئیتر دەی لەگەڵ کۆمپانیا سینەماییەکانی بەغدا، تەقەی سەوداو مەعامەلەت بێت،تا بزانی کامیان لەکامیان باشترو هەرزانترە، بەداخیشەوە کە ئێستا ناوی هیچیانم لەبیر نەماوە.

لەپێشدا چووینە کۆمپانیایەك لەسەر سینەمای ڕەشید بەرانبەر ئەرەزدیباك داوامان لێکرد کە وردەکاری سینەمایی سیناریۆکەمان بۆ بکات بەلیستەیەك و نرخەکانیان بنووسێت تا بزانین چەندی تێدەچێت.

سیناریۆکەی لێوەرگرتین و وتی حەفتەیەکی تر وەرنەوە. هەر بۆ مەعامەلە چووینە کۆمپانیایەکی تر لەنزیك گۆڕەپانی نەسرەوە (خەزرەجی) ئەم هەر دەستی دەستی پێدەکردین، دووسێ جار چووین بەڵام لەوە دەچوو ئیشەکەیان پێهەڵنەسووڕێت، لەبەرئەوە وازمان لێهێنا. کۆمپانیایەکی سێهەمیش چووین لای باخچەی غازیەوە، وادیاربوو ئەمیش لەبەر بێ باوەڕی بەخۆی وەڵامێکی ڕوونی پێنەبوو.

کە چووینەوە بۆ لیستەکە لای کۆمپانیاکەی سەر سینەمای ڕەشید، ڕوانیمان بایی (٥) هەزار دینارە، ئێستاش لیستەکەم هەڵگرتووە. واتە دوو هەزار دینار زۆرتر لەوپارەیەی کاکە حەمەو کاك عەلی غەمگین.

هەر بۆ ئەو ئێوارەیە کە تاریك داهات چادرەکەمان لەجێبەکەکردەوەو بەشی خۆمان میوەو خواردن و خواردنەوەمان هێناو دوو قۆڵی لەگەڵ کەمالدا بەرەو سلێمانی پێ بنێ بە بەنزیندا.

کەلە قوللەی پرسیارو پشکنینەکە دەرچووین مانگ لەئاسۆیەکی شین ڕەشباودا تازە سەری دەرهێنابوو ئەو جیهانەی ڕووناك کردبووەوە، وتم، کەمال سەعات چەندە؟ وتی نۆیە. وتم ئیشەڵڵا بەحەول و قووەتی خوا سبەینێ سەعات نۆ لەبەر دەرگای ماڵی خۆتان دادەبەزیت.

لەگەڵ ئەو ڕەنج بەزایەچوون و هەموو ماندووبوونەماندا، شەوگارکردی و ئێمە کردمان، بەڵام ئەو مانگەشەوە تەلیسماویەو ئەو خامۆشی دیمەنی ڕێگاوبانانەو ئەو فێنکی شەوگارەو ئەو خواردن و خواردنەوەیەو ئەو گۆرانیانەی خالقی کە ریکۆردەکەی پێی دەبەخشین.. کەش و هەوایەکی ڕۆمانسی جوانی دروستکردبوو، بەتایبەت کەلە لەشساغیی جێبەکە دڵنیابووین.

لەڕێگە لەچۆڵی (قولفە) گڵۆپێکی سوور دەرکەوت، درەنگانێك کەگەیشتینە لای، پاسێك بوو پەکی کەوتبوو، ڕێبوارەکانی هەموو بەدیاریەوە ڕاوەستابوون. لێیان پرسین: هیچ ئۆتۆمبیل هەیە لەدواتانەوە کە بێت؟ منیش وتم نەخێر، ئێمە جێگەی دووسێ کەسمان هەیە بەڵام زۆر بەهێواشی دەڕۆین. وتیان سوپاس خواحافیز. کەکەوتینەوە ڕێ، کەمال دایە قاقای پێکەنین وتی: کابرا وادەزانێت ئێمە باڵمان گرتووەو چی ئۆتۆمبیل لەڕێگەدایە هەموومان بەجێهێشتووە. بۆیە پرسیارمان لێدەکات ئۆتۆمبێلتان لەدواوەیە؟ کەوای وت منیش دەستمکرد بەپێکەنین، وتم: تۆ دەزانیت من لەمەبەستی پرسیارەکەی بەوجۆرە تێنەگەیشتم و نەمزانی مەبەستی ئەوەیە. ئیتر تا گەیشتووینەتە کەرکوك ناوبەناو پێدەکەنی و دەیپرسی: ئەرێ کاکە ئۆتۆمبیلتان لەدواوە نییە؟

بۆ بەیانی وەختێك گەیشتینە کەرکوك لەدوکانی جگەرفرۆشێك لاماندا تازە خەڵوزەکەی دەگەشاندەوە. ئەنجا بۆ سەعات نۆش کەمال بەبێمزەرەت لەبەر دەرگای ماڵی خۆیاندا لەجێبەکە دابەزی و بەندوباوی فلیمەکەش دوای دەستگوشینێکی دڵسۆزانەو سوپاسێکی گەرممان بۆ کاك (عەلی غەمگین و حەمەی زێنەب)کپ بووەوە، ئەو دوو هاوڵاتیەی کە ئاشنای سینەماو، ناسیاوی شارستانێتی و دۆستی هونەر بوون.

مادام باسی سینەمایە، لەچمکێکی سینەمادا ئەوە دەهێنمەوە پێشچاو کە سینەما، هونەرە. لەسینەماشدا عونسورە هونەرییەکان قسە دەکەن، کەبەم پێیە ڕووخساریش لەدراماکەدا پێویستە هونەر بێت، واتە یەکێك بێت لەو

عونسورە هونەرییانەی کەئەویش لەسنووری ئەرکی خۆیدا مەرجە، مەبەستی دراما سینەماکە بگەیەنێتە بینەر.

کەلە ڕووخساردا باسی جوان و ناشرینیش دێتە پێشەوە:

لەکاتێکدا پێویست بەڕووخسارێکی جوان دەکات، ڕووخسارێکی جوان بەبێ هونەر، کەلە کارەکەدا تەنیا هەر جوانیەکە دەربکەوێت و هونەرو کاری هونەری پێوە دیاری نەدات، ئەمە سەرەڕای هێندێ مەبەستی ناهونەریی، ڕەنج بەزایە چوونە.

کاتێکیش کە پێویست بەڕووخسارێکی ناشرین دەکات، ڕووخسارێکی ناشرینیش کەهونەری لەگەڵدا نەبێت و هەر ناشرینییەکە دیاربێت هونەری پێوە دیاری نەدات، ئەویش هەر ڕەنج بەزایە چوونە..

هەروەها ڕووخسارێکی ناشرینیش کەهونەری لەگەڵدابوو لایەنە هونەریەکەشی زاڵبوو بەسەر لایەنە ناشرینیەکەیدا، هونەرییەکەیدا ئەمەش دیسانەوە هەر ڕەنج بەزایە چوونە.بە پێچەوانەشەوە ڕووخسارێکی ناشرین کە هونەری لەکەڵدا بوو لایەنە هونەرییەکەشی زاڵبوو بەسەر لایەنە ناشرینەکەیدا، ئیتر بەتەلیسمی ئەو هونەرە جۆرە جوانیەك دروست دەبێت هەروەکو چرا دادەگیرسێت.

# شەوەکەی چۆڵی قوڵفە

ئێ باشە وا ئەو (خەزرەج)ەو نووسینی هەڵواسیوە (کۆمپانیای خەزرەج) بەڵام ئەی من (ئەوس)م؟ ئایا من ئەوسم وائێستاش دوژمنایەتیم لەگەڵ دەکات؟ بۆچی ئێرەش مەدینەی زەمانی پێغەمبەرە (سڵاوی خوای لێبێت): هەردوو خێڵی عەرەب (ئەوس و خەزرەج) هەر خەریکی دوژمنایەتی و ناکۆکی بن وازنەهێنن؟

کاکە خۆ کفرمان نەکرد هاتینە لات... تۆ هەر لەسەرەتاوە بتووتایە: ببوورن من ئەم فلیمی سینەمایەم بۆ بەرهەم نایەت و پێم هەڵناسوورێت... منیش ئێستا لەسەر گفتی خۆت کە دوای چوار ڕۆژ هاتوومەتەوە، تازە پێم دەڵێیت ببورن ناتوانین. بۆچی وا دەزانی من ئەوسم وەها دەستخەڕۆم دەکەیت و نوقورچم لێدەگریت.

من كە ئاوها لای (کەمال) ئەم گلەییانەم لەکاکەی خەزرەجی دەکرد، ئەویش وتی: برا، خۆ هەر ئەوە وانەبوو، ئێمە ئەمە پانزە ڕۆژە بەم قرچەی گەرمایە لەسەر حسابی گیرفانی خۆمان لەم بەغدایەین، کۆمپانیا نەما نەچین، کەسمان باوەڕمان پێکردن و پشتمان بەتوانای کەسیان بەست؟ هەموو لە زەرەروزیان بەولاوە هیچی تری تیابوو بۆ ئێمە؟

منیش دڵخۆشیم دایەوە: زیانمانکردووە، زیانمانکردووە، هەمووی بەقوربانی پێڵاوەکانی خۆمان بێت. ئەمەش بابچێتە سەر تاقیکردنەوە کۆنەکانی ترمان. خۆ ئێمەش جارێ نەگەیشتووینەتە ئاستی هونەرمەندانی میسر لەبەروبوومی هونەر بحەسێینەوە.

باشە ئێستا چی بکەین و دەڵێیت چی؟ کەمال وتی.

منیش وتم: چی دەکەین؟ دەڵێم ئێستا سەعات پێنجی ئێوارە نەبووە، ئەم شەویش مانگە شەوە، جێبەکەش با چادرەکەی لێبکەینەوە، میوەیەکی جوانیش دەکڕین، مریشکێکی قەڵەوی برژاویش لەگەڵ خۆمان دەبەین، پیلیش بۆ ڕیکۆردەکەو دوو شریتەکەی خالقی ئامادە دەکەین و سفرەو خوانێکی بەتامیش لەجێبەکەدا دەڕازێنینەوە، ڕووەو سلێمانیە حەیاتەکە سلف لێدەدەین.

سەعات حەوت ونیوی ئێوارە تێپەڕی بوو کەلەبەر (ئوتێل مستەفا)وە کۆك و تەیار سواری کورتە جێبەکە بووین و بەهیوای بەرەو سلێمانی دەرچووین. کوورە خشتەکانی دامێن شاریشمان لەتەنیشتەوە بوو کەلە کەمالم پرسی ئێستا سەعات چەندە؟ ئەویش وتی: ئەوە هیچ ئێستا سەعات نۆیە، بەڵام ئەم پرسیارە، پرسیارە سەیرەکەی سەر پردەکەی قلیاسانم دێنێتەوە یاد کە پێش دوو هەفتە عەسری ئەو ڕۆژەی کە هاتین بۆ بەغدا، وتت سەعات چەندە وتم سەعات چوارە تۆش وتت هیچ دڵ لە دڵ مەدە سەعات چواری بەیانی تاریك و ڕوون لەبەردەم ئوتێل مستەفادا داتدەبەزێنم. منیش وتم: دەبرا ئێستا هیچ دڵ لە دڵ مەدە، سەعات نۆی سبەینێ لەبەر دەرگایماڵی خۆتان داتدەبەزێنم.

بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی: هەر زانیم وا دەڵێیت. وتم کاکە پێشینان وتوویانە مایەی سەفەر سەلامەتیە.

ئیتر بەرەبەرە جڵەومان بۆ پیرە جێب شلکردو ڕوومانکردە بیابان و چۆڵەوانی. بەغداو مەغدامان لەدوای خۆمانەوە بەجێهێشت. خۆمان لەگێژاوی بیرکردنەوەی

فلیم و فاك و فیکی کۆمپانیاو، مانەوەمان لەبەغدا، بەتەواوی ڕزگارکرد. تاریکی شەو داهات، ئاسمانیش پەردەیەکی شینی تۆخی دڵگیری دادایەوە بەڕوومانداو بەئەستێرەی گەشی درەوشاوە بۆی نەخشاندین و، مژدەی شەوێکی شادی پێ بەخشین. لەقوڵغەکەی (باقووبە) زۆر ڕایان نەگرتین، کەکەوتینەوە ڕێ، ئاوەدانی ناوچەکەش رووی کردەوە کزیی، بەڵام تا دەهات باخ و باخاتەکانی زۆرتر دەبوون. کەمالیش بەکەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێدابووەوە دەتوت لە (شیراتۆن) دانیشتووە. بۆیەکەمجاریش دەستی برد بۆ سفرەو خوانەکە.

دوای هێندێك کە ڕۆیشتین و گڵۆپ و ڕووناکی شارێکی ترمان لێدەرکەوت وتی: ناشێت ئەمە (دەلتاوا) بێت؟ خۆ ئێمە زۆر نییە لەبەغدا دەرچووین.

تۆبڵێیت دەلتاوا نەبێت؟

کاکە دەلتاوایە.

ئەوێ یە؟

ئەی خۆ عەرەقیشمان پێ نییە تابڵێین سەرخۆشین.

ئەوێ یەو ئەولاتریش.

ئاتۆ سەیرێکی گێچکەکە بکە مامۆستا بزانە لەسەر سەدوبیست نارۆیت؟

سەدوبیستی چی برا؟ ئەوەتا هێزی ئەژنۆی نییە لەچلە حەیاتەکەی خۆی تێپەڕێت.

ئەی بۆچ وازوو گەیشتینە ئێرە؟

کاکە کەش و هەواکەمان هێندە لەبارە، خۆمان هێندە حەساوەو بێ خەمین، ڕێگاو بانەکان هێندە خۆشن، ئەوە بۆیە کاتەکەمان وا زوو لێ ڕۆیشتووەو وامان زانیوە زوو گەیشتووینەتە ئێرە.

ئیتر کەلە دەلتاوا ترازاین، ئەنجا لووتمان ژەنە چۆڵی (قوڵفە) هەر لەسەرەتایدا بووین کە سروشتیش مانگێکی زیوینی چریسکاوەی بۆ هەڵبژاردین و بۆی هەڵدابنە سەر لێواری ئاسۆکان کە تریفەکانی تاریکی ئەو ئاقارە پان و پۆڕانەیان ڕەوانەوە... دارخورماکانی ئەو نزیکانە جووڵەیان لەخۆیان بری. چاویان لەو ڕووناکیە نەدەتروکاند کەڕژابووە ئەو بۆشاییە گەورەیەوە.

هەر دەرۆیشتین و دەڕۆیشتین.. مانگەکەش لەگەڵماندا دەڕۆیشت، شەوگاریش لەگەڵماندا دەڕۆیشت.. شەوگار زرنگابووەوە هەتا چاو بڕکات و

بڕنەکات باڵەکانی بەسەر پانتایی ئەو بیابانە کاکی بەکاکیەدا شۆڕکردبووەوە، وامان هەست نەدەکرد کە بە سواری جێبەکەوەین،وامان هەست دەکرد بەسەر شاباڵەکانی شەوگارەکەوە ڕاکشاوین و چاو بەو دەوروبەرانەدا دەلەوەڕێنین، کەلەبەر تریفەی مانگەکەدا ڕاکشاون.

ئەوا کەمال قاچی لێخستۆتە سەرقاچ و، مانگەکەش هەتا دێت گەشترو بەرزتر دەبێتەوە، چریکەی خالقیش ئەو چۆڵەوانیەی ئاوەدان کردۆتەوە، ئەو ئاسوودەییەش هەر پەرە دەسێنێ و، نەرمە دەنگەکەی جێبەکەش بەرەکەت کات، لەسەر چل لانسی وەرگرتووەو ناوبەناویش ئۆتۆمبیلێکی تر فرکە دەکات بەلاماندا، لەنێو ئەم ئەلبوومە ڕەنگاورەنگەدا وادەبینم تراکتۆرێکمان لەپێشەوەیە وەك ئێمە بەرەوژوور دەڕوات، هەر ئەملاوئەولای ڕێگەکەی دەکرد، شۆفێرەکەی کابرایەکی دیزداشە لەبەری کڵاولەسەربوو، ناوچەوانی لەسەر هەردوو دەستی داناوەو سەری خستۆتە سەر سوکانەکەی و خەو بردوویەتیەوە.. کەئەمەم دی بڕیارمدا ژیانی ئەم پیاوە لەمەرگ ڕزگار بکەم... بۆئەوەی بەئاگای بهێنمەوە خۆم لێنزیك کردەوەو لەدواوە چەند هۆڕینێکم بۆ لێدا، کابرا خۆی تێك نەدا، وەها دیاربوو گوێی گران بوو. ئەوەندەی تر بەزەیم پیایدا هاتەوە، خۆم بۆ گورج کردەوە هەتا گەیشتمە لای دەستە ڕاستی کەلەنزیکیەوە چەند هۆڕنێکی ترم لێدا، باش بەئاگاهاتەوەو سەرێکی هەڵبڕی، کە ئێمەی دی بەدەست ڕاوەشاندنەوە چەند سڵاوێکی سوپاسی بۆ کردین. ئیتر ئێمەش بەخۆشیەکەوە بەجێمان هێشت.

کەمالیش وتی ماڵم ئاواکردیت! ئەوە تۆ چیتکرد؟ لەو کاتەدا کەبەتەنیشت تراکتۆرەکەدا دەڕۆیشتیت، من لەدڵی خۆمدا دەمووت هەزار ڕۆحمان پێبێت ڕۆحێك دەرناکەین.. وتم کەمال، ئیتر ترست نەبێت ئێمە چاکەکردنی ڕێگەی خۆمان بەخشی. ئەوا ماوەیەکیشە لەدووری دوورەوە ڕووناکیەکی سوور دەبینم، هەر دەڕۆین و هەر نایگەینێ، دەمێکە ئەو ڕووناکییە دیارە، ئایا تۆ بڵێیت لەسەر ڕێگەکەی ئێمە نەبێت، یان ئێمە بەرەو ئەوێ ناچین؟ بەڵام بەوەدا کە بەرەبەرە ڕووناکتر دەبێتەوە، وادیارە لێی نزیك دەبینەوە. بەڵێ دوای ماوەیەك کە گەیشتینە لای، پاسێك بوو ڕووەو کەرکوك وەستابوو پەکی کەوتبوو، ڕێبوارەکانیشی دابەزیبوونە خوارەوە خەریکی چاککردنەوەی بوون، ئێمە ڕاوەستاین و سڵاومان

لێکردن. کە وتیان پەکمان کەوتووە، وتمان فەرموو لای ئێمە سواربن جێگەی سێ چوار کەسمان هەیە. سوپاسیان کردین و وتیان قەیناکات چاك دەبێتەوە. بەڵام ئایا ئۆتۆمبێلی ترتان لەدواوە نییە؟ وتم نەخێر. ئیتر خواحافیزیمان لێکردن. کە بەجێمان هێشتن کەمال بەدەنگەکەی ئەوان دووبارەی کردەوە:ئۆتۆمبێلی ترتان لەدواوە نییە؟ جارێکی تریش بەپێکەنینەوە وتیەوە. کەمال ئەوە بەچی پێدەکەنیت؟ وتی لەوان وایە ئێمە لە سەدوپەنجا دەڕۆین، چی ئۆتۆمبێلی تر هەیە پێشیان کەوتووین و ئەوانمان بەجێهێشتووە. ئەوە بەوە پێدەکەنم. وتم بەڕاستی من واتێنەگەیشتم، ئەنجا منیش دەستمکرد بەپێکەنین، ئیتر هەتا گەیشتووینەتە (توزخورماتو) کەمال سوعبەتی ئەم پرسیارەی بەخۆمان دەکرد، هەر دەیووت و دەیووتەوە: ئۆتۆمبێلی ترتان لەدواوە نییە؟ وتیشی کار بەوە باش بوو کەسیان سوارنەبوون لەگەڵماندا، دەنا دوای دە دەقیقە بێزار دەبوون و دادەبەزین. تۆبڵێیت؟

هەر ئەوەش نا. خێرێکیشمان لەسەرە کە سوارنەبوون، سوارببونایەو ئەمجۆرە لێخوڕینەیان بدیایە حەیای هەزار ساڵمان دەچوو، لەبەرئەوە خێرێکیشمان لەسەرە کە سوارنەبوون.

گوێ مەدەرێ. مایەی سەفەر سەلامەتیە. کەگەیشتینە توزخورماتوو سفرەو خوانمان تەواو ببوو، لەوێش کە دابەزین لەبەر درەنگیی، چاخانەو لۆقنتەخانەکان هەموو دایانخستبوو... کش و مات و خامۆش.

ئیتر کە دابەزین دەست و دەم و چاومان شۆری و، دەستمانکرد بەپیاسە کردن و هاتوچۆ بەلای ئەو کورسی و قەنەفە خاڵیانەی بەردەم چاخانەکانداو، سەرنجدانی گڵۆپە داگیرساوەکانی ناوشار کە خەڵکەکەی، هەموو لەگەڵ شیرین خـەودا دەستیان کردبووە ملی یەکتر. ناوبەناویش کە ئۆتۆمبیلێك دەهات ڕادەوەستاو هەرکە هیچی دەست نەدەکەوت بۆ خواردن دوای کورتە پشوویەك، دەڕۆیشت بەڕێگەی خۆیەوە. ئەنجا ئیتر کەکاتی ئەوەمان هات خۆمان ئامادەکەینەوەو سواری جێبە حەیاتەکە ببینەوەو بکەوینەوە ڕێ، کاتێکمان زانی لەناو تاریکاییەکەی ڕێگەی کەرکوکەوە دەنگی جوزەلە لێدان و چەپڵەڕێزانێکی بەجۆش دای بەگوێمانداو هاتە پێشەوە، کەگەیشتن دوو پاسی مەرسیدسی هەژدە نەفەری بوون، لەبەر چاخانەکەی لای ئێمەوە ڕاوەستان و

یەکێکیان دابەزی و بەپەلە ڕۆیشت دەرگای لۆقنتەیەکیان بکاتەوە وادیاربوو هی خۆی بوو شتی پێویستی لەوێ دانابوو دەیویست لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە پاسەکانیش چاوەڕوان بوون، وادیاربوو شاییکەربوون بووکیان دەگواستەوە ئەوا هەروا دەیان کووتا بەڵام دەیانکووتا.

گوێم لێبوو یەکێکیان وتی ئەوە (مامەلی)و ئەوانیش لێرەن بادابەزین هێندێك بەیەکەوە هەڵپەڕین (لەو سەردەمەدا بەهۆی تەلەفزیۆنەوە زۆر ناسراوبووین) کەوایان وت هەردوو پاسەکە بەبووك و بەربووك و برازاواو شاییکەرەوە ڕژانە خـوارەوە بەهەراوهوریاو ڕووخسارێکی خۆشەوە پێخۆشحاڵی خۆیان بەم ڕێکەوتە دەربڕی و تەپڵ و جوزەلەو بەزم دەستی پێکردەوەو دەستیان گرتین و دووسێ سووڕ لەگەڵیاندا هەڵپەڕین.. ئیتر شایی گەرم بوو بووبە قریوە قریوێك و گوڵمەزێك، نیوەی توزخورماتوو لەخەو خەبەری بووەوە.

ئەو شادمانی و خۆشیەی کەلەوکاتەدا لەدەروونی مندا دروستبوو فوارەی دەکرد، ئەو هۆگری و یەك هەستیەی کەلەگەڵ ئەو مرۆڤە شاییکەرانەدا لەناخی مندا سەوزبوو، یەکێك بوو لەڕێکەوتەکانی تەمەنم.

وەکـو زانیشمان ئەو بووکەیان لە (ئاسکی کـەڵـەك)ەوە هێنابوو بۆ توزخورماتوو، بۆیە درەنگیش گەیشتبوون لەبەرئەوە نەبوو کەلەڕێگە لەسەر چل هاتبوون بەڕێوە، بەڵکو درەنگ ڕێکەوتوون و لەڕێگاش ڕێکەوت دووجار پەکیان کەوتووە.

بەڵێ ئیتر دوای ئەو تابلۆ شانۆییە جوانە لەبەر تیشکی مانگەکەدا، پیرۆزباییمان لە شاییکەرەکان کردو ئەوانیش هەر بەدەم ئاهەنگەکەوە سواری پاسەکانیان بوونەوەو، ئێمەش دوای داوای لێبووردن بۆ میوانداریێتی کردنیان، هیوای کامەرانیمان بۆ بووك و زاواو گشت خواست و بەخوامان سپاردن.

کە خۆشیانکرد بەتوزخورماتوودا هەر زرمەیان دەهات. ئیتر ئێمەش ناوی خوامان لێهێناو سواری جێبە حەیاتەکەی خۆمان بووینەوەو،کەرکوك خۆت بگرەو هاتین، جاکەی گەیشتووینەتە ئەوێ؟ لەگەڵ خۆری بەیاندا، کەلەسەر دوکانێکی لاجـادەدا، هێشتا کاکی گۆشت فرۆش خەڵوزەکەشی گەش نەکردبووەوە، داوامان لێکرد بۆ تامی دەم سەرو شیش گۆشتمان بۆ ببرژێنێت، دوو ماستاوی خەستیشمان بۆ بکات، ئەویش کە ئێمەی ناسیەوە بڕیاریدا ئێمە بکاتە بەرەکەی

بەیانی بۆخۆی، کە دوای سوپاس بەداوایەکی زۆرەوە ئەوسا ئێمەش توانیومانە قایلی بکەین کە ئێمەش ئەو خێروبێرە هەر پێشکەش بکەینەوە بەخۆی.

بۆ چێشتەنگاویش کەلە سلێمانی لەبەردەرگای ماڵی کەمال پێم بەئیستۆپدا نا، هیچ دڵی لە دڵ نەدا چونکە زانی کە سەعات نۆی خشتە. خۆشم کەلەبەردەرگای ماڵی خۆمان دابەزیم، زمانی حاڵی پیرە جێب لێیپرسیم، خۆ تۆش هیچ گلەییەکت لەمن نییە... ئەوەش شەوێك بوو لەشەوانی تەمەن کەدرەنگ بیردەچێتەوە.

من ئەوەندە لەسلێمانی ئەم خانوو و خانوومکرد هەر بێزاربووم، نیازم وەهابوو کەکردم خانوویەکی باش بکەم. بەڵام لەدواجاردا کەخەریکی بەکرێ گرتنی خانوویەك بووم، لەکاتی سەواکردندا کابرای خاوەن خانووەکە وتی مامۆستا چەند منداڵت هەیە، کەوەهای وت ژان چووە دڵمەوە بۆ منداڵەکان. زەویشم وەرگرتبوو بڕیارمدا خانووەکەم دروست بکەم و لە ساڵی (١٩٧٣)دا هەرچۆنێك بێت بەقەرزو قۆڵە لەگەڕەکی ڕزگاری دوورە شاری ئەوسا: خانووەکە تەواو بوو، گواستمەوە ناوی، لەو سەردەمەشدا هەر لەمن و مامۆستا لەتیف زیاتر کەسی تری لێنەبوو دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ. دەڵێن قسە قسەی لێدەبێتەوە، لەوەوپێش جارێك بۆ خانوو بەکرێگرتن ڕێگەم کەوتە شەقامی کاوە، لەوێ بینراوێکی سەیرم دی:

# گەنجەکەی شەقامی کاوە

دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، پیاوێکی شێت، من دەڵێم شێت، خەڵکی دەڵێن شێت، هەموو بەئاسایی و ڕەوانی دەڵێن شێت، ئەو دەردەی کەئەوەنە سامناکە هەرچی دەردەکانیتری ژیان هەیە، ناگەنە قولە پێی، بەڵێ پیاوێکی شێتی تەمەن کامڵ لەشەقامی کاوە، بەکڵاوێکی شڕەوە بێپشتێن چاکەتەکەی خستبووە شەرواڵەکەیەوە، هەمەجۆر گێزو گوڵنکەی ڕەنگاوڕەنگ و زەنگ و قۆری کردبوو بەخۆیداو، چەندان قوتووە دۆشاوی تەماتەو پاکەتە جگەرەو شووشە کۆکای بەخاڵێتی بەپەت و پەڕۆپاتاڵ هەڵواسی بوو بەخۆیدا، هەر لەشانیەوە هەتا قولەپێی شۆڕببوونەوە، شاورێکی دەنگ نووساوی منداڵانەشی پێوەبوو جارجار ڕادەوەستاو فوویەکی پێدا دەکرد. لەکاتی ڕۆیشتنیشدا جۆرە دەنگێکی لێوە دەهات، دەتووت کاروانی ڕێگەی چین و ماچین لەوێوە تێدەپەڕێت. ئیتر

لەو ناو شەقام و بازاڕەدا عەشاماتێکی زۆروزەبەنەی هێنابووە سەیری خۆی، کەمن یەکێك بووم لەوان.

من هەرچەندە سەرنجی ئەو کابرایەم دەداو لێی ورد دەبوومەوە ڕستەیەك یان وشەیەکم بۆ نەدەهات کەشایست بێت بەوەسفکردنێکی تەواوی وردەکاریەکانی ڕواڵەتی ئەو. هەرچەندە مێشکم دەگوشی نەبیروڕایەك نەتەعلیقێکم لەلا دروست دەبوو کەبۆ گێڕانەوەی ئەو حاڵەتەی ئەو بشێت، هێندە سەیرو سەمەرەو

کەساسی پێوە دیاربوو. لەم کاتەدا لەنێو عەشاماتەکەوە کوڕێکی گەنج بانگی لێکرد: ئاخر سەرلێشێواوی نەگبەت! خۆ ئێمە پێمان نەوتوویت شێت مەبەو ڕێگەی ئەوەمان لێنەگرتوویت. بەڵێ باشە باخاتری تۆ بێت، شێت ببەو حەز دەکەیت هاریش ببە، بەڵام بەمجۆرەی ئێستاشت نا. کەگوێم لەم وشانە بوو، ئاوکرا بەدڵمدا هێندە پربە پێستی خۆیان بوون و هێندە گونجاوو شایست و لەباربوون. هەستمکرد نەك هەر کۆڵێکی گران لەسەرشانم لاچوو، بەڵکو لەئاستی ئەم دەرەقەت نەهاتنەی خۆم لەوێدا، هەر بەحەسانەوە تەزووی حەسانەوەیەکی فیکری و ئەدەبی ئەوتۆ هات بەمێشکمدا گەلێك فێنکی کردمەوە.

## ناسنامەی شانۆی کوردی

که دەڵێین: شانۆی کوردی، مەبەست شانۆیەکە کەلەگەڵ هیواو ئاواتی گەلی کوردا، ئاهەنگ بگێرێ و گۆرانی بڵێت، لەگەڵ ئازارو ژانەکانیشیدا، بناڵێنێت و بگری، سەبارەت بەکێشەو گیروگرفتەکانی، ڕێنمایی بکات و، لەئاستی چارەسەری کۆسپەکانی ژیانی، چاوساغی و هاوکاری بکات. ئەگەر ئەمجۆرە خاسیەتانەمان بەڕوونی لەسەر تەختەی شانۆکە بەدی کرد، بۆمان هەیە بڵێین: شانۆییەکی کوردیمان بینیوە.

ناتوانین لەو ڕاستیە لابدەین، کەهەر گەلە لەم جیهانەدا، لەویتر جیاوازەو کێشەی تایبەتی خۆی هەیە. کێشەی گەلی ڕووس جیاوازە لەهی گەلی هۆڵەندە، پێداویستیەکانی گەلی سوید لەهی گەلی سۆماڵ و لوبنان، ناچێت. هیوای گەلی

ئەمەریکاو گەلی ئەفغان بەراورد ناکرێت. گیروگرفتەکانی گەلی کورد لەهی عەرەب، جیاوازە... لەگەڵ ئەمەشدا خاڵی هاوبەشمان لەبەرچاوە کەلەڕووی کاروباری مرۆڤایەتی و فیکری و پێشکەوتنەوە، زۆربەی گەلانی هەموو جیهان تیایاندا، هاوبەشن.

شانۆ، پێش ئەوەی هونەر بێت، فیکرە. فیکریش، لەبارودۆخی بوون و بارودۆخی ماددی و واقیعی گەلێکەوە هەڵدەقوڵێت، خۆئەگەر ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو گەلە نەبێت، ناکرێت بەناوی ئەوەوە ناوببرێت.

نیوسەدە زیاترە کە شانۆ لەهەرێمی کوردستاندا کەوتۆتە ڕێ و چارەکە سەدەیەکیش زیاترە کەبینەرانی کورد پەی دەرپەی دەچنە سەیری نمایشەکان. بەڵام بەداخەوە ئەم ڕەنجە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتمەندێتی واقیعی ژیانی گەلەکەمانی پێوە دیاربێت، تا بیناسێتەوەو، شایەتیمان بۆ بدات و دڵمان خۆش بکات کەخاوەنی شانۆی کوردیین. (ئادامۆف)و (ئۆنسکۆ)و (بیکێت)و (شکسپیر)و (هارۆڵد بنتەر) فرکوهوریانە لەسەر شانۆکانمان و باویان سەندووە، کەچی بەشانۆی کوردیش لەقەڵەم دەدرێن. دەقی ئەوروپایی و ئەمەریکایی یەك لەدوای یەك لەسەر شانۆکانمان لەمیهرەجانەکاندا نمایش دەکرێن، کەچی لەسەر لیستەی شانۆی کوردی دەنوسرێن. (مێژوونووسانی شانۆی کوردیشمان) دەڵێن مێژووی شانۆی کوردی دەنووسینەوە. زۆرجار هەتا دەقی بیانی وەستا بێت، دەقی خۆماڵی بەهەمەجۆر بروبیانوی نابەجێ و دروستکراو، ڕووپۆش دەکرێت. دەقی شانۆی کوردی کێ دەینووسێت؟ کێ لەناخەوە بەتەواوی لەگرفتەکانی گەلی کورد شارەزایە؟ بێگومان نووسەرێکی کورد. هەرچەندە دەرخستنی گێزوگوڵنگ و جلوبەرگ و ڕایەخ و کاسەوکەوێڵی کوردەواری، جۆرە سیمایەك بەنمایشەکە دەبەخشێت و هەریەکەیان لەجێگەو کاتی خۆیداو جۆرە دەورێکیان هەیە، بەڵام ئەوانە شانۆی کورد پێناگەیەنن. شانۆی کورد بە دەقی کوردی پێدەگات.نووسەریش زۆری لێناکرێت چونکە شانۆ وەك هەموو چالاکیەکانی تر عەشق و سەوداو شەیدایی و بەهرەیە بۆ یەکێك کە بنووسێت.

دەقی کوردیش هەموو دەقێکی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەو دەقە کوردیە کەبەهەمەجۆر ئەفکارو بۆچوون و هەڵوێست و ڕووداوی مرۆڤایەتی

گشتی موتووربه کرابێت، تا بۆئەوە بشێت بەرگە خۆماڵیەکەی، بچێتەوە سەر شێوە بەرگێکی جیهانیەوەو لە بنیاتنانی شارستانێتیدا هاوبەشی بکات. هەر پشت بەم باوەڕەشە کە داواکردن بۆ پێگەیشتنی شانۆی کوردی، بەگۆشەگیری و خۆپەرستی ناژمێردرێت و بەپێچەوانەوە ئومێدێکی ڕەوایەو داوای مافێکی نەتەوەیی و ئینسانیە.

پشت بەراستی ئەم بەڵگانە من هەر لەسەرەتاوە داواکاربووم و بانگەوازم هەڵداوە کە شانۆی کوردی بەدەقی کوردی پێدەگات. بۆ ئەم خۆزگەو خواستەشم چەندان نووسین و لێکۆڵینەوەو بەڵگەی سەلمێنەرەم ڕوونکردۆتەوەو خستوومەتە بەردەست، کە ناوەڕۆکی ئەم هاوارانە بەدرێژی لەوەدواوە کە: شانۆی کوردی چییە؟ تایبەتمەندێتی چۆنە؟ ئێستاو ڕابووردووی.

بۆچی شانۆمان تائێستا پێنەگەیشتووە؟ ئەو کۆسپە گشتی و تایبەتیانەی کەرێگەی پێگەیشتنی گرتووە. ئەو ڕێبازو هەنگاوە پێویستیانەی کەیارمەتی دەدەن بۆ پێگەیشتن، ئەزموون و تاقیکردنەوەی وڵاتانی تر، نووسەری دەقی شانۆیی... هتد.

بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، یان لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکاندا یان لەبۆنەکاندا، هەر دەنگم لێ بەرزبۆتەوە، جگەلەئەوەی دەتوانم بڵێم هەوڵ و تەقەلایەکی کەمم بۆ تەرخان نەکردووە کەباسی نەکەم، وەك لەم دێرانەدا دەیخەمە ڕوو:

لەیەکێك لەکۆڕەکاندا، کەلەڕۆژی ١٩٧٦/٨/٣٠ کەلە باخچەی (یەکێتی نووسەرانی کورد) لەم بارەیەوە بەناونیشانی (شانۆ لەنووسەرەوە دەست پێدەکات) بەستم، باس و خوازو لێدوانێکی تێروپڕم پێشکەش بەئامادەبووان کرد.

هەروەها لە ژمارە (٣١٧)ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا ڕۆژی ١٩٧٦/٥/١٣ هەر بەو ناونیشانە بەشی یەکەمی نووسینێکم بڵاوکردەوە کەبەڵگەی ڕەواو بەجێم تێدا نیشاندابوو. کە سەرنووسەری ئەوسای ڕۆژنامەکە بەشی دووەمی بڵاونەکردەوە.

هەر بۆ خەمخواردنی ئەم مەبەستە، لەدیداری یەکەمی شانۆی کوردیشدا، لەهۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر، بەناونیشانی (ناسنامەی شانۆی کوردی، قەڵەمی

نووسەری کورد دەینووسێت) لەڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٨ دیراسەیەکی (٣٣) لاپەڕەیی فولسکابم پێشکەش بەئامادەبووان کرد، دەوری دوو سەعاتی خایاند، خۆزگە خوێنەرانی بەڕێزیش وەکو نوێنەری هونەرمەندانی هەولێرو دهۆك و کەرکوك و سلێمانی لەوێ ئامادەبوونایە، تا گوێیان لەوردەکاری و جەوهەری ئەو دیراسەیە رابگرتایە کە تائێستاش دەقی باسەکەم لەلایەو ئەگەر بۆم دەست بدات رۆژێك لەڕۆژان چاپی بکەم، ئەوا ئەو هیوایەم هاتەدی و، کامێرای چاوەکانم وێنەکانی لەڕووی ئەم نووسینە، دەخاتە بەرچاو.گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ئەوسەردەمە دەیتوانی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، کاتێ کە ئەوسا داوای لێکرد ئەو دیراسەیەیان بۆ بکەم بۆ عەرەبی و بلاوی بکەنەوە... منیش کەبەعەرەبی بۆم ناردن، چۆنم بۆ ناردبوون، دوای دوومانگ وەك خۆی بۆیان ناردمەوە.

هەروەها لەڕێرەوی درێژخایەنی ئەم باسەدا لەپاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا بەزنجیرە نووسینێکی دوانزە بەشی دیراسەیەکی دوورودرێژم بەناونیشانی (دەقی کوردی، شانۆی کوردی) بلاوکردەوە کەئەم ژمارانەی، نووسینەکەیان گرتۆتەخۆ (ژمارە ١٥ ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢٣ و ژمارە ١٧، ١٩، ٢٤، ٢٦، ٣٠، ٣٥، ٤١، ٤٥، ٥٩، ٦٧، ٧٠ ڕۆژی ١٩٨٩/١/١٨) کە ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی ئەم بابەتەیان بەلاوە مەبەستە بەئاسانی لەکتێبخانە گشتیەکاندا چاو بەم ژمارانەدا دەگێڕن.

ئەوەی پێوەندی بەم باسەوە هەیە، من خۆم بەکارو بەکردەوەش دلسۆزو دەستپێشخەری بەجێهێنانی ئەم بانگەوازەم بووم، ئەوەتا جەماوەری بینەرانی بەڕێز ئاگادارن کەزۆربەی زۆری شانۆیی و ئۆپەرێت و بەرهەمە تەلەفزیۆنی و ئیزاعەکانم، کە نووسیومن لەکۆمەلگەی کوردەواریەوە هاتوون، یان بابەتی میللین، یان لەکەلەپوورو فۆلکلۆری کوردیەوە هاوچەرخانە مامەلەیان لەگەل کراوە. کەماوەیەکی زۆر فراوانە لەبەردەم نووسەردا بۆ هەلبژاردنی هەمەجۆر نووسینی تر.

بەلام پێش کۆتایی هێنانیش بەم باسە، بایەخێکی گران هەلدەڕێژم، چونکە هەتا کاتی ئەم نووسینە کە ڕێکەوتی سالی (٢٠٠٨) دەکات، ئەم هەموو بانگەوازو هاوارانە، هێشتا لەچاو خۆیاندا گوێچکەکان بەتەواوی لەئاستیان سووك نین.

ناسنامەی شانۆی کوردی قەڵەمی نووسەری کورد دەینووسێت

- عومەر عەلی ئەمین -

## پێشوازی:

پێش ئەوەی دەست بکەم بەپێشکەشکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کەبەناونیشانی {ناسنامەی شانۆی کوردی، قەڵەمی نووسەری کورد دەینووسێت} ئامادەم کردووە، وای بەکەڵك دەزانم، جارێ پێشەکی بەم چەند خاڵە پێشوازیتانم بکەم:

* بانگەوازو هەوڵ و تەقەلادان بۆ پێگەیشتن و دروستبوونی شانۆیەکی رەسەنی نەتەوایەتی کوردی، کەلەشێوەیەکی دروستکاری خۆیدا (عملية خلق جديد)

ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردەواری بێت و مۆرك و ناسنامەیەکی دیارو ئاشکرای تایبەتی خۆی هەبێت، هاتنەدی ئەم هیوایە، شایستەی بەپیرەوەچوون و باوەش بۆ گرتنەوەو لاواندنێکی گەرم و گوڕی هەیە.

چونکە، شانۆ کە بەهێزکردنی گیانی برایەتی و خۆشەویستیی لەناو کۆمەڵی مرۆڤدا گرتۆتەخۆو، بانگەوازی ئاسودەیی و ئاشتی بۆ گەلانی جیهان هەڵدەدات و، چونکە شانۆ بۆ خواست و هیوای میللەتان تێدەچریکێنێت و...، ڕێنمایی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مرۆڤ دەکات و..، بریسکەی بیرو فیکرو وشەی پیرۆز دەداتــەوە..، چونکە شانۆ وەك (بسکاتۆر) دەڵێت (شانۆ پەرلەمانەو جەماوەریش دەستەی یاسادانانن) یان وەك پیرو شێخی گەورەم (ستانسلاڤسکی) دەفەرموێت (شانۆ چاکترین ڕێبازە بۆ ئاشنایەتی نێوان گەلان و نەتەوەکان).. بەڵێ کە شانۆ ئاوا بەمجۆرە لەخزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤدا بێت و بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پیرۆزانە هاتبێتەکایەوە،... کەواتە هەوڵ و کۆشش بۆ دروستبوونی شانۆی کوردی، لەناخی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیەوە هەڵقوولاوەو، لەقوولایی گیانی مرۆڤایەتیەوە فوارە دەکات. کەواتە شانۆیەکی ڕەسەنی کوردی کارێکی ڕەوایە.. ڕاستە.. دروستە.. پێویستە.

* پێشکەوتنی جوولانەوەی شانۆی کوردیمان هانمان دەدات کەلە بواری پێشکەشکردنی شانۆی جیهانیدا کەڵك لەتەکنیکی شانۆو، ڕێبازی دەرهێنان و، شێوەی نیشاندان و، جۆری چارەسەرکردن... هتد. وەربگرین دابڕبوونیش لەشانۆی جیهانی واتە دابڕبوون لە ڕێبازە داهاتووەکانی هونەری شانۆو، دابڕبوون لەنوێکاریەکان و تاقیکردنەوە جیهانیەکان، جگەلەوەی کە شانۆی جیهانی وەك پردێك وایە کە ڕۆشنبیری و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و، داروباری ژیانی کۆمەڵگای ئەم جیهانەی بەسەردا دەپەڕێتەوەو دەمانگاتێ.

* لەگەڵ هەموو باوەڕو قەناعەتێکم لەگەڵ هەموو ڕێزو ستایشێکم بۆ ئەو دەرس و پەندو حیکمەت و قسەنەستەقانەی لەدووتوێی کتێبدا دەربارەی شانۆی نەتەوایەتی نووسراوە، یان لە زمانی گەورە پیاوانی شانۆوە وەرگیراوە، من بۆ ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەوانەم دووبارەو سێ بارە نەکردۆتەوە، ئەگینا ئەگەر ئەوانە سەرچاوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوایە دەمتوانی کارێك بکەم هەموو باسەکە بەزمانی سەرچاوەکان بدوایە. بەڵکو بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەو بۆ ئەم باسە

پەنام بۆ کتێبی واقیع و بۆ زمانی ئەو واقیعە بردووە کەتێیدا ژیاوم.

سەرچاوەکانی من لەم لێکۆڵینەوەیەدا تاقیکردنەوەکانی خۆمە. تێبینیکردن و سەرنجدانەکانی خۆمە. موعاناتەکانی تەمەنێکی درێژی هەڵسوکەوتی خۆمە لەکاروباری شانۆدا. هەروەها سەرچاوەکانم دەم و دوو و هەست و خواستەکانی جەماوەری بینەرانە.. لەئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خۆم داواکارم و خۆم داوالێکراوم و خۆشم شایەتی واقیعەکەم.

* ئەم لێکۆڵینەوەو باسە کە تائێستا پێشکەشتانی دەکەم درێژەپێدان و تەواوکەری ئەو باسانەی ترمە کەلەوەوپێش لەم بارەیەوە خەمیم خواردووە.

لە ساڵی ١٩٧٥ دا دەربارەی ئەم باسە بەناونیشانی (شانۆ لەنووسەرەوە دەست پێدەکات) نووسینێکم نووسی، لە ١٩٧٦ دا ویستم لەرۆژنامەی هاوکاریدا بەچەند ئەڵقەیەك بڵاوی بکەمەوە. یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ٣١٧ی ١٩٧٦/٥/١٣ دا بڵاوکرایەوەو ئەوی تری، سەر رۆژنامەی نەدی. لە ساڵی ١٩٧٦ دا دیسانەوە لەم رووەوە باسێکم ئامادەکردو لە رۆژی ١٩٧٦/٨/٣٠ دا لە باخچەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە سلێمانی لەشێوەی کۆڕێکی بچووکدا پێشکەش بەبرایانی نووسەران و هونەرمەندان و میوانەکانم کرد.

هەروەها چەند مانگێك لەمەوبەر لەم بارەیەوە بەناونیشانی (دەقی کوردی، شانۆی کوردی) زریزە نووسینێکی دوانزە ئەڵقەیی بچووکم نارد بۆ پاشکۆی رۆژنامەی عێراق، کە تائێستاش بڵاوکردنەوەی گەیشتۆتە بەش هەشتەم.

* کە باسی زۆری پێشکەشکردنی دەقی بیانی دەکرێت.. دەمەوێت بڵێم کە برایانی هونەرمەندان لەهەولێر زیاتر لەجێگاکانی تر بەدەربەست پێشکەشکردنی دەقی خۆماڵییەوە دێن.

## لەبەر دەرگای باسەکەدا

ئەم هەواڵەم لەگۆڤاری (فنون)ی ژمارە (٣١٨)دا خوێندەوە: (من و جەنگیز ئیتماتۆفی نووسەری سۆڤێتی هەردووکمان لەنەتەوەی قەرغیزین.. جا کەمن لەنووسینەکانی ئیتماتۆفدا خۆم بەسەرکەوتوو دەبینمەوە،هۆیەکەی هەر ئەوەیە کەئەو تایبەتکارییە نەتەوایەتیەی کە نووسەرێك لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا نیشانی دەدات، ئەمە لەلایەن دەرهێنەرێکی سینەماییەوە لەکاتی بەرهەمهێناندا، پێویستی بەپێزانینێکی تەواو و شارەزاییەکی حەقیقی ئەو نووسینە ئەدەبیە هەیە).

ئەمە وتەی دەرهێنەری سۆڤێتی شامشایفی قەرقیزی بوو کە دەرهێنەرێکی سینەماییەو لەپیشەکاری سینەمادا پسپۆرەو لەنووسینەکانی ئیتماتۆف فلیمی (نەفرین) (پاپۆرە سپی) (قازو قوڵنگەکان) هەروەها (القیچ)ی دەرهێناوە.

شامشایڤ بەم وتەیەی نرخێکی تەواو بەرز بەتایبەتکارییەکانی نەتەوە (الخصوصیة القومیة) دەدات، لای ئەو شارەزابوون و ناسینێکی تەواوی ئەو ئەدەبیاتەی کە دەربارەی ئەو تایبەتکارییانە دەنووسرێن، بەردی بناغەی سەرکەوتنی دەرهێنەرە. ئەو کەلێرەدا باسی ئەدەبیاتی سینەما دەکات،

بەتەبیعەتی حاڵ ئەم ڕایەی ئەو ئەدەبیاتی شانۆش دەگرێتەوە، چونکە شانۆ باوکی سینەماشە.

شامشایف لەم بۆچوونەیدا بەتـەواوی نیشانەکەی پێکاوە. چونکە هونەرمەندێکی دەرهێنەر ئایدیولۆجەت و سایکۆلۆجەتی مرۆڤێکی هاوڵاتی خۆی چاکتر لەمرۆڤێکی بێگانە دەناسێت و دەزانێت کە خۆی بەشێکە لەو کۆمەڵگایە.

دەرهێنەرێکی کورد دەتوانێت لەسەر شانۆ مامەڵەیەکی سەرکەوتوانە لەگەڵ مام نەریمانی هاوڵاتی خۆیدا بکات و سەرکەوتووانە وێنەی بگرێ و نیشانی بینەرانی بدات کە چۆن شەخسیەتێکە، بەڵام هەرچەندە بکات و بکۆشێت ناتوانێت بەڕادەی ئەو سەرکەوتنە مامەڵە لەگەڵ مستەر جۆرجدا بکات، چونکە ئەوەندەی کەشارەزای لایەنی ژیانی مام نەریمانە، ئەوەندە شارەزای مستەر جۆرج نییە.

ئەنجا لێرەدا دەپرسین: ئایا کێ مام نەریمانی دابە دەرهێنەر؟ بێگومان نووسەر؟ ئایا کام نووسەریش دەتوانێت بەتەواوی بچێتە ناخی مام جوامێرەوەو دەقاودەق وێنەیەکی دیوی ناوەوەو دەرەوەیمان نیشان بدات. کەبەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژی؟

بێگومان نووسەرێکی کۆمەڵگەی مام نەریمان خۆی.

شامشایف کەپسپۆرێکی سینەماکاری و دەرهێنەرێکی بەناوبانگ بێت دیارە دەست بداتە دەرهێنانی هەردەقێکی غەیرە قەرغیزیش، شارەزایی ولێهاتوویەکەی سەرکەوتنێکی تەواو دەدرەوشێنێتەوە، بەڵام کە شانازیش بەنووسینەکانی ئیتماتۆفەوە دەکات بەنیسبەت هونەرمەندێکی پێشکەوتووخوازی وەکو ئەوەو، نەشۆڤێنەت دەبەخشێت و نەخۆپەرستی ئەدەبی. هەروەها مەبەستیش ئەوەنییە کەبەرهەمێکی نووسەرێکی ئینگلیزی دەبێ بۆ دەرهێنەرێکی ئینگلیزی بێت، یان دەرهێنەرێکی ئیتاڵی هەر دەبێت نووسنی نووسەرێکی ئیتاڵی دەربهێنێت... هەروەها مەبەستی ئەوەش نییە کە چالاکی شانۆیی هەر دەبێت خۆوڵاتی بێت و دەقی بیانی پێشکەش نەکرێت، چونکە باوەڕێتی کە سوودی نەك هەر شانۆکەی خۆی، بەڵکو سوودی هیچ شانۆیەك لەعالەمدا لەوکارەدا نییە کە خۆی دابڕبکات.

لێرەدا باس باسی سەرکەوتنی هونەری یەو باسی ئەو ڕێگەیەیە کە هونەرمەندان دەگەیەنێتە ئاستی سەرکەوتنی هونەری. شامشایف مەبەستی ئەوەیە کە دەرهێنەریش وەك نووسەر شارەزاییەکی حەقیقی دەربارەی ئەو ئەدەبیاتە هەبێت کە دەیهێنێتە بەرهەم کەوەك بەردی بناغەیەك وایە بۆ سەرکەوتنی دەرهێنەرەکەو، نووسەرەکەش.

بەڵێ، ئەو، کە ئەمەی بەلاوە مەبەستە بەڵام لەناخدا مەبەستی بایەخدانە بەخزمەتکردنی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی و بوونی کەلەپووری گەلەکەی و بەپیرەوەچوونی نووسەرانی گەلەکەی خۆی.

شامشایف بەم ڕێبازە دەیەوێت یاریدەی نووسینەکانی ئیتماتۆف بدات و ببێتە هاندەرێکی گەورە بۆ بەردەوام بوونی ئیتماتۆف و نووسەرەکانی میللەتەکەی ئیتماتۆف، لەسەر چیرۆك نووسین. بەمانایەکی خەست و خۆڵ، شامشایف لەم ڕێبازەیدا بایەخ بەنووسەری خۆ وڵاتی دەدات و ڕێز لەبەرهەمی نووسەری خۆ وڵاتی دەگرێت.. ئەمە هەمووی لەپێناوی شانۆو سینەمایەکی گەش و بەرزی قەرغیزیدا.

جووڵانەوەی شانۆی کوردیش کە ئەمرۆ لەقۆناغێکی ئەوتۆدایە پێویستی بە پێگەیشتنە، بەگەرمی داوا لەهونەرمەندان دەکات کە ئەم ڕێبازەی شامشایف بگرمەبەر کەلەناخدا هاوار دەکات:
دەقی خۆوڵاتی شانۆی خۆوڵاتی پێدەگەیەنێت.

هەروەها جوڵانەوەی شانۆییمان هاواردەکات کە گۆڕینەوەی سەرکەوتنێکی حەقیقی لەدەرهێنانی دەقێکی خۆماڵیدا، بەسەرنەکەوتنێکی حەقیقی لەدەرهێنانی دەقێکی بیانیدا، ئەو ڕێگایەمان لێ هەڵە دەکات کەبەرەو پێگەیشتنی شانۆی کوردی دەچێت.. بەپێچەوانەشەوە ڕەنجدان لەدەرهێنانی دەقی خۆماڵیدا جگەلە ئەوەی کە دەرهێنەر لەم هەنگاوەدا وەك شامشایف خۆی بەسەرکەوتوو دەبینێتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشداریکردنێکی پیرۆزە لەدروستکردنی ناسنامەی شانۆی کوردیدا.

کەوابوو بەپێی بیروڕای شامشایف ڕێگاکە ڕوونەو ئاشکرایە پێویست بەڕاڕایی و ڕاوەستان ناکات.. لەپێش ئەویشەوە هەر لەکۆنەوە پیرو شێخی گەورەم ستانسلاڤسکی فەرمویەتی کە دەرسی یەکەم لەشانۆدا لەنووسەرەوە دەست

پێدەکات).

دەمنیش ئێستا ئەم وتەیەی شامشایف کەلەسەرەتاوە بۆم گێڕانەوە، بەهەل دەزانم کە بیکەمە دەروازەیەك و لێوەی بچمە ژوورەوە بۆناو باسەکەم.

# دەست پێکردن

زۆربەی ئەو شانۆییانەی کەلە گۆرەپانی چالاکی شانۆییاندا پێشکەش دەکرێن، لەکتێبخانەی شانۆی بیانیەوە هەڵبژێرراون.برایانی هونەرمەندانیش زۆربەیان لەدەرفەتی چاو پێکەوتنێکی ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن یان ڕۆژنامەییدا بیروراکانیان ئەوە دەبەخشێت کەرەوتی شانۆمان دڵخۆشکەرە، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ئەوە بکرێت کەئەم بیروڕاو وەڵامانە وادەگەیەنێت کە ئەم چالاکیانە واتە چالاکی دەقی بیانی، لەسەر حسابی شانۆی کوردی دەنووسرێت...

داروبار لەرادەیەکدایە کە دەرهێنەرێك نیازی پێشکەشکردنی شانۆییەکی دەبێت پێشەکی بیر لەکتێبخانەی شانۆی بیانی دەکاتەوە.. هەتا کە هەواڵی پێشکەشکردنی شانۆی یەکیش بڵاودەبێتەوە، بیرکردنەوە گورج روو دەکاتە نووسەرێکی بیانی، جالەوەش دەچێت بۆئەوەی ئەم حاڵەتەش بەحاڵەتێکی رەوا لەقەڵەم بدرێت هەمەجۆر بیانوو هەمەجۆر بەڵگە دەوترێت و دەوترێتەوە، گوایا ئێمە شانۆنووسمان نییە. دەقی بەهێز نییە.. هەشبێت کاڵ و کرچەو لاوازەو توانای ئەوەی نییە بێتە سەر شانۆ... چەندان بەڵگەی تریش، جگەلە ئەمانەش دەقی بیانی فێری تەکنیکی شانۆمان دەکات تاقیکردنەوە نوێکانمان

پێ دەگەیەنێت و چەندان ڕێخۆشکردنی تریش.

بەڵێ ڕاستە دابڕبوون لە شانۆی جیهانی زیان بەشانۆمان دەگەیەنێت.. بەڵام لافاوی ئەم دەقە بیانیانە کە نووسینە خۆماڵییەکانی ڕاماڵیوەو، لەسەر حسابی دەقی خۆماڵی یە، هۆیەکەی بەهەر بەڵگەیەك بێت، بەهەر نیازو مەبەستێك بێت، بەهەڵەدا ناچین کە بڵێین: کاروباری پێگەیشتن شانۆمان لەبیردەباتەوە. کەواتە بۆئەوەی بەهەڵەدا نەچین دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە شەپۆلی ئەم دەقە بیانیانە لەسەر حسابی ڕاماڵینی دەقی کوردی، لەگەڵ هیواو خواستی پێگەیشتنی شانۆی کوردیدا ناگونجێت. چونکە بمانەوێت یان نەمانەوێت شانۆی کوردی بەدەقی کوردی دروست دەبێت، بەکەلەپوور، فۆلکلۆر، مێژوو، چیرۆك، داستانی کوردی پێدەگات، بە بەرهەمی فیکرو قەڵەمی نووسەری کورد پێدەگات. بەپێچەوانەشەوە فەرامۆشکردنی دەقی کوردی و پشتکردنە کەلەپورو ڕوو وەرگێران لەقەڵەمی نووسەری خۆولاتی لەسەر حسابی نۆرەبڕینی دەقی بیانی لەدەقە کوردیەکان، ئەمانە بەسەر ڕێبازی پێگەیشتنی شانۆی کوردیدا بەزیان دەشکێتەوە.

ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلاو ئەرك و ماندووبوونەی کە بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی دەقێکی بیانی تەرخان دەکرێت، ئەگەر بەڕاستی بکرێتە قەبەڵ ئامادەکردنی چیرۆکێکی خۆماڵی، ئەمە زامنی ئەوە دەکات کە دەقێکی ئەوتۆ بێتەکایەوە لەسەر شانۆکەوە بەڕووسووری لەگەڵ بینەراندا بدوێت،... قەڵەمێك بەناوی ئامادەکردنەوە ئەوەندە بەخۆیدا ڕابپەرموێت خۆی بکات بەناو دەقی نووسەرێکی مەزنی جیهانیدا- دەڵێم دەقی ئامادەش نەك چیرۆك- ڕاست وایە ئەو قەڵەمە لەئاستی دەقێکی (لاوازو کاڵ و کرچی) کوردی زۆر سەربەست بێت تا دەقێکی ئەوتۆی لێ بهێنێتە دی کەبەشانازییەوە لەسەر شانۆکەوە بدوێت.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر کەڵە درامانووسی وەك یوربریزو ئەسخیلۆس و سوفولکیس و ئەرستو فانیس لەناو گەلی ئەغریقیدا هەڵنەکەوتایەو، ئەوان لە گقوس و ئەفسانەو مێژوو کەلەپوورو لایەنەکانی ژیانی گەلی ئەغریقی خۆیان نەکردایە بەزادەی شانۆ بۆ قەڵەمەکانیان، شانۆی ئەغریقی دروست نەدەبوو، بەڵکو لەوانەیە بڵێم هەر شانۆش دروست نەدەبوو، ئەو شانۆیەی کەلەوانەوە تەشەنەی کرد بۆ وڵاتانی تری سەرزەمین و ئێستاش کە ناتوانرێت لەزۆربەی

بنەما سەرەکیەکانی لابدرێت.

بەڵێ خۆ ئەوە ڕاستە پێشکەشکردنی دەقی بیانی نەك هەر لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو جیهانی شانۆدا کارێکی ئاساییە، بەڵام پێویستە وریابین کە ئەمە نەبێتە شارێگەیەکی ڕەوتی شانۆمان.

لەوڵاتان کە دەقێکی شانۆیی بیانی پێشکەش دەکەن، بەبێ لێکدانەوە نییە.. هەڵدەبژێررێن دەچن شاکاری نووسەرێکی جیهانی نیشان دەدەن.. لەکاتێکیشدا کەئەم کارە دەکەن لەبەرئەوەنییە کە خۆیان دەقی خۆماڵیان نییەو یان شانۆیان پێنەگەیشتووە. کاتێك لەلەندەن (شەش کەس بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن)کەی براندیللۆ پێشکەش دەکەن لەبەرئەوە نییە کە ئینگلیز درامانووسی نییە. لەنییویۆرك کەلە (چاوەڕوانی گۆدۆدا)کەیبیکیت ئیرلەندی نیشان دەدەن مانای ئەوەنییە کە ئەمەریکا درامانووسی نییە. بەڵکو هونەرمەندانی ئەو وڵاتانە بەنیازی ناسینی شانۆی یەکترو ڕۆشنبیری یەکترو باری فیکری یەکترو نزیکبوونەوە لەیەکترو، ئەو شاکارانە پێشکەش دەکەن.

بەڵام لای ئێمە کە پرسیار دەکرێت دەقی بیانی بۆچی؟ وەڵامەکەی ئەوەیە چونکە دەقی شانۆییمان نییە.

بەڵام ئایا نەبوونی دەقی شانۆیش بەو ڕادە سامناکەی کەلەقەڵەم دراوە، ئایا ڕێگەی ئەوە دەدات کەببێتە بەڵگەیەك کەئیتر بین گرتن لەسەر نیشاندانی دەقی بیانی کارێکی ڕەواو دروستەو ببێتە شارێگە لەڕەوتی شانۆماندا؟

ئەمە لەلایەك... لەلایەکی تریشەوە هونەرمەندانی وڵاتان کەدەقی بیانی پێشکەش دەکەن خۆ بینی لەسەر ناگرن، بەڵکو هەر ناوبەناوێکە، جگەلەوەش ئەوەی ئەوان نیشانی دەدەن هەڵبژاردەی شاکارەکانە، لەکاتێکدا کە شانۆیەکی فەرەنسی کارێکی بریخت نیشان دەدات هەرە شاکارەکەی هەڵدەبژێرێت، یان شانۆیەکی سۆڤێتی دەقێکی شکسپیر پێشکەش دەکات لەشاکارەکانی هەڵدەبژێرێت دەقی کوردیمان نییە، بەڵێ وەکو دەقە شاکارە جیهانییە بەناوبانگەکان نیمانە، بەڵام خۆ دەقە بیانیەکانیش هەموویان شاکارنین... بەم پێ یە ئەو دەقە کوردییانەی کەهەن و ناگەنە شاکارە جیهانییەکان، بەڵام خۆ شان بەشان دەقە ناشاکارە بیانیەکان دەوەستنەوە.

درامانووسمان نییە. بەڵێ وەکو بریخت و شکسپیرو درامانووسە جیهانییەکانمان

نییه.. بەڵام خۆ نووسەرە بیانیەکانیش هەموو جیهانی نین و هەموویان خاوەن شاکار نین، نووسەرە کوردەکانیش کەهەوڵ و تەقەلای نووسینیان هەیە ئەگەر تین بدەینە خۆمان و بایەخیان پێ بدەین، لەرووی کەڵکی شانۆمانەوە بەپیر بەرهەمەکانیانەوە بچین، شان بەشانی ئەو درامانووسە بیانیانە دەوەستنەوە، کەگوڵ باران دەکرێن. ئەو نووسەرانەمان لەتاریکیدا هەڵ بوون، با رووناکی هەوڵ و تەقەلاو تاقیکردنەوەکانیان گەشترکەین تا لەبەر شەوقەکانیاندا شانۆمان بگەشێتەوە.. دەبا ئەو خونچانەی لەباخچەی درامانووسیندا سەوز دەبن بابگەشێنەوە ببنە گوڵ و گوڵزارو، باخ و باخاتی شانۆمان بهێننە بەرهەم.

شانۆی ئینگلیزی بەقەڵەمی نووسەری ئینگلیزی پێگەیشتووە نەك نووسەری پۆڵەندی. شانۆی رووسی بەبەرهەمی فیکری نووسەری رووسی پێگەیشتووە نەك نووسەری بەلچیکی. هتد شانۆی کوردیش بەدەقی کوردی و قەڵەمی دەستی نووسەری کورد پێدەگات، نەك بەدەقی بیانی.

شانۆییەکانی شکسپیرو بریخت و پیتەرفایس و هارولد بنتەرو کێ و کێ.

ئەمرۆ لەسەر ئێمەومانان پەکیان نەکەوتووە کە شەونخونی بەدیار دەرهێنانیانەوە بکێشین، ئێمە رێگای شانۆکەی خۆمان کەندەلانی تیایەو پێویستە ئەو کەندەلانانە پڕ بکرێتەوە تا بگاتە رادەی دروستبوون و، ناسنامەی خۆی بەدەست بهێنێت.

بەندوباوی نەبوونی شانۆنووس و، کاڵوکرچی دەقی خۆماڵی، بووە بە بەندوباوێکی زۆر سەرنجراکێشەر. هەتا وای لێهاتووە زۆر بەداخەوە واهەست دەکرێت، هەیە تەنیا ئەم رایە بۆیە دەردەبرێت کە بیکاتە شەهادەتنامەی شارەزایی خۆی لەشانۆدا.. شانۆشمان لەراستی ئەم رازە زۆر بێزارەو بەڵکو لەجیاتی ئەم هەموو سکاڵا جۆربەجۆرە، پێویستیەکی تەواوی بەوە هەیە کە بیر لەچارەسەرێکی ئەو کێشەیە بکرێتەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەم وتن وتنە، کەش بۆ نووسەران و ئەدیبان و شاعیران ئامادەبکرێت تا لەزادەی بیرو دەست و قەڵەمی خۆیان، لەزادەی کەلەپوورو، فۆلکلۆرو، داستان و، بەیت و، مێژوو و، چیرۆکە میللیەکان، بکەونە نووسینی دەقی شانۆیی و، بەگیانی شمولیەت و فراوانکاری موتوربەی بکەن و، بەرهەمە رەنگینەکانیان ببێتە گەنجینەیەك بۆ درامای کوردی... بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەمەشدا کارەکە هەر بەنووسین پێك نایەت

بەڵکو ئەو نووسینانە پێویستیان بەئەرکی هونەرمەندانی شانۆ هەیە، پێویستیان بەدەرهێنان و پێشکەشکردن و نیشاندانە لەسەر شانۆو پەردەی تەلەفزیۆن...
بەڵێ کە بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی نووسەردا کرا ئەوسا شانۆ کەڵکی خۆی لێوەردەگیرێت.

دەبێت ئەوەشمان لەلا روون بێت، لەباسەکەماندا کەناوی دەقی خۆوڵاتی دەبەین مەبەست دەقێکە کەبەلایەنی کەمەوە ئەو لایەنانەی تێدا هەبێت کە یاریدەی بدات بۆ هەڵسانە سەرپێ لەسەر شانۆ... دەرهێنەرێك لەدەقێکی خۆوڵاتیدا کە هیچ رێ بەدی یەکی ئەوتۆ نەکات کەیاریدەی بدات بۆ گیان کردن بەبەر ئەو دەقەدا لەسەر شانۆکە، ئەوە لەم حاڵەتەدا درامانووسمان نییە، نیمانە. دەقەکان کاڵ و کرچن و بۆ شانۆ دەست نادەن،. ئەمە کەموکوری نییە بۆ ئێمەو دڵمان لەخۆمان دانامێنێ.. چونکە هیچ میللەتێك لەسەرەتای چالاکی شانۆییدا درامانووسی خۆی نەبووە.. بەڵکو لەسەرەتادا شانۆ هەر لەوڵاتی ئەغریقەوە سەری هەڵداوەو درامانووسیش لەوێوە پەیدابووە هەروەکو وتمان هونەری شانۆش هەر لەوێوە بەوڵاتانی زەمیندا بڵاوبۆتەوە.. هەتا لەم سەردەمەشدا نەك ئێمە بەڵکو گەلانی تریش هەیە وەك ئێمە هێشتا شانۆیان پێنەگەیشتووە... شانۆمان ئەوەتا لەئەنجامی تینی گەرمای چالاکی هونەرمەندانی خەم خۆری ئەم رێبازەدا گەلێك دەقی نووسەرانی کوردی پێشکەش کردووە کە جەماوەر بەلایەوە پەسەندبووەو، جێگەی رێزو رەزامەندییان بووە.. هەتا دەتوانم بڵێم کەلەناو ئەو دەقە کوردیانەی دەقی وای تێدابووە لەرادەی دەقی نووسەری بیانی- نەك جیهانی- پێشکەوتووتر نەبێت، دواکەوتووتر نەبووە، تەنیا مەگەر ناتەواویەکەی ئەوە بووبێت لەنووسینی حەمە سدیق مەحمود، یان خوالێخۆشبوو ئەمینی میرزا کەریم، یان ئەحمەد سالار، یان حەمە کەریم هەورامی، یان عەبدوللا سەراج یان رەئووف بێگەرد یان تەلعەت سامان، یان حەمە فەریق حەسەن، یان یان یان بووبێت.

راست وایە بەگەش بینییەوە بروانینە بەرهەمی نووسەرانمان.. خۆ کەس خۆی بەچیکۆف و هۆگۆو مۆلیرو ئەپسن دانەناوە.. خۆ ئەگەر لەناو گەلی کوردا وەك هەموو گەلێکی تر لەوان گەورەترو بەتواناتریش هەڵبکەوێت شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە ئینسان لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەر ئینسانەو بەهرەو بلیمەتیش

لەهەر جێگەیەکدا دەرفەتی دەربڕینی هەبوو، هەر بەهرەو بلیمەتی یە. ڕاست وایە لەئاستی بەتوانایی نووسەرانمان گەشبین بین دەقەکانیان ئەگەر تێبینی و سەرنج و دەستکاری ویست لەسەر ڕاوێژکردنی هەردوولا، نووسەرو دەرهێنەر، بەشارەزایی هەردوولا بەرگی دەقێکی لەباری شیاوی بکەنەبەر. کە ئەم ڕێبازەش لەنێوان نووسەران و دەرهێنەرانی جیهاندا هەیە. چیکۆف چەندان جار لەگەڵ ستانسلاڤسکی دا لەسەر ئەم کارە ساردی کەوتۆتە نێوانیانەوە بەڵام لەدوایشدا گەیشتوونەتە ئەنجامێك.. ئێمە بارودۆخی شانۆکەمان داوای ئەم ڕێبازەمان لێدەکات کە بەدەقی کوردی نەبێت شانۆی کوردی پێناگات.

نووسینی دراماش بەڵێ خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیەو کە شانۆش ئێستا دەیان مەزهەب و ڕێبازی لێ بۆتەوەو خەریکە وای لێ بێت هەرکەسە ئەسپی خۆی بەلایەکدا تاوبدات.. بەڵام کاری درامانووسیش ئەوەنی یە کەترس و لەرزێکی وا بخرێتە بەر ڕێگەکەی، یان بکرێتە دێوو درنج و شێر بەگوێ گرتن.
نووسەرانیشمان کەپێشڕەوی فیکرو، هونەرو ئەدەبن، شانۆمان، هەر چاوەڕوانی بەهرەی ئەوانە.
ئەمڕۆ دەرهێنان و نوێکاری لە هونەری شانۆماندا دەبێت چی بێت؟

لەم سەردەمەی ئێستادا چالاکییەکی دیار لەسەر شانۆکان یاری دەکات و لەگۆڕەپانەکەشدا هونەرمەندان سەریان قاڵە. ئەم داراتـەش لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە... بەڵام کە هەندێك وردبببینەوە، ئەو دەقانەی کە پێشکەش دەکرێن، زۆربەیان بیانین و لەبیانییەوە ئامادەکراون تاکوتەرایەك نەبێت کە خۆماڵییە.

ئەنجا ئەگەر ئەم دەقە بیانیانە بەمەبەستی ئەوە بێت کە جێگەی نووسینی کوردی پڕبکاتەوە، یان بەو مەبەستە بێت کە دەقێك وەرگێڕایە سەر بارودۆخێکی ژیانی خۆمان و بەرگێکی خۆمانەی لەبەرکرا ئیتر ئەڵمانی بێت یان فەرەنسی.. هتد، ئیتر ئەمە جێگەی دەقی کوردی دەگرێتەوە، ئەم ڕایەو ئەم مەبەستە نەلەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێت و نەلەگەڵ ڕێبازی پێگەیشتنی شانۆماندا یەك دگیر دەبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەریەکەیان ڕووی لەجێگەیەکە.

دەقی ئامادەکراوی بیانی پێچەوانەی ئەوە دەوەستێتەوە کە جێگەی دەقی کوردی پڕ بکاتەوە لەپێش هەموو شتێکەوە لەبەر ئەوەنا کە چیرۆك نووسەکە

بیانییە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە سایکۆلۆجیەت و ئایۆلۆجیەتەکەی بەشێکە لەهی گەلەکەی خۆی و، بۆ بارودۆخی مرۆڤی کۆمەڵگەکەی خۆی نووسیوە، لەژیانی گەلەکەی خۆیەوە هەڵیگۆڕاوە.. واتە ئەو چیرۆکەبوو زروفێکی تایبەتی یان مناسەتێکی تایبەتی گەلێکی جیاواز نووسراوە کە دەقاودەق لەگەڵ بارودۆخی گەلێکی تردا ناوەستێتەوە، بەڵام کە هەر زۆریشی لێکرا کەلە وڵاتێکی تر پێشکەش بکرێت وەکو چاکەتی فەردەی لێدێت یان تەسك و تروسك یان دەڵب و دۆڵ دەردەچێت. هەرچەندە کەلەوەوپێش باسمکرد کە مەبەست ئەوەنیە نووسەر تەنیا هەر بۆ گەلەکەی خۆی دەنووسێت یان هەر بۆ دەرهێنەرێکی گەلەکەی خۆی.

ئامادەکردن لەنووسینێکی بیانییەوە بێت یان خۆوڵاتی بێگومان ئەمیش دەستوورێکی خۆی دەبێ ببێت:

قەڵەم گێڕان بەگۆترەکاری بەناوچیرۆکێکدا... وشە قرتاندن و... پەڕوباڵ کردنی ڕستەو.. کەم و زۆر کردنی ڕستەو، برگەو بەشەکان و... دەستکاری ڕووداوەکـان و... زۆر کردن و کەمکردنەوەی کەسەکان و... تێ ئاخنینینی بیروفیکری جیاوازو... دەستنانە بینی گیانە درامیەکەی و، دارشتنەوەی سەرلەنوێ و... دەستکاری کردنی هەیکەلی چیرۆکەکە...هتد. ئەمجۆرە کارانە هەرەس بەئامادەکردن دێنێت و چیرۆکەکە مردار دەکاتەوە، بەم بۆنەیەشەوە، من لەگەڵ ئامادەکردنی ڕۆماندانیم بۆ شانۆ، چونکە پێشەکی هێزەکەی ساردو سڕ دەبێتەوەو، تام و چێژو پێزەکەی دەمرێت و، زۆربەی مەبەستەکان دەدۆڕێت.

هەروەها بەو نیازەش کەنووسینە بیانیەکانیش کوردەواری- تکرید بکرێن- کە ئەمە جێگەی نووسینی کوردی پێ پڕبکرێتەوە، ئەم ڕایەش دەستەویەخە لەگەڵ ڕێبازی پێگەیشتنی شانۆماندا دەوەستێتەوە.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کارەش دیسانەوە کارێکی گرانە، چونکە گۆڕینی شەپقەو چاکەت و پانتۆڵ بەجامانەو ڕانکوچۆغە، یان گۆڕینی ویسکی بەدۆ، یان گۆڕینی پەردە بە چیغ یان گۆڕینی وێنەی دەریای ناو دیمەنی سەردیوار بەجاجم و بەڕە هەڵواسین یان گۆڕینی ناوی مستەر گرین و مسز گرین بە لالە وەیس و پورە ئایش یان، یان، یان.. هتد. ئەم هەموو ماندووبوونە کۆڵە لەئاستی ئەوەی کە چیرۆکەکە بکات بـەکـوردەواری... بەپێچەوانەی ئەم تێبینیانەشەوە کە وتمان، کاری

ئامادەکردن کاتێ سەرکەوتوو دەبێت کە مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکە لەگەڵ بینینی سەردەمی ئێستادا توندوتۆڵ بەژیانی ئێستاوە گرێ بدات بەرواڵەت و تایبەتکاریەکانی خۆیەوە موتوربەکرابێت و رووەو چارەسەرکردنی پێویستیەکانی کۆمەڵ رێگەی گرتبێتە بەرو مەبەستی سەرەکی چیرۆك نووسەکەی تێدا بایەخ پێدرابێت، ئامادەکردن بەمجۆرە سەرکەوتوو دەبێت بەڵام هەتا لەم داراتەشدا هێشتا باری فیکری و شێوەی نیشاندانەکەی لەمەترسی رزگاری نابێت. دە ئامادەکردنێکیش سەرکەوتوو نەبێت زیان بە شانۆ، خۆی دەگەیەنێت (هەر کارێکیش زیان بەدروستکاری شانۆ بگەیەنێت، تاوانە) وەك ستانسلاڤسکی دەلێ.

بەڵێ من خۆم لەبواری ئامادەکردندا تاقیکردنەوەم هەیە بەڵام هەرگیز جێگەی دەقی کوردی پێ ناگیرێتەوە.

کەواتە نوێکاری و داهێنانی راستەقینە، دروستکاری هونەری و، (اضافات و ابداعات) بەمانای تەواوی خۆیان، لەوەدایە کە برەو بەدەرهێنان و نیشاندان و پێشکەشکردنی دەق و نووسینی کوردی بدرێت لەسەر شانۆکان و پەردەی تەلەفزیۆن. ئەوساش کە ئەم رێبازە رەنگی خۆی دایەوە، مێژووی شانۆمان ئەمە بەرەنجێکی نوێکاری و داهێنان و دروستکارییەکی راستەقینە تۆمار دەکات، چونکە ئەنجامێکی نوێی هێناوەتە دی کەئەویش پێگەیاندنی شانۆمانە.

هێندێك لەو بەڵگانەی کە بۆ لاوازیی چیرۆکی کوردی باس دەکرێت گوایا کە چیرۆك و کەلەپووری کوردی ئەفسانەی تێدایەو بۆ شانۆ ناشێت.

هەر خوێندەوارێك کەمێك ئەدەبی جیهانی خوێندبێتەوە یان نەخوێندەوارێکیش کە مەراقی سەیرکردنی درامای تەلەفزیۆنی هەبێت بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە نەتەوەیەك نییە ئەدەبەکەی بێ ئەفسانە بێت. بەڵکو ئەفسانەش بەشێك بووە لەئەدەبەکەی ئیتر کەم یان زۆر، لەقۆناغێکی کۆندا بێت یان سەردەم.
ئەنجا بابێینە سەرەوکاری شانۆو دەقە بیانیەکان.

برایانی هونەرمەندان لەپێش زۆر کەسەوە خۆیان دەزانن کە شانۆییەکانی یوربدیزو ئەسخیلوس و سوفوکلیس و ئەرستۆفانیس کەلەسەر شانۆکانمان گورەی داوێنیان دێت ئەمانە کەڵە درامانووسی ئەغریقین و بنەرەتی شانۆی جیهانین و بەشەریەتیش لەمانەوە زانیویانە شانۆو هونەری شانۆ چییە.

ده شانۆییەکانی ئەم کەڵە کەڵانەی جیهان بەتان و پۆی ئەفسانە چنراوەو لەکەشێکی میتافیزیقیشدا، هەروەها شانۆییەکانی (هاملێت)و (ماکبیس)ی شکسپیر. شانۆییەکەی (پردی ئارتا)ی (شیووتوکا) (شیرین و فەرهاد)ەکەی نازم حیکمەت و.... چەندان شانۆیی تری بیانی کەلەسەر شانۆکانمان بواری دەقی کوردی نادەن، ئەمانە بەشی خۆیان ئەفسانەو گیانی میتافیزقیان تێدا هەیە جا لەئاستی ئەم حەقیقەتەشدا پرسیارێك ڕاست دەبێتەوەو دەڵێت:

دەمادام وایە ئیتر بۆچی دەبێت ئەفسانە لەئەدەبی بیانیدا ئەدەبی چریسکاوە بێت و لەشانۆییەکانیاندا چاوی درامای جیهانی بێت و بۆچی لای خۆشمان ئەفسانە نیشانەی کەموکوری ئەدەبەکەمان بێت و لەسەر شانۆکانیشمان بۆ هونەر هەر نەشێت؟ لەکاتێکدا کە نووسەران و هونەرمەندانی وڵاتانی تر سوود لە ئەفسانەی ئەدەب و کەلەپوورەکەیان بۆ کاروباری هونەریی وەردەگرن، لەبەرچی ئێمە لێرەوە ئەمە بۆ شانۆی ئەوان حەڵاڵ بکەین و بۆ شانۆی خۆمان حەرامی بکەین- ئەگەرچی لەشانۆماندا بەدەگمەن کاری ئەفسانە نیشاندراوە- ئەم سەرنجانە دەربارەی ئەفسانە وا نەقۆزرێتەوە کە مەسەلەکە ئەفسانە پەرستییە،چونکە کە بڕوانینە شانۆی جیهانی دەبینین نووسەرەکانیان نەئەفسانە پەرستن و نەبرەویان بەئەفسانە داوە، تەنیا ئەوەیە لەدەقەکانیاندا ئەفسانەیان کردووە بەکەرەسەیەك بۆ بەهێزکردنی گیانی دراماکەو فیکرەکەی و بۆ پتەوکردنی هەیکەلی دەقەکە.. ئەنجا ئەگەر نووسەرێکی کوردیش لەسەر ڕێبازی ئەوان مامەڵەیەك لەگەڵ ئەفسانە بکات و بەو شێوەیەی ئەوان تێدا سەرکەوتووبێت ئەوە واتە بەشێکی تریش لەئەدەبەکەمانە لەکاروباری پێگەیشتنی شانۆو کەوتە هاوکاری کردن.

(کۆزنتسیف)ی دەرهێنەری سۆڤێتی بەو هەموو بیروباوەڕە ماددییەتەی خۆیەوە کە هاملێت کەی شکسپیری کرد بەفلیمێکی سینەمایی تارماییەکەی هەر تێدا هێشتەوەو ئەو دۆخە میتافیزیقییەی هەر پاراست.

جا مێژووی ئێستای شانۆشمان لەپێناوی خۆیدا بەچاوێکی ڕێزەوە دەڕوانێتە بایەخدان بەو ئەدەبیاتانەی کەقەڵەمی نووسەری کورد لەسنوورێکی فراوان و تەکنیکێکی شانۆییدا دەینووسێت و بەبیروباوەڕی مرۆڤایەتی موتوربەی دەکات و لەئاسۆیەکی فیکری فراواندا چارەسەری گیروگرفتەکانی مرۆڤ دەکات چونکە

هەر دەقی کوردی یە کە شانۆی کوردی پێدەگەیەنێت.

بەم بۆنەیەشەوە، ئەگەر لێرەدا بەشێوەیەکی زۆر کورت چەند لایەنێکی سەرەکی ئەو تاقیکردنانەوەی خۆم لەبواری شانۆ نووسیندا، تێهەڵکێش بەم باسە بکەم، ڕەنگە ئەمە یاریدەی ئەوەمان بدات کە تارادەیەك جۆرە ئیعتیبارێك بۆ ئەو سەنگانە دابنێین کەئەو تاقیکردنانەوەی پێدەکێشرێت.

هەر جارەی نیازی نووسینی درامایەکم بووبێت، پێش دەستکردن بەنووسینی، خەمێکی قورسی نەبوونی ئەم کەرەسانەم تێئالاوە: دووره پەرێزی عونسوری ئافرەت. نەبوونی شانۆیەکی هاوچەرخ،کەم دەرامەتی بەرهەمهێنان...هتد. ئیتر لەئەنجامی ئەم تاووتوێکردنەدا کارەکەم لەلا گەیشتۆتە ڕادەیەك یان قەڵەمەکەم دانێم واز لەنووسینەکە بهێنم، یان بەپێی باڵای دەرفەت و توانای ئەو کەرەسانە کەهەن کالاَ بکەمە بەر دەقەکە. کەبێگومان لەم حاڵەتەشدا باری فیکری و گیانی درامی دەقەکە وەك پێویست نابێت و ئامانجی نووسەریش دەبێتە قوربانی ئەو کەم کەرەسەییە. بەڵام ئەم تێبینیە ئەوە ناگەیەنێت کەزۆری و دەوڵەمەندیی کەرەسەکان سەرکەوتنی گەورە بەقەڵەمی نووسەر دەگەیەنێت.

بەڵێ درامانووسەکانی ئەغریق و کلاسیکیە کۆنەکان نەخاوەنی شانۆی وەك ئێستا بوون و نەلەنازو نیعمەتی کەرەسەی ئەم تەکنولۆجیایەی ئێستادا ژیاون، کەچی دراماکانیشیان هێندە گەشە بوونەتە بنەرەتی درامای عالەمییش.. بەڵام بارودۆخی ئێستای دەرهێنان، بارودۆخی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەو ڕەوتی زانست و ئەدەب و هونەریش لەمێژوودا، هەر قۆناغەی مۆرك و تایبەتکاری خۆی پێوە دیارە، جەماوەریش درامایەکی بەلاوە پەسەندترە کە ئاوێنەی سەردەمی خۆی بێت و مۆرك و تایبەتکاری دەرهێنانی قۆناغی سەردەمی خۆی پێوە دیار بێت.

ئەنجا کەبێینەوە سەر باسەکە دەڵێم: لەکاتێکدا کەمن قەڵەمەکەم ڕایەڵ بووبێت بەزۆرو کەمی ئەو کەرەسانەوە، یان پێوەند بووبێت بەبەهێزو بێ هێزی ئەو کەرەسانەوە کەلەکاتی دەرهێناندا گیان دەکەن بەبەر دەقەکەدا، گومانی تێدا نامێنێتەوە کەلەم حاڵەتەدا دەقەکە دەقێکی تەواوی تێرو پڕی لێ دەرناچێت و گلەییەکەشی بەشی خۆی بەرۆکی ئەو موعاناتە بەئازارو ئەشکەنجە دەگرێتەوە کەلەکاتی نووسیندا شالاَویان هێناوە.

من لەبواری نووسینی دەقی شانۆیی و هەتا دەقی تەلەفزیۆنیشدا ئەم تاقیکردنەوە سەختانەم ڕەچاوکردووە... لەسەرەتای نووسینەکانمەوە واتە لەسەرەتای ئەو سەردەمەوە کەدەقم نووسیوە تاتوانیومە خۆم لەنووسینی ئەو دەقانە دوور خستۆتەوە کەعونسوری ئافرەتی تێدا بەشداربووە. هەتا نووسینەکانی ئەم سەردەمەی دواییەشم تاك و تەرایەك نەبێت، عونسوری ئافرەت تێدا بەشداری نەکردووە... شان بەشانی ئەمەش بچووکی شانۆکانم لەبەرچاوبووە چ لەڕووی جێگەنەبوونەوەی ڕووداوەکان و چ لەڕووی گەورەیی دیکۆرو دیکۆر گۆڕینەوە هەروەها کەم دەرامەتی بەرهەمهێنان کەلەم بوارەدا داماویی درامای مێژوویشم هەر لەیادبووە. دڵنیاشم کە زۆربەی برا درامانووسەکانی تریشم لەناو ئەم تاقیکردنەوە تاڵانەدا دەنووسن بۆیە ڕاستتر وایە کە لە کاتی هەڵسەنگاندنی دەقەکاندا ئەو موعاناتانە لەیادبن.

من ئەمانە تاقیکردنەوەی خۆم بووە کەڕوونم کردەوە بەڵام بەپێی ئەوەی کەلەم سەردەمەی ئێستادا ئەوجۆرە موعاناتانە لەجاران کەمتربۆتەوە، بەو پێ و دانە تاقیکردنەوەکانی ئەم سەردەمەی ئێستاشم بەرەوپێشتر هەنگاویان ناوە، لەو بەرهەمانەشم کە ئێستا چاوەڕوانی بینینی شانۆ دەکەن و برایانی هونەرمەندان خوێندوویانەتەوە، هەست دەکرێت کە جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ پێشوەکاندا هەیە.

لەڕووی فۆلکلۆریشەوە،... بەڵێ شانۆ نەدیوەخانە هەقایەتی تێدا بگێڕرێتەوەو نەجێگای گێڕانەوەیە.. بەڵام لەسەردەمێکدا کەجەماوەری بینەر ئەوەندە ئاشنا بەشانۆو ئەوەندە ئاشنا بەپەیامی شانۆ نەبوو، لەسەردەمێکدا کەلە ڕۆژانی پێشکەشکردنی شانۆییەکاندا ڕۆژی دووجار بەدەهۆڵ و زوڕنا گەڕەکاو گەڕەکی شاری سلێمانی بۆ دعایەکردن دەسووڕاینەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش زۆرجار کورسی یەکانی پڕنەدەبوونەوە لەسەردەمانێکدا کە نیشاندانی شانۆییەك لە ٤-٥ ڕۆژ پتر لەبەر کەم جەماوەریی بەردەوام نەدەبوو.. واتە لەو سەردەمانەدا کە شانۆمان پێویستی بەپایەی سێهەمی هەبوو کەئەویش جەماوەری بینەرە، من لەسەر پەردەی تەلەفزیۆن پەنام بردە بەر خۆشەویسترین شت کەجەماوەر بۆلای شانۆو سەیرکردنی نواندن ڕابکێشێت.. پەنام بردە بەر فۆلکلۆر، پەنام بردە بەر ئەو چیرۆکە ڕووداوانەی کەپەندەکانیان لەسەر وەرگیراوە- کەلێرەدا

بەم بۆنەیەوە دەڵێم چیرۆكی پەند وەكو چیرۆكی تر گۆڕانكاری ناگرێتە خۆی، چونكە سەرچاوەی پەندە... دەستكاری و گۆڕانكاریكردنی ئەو جۆرە چیرۆكانەش واتە گۆڕانكاری پەندەكان. واتە گۆڕانكاری پەندەكانی نەتەوە، كە هێشتاش نەبیستراوە نەتەوەیەك پەندی پێشینانی خۆی یان حیكمەتێكی پێشینانی خۆی گۆڕی بێت.. بەڵام لەڕێڕەوی ژیانی خۆیدا پەندی نوێ دروست دەكات و پەندی نوێ دێنێتەكایەوە.

بەڵێ وەكو وتم لەپێناوی ئاشناكردنی جەماوەر بەشانۆمان پەنام بردەبەر چیرۆكە ڕووداوەكانی پەندەكان كەئامادەكردن و پێشكەشكردنیان لەسەر پــەردەی تەلەفزیۆن بوو بە جێگەی خۆشنوودی و ڕەزامەندی جەماوەری ڕۆشنبیران و غەیرە ڕۆشنبیران.

دوای ئەوانیش نووسین و پێشكەشكردنی چەند چیرۆكێكی شەعبی كە سەرەڕای ئەو هەموو هێرشەش كەكرایە سەر ئەو تاقیكردنەوەی ئەو سەردەمەم، لەساڵەكانی دواتردا دەركەوت كەبەمەبەستی خۆی پێكاو، بەش بەحاڵی خۆی كەڵكێكی كاریگەری بەنزیك بوونەوەی بینەر لەشانۆ بەخشی و لەم ڕووەوە خێرو بەرەكەتی دایەوە.

كاتێ كەلەناو خۆماندا باسی بارودۆخی شانۆی كوردی دەكرێت یان لەكۆڕبەستن، یان لەنووسینی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا ئەم باسە دێتەكایەوە، بەگەش بینییەوە ستایش: بەباڵای دەرهێنان و مكیاج و ڕووناكی بازی و، دیكورو ئەكتەرو...هتد هەڵ دەدرێت و هەتا لەسەر پەردەی تەلەفزیۆنەوە بڵاودەكرێتەوە كە شانۆی كوردی ئەكتەری وای هەیە شان لەشانی ئەكتەرە جیهانییەكان دەدات... بەڵام كەباس دێتە سەرباسی دەق هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە: نووسەری شانۆیمان نییە. دەقەكان بۆ شانۆ ناشێن.

بەڵێ شانۆمان لەقازانجی خۆیەتی كەنەك ئەكتەرەكانی بەڵكو هەموو هونەرمەندەكانی لایەنەكانی تریش بەبێ جیاوازی بگەنە ئاستی هونەرمەندانی شانۆی جیهانی، چونكە كێ هەیە ڕووناكی بۆچاوی خۆی نەوێت.

ئێمە لەكاتێكدا كەبكەوینە لێكۆڵینەوەی پێگەیاندنی شانۆمان بۆئەوەی لەهەڵە دووركەوینەوە دەبێت شانۆ بەئەنجامی كاری هونەرە یەكگرتووەكان

دابنێین چونکه، ئەو، کۆکەرەوەی هونەرەکانی ترەو بەبێ هەرەوەزیکردنی ئەوان نایەتە بەرهەم.. واتە ناشێ جیاوازی لەنێوان دەورەکانیاندا بکرێت: ئەکتەر وا، بەڵام ڕووناکی وا. دەق وا، بەڵام دیکۆر وا.

بەرهەمێکی هونەری ئەگەر هەموو پێویستکارییەکان و هەموو عەناسیرەکانی لە یەکێتییەکی یەکگرتووی گونجاودا تەرازوو نەبن ئەو کارە هونەرییە لاسەنگی تێدەکەوێت و سەرکەوتنی تەواوی پێوە دیاری نادات.

(ڕۆدان) هونەرمەندی پەیکەرتاشی بەناوبانگی فەرەنسی کاتێ لەدروستکردنی پەیکەرەکەی بلزاکی نووسەری بەناوبانگ بوەوە- ئەگەرچی هێندێك دەڵێن پەیکەری بلزاك نەبووە بەڵکو پەیکەری کوڕ و کچێك بووە بەناونیشانی ماچ.. هەر کامێکیان ڕاست بێت لەجەوهەری مەبەستەکە ناگۆڕێت... دەڵێن کاتێ لەدروستکردنی پەیکەرەکە بۆتەوە، کارێکی هونەری زۆر نایاب بووە. بەڵام کەسەرنجی دەستێکیانی داوە بینیوێتی بەڕادەیەك دەرچووە لەسەرە لووتکەی هونەریدا بووە: دەستێکی گەش، تەڕوبڕ، زیندوو. بەڕادەیەکی ئەوتۆ شەوقی جوانی لەئەندامەکانی تری پەیکەرەکە بڕیوەو هەرچی سەرنجی تەماشاکەر هەیە بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. کەڕۆدانی هونەرمەند ئەمە دەبینێت دەست دەداتە چەکوشێك دەستەکە وردوخاش دەکات- هێندێك دەڵێن هەموو هەیکەلەکەی وردکردووە- چونکە بەلای ئەوەوە بەرهەمێکی هونەری پڕبەپێستی خۆی هونەری نابێت ئەگەر جیاوازی لەنێوان ڕادەی هونەریی بەشەکانیدا دیاری دا.

جا ئێمەش لەکاتێکدا کەببینین هێندێك لەهونەرەکانی شانۆمان بەڕادەیەکی پێشکەوتوو سەرنجی ڕاکێشاوەو مژدەی سەرکەوتنمان پێدەدات، دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین کەلایەنە دواکەوتووەکانیش- کەیەکێك لەوانە دەقە- بگەیەنینە ڕیزی لایەنە پێشکەوتووەکانی تری تالەگەڵ ئەواندا تەرازوو ببێتەوەو لاسەنگی پێوە دیار نەبێت و لەکارێکی یەکگرتووی گونجاودا تەواوکاری هونەری پێوە دیار بێت.

بەنیسبەت دەرهێنەرێکی شانۆیمانەوە، بەردەوام بوون لەسەر پێشکەشکردنی دەقی بیانی و بینگرتن لەسەر ئەم ڕێچکەیە، واتە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازە ڕاهاتووەکان، بەڵکو واتە ڕاوەستان، نەك ڕۆیشتن کەبێگومان کاروباری

نوێكارییش لەڕاوەستاندا نایەتەدەست.

بەهرەمەندی و شارەزایی هونەرمەندێكیش لەوەدا دەگەشێتەوە كەلەڕێبازە خۆش دەستە ڕاهاتووەكانەوە بێتە سەر ڕێبازی نوێ و كاری نوێ، ئەمەش بەنیسبەت شانۆمانەوە واتە: لەشتێكی بچووك شتێكی گەورە دروست بكات، لەدەقێكی لاواز درامایەكی بەهێز بێتەكایەوە لەسەر بناغەی شتێكی كۆن شتێكی نوێ پێبگەیەنێت.. بەتاقیكردنەوەكانی خۆی ئەنجامی نوێ بهێنێتە دی كەئەویش دروستبوونی شانۆی كوردی یە.

لەئەنجامی گەرم بوونی چالاكی شانۆییماندا وەكو ئاشكرایە بایەخدان بەم چالاكییە تادێت زۆرتر دەبێت و برەودان بەم هونەرە پانتایەكی زۆرتری گرتۆتەوە. دەنگوباسی ئەم چالاكییە لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا پەی دەرپەی بڵاودەبێتەوە جاروبارەش لەبەرنامەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە دەگاتە خەڵكی هەروەها ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان بەنووسین و وەرگێران، لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا یان چ بەچاپكردن درێخییان لەبڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری هونەری نەكردووە ئەمە جگەلە بڵاوكردنەوەی دەقی شانۆی بیانی و جیهانی چ بەوەرگێڕان و چ بەئامادەكردن هەروەها ناوبەناوێكیش دەقی خۆماڵی.. كەئەم بەپیرەوە چوونەش خۆش و فێنكیەك بەدڵ دەبەخشێت و لای شانۆمان جێگەی ڕێـزە... بەڵام ئەگەر گەشتێكی شێنەییش بەناو گوڵزاری ئەم هەوڵ و تەقەلا ڕەنگینانەدا بكەین هەست دەكەین كە بۆشاییەكی گەورە لەئارادا هەیە، ئەویش ئەوەیە كە دەچینە سەیری شانۆییەكان وەكو بینەرێكی كورد خۆمانی تێدا بەدی ناكەین، چونكە زۆربەی شانۆییەكان بەدەگمەن نەبێت دەقی بیانین و دەقی كوردی شوێنەواری زۆر كەمە. هەروەها لەناو چالاكی ئەم هەموو بایەخ پێدانەو لەناو چالاكی ئەم هەموو هەواڵ بڵاوكردنەوەو نووسین و، دەنگوباسانەدا، لەناو ئەم هەموو ستایشانەدا دەنگ و ڕەنگی كارە سەرەكییەكە كەپێگەیشتنی شانۆی كوردییە دەنگی نایەت و بێ سەرو شوێنەو مەسەلە بنەڕەتیەكە كەپێگەیشتنی شانۆمانە بووە بەژێر دەست و پێی لایەنە نابنەڕەتیەكانی خۆیەوە- هەرچەندە كە پێویستە بایەخ بەهەموویان بدرێت تا لەیەكێتییەكی هونەری گونجاودا هەریەكەیان دەوری خۆیان ببینن لەپێناوی تەواوكاری بەرهەمەكەدا-سەیركردنی خوانێكی ڕازاوە بەهەمەجۆر چێشت و خواردەمەنی و میوەی بەتام و خۆش،

لەسەرەتادا خۆشنودیەکی گەورە بەمرۆڤێکی برسی دەبەخشێت. بەڵام کەدانیشت و دەبینی لەسەر ئەو خوانە ڕازاوەیە، نەپارچە نانێك نەپەرداخە ئاوێك هەیە، واتە خواردنە سەرەکییەکە کەبرسێتی دەرەوێنێتەوە کە نانەکەیە دانەنراوە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەلێرەدا تەنیا بایەخ بەو خواردنانە دراوە کەس تێر ناکەن.

بەنیسبەت شانۆشمانەوە، بایەخدان بەرواڵەتەکانی (مظاهر)، کێشەکەی داپۆشیوە کەپێگەیشتنی شانۆی کوردیە. لەناو ئەم هەموو پیاهەڵدان و ستایشانەدا دەبوایە بایەخی زۆرتر بەکارە سەرەکییەکە بدرایەو داوای گەرم بۆ ئەم مەبەستە بکرایە کەچی لەم ڕووەوە بەدەگمەن نەبێت- ئەویش بەشێوەی ئیشارەت بۆ کردن- نووسین و لێکۆڵینەوە بەرچاو نەکەوتووە.

با هەر هەواڵی دەیان داهێنانی نوێ لەعالەمدا دەربارەی دەزگای نوێی دەنگ و مۆسیقاو ڕووناکی بخوێنینەوە، باهەر دەربارەی پێشکەوتنی تەکنیکی نوێی شانۆ بنووسرێت، باهەر نووسەری بیانی و دەقی بیانی گوڵ باران کرێت، با دەنگوباسی چالاکی شانۆیی گوێچکە کەر بکات، باهەر لەدایکبوونی شانۆوە هەتائێستا جۆری شانۆ نەمێنێت کۆری بۆ نەگیرێت و لەرۆژنامەو گۆڤارو کتێبدا بەدەرس نەوترێتەوە.. هتد. بەڵام ئایا گرنگی ئەمانە بەشانۆی کوردی چی؟ ئەگەر نەکرێتە کەرەسە بۆ خزمەتی مەسەلە بنەڕەتیەکە کە پێگەیشتنی شانۆمانە؟ ئەگەر نەکرێتە چاوگی هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکە کە دەرهێنانی ناسنامەیەکی تایبەتییە بۆ شانۆمان. گرنگی ئەمانە بەبێ کەڵك لێوەرگرتن، بەشانۆی کوردی چی؟ (( گرنگ... طقوس))ەکەیە هەروەك (پیتەر بروك)ی دەرهێنەری گەورەی ئینگلیزی دەڵێت: بەڵێ گرنگی ئەمانە بەچی ئەگەر لەپێناوی (طقوس)ی شانۆی کوردیدا تەرخان نەکرێت؟ بەڵام ئەمە کەی؟ ئەم چاوەڕوانی کردنە هەتاکەی؟ هەتا گۆدۆ دێت؟

مرۆڤ بۆیە سەیری ئاوێنە دەکات چونکە خۆی تێدا دەبینێت لەم ڕووەشەوە شانۆ لە ئاوێنە دەچێت. کەبینەر دەچێتە سەیری لەهەموو شتێك پتر حەز دەکات خۆی تێدا ببینێت داروباری، گیروگرفتی ژیانی، کێشمەکێش، گوزەرانی، هەڵسوکەوتی، خۆزگەو خواستی، خەمەکانی، هیواو ئامانجەکانی...هتد زۆری مەبەستە کەئەم لایەنانەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگای خۆی تێدا ببینێت و لەگەڵیدا بدوێ و لەناویدا بژی... کەبەم پێوانەیەش شانۆیەکیش، چەندە لەم ڕووەوە

پێویستی و ئارەزووی بینەر بێنێتەدی و، چەندە بەڕوونی وێنەکەی خۆی نیشان بداتەوە، ئەوەندە ئەو شانۆیە بەهی خۆی دەزانێ. زۆر بەزۆر. کەم بەکەم. هیچ بەهیچ. هەتا وێنەی وێناسایش کە بێ گیانەو لەسەر پارچە کاغەزێکی بێ گیانە، کەوێنەگرێك دەیگرێت ئەگەر لەو مرۆڤە خۆی نەچێت و لێڵ بێت، بەوێنەی خۆی نازانێ و سەیری ناکات، نەخوازا شانۆش کەبیرو فیکرو زیندوێتی و ژیانە.

بینەریش وەکو ئاشکرایە پایەیەکی تۆکمەیە لەسێ پایەکەی دروستبوونی شانۆ، ئێمە لێرەدا باسی بینەری شانۆی درامی یان شانۆی بازرگانی، یان باسی کاری شانۆ بۆ دروستبوونی هەڵوێست لەبینەردا بکەین. بەڵکو لێرەدا باس باسی پێگەیشتنی شانۆی کوردیە، شانۆیەکی ئەوتۆ کەببێتە خاوەنی جەماوەری بینەری خۆی.

دەرهێنەرێك بەبیانوی لاوازی دەقی کوردییەوە بینی لەسەر پێشکەشکردنی دەقی بیانی گرتبێت، لەهەمان کاتیشدا کە دەبینێت جەماوەری بینەرانیش دێنە سەیری ئەم شانۆییانەی، لەوە دەچێت کەقەناعەتی بەخۆی پەیداکردبێت کەئەگەر ئەم شانۆییانە جێگەی ڕەزامەندی و پەسەندی بینەران نەبوونایە وا ڕوویان تێ نەدەکرد هەروەها ئەم قەناعەت بەخۆکردنەش دەیباتە سەر ئەو باوەڕەی کەگوایا لەم ڕێچکەیەیدا ڕاست و دروستەو کەواتە شانۆی کوردیش لەگەشەدایە.

بەڵام ئەگەر هەندێك وردبینەوە کارەکە کاری ئەوەنیە شانۆکە شانۆی کوردیەو، هەروەها لەبەرئەوەش نیە کە شانۆی کوردی بەوجۆرە دەقانە لەگەشەدایە، بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەی برسێتییەو هیچی تر جەماوەری بینەران برسین.برسین بۆ بینینی حەقیقەتی خۆیان، دەگەڕێن بۆ بینینەوەی حەقیقەتی خۆیان، کەبەداخیشەوە لەسەیرکردنی ئەو دەقە بیانیانەشدا برسێتی یەکەیان تێر نابێت و ناچار شانۆ بەشانۆ دەگەڕێن تا ئەو حەقیقەتەی تێدا بدۆزنەوە. بینەرانی ئەوجۆرە دەقانە لەڕێبوارەکانی ڕێگاوبانە دوورەکان دەچن. ڕێبوارەکانی ڕێگاوبانە دوورەکان کەلەچێشتخانەی سەر ڕێگاکان بۆ خواردن لادەدەن، چێشتخانەکە چ جۆرە خواردنێکی هەبێت مادام برسیانەو جێگەی تر نییە ناچارن هەر ئەوە بخۆن، با بەنابەدڵی و بەناحەزییش بێت، خاوەن چێشتخانەش کەدەبینێت وائەم خەڵکە لەچێشتخانەکەی لادەدەن واقەناعەت

بەخۆی دەکات کەخواردنەکەی چاکترین خواردنە.

بینەری شانۆش کەدەچێتە شانۆیەك، چی پێشکەش دەکرێت ناچارە سەیری ئەوە بکات بادەکە بیانیش بێت و حەزیشی لێ نەکات، کەبێگومان ئەمجۆرە حاڵەتەش نەبرسێتی بیروفیکری بینەر دەشکێنێ و نەحەزو خۆزگەو خواستی تێر دەکات، چونکە خۆی لەو دەقەدا بەدی نەکرد، هەتا ئەگەر (تکرید)یش کرابێت یان بەجۆرێك ئامادەکرابێت کەئەوی تێدا بەدی بکرێت.

واتە وەکو لەئاوێنەیەکی لێڵدا سەیری خۆی بکات وایە لەتەم و مژێکدا خۆی دەبینێت کە ناتوانێت وەك لەبەر ئاوێنەیەکی روون خۆی رێك بخات. شوبنهاوەریش دەڵێت ((ئەوکەسەی کەبۆ شانۆ نەچێت، وەك ئەوە وایە کەبەبێ ئاوێنە خۆی رێك بخات)) بەلاّم کەبینەرێکیش لەئاوێنەیەکی لێڵدا خۆی بەدی بکات واتە نەیتوانی خۆی لەبەر رێك بخات، واتە شانۆکەش بەشانۆی خۆی دانانێت.

لەوانەیە بوترێت کە شانۆ هەر شانۆیەو ئەگەرچی دەقیش دەقی بیانی بێت بەلاّم خۆ شانۆ بیرو فیکرە. کوردی بێت یان بیانی.

بەڵێ بیروفیکری چریسکاوە لای هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست هەر پیرۆزە. بەلاّم ئایا هەڵوێستی مرۆڤ نەبەستراوە بەرۆژگارو قۆناغ و ئەوسەردەمەوە کەتێدا دەژی؟ پێوەند نییە بەجێگاو بارودۆخی تایبەتی خۆیەوە؟ ئایا خەمەکانی مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا هەمووی وەکو یەکە؟ خۆ ئەم باسەمان داوای ئەوە ناکات وەرزشێکی کوردیمان هەبێت چونکە وەرزش لەهەموو دنیادا هەر وەرزشەو مۆرکی نەتەوایەتی نابێ بەخۆیەوە یان باسەکە باسی تەنیا نواندن نییە بڵێین داوای پێگەیشتنی نواندنی کوردی دەکەین چونکە کاری نواندن لەهەموو دنیادا هەر کاری نواندنەو، بەشێوەیەکی گشتی، تایبەتکاری جیاواز ناگرێتە خۆی.. بەلاّم مەسەلەکە شانۆیەو، شانۆش واتە رەنگدانەوەی ژیانی میللەتێك ئایا هەموو میللەتانی جیهان هەموو لەیەك بارودۆخ و لەیەك قۆناغدا دەژین و رأدەی ژیانیان وەکویەکە؟ دە کە شانۆش رەنگدانەوەی ژیانی گەلێك خۆی بێت دەبێت وانەی ژیانێکی چاکتر بەجەماوەرەکەی بڵێتەوە.

وتیان لەتەوێڵە لەرەمەزاندا پیاوێکی بەرۆژوو دەوری نیوەرۆ برسێتی و تینوێتی زۆری بۆ هێنا کەگەیشتە نزیکی عەسر وای لێهات لەبرسانا لاکەی سەری

دەهات و لەتینوودا خەریك بوو كوێرای دابێت، ئیتر كاری گەیشتە رادەیەك بەتەواوی پەرێشان بوو، لەم كاتەدا هاورێیەكی بەهەڵەداوان هات و وتی: هەڵسە فلان كەس هەڵسە مژدەت بدەمێ بانگی عەسریدا. كابرای بەرۆژووش چاوێكی هەڵبری و وتی: براكەم من چی لەبانگی عەسر بكەم بانگ بانگی ئێوارەیە.

جا لەبەراوردی قسەی ئەم پیاوەوە دەڵێم بەڵێ دەقی بیانیش خۆ هەر شانۆیەو بەڵێ شانۆش بیروفیكرە بەڵام جەماوەری بینەری كوردیش وەك جەماوەری بینەری هەموو گەلێكی تری ئەم رووی سەرزەمینە بەشانۆی كوردی نەبێت بەربانگ ناكاتەوە، بەشانۆی خۆی نەبێ برسێتی و تینوێتی خەمەكان و هیواكانی ناشكێت. لەدەقی خۆماڵیدا نەبێت خۆی نابینێتەوە لەسەیركردنی دەقی خۆماڵیدا نەبێت هیواو ئامانجی خۆی نابینی، لەبەر ئاوێنەیەكی روونی شانۆی كوردیدا نەبێت ناتوانێت خۆی رێك بخات... هەر كاتێكیش شانۆمان گەیشتە ئەم ئاستە ئەوسا دڵخۆشە كەپێگەیشتووە.

بەڵێ رێك دەكەوێت جاروبارەیەك شانۆییەك دەبینین، یان چیرۆكێك دەخوێنینەوە كەرووداوەكانی ئەو چیرۆكە بەجۆرێكی ئەوتۆ لەگەڵ ژیانی ئێمەدا یەكسان دەوەستێتەوە كەهەروەك نووسەرێكی خۆولاتی نووسیبێتی وایە.

بەڵام بواری گەیشتنی شانۆمان هەرگیز رێگەی ئەوە نادات ئەمە بكرێتە بەڵگەیەك بۆ گۆرینەوەی نووسەری خۆولاتی بەنووسەری بیانی... با رووداوەكانی ئەو چیرۆكەش دەقاودەق ژیانی ئێمە بێت بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە یان بەنیسبەت هەر ولاتێكی ترەوە رووداوێكی كاتییەو بەسەردەچێت، پێوەندی بەكەلەپوورو ژیانی مێژوویمانەوە نییە. مۆرك و تایبەتكارییەكانی گەلەكەمانی پێوە دیار نییە... لەبەرئەوە ناشێت كە نووسەرێكی بیانی بتوانێت لەپێگەیشتنی شانۆیەكی رەسەنی نەتەوایەتی ولاتێكی تردا بەشداری بكات.

لەژیانی رۆژانەی خۆمدا زۆرجار لەبازارو شەقام و جێگە گشتییەكاندا یان جێگایەكی تردا كارێك روویدابێت دەسا گەورە بووبێت یان بچووك كەبووبێتە مایەی پەستی و نارەزایی خەڵكی چاك، منیش لەوكاتەدا لەوێ ئامادەبووبم، لەوێدا هەبوون راستەوخۆ روویان تێكردووم وتویانە: كاكە ئائەمانەمان بۆبكەن بەتەمسیل، ئەمە هەقی تەمسیلی هەیە، لەسەر ئەمجۆرە شتانە تەمسیلمان بۆ بكەن، ئێمە لەم بابەتانەمان دەوێت... منیش لەكاتی ئەم داواكاریانەدا هەستێكی وام لەلا دروست

دەبێت کەبەرەبەرە دەنگی ئەو خەڵکەم لەبەر گوێچکەدا دەبێتە هاژەی لافاوێك، هاژەی زریانێك، دەبێتە شڵپ و هوری بەهێزی شەپۆلی مێژوویەك کەرووەو قەڵایەك پەنا دەبات، بەڵکو بەرەو شانۆ، بەرەو شانۆیەك پەنا دەبات کەلەوکاتەشدا بەرەبەرە شانۆم لەلا گەورەترو مەزنترو پیرۆزتر دەبێت، هەروەها دەنگی (ئەنریك فارجاس)یشم لەلا تادێت لەگوێچکەدا بەرزتر دەزرنگێتەوە کە دەڵێت (وەکو چۆن لەکۆندا خەڵکی لەکاتی ترسدا لەکەنیسەکاندا خۆیان دەشاردەوە، خۆزگە ئێستاش لەکاتی ترسناکیدا پەنای خۆشاردنەوەیان بۆ شانۆ ببردایە).

هەروەها بۆنموونە رۆژێك لەبازار لەتەنیشتەوە یەکێك قۆڵی کرد بەقۆڵما کە سەیرمکرد پیاوێکی نەناس بوو، بەڵام هەروەکو دەمێ ساڵ بێت یەکتری بناسین هەر بەدەم رۆیشتنەوە دەستیکرد بەگێرانەوەی کێشەیەکی ناوماڵی تایبەتی ئەوتۆی خۆی کەزۆر کەس لەبەر شەخسیەتی خۆی لای یەکێکی تر باسی ناکات، ئەم پیاوە نەدیوو نەناسە لەوکاتەدا کەبەبێ پێچ و پەنا سکاڵای ئەم گیروگرفتە تایبەتییەی خۆی بۆ من دەکردو راستو رەوان گرێی دڵی خۆی بۆ دەکردمەوەو داوای لەشانۆ دەکرد بۆی چارەسەر بکات، من لەو کاتەدا کوت ومت وام دەهاتە پێشچاو کەئەمە نەخۆشێکەو دەردەکەی خۆی بۆ دکتۆرێکی مەحرەم هەڵ دەرێـژێ و هاتووە دەرمانی چارەسەری بۆ بنووسێت.. جا بەسەرهاتی ئەم پیاوەو چەندان کەسانی تریش لەمجۆرە پەندێکی وای پێ بەخشیم کەمنیش بڵێم شانۆ وەکو دکتۆرێك وایە چارەسەری ئەو دەردو دووانە دەکات کەمرۆڤ پێوەی دەتلێتەوە.

جا ئایا هونەرمەند لەئاستی ئەم داواکارییە رووبەرووانەی جەماوەر دەبێ چی بڵێ و دەبێ وەڵامی چی بێت،ئایا دەشێت کە بەرەو ئەو دەقە بیانیانەیان کاتەوە کەنەچوونەتە ناو ناخی خەم و هیواکانیانەوە؟

کەواتە هەڵوێستی راست و لەبار لەم ئاستەدا ئەوەیە کەئەو داخوازیانە بەرەورووی دەقەخۆماڵییەکانی دەست و قەڵەمی نووسەرانمان بکرێتەوە کە لەگەڵ هیواو ئازارو ئەشکەنجەکانیاندا دەناڵێنن و لەگەڵ ئامانجەکانیاندا سروود دەڵێن و لەگەڵ داواکاریەکانیاندا دەست لەملانی یەکترین... کەواتە ناسنامەی شانۆی کوردی قەڵەمی نووسەری کورد دەینووسێت.

بەم بۆنەیەشەوە خاڵێکی جەوهەری هەیە باروون بێت: پێداگرتن لەسەر

بایەخدان بەدەقی خۆماڵی نابێت ئەوە بگەیەنێت کەگوایا چاوپۆشی لەتێپەڕبوونی نووسینی لەڕولاواز، یان ئەو دەقانە بکرێت کەهەر بەناو شانۆیین، یان چاوپۆشی لەوە بکرێت کەدەقی پادارو بێ پا خۆی پێدا بکات، یان مادام دەقەکە کوردیەو هی نووسەرێکی کوردە بابێ پێزیش بێت، پەساپۆرتی شانۆیی بدرێتێ. هەروەها دەبێ وریای ئەوە بکرێت کە شانۆمان نەکرێتە قوربانی دەقی ڕەمەکی و بکرێتە قوربانی سەری هاوڕێیەتی یان ڕقەبەرایەتی.. چونکە ئەمجۆرە کارانە بمانەوێت یان نەمانەوێت ڕیسەکەمان دەکاتەوە بەخوری.

هەروەها پشت بەستنیش بەدەقی کوردی لەپێناوی پێگەیشتنی شانۆماندا نابێت وا ببەخشێت کەدەقە خۆماڵییەکانمان تەنیا لەسنوورێکی تەنگەبەری نیشاندانی کەموکوڕی و هیواو ئامانجی ڕۆژانەدا بسوورێتەوەو، جەماوەری بینەریش هەر لەو زەمینە تەنگەدا خۆی ببینێت، نەخێر بەڵکو گەشانەوەی شانۆمان لەوەدایە کەقەڵەمی نووسەرانمان لەپانتاییەکی فراوانی فیکریدا لەکاردا بێت و، بەرهەمەکانیان بەباوەڕێکی بەرزی مرۆڤایەتی موتوربەکرابێت و لەئاسۆیەکی فراوانی فیکریدا شەقەی باڵی بێت و شموولیەت ببەخشێت.

ئەم کێشەیەش واتە بایەخدان بەدەقی خۆماڵی کەهەیکەلی کارەکەیە لەپێگەیشتنی شانۆماندا، لێکۆڵینەوەو باسکردن و سووربوون لەسەر هێنانەدی یەکەی پێویستی بەوە هەیە تەرجومەبکرێت بۆ کردار بەپێچەوانەشەوە خۆ ئەگەر ئەم کاری تەرجومەکردنەش بۆ کردار بەتەمومژی تەسریحات بەخشینەوەو بەخۆ هەڵکێشان بەشارەزایی هونەرییەوەو، بەلاف لێدان بەشارەزایی شانۆییەوە داپۆشرێت ئەوە شێخی گەورەم ستانسلاڤسکی دەفەرموێت (ئەوکەسانە زۆربەی زۆریان ئەوانەن کە خۆیان لەخۆیاندا توانایەکی ئەوتۆیان نییە کەبەرزیان بکاتەوە، لەبەرئەوە کەباسی هونەرو ئیبداع دەکەن بەعاتیفەیەکی داتاشراوەوەو بەشێوەیەکی پڕپێچ و پەنا دەدوێن، بەڵام هونەرمەندە ڕاستگۆکانیش بەوتەی ئاسان و بەزمانێکی ڕەوان دەربارەی هونەر دەدوێن).. کاری پێگەیشتنی شانۆی کوردیش لەپێش هەموو شتێکەوە لەناخی گیانی گۆران و پێشکەوتنخوازیەوە هەڵقوڵاوە چونکە ئەگەر خاوەنی شانۆی خۆمان نەبین چۆن گەلانی تری جیهان لەشانۆمان تێدەگەن؟ یان چۆن ئێمە دەتوانین لەشانۆی ئەوان تێبگەین؟ یان چۆن دەتوانین (شانۆ بکەینە ڕایەڵێك بۆ دۆستایەتی و بۆ یەکگرتنی میللەتان

لەناو خۆیاندا) وەکو شێخی گەورەم ستانسلاڤسکی دەفەرموێت.

لێکۆڵینەوەو کۆرگرتن بۆ دۆزینەوەی گیروگرفتەکان و تۆمارکردنی لەسەر کاغەز داد نادات. دەست نیشانکردنی ڕێگای چارەسەر تەنیا بەنووسین و بڵاوکردنەوە بەشی ئەوە ناکات شانۆمان بەئەنجام بگەیەنێت.. چونکە نووسین وەکو نەخشەیەکی سەر کاغەز وایە بەدەست ئەندازیارێکەوە پێویستی بە هێنانەدییە... خۆزگەو خواستەکان کەلەسەر کاغەز دەنووسرێت یان بە وتن دەوترێت ئەگەر تەرجومە نەکرێت بەکردار، ئەمە ڕاکردنێکە لەواقیع... خۆزگەی پێگەیشتنی شانۆشمان داواکارە کە کارەکە لەنووسین و نووسینکاری، بترازێت و لەسنووری تەسریحات بچێتە دەرەوەو لەچوار چێوەی کۆربەستن و موحازەرات تێپەڕێت و، لەخۆزگەو خۆزگەخواستن و هیوا خواستنەوە دابەزێتە گۆڕەپانی کردارو ڕەفتارەوە چونکە گرەو هەر لەگۆڕەپانەکەدا دەبرێتەوە.

کەواتە بۆ هێنانەدی ئەم ئەرکەپیرۆزە- ئەگەرچی دەبوایە لەوەپێشتر ئەم هەوڵ و تەقەلایە بخرایەتە پاڵ ماندوێتی ئەو هونەرمەندانە کەبەبێ یاریدەو بەبێ پشتگیری ملی ئەم ڕێگەیەیان گرتووە، بخرایەتە پاڵ ئەو بانگەوازو هاوارانەوە کەدەکرا- بەڵێ بۆ هێنانەدی ئەم ئەرکە پیرۆزە باقۆڵی کرداری لێ هەڵبکرێت و بەگەشبینییەوە چی لەتوانادا هەیە بخرێتەکار.

وەك تێبینی، وەك پێشنیازو ڕای تایبەتی خۆم تیپ و کۆڕو کۆمەڵ و دەزگاو قوتابخانە هونەرییەکان و (پەیمانگەو ئەکادیمیا) لەم بوارەدا خۆیان خاوەنی (بەڵێ)ن و، خاوەنی (نەو) نابن، بەشداریکردنی گەورەو جێ دەستی بەهێزیش، لەم ئەرکەدا هی ئەوانەو، بەپێشەنگی ئەوان دەبێت و شانازی و گوڵی سوپاسی هێنانەدی بۆ بەرۆکی ئەوان دەبێت.

میهرەجانی یەکەمی شانۆی کوردی لەبەغداد لەساڵی ١٩٤٧، ئەو میهرەجانە شانۆییانەی لەو دوو ساڵە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەسلێمانی سازی دەکات کەڵك و تاقیکردنەوەی چاکی بەشانۆمان بەخشی و ڕۆژەکانی لای هونەرمەندان وەکو جەژنێکی هونەری وابوو، هیوای بەردەوامی بۆ ئەم میهرەجانە دەخوازین. خۆگێڕانی میهرەجانێکی ساڵانەی شانۆی کوردیش کەتایبەت بێت بۆ دەقی کوردی لای پەیمانگای هونەرەجوانەکان یان ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەمە نور علی نوری پێدەوترێت کەخەڵات بەچاکترین دەق و دەرهێنان و نواندن

و بەشە هونەرییەکانی تری شانۆ پێشکەش بکرێت- ئەگەرچی خەڵاتی مادديش نەبن- خەڵاتی پیرۆزبایی میهرەجانی شانۆی کوردی. کەئەمجۆرە میهرەجانانە لەڕاستیدا بەشێکی گەورە لەهیوای پێگەیشتنی شانۆمان دێنێتەدی.

جگەلە میهرەجان و فیستیڤاڵ گێڕان،تیپ و کۆمەڵە هونەرییەکانیش لەڕێڕەوی بەشداری یان لەپێگەیشتنی شانۆماندا، ئەگەر لەنەخشەو بەرنامەی ساڵانەو وەرزی خۆیاندا، ژمارەی پێشکەشکردنی دەقی خۆماڵی بەرادەیەکی ئەوتۆ بێت کە جێگە دەستیان دیار بێت، ئەمە دەبێتە نەك هەر مایەی ڕێزو ستایش بۆ ئەو تیپ و کۆمەڵانە، بەڵکو مایەی شانازیش.

هەروەها برا هونەرمەندە دەرهێنەرەکانیش ئەگەر بیکەنە پەیڕەوی خۆیان لەناو کارەکانیاندا بایەخی زۆرتر بەدەقی خۆماڵی بدەن و، زۆرتر بەدەربەست ژمارەی دەرهێنانی نووسینی کوردییەوە بن، ئەوەش بەشداریکردنێکی بەهێزە لەهێنانەدی ئەو ئامانجەدا.

ئەکتەریش لەم کارەدا دەورێکی باڵای هەیە، ئەگەر لەسەر ئەوە سووربێت کەحەز دەکات زۆربەی زۆری کارەکانی لەدەقە خۆماڵییەکاندا بێت، ئەمەش هێزێکی کاریگەرە لەکاروانی پێگەیشتنی شانۆماندا.

هەرەوەزکردنی ئەم هەوڵ و تەقەلایانەی هەموو لایەنەکان کەوتمان، شان بەشانی خۆماندووکردنی نووسەران لەنووسینی دەقی شانۆییدا، هاندان و نرخدان بەدەقی خۆماڵی و برەودانی زۆرتر بەبڵاوکردنەوەی شانۆیی دەست و قەڵەمی نووسەری کورد لەلایەن گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە، یاریدەدانی زۆرتر بۆ چاپکردنی شانۆییەکانیان لەکتێبدا ئەم هەرەوەزکارییە زادەو هەوێنی هێنانەدی پێگەیشتنی شانۆی کوردین... خۆ هێنانەدی ئەم ڕازو پێشنیازانەش کە باسمانکرد ئەگەر قازانج بەشانۆمان نەگەیەنێت، زیانی پێ ناگەیەنێت... خاوەنی ئەو بیروڕایانەش کەلەگەڵ ئەم پێشنیازانەدا نین، با لەبواری کاروباری هونەریدا هیچ نەبێ ئەم سەرنج و تێبینیانە تاقی بکەنەوە، باچەند ساڵێکیش بەم تاقیکردنەوەو ئەزموونانەدا بڕۆین بزانین بەچی دەگات. هەتا ئەگەر شتێکی ئەوتۆشمان دەست نەکەوتوو بەئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشتین، خۆ قازانجی ئەوەمان پێدەبەخشێت کەهەوڵ بدەین بۆ ملگرتنی ڕێگەیەکی نوێ ترو، ئەزمونێکی نوێ ترو، تاقیکردنەوەی ڕێبازێکی نوێ تر.. گرنگ ئەوەیە لەبەلای وتن وتن خۆمان ڕزگارکەین و لەکرداردا

جۆش ببین.

ئەو خانووەشم کەباسمکرد گەلێك دڵم پێی خۆش بوو، بەڕادەیەك خۆزگەم دەخواست کەمردم لەحەوشەکەیدا بمنێژن. بەڵام کە (ئاوات)ی کوڕە گەورەم لەتەمەنی (٢٢) ساڵیدا لەموسڵ شەهید کرا، ئەرك و کەم دەستی بەجۆرێك ڕووی تێکردین، لە (١٩٩٠)دا فرۆشتمانەوە. لە ساڵی (١٩٧٣)یشدا کاتێك کەچەند خزمێك هاتبوونە پیرۆزبایی لێکردنمان و شەو لای خۆمان گلماندانەوە، بەیانیەکەی وام بەشایست زانی کە:

# عەبا

لەبری ڕێزی ئەو میوانانە واجوانە هەڵسم بڕۆم لەناو شار هێندێك سەمونی گەرم بۆ بەرچایی فریابخەم.

لەبەرئەوەی کەهەر لەماڵەوە نانمان دەکردو چوار پێنج ساڵێك بوو نانی بازاڕمان نەخواردبوو، بەڵام ئەو شەوە میوانەکانمان گلدابووەوە لای ئێمە بنوون، بۆیە بەیانیەکەی زوو دایکی منداڵەکان بەئاگای هێنامەوە کەلەبەر ڕێزی میوانەکان چەند سەموونێك بۆ بەرچایی فریابخەم.

ماڵیشمان لەکوێیە، دوورە شار لەگەڕەکی (ڕزگاری)یە، کە تازە دووسێ خانووی لێکراوە. ئیتر منیش گورج ڕاپەڕیم و بەئۆتۆمبیلەکەم خۆم گەیاندە یەکێك لەو دوو سەمونخانە تازە بابەتەی کەئەوەندە نابێت لەسلێمانی دانرابوون. لەڕێگاش هەموو ئومێدێکم ئەوەبوو ئەو ئاپۆڕایە نەبینم و زۆر بەئاسانی نۆرەم بەرکەوێت. بەڵام کەلە سەمونخانەکە دابەزیم، سەمونخانەی چی؟ خۆزگە هەر نەمدیایە، لەبەر کڕیار دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەرزەوی بەرادەیەك وەستای سەمون و شاگردەکانی هەر دیارنەبوون. جاهەر ئەوەنە؟ پاڵەپەستۆو سنگ کووتانێك بووە بۆلای مێزی بەر دوکانەکە هەر مەپرسە.

ئیتر بەتەواوی بۆم دەرکەوت کەمن کوڕی ئەم مەیدانە نیم... منێك ئەوەندە بێ دەسەڵات بم نەتوانم لەڕۆژێکی وەهادا چەند سەمونێك بۆ میوان پەیدا بکەم،

خەریك بوو خۆمم لەبەرچاو بکەوێت بەتایبەت کەهەموو بیرکردنەوەیەکم لەو چەند سەمونەدا کۆببووەوە- لەوکاتەدا کەبەدەم ئەم گێژاوەوە ئەتلامەوە، بینیم لەریزی فەرتەنەکەوە، ئافرەتێکی عەبا بەسەری سەرماش و برنج ئاورێکی دایەوە کەمنی بینی، وەها دیاربوو ئەو منی دەناسی بۆیە بەرێزێکەوە وتی: مامۆستا وامن جێم گرتووە تۆ بۆت ناکرێ بێیتە پێشەوە بۆخۆت لەولاوە چاوەروانی بکە لەنۆرەکەی خۆمدا بەیەکجاری هەشت نۆ سەمونێکیش بۆتۆ وەردەگرم... ئەگەر لەو ئاستەدا خدری زیندەم بیربکەوتایەتەوە رەوای خۆی بوو.

کێ لەتەنگانەیەکی وەها سەختدا رزگاری ببێ، کێ ئاواتێکی وەها شیرینی بۆبێتەدی، لەخۆشیانا نادات لەشەقەی باڵ و بفرێت؟ یان تەزوویەکی خۆشنوودی هەر لەتەوقی سەریەوە نایەت و لەکەڵەموستی پێیەوە دەرناچێت؟

هاتمە ئەولاترەوەو کەوتمە سەرنجدانی ئەو یاریە سەیرە.. خەڵکەکە تەکانیان بەیەکتری دەداو، ئەمسەرەو سەر یەکتریان دەهێناو دەبرد هەتا هێندێك سەمونی برژاو لەتەنورەکەوە دەکرایە سەر مێزەکە، کەلەو کاتەدا هێندە گەرم بوو کورم دەویست زۆرترین سەمونی بخستایەتە توورەکەیەکەوە، هەروەکو یاری تلیمانجم دەهاتە بەرچاو، کور ئەو کورە بوو کە سەمونێکی هەڵدەگرتەوە دەستی دانەپلۆخایە، زۆریشیان هەتا جارێك هەڵیدەگرتەوە دووجار لەبەر گەرمی دایدەنایەوە.

لەنێو ئەم دیمەنە خرۆشاوەدا بینیم ئافرەتەکە لەدواوە عەباکەی لەسەر کەوتە خـوارەوە سەرزەویە تەرەکەی ژێر پێی خەڵکەکە. دەسا ئیتر یان پێی نەزانی،یان نەیپەرژا هەڵیگرێتەوە، یان بۆئەوەی جێگەیەکی لەدەست نەچێت، وازی لەعەباکە هێنا. منیش کەسەیرم کرد ژنە بەسەرو ئەگریجەی ئاڵۆسکاوەوە پرچی لەدواوە بەسەر سوخمەکەیدا شۆربۆتەوە بۆ خوارەوەو بەدەم ئەم گەرەلاوژێیەوە دێت و دەچێت، حەزم نەکرد بەمجۆرە نائاساییە بکەوێتە بەرچاو. لەپاداشتی ئەو چاکەیەیدا هەرچۆنێك بوو عەبایەکم لەژێر پێی خەڵکەکەدا دەرهێنایەوەو هەڵمگرتەوە، کە سەیریشم کرد ئەو هێشتا هەر هەڵپەی دەستکەوتنی سەمونەکانێتی، وام بەراست زانی کەبیدەمەوە بەسەریدا. بەڵێ لەکاتێکدا کەلەدواوە دەستم درێژکرد عەباکەی بدەمەوە بەسەردا ئەو بەدەم ئەم شەپۆلانەوە راوەستانی نەبوو، منیش ناچار دەبووم لەگەڵ ئەم راست و

چەپكردنەیدا هەموو جارێك بێم بچم و دەست بگوێزمەوە بۆ ئاستی سەری. هەتا جارێكیان خواكردی عەباكەم لەپشتەوە دایەوە بەسەریدا، بەڵام بەداخەوە عەبا خزاو كەوتەوە خوارەوە، بەڵام دوای ئەوەی كەهەموو سەری قوڕاوی بوو... جارێكی تریش بەدەم گێروگرفتێكی زۆرەوەو بەهەمان شێوە دامەوە بەسەریدا. دیسانەوە عەبا خزایەوە خوارەوەو سەرو پرچی زۆرتر قوڕاوی بوو. ژنە بەدەم ئەم گەڕەلاوژێیەوە دێت و دەچێت و ئاگای لەعەبا نەماوەو، منیش هەرچەند دەیدەمەوە بەسەریدا، عەبا بەسەریەوە بەند نابێت و جار لەدوای جار زۆرتر قوڕاوی دەبێ.. دەبێت هۆكەی چی بێت؟ كەكەوتمە سەرەنجدانی عەباكە چی بێ لەئێوە نهێنی بێت دەبینم من عەباكەم سەربەرەو خوار گرتووەو دامێنەكەی خوارەوەشی هەمووی قوڕاویە. شەیتان بەنەعلەت بیت! ئەنجا ئیتر گرتنی عەباكەم ڕێك كردەوەو دەستم درێژكردو ڕێك دامەوە بەسەر ژنەداو، شایەتمانێكی بەحەقم هێنا، بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی كەبەشی زۆری سەرو ئەگریجەو پرچی جوان ببوون.

ئیتر كەچوومەوە ئەولاترەوە ئەوەندەی نەبرد ژنە بەتوورەكەیەك سەمونەوە لەنێو خەڵكەكەدا خۆی كێشكردە دەرەوەو شەكەت و ماندوو بەرەولام هات و، كاری ڕاست بێت، نۆ سەمونی گەرمی دامێ، كەلەكاتی دانانیشیدا هەر لەژێرەوە سەرنجی سەرو قژە قوڕاویەكەیم دەدا، ئەنجا منیش بەپەلە پارەكەم بۆداناو سوپاسێكی گەرمم كرد. گەرمتر لەسەمونە گەرمەكان. بەمنەت باریەوە خۆم نیشانداو خواحافیزیم لێكرد. هەتا ڕۆیشتیشم ئەو مرۆڤە چاكە بەخۆی نەزانیبوو كەسەرو ئەگریجەو پرچی چەندە جوان بوون.

كەلەماڵیشەوە بەدەم نانخواردنەوە بەسەرهاتی عەباكەم بۆ گێڕانەوە گەلێك پێكەنین بەتایبەت منداڵان. بەڵام دایكیان جۆرە تێڕامانێك گرتی و وتی: وەڵا پیاوەكە تۆ مەولویەكی گەورەت لەسەرە، ئەگەر مەولوش ناكەیت هەر ئەمڕۆ خێرێكی گەورە بكە.

كەوتم بۆ هیچ بووە؟ وتی: ئەی ئەگەر لەوكاتەدا كەتۆ عەباكەت دەدایەوە بەسەر ئەو ژنەدا، كوڕێكی، یان برایەكی، یان مێردەكەی ئەم كردەوەیەیان لێ بدیتایە، ڕزگارت نەدەبوو.

منیش وتم: ڕاست دەكەیت و زۆریش ڕاست دەكەیت، من لەبەر سەمونەكە هیچ

بیرم لەوە نەکردبووەوە.

ئیتر گەزیزەش گێڕامەوە بۆ نێو پێکەنینەکەو وتی: کاکە ئیتر لەمەولا ئێمە بەیانیان سەمونی گەرممان دەوێت.

## سلێمانی لە دوو دەفتەردا

ئاو بوەستایە، ئێمە نەدەوەستاین. بیرمان کردەوە لەبارەی شاری سلێمانیەوە زنجیرە درامایەکی ٢٤ ئەڵقەیی نیو سەعاتی تۆمار بکەین بەناونیشانی (سلێمانی لەدوو دەفتەردا) من لەدەفتەری یەکەمدا بە (١٢) ئەڵقەو بەناوی خۆمەوە، کەمالیش لەدەفتەری دووەمدا بە (١٢) بەناوی خۆیەوە. بڕیاردرا من بەگەرمی دەستم بەنووسین کرد.

لەسەرەتای مانگی تەموزیشەوە لەگەڵ تیپی پەروەردەی سلێمانی کەئەوکاتە مامۆستا سامی حسێن نازم بوو زۆر بایەخی بەپێشکەوتنی هونەری کوردی دەدا، خەریکی پرۆڤەی شانۆیی (بازرگانی ڤینیسیا) بووین. کەئەم درامایەش لەنووسینی شکسپیرو گۆڕینی (ع.ع شەونم) بوو، مامۆستا (ئەنوەر تۆفی)ش چووەتە ژێر دەرهێنانەکەی.

من لەم شانۆییەدا دەوری (شایلۆك)م پێ سپێردرابوو.

لەبیناکەی چالاکی قوتابخانەکانی ئەوسا کەپێشتر ناوخۆیی قوتابیان بوو، مانگێکی خۆشمان لەگەڵ ئەنوەر تۆفیدا بەپرۆڤە بردەسەر کە ئەکتەرەکانی تریش: بەدیعە دارتاش و تاڵب بەرزنجی و حەمە ڕەشید هەرەس و عوسمان چێوارو کەمال سابیرو بورهان مەسرەف و چەند کەسێکی تر بوون. دیکۆرەکەش لەسەر فەرمانی ئەنوەر تۆفی چوار وێنەی گەورە پڕ بەپشتەوەی شانۆکە بوو کە مامۆستا کامل ئەحمەد کێشابووی کە پێشتریش زۆریارمەتی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی دا

بوو ئەم بەرهەمە لەسەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە (٢-١٩٧٢/٨/٧)دا نمایشکرا لەپەراوێزی ئەم نمایشەشدا، هێندێ ڕۆژ ئەنوەر تۆفی خوالێخۆشبوو لەهۆڵەکەوە بەبەرچاوی میوانەکانەوە بەلوولە کارتۆنێك دەیڕوانیە ئەکتەرەکان و بەدەست بەپەرۆشەوە ئاماژەی جموجووڵی پێدەبەخشین.

ئەوە من هەر خەریکی نووسینی دراماکەی سلێمانیم کەچی وەکو تێبێنیشم دەکرد کەمال سابیر لەجیاتی ئەوەی دەفتەرەکەی خۆی بنووسێت لەچاخانەی حەمەڕەق هەر خەریکی ئەزنیفە کەمتریش خۆی تێدەگەیاندم کەمنیش دەچووم بۆلای، بەدیاریەوە سڕ دەبووم ئەوسا هەڵدەستا.

من لەمانگی دەدا دەفتەرەکەی خۆمم تەواو کردو بردم بۆ کەمال بیخوێنێتەوە، کەسەیرێکی بەرگەکەی کرد. ناوی خۆمی لەسەر نووسرابوو، وتی: دەبوایە ناوی هەردووکمان بوایە. منیش وتم: بەپێی بڕیارەکەمان هەرکەسە دەفتەری خۆی بەناوی خۆیەوە دەبێت. تۆش دەفتەری دووەم تەواو بکەو ناوی خۆتی بخەرە سەر. بێدەنگبوو... ئەزنیفیش هەر بەردەوام بوو تومەز کەمال نیازی نووسینی یەك دێڕی نەبوو.

لێرەدا ئەو قسەیەشی هاتەوە یادم کەلەبەغدا گەڕایەوە پاش دووسێ ڕۆژ وتی: من لەبەرخاتری تۆ نەبوایە نەدەهاتم بۆ بەغداد.

کەگەیشتینە ئەم قۆناغەی: هاوکاری نێوانمان ساردبێتەوەو دارایی کز ببێت و، تیپ هەر بێ بارەگا بێت و هەموو کاروبارێکی تیپ هەر خۆم هەڵیسووڕێنم و بەماندوو شەکەتی هەر بمێنمەوە،... هاتینە سەر ئەوەی: تیپی هاوڕێیانی گەزیزە بچینە کۆمەڵی هونەرو وێژەوەو ببین بەیەك. لەگەڵ کەمال و گەزیزەو عوسمان چێواردا ئەمەمان پەسەندکردو پێش ئەوەی پێ بنێینە ساڵی ١٩٧٣ وە بەنزیکی دوو مانگێك لەپێناو بەهێزبوونی جووڵانەوەی هونەریی و یەکخستنی توانا هونەریەکان و یەکگرتنی ڕیزەکانی هونەرمەندانداُ، هەردوولامان واتە لەگەڵ کۆمەڵدا بەیانێکمان لەڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردەوە. بەداخەوە لام نییە، هەتا ئەو بەیانە وێنەی من و گەزیزەو کەمال و عوسمان چێواریشی پێوە بوو. ئیتر تیپی هاوڕێیانی گەزیزە دوای ئەوەی کەلەو ماوەیەدا ئەو دیاریە بەنرخانەی پێشکەش بەجەماوەرو پێشکەش بەهونەری کوردی کرد، وەکو تیپ ماڵئاوایی کردو، هونەرمەندەکانیشی هەرکەسە وەکو ئەندامێك چووە کۆمەڵی هونەرو

ویژەی کوردیەوە.

# چالاکیم لەکۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی

کەبووم بەئەندام لەکۆمەڵدا، یەکەم ئیشم بەناونیشانی (گەنجی درەخشان)و چەند کورتە درامایەکی تەلەفزیۆنی بوو وەك: (کراسی بەختیاری) (دەستێك و دوو شووتی) کە بۆ ئەوەش دەشیا وەك بەرنامەیەك هەر بەردەوام بێت. دەستەی بەڕێوەبەر پەسەندی کردو بریاری پرۆڤەی دەرکرد. لەگەڵ مستەفا ئەحمەدو کەمال سابیرو گەزیزەو عەبدوڵلا ساڵح و چەند برادەرێکی تر دەستمان کرد بەپرۆڤەکردن. کەچی دوای پانزە شەوێك پرۆڤەیان پێ ڕاوەستانین و پرۆژەکە پووچەڵ کرایەوە، بەم کردارە زۆر نیگەران بووم ڕەخنەیەکی توندوتیژم بۆ دەستەی بەڕێوەبەر نووسی. دوای ئەوە شانۆییەکی یەك سەعاتیم بەناوی (پژمین)ەوە نووسی بوو دامە دەستەی بەڕێوەبەر. کەخوێندیانەوە بەلایانەوە پەسەندبوو فەرمانیان دا کە (تەها خەلیل) دەرهێنانەکەی بگرێتە دەست.

من لەوەوپێش کەئەم شانۆییەم نووسی بوو دەوری (مەولە)م بەتایبەتی بۆ کەمال سابیر نووسی بوو کەپڕ بەشەخسیەتەکەی خۆی بێت.

بەڕاوێژی من و تەها، دەوری (مەولە) درا بەکەمال و دەوری (ڕەزا چاوەشیش) بەمن. ئەنجا دەستکرا بەپرۆڤەو پرۆڤەش (٢٠) ڕۆژێکی خایاندبوو، کەمال سابیر خۆی دابڕکرد، کەئەمە لەو نەدەوەشایەوە، چونکە ئەو خۆی نەفرەتی لەمجۆرە کردەوانە دەکرد کەلەگەڵ ڕەوشتی هونەرییدا ناگونجێت، کەمال هەر بەخۆیەوە

نەوەستا بەئاشکراو لەبەرچاوی هەمووماندا عەبدوڵڵا ساڵحیشی هاندەدا واز لەپرۆڤەکە بهێنێت و بچێت بەلای کاسبی خۆیەوە.

لەدوو سەرەوە بەڕۆیشتنی کەمال، نیگەران بووم.

یەکەم: بەیەکەوە لەهونەردا مێژوویەکمان هەبوو، ئەکتەرێکی سەرکەوتووش بوو، بیری بەلای شتی جوان و وردەکاریدا دەچوو. کاتی خۆیشی کەلە قوتابخانەی سەرشەقام کەبەیەکەوە مامۆستا بووین توانایەکی هونەریم تێدا تێبینی دەکرد، من بانگم کرد بۆ ئەندامێتی تیپی سلێمانی و کەئەوەش یەکەم جاری بوو بکەوێتە نێو ئەو ناوەندە هونەرییەوە. جاکە ڕۆیشت تومەز ئەمە لەگەڵ ئەحمەد سالارو ڕەئوف حەسەن و حیکمەت هیندی ئەندامانی کۆمەڵ و چەند کەسێکی تردا، هەر لەوەوپێش تیپی (پێشڕەوی شانۆی کوردی) یان دامەزراندووە، کەهەموو داب و نەریتێکی هاوڕێیەتی و کاری هونەری ڕابووردوومان وای بەدروست دەزانی کەلەمنی نەشاردایەوە.

دووەم: ڕۆیشتنی کەمال بۆ من بوو بەخەمێکی گەورە بۆ شانۆیی پژمین، چونکە دەوری مەولەم بۆ شەخسیەتی ئەو نووسی بوو، دەڵێت: ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە،کاتێك کە لە جیاتی کەمال دەورەکەماند بە فوئادی حەمە ئەمین ئاغا، ئەم جموجووڵ و نواندنەی ئەم دەری دەبڕی، لەکاتی نووسینەکەدا هەر بەبیری مندا نەهاتووە، بەرادەیەك ئەو شانۆییەی دەوڵەمەندکرد، من لەخۆشیانا خەریکبوو باڵ بگرم. بینەرانی هەر بەجارێك مەستی پێکەنین کرد.

هەتا هەر لەیەکەم ڕۆژی نمایشکردندا، کەدەستەی بەڕێوەبەر شانۆییەکەیان بەمجۆرە بینی، بڕیاریاندا بیبەن بۆ تەلەفزیۆنیش، ئەم درامایە لەسەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لەوەرزێکی سەرمای وەهادا پێشکەشکرا زەلام ڕەق دەبووەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ٨ ڕۆژ درێژەی کێشا (١٢-١٩/١/١٩٧٣). تەها بابانی هونەرمەند کەهاتە سەر شانۆکە بۆ پیرۆزبایی کردنی هونەرمەندەکان وتی: وەڵڵا کاکە تیپەکانی بەغدادیش هەروەکو ئەم شانۆییە پێشکەش دەکەن.

بۆ یادو ڕێزی ئەکتەرەکانیش ئەم هونەرمەندانە بەشداری نواندنەکەیان کرد: فوئادی حەمە ئەمین ئاغا، عومەری عەلی ئەمین، قادر مەنمی، عەبدول کەریم حەمە جوان، حەمە عەلی، گەزیزە، عەبدوڵڵا ساڵح، ئەختەر، بەکر کەساس، عەلی سۆرانی، هیوا مستەفا، ماجید محەمەد، بەهەر هەمان ستافیشەوە لە

(٥و١٩٧٣/٢/٦)دا لەستۆدیۆی ژمارە (٢)ی تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکرا. کەدوای مانگێکیش بڵاوکرایەوە، جەماوەر ئەوەندە پەرۆشی بوو زۆربەی گفتوگۆکانیان لەبەر کردبوو.

با لەڕووی هونەریشەوە بڵێم: (پژمین)ی نێو تەلەفزیۆنەکە تامی (پژمین)ی سەر شانۆکەی نەدەدا. لەبەرئەوە نا کەجوان تۆمارنەکراوەو پەیامی دراماکەی نەگەیاندووە، بەڵێ ئەو لایەنانە حەقی خۆیان درابوویە.بەڵام لەبەرئەوەی نمایشی سەر شانۆکە زیندوو بوو لەیەك کاتدا گشت دیکۆرەکان دەبینران. هێندێك دەقیش کەگوێزرانەوە نێو تەلەفزیۆن یان سینەما ئەو تامەی نامێنێت و ئەو پەیوەندییە گشتیەی لەگەڵ بینەردا دەپچڕێت. من ڕۆمانی (زۆربا)م خوێندۆتەوەو بەفلیمی سینەمایش دیومە، بەڵام ئەو چێژەی کەلەخوێندنەوەکە وەرمگرتووە، لەفلیمەکە وەرم نەگرتووە. وشە دەتوانێت بچێتە ناو ناخ و هەستەوە بەڵام وێنە ناتوانێت بچێت (جەنگ و ئاشتی)یەکەی تۆلستۆیم خوێندۆتەوە، بەفلیمی سینەمایش دیومە، بەڵام ئەو تامەی لەخوێندنەوەکە چەژتووەمە لە فلیمەکەم نەچەژتووە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین هونەریش وەکو مرۆڤ وایە،هەر مرۆڤە لەبەرگەکەی خۆیدا جوانەو بەرگی خۆی لێ دێت.

من لەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی وەکو ئەندام درامای پژمین، ئەوە یەکەم ئیش و دوائیشم بوو، ناتوانم لەبارەی (پژمین)ەوە کۆتایی بەنووسین بهێنم، هەتا مەدالیایەکی بەنرخ نەکەم بەبەرۆکی خوالێخۆش بوو فوئادی حەمە ئەمین ئاغاوە.

فوئاد مرۆڤێکی سوعبەتچی و هونەرمەندێکی ڕاستگۆو بەرێز بوو. پابەند بوو بەداب و نەریتی شانۆو میکانیزمی ئامادەکردنی نمایشەکانیەوە. جگەلەئەوەش زیرەکیش بوو، کەم کەس زیرەکیەکەی بۆ دەرکەوتبوو... بۆنموونە:

کە (پژمین)م نووسی لەدەقەکەدا کە دزەکان دەگیرێن (مەولە) کە کاك فوئادە بەفەرمانێکی تیژەوە وەکو حەسحەسێك تێیان دەخورێت (دەست هەڵبڕن). بەڵام ئەو بەفەرمانەوە تێیاننناخورێت بەڵکو لەترساناو بەهەموو هێزێکیەوە هاوار دەکات (دەست هەڵبڕن) نەوەکا تەقەی لێ بکەن. کەلەدەقەکەدا وانەبووە.

هەروەها کە گەمارۆی دزەکان دەدەن و تێیان دەخورن بێنە دەرەوە، مەولە لەترسدا دەپەشۆکێت و لوولەی تفەنگەکە دەکاتە خۆی و قۆناغەکەی دەکاتە

ماڵەکەیان. کەلە دەقەکەدا ئەمە نەبوو.

جگەلەئەوە کەلەکاتی گەمارۆکەدا مەولە لەترسانا ڕادەکات و ڕەزا چاوەش بەتەنیا بەجێ دێڵێت. ڕەزا چاوەشیش هاواری لێدەکات کەچۆن لەو تەنگانەیەدا بەجێم دێڵێت و ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟ مەولەش ئەو ڕستەیەی من نووسیومە (دەڕۆم پۆلیس بانگ دەکەم) دەیکات بەدوو بەشەوە، یەکەمجار دەڵێت (دەڕۆم) کە ڕەزا چاوەشیش دەڵێت جا عەیب ناکەیت؟ مەولەش دەڵێت (پۆلیس بانگ دەکەم) کەئەمە لەنووسینەکەی مندا یەك ڕستە بوو.

شەوێکیش کە ڕەزا چاوەش و مەولە سەرخۆشێك دەبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان و لەدەرگاکە دەدەن و ژنی سەرخۆشیش دێتە دەرێ، مەولە لەپشت ڕەزا چاوەشەوە هەر چاوی لێهەڵدەتەکێنێت، کەئەم چاو هەڵتەکاندنە لەنووسینەکەی مندا نەبوو... ئاوا بەمجۆرە زیرەکی مامۆستا فوئادی خوالێخۆشبوو شانۆییەکەی گەورەترو دەوڵەمەندتر کرد.

خۆ واشم بەلاوە دروستە لەناوەندێکا کاری هونەری بکەم کە دەنگی دلێر هەر یاساکانی هونەری شانۆخۆیان بن، هەرچەندە ئەمجۆرە دام و دەزگایانە کەم دەست دەکەون.

لەو سەردەمەدا، ڕێکخراوەکان بایەخیان بەپێشکەوتنی شانۆ دەدا، دوای چالاکیەکەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، شانۆییە شیعریەکەی شێرکۆ بێکەسیان (کاوەی ئاسنگەر) لەمانگی چواری ۱۹۷۳ دا لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لەدەرهێنانی نەوزاد مەجید، پێشکەش کرد. من دەوری (لۆلۆ)ی وەزیرم تێدا بینی، ئەکتەری تریش وەکو تەها خەلیل و کامەران ئەخۆل و خاڵە عەزیزو تاڵب بەرزنجی و جەمال عەبدوڵڵاو ماجید محەمەدو عەبدول کەریم حەمە جوان و نەوزاد مەجید... هتد.

خۆ کەلە (۱-۱۰/۸/۱۹۷۳) کۆمەڵێك هونەرمەند لەئامادەکردن و دەرهێنانم لەسەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان، درامای (قارەمانی ئافرەتان)یان نمایش کرد، هەر ناوەکە ناوی تیپی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) بوو، دەنا هەموو دەسەڵات و کاروبارێکی هونەری هەر بەرەو ڕووی خۆمان کرابووەوە، کە ئەکتەرەکانیشی گەزیزەو بەختیار هەمەوەندی خوالێخۆشبوو ڕەئوف یەحیاو عومەر عەلی ئەمین و فوئادی حەمە ئەمین ئاغاو بێستون سلێمانی و کامەران

ئەخۆل و ئەنوەر حەمە ڕەشیدو ئازاد بێزارو حسەین کوردی بوون.

پێش (قارەمانی ئافرەتان)یش بەسێ و چوار مانگێك، لەمایسی ١٩٧٣ یشدا، لەئامادەکردن و دەرهێنانی خۆم، تیپی (پـەروەردی سلێمانی) لەسەر شانۆی (چالاکیی قوتابخانەکان) درامای (بۆچی نایفرۆشێت) یان پێشکەش کرد، کەلەگەڵ تەها خەلیل و فوئادی حەمە ئەمین ئاغادا هەرسێکمان نواندنەکەیمان هەڵسوراند.

بەڵام لەبەهاری (١٩٧٤)دا بهاتیتایە بەمیوانی، دەتبینی ئەو خانووەمان چۆڵ و هۆڵ کەسی تێدا نییە، چونکە بڵێسەی شۆڕشی کورد هەڵگیرسابوو، خێزانی ئێمەش زۆر بەگەشبینیی و شانازیەوە وەکو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، چووبووینە دەرەوە بۆناو ڕیزەکانی ئەو بڵێسانەوە.

# چایخانەکەی کارێزە

ئێوارەیەکی ساردی یەکەم مانگی بەهاربوو، تەواو تاریکی داهاتبوو، کە جێبەکە راوەستاو هەشت نۆ کەس دابەزین و لەتاو بارانەکە بەپەلە خۆمان کرد بەچاخانەکەی (کارێزە)دا... ئەمەش لەدوای چی؟ لەدوای ڕۆژێکی درێژی پڕماندوێتی و شەکەتیدا کەکۆڵەی کوتابووم.

دەڵێ قسە، قسە دەهێنێت، من ئەو ڕۆژە لەهەڵەبجە بەنیازی چاخانەکەی (کارێزە)وەو لەوێوە بچم بۆ ماوەت هاتبووم، تا هاوڕێ هونەرمەندەکانم بگرمەوە. ئەو ڕۆژەش پێش هەتاو کەوتن لەجێگاکەم ڕاپەڕیم و دوای خۆئامادەکردن، پاڵتۆکەم لەبەرکردو، دەسکی جانتاکەم کردە کۆڵم و بەرەو گەراج دەرچووم بەڵکو بەیەکەم ئۆتۆمبیلدا، بگەم. بەڵام دوای دووسێ سەعاتێك چاوەڕوانیەکی بێزارکەر لەوێ کە ئومێدم بڕا: ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبیلی کارێزە دەرناچێت و، دەبوایە بڕۆیشتمایە، ناچار سواربووم بۆ (سەید سادق). لەوێش دوای نیو سەعاتێك پتر چاوەڕوانی سواری ئۆتۆمبیلێکی تر بووم بۆ عەربەت. ئەو سەردەمە مانگی نیسانی ١٩٧٤ بوو بارودۆخی وڵات تێکچووبوو، هامشۆو ڕەفت وەکو خۆی نەمابوو، میللەت چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی جەنگی حکومەتی دەکرد لەگەڵ کوردستاندا ئەمە دوای چوار ساڵەکەی (١١)ی ئـازار... بێنەوە سەرو کاری سەفەرەکەم کەگەیشتمە عەربەت خواوڕاستان جێبێك بانگی دەکرد: یەك نەفەر

کارێزە! منیش بەپەلە خۆم گەیاندیەو سواربووم و کەوتینە ڕێ، شۆفێرەکە بەدەنگێکی کەمێك بەرز وتی: ((کاکە لەدوایدا گلەییم لێمەکەن و بڵێن پێی نەوتین، من بۆیە بەودیو (گۆیژە)دا، بەرێگەی (دوکانیان)دا، نەڕۆیشت و، بەناو شاری سلێمانیدا دەڕۆم، چونکە لەوێ ئیشێکی چارەکە سەعاتێکم هەیە ئێوەش هەموو چونکە (پێشمەرگە)ن خۆ نابێت بەناو شاردا بڕۆن... لەبەرئەوە من لێرەوە بەرێگەی (قرگە)دا بنارەو بنار دەتانبەم بۆ بەردەم (دەربەند گۆیژە). ئێوە لەوێ دابەزن، بەدەربەندەکەدا سەرکەونە سەرشاخ و لەوسەرەوە وەرنە خوارەوە بۆ دەربەندەکەی (ئەزمڕ) دڵنیابن برای خۆتان لەوێ چاوەڕوانتان دەکات، کەل وپەلەکانیشتان دامەگرن با هەر لەئۆتۆمبیلەکەدا بێت)).

ئەم هەواڵە هەموومانی سڵەماندەوە! کابرا شتێکی لەژێر سەردا نەبێت؟ بەڵام چونکە ڕووخسارێکی زۆر نورانی پێوەبوو، بەبێ ئەوەی گومانێکی لێبکەین. یان دەستخەڕۆمان بکات، یان جێبەکەی پەکی بکەوێت، بەتایبەت هەموو پەلەی ڕۆیشتنەکەشمان بوو، هەموو وتمان باشە.. دابەزین و ژمارەی جێبەکەمان گرت و، ئەنجا لەدەربەند گۆیژەوە دامانە شاخ، کەگەیشتینە سەر گازەرای پشتی، لەوێوە بەدەم ڕۆیشتنەوەو زۆر بەپەرۆشەوە دەستمان کرد بەسەرە تاتکێ کردن لەگەڵ شارە حەیاتەکەی سلێمانیدا، دوای نزیکی دوو سەعاتە ڕێ و ڕۆیشتنێکی بێ پشوو، بەشەکەتی بەدەربەندی ئەزمڕدا شۆڕ بووینەوە... خوا بەپاکی خۆمانی لەگەڵ کردین، ڕوانیمان جێبەکە لەوێ چاوەڕوانیمان دەکات.کەلەوێوە سواربووینەوە بەرەو (شارباژێڕ) بانگی عەسری دابوو، دوای نزیکی سەعاتێك (قەڵا چوالان)نیشمان بەجێهێشت کەلەولاترەوە بەماوەیەك ڕێگەکەمان زەویەکی نەرمیانی قوڕاوی کەجێبەکە بەسەلامەتی نەیتوانی لێی دەربچێت. جێبەم جێبە، چەقی. بەڵام چۆن چەقینێك؟ ئەم هەشت نۆ کەسە تێی ئاڵاوە، هەر تالاوی کرد بەقوڕگماندا ئەوسا توانیمان دەری بهێنینەوەو بیخەینەوە سەر ڕێگا.

بەڵێ (دەرمانی ڕێ ڕۆیشتنە) ئەنجا کەدەستمان کردەوە بەڕۆیشتن، ڕووناکی ڕۆژ بەرەو نەمان پاشەکشەی دەکرد، کە دوای ئەوەش بەکەمێك چاخانەیەکی کزەڵەی نێو دارو شەخسێکمان لێدەرکەوت، دوای پرسیار زانیمان هەر بەڕۆژ کار دەکات و بەشەو چۆڵە. بەڵێ لەوێشەوە کەرێگەمان دایە بەر، تاریکی شەو بەتەواوی داهاتبوو کەگەیشتینە چاخانەکەی کارێزە، ماندوێتی و سەرماو سۆڵەو

باوبارانی ئەو رۆژە خەریك بوو بەتەواوی بڕستم ببڕێت.

کەبەپەلە خۆمان کرد بەچاخانەکەدا، دیم چرایەکی لۆکس هەڵواسراوە چەندی بڕ دەکرد ژوورەکەی رووناك دەکردەوە. لەژێر بنمیچێکی نزمدا نزیکەی (٣٠) کەسێك لەسەر سەکۆی پاڵ دیوارەکانیش لەدەوری زۆپایەکی سوورەوە بووی کەمێك نزیك دەرگاکە دانیشتبوون... هەر کە چاوم بەزۆپاکە کەوت، سەبووریەکم هات، بەتایبەت کە بینیم لەسەر سەکۆکەی نزیك زۆپاکەوە جێگەی دووسێ کەس چۆڵە.. گورج خۆمان لەوێدا دامەزراند. من هەر خۆم نەبووم، بەڵکو لەعەربەت دوو منداڵی دە دوانزە ساڵانەی کە لەگەڵ گەنجێکی میش کوژ بەشاندا بوون، لەوێ بەمامۆستا مامۆستا خۆیان کرد بەهاوڕێم بەو نیازەی کە ئەوانیش دەچن بۆ (گەلاڵە).

ئیتر لەتەنیشت یەکەوە خۆمان دامەزراند، من هەموو هۆش و گۆشێکم چوو بەلای زۆپا سوورەوە بووەکەدا کەچۆن بوو بەفریاد رەخس. لەم کاتەدا کەخۆمان گەرم دەکردەوە، چایچیەکە کەنزیکی شەست ساڵێك دەبوو هات بۆلامان و بەخێرهاتنێکی گەرمی دوو منداڵەکەی کردو هەواڵێکی زۆری باوکیشیانی پرسی، وادیاربوو پێشتر دەیناسین کە باوکیان کاربەدەستێکی ناسراوە لە گەلاڵەو ئەوان بۆ ئەوێ دەچن، ئەنجا کەزانی من و کورە گەنجەکەش لەگەڵ ئەوان بەیەکەوەین، لەپرشنگەکانی ئەو بەخێرهاتنە گەرمە،بێ بەشی نەکردین. ئەنجا دوای ئەوەش بەڕوویەکی خۆشەوە سەرو چای بۆهێناین و وتی: لەدوورەوە هاتوون سەرماتانە جارێ سەروو یەك دوو چا بخۆنەوە، باناو سکتان گەرمی ببێتەوە، ئەوساش خواردن لەخزمەتتاندایە. لەڕاستیشدا کە چاکەمان خواردەوە ناوسکمان گەرماییەکی پێداهات. ئیتر ئەمە ناو بەناوێکیش ڕێبوارێکی درەنگ وەخت خۆی دەکرد بەم چاخانەیەی سەرەڕێگەیەدا بۆ حەوانەوە یان نووستنی شەو.. یەکێك بانگی کرد: کاکە شێخ نان و هێلکەیەکمان بۆ بهێنە، یان داوای دەکرد: کاکە شێخ نان و ماستێکمان بدەرێ، یەکێك بانگی دەکرد کاکە شێخ فاسۆلیاو برنجێکمان بۆبێنە.

منیش کەلە ئەنگوستی پێمەوە تا تەوقی سەرم لەتاو ماندوێتی هاواری دەکرد، هەستم کرد پێویستم بەحەسانەوەیەکی تەواو هەیە، بۆیەپانتۆڵەکەم فرێدایە لای خۆمەوەو، گۆرەوی و پێڵاوەکانم داکەندو پشتێنەکەم لەخۆم کردەوەو بەتەواوی

خۆم بۆ حەسانەوە شل کرد، بەتایبەتی کە جێگەی دانیشتنەکەم نزیك زۆپاکەبوو، بواری جووڵە کردنیشم زۆربوو، جاری وا هەبوو لەسەرلا دادەنیشتم یان چوار مەشقی یان بەئارەزووی خۆم. ئەنجا کاکە شێخ بەبێ پرس و ڕا، برنج و فاسۆلیاو نان و ماست و هێلکەی هێنایە بەردەستمان و لەسەر سەکۆکە دایناو وتی: نەوەکا نەمێنێت بۆیە پەلەم کرد فەرمون نانەکەتان بخۆن. منیش هەرچەندە بەتەواوی ماندوێتیم دەرنەچووبوو، بەڵام برسێتی ئەو ڕۆژە زۆری بۆهێنابووم، تێروپڕ نانم خواردوو سەرو چای شیرینیشمان کرد بەسەردا، کەدوای ئەوە بەدەم تینی زۆپاکەوە، تەزووی حەوانەوەیەکی خۆشتر هات بەلەشمدا.

ئیتر هەروا ڕێبوارەکانیش دوو دوو سێ سێ بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ قسە بۆ یەکتری دەکەن و گوێ لەدەنگوباسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە دەگرن:

دەڵێن لە دووریانەکەی دوکان و تاسڵوجە، سوپای عێراق بۆ پاراستنی خۆیان ژن و منداڵی ئەو ناوچەیەیان داوەتە پێش خۆیان و هێرشیان بردۆتە سەر پێشمەرگە.

کاکە لەجەنگی ئەم جارەشدا سوپای حکومەت لەڕێگا گشتیەکانەوە هێرش نابات، بەڵکو لەسەر شاخەکانەوە پەلامار دەدات. بەمجۆرە بەسەر شاخی تاسڵوجەشدا هاتووە هەتا (تابین).

هەرچی مەروماڵاتی ئەو دێهاتانەش هەیە، هەمووی تالآن کردووە.

کاکە ئەم کوڕە هەشت نۆ ساڵانەی تۆ لەکوێ بەرگەی ئەم شاخ و داخە دەگرێ.

براکەم خۆی دوام کەوت، دەڵێت من کەلەناو شاردا عەسکەر دەبینم زۆرم پێناخۆشە.

یان نیازی هەیە چەك هەڵگرێت و ببێتە پێشمەرگە؟

نەخێر.. خۆت دەزانی من بەرگدوورم، لەکونجێکدا بەرگ بۆ پێشمەرگە دەدوورم و کاکە بچکۆلەی خۆشتان، کونە قۆپچەکانیان لێدەنێت.

ئەوا کاکە شێخیش خۆش خۆش کۆتەرە دار دەخاتە زۆپاکەوەو بەدەنگی بەرز لەبەر خۆیەوە دەڵێت: چۆن دەیەڵم سەرماتان بێت؟

منیش کەلەم کاتەدا: گەرمای زۆپاکەو، نان خواردنی شێوان و، پاڵدانەوەی دانیشتنەکەمان لەسەر سەکۆکە بەو بەڕە زبرانەوە کارێکیان کردبوو کەلەشم

مێرووله بکات و، سه‌ره‌تای حه‌سانه‌وه‌یه‌کی باشی پێ به‌خشیبووم، کاکه شێخ هاته لامان و به‌زمانه شیرینه‌که‌ی خۆی خولقێکی گه‌رمی کردین که‌شه‌و لێره نه‌مێنینه‌وه‌و به‌ڵکو بچینه‌وه ماڵی خۆیان. له‌سایه‌ی خواوه نوێنی گه‌رم و نه‌رم زۆرو زه‌به‌نه‌یه. منیش له‌وکاته‌دا که‌ئه‌و گوێ ئاگردانه خۆشه‌م به (شیراتۆن) نه‌ده‌گۆڕیه‌وه، سوپاسی کاکه شێخم کرد که‌ئه‌گه‌ر لێمان ببورێت، حه‌ز ده‌که‌ین لێره بمێنینه‌وه. ئیتر شه‌و دره‌نگ ببوو، ڕێبواره‌کان خه‌وه نوچکێ گرتبوونی، کاکه شێخ ماندوو ببوو به‌ده‌م داگیرسانی له‌مپایه‌کی قه‌د دیواره‌که‌وه وتی: برا ئازیزه‌کانم، ڕووخسه‌تم بده‌ن ئیتر من وا له‌خزمه‌ت مه‌ره‌خه‌س ده‌بم، ئه‌وه کۆته‌ره دارێکی زۆرم لای زۆپاکه‌وه داناوه، مه‌یه‌ڵن سارد ببێته‌وه، لۆکسه‌که‌ی کوژانده‌وه‌و ده‌رگاکه‌ی پێوه‌داو ڕۆیشت.

منیش له‌وکاته‌دا تا ده‌هات، له‌شم خاوتر ده‌بووه‌وه‌و ئارامی زۆرتری پێدا ده‌هات، خه‌و گرتبوومی و به‌ره زبره‌که‌م لێ ببوو به‌دۆشه‌کی ئه‌سفه‌نج، جانتا چادریه‌کم کرد به‌سه‌رینێك که: تاقمی ڕیش تاشین و هێندێك کتێب و ده‌فته‌رو سابون و فانیله‌ی تێدابوو له‌گه‌ڵ ڕادیۆیه‌کی بچکۆله‌دا، پێڵاوه‌کانم خسته ژێر جانتاکه‌وه‌و، به‌ته‌نیشت دیواره‌که‌دا لێی ڕاکشام... که‌درێژبووم، خوایه ئه‌م نه‌رم و نیانیه چییه به‌م به‌ره زبره‌ی سه‌ر ئه‌م سه‌کۆ پڕچاڵ و چۆڵیه‌وه، که‌وه‌کو پشت شێلان ئاوا حه‌وانه‌وه‌و حه‌سانه‌وه‌م پێده‌به‌خشێت؟

هه‌ستم ده‌کرد ورده ورده ماندوێتی و شه‌که‌تی ئه‌و ڕۆژه‌ی هه‌ر به‌ره‌واندنه‌وه، ده‌ره‌وانده‌وه! به‌جۆرێك که‌بیرم له‌هیچ نه‌ده‌کرده‌وه، حه‌وانه‌وه‌ی جه‌سته‌ی خۆم نه‌بێت.. زۆری پێ نه‌چوو به‌بێ ئاگاداری خۆم، خه‌و په‌ریه چاومه‌وه‌و له‌م جیهانه جیای کردمه‌وه‌و بردمیه جیهانێکی تره‌وه، جیهانی خه‌ونێکی ڕه‌وان و شیرین شیرین.

که جاروباره‌یه‌کیش به‌ئاسته‌مێك وریا ده‌بوومه‌وه‌و، له‌نێوان ئه‌و زینده خه‌وه‌و وریاییه‌دا گوێم له‌هه‌ندێك ڕێبواره‌کان ده‌بوو که‌هێشتا به‌چرپه چرپ قسه‌یان بۆ یه‌کتر ده‌کردو، له‌باره‌ی ئه‌و جه‌نگه چاوه‌ڕوانکراوه‌وه‌ی حکومه‌ته‌وه ده‌دوان... که‌ئه‌م وتووێژه‌یان هه‌ر وه‌کو لایلایه‌یه‌کی به‌سۆز ده‌هاته به‌ر گوێم و چاومی ده‌برده‌وه خه‌و، خه‌وێك به‌ڵام وه‌کو له‌جیهانێکی تردا، له‌نێو به‌له‌مێکدا ڕاکشاوم و به‌سه‌ر ئاوی گۆمێکی مه‌نگدا ده‌گه‌ڕێم. هه‌روه‌هاش ده‌زانی پووزه‌کانم،

ئەژنۆکانم، ڕانەکانم،سێ بەندەو بڕبڕەکانی پشتم، قۆڵەکانم، هەموویان بوونە یەك ئەندامی جەستەم و لەحەوانەوەیەکی بێ هاوتای جیهانێکی تردا مەست بوون.

ئای لەمەستی ئەو خەوە شیرینە کەگوێزابوومەوە،بۆ ژیانێك هەر بیرم چووبووەوە کەمن عومەرم، یان ئەمە چاخانەکەی کارێزەیە، یان پەلامارێکی چاوەڕوانکراو بەڕێگەوەیە بۆ سەر وڵاتەکەم... بەڵکو لەجیهانێکی تردا بووم، ئای لەو خەوە شیرینە کەلە شەکرو هەنگوین شیرینتربوو و بەدرێژی ژیانم، ڕێکەوتم نەکردبوو!.. ئای لەو خەوە تەلیسماویەی چاخانەکەی (کارێزە) کە چەند چرکەیەکی شادمانی و کامەرانی ژیان بوو!

لەبەیانیداو لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو خەوەدا، لەگەڵ هەتاوی بەیانیدا کەلە نانخواردن بووینەوە، داوام لە کاکە شێخ کرد کەحسابی هەر چوارمان لەئێوارەوە چەند دەکات؟ بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی: من هەمووماڵێکم هی باوکی ئەو دوو کوڕەیە! تۆ دەڵێیت چی مامۆستا؟

من زۆرم وتو ئەو کەمی بیست. کەلە قسەکانیشیدا دەرکەوت: بەهۆی باری ئاڵۆزی ئەم جەنگەی حکومەتەوە کەخۆی بۆ ئامادەکردووە، شەکرو چاو هێندێك کەلوپەل لەم ناوچەیە دەست ناکەوێت بۆ کڕین، منیش بۆ ئەوەی قەرزێکی کەمی ئەو (وێر)ەی بدەمەوە: نامەیەکم بۆ نووسی بۆ خزمێکم لە(تەوێڵە) لەوێ لەو بابەتانە دەست دەکەوت: کەوا کاکە شێخ هات بۆ ئەوێ چی پێویستە بۆی جێبەجێ بکەن. کە نامەکەم دایە بەسوپاسێکی زۆرەوە خستیە سەر سەری. ئیتر کەلەوێ ڕۆیشتین، یادگاری ئەو خەوەی کەبەجۆرێك یادگاری لەناخمدا داکوتابوو کەهەرگیز بیرناچێتەوەو هەمیشە لەیادمدا گۆرانی دەڵێت، بەجێم نەهێشت و لەگەڵ خۆم هێنام.

# لەچۆمانەوە بۆ چۆمان

ئەو ئێوارەیە کەلە چۆمانەوە هاتین، تاریکی شەو بەتەواوی داهاتبوو،چاو چاوی نەدەدی، ترووسکاییەك ڕووناکی لە (قەسرێ)دا بەدی نەدەکرا. لەکاتەدا کەئێمە لەدامێنێکی ئەو شارۆچکەیەدا خەریکی سەوداو بەکرێگرتنی وڵاخ بووین کەئەو شەوە بڕۆین بۆ (قەڵادزێ) لەپڕێکدا فڕۆکەیەکی جەنگی بەنزمی هاژەیەکی بەسەرمانداکردو لەچیاکەی ئەو بەرمانەوە بۆمبایەکی فڕێدا، ناوچەکەی کرد بەڕۆژی ڕووناك و، بەلەرینەوە ئەو دەوروبـەرەی لەرانەوە بەرادەیەك ئێمەی برادەرانی سینەماو شانۆی بڵاوەپێکرد، هەتا نیو سەعاتێك یەکتریمان بۆ نەدۆزرایەوە، ئەوەبوو کاك بەهادین کڵاشینکۆفەکەی کاك سمکۆی هێنایەوە کەبەجێ مابوو وتی ئەوە چەکەکەی کاك سمکۆیە هێناومەتەوە.

برایان بیست وڵاخ پەیدا نابێت. کێ وڵاخی دەستکەوت ڕاوەستانی نەبێت بکەوێتە ڕێگە، کاتەکەی کاتی وەستان نییە. من و کاك سمکۆ عەزیز بەدوو ئێسترەکەوە لەگەڵ کابرای کاروانچی نیوەشەو تێپەڕی بوو کەلە تاریکستانی چەمێکی قووڵدا بووین هاژەی ئاوی هەرەتی بەهار دەنگی دەدایەوە، چوار پێنج خانوو لەناو درەختەکانا دروستکرابوو، ئۆخەی لەم دێیە پارویەك نانمان هەر دەستدەکەوێت خۆ ئێمە لەبەیانیەوە لە (چۆمان)ەوە کەبەپیادە هاتین فڕۆکە بواری نەداوین پاروویەك نان نزیکی دەممان بکەوێت.

یەکەم دەرگا کەلێماندا، دەرگایەکی تەنەکە بوو. بۆخۆی کرایەوە، ژوورێکی خنجیلانەی پاك و خاوێن پڕ ڕایەخ زۆپایەك لەناوەڕاستا پڕ لەدارو چیلکە، هەر دەنکە شقارتەیەکی کەم بوو، لەولاترەوە کراسێکی ژنانە کەوتبوو، ئەم ژوورە بۆ خۆگەرم کردنەوەو حەسانەوەی ئەم شەومان زۆر لەباربوو، بەلاّم ئێمە برسیمان بوو. لەدەرگای خانوویەکی ترماندا. ئەو نەکرایەوە، لەولاترەوە هەیوانێکی درێژکۆلەی مالّێکمان دی دەرگایەکی یەك تاکی ڕەشەوەبوو ژوورێکی لەسەربوو هەرچەندە لەوێشماندا هەر نەکرایەوە وادیاربوو دێیەکە لەبەر بۆمبارانی فرۆکە چۆلی کردبوو، بۆیەك کاك سمکۆ بەداخێکەوە وتی نەخێر پیالّەیە چاشمان دەس تناکەوێت،کاروانچیەکەش وتی کاکە هیچ خەمی چایی مەخۆ، برای بچووکت هەر کەدەچم بۆ کاروان، نان و کتریەك و هێندێك شەکروچایی لەگەلّ خۆم دەهێنم هەر ئێستا لەم هەیوانەدا چاتان فریادەخەم. وای وت و لەئاگردانێکی نزیك دەرگاکەوە ئاگرێکی کردەوە بلّێسەکەی ئەو ئاقارەی ڕووناك کردەوە، کەچی کاتێکمان زانی دەرگای ژوورەکە کرایەوەو پیاوێکی پیری ڕیش سپی مەسینە بەدەست بەبۆلّەبۆلّ دەرگاکەی کردەوەو بەئاوی مەسینەکەی دەستی ئاگرەکەی کوژاندەوە، بەشێوە زمانی کرمانجی ژوورو بەتوورەییەوە وتی: ئەزبەنی ئێوە چدەکەن؟ نیازتان هەیە بمانکەن بەنیشانەی فرۆکە دەرگاکەی لەسەرخۆی پێوەدایەوەو کلۆمی دا. بەلاّم کاکەی کاروانچی لەپەنایەکی هەیوانەکەدا بەئاگرێکی کز هەرچۆنێك بێت سەرو یەك دوو چای بۆ ئامادەکردین.

بۆ سبەینێ چێشتەنگاو لەڕێگەکەماندا لەدێی (هێنزە)ی بناری (قەندیل) لەمالّی هاولاّتیەکدا نانی بەیانیمان خوارد. هەرئەوەندە ئەوێشمان بەجێهێشت زرمەی بۆمبایەکی فرۆکەکان ئەوێشی بێژا ئەو بنارە دەنگی دایەوە. ئیتر بەدرێژی ئەو ڕۆژەش هەتا ئێوارە فرۆکە بەئاسمانەوە بووەو ناوبەناوێك زرمەی هاتووە ئێمەش بەو ڕێگە چۆلّەوانیە چیاییانەوە بووین و کەسمان نەدیوە. هەتا نزیکی بانگی شێوان بەسواری لەئاوەکەی دۆلی شەهیدان پەڕیوینەتەوە. کەلەوێ پەڕینەوە هێشتا بەتەواوی تاریك دانەهاتبوو، ڕێگاکە دایە تەختانی. لەوبەر ئاوەکەوە نزیك ڕێگەکە زۆربەداخەوە چەند وێنەیەکمان بینی: کەلەدەمی یەك دوو ئەشکەوتەوە چەند منداڵێك وەکو زەڕنەقووتە سەرەتاتێکیان بوو سەیریان دەکردین، وادیاربوون لەگوندەکانی دەوری (سەنگەسەر) و (ژاراوە)وە لەبەر

بۆمببارانی فڕۆکە پەنایان بۆ ئەم ئەشکەوتانە هێناوە. ئیتر هەر بەڕێگەیەکی تەختی ئاساندا نیوە شەوێکی درەنگ گەیشتینە نزیك (ژاراوە)، لەوێ کابرای کاروانچی کەوتە وەسیەت کردن بۆمان، وتی: برایان کەمن کوژرام لە (قەسرێ) بەخێزانەکەم بڵێن ئەم دوو ئێسترە زایە نەکەن و بیدەنەدەست کورەکانم و کاسپیان پێوە بکەن خێزانەکەیانی پێ بژێنن. ئێمەش زتمان شتی وا بۆخۆت مەقرێنە، لەپاش ئەوە کێ دەڵێت ئێمە پێش تۆناکەوین. تکایە ورەمان پێ بەرمەدە.

کەچووینە تاریك و نووتەکی ناو دێوە، لای مزگەوتەکەوە کابرا ڕاوەستاو پێی وتین، قسەیەك دەکەم گوێم لێراگرن. وتی: من ئیتر لێرەوە لەگەڵتان نایەم و دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە لە(قەسرێ) ئێوە نابینن خەڵکەکە چی لەبۆمببارانی دوێنێی قەڵادزێ دەگێڕنەوە. کاکە ئێمە گفتمان هەتا (قەڵادزێ) بووە چۆن دەگەڕێیتەوە. پیاوی چاك بەو برای چاك بەچۆن بەجێمان دەهێڵی. ئێمە وتمان و ئەو نەیبیست، وتی خۆتان ماندوو مەکەن. ئەوەتا لەخوارترەوە کاروانی ئۆتۆمبیلی (ڕانیە) بەرەو (قەڵادزێ) قەتارەی بەستووە خۆ چاوەکانیان دیارە، بڕۆنە سەرجادەو بەسواری ئۆتۆمبیلێك بۆخۆتان ئەگەنە ئەوێ.

نیوەشەو ببوو کە ئۆتۆمبیلەکە گەیانینیە ئەوێ. بەڵام (قەڵادزێ)ی چی؟تاریك تاریك لێقەوماو بێ دەنگ و سەنگ دەتوت خۆڵی مردووی کراوەبەسەردا. پێرێ کە ١٩٧٤/٤/٢٤ بوو فڕۆکەکان ڕق و قینی بەعسیەکانیان بەسەردا قڵپ کردبوونەوە. کاربەدەستان ئێمەیان ناردە ماڵێك کەشەوی تێدا ڕۆژ بکەینەوە، ماڵی چی لەبەر تاریکی و وردە شووشەی پەنجەرە ئەوەندە چاومان لێك نەنا. بۆ سبەینێ یەك دوو سەعاتێك بەپەلە بەناو شاردا گەڕاین. شاری چی؟ بازاڕو دوکانەکان کاول کرابوون، زۆر ماڵ بەپێوە نەمابوون، جادەو کۆڵانەکان چۆڵ و هۆڵ تاك وتەرا بەدەگمەن نەبێت کەس نەدەبینرا، ئەوەشی دەبینرا بەکۆڵێك خەم و پەژارەوە بوو، شار هەر بۆنی خوێنی لێدەهات، بۆمبایەکی ناپاڵم لەوبەر چەمەکەوە قنج و قیت ڕاوەستابوو نەتەقی بووەوە. بێچوە مراویەکمان بینی لەسەر جادەکە لارەلارە لەسەرخۆ بەبازارەکەدا دەسووڕایەوەو نەمانزانی چی لەدڵی ئەودایە.

کەلەگەڵ زۆربەی برادەرانی تیپدا یەکمان گرتەوە هێشتا سەرلە بەیانی بوو، دەی کاکە ئەوی بۆی دەکرێت باوڵاخ پەیدابکات هەتا زووە بابکەوینە ڕێگە بۆ

(ماوەت) ئەنجا لەوێ بڕیاری تەواوی بدەین بۆ پێنجوین.

ئەوڕۆژە هەتا عەسرێکی درەنگان کەرێگەمان کوتا، تەماشامانکرد چەند کەسێك لەدامێن رێگەکە کەندەلانێکیان رێکدەخست. خوا قووەتان بدات (مامۆستا جەعفەر) ئەوە چی دەکەن؟ مانوو نەبن مامۆستا عومەرو مامۆستا سمکۆ، ئەوە لێرەدا خەریکین میوانخانەیەك بۆ ئەم رێبوارانە دروست بکەین، بەداخەوە جارێ تەواو نەبووە هەتا داوای مانەوەتان لێبکەین. بەلام ئێوە لێرەوە مەچن بۆ (ئەم دێیەی لامانەوە) خەلکەکە قەلەبالغیەکەیان بردە ئەوێ، ئەمە دێیەکی هەشت نۆماڵەیە لەخوارمانەوە نزیکە، تۆو سمکۆ ئەمشەو بچنە ئەوێ. بەیانیش کەرۆیشتن بۆ ماوەت، رێبوارەکانی ئەویش هەر بەلای ئێوەدا دێنەوە.

من رایەکەی مامۆستا (جەعفەر مەجید)م بەسوپاسەوە پەسەند کرد. پێش رۆژاوا بەپالتۆو جانتاکەمەوە لەسەربانی ماڵێك لەو دێیە شانم دادابوو، هیلاك و ماندوو سێ رۆژبوو تێرسکی خۆم نانم نەخواردبوو لاکەی سەرم دەهات، هەر سەرنجی ئەو پەلە نێرکە پیازە گەشەم دەدا کەلەبەردەم ماڵەکەیاندا پەرژین کرابوو، وادیاربوو هێشتا دەستی بۆ نەبرابوو.ژنی خاوەن ماڵیش کە منداڵێکی بچووکی هەبوو هەر خەریکی هاتوچۆو دەرو ژوور بوو،سەری خۆی قالکردبوو،وا دیاربوو خواردنێکی باش بۆ ئێوارە ساز دەکات، ئێوارە درەنگ کە خانەخوێکەم هاتەوە، بەرووخسارێکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردم بۆ ژوورەوە، هێشتا ئێواران و شەو ئاگر خۆش بوو، کەچووینە ژوورەوە، زۆپاکە خۆش دەسووتا، مەنجەلۆکەیەك چێشت لەسەری هالاوی لێهەلدەستا، پشکۆکانی بەردەمیشی، کتریەك چای لەسەر بوو، کەدانیشتین پیاوە وتی دەی ئافرەت نانمان بۆ تێکە درەنگە. ئەویش هەریەکەمان لە قاپێکی قوولدا چەند ئەسکۆییەك شۆربای بۆتێکردین بەنانەوە خستیە بەردەممان و فەرمووی لێکردین. شۆرباکە چی بێت باشە؟ ماشێنە. بەلام کەدەستمان کرد بەخواردن، من بەلامەوە وەهابوو زۆربەی لەزەتی ئەم دنیایە لەو ماشێنەیەدا کۆبۆتەوە ئەوەندە بەتام و بۆ بوو. دووسێ کەوچکمان نەخواردبوو، پیاوەکە وتی ئافرەت وادیارە ماستەکەت بیرچووە. ژنە بەدەم راپەرینەوە هەستاو وتی: ئۆە ملی شەیتان بشکێ بیرم چوو، جامولکەیەك ماستی تازە مەیوی هێناو لەبەردەممانا دانا. یاران کەئەو ماستەمان بەو ماشێنەوە خوارد هەر کەوچکێکی خۆشیەکی تری دەبەخشی، بەرادەیەك ئێستا

تەمەنم هەشتا ساڵە لەزەتی خواردنی وەهام ڕێکەوت نەکردووە، ئیتر نازانم من زۆرم برسی بوو یان خواردنەکە هەر خۆی وەها خۆشبوو. بۆ شەویش دوای چا خواردن، کاتی نووستن خانە خوێکەم بەشەرمێکەوە وتی: کاکە برا! لێمان مەگرە وەکو دەبینی ژوورەکەمان زۆر بچکۆلەیە کاتی نووستن نوێنەکانت بۆ هەڵدەگرم بۆ مزگەوت، بەڵام بەیانی زوو دێمەوە بەدووتا تەشریف بهێنیتەوە بۆ نانخواردن لەخزمەتتانداین.

ڕۆژی سبەینێ لەگەڵ برادەراندا ڕێگەکەمان هێندە دوورودرێژو بەردەڵانی و چۆڵەوانی بوو، بێزاری کردین. دێ ی (سەفرە)و (زەروون) لای ڕاستمانەوە وەکو تۆرابن بەلاپاڵی سەرووی چیاکەوە بەگران بۆمان بەدی دەکران هێندە لەڕێگەکەوە دووربوون. دێی (قامیش)و (دری) بوون.هەرچەندە ئاوەدان بوون ئەوانیش لای چەپمانەوە زۆر دوورە ڕێگەمان بوون. بەو ڕێگەیەوە تەنیا دوو ڕێبوارمان بینی، ئەوانیش هەواڵێکی بەداخیان داینێ: کەدوێنێ واتە ٤/٢٦ (هەڵەبجە)ش بۆمبباران کراوە ئەو سوێیەش چووە دڵمانەوە.

ئیتر بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە ماندوێتی، هەر ڕێگەمان دەکوتا، برادەرێکمان وتی: خەمتان نەبێت برایان دێیەکی بچووکمان لەسەر ڕێدایە ماڵی مامێکم لەوێیە شەو لەماڵی خۆیان گلمان دەداتەوە. کەگەیشتینە ئەوێش لەبەر کەم دەستی هەر باش بوو سەرو یەك دوو پیاڵە چامان خواردەوە، ئیتر بەسوپاسەوە ماڵئاواییمان لێکردو کەوتینە ڕێ.

نزیك خۆرئاوا کەمێکمان مابوو بۆ چاخانەکەی سەر جادەی سلێمانی ماوەت، ڕێکەوتی ڕێگەیەکمان کرد سەخت و ڕەقەن، بەردی قۆقزقۆقزسەری لەزەویەکەوە دەرهێنابوو، منیش لەوکاتەدا بەسەر پشتی ئێسترەکەوە خۆشی خۆشی کەمێکیتر دەگەینە سەرجادە، کەچی کاتێکم زانی لەپڕێکدا ئێستر داچڵەکی و شێتانە دایە غارو بەناو ئەو بەردانەدا هەڵیگرتم، هەرچەندە جڵەوەکەیم ڕاکێشا بۆم نەگیرایەوە بەڵکو تادەهات شێتگیرتر دەبوو، ڕۆح هاتە کونە لووتم بەسەر ئەو بەردانەدا فرێی بدامایەتە خوارەوە هەموو گیانم تێکدەشکا، یان خۆشم بەهەرلایەکدا فرێ بدایە بەردەکان هەلاهەلایان دەکردم. ناچار بەترسێکی زۆرەوە بەپێوە هەڵسامە سەر پشتی ئێسترەکە، کلاشینکۆفەکەم بەدەستێك بەرزکردەوەو، جڵەوی ئێسترەکەش بەدەستەکەی ترمەوە، ئەوا ئێسترەش تادێت هاروهاجتر دەبێت و

زیاتر جووتە ئەوەشێنێ، منیش چاو بۆ جێگەیەك دەگێرِم هەرچۆنێك بێت خۆم فرێدەمە خوارەوە. ڕێكەوت ئێستره لایدایە كەڵەكە بەردێك ئەودیوی وەردێكی كۆن نەبوو، لەمە باشترم بۆ هەڵناكەوێت. دووبەختانە هەتاتوانیم بەسەر كەڵەكە بەردەكەدا بەكلاشینكۆفەكەوە بازێكمدا، لەناو وەردەكەدا نیوە گرمۆڵە بووم. كەسەیری دەوروپشتی خۆم كردو هەستامەوە سەرپێ و هەستم بەهیچ ئازارێك نەكرد، باوەڕم بەخۆم نەكرد، كەبرادەرانیش دەستبەجێ بۆ یارمەتی گەیشتنە سەرم بەوجۆرە بینیانم هەستاوم دەستیان كرد بەپێكەنین بەو شێوە ڕاوەستان و سێركبازیە كەلەسەر پشتی ئێستره بەلەعنەتبووەكە لێیان دیم.

جادە بۆ (ماوەت) لەچایخانەكەوە بەپیادەیی سەعاتە ڕێگەیەك كەمتر دەبوو، كاتێك كەهاوڕێیانیش بەرەو ئەوێ جولان، كاك (حەمە سەعید) پێی زانیم سەعاتەكەم لەدەستدا نەماوە، وتی ئەوە لەوەردەكەدا لەجێگە كەوتنەكەدا كەوتووە، بڕیاریدا هەتا ڕووناكە بچێت بۆم بهێنێتەوە. هەرچەند داوام لێكرد ئەوە ئەو ئەركە ناهێنێت، سەعات بەقوربانی تۆبێت، ئەو نەیبیست، بەڕاكردنێكی ماراسۆنی ڕایكردەوە بۆ جێگە كەوتنەكەم، منیش لەچاخانەكە چاوەڕوانیم كرد، تاریكی داهاتبوو كە (حەمە سەعید) بەسەعاتەكەوە گەڕایەوە. دوای سوپاسێكی زۆر ئەنجا خۆشم بەتەنیاو بەپیادەیی ڕێگەی (ماوەت)م گرتەبەر لەوكاتەدا دووزەلام لەپێشمەوە كە ڕەفتاریان پەسەند نەدەهاتە بەرچاوم لەسەر جادەكە هەر خۆیان دەخلافان و خۆیان دوادەخست. من وەهام لێكدایەوە كەئەم دوانە نیازی كلاشینكۆفەكەی شانمیان هەیە، لەبەرئەوە منیش ڕۆیشتنەكەم خاوكردەوە هەتا نزیكیان نەبمەوە، ماوەیەكی چاك بەوجۆرە بردمە سەر هەتا گەیشتمە داروشەخسەكەی بەردەم ماوەت، ئیتر وردە وردە ئاوەدانی پەیدابوو منیش لەوە بەولاوە لەو بەلایە ڕزگارم بوو. بەڵام كەچوومە ماوەتەوە بەو ماندوێتی و ناوەختە برادەران خەریكن لەوێش بڕۆن. بۆكوێ برایان؟ ئەی نەتزانیوە، ئەم عەسرە فڕۆكە جەزرەبەی لێرەش وەشاندووە، بەڵام هەر ناو چەمەكەی خوارەوەی گرتۆتەوە، كاكە ئێرەش جێگەیەكی پڕ مەترسیە، ئێستا دەڕۆین بۆ (ئاوەكورتێ) ئەوێ لەسەر سنووری ئێرانە باشترە. ئیتر بەپیادەیی شەومان گرتەوە بەدەمەوە، هەتا نزیك بەیانی باران كوتاونی. لەئاوە كورتێش دوورە دێ خانوویەكی گەورەی حاجیەكمان بەكرێ گرت كەلەناو باخەكانیا دروستی

کردبوو، سێ چوار ڕۆژێکی تێدا ماینەوەو گوزەرانی خۆمان دەبرد بەڕێوەو درامایەکی ڕادیۆیمان بۆ ئیستگەی کوردستانی عێراق تۆمارکردو ناردمان. حاجی کەئەمەی لێدین وای حەز دەکرد کەبۆی بنووسین بۆ شۆرش تفەنگێکی بداتێ بۆ پاسی ئێمە، بەڵام دوای پێنج ڕۆژێك کەفرۆکە کۆڵیتە چۆڵە نزیکەکەی پشتی شاخەکەی ماڵەکەیانی بەبۆمبا هەڵتەکاند، پێی وتین: کاکە من خاوەن ماڵ و منداڵم بەڵکو جێگەیەکی دوورتر بۆخۆتان پەیدابکەن.

دەڵێت، قسە قسە ڕادەکێشێت، ئێمە کەلە (چۆمان)ەوە هاتین نیازمان هەیە بەرەو ناوچەی پێنجوین برۆین، کەشۆڕش باوەڕی وەهایە ئەو ناوچەیە جێگەیەکی هێمنترە بۆ چالاکیەکانمان و دەیکەینە مەڵبەندی کارکردنمان، ئێستاش بەڕێگەوەین بۆ ئەوێ. کە حاجیش وتی جێگەیەکی تر پەیدابکەن، ئێمەش بڕیارماندا جارێ بگوێزینەوە بۆ دێهاتە نزیکەکانی (گرگاش)و (ماشان)و (شاناخسێ) کەئەو ناوچەیە باخ و باخاتێکی چڕی باشی هەبوو، بۆ خۆشاردنەوە لەفرۆکە، خراپ نەبوو، هەروەها یەك دوو هەفتەیەك چاوەڕوانی دەکەین هەتا لەگەڵ هاوڕێکانیترمان یەکدەگرینەوە، وەها چاکترە ئەوانیش ڕایان لەسەر ئەوێ بێت.

دواقسەکەی حاجی، شنەبای ساردی بەهار ئەو یالآنەی مەست کردبوو کەبەپیادەیی گواستمانەوە بۆ ئەو ناوچەیە کەئاوی چەمی (تابۆتە) لەئێرانی جیادەکردەوە دێهاتەکانیشی بەوبەرەوە دیاربوون، جگەلەئەوەش سروشت گەلێك دیمەنی جوان و دڵگیری پێ بەخشی بوو.

لە ماشان من و (نـوری وەشتی و شێخ تاڵب بەرزنجی) کەمتر لەیەك جیادەبووینەوە، مامۆستا عومەرێکیشی لێبوو ماڵیان لەوێ بوو، یەك دووجارێك بانگی کردینە ماڵەوە بۆ نانخواردن، هەتا بیرمە جارێکیان دایکی بەسوعبەتەوە، بەشێخ تاڵبی وت: یاشێخ تۆ چاوباشقاڵیش دیاریت، ئێمەش زۆر بەو قسەیە پێکەنین. برادەرێکی کەرکوکیش ناوی (فەرەیدوون) بوو کەنیازی بوو بچێت بۆ شاناخسێ بۆ کرینی هێندێك شتومەك برادەران لێی کۆبوونەوە ڕایانسپارد کەهێندێك وردە پێویستیان بۆ بهێنێت، ئەویش بەخۆشیەوە بەڵێنی پێدان، منیش کەئەمەم لێدی وتم کاکە فەرەیدوون شتەکان زۆرن بیاننووسیت باشترە با بیرت نەچێت. پەنجەی بۆ سەری ڕاکێشاو وتی: مامۆستا دەماخ ئیش دەکات.

ئیتر لەو ناوچەیە هەفتەیەك تێپەڕی بوو، ڕۆژێك لەرادیۆی دەنگی کوردستانی عێراقەوە ڕاسپاردەیەکم بۆ هات کەمن و (گەزیزە) بگوێزینەوە بۆ ئەوێ کەلە (چۆمان) بوو، هەر ئەو پاشنیوەڕۆیە دوای خواحافیزی کردن لەگەڵ هاوڕێکانم کەوتمە ڕێگە کەلە (ماوەت)ەوە بچم بۆ تەوێڵە، چونکە (گەزیزە) لەگەڵ دایك و خوشك و براکانیا لە (تەوێڵە) نیشتەجێ بوون. لە (ماوەت)یشەوە لەبەر دەستنەکەوتنی ئۆتۆمبیل شەو لەسەر بارەوە سواری تراکتۆرێك بووم هەتا دووڕیانەکەی پێنجوێن ڕۆیشتم، لەوێش ڕێکەوتی جێبێکم کرد دەچوو بۆ (عەربەت) سواربووم. کەبەیانی پێش هەتاوکەوتن گەیشتینە (سیتەك) لەوێش بۆ خۆپاراستن لەبۆمببارانی ڕێگاوبان هەتا ئێوارە خۆمان لەباخەکانی سیتەکدا شاردەوە. بەدرێژی ئەو ڕۆژەش گرمەی فڕۆکە لەئاسمانی شارباژێردا نەبڕاوە.

نزیك ئێوارە خەریك بوو بڕۆین، جووتە پێشمەرگەی بەناوبانگ کاك (مستەفا چاوڕەش)و کاك(برایم سەعید) کەبە (بلەی سەعەکەر) بەناوبانگ بوو بەخۆیان و کلاشینکۆفەکانیانەوە هاتن، دوای بەخێرهاتن و چاك و چۆنیەکی گەرم لەبرایمم پرسی لەکوێوە برایم؟ وتی لەسلێمانیەوە، دەستێکی خستە سەرشانم و بەبرۆ هەڵتەکاندنێکەوە وتی: مامۆستا ئەمشەو گوێ لەرادیۆش بگرە. ئیتر لەیەکتر جیابووینەوەو، پێش تاریکی جێبەکە بەنەفەرەکانەوە بەرێگەی دوکانیاندا بەرەو (عەربەت) کەوتە ڕێ. بەڵام پێنج دەقیقە ڕێیەك، ئەو خۆشیەمان نەما، جێبەکە بەشی پشتەوەی قرمەیەکی ناخۆشی لێوەهات و ڕاوەستا، تومەز شەفتەکەی شکاوە. ئەنجا خۆ هەتا بەیانیش بەو ڕێگە چۆڵەوانیەداو بەپیادەش ناگەینە (عەربەت). بەڵام دوای نیو سەعاتێك چراکانی ئۆتۆمبیلێك بەرەوڕوومان هات، کەدەستمان لێراگرت لۆریەك بوو نەمانزانی چی تێدایە، پێی وتین: کاکە لێرەدا دانیشن لەم نزیکانە بارەکەم دادەگرم و دەگەڕێمەوە بۆ (عەربەت) هەڵتان دەگرم. کەسواری لۆریەکە بووین دەروویەکی گەورەمان لێکرایەوە. لە (عەربەت)یش ڕێکەوتی مامۆستا کەمال غەفورم کرد کەئەویش هەربۆ تەوێڵە دەچوو. ئیتر ئەو شەوە چەند ئۆتۆمبیلێکم گۆڕیوە هەتا بەیانی مەلابانگان لە(تەوێڵە) دابەزیم.

ئەوسەردەمە مانگی حوزەیران بوو ماوەیەکی زۆر نەبوو تەقە دەستی پێکردبووەوە، ئێران خۆی ڕێگەی دەدایت بەشارە سنووریەکاندا تێپەڕ ببێت، لەبەرئەوەی (گەزیزە)ش منداڵ بوو بۆیە داوام لەشۆڕش کرد بەئێراندا ڕەوانەی

(حاجی هۆمەران)مان بکات. بەڵام لە(تەوێڵە) دوای پانزە ڕۆژێك چاوەڕوانی ناخۆش ئەوسا ڕەوانەیان کردین.

بە(گەزیزە)وە بووین بەچوار کەس، گوایا لەئێرانەوە ناوی سێ کەس هاتۆتەوە، ئێمە لەژێر ناوی ئەم سیانەدا بچین بەودیواو ئەرکی میوانداریشمان بکێشن. لەڕۆژێکی مانگی حوزەیراندا لەتەوێڵە سواری جێبێکی تایبەتیان کردین. عەسر نەببوو کەگەیشتینە تەرمیناڵەکەی (شۆشمێ). لەوێ پاسێکی گەورە ئامادەبوو کابرایەك خەریکی ناو نووسین بوو، ناوی ئێمەشی نووسی، لەناو پاسەکەدا چەند ناسیاوێکی (هەڵەبجە)شی تێدابوو ئەوانیش بۆ (پاوە) دەچوون کاك عومەر کەوتنە بەخێرهاتنم، منیش چاوێکم لێداگرتن چونکە ناوە خواستراوەکەم دابوو، ئیتر باش بووکارەکە نەشێوا. پاسەکە بەڕێگایەکی شاخاوی و سەختدا تێپەڕی، هەتا نزیك ئێوارە ئەوسا گەیشتینە (پاوە) کەبەگردێکی بەرزی بنار شاخێکەوە بوو، کەلە دامێن شاریش دیم منداڵان بەتراکسوودی ڕەنگاوڕەنگەوە بەقاووقریشك خەریکی فتبۆڵێنن و ئاسمانەکەشیان فرۆکەی پێوە نییە، هەستم بەهێمنیەك کرد، چونکە من دووسێ مانگێك دەبوو لەو ژیانە دوورکەوتبوومەوە. دوای ڕاگرتنمان سەعاتێك لە(پاوە) ئێوارە بەجێبێك چووین بۆ ئۆردوگاکەی ئاوارەکان لە (سەریاس) کەنیو سەعاتێك لەوێوە دوور بوو، تا شەو لەوێ بمێنینەوەو لەوێوە بچین بۆ (کرمانشاە).

ئۆردووگایەکی گەورە، چادرێکی زۆر، لەبنار شاخی (سەریاس)دا هەڵیدابوو، لەلێقەوماو و ئاوارەدا جمەی دەهات کەخەڵکی (شارەزوورو هەڵەبجەو سلێمانی) دەوروبەرەکانیان بوون، لەوێ چادرێکیان داینێ، کەخەڵکەکە بەهاتنی ئێمەیان زانی دۆست و ناسیاو هاتن بۆ بەخێرهاتنمان. بەڵام چۆن چادرێك ئەوشەوە هەتا بەیانی لەبەر ئەسپێ خۆمان هەڵکڕاندووە بەجۆرێك تا یەك دوو مانگێك لێمان نەبووەوە. بۆ سبەینێ نیوەڕۆ کەچووینە (کرمانشاە) لەسەر داوای شۆفێرەکە چووینە چێشتخانەیەك و نانمان خوارد، شەو لەئوتێل (بزورگ) میوان بووین، ئیتر ئەو ڕۆژە کاتەکەمان بەگەڕانی شارەکەوە بردەسەر بەتایبەت سەیرانگای (تاق و سان).

(تاق و سان) بەشاخەکەی پشتیەوە ئەشکەوتێك هەبوو دەیروانی بەسەریدا، بەتەنیشت دەرگاکان و بەردەمەکەیدا چەند هەیکەلێك لەسەر تەنیشت

هەڵکەنرابوو وادیاربوو هی چەند کەسانێکی کۆنی مێژوویی بوون، ئەم ئەشکەوتە دەیڕوانی بەسەر (تاق و سان)دا. سەرچاوەی گەورەی ئاوێکیش لەشێوەی گۆمدا ئاگاداریەکی لێنووسرابوو، ئەگەر بەتەواوی بیرم مابێت لەسەری نووسرابوو (تیرئەندازی و ڕاووشکارو، سەیدوقەنس، مەمنوعەست)، لەناو باخەکانیشەوە ناوبەناو دەنگی گۆرانی و ساز بەرز دەبووەوە. دانیشتوانەکەشی بەفارسی و بەکوردی دەدوان، ئەم شارە لەوەش دەچوو کەلەڕووی ئاوەدانیەوە سەرەتای پێشکەوتنی بێت.

بۆ سبەینێ بەیانی کەلە ئوتێلەکەوە کەوتینە ڕێ، هەر لەفولکەیەکی ناو شاردا دوو شۆفێری جێب، ماشێنەکانیان ڕاگرتبوو، هی ئەهالی و هی سەربازی، خەریکی دەمە قاڵێ بوون. کابرای ئەهلی سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەر سەربازەکە بەرێت بۆ پۆلیسخانە. کەمنیش زانیم سەربازەکە زۆر زەلیلە بەدەستیەوە دابەزیم و تکای لێبووردنم بۆ کرد. بەمەدا بۆمان دەرکەوت کەلەم وڵاتەدا دەسەڵاتی پۆلیس لەسەرو دەسەڵاتی سەربازییەوە.

ئەنجا کەوتینە ڕێ بۆ شاری سنە بەشارۆچکەی (کامەران)و تونێلێك و فرۆکەخانەیەکدا تێپەڕین. کابرای شۆفێر لەڕێگە هەر بەفڕین دەفڕی، وتم برا وادیارە تۆ دەستگیرانەکەت لە (سنە)یە بۆیە وا باڵت لەم جێبە پەیداکردووە، ئەویش پێکەنی وتی: بانی چەشم حەز لەپەلەناکەیت. دەوری نیوەڕۆش بوو گەیشتینە سنە، لەوێش ئەو ڕۆژە بۆمان نەکرا بچین بۆ (مەهاباد) شەو چووین بەمیوانی ئوتێل (ئابیدەر) کەگوایا سبەینێ دەرچین.

لەسنەش ئەو ڕۆژە کاتەکەمان بەگەڕان بردەسەر هەموو شتێك لەسنە هاواری دەکرد کە ئەمە شارێکی کوردە، دانیشتوانەکەی بەکوردی دەدوان و بەرگی کوردیان لەبەردابوو، داب و نەریتی کوردیان پێوە دیاربوو، بەڵام لەڕووی خانووبەرەوەو ئاوەدانیەوە شارێکی کۆن دیاربوو بایەخی پێنەدرابوو.

بۆ سبەینێ سەعات هەشت چووین بۆ تەرمیناڵی مەهاباد، لەوێ سواری پاسێکی درێژ بووین ئیتر مەهاباد خۆت بگرەو هاتین.

ڕێگەی مەهاباد دووروودرێژ بوو، بە(دیوان دەرە، سەقزو بۆکان و) چەند ئاوەدانیەکی تردا تێپەڕین، پاش نیوەڕۆ پاسەکە لەمەهاباد دایبەزاندین، ئێمەش وەهامان زانی لە (مەهاباد)ەوە دەبێ بچیت بۆ (ورمیە) کەئەو سەردەمە

ڕەزائیەیان پێدەوت و لەوێوە بڕۆیت بۆ حاجی هومەران. کابرای تەرمیناڵەکە وتی ئەوە تاکسی نەفەراتە یەکی چەند تمەنێکی بدەنێ دەتانباتە چێشتخانەو لەوێ نان بخۆن و تادێنەوە ماشێنێ (ڕەزائیە) ئامادە دەبێت. ئەشیاکانیشتان لێرە دانێن.

ئەم شارە کۆنتر ناوی (سابلاخ) بووە، لەناوەڕاستی چلەکاندا بەسەرۆکایەتی شەهید (قازی محەمەد) پایتەختی کۆماری کوردستان بووە. دانیشتوانەکەی، هەرچەند ئێمە بواری سورانەوەمان کەم بوو بەشێوە زمانی سلێمانی دەدوان. بریندارو خۆڕاگرو بەڕێزیش دیاربوون. ئێمە نەچووینەوە بۆ تەرمیناڵەکە هەتا چووینە سەردانی گۆڕەپانی (چوارچرا) کە جێگەی شەهیدکردنی (قازی محەمەد)و هاوڕێکانی بوو. ئەنجا کە گەڕاینەوە تەرمیناڵەکە پاسی (ڕەزائیە) ئامادەبوو لەسەر ئێمە ڕاوەستابوو.

کە کەوتینە ڕێ بۆ (ورمێ) جادەکەی هەتا ئەوێ، شاخ و گردی بەرزی نەهاتە ڕێ، هەتا نزیکی عەسر، لەدامێنی شار ئاوێکی شینی جوان بەناوەڕاستی دووپەڵە چەوی سپی شۆڕاوەی جواندا دەڕۆیشت، ئەنجا لەوبەر ئاوەکەوە دارستانێکی سەوزی تێر خۆی دەنواند، لەو دواشی شارێکی ئاوەدانی پەسەند دەردەکەوت کە (ورمێ) بوو. ئەم دیمەنانەی دامێنی شار، چەمی (قلیاسان)ی شاری سلێمانی دەهێنایەوە یادم.

کەلە تەرمیناڵ دابەزین خەڵکەکە لەو نزیکانە ئوتێلێکی باشیان بۆ هەڵداین، کەسەرکەوتینە سەرەوە چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕەسمیمان پێنەبوو خاوەن ئوتێل جێگەی نەکردینەوە، هەرچەندە وتمان بەم ئێوارەیە کات درەنگەو تازە ناگەینە (خانە)و (حاجی هۆمەران) ئێمە بەنەشارەزایی هاتووین، ئەنجا وتمان دەجارێ ئەم جانتایانەمان با لەئوتێل بێت تا ئێوارە دێینەوە دەیانبەین.

لەئوتێل چووینە خوارەوە دووبرادەرەکەمان جیابوونەوە بۆ گەڕان، من و گەزیزەش بەجیا تاکسیەکمان گرت و کەوتینە سورانەوەی ناو شار. ئەم هەموو ساختمان و بینایانە بەڕیزە شانیان لەسەر ئەم ڕیزە پایانە دادابوو لەسەر شۆسەکان، ئەم هەموو موغازەو دوکان و بازاڕو چێشتخانەو ئاوەدانیە، ئەم هەموو ژنە بێ عەباو پەچەیە...تاد، جادەی (ڕەشید)ی بیر دەخستمەوە لەبەغداد. ئەم شارە لەهەموو ئەو شارانەی تر کە پێداهاتین، پێشکەوتووتر بوو،

دانیشتوانەکەی بە تورکی دەدوان، پێشتریش شاری (ورمێ)یان پێوتووە لەم سەردەمی دوایەدا گۆڕاوە بە (ڕەزائیە) بەناوی (ڕەزا شاوە).

بۆ شەو دوای نانخواردن کەگەڕاینەوە ئوتێل کاك حەسەن و برادەرەکەیترمان هاتبوونەوەو لـەوێ بـوون وادیـاربـوو بەهۆی ئەو دووبـــرادەرەوە کەلەوێ دانیشتبوون،ڕەزامەندی ئوتێلچیەکەیان وەرگرتبوو کە شەو لەوێبمێنینەوە، دوایی کە ڕۆیشتن کاك حەسەن وتی: ئەو دوانە نوێنەری شۆڕشی خۆمان بوون لەم ئوتێلە بۆکاروباری پێویست و دە دیناریشیان داومەتێ کەبەیەکسانی بەشی بکەین.

شەو لە شیرین خەودا لەدەرگای ژوورەکەیان داین و هەڵیانساندین، کە دەرگامان کردەوە پیاوانی میری بوون پێیان ڕاگەیاندین کە چۆن بەبێ بەڵگە ماونەتەوە؟ دەبێت ئێستا بڕۆن، ئێمەش پێمان وتن کە ئێستا کاتی ڕۆیشتن نییە، وازمان لێبێنن بەیانی کە ڕۆژ بووەوە دەڕۆین.

بۆ سبەینێ بەیانی لەسەر ئامۆژگاری ئوتێلچیەکە نەگەڕاینەوە بۆ (مەهاباد) بەڵکو سواربووین بۆ (نەغەدە) کە لەسەر ڕێگەی (حاجی هۆمەران)ە. کەلەوێش دابەزین ئەوەندەی پێنەچوو فرۆکە جەنگیەکانی عێراقمان بینی بەئاسمانی (حاجی هۆمەران)و (چۆمان)و دۆڵی گەلاڵەوە دیاربوون دەسوورانەوە. دوای (نەغەدە)ش نزیك سنوور (خانە)مان هاتەرێ کە شارۆچکەیەك بوو لەهەمان کاتدا ئۆردوگایەکی گەورەی سەربازیش بوو. کەلە (خانە)ش تێپەڕین شاخێك لەسەر سنوور بەسەنگەرو چەکی جەنگی چنرابوو، دیوی عێراقی دۆڵی (حاجی هۆمەران) بوو کە پۆلیسخانەیەکی ئێرانی لێبوو بۆ لێپرسینەوەی کاروباری سەر سنوور. دوای لێپرسینەوەمان لە پۆلیسخانەکە، چووینە خاکی کوردستانی عێراقەوە، ئیتر نیوەڕۆ بوو کە بەئاوایی (حاجی هۆمەران) شاد بووین.

حاجی هۆمەران دێیەکی گەورە نەبوو، لەناو خانووەکانیدا چوار پێنج خانوویەکی بەردو چیمەنتۆی لەسەر شێوەی سەردەم لێ دروستکرابوو، وادیاربوو نیشتەجێی پێشمەرگەو کاربەدەستانی شۆڕش بوو. دانیشتوانەکەشی کەم کەس نەبێت، دەنا کۆك و تەیار چەك و کلاشینکۆفیان لە شاندابوو، زۆریش لە خەڵکەکە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕەسمی خۆیان هاتبوون. ئێمە کاتێك کە لەگەڵ گەزیزەدا لەچێشتخانەکە نانمان دەخوارد، بینیمان کە (دکتۆر سەعدی)

قەرەداخی بەخۆی و کلاّشینکۆفەکەی شانیەوە ڕەخسا، ئەو کە زانی ئێمە بۆ کوێ دەچین، وتی خەمتان نەبێ من ڕێگەوبان و جێگەیان دەزانم لەگەڵتان دێم پیشانتان دەدەم. بەجێبێك بەناو ئەو دۆڵەدا. نزیکی سەعاتێك، سەربەرەو خوار بووینەوە، بە (ڕایات و ئازادی و دەربەند)دا تێپەڕین ئەوسا لەخوار تونێلەکەی دەربەندەوە، بەلاپاڵێکی (چۆمان)ەوە لە باوەش چەند تاوێرە بەردو بنچکە دار بەڕوودا دووسێ چادرمان بینی کە برادەرانی ڕادیۆ بەئامانەت لەوێ هەڵیاندابوو. ئیتر ئێمەش کە بەخۆشیەوە دابەزینە لایان گەلێك بەیەکتر شادو شوکور بووینەوە، کەتا دوادەنگی ئەو ڕادیۆیە (ڕادیۆی کوردستانی عێراق)و هەتا ناوەڕاستی دوا پەخشەکەی، لەگەڵیدا بەردەوام بووین.

خوێنەری بەڕێز! من کە باسی ئەم سەفەرەم (لە چۆمانەوە بۆ چۆمان) لەڕیزی شادمانیەکانی ژیانمدا نووسیوە، هەر دەردی سەریەکیشم تێدا چەشتبێت، هەر ئەرك و ماندووێتیەکیشم تێداکێشابێت، بەکاتە خۆشەکانی ژیانی خۆمم زانیون و لەناخ و دەروونڈا پێیان گەشاوەمەتەوە، چونکە بەبەشێکی کەمم داناون لەو خزمەتانەی کەلەپێناوی کوردستانەکەمدا پێشکەشم کردوون.

# خانەنشینی یەکەمم

ڕێگەکەم کە نێو باخ و باخاتی پەروەردەو زانستدا دەڕوات، وا خەریکم دەگەمە کۆتایی، چونکە وا زادەکەی تەواو دەبێت و گۆچانەکەشی شکست دێنێ.

کە گەیشتوومەتە ئەم ئاستەش، لەنێو باوبژی ماندوێتی ڕێگاو بارستایی ساڵانی تەمەندا بینیم، کۆتاییەکی خەمبارەو لەهەمان کاتیشدا کامەرانیشە.

خەمبارە: چونکە قوتابیە وردیلە نازدارەکانم هێشتا هەر تینوی زانستن و بەپەرۆشەوە بۆ ئەو مەبەستە تێمدەڕوانن، بەڵام لەبێدەنگی و هەناسەی سارد هەڵکێشان بەولاوە هیچم لێنابینن.

کامەرانە: چونکە دڵنیابووم لەوەی کەلەم ڕێگایەدا هیچم دەست نەکەوتووە یەك شت نەبێت، ئەویش: زەمیرو ویژدانێکی گەشاوەیە وەهام پێدەبەخشێت کە: مامۆستابووم. لەهەموو چرکەیەکی ژیانمدا هەر مامۆستا بووم، ئەو هەستەشی کە ماندوێتیەکەم بحەسێنێتەوە، هەر ئەم هەستەیە.

لەم کاتەشدا تکام لە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەیە، قایل بوونی خۆی دەربخات بۆ خانەنشین کردنم:ئەو وشانەش لە قورگمدا دەتاسێت کە بەدەستێکی تەباشیراویەوەو بە سی و پێنج ساڵ زیاتر ڕەنجەوە، دەست و قۆڵی هاوڕێ ڕێبوارەکانیترم لەپەروەردەو زانستدا تێر بگوشم.

تێبینی- ئەم داوایەم نووسی و لەساڵی (٨١)دا لەگەڵ زرمەی یەکەم تۆپی ئێران لە سلێمانی، خانەنشین بووم... بەڵام لە ١٩٩٦ دا پەروەردەی کوردستان لەگەڵ هاوەڵەکانمدا لەجێگەی خۆمان دایمەزرێنینەوە، هەتا (٢٠٠٠/١١/١) کەلەو رۆژەدا، بەیەکجاری دوای (٣٩) ساڵ خزمەتگوزاریی، خانەنشین بووم.

## شەهید ئاوات

لە (١٩٧٧)دا میری بڕیاریدا کەلە قوتابخانە ناوەندیەکاندا هەندێك وانە بەزمانی عەرەبی بخوێنرێت، لەو کاتەشدا (ئاوات)ی کوڕم قوتابی پۆلی چواری پیشەسازی بوو، دژی ئەم دەستدرێژیەی میری بەشداری خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی سلێمانی کرد، ئیتر لەوە دوا کەوتە بەرچاوی ئەمن و پێیزانی کە ئەوەتان لەپارێزیدا. هەر لەوساڵەدا چووە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کە ئەو ڕۆژگارەش پێشمەرگایەتی سەخت و گران بوو... دوای ئەوەی کە دوو ساڵ زۆرتر بەچەك و جل و گیرفانی خۆی ئەرکی تەواوی پێشمەرگایەتی جێبەجێکرد، لەگوندی (وەتدەرێنە)ی شاربازێڕ، دوای جەنگێکی درێژی بەرانبەر لەگەڵ جەیش و جاشدا، ئاوات و ڕەزا حسەینی هاوڕێی دەستگیرکران و ئەوڕەحمان شەهیدکراو هاوڕێکانی تری بەردەست نەکەوتن.

ئێمە لە (١٩٧٩/٢/١٨)دا لەسلێمانی هەواڵی گرتنیمان بۆ هات. دوای دوو ڕۆژ بۆمانکرا لەگەڵ دایکیدا چووینە سەردانی لەحامیەی شووم، بەڵام لەخۆڕاگری و بەرگەگرتن بەولاوە هیچمان پێوە نەدی، کەئەو هەڵوێستەی سەبووریەك بوو بۆ ئێمە. دوای هەفتەیەکیش زانیمان کە براوە بۆ دادگای تایبەتی لەکەرکوك. لەسەری مانگیشدا لە زیندانەکەی موسڵەوە نووسینێکمان پێگەیشت کە بچین بۆ ئەوێ بۆ

لای لەژووری ئیعدامدا. ئیتر لەمانگی دووەوە تا (١٩٧٩/٦/٢٣)، هەموو سەری مانگێك دەچووین بۆ ئەوێ بۆ سەردانی... ئەم قارەمانانەیان دەهێنایە حەوشەی زیندانەکەو نزیکی دوو سەعاتێك لەگەڵ ئەواندا دەمانەوە کە هاتبوونە لایان. ئەو قارەمانانەش بەوە پەست دەبوون کە پەستیان لەرووخساری ئێمەدا دەبینی، ئیتر زۆرجار ئەوان دڵخۆشی ئێمەیان دەدایەوەو گیانی خۆراگری و خەباتیان لەئێمەدا گەش دەکردەوە، کە ئەم کۆمەڵە مرۆڤە لەو حەوشەیەدا بەوجۆرە دەبینران، کەش و هەواکەی هەر لە کەش و هەوای ئاخرزەمان دەچوو.

لەمجۆرە بارودۆخانەدا دۆست و ئاشنا لەبەر پریشك وەکو جاران ئەو نزیکە نابنەوە، بەڵام هاورێی ئازیزم کاك (تەها خەلیل) جار نەبووە بەپاسەکە لەگەڵمان نەیەت بۆ موسڵ هەتا زۆرجاریش (زەکیە) خانی خێزانەکەشی دەهات، هەرچەند پێم دەوت کاك تەها ئاگات لەخۆت بێت، لێمان دوور کەویتەوە باشترە، کەچی گلەیی لێدەکردم، هەتا لەسەردانێکدا کاك تەها دیار نەبوو، کەچی دووسێ دەقیقەیەك پێش کۆتایی سەردانەکە کاتێکم زانی بەپەلە خۆی کرد بەزیندانەکەداو زۆر داوای لێبووردنی کردو وتی لەبەغدادەوە هاتووم بۆیە دواکەوتم ئیشەکەم وەهابوو، ئێستاش چووینە دەرەوە دەگەرێمەوە بۆ ئەوێ.

شەوی (٣-١٩٧٩/٣/٤) لەزیندانەکەی موسڵەوە بەبروسکەیەك ئاگادار کراینەوە کە ئەمشەو سەعات (١٢) بریارەکەی دادگا جێبەجێ دەکرێت. کاتیش کەیە؟ (٩)ی شەوە... بەپەلەپرۆزێ (ئەمجەد)ی مەلا کاکە حەمەی خۆشەویستمان ئۆتۆمبیلەکەی خۆی هێناو خزم و ناسیاو کۆبوونەوەو چەند تاکسیەکی ترمان بەکرێ گرت و لەگەڵ هاورێکانی خۆی (شاکیر محەمەد ئەمین و تەها عەلی ئاغاو سەلامی کاکە محەمەد)دا، بەرەو موسڵ رێکەوتین. بەڵام سەعات دوو گەیشتینە ئـەوێ، هەرچەندە لەدەرگای زیندانمانداو بەردمان پێداکێشا، بێ سوود بوو. هەتا بەیانی چووینە حەوشەی مزگەوتەکەی (نەبی یونس)ەوە. بەیانیەکیش کە خۆرو بان گەرم بوو هاتینەوە بۆ بەندیخانەکە کە هەر ئەوەندە وەڵامیان هەبوو شەهادەتنامەی وەفاتەکەیان پێداین و وتیان برۆن بۆ خەستەخانەکە، کەچووین لەوێش حاجییەکی مردووشۆر پێی وتین: بەڵێ ئەم بەیانیە چوار کەسیان ناردووە بۆ ئێرە، چوو لەژوورێك چوار دەستەوانەی پەتی هێنا هەریەکەیان پارچە کارتۆنێکی پێوەبوو ناوەکانی لەسەر نووسرابوو (ئاوات

عومەر، ڕەزا حسەین، عەبدوڵا زراری، کەمال کەرکوکی) دەستەوانەکانی داینێ و وتی هەر چواریانم پاك شۆریوە، وتم ئێمە بۆ ئەم کارتۆنانە نەهاتووین پێمان بڵێ تەرمەکەیان لەکوێن؟ وتی ناردوویانن بۆ شارەوانی کە ئەوان بیاننێژن. کە خۆمان گەیاندە شارەوانی سەرنجماندا بینیمان، ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی پشت عەماری لەحەوشەکەدا ڕاوەستابوو، لەهەر فەرمانبەرێکمان دەپرسی چوار تەرمەکەتان لەکوێ ناشت؟ چاویان لەیەکتر دادەگرت و دەیانوت هیچ تەرممان نەهێناوە بۆ ئێرە. ئەنجا سی هاوڕێکەی شەهید ئاوات چوون بۆ گۆڕستانەکەی موسڵ، لەوێوە بۆ گۆڕستانەکەی سەر ڕێگەی (تەلەعفەر) کە بەرزاییەکەی دەڕوانی بەسەر ناوچەکەدا، لەوێ جێگە تایەی ئۆتۆمبیلێك دەبینن لەنزیکیەوە چوار گۆڕی نوێ نێژراوە. خۆ ئێمەش لەوکاتەدا نەماندەتوانی هیچ بکەین، چونکە پۆلیسخانەیەك بەبەرزیەکەوە دەیڕوانی بەسەر گۆڕستانەکەدا. هاتینەوە بۆ سلێمانی بەنیازی ئەوەی چوار ڕۆژیتر پڕ پاسێك ژنانی خزم و کەس و کار بەرین لەوێ لەدەوری گۆڕەکە بەپێوە شیوەن بکەن و چەند پیاوێکیش لەناو ئەو بازنەیەدا گڵەکەی سەری هەڵبدەنەوە بەسەیرکردن بیانناسنەوە دایانپۆشنەوە بێئەوەی پۆلیسەکان بیانبینن. بەڵێ بەمجۆرە هەر چواریانمان دۆزیەوە (ئاوات سلێمانەیی، ڕەزاحسەین سلێمانەیی، عەبدوڵا زراری، خۆشناوەتی کەمال کەرکوکی) ئەم چوار شەهیدەو زۆر شەهیدانی تری کوردستان لەو گۆڕستانانەی موسڵدا بەزیندانکراوی مانەوە هەتا ٢٠٠٦/٦/١٨ کەئێمەو کەس وکاری شەهیدە زیندانیەکانیتری نێو ئەو گۆڕستانانە ئەم ماوە دوورودرێژە مانگی جارێك یان زۆرتر، سەردانمان کردوون.

ئیتر لەڕۆژێکی ئازادی چریسکاوەی مێژووی گەلەکەماندا وەکو (١٧-٢٠٠٦/٦/١٨)، تەرمەکەی شەهید ئاوات، لەگەڵ نزیکی (٣٠) تەرمی شەهیدی تردا لەوانەی کە خاوەنەکانیان لەگۆڕستانەکانی موسڵ ناسیبوویاننەوە، هەریەکەیان لەسایەی ئاڵای کوردستانەوە لە کاروانێکی شکۆمەندی پیرۆزدا رووەو سلێمانیە خۆشەویستەکەیان دەهاتنەوە، ئەوەشی کە برینەکانی دڵی ئێمەی کولاندەوەو ناخمانی هێنایەوە سوێ، دیمەنی ئەو منداڵانە بوو کەلە کەرکوك و شارەکانیتر لەبەردەرگای ماڵەکانیاندا، بەزۆرە زووری گریانێکی لەکوڵەوە پێشوازیان لەم شەهیدانە دەکرد.

له سلێمانیش لەلایەن جەماوەرەکەوە پێشوازیەکی گەرم و بەسۆز کران و بەهەموو ڕێزێکەوە لەگردەکەی ئابلاخ نێژران، کەلەو بەرزاییەوە بەئارامەوە هەر سەیری نیشتمانەکەیان بکەن.

لەکۆتاییشدا دەڵێم ئێمەی دایك و باوك و کەس و کاری شەهیدان، بەڵێ خواردن دەخۆین و دەدوێین و پێدەکەنین و بەرهەم دەهێنینە بەردەست، بەڵام بەدڵێکی خۆڵەمێشی ساردوسڕەوە ژیان دەبەینەسەر. خۆئەگەر سوکە سەبووریەکیش بێت بە سینەماندا، ئەوە سروەی ئەو شەماڵە پێمان دەبەخشێت کە ئاڵاکەی کوردستان لەوڵاتدا دەشەکێنێتەوە.

# ڕاپەڕینی پیرۆز

لەبەیانیەکی ڕۆژەکانی پێشەوەی مارتی ١٩٩١ دا، شنەی شەماڵی کازیوە خەریکی ئارایشتکردنی ئەو ڕۆژە بوو.

لە گوڵزارە ڕەنگینەکەشدا، گوڵە ئازادی و گوڵە سەربەستی و گوڵە ڕزگاری و دەستە خوشکەکانیان، بەشەونمی ئەو بەیانییە ڕووخساری خۆیان دەشۆری.

بولبولەکانیش بەسەر لوتکەکانی دامێنیانەوە قورگی خۆیان پاك دەکردەوە. لەو نزیکانەش کۆترە سپیەکان لەگەڵ دارزەیتوونەکاندا، دەدوان و گفتوگۆیان بوو.

لەم کاتەدا خۆری چریسکاوەی ڕاپەڕین و شۆڕش، لە ئاسۆیەکی ساماڵەوە ڕووەو ئاسمان بەرز بووەوە بەتیشکە زێڕینەکانی فەرمووی لێکردن. ئیتر ئەو بوونەوەرە جوانانە هەموو دەستی یەکتریان گرت و دڵ پڕ لەکامەرانی بەرەو ئاهەنگەکانی کوردستان بۆ هەرەوەزکاریی و پیرۆزبایی کەوتنە ڕێ.

## بەرهەم تۆمارکردن لەستۆدیۆیی تەلەفزیۆندا

جابۆ چۆنێتی تۆمارکردنی بەرهەمەکانیشمان لە تەلەفزیۆندا، زۆرجار ئەم رووداوو بەسەرهاتانە کە ئێستا باسیان دەکەم، لەکاتی تۆمارکردندا دووبارە دەبوونەوەو ببوونە ڕێ و ڕەسمێکی ئەو ڕەنجە، بۆیە ئێستا وای بەچاك دەزانم لێرەدا بەتێکڕایی و بەگشتی باسێکی بکەم، نەك جیاجیا بیانگێڕمەوە، مەگەر شتی پێویست نەبێت:

((تیپ کەبڕیاری تۆمارکردنی دەقێك دەدات، دووسێ حەفتە لەوەپێش لە ئەندامانی تیپەکە دەیبات بۆ بەڕێوەبەرێتی ڕادیۆی کوردی لەبەغدا بۆ سەیرکردن و پەسەندکردنی. دوای نزیکی دووسێ حەفتەش چاوەڕوانی، دیسانەوە دەچێتەوە بۆ بەغدا بۆ وەڵامەکەی، ئەگەر ڕۆژی تۆمارکردن دیاریکرابوو لەجەدوڵی ستۆدیۆکاندا، ئەوە بەختی یارە، ئەگەر دیاریش نەکرابوو، دیسانەوە دوای هەفتەیەك دەچێتەوە بۆ زانینی. کە ئەو سەردەمەش ستۆدیۆکان سەر بەئیزاعەی عەرەبی بوون نەك کوردی، درەنگانێك ستۆدیۆی تایبەت بۆ بەشی کوردی دانرا.

دوای ئەوەی کە هونەرمەندانی تیپ بۆماوەی نزیکی مانگێك بەردەوام خۆیان لەسەر دراماکە ڕادێنن، برادەرێکی تیپەکە کە بەتایبەت نێردراوە بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا، لەوێ دەگەڕێتەوەو هەواڵ دێنێت کە ڕۆژی تۆمارکردن فلانە ڕۆژە، ئەنجا ئیتر بکەونە خۆتان بۆ سەفەر. ئامادەکارانی جل و بەرگ و ئێکسسوار لەتیپەکەدا

دەکەونە خۆیان، برام تۆ کەواو سەڵتەکەت لەبیر نەچێت. تۆ پەستەکەکەت پەیداکردووە؟ چاوەکەم تۆش شەکردانە دارینەکەت لەیاد بێت. ئیتر کە بزانین ئەوجۆرە پێویستیانەی کەلە تەلەفزیۆنی بەغداد دەست ناکەوێت، لێرەوە لەگەڵ خۆمان دەیبەین. ئەنجا دوو ڕۆژ لەوەپێش کە هەموو پێویستیەك ئامادە دەکرێت، فەرموون سبەینێ بەیانی زوو سەعات ئەوەندەی تەواو بێ دواکەوتن لەگەراج ئامادەبن... کەس هیچی بیر نەچێت. ئیتر دەی بەو بەیانیە زووە هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە، هەموو دەخزێنە پاسێکەوەو بەغداد خۆت بگرە هاتم، ئەو شەش حەوت سەعاتە ڕێگە دوورو درێژەش بۆ بەغداد خۆ هەر نابڕێتەوە، خۆ کاکی دەرهێنەریش خوا بێ قەزای کات، چ قوورەتە بیەڵێت بەدرێژی ئەو ڕێگایە یەکێك دەنکێ گوڵەبەڕۆژە یان دەنکێ قەزوان یان دەنکێ چەرەس بقرتێنێت دەڵێت نەوەکا دەنگتان بنووسێت، چونکە دەنگ سامانێکی گەورەیە بۆ ئەکتەر، ئیتر ناچار ڕێگاکە بەدەمەتەقێ دەبەینە سەر... ئیتر کاکە لەو پاسەدا، ئەم برادەرە نەخۆشێکی بەجێهێشتووە، ئەو برادەر وەستاو کرێکاری لەسەر خانووەکەی بەجێهێشتووە ئەم برایە قوتابیەو لەوانەکانیدا دوانەکەوێت، ئەو برایە کاسپەو دوکانەکەی چۆڵە، ئەمیان فەرمانبەرەو مۆڵەتی وەرگرتووە... دیسانەوە کاکی دەرهێنەر هەڵدەداتەوە: چاوەکەمن لەبەغدا ئەوەندە مەگەڕێن با ماندوو نەبن، ئەم سێ و چوار ڕۆژەش لەیەکتر جیانابینەوە هەتا دەقەکەمان تۆمار نەکەین.

ئیتر هەر کەلە ئوتێل دابەزین یەڵڵا دەی بۆ تەلەفزیۆن. چ قوورەتیشە یەکێك نامەی برادەرێك یان سپاردەی دۆستێکی هێنابێت و بتوانێت بیگەیەنێت، یان ڕایانسپاردبێت بۆ کڕینی شتێك و کاتی هەبێت بچێت بیکرێت، تکایە جارێ کاتی ئەوانە نییە کەس جیابێتەوە هەرچەندە گلەیشمان دێتەسەر. بەڵێ یەکسەر دەڕۆین بۆ تەلەفزیۆن بۆلای کاربەدەستانی بەشی کوردی:

- ڕۆژباش. کاکە ئێمە تیپی هاوڕێیانی گەزیزەین لە سلێمانیەوە هاتووین و ڕۆژی تۆمارکردنمان بۆ دیاری کراوە لەتەلەفزیۆن.

- ڕۆژباش بەخێربێن. فەرموون دەرهێنەری تەلەفزیۆنیتان فلان کەسە بچن بیبینن.

- ڕۆژباش برای دەرهێنەر.

- ڕۆژباش بەخێرهاتن. چیرۆکەکەتانم لایە چاکتان کرد کە دوو ڕۆژ پێشتر

هاتن، بۆئەوەی کاتمان هەبێت بۆکاروباری پرۆڤەو دیکۆرو پێویستی تر. ئەنجا ئەگەر دەرهێنەریش سەرقاڵی ئیشی تر نەبێت. ئەوە زۆرتر یارمەتی دەدات، ئەمە سەرەرای ئەوەش کە کوردی نازانێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەمتر لەدەقەکە تێبگات زۆرتر ماندووببێت.

بڵێین ستۆدیۆی ژمارە (٢)مان بۆ تەرخانکراوە، ئەم ستۆدیۆیە: هۆڵێکی گەورەی پان و پۆرە تەراتێنی تێدا دەکرێت، بنمیچێکی بەرز، حەفتا هەشتا پرۆجکتۆری پێدا چەسپکراوە، چەندان پردی ئاسن لەم بەرەوبەری بنمیچەکەوە رایەڵکراون، بەدەیان میکرۆفۆن بەملاولادا شۆربۆتەوە، بەدەیان شیش و زنجیرو وایەری کارەبا، لەملاولاوە راکێشراوە، لەقوژبنێکیشدا چەند کامێرایەکی گەورە لەسەر سێپای ئەستووری رەورەوەدار دانراوەو بەوایەری ئەستوور بەستراونەتەوە دەڵێی دێون خۆیان مەڵاسداوە. ئەو جامخانەیەش کەلەسەرەوە دیارە، ئەودیوی ژووری کۆنترۆڵە کە دەرهێنەری تەلەفزیۆن لەکاتی تۆمارکردندا لێی دادەنیشێت.

رۆژی تۆمارکردن ئەندازیاری دیکۆر هەر سەرلەبەیانیەوە لە ستۆدیۆکەدا سەری قاڵە.

شەش حەوت کرێکاری لەبەر دەستدا دێن و دەچن ئەمە: کەوالیس دادەکوتن و بەتەختەو موعاکیس و فایبەرو کارتۆن، دەرگاو پەنجەرە تێدەخەن و پینەو پەرۆ دەکەن و بۆیە دەکەن و درەخت دەنێژن و شەقام رادەکێشن، ناوبەناوێکیش لەگەڵ دەرهێنەری تەلەفزیۆنی و دەرهێنەری خۆماندا راوێژدەکەن، هەموو دووسێ سەعات نابات، دەبینین ئەو ستۆدیۆیە بووە بەنیمچە گەرەکێکی خنجیلانەی جوان.

پێش ئەوەش ئەم گەرەکە تەواوبێت، ئەندازیاری رووناکیش کەوتۆتە خۆی، دەبینین هاتۆتە وێزەی پرۆجکتۆرەکان دوو دوو سێ سێ رووناکیەکانیان لەسەر دیکۆرەکان چەسپ دەکات، ژوورو باخ و شەقامەکان دەداتە بەر تیشکی بەتین یان کز بەپێی پێویست. ئەوە ئێستا لەم کاتەدا یەك دوو برادەری خۆشمان چوونەتە لای کاکی خۆشنووس سەرەوکاری نووسینی تایتڵەکە دەکەن چونکە کاکی خۆشنووس زمانی کوردی نازانێت. وابزانم کاکی دەرهێنەری تەلەفزیۆنیش کە قۆڵی کرد بەقۆڵی دەرهێنەرەکەی خۆماندا، ئەوە چوون بۆ ژووری مۆسیقا کەلەوێ لە ئەرشیف، مۆسیقای تەسویری هەڵبژێرن. ئەو برایەش وادیارە ئەندازیاری دەنگە، ئەوە یەك

دوو کەسی ناردۆتە سەرەوە لەبنمیچەکەوە خەریکن بەسەر هەر دیکۆرێکدا یەك دوو میکۆرفۆن شۆڕ دەکەنەوە لەو میکرۆفۆنانەی ئەوەندە گوێچکەیان تیژە دەنگی هەناسە دەفڕێنن، وادیارە ئەمەش هەر بەراوێژی دەرهێنەری تەلەفزیۆنی ئەو میکۆرفۆنانە دادەنرێت. ئەمە لەهەمان کاتدا لێپرسراوی ئێکسسواریشمان لەگەڵ یەك دوو برادەردا لەژووری ئێکسسواری تەلەفزیۆنەوە هەر خەریکی شت کێشکردنن بۆ نێو دیکۆرەکان، ئەکتەرەکانیش لەم کاتەدا هێندێکیان لەژووری جل و بەرگ خەریکی جل وەرگرتنن و هێندێکیشیان لەژووری جل گۆڕین خۆیان دەگۆڕن. ئەوانەش لەجل گۆڕین بوونەتەوە،چونەتە ژووری مکیاج لای کاکی ماکیر،مکیاج دەکەن، ئەوەش لە مکیاج بووەتەوە هاتۆتە ستۆدیۆکە. برایانی وێنەگرانیش کە ئاسایی ٣ کەسن و یەکی لەسەر کامێرایەکن، لەنێو ئەم چرەیەدا هەریەکەیان کامێرای خۆی داوەتە پێش و بەدەوروبەری دیکۆرەکاندا دێن و دەچن جێگای لێخوڕینی کامێراکانیان تاقی دەکەنەوە.

ناوبەناویش دەنگێك بەرز دەبێتەوە، تکایە کەس لەستۆدیۆدا جگەرە نەکێشێت، ئیتر بەجۆرێك ئەم هونەرمەندانە لەو ستۆدیۆیانەدا خەریکن و داویانە بەیەکدا، دەڵێیت: شارە هەنگە خرۆشاون.

ئەم هەموو دامودەزگایە ئێمە دەیانبینین: هەر دیکۆرو کامێراو میکرۆفۆن و پڕۆجکتۆرو جلوبەرگ و مکیاج و تایتڵ و ئێکسسوارەوە، هەتا ئەم هەموو ئەندازیارو کرێکارو دەرهێنەرو ئەکتەرو عەناسیرە هونەریانەوە، کە بەوجۆرە وروژاون و هەریەکەیان توانای خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی دەقەکە،... ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە نمایشکردنی هونەری دراما، کارێکی یەك تەنی نییە، بەڵکو بەهەرەوەزو یارمەتی و هاوبەشیکردنی چەندان دامودەزگاو کەسانی هونەرمەند نەبێت، نایەتە بەرهەم. کەهەموو پێویستیەکان جێبەجێ کرا، ئەوسا دەرهێنەری تەلەفزیۆنی لەسەر دیکۆرەکان پرۆڤەیەکی دەقەکە بەنوێنەرەکان دەکات، دەسا بەمکیاجەوە بێت یان نا، لەم پرۆڤەیەدا تێبینی و ڕێنمایی خۆی نیشان دەدات، دوای ئەوە ڕادەکاتە سەرەوە بۆ ژووری کۆنترۆڵ بۆئەوەی پرۆڤەیەکیش بە وێنەگرەکان بکات بەکامێراکانیانەوە. لـەژووری کۆنترۆڵەوە بەهۆی سێ و چوار پەردەی تەلەفزیۆنەوە کەلە بەردەمیدایە دەتوانێت دیکۆرەکان و نواندنی ئەکتەرەکان ببینێت، هێدفۆنەکەی دەکاتە سەرو فەرمان دەدا بەوێنەگرو ئەکتەرەکان ئامادەبن

بۆ پرۆڤەیەك، لەخواریشەوە هەر وێنەگرێك هێدفۆنی خۆی دەكاتە سەری بۆئەوەی گوێی لەفەرمانەكانی دەرهێنەر بێت و ئەنجا هەریەكەیان كامێرای خۆی دەداتە پێش و پرۆڤەی دەق دەست پێدەكات.

دوای تەواوبوونی ئەم پرۆڤەیە ئەگەر سەیرێكی سەعاتەكەی دەستمان بكەین، دەبینین پێنج و شەشی ئێوارەیە یان درەنگترە. ئەنجا دەرهێنەر لە ژووری كۆنترۆڵ دێتە خوارەوەو دەڵێت: بۆتان هەیە چارەكە سەعاتێك پشوو وەرگرن و دوای ئەوە تۆماركردن دەست پێدەكەین.

دوای پشوو دەرهێنەری تەلەفزیۆن رادەكاتەوە ژووری كۆنترۆڵ و ئەكتەرەكان هەركەسە جێگەی خۆی دەگرێت و وێنەگرانیش هەركەس هێدفۆنی خۆی دەكاتەوە سەرو لەپشت كامێرای خۆیەوە ئامادە دەبێت، سەرپەرشتیاری هۆڵ وریایانە دەرگاكان دادەخات و دەست دەكات بە چاودێری كردنی بێدەنگی ستۆدیۆكەو فەرمان دەدات قروقەپی دەست پێبكات، كەس ورتەی لێوە نەیەت. كۆكە، پژمین قەدەغەن. هەموو هاتوچۆیەك یاساغە، خامۆشیەكی تەواو باڵ دەكێشێت بەسەر ستۆدیۆكەدا، هەموو فزە لەخۆیان دەبرن، چاوەروانی فرمانی دەرهێنەرن كەبڵێ: دەست پێ بكەن. هەرچی دەرهێنەر نەڵێت، ناكرێ، هەموو ئەمرو نەهیەك بەدەست خۆیەتی، خۆی پاشای بەرو بەحرە، چونكە یاسای هونەری دەسەلاتی داوەتێ كە فەرمانەكانی رەوایەو دەبێت پەیرەو بكرێت. دەرهێنەر بەهۆی میكرۆفۆنەوە فەرمانەكانی دەدات بەوێنەگران و سەرپەرشتیاری هۆڵ و كەلە خۆیان بەولاوە كەسی تر گوێیان لێنییە.

كە دەرهێنەر فەرمانی دەستپێكردنی دا، سەرپەرشتیاری هۆڵ بەدەست ئاماژە بۆ ئەكتەرەكان دەكات كە دەست پێبكەن، ئەنجا كامێراكان دەكەونە جموجووڵ وەك دێو بەدەوروپشتی نوێنەرەكان و دیكۆرەكاندا دێن و دەچن و دەكەونە پێشبركێ بۆ گرتنی وێنەی هونەریی: جارێك دوور دەكەونەوەو لەپرێكدا هەڵدەكوتنە سەر، دەمێك نیو خول سوور دەخۆن، هەرسێكیان لەیەك كاتدا هەریەكە لەلایەكەوە وێنە دەگرن.

زۆر شایانی باسە: لەكاتی تۆماركردندا پێویستە ئەكتەر بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر هەموو دام و دەزگایەكی ئەو ستۆدیۆیەداو، ئەو تۆماركردنەدا، جموجووڵی كامێرا حەدی نەبێت سەری لێ بشێوێنێت، بەڵكو دەبێت هەموو هۆش و گۆشێكی

هەموو بیرکردنەوەیەکی لای هونەرەکەی خۆی بێت.

## چالاکیتری ( پەروەردە )

لە (١٩٧٧)دا نەقابەی مامۆستایان، لەرووی یارمەتیەوە داوای لەکۆمەڵێك مامۆستایانی هونەرمەندکرد کەلەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری چەند چیرۆکێك تۆمار بکەن کە خەڵکی هان بدات بۆ فێرکردن، ئەوانیش من و تەها خەلیل و عەبدولکەریم حەمەجوان و قادر مستەفا بووین. بۆ ئەم مەبەستە چوار پێنج چیرۆکم نووسی لەژێر ناونیشانی (ئەلف و بێ)دا کەلە (١٣-١٩٧٧/٢/٢٨) لەتەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارمان کردن.

یەکەم چیرۆك، ناوەرۆکەکەی: لەژووری فەرمانبەرێکی کارگەیەکدا بوو کە خەڵکی دەهاتن ئەوی خوێندەوار بوایە، دادەمەزراو، ئەوی نەخوێندەوار بوایە بچێت خۆی فێر بکات.

دوای خۆ گۆڕین و مکیاجکردن چوینە ستۆدیۆوە بۆ تۆمارکردن، لەکاتی پرۆڤەدا لەسەر دیکۆرەکە، دەرهێنەر چوو نووسینێکی سەر تەختەی هێناو لەسەر مێزی فەرمانبەرەکە رووەو کامێرا داینا کە نووسرابوو (البعث طريقنا) واتە (بەعسی رێگامانە) لەئەرزیشەوە بۆ بنمیچ وەها گەورە وێنەیەکی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆماری هێناو ئەویشی لەژوورەکەدا دانا. کە ئەمانەمان دی پرۆڤەمان راوەستان و بەو سیفەتەی من نووسەری چیرۆکەکە بووم، پرسیم: ئەم نووسینە چییە لەو سەر مێزە داتنا؟ وتی بۆچی دەپرسی؟ من لەچیرۆکەکەدا

ناوی ئێکسسواری وەهام نەبردووە. وتی: ئاخر ئێستا لەسەر مێزی فەرمانبەر ئەمە باوە، بەڵام ئەمە درامایە. وتی دەرهێنەر بۆی هەیە چی دراماکە بەهێز بکات،دەستکاری بکات وتم: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەمەی تۆ دەیکەیت لاوازی دەکات. سووربووەوەو وتی: تۆ چۆن بەدروشمی حزبی بەعس دەڵێیت لاوازی دەکات. وتم: لەکاتی سەیرکردندا بینەر کە ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە سەرنجی بۆلای دروشمەکە دەچێت و بیر لەمەبەستەکەی دەکاتەوە، کە بەمەوە خەریك بوو هەندێك لەڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بەسەردا تێدەپەڕێت و بەمجۆرە دراماکە لاواز دەبێت. ئیتر من لەڕووی هونەرییەوە زۆری لەسەر ڕۆیشتم و ئەو نەی بیست، بەپەلە چووە دەرەوە سەرۆکی دەرهێنەرانی بانگکرد، بەڕێوەبەر لەوێ نەبوو چووبوو بۆ بەغدا. سەرۆکی دەرهێنەران هەر لەدەرگاوە بەدەنگی بەرز پرسی: ئەوە کێ یە پەنجەی خستۆتە ئیشی دەرهێنەرەوە؟ وتم: منم. کە بەڵگەکانم بۆ باسکرد وامزانی قایل بووە کەچی وتی: دەسەڵات بەدەست دەرهێنەرە، ئێوەش بۆیە ئەم دروشمەتان بەلاوە گرانە چونکە هی حیزبە... بەڵکو هی شۆڕشیشە. وتم: ئەی نەهێشتنی نەخوێندەواری پرۆژەی شۆڕش نییە؟ وا ئێمە لەم بارەیەوە دراما تۆمار دەکەین. کە هیچی بۆ نەمایەوە دەرپەڕیە دەرەوەو سەرۆکی ئەندازیارانی هێنا. کە ئەویش هات پرسی: کێشەکە چییە؟ منیش کە بەوردی تێمگەیاند، وتی: میری بەمەبەستی ڕاگەیاندنی دروشم و بیروباوەڕو سیاسەتی خۆی ئەم دەزگایەی دامەزراندووە. وتم: ڕاستە، میری مافی خۆیەتی، بەهۆی کۆڕو کۆمەڵ و سیمینار بەستنەوە لەتەلەفزیۆندا، بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤار خوێندنەوە لەم بوارەدا، سیاسەت و دروشمی خۆی ڕابگەیەنێت، نەك بەهۆی دراماکەی ئێمەوە.

ئەوا ستافی ستۆدیۆکەش بەدیارمانەوە ڕاوەستاون گەزێك دەمیان کردۆتەوە. خوا هەڵناگرێ تەها خەلیلی هاوڕێم لەم مشتومڕەدا، کوڕانە پشتی دەگرتم، ئیتر سەرۆکی دەرهێنەران بەدەنگێکی بەرزەوە پێی وتین: ئێستا ئەمەی پێ ناوێت، تۆماری دەکەن، یان نا؟ بۆم سەندەوە وتم: نایکەین. دەستێکی هەڵبڕی بۆناو ستۆدیۆکەو فەرمانی دا: ڕووناکی بکوژێننەوە.

ئێمەش بەپەلە خۆمان کۆکردەوەو لەکەرکوك دەرچووین و ڕاستەوخۆ بۆ نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی، تەها خەلیل بەتووڕەیی و نیگەرانییەوە

پێی وتن: ئاوا نەقابە داوای یارمەتیمان لێ دەکات؟ مامۆستایەکی عەرەبیش دانیشتبوو، ئەنجا وتی: ئەوانە لە کەرکوك بەئێمە دەڵێن: ئێوە ئیسرائیلن، ئێوە دوژمنی شۆرشن و دژی کۆماری عێراقن. لەدیکۆرەکەدا لەوحەی سەر دەرگای ژووری فەرمانبەر نابێ بەکوردی بنووسرێت، بەعەرەبی بێت... هتد. ئیتر وای لەنەقابەکرد تۆپێك جاویشی قەرزاربار کردن، دوای یەك دوو رۆژێك کە نەقابە خۆیان لەکەرکوك ئەم قسانەیان دابووەوە بەرووی بەرێوەبەری تەلەفزیۆندا، وتبووی با تەشریف بهێنن تۆماری بکەن، ئەوان حەقی خۆیانە. کە چووینەوە نە دروشم مابوو، نە وێنەکە.

جــارێ دۆسـیــەی مامۆستاو نەقابەو پـــەروەردە تـا ئـەم بـاسـەی تریش نەخوێنینەوە:

بەهاری ساڵی ١٩٧٥، مامۆستایان ئاهەنگێکیان لەیانەی مامۆستایان گێرا، بۆنەکەم لەبیر نەماوە چی بوو، ئێمە وەکو ئەکتەر بەنواندن هەر چوارمان لەوێدا لەگەڵ تەها خەلیل و قادر مستەفاو عەبدولکەریم حەمەجوان دا، شانۆییەکمان لەبارەی خۆبەختکردنی مامۆستاوە پێشکەش کرد، بەناونیشانی (ئاهەنگی پیاوە کوێرەکە) کەلە ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆیشم بوو.

لەنێو نووسینەکانمدا درامـای تەلەفزیۆنی (نەسرین)م نووسی بوو کە ناوەرۆکەکەی لەبابەت کێشەی ئافرەت و شانۆوە بوو (شێخ ئیسماعیل بەرزنجی) بەلایەوە پەسەند بوو، لەتەلەفزیۆنی کەرکوك بەناوی بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەرەوە لە (١٠-١٤/٧/١٩٧٨)دا تۆماری کرد.

هەر لەو ساڵەشدا واتە لە ١٩٧٨ دا لەسەر داواکـاری (جەلیل زەنگەنە) دەقێکی تەلەفزیۆنیم نووسی بە ناونیشانی ( نامەیەك لە خنکاوەوە) کە خۆشی بیرۆکەکەی پێدام، ئەویش بردی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك، کە لەگەڵ فوئادی حەمە ئەمین ئاغاو کۆمەڵێك هونەرمەندی تردا بەناوی تیپی رۆشنبیری سلێمانیەوە، تۆماریان کرد.

درامـای (شیرین و فەرهاد)ەکەی نازم حیکمەتیشم لەوەپێش کردبوو بەکوردی، دیسان جەلیل زەنگەنە قۆستیەوەو خۆی لەدەرهێنانەکە بەرپرسیار کردەوە لە (١٩٨٢/٥/٢ دا، لەسەر شانۆکەی (سەلاحەدین)ی کوراندا بۆ چەند رۆژێك، نمایشی کرد. کە ئەم بەرێزانە هاوکاری نواندنەکەیان کرد: سۆران محەمەد

فەرەج، دڵشاد عەلی، شۆڕش ڕەشید، ژیان، رزگار ئەمین، نیشتمان، جەلیل زەنگەنە، ئاشتی، فوئاد عیزەت، کامیل فەخرەدین، هاوڕێ حەمە ساڵح، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەرك و ماندووبوونی ئەو زاتانە کە لەگەڵ هاوڕێیەکی نووسەرمدا چووینە سەیری شانۆییەکە (ڕەئـوف بێگەرد)، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی من گینگڵم دەداو نەمدەزانی بەچ ڕستەیەك نارەزایی خۆم دەربڕم، بەڵام لەکاتی تەواوبوون و هەڵساندا ڕەئوف بەڕستەیەك بێزاری خۆی دەربڕی دەتووت لە هەستی مندا دەخولێتەوە، وتی هەڵسە با بڕۆین لەوساوە کە دانیشتووم وا دەزانم لەئەمن دارکاریم دەکەن.

من ڕام وایە، هونەرمەندێك ئەگەر توانای بەسەر کارێکی هونەریدا نەشکا، نەیگرێتە ئەستۆ، یان هەتا ئەگەر دوای پرۆڤەش خۆی پێی قایل نەبوو، بۆ شەخسیەتی خۆی وا باشترە پێشکەشی نەکات، چونکە ئەمە پۆل نییەو بۆ فێربوونی قوتابی بێت، بەڵکو ئەم کارە بۆ جەماوەرە، جەماوەریش بەرهەمی پوخت و نایابی گەرەکەو گوێ لە بەڵگەی هەتا ڕەواش، ناگرێت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ بوو (تیپی شانۆی سالار) بۆ شەوچەرەی ڕەمەزان، داوای نووسینی چەند کورتە چیرۆکێکیان لێکردم بۆ تەلەفزیۆن. تا مانگی چوار (٥) کورتە چیرۆکم نووسی کەلە (٤/٥-١٠/٥/١٩٨٥)دا زوهەیر عەبدولمەسیح لە سلێمانی کاروباری دەرهێنان و تۆمارکردنیانی تەواوکرد.

## میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی

بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی میهرەجانێکی بۆ شانۆو هونەری شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقاو لەبەغدا بۆ شەش ڕۆژ سازکرد کەلە ۱۹۷٤/۲/۲٥ وە دەستی پێکرد لە ۱۹۷٤/۳/۲ دا کۆتایی هات.

کەمن لەم بەرهەمانەیدا بەشداریم کرد.

۱- دەوری بازرگان، وەکو ئەکتەر لەدرامای (شاخەوانی مەزن)دا ئامادەکردن و دەرهێنانی (غازی بامەڕنی) کە تیپی نواندنی سلێمانی لە ۱۹۷٤/۲/۲٥ لەهۆڵی (خولد) پێشکەشی کرد.

۲ – دەوری شاعیر،وەکو ئەکتەر لە درامای (پەیکەر) دا نووسینی (بۆل برۆلا) گۆڕینی (ڕەئوف حەسەن) و دەرهێنانی (بەدیعە دارتاش) کە تیپی (پەروەردەی سلێمانی) لە ۲۷-۲-۱۹۷٤ دا لەسەر (شانۆی نەتەوەیی) پێشکەشی کرد.

۳- دەوری جەوهەر، وەکو ئەکتەر لەدرامای (چریسکەی زێڕ)دا نووسینی (عومەر عەلی ئەمین)و دەرهێنانی (سمکۆ عەزیز) کە تیپی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) لە ۱۹۷٤/۳/۱ دا لەسەر (شانۆی نەتەوەیی) پێشکەشی کرد، کە فوئادی حەمە ئەمین ئاغاو حەمەڕەشید هەرەسیش لەنواندندا بەشداربوون. هەروەها برایان: سمکۆ عەزیز، ڕەئوف یەحیا، بەختیار ئەحمەد، جەمال جەلال، کامەران ئەخۆل، دلێر مەحمودیش بەشداری نواندنەکەی بوون.

چوونە دەرەوە لە شارو هاتنەوە بۆ نێو تیپی نواندنی سلێمانی لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤ دا، پێوەندی حکومەت و کورد لەسەر بەیانی ١١ی تێکچووەو لەپێش دەستپێکردنەوەی شەڕدا، منیش لە (١٩٧٤/٣/٢٤-١٩٧٥/٣/٢٤) لەگەڵ خەڵکەکەدا چوومە دەرەوە، کە بەم هۆیەوە ئەو ساڵە دەستم بەبەرهەمی هونەریی زۆردا نەگەیشت، چەند چیرۆکی ئیزاعی نەبێت کەلە ڕادیۆی (دەنگی کوردستانی عێراق)ەوە بڵاوم کـردەوە. ئیتر دوای ئەو ساڵە کەلە دەرەوە هاتمەوە، ویستم گۆڕانکاریەك بەسەر چۆنێتی چالاکیەکانمدا بهێنم: گەڕامەوە بۆ نێو (تیپی نواندنی سلێمانی) کە کەسەکانی ئەوسا، کە من لە ١٩٧٠ دا لەوێ ڕۆیشتم، زۆربەیان لەوێ نەمابوون.

یەکەم کارم لەوێ کەلە (١٩٧٥/٦/٢١ دا تیپ درامای (تەلەفزیۆنی فیلەکەی خاوەن شکۆ)ی لەدەرهێنانی (غازی بامەڕنی) و ئامادەکردنی (کاوە ئەحمەد میرزا)ی لەبەغدا تۆمار کرد، من یەکێك بووم کە هاوبەشی نواندنەکەم کرد کە دەوری (خاوەن شکۆ)م بینی، جگەلە عومەر دڵپاك و عەلی نوری و، بورهان مەسرەف و نەوزاد حسێن... هتد. (غازی بامەڕنی) یادی بەخێر ئێستا لە پاریسە، دەرهێنەرێکی زیرەك بوو بۆچوونی جوانی هەبوو، لەنوێکاریدا وریاو سەرکەوتوو بوو. لەسەر ڕێبازی برێخت دەڕۆیشت و ئەو ڕێبازی برێختی بەبزووتنەوەی شانۆی سلێمانی ناساند. شانۆییەکانی لە سلێمانی شاهیدی ئەم خاسیەتانەی بۆ دەدەن. خۆیشی خوێندنی لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغداد تەواو کردبوو.

دوای (فیلەکەی خاوەن شکۆ) لە ١٩٧٥/٩/٨ یشدا تیپ، واتە تیپی نواندنی سلێمانی درامای (فەزڵەی تەریق)ی لە ستۆدیۆی ژمارە (٢)ی تەلەفزیۆنی بەغداد تۆمارکراو، (فەزڵەی تەریق)یش لەنووسینی خۆم بوو کە لەگەڵ کەمال ڕەشیدو سمکۆ عەزیزدا بەهاوبەشی هەرسێکمان بەشداری نواندنەکەیمان کرد.

ئەنجا (شەمامەو خاڵ خاڵ)ە کەسەری هەڵدایەوە. ئەم درامایە ئەو سیناریۆ سینەماییەی کە لەبەریدا بوو، لەبەریم داکەندو گۆڕیم بەسینایۆیەکی تەلەفزیۆنی و لە (٢١و١٩٧٥/٩/٢٥)دا هەر لەهەمان ستۆدیۆو هەمان تەلەفزیۆن تۆمارمان کرد. بۆیە دەڵێم (٢١و٢٥)ی مانگ، چونکە تیپ، تۆمارکردنی لە (٢١)ی مانگدا تەواوکردو گەڕاینەوە سلێمانی. بەڵام (جەمال)ی دەرهێنەری تەلەفزیۆن تەلەفۆنی بۆ کردین کە دوای ئێمە شریتە تۆمارکراوەکە، هێندێك بەرنامەی وەرزشی بەهەڵە

لەسەر چاپکراوەو، با ستافی ئەو بەشە بێنەوە بۆ تەلەفزیۆن بۆ تۆمارکردنەوەی. جا ئەو کەسانەی کە لەوبەشەدا بوون لە (٢٥)ی مانگدا دیسانەوە گەڕانەوە بۆ تەلەفزیۆن و تۆمارکردنەوە.

ئەکتەرەکانی (شەمامەو خاڵ خاڵ)یش ئەم برادەرانە بوون:

عەلی نوری، سمکۆ عەزیز، عومەری عەلی ئەمین، بورهان مەسرەف، سەلاّح فەرەج، جەمال محەمەد شەریف، محەمەد ئەمین عەبدولاّ، نەوزاد حسێن، کەمال ڕەشید.

درامای (شەمامەو خاڵ خاڵ) وەکو پێشتر بۆم گێڕانەوە من لە ساڵی (١٩٧٢)دا نووسیومەو هەر لەو ساڵەشدا بەسیناریۆوە خەریك بوو بیکەین بەفیلمێکی سینەما. کە ئەو سالاّنەش ستایش کردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران کارێکی زۆر لەباربووە. جا کە، لەساڵی ١٩٧٥ دا لە تەلەفزیۆنەوە تۆمارکرا، ئەو ستایشکردنەی لە نووسینەکەی ئەوسادا هەر مابووەوە، هێندێك لەرووی مەبەستەوە، کەمێك پێچەوانە شکایەوە بەسەر بابەتەکەدا.

جا کەلە ١٩٧٦/٨/٣٠ دا لەباخچەی (یەکێتی نووسەرانی کورد) کۆڕێکم بەست، یەکێك لەمیوانەکان پرسی: (شەمامە و خاڵ خاڵ) چی دەگەیەنێت؟

من لەمەبەستی پرسیارەکەی تێگەیشتم، وەلاّممدایەوە (شەمامەو خاڵ خاڵ) لە زەوی و زار دەدوێت، زەویش خەونی جووتیارە، بەلاّم ئەم بۆنەیەش راستیەکی بەرزمان بیردەخاتەوە: گرنگی زەمانەو زەمینە... وریای ئەوەبین کە ئەو ڕووداوو هەڵوێست و گفتوگۆو بیرۆکانەی، لەزەمانەی خۆیدا ڕاست و دروستە، لە زەمانەیەکی جیاوازی تردا، ناشێت و نالەباریشە.

ئەگەر لەلیستەی بەرهەمەکانی تیپدا بگەڕێین بۆ بەرهەمی ترم، دەبینن: لە شانۆیی (کووپە)دا کەلە نووسینی (لویجی براندیللو) و ئامادەکردنی (کاوە ئەحمەد میرزا) و دەرهێنانی (فازڵ قەساب) بوو. دەتاندیم لەڕۆژی (١٩٧٨/٢/٢١)دا لەسەر شانۆکەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان، لەدەوری وەستاکەدا، ئەکتەرێکی ئەو نمایشە بووم بەهاوکاری نواندنی ئەکتەرانی تریش وەك: سەلاّح فەرەج و سەلام فەرەج و کەمال ڕەشید موختارو کەمال حەکیم و عەلی نوری و، بورهان مەسرەف و کاوە ئەحمەد میرزا.

دواکارم لەتیپی نواندنی سلێمانیدا وەکو ئەکتەر، لە شانۆیی (پردی ئارتا)دا بوو

کە بەشێوەی کاست دەوری یاساوڵی یەکەمم دەدی ڕۆژێك کاوە ئەحمەد میرزاو ڕۆژێك من.ئەم درامایەش لەنووسینی (جورج سیۆتۆکا) دەرهێنانی فازل جاف بوو بەنواندنی گەزیزەو مەهاباد فەرەج و جیهاد دڵپاك و عومەر دڵپاك و سمکۆ عەزیزو عەلی نوری و فازڵ قەساب و شەوبۆ مەحمودو ماهیر عەلی و چەند کەسێکی تر. نمایشەکە لەسەر شانۆی چالاکی قوتابخانەکان کرا، لە (٤-١٩٧٨/١٢/١٧).

وەکو نووسەریش لەوێ دوا بەرهەمە شانۆییم (دووڕەگ) بوو کەلە نووسینی (لانکستون هیوز)و گۆڕینی خۆم بوو کە لەسەر شانۆی چالاکی قوتابخانەکان لە ١٩٧٩/٦/١٦ دا پێشکەش کرا. (دووڕەگ) لە دەرهێنانی فازڵ جاف و نواندنی ئەم بەڕێزانە بوو: کاوە ئەحمەد میرزا، عالیە محەمەد ئەمین، عەلی کەریم، عومەر دڵپاك، عەبدولکەریم عوسمان، عەلی نوری، ئەختەر عەبدوڵڵا، مستەفا قەسیم، سەلاح بالابەرزو چەند کەسێکی تر بوو.

ئیتر هەر لەو ساڵەدا بەهۆی شەهیدکردنی ئاواتی کورمەوە کە پێشمەرگەیەکی کوردستان بوو لەبەندیخانەکەی موسڵ لە ١٩٧٩/٦/٣ دا بەهۆی ئەو کۆستە سەختەوە لەتیپ دوورکەوتمەوە. کەلە دوایدا ئەو دوورکەوتنەوەیە بووبە یەکجاری لەوێ. بەڵام دوای دووسێ ساڵێك ژیانی هونەریشم دەستپێکردەوە، بەبێ ئەوەی پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ تیپێکدا ببەستم.

بالەم سالانەدا زۆر تێنەپەڕین، دۆسیەیەکی ترم هەیە دەیخەمە بەردەستتان لاپەڕەکانی بخوێننەوە.

من ئەگەرچی دەرچووی هیچ خوێندنگەیەکی هونەری نیم بەڵام بەهۆی شەخسیەتە هونەریەکەمەوە (بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی) لە ساڵی ١٩٧١ دا دیاری کردم بەڕاهێنەری هونەری شانۆ لە (بەڕێوەبەرێتی چالاکیی قوتابخانەکان) خۆ شانۆش وەکو وانەیەك لەقوتابخانەکاندا ناخوێنرێت، بەڵام پەروەردە بەدەربەستیەوەیەتی. بەڕاهێنەری هونەری لەوێ مامەوە هەتا خۆم خانەنشین کرد.

ڕاهێنەریش ئیشی ئەوە بوو لە قوتابخانەکاندا سەرەو کاری چاودێری و ڕێنمایی و ئامۆژگاری کاروباری شانۆیی دەکرد.

بەپێی نەخشەی پەروەردە دەبوایە هەر قوتابخانەیەك لەمیهرەجانی ساڵانەی پەروەردەدا بەشانۆییەك بەشداری بکردایە. دەشیا بەدوو یان سێ قوتابخانەش

بەهاوبەشی بەرهەمێك پێشكەش بكەن. ئەو قوتابخانانەی كە خۆیان مامۆستای هونەریان هەبوو، خۆیان بەرهەمی ساڵانەیان نمایش دەكرد، یان بەبۆنەیەكیشەوە چالاكیان دەنواند، ئەو قوتابخانانەش كە مامۆستای هونەریان نەبوو، زۆرتر پشتیان بەراهێنەری هونەری دەبەست كە بەرهەمیان بۆ پێبگەیەنێت.

بەدرێژی كاتی پێویست دەچووینە قوتابخانەكان، دەقمان بۆ پەیدا دەكردن، پرۆڤەی تەواومان بەقوتابیەكان دەكرد، لەگەڵیان ماندوو دەبووین، بەرهەمەكەمان پوخت دەكرد، كاروباری دەرهێنانمان بۆ رایی كردن، تا لە میهرەجانەكەدا ئەماندا بەدەستەوە.

لەم سەدەمەدا كە راهێنەری هونەری بووم چوومە جیهانی منداڵانەوە جگەلە تاقیكردنەوەی وانە فێركردنی رابووردوو تاقیكردنەوەو شارەزاییەكی باشیشم لەئیش كردنی هونەریدا، لەگەڵیاندا پەیداكرد. بۆشم ساغ بووەوە كە ئیش كردن لەگەڵ منداڵدا، شارەزاییەكی تایبەتی خۆی پێویستە.

ئەو قوتابخانانەی كە نووسراون هەموویان سەرەتایین و شانۆییەكانیش لەسەر شانۆكەی چالاكی قوتابخانەكان پێشكەش كراون.

پێویستە بووترێت: لەمیهرەجانی ساڵانەی پـەروەردەدا هەموو ساڵێك سەركەوتووەكان هەڵدەبژێران و دەبران بۆ بەشداربوون لەمیهرەجانی قوتری پەروەردەدا لەبەغدا، كەلەوێش زۆربەی ساڵەكان پەروەردەی سلێمانی پلەی یەكەمی هەموو عێراقی بەدەستهێناو لەو سەرەوە بەشێری دەگەڕانەوە.

مادام دۆسیەكە پێوەندی بەپەروەردەوە هەیە، تیپی بەرێوەبەرێتی پەروەردە هێندێك ساڵ بەشداری لەمیهرەجانە قوتریەكەی پەروەردە دەكرد كەلە بەغدا ساز دەكرا.

ساڵی (١٩٧٨)یش بەپێشكەشكردنی شانۆیی (پەیكەر) بەشداریم كرد.

(پەیكەر) لە نووسینی (بۆل برۆلا) و گۆڕینی من بوو. كە تەها خەلیل كاری دەرهێنانەكەی گرتە دەست، منیش وەكو ئەكتەر دەوری پارێزگاكەم بینی. (پەیكەر) لە موسڵ لەسەر شانۆی شارەوانی كە بەیەكەمی موسڵ و هەولێرو دهۆك دەرچوو، برا بۆ میهرەجانی قوتری پەروەردە لەبەغدا كەلەوێش ئەو ساڵە پلەی یەكەمی بەكەس نەدرا. ئەكتەرەكانیشی: گەزیزە، عومەر عەلی ئەمین، ئاواز عومەر، سەعادەت ساڵح، شەماڵ عەبدوڵلا، قادر مستەفا، عوسمان چێوار،

خاڵە عەزیز، بورهان مەسرەف، عەبدولکەریم حەمەجوان لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، بوون.

## فلیمی سینەمایی (نێرگز بووکی کوردستان)

لەم فلیمەدا کە حاجی مەکی و دوو کەسی تر بەرهەمهێنەری بوون، من وەکو ئەکتەر دەوری باوکی (نێرگز)م دەبینی، کە دەورێکی دووسێ دەقیقەیی بوو، بوون و نەبوونی ئەو شەخسیەتەش لەدراماکەدا گرنگ نەبوو، لەبەرئەوە نەمدەویست بەشداری لەو فیلمەدا بکەم. بەڵام بەهۆی ئەوەوە ناوەکەمیان بۆ یەکەم فلیمی سینەمایی مەبەست بوو، لەم دەستپێشخەریە خۆم دوانەخست. لەپەراوێزی کاروباری ئەم فیلمەشدا چەند وردە بەسەرهات و ڕووداوێك بەکورتی دەگێرمەوە:

* لەمانگی حوزەیرانی ١٩٩٠ دا کە ستافی فیلمەکە لە سلێمانیەوە چووین بۆ بێتواتە لەهەر چاخانەیەك و هەر جێگەیەك دادەبەزین، خەڵك دەیانپرسی: ئەمانە چین؟ هەر لەنێو خەڵکەکە خۆیاندا هەموو جارێك وەڵام دەدرایەوە کە: ئەمە حاجی مەکیەو فلیم دەردەکات. ئەمە دوکان بوو، ئەمە خەلەکان بوو، ئەمە کانی وەتمان بوو، ئەمە چوارقوڕنە بوو، ئەمە سەروچاوە بوو، هەر ئەو وەڵامە بوو: ئەمە حاجی مەکیەو وفیلم دەردەکات... ئەوا ئەحمەد سالارو سمکۆ عەزیزو بەدیعە دارتاش و عومەری عەلی ئەمین و هونەرمەندی ناسراوی تریش لەدەوری وەستاون، کەچی ناوی یەکێك لەوانە لەکولەکەی تەڕی وەڵامەکاندا نەدەهات. سڵاوات هەر لەدیاری

حاجی مەکی دەدرا.

* بێتواتە کەنزیکی سێ سەعات ڕێ لەسلێمانیەوە دوورە، لەگەڵ ئەوەشدا کەدێهاتی خۆش و جوان و نزیکتری لەبار هەبوو ئەگەر جەعفەر عەلی چاوی پێیان بکەوتایە، کەچی بۆ ڕایی کردنی ئەم کارە هەر بێتواتە هەڵبژێردرا. ئێمەش کە چووینە ئەوێ بۆ کاروباری وێنەگرتنی فیلمەکە لەوێ (ئەنوەر بەگ) پیاوێکی دەست ڕۆیشتوو دەوڵەمەندو گەورەی ناوچەکە بوو ڕاوێژکاری میریش بوو، هەتا خەڵکی ناوچەکە بە(میر) ناویان دەبرد، بۆمان دەرکەوت کە ئەنوەر بەگ لەڕووی دەستگیرۆیی و یارمەتیدانی فیلمەکەوە زۆر دەستەبالابوو، بەڕادەیەك فەرمانی دابوو خانووی قوتابخانەکە تەرخان بکرێت بۆ بارەگای ستافی فیلمەکە بەئەکتەرو تەکنیکارو میوانەکانیشەوە، ئەمە جگەلە میوانخانەکەی خۆیشی. هەروەها بەدرێژی کاری ئەو فیلمە کە دوو مانگێ زۆرتر بوو، هەفتانە هەموو جۆرە زەخیرەیەکی باشی بۆ ئەم ستافە دەنارد هەتا بەشقارتەو سابونەوە. ئەمە جگەلە گۆشت و سەوزەو میوەی ڕۆژانە. ئەی شاییەکە بۆ ناڵێیت، لەچیرۆکی فلیمەکەدا شاییەکی تێدابوو، فەرمانیدا زۆر بەتێرو پڕی و دەوڵەمەندی و قەرەباڵغ و قەشەنگی، ئەو شاییە سازکرا. هەتا لەڕۆژی تەواوبوونی کاری فلیمەکەشدا دوو کارتۆن ویسکی بەدیاری نارد.

* ئەنوەر بەگ ئەسپێکی ڕەسەن و دانسقەی هەبوو وەك زمانزان وابوو، (نێرگز)یش وەك شەخسی (ڤیان) خۆی زۆر سڵی لەسواری وڵاخ دەکردەوە، چونکە تاقی نەکردبووەوە. ئەنوەر بەگ ڕووخسەتی دا وەك پێویست بۆ چیرۆکی فیلمەکە بەکاری بهێنین، هەتا لەبینراوێکدا کەنێرگزی سواربوو پێویستی دەکرد غاری پێ بکات، لەکاتی غاردا ئەسپەکە خۆی پارێزگاری نێرگزی دەکرد کە نەکەوێتە خوارەوە، کە ئەمە ئەگەر ئەسپێکی تر بووایە خۆی بەسەرەوە نەدەگرت. ئەنوەر بەگ هێندە ئەم ئەسپەی خۆشدەویست لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەشدا هێندێك ڕۆژ دووجار بەو گەرمایە بۆ وێنەگرتن ئەمسەرو سەری (سەرچاوە)ی پێ دەکرا، جگەلە ڕاوەستان و چاوەڕوانی، وابزانم ئەگەر بۆ کوڕەکانی خۆی بوایە وا بەکاری بهێنن نەی دەدا.

* دەرهێنەر بەنیزامی دیکۆپاچ وێنەی بینراوەکانی نەدەگرت، ئامادەبوونی درشت و وردی بەشدارانی لەوێ بەپێویست دەزانی هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی،

بەڵکو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بەڕێز دەگرت وەك لەسیناریۆکەدا نووسراوە، وای دادەنا کەلە هۆلیۆدی ئەمەریکایە، نەك لەکوردستانە، کەلەبارو دۆخێکی نائاساییدا دەژی.

* وێنەگرتن تا ناوەراستی فیلمەکە هاتبوو، بەیانیەکیان دەنگ و باس وا بڵاوبووەوە کە عەبدوڵڵای باوکی (ڤیان) کە دەوری نێرگزی دەبینی، ئەو کچە بەرێزەی بردۆتەوە بۆ سلێمانی و وازی لەدەورەکەی پێ هێناوە، عەبدوڵڵا خۆیشی ئەکتەر بوو دەوری ئیمامی مزگەوتەکەی دەبینی، بەلام ئەو تۆمارکردنەکەی خۆی تەواوکردبوو، ئەم ڕووداوەی عەبدوڵڵا کردی وەکو نارنجۆك لەنێو ستافەکەدا تەقیەوە، بەرهەم هێنەرەکان (حاجی مەکی و نوری نانەکەلی و وریا) ڕاپەڕین و کۆمەڵێك قوشتەقەوەت بۆ ماڵی عەبدوڵڵا لە سلێمانی. بۆ سبەینێ کە هاتنەوە، ڤیان خان و عەبدوڵڵای باوکی هاتنەوە سەر شار، بەلام وەکو گێڕانەوە، عەبدوڵڵا چەردەیەك دیناری تری وەرگرتبوو.

* شەوێك چەند کەسێك لە ستافەکەی جەعفەر عەلی کە بەرپرسیاری ڕووناکی بـوون،دوو پرۆجکتۆری گـەورەو ستاندەکانیان لە هەیوانی خانوویەکی نزیك قوتابخانەکەوە دادەنێن.بۆ بەیانی کە هەڵساین بوو بە تەحا تەحایەك ئەملا پرۆجکتۆر،ئەولا پرۆجتکۆر،جێگەش نەما نەیپشکنن.پرۆجکتۆر رەشە راهات،دووای تەواو بوونی فلیمەکە بە دوو سێ مانگێك دەرکەوت کە دوو کەس بوون لەوانەی کە حاجی مەکی بۆ کۆمبارس بانگی کردبوون بۆ فلیمەکە.

* دەرهێنەر، جەعفەر عەلی لەشاری سلێمانی چەند بینراوێکی گرتبوو کە تراکتۆرەکەو گالیسکەکەی پشتیەوە، وێنەی مەبەست و سەرەکی بوون تیایدا. کە هاتینە بێتواتە و کاتی وێنەگرتنی گالیسکەکەی هات کە سەرەکیش بوون، سەیر دەکەن بیریان چووە تراکتۆرەکە لەسلێمانیەوە لەگەڵ خۆیان بهێنن جەعفەر عەلی ئەنگوستی خۆی گەست، خۆ بێتواتەو سەروچاوەو ئەو نزیکانەش تراکتۆرو گالیسکەی زۆری لێبوو، بەلام نەدەکرا ئەوانە بەکاربهێنن، چونکە نەدەچوونەوە سەر ئەو تایبەتمەندییەی کە ئەوەی یەکەمجار لەسلێمانی هەیبوو،چار ئەوەبوو دووسێ کەسی شارەزا کە خاوەن تراکتۆرەکە دەناسن، بڕۆنەوە بۆ سلێمانی و کابرا بدۆزنەوەو بەخۆی و تراکتۆرو گالیسکەکەوە بیهێنن بۆ بێتواتە، ناخۆش ئەوە بوو لەسلێمانیش ناونیشانی کابرایان وەرنەگرتبوو بەلام جێگەوەستانەکەی ڕۆژیان دەزانی. لەسلێمانیش کە

دەچنە ئەو جێگەیە کابرا لەوێ نابێت. هەرچۆنێك دەبێت بەهۆی ناسیاوەکانی ئەو جێگەیەوە دوای ماندووێتیەکی زۆر، ماڵەکەی دەدۆزنەوە، بۆ ناهەمواریی لەوێش گواستویەتیەوە بۆ گەڕەکێکی تر، بەهۆی پرسیارەوە هەواری تازەی دەدۆزنەوە، خوا بکات کابرا تراکتۆرەکەشی نەفرۆشتبێت، کە دەیدۆزنەوە، پێی ڕادەگەیەنن و پارەیەکی باشی دەدەنێ و دوای ئەوە بەڕۆژێك بەخۆی و تراکتۆرو گالیسکەکەیەوە گەیشتەوە بێتواتە، کە ئەم کەین و بەینەش سێ ڕۆژی پێچوو.

* بیرۆکەی چیرۆکی فلیمی (نێرگز) هی حاجی مەکی بوو، بەشێوەیەکی گشتی مەبەست و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەبەخشێت. دارشتنەکەش لەلایەن (حەمە فەریق حەسەن)ەوە بوو. کە دارشتنیش شتێکی لەنووسین کەمترە. جەعفەر عەلی وەکو دەرهێنەرێك دەستکاری ئەو چیرۆکەو دارشتنەکەی کردووە، کە هەموو داب و نەریتێکی ئەدەبی واپێویست دەکات حەمە فەریقیش لەو دەستکاریە ئاگادار بێت. نیوەی وێنەگرتنی فلیمەکە تەواوببوو کە (حەمە فەریق حەسەن) هات بۆ بێتواتە. لەوێ لێم پرسی: ئاگاداریت لەدەستکاری کردنی ئەم دارشتنە لەلایەن جەعفەرەوە؟ بەئاسایی وتی: بەڵێ. وەکو دەنگوباسیش وابڵاوبوو کە دەرهێنەر لە سیناریۆکەدا گۆڕانکاری تری زۆر بەسەردا هێناوە بەڕادەیەك لەوەی پێشووتر دوور کەوتۆتەوە. کەلە حەمە فەریقم پرسیەوە تا چ ڕادەیەك دەرهێنەر دەستکاری کردووە وتی لەوە ئاگادارنیم تا چ ڕادەیەکە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، حەمە فەریق لەم بارەیەوە نەمدی هیچ جۆرە باسێك یان پرسیارێك لە جەعفەر بکات، هەروەکو ئەو گۆڕانکاریەی نەبیستبێ، لەسەرێکی تریشەوە حەمە فەریق وەکو چیرۆکنووسێکی ناسراوو وەکو ئەدیبێکیش، دڵسۆز بۆ بەرهەمەکەی، وەها ڕەوابوو، مافی خۆیشی بوو، ئەو نووسینەی بەسەر بکاتەوەو لێی بپرسێتەوە، ئەگەرچی کاتەکەشی بەسەرچوو بوو.

* بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو وردە حاڵەتانەشدا، کە هێندێکیان دەچنە خانەی گیروگرفتەوە، ئەنجامەکەی کەش و هەوای کاری هونەریمان بێ گیروگرفت و ڕەوان ڕۆیشتووە. بەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جەعفەر عەلی یە، دەرهێنەرێکی هێندە لەسەرخۆ بوو، بۆڵەو خوتەیەکم لێ نەبیست، لەجیاتی ئەوە هەر بەکاروکردەوە دەدا، هەر ئەمەش بوو، بوو بەهۆی ئەوەی کە کوڕانە کاری خۆی ئەنجامداو بەڕوو سووریی فلیمەکەی دابەدەستەوە.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە نووسینم تێدا بڵاوکردوونەتەوە:-

| ژ | ناوی دەقەکان | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | ڕۆژنامەی هاوکاری | ٣٤- نووسین |
| ٢ | ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق | ١٩- نووسین |
| ٣ | ڕۆژنامەی العراق | ٤- نووسین |
| ٤ | ڕۆژنامەی برایەتی | ٩- نووسین |
| ٥ | ڕۆژنامەی خەبات | ٣- نووسین |
| ٦ | ڕۆژنامەی ژین | ٦- نووسین |
| ٧ | ڕۆژنامەی بیری نوێ | ٤- نووسین |
| ٨ | ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ | ٩- نووسین |
| ٩ | ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان | ٥- نووسین |
| ١٠ | ڕۆژنامەی وڵات | ٣- نووسین |
| ١١ | گۆڤاری بەیان | ١٤- نووسین |
| ١٢ | گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ | ٢- نووسین |
| ١٣ | گۆڤاری کاروان | ١٧- نووسین |
| ١٤ | گۆڤاری ڕەنگین | ٤- نووسین |
| ١٥ | گۆڤاری ڕامان | ١١- نووسین |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | گۆڤاری کەلەپووری کورد | ١٣- نووسین |
| ١٧ | ڕۆژنامەو گۆڤارە هەمەجۆرەکان | ٢٤- نووسین |
| ١٨ | گۆڤاری جریوە | ١٨- نووسین |
| ١٩ | گۆڤاری پەپوولە | ١٢- نووسین |
| ٢٠ | گۆڤاری سلێمانی | ٢٩- نووسین |

**درامای شانۆیی و تەلەفزیۆنی ئامادەکراو بۆ دەرهێنان:-**

| ژ | ناوی دەقەکان | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | شانۆیی مەمو زین | نووسین/ کەلەنووسینەکەی (ئەحمەدی خانی)یەوە وەرگیراوە |
| ٢ | درامـــای تـەلـەفزیـۆنی مەموزین (١٤) بەش | نووسین/ کەلەنووسینەکەی (ئەحمەدی خانی)یەوە وەرگیراوە |
| ٣ | شـانـۆیـی ئـەفسـانـەی چیای ئاگرین | نووسین/ کە سوود لەچیرۆکەکەی (یەشار کەمال) بینراوە |
| ٤ | سـیـنـاریـۆی فیلـمی سینەمایی ئەفسانەی چیای ئاگری | نووسین/ کە سوود لەچیرۆکەکەی (یەشار کەمال) بینراوە |
| ٥ | شانۆی چۆلەکەکان | نووسین/ سوود لە (سەرکردەکانی بیر)ی (نوێل کورد) بینراوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | دراماى تەلەفزيۆنى چۆلەكەكان | نووسين/ سوود لە (سەركردەكانى بير)ى (نوێل كورد) بينراوە |
| ٧ | شانۆى گەشتەكەى مامۆستا قەلەندەر (لەگەڵ سيناريۆ تەلەفزيۆنيەكەى) | نووسين/ (مستەر بيكويك)ەكەى (شارلز ديكنز)ەوە وەرگيراوە |
| ٨ | دراماى تەلەفزيۆنى سينەمايى قارەمانى ئافرەتان | نووسين |
| ٩ | شانۆى پياوى خەڵك | نووسين |
| ١٠ | شانۆى تۆشيان لەگەڵ بوويت | نووسين |
| ١١ | (١٥) شانۆى بەناوى شەوچەرەى ڕەمەزانەوە | نووسين |
| ١٢ | شانۆيى باوكى گرديل | نووسين |
| ١٣ | شانۆيى ميراتكارى | نووسين |
| ١٤ | دراماى تەلەفزيۆنى سلێمانى ١٩٠٩ نووسين/ كەلە نووسينەكەى ئەحمەدى خانى)يەوە وەرگيراوە | نووسين/ سوود لە (گەشتەكەى نێوان دوو ڕووبارەكە)ى (مێجەرسۆن) بينراوە. |

## نووسینی ئۆپەرێت و شانۆیی منداڵان:-

| ژ | ناونیشانی بەرهەم | نووسین یان ئامادەکردن | گۆڤار | ژمارەی گۆڤار | بەرواری گۆڤار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئۆپەرێتی بووکە بەبارانێ | نووسین | بەیان | ٨٢ | ئابی ٩٨٢ |
| ٢ | شانۆیی بێخەمی ناو بەرمیلەکە | ئامادەکردن | بەیان | ٩٤ | ک ٢ شوباتی ٩٨٤ |
| ٣ | شانۆی خەپان‌و خرپن | ئامادەکردن | بەیان | ١٤١ | ئادار ٩٨٨ |
| ٤ | ئۆپەرێتی گوڵە پەلکەزێڕینە | ئامادەکردن | بەیان | ١٥٣ | ئادار ٩٨٩ |
| ٥ | شانۆی بولبولە گۆرانیبێژەکە | نووسین | بەیان | ١٦٧ | ١٩٩١ |
| ٦ | شانۆیی دار قەیسی | نووسین | کاروان | ٣٢ | ١٩٨٥ |
| ٧ | سیناریۆی فلیمی سینەمایی گوڵە پەلکە زێڕینە | نووسین | کاروان | ٤٦ | تەموز ١٩٨٦ |
| ٨ | شانۆیی داوڵی بێستانەکە | ئامادەکردن | کاروان | ٥٠ | تشرین ٢ ٩٨٦ |
| ٩ | شانۆیی بلوێرەکەی وەیسە شوان | نووسین | کاروان | ٧٤ | نیسان ٩٨٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ئۆپەرێتی کوردستان خۆشەویستە | نووسین | ڕامان | ١٦ | ٩٧٧/١/٥ |
| ١١ | شانۆیی با ژیانمان خۆشتر بکەین | نووسین | ڕامان | ٣٣ | ٩٩٩/٣/٥ |
| ١٢ | ئۆپەرێتی دایە گەورە | نووسین | ڕامان | ٣٤ | ٩٩٩/٤/٥ |
| ١٣ | شانۆیی ئەنۆڤیلس لە قەفەزی تاوانباریدا | نووسین | ڕامان | ٤٦ | ٢٠٠٠/٤/٥ |
| ١٤ | ئۆپەرێتی کانیەکە سەمای دەکرد | نووسین | شانۆ | ٧ | ١٩٩٧ |

**نووسینی ئۆپەرێتو شانۆیی منداڵان:-**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بزنی لەخۆبایی بوو | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/٩ |
| | مەیموونی بەختیار | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/٩ |
| | دوکانی قوتابخانە | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/٩ |
| | خەپانو خرپن | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | قـــــەلـــــە ڕەشـــەکـــەو مێروولە | ئامادەکردن | مـالّـی مـامـۆسـتـا تـەهـا خەلیل | ١٩٧٨/٩ |
| | خەڵات | ئامادەکردن | مـالّـی مـامـۆسـتـا تـەهـا خەلیل | ١٩٧٨/٩ |
| | ئـــــاشـــــت کردنەوە | ئامادەکردن | مـالّـی مـامـۆسـتـا تـەهـا خەلیل | ١٩٧٨/٩ |

**لەم بیرەوەریەدا هێندێك لەبەرهەمەکان کە بەشێوەی شانۆیی نمایشکراون، بەشێوەی تەلەفزیۆنی و ئیزاعیش پێشکەشکراون، جا کە هێندێ جار ناوەکان دووبارە بوونەتەوە، ئەوە بەپێی جۆری پێشکەش کردنەکەیە.**

**هەروەها دەقی هێندێك لەو بەرهەمانەم، بەر لە نمایشکردنیان، بەنووسین، لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، بۆ پیاوانی دوارۆژی گەلەکەمانم بلاوکردۆتەوە، وەك چۆن لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:**

**زۆربـەی زۆری ئەم درامایانەش نووسین و دەرهێنان و نواندنی خۆمی تێدا بەشدارە، جگەلە ڕەنجی نواندنی کۆمەڵێك هونەرمەندی تریش وەکو: تەها خەلیل، گەزیزە، فوئادی حەمە ئەمین ئاغا، عوسمان حاجی حەسەن، قادر مستەفا، شادان فوئاد، یادگار تەها، عەبدولکەریم حەمەجوان وکەسانی تریش.**

| ژ | ناوی دراما | نـووسـیـن یـان ئامادەکردن | جێگای تۆمارکردن | بەروار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بـــۆچـــی نایفرۆشێت | ئامادەکردن | کۆمەڵێک هونەرمەندان/ سلێمانی | **١٩٧٥/٨** |
| ٢ | من لەپێشترا مردم | نووسین | تیپی نواندنی سلێمانی | **١٩٧٥/٥/٩** |
| ٣ | ڕۆژو بۆ ئاشتیە | نووسین | تیپی نواندنی سلێمانی | **١٩٧٥/٥/٩** |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | لەدیوەخانی وەیسدا | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان/ سلێمانی | |
| ٥ | ئەلفو بێ (ژمارە «١-٩») | نووسین | تیپی نەقابەی مامۆستایان لە (ستۆدیۆکەی) کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی | ٢٤- |
| ٦ | میراتی | ئامادەکردن | تیپی نەقابەی مامۆستایان لە (ستۆدیۆکەی) کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی | |
| ٧ | چریسکەی زێڕ | نووسین | تیپی نەقابەی مامۆستایان لە (ستۆدیۆکەی) کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی | |
| ٨ | کەوباز | نووسین | تیپی نەقابەی مامۆستایان لەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی | |
| ٩ | هەنگوین | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، ماڵە تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |

**درامای نێو ڕادیۆ بۆ گەورە:-**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | شیرین و فەرهاد (٣٠ بەش) | | کۆمەڵێک هونەرمەندان، ڕۆشنبیری جەماوەر | ١٩٧٨/١٢ |
| ١١ | ئەفسانەی چیای ئاگری (٢٠ بەش) | | تیپی ڕادیۆی بەغدا لەڕادیۆی بەغدا | ١٩٨٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مەم و زین (٣٠ بەش) | | تیپی شانۆی سالار لەتیپی مۆسیقای سلێمانی | ١٩٨٧/٧/٦-٣ |
| ١٣ | دەریای خاوێن | | تیپی شانۆی سالار لەستۆدیۆی ئەنوەر قەرەداغی | ١٦-١٩٩٠/١/١٧ |
| ١٤ | چۆلەکەکان | | تیپی شانۆی سالار لەستۆدیۆی ئەنوەر قەرەداغی | |
| ١٥ | پارشێوە پیاسە | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٢ |
| ١٦ | نان و کەباب | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٢ |
| ١٧ | بەڵێن | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٢ |
| ١٨ | دەوڵەمەند | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٢ |
| ١٩ | شەخس | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٢ |
| ٢٠ | پەروەردە | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٥ |
| ٢١ | میوانێکی بەڕێز | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٥ |
| ٢٢ | قەرزو قۆڵە | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٥ |
| ٢٣ | خەلا□تی ڕەمەزان | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٥ |
| ٢٤ | بۆچی پەستی کورم | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | پرسیارو وەلا□م | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٧ |
| ٢٦ | تۆبە | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٧ |
| ٢٧ | نیو دەقیقە | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٧ |
| ٢٨ | جاڕدان | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٧ |
| ٢٩ | نەوس | نووسین | کۆمەڵێک هونەرمەندان، لەماڵی سەلام حومادی | ١٩٩٠/٣/٧ |

**ئەو شانۆییانەی کە کردوومن بەکوردی و بەنووسین بڵاونەکراونەتەوە:-**

| ژ | ناوی شانۆیی | ناوی نووسەر | بەرواری وەرگێڕان | جێگەو بەرواری نمایشکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤێت ڕۆک | میکان تێری | بەهاری ١٩٧٥ | شانۆی چالاکی قوتابخانەکان بەهاری ١٩٧٩ |
| ٢ | دووڕەگ | لانکستون هیوز | ١٩٧٨/١٠ | شانۆی چالاکی قوتابخانەکان، هاوینی ٩٧٩ |
| ٣ | پەیکەر | بۆل بروللا | ١٩٧٨/١٢ | موسڵو شانۆی چالاکی قوتابخانەکانی بەغداد ٣/٨/١٩٧٨-١٩٧٨/٤/٤ |
| ٤ | چۆلەکەکاک | نویل کوارد | ١٩٧٩/٢ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | شیرین‌و فەرهاد | نازم حیکمەت | ١٩٨٢/١ | شانۆی ناوەندی سەلاحەدین مایسی ١٩٨٢ |
| ٦ | ماری کۆشکەکە | ستیڤان کرالیک | ١٩٨٤/١٠ | بۆ ڕادیۆ تۆمارکرا |
| ٧ | پاشاژن‌و یاخیەکان | ئۆگۆبتی | نیسانی ١٩٩٠ | شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ١٩٩٠/٥/٧ |

**ئێستاش لەکتێبخانەی ماڵەوەمدا، دەقی ئەم دەستنووسانەم بەئارامیەوە دانیشتوون و، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕووناکی سەر شانۆ، یان پەردەی تەلەفزیۆنن، تا بەدیدەی بینەرانی بەڕێزك شاد بن.**

**ئەو شانۆییانەی کە بۆ دەرەوەی جیهانی منداڵانە بەنووسینیش، لە گۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە:-**

| ژ | ناوی بەرهەم | نووسین یان ئامادەکردن | گۆڤارو بەروار | نمایشکراوە یان نا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شانۆی زڕەی زەنگۆڵەکان | ئامادەکردن | گۆڤاری بەیان ١٣٣ | شانۆشی دیوە |
| ٢ | شانۆی ئاهەنگی مامۆستای مەزن | نووسین | گۆڤاری کاروان ٤٢ ئاداری ١٩٨٦ | شانۆشی دیوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | شانۆی موشاغەبە | نووسین | گۆڤاری بەیان ١٢٤ت ١٩٨٦ | شانۆشی دیوە |
| ٤ | شانۆی گەورە بەگەورە | نووسین | گۆڤاری کاروان ٥٩ ئەیلول ٩٨٧ | شانۆشی دیوە |
| ٥ | شانۆی برای مرۆڤم | نووسین | گۆڤاری ڕامان ٤٥ ئاداری ٢٠٠٠ | شانۆشی دیوە |
| ٦ | شانۆی گیراوە یان نەگیراوە | نووسین | گۆڤاری ڕامان ٥٢ – ٩/٥/ ٢٠٠٠ | شانۆشی دیوە |
| ٧ | سیناریۆی فلیمی سینەمایی گوڵی خوێناوی | نووسین | گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ٨٢ت ئەیلول ٩٨٠ | شانۆشی دیوە |
| ٨ | سیناریی فلیمی سینەمایی گوڵە پەلکە زێڕینە | نووسین | گۆڤاری کاروان ٤٦ تەموز ٨٦ | تەلەفزیۆنی دیوە |
| ٩ | شانۆی قەلا□ی دمدم | ئامادەکردن | گۆڤاری ڕامان ٥٨ ٤/٥/ ٢٠٠١ | تەلەفزیۆنی دیوە |
| ١٠ | شانۆی باوە نەورۆز | نووسین | گۆڤاری ڕامان ٧٥ ٩/١/ ٢٠٠٢ | تەلەفزیۆنی دیوە |

**هێندێك ناونیشانی دراما ئیزاعیەکانی منداڵان و کاروبارەکانیان:-**

| ژ | ناوی دراما | نووسین یان ئامادەکردن | جێگەی تۆمارکردن | بەروار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | داوڵـــــــــی بێستانەکە | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٥/٨ |
| 2 | بــەخــتــی نــاو کولەکە | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٥/٨ |
| 3 | ڕاوە ماسی | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ٩/ ٥/ ١٩٧٥ |
| 4 | بـێـخـەمـی نێو بەرمیلەکە | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٥/ ٩/ ١٩٧٦ |
| 5 | مامۆستا شێر | نووسین | ستـودیـۆی کۆمـەڵـی هـونـەرو وێژەی کوردی | ١٥/ ٩/ ١٩٧٦ |
| 6 | هــەڵــەیــەکــی گەورە | نووسین | ستـودیـۆی کۆمـەڵـی هـونـەرو وێژەی کوردی | ١٧/ ٩/ ١٩٧٦ |
| 7 | گردیل | نووسین | ستـودیـۆی کۆمـەڵـی هـونـەرو وێژەی کوردی | ١٧/ ٩/ ١٩٧٦ |
| 8 | پەلکەزێڕینە | ئامادەکردن | ستـودیـۆی کۆمـەڵـی هـونـەرو وێژەی کوردی | ١٩٧٨/١ |
| 9 | مام یارمەتی | نووسین | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |
| 10 | شێری پەلەکەر | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | کیسەڵی گەلۆر | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |
| 12 | حوشتری دڵپاک | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |
| 13 | کەرویشکی زیرەک | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |
| 14 | قژە سەری زۆر | ئامادەکردن | ماڵی مامۆستا تەها خەلیل | ١٩٧٨/١ |

**شانۆیی منداڵان:-**

| ژ | ناوی شانۆیی | نووسین یان ئامادەکردن | بەروار | ئەو قوتابخانەیەی پێشکەشی کرد |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا شێر | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٧٣/٣/٢٠ | زێوەری کوڕان+ سەرشەقامی کوڕان+ گوێژەی کچان |
| 2 | لەدیوەخانی وەیسدا | عومەر عەلی ئەمین | ٢٢- ٢٧/ ٣/ ١٩٧٣ | مەحوی کوڕان |
| 3 | بازنی زێڕ | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٧٣/٣/٢٦ | ڕەفیق حلیمی کوڕان+ ژیانی کچان |
| 4 | بێخەمی ناو بەرمیلەکە | ئا/ عومەر عەلی ئەمین | ١٩٧٣/٣/٢٦ | دەرگەزێنی کوڕان |
| 5 | ئۆپەرێتی قوتابخانە چاومانە | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٧٥/١٢/٢٨ | ئاراسی کوڕان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | داولـــــــــــــی بێستانەکە | ئـا/ عـومـەر عەلی ئەمین | ١٩٧٦/١٢/٢٠ | مەولەوی کوڕان+ ڕاستی کچان |
| 7 | ئەنۆڤیلس | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | ١٩٧٦/١٢/٢١ | نالی کوڕان |
| 8 | مانگاو قەزوان | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | دەرهـێـنـانـی تـەهـا خـەلیل مارت ١٩٧٣ | بێخودی کوڕان |
| 9 | دەسـتـخـەتـی خۆمە | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | فـوئـاد حـەمـە ئەمین ١٩٧٣/٩ | مەڵکەندی کچان |
| 10 | ئۆپەرێتی بووکە بەبارانێ | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | ســــــــەلا□ح ڕەئووف ٦ ٢/ ١٩٧٦/١٢ | پـیـرەمـێـردی کـوڕان+ چیمەنی کچان+ خەباتی کچان |
| 11 | ئۆپەرێتی حاجی لەق لەق | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | نەجات حەمە ڕەزا بەهاری ١٩٩٨ | ساوایانی سەرچنار |
| 12 | هەتا زوو فێربم درەنگە | عـــومـــــەر عەلی ئەمین | ڕەفـــعـــــەت زوهـــدی ٢٢/ ١٩٧٦/١٢ | سەلا□حەدینی کوڕان |

# نەوازشی هونەرمەندی شایست

* لەسلێمانی لە شەقامی (کاوە) چاوەڕوانی هاوڕێیەکم دەکرد، کە دواکەوت، ئاوڕم دایەوە چایخانەیەکی تاك دوکانیی بچووك لەدوامەوە بوو، بۆ چاوەڕوانیی دانیشتنم و چایەکم خـواردەوە. کە هەڵسام بڕۆم دەستم کرد بەگیرفانمدا، چایچیەکە توند دەستی گرتم و وتی:ئەوە چی دەکەیت مامۆستا؟ دار پیر دەبێت جارێك بازی بەسەرەوە دەنیشێتەوە. منیش کە دیم: پیرێك، بەو دەستکورتیەوە لەجۆرە هەستێکی وادا بژی کە بەو شێوەیە ڕێـزی هونەرو هونەرمەندانی شارەکەی وا بەولاوە پیرۆز بێت، لەوکاتەدا تەزووی هەستێکی وام پێدا هات، خەڵاتی ئۆسکاریشم پێ بەخشرایە، هەر ئەوەندە خۆشنوود دەبووم.

* لەچوونێکمدا بۆ هەڵەبجە ڕێم کەوتە چاخانەیەکی وا بچووکەوە، دوای بەخێرهاتنێکی گەرمی چایچیەکەو چا خواردنەوە، کاکەی چایچی زۆر بەڕاڕایی وتی: مامۆستا گیان پرسیارێکی بچکۆلانەم لەخزمەتتانا هەیە، نازانم بوێرم بیکەم یان نا؟ منیش ڕاستەوخۆ وتم: برا هیچ ئەم ئەرکە مەخەرە بەر خۆت و پێویست بەپرسیار ناکات. بەڵێ ئەوەو، خۆیەتی و، مامەلیە لات دانیشتووە. کەوام وت: بەدەم پێکەنینێکی پڕسنگەوە کەوتە دەست گوشینم و ئەوەندەی تر بەم بینینەم پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و ئەنجا وتی: مامۆستا شوکور لەوەدەچێت شێخیش بیت و کەراماتیشت هەبێت. کە وتم: نەخێر شێخ نیم و کەرامەتیشم نییە، وتی: ئەی جەنابت بەچیدا زانیت من ئەو پرسیارە وا لەدڵمدا؟

وتم: برا زۆر کەس ئەو پرسیارەی دڵی تۆ دەکەن، ئایا من فڵان کەسم یان نا؟ جائیتر وتم، با ڕاستەوخۆ وەڵامەکەی بدەمەوەو، خۆت بەو پرسیارەوە ماندوو نەکەیت.

* لەسەیرانی ڕۆژێکی بەهاردا، لەژێر تەنیا درەختێکی دامێن شەقام و پردەکەی تابین، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانمدا دانیشتبووین، قەمەرەیەك لە ئۆتۆمبیلەکان لەسەر ڕێگاکە بەرانبەرمان ڕاوەستاو، بەڕێز غەفوری حاجی مەلا سەعیدی لێهاتە خوارەوەو بەرەو رووی ئێمە هات، هەرچەندە پێشتریش بەقسە بەیەکتر نەگەیشتبووین، منیش هەڵسام پێشوازی لێبکەم بەلاّم کە هاتە پێشەوە بەسۆزێکی خۆشیەوە وتی: مامەلی و باوەشی پێداکردم و تێر هەردوولامی ماچ کردو وتی: ئافەرین مامەلی بۆ خۆت و هونەرەکەت، تۆ جێگەی شانازی ئێمەیت. ئەنجا بەدەم دەستکێشانەوە بەشانمدا وتی: خوا هەر بتیەلێت بۆمان. ئیتر داوای لێبووردنی کرد لەبەر میوانداری نەکردنەکەی و ڕۆیشت.

* لەکەرکوك بۆ کەلوپەل کڕین چووم بۆ بازاڕی شۆڕیجە. لەوێ کاتێکم زانی یەکێك لەدواوە بەهێواشی قۆڵی کرد بەقۆڵمدا، کەلام کردەوە، پیاوێکی کەواو سەڵتە لەبەری سەر ماش و برنج بوو، دوای چاك و چۆنی بردمیە ئەولاوەو بەدەنگێکی نزم وتی: باوکی گەزیزە من دەمێکە بەدوای جەنابتا وێڵم: هێندێ باس و خواز هەیە بۆچی لەتەمسیلەکانتاندا نیشانی نادەن؟ وتم وەکو چی خاڵە؟ وەکو شەرم بکات بەدەنگێکی نزمترەوە وتی: هێندێك ژن کیسە جیایی لەگەڵ مێردەکەی دەکات یان بۆ نموونە بێئاگای مێردەکەی لەزەخیرەی ماڵەکەی دەگرێتەوەو دەیدات بەکەس و کاری خۆی و یان کوێ دەکاتەوەو دەیفرۆشێت. بەچاوپۆشی لەجۆری پێشنیازی ئەم پیاوە، داواکەی ئەوە دەردەخات کە هونەرو هونەرمەند بەمەحرەم دەزانێت کە نهێنی خێزانی خۆی لەلا دەردەخات و وا سکاڵای لەلا دەکات. جا من لەکاتی سکالاکردنی ئەم پیاوەدا وام دەزانی ئەو نەخۆشێکەو لەژووری دکتۆرێکدا ئازارەکانی نەخۆشیەکەی بۆ دکتۆرەکە باس دەکات تا چارەسەرێکی بکات. ئا ئەمە نیشانی دەدات کە جەماوەر چۆن دەڕوانێتە دەسەڵاتی هونەرو چۆن پەنا دەباتە بەر شانۆ.

* لەهەولێر لەگەڵ هاوڕێیەکمدا چووینە کەبابخانەیەك. کە شاگردەکە هات پرسی چی دەفەرموون؟ وتمان کەباب. ئیتر ڕۆیشت و دوای کەمێك هاتەوە

نانی هێناو سوراحیەك چاوو، جارێکی تریش ڕۆیشت و کە هاتەوە سینیەکی بچکۆلە زەڵاتەی هێناو وتی: مامۆستا حسێبەکەو گەیشتووە. وتم لەلایەن کێوە؟ ئاماژەی بۆ پیاوێکی ڕانك و چۆغە لەبەری سەر مێزێکی ئەولاترەوەی کرد وتی کاك موعەمەد. لەوکاتەشدا کاك موعەمەد کە ئەمە یەکەمجارەمە دەیبینم، سەیری ئێمەی دەکرد. بانگم لێکردو وتم کاکە محەمەد پێویست بەعەزیەت ناکات. قوبوڵی ناکەین. زۆر سوپاس. کاك موعەمەد بەخۆشیەکەوە هەڵساو هاتە لامانەوە دوای بەخێرهاتن و دەست گوشین بەڕوویەکی گەشەوە وتی: مامۆستا کو قبوری ناکەی؟ دەرێی نامناسیت؟ کەمێك سەرنجمداو وتم ئێستا بیرم نییە کەی بەجەنابتان گەیشتووم ئەگەر کەمێك بیرم بخەیتەوە. وتی ئاشنایەتی و دۆستایەتی کو وا دەبێت مامۆستا. ئەتو چەند جار هاتوویە ماڵی برا گچکەکەی خۆت و گەورەت کردووین و زۆرتر سەرنجمدا نەگەیشتمە ئەنجام. پێم وت: باوەڕ بکە بیرم نییە. وتی: مامۆستا چەند جار تەشریفت هێناوەتە کنمان، خۆم و خێزان و منداڵ هەموو لەدەورت کۆبووینەتەوە، قسەی خۆشت بۆ کردووین ئامۆژگاریت کردووین... ئەنجا بیرم کەوتەوە کە مەبەستی تەلەفزیۆنە بەنەرمە پێکەنینێکەوە پێم وت: بەڵێ بەڵێ دەزانم لەنێو تەلەفزیۆنەکەوە هاتوومەتە میواندariتان. وتی: ئەدی چۆن ئەمن لێرە دابنیشم و ناسیاوێکی وەکو جەنابت بێت بەسەردا، کو خۆم شەرمەزار دەکەم؟ لەم کاتەدا شاگردەکە دوو قاپ کەبابی هێنا، یەکی چوار کەبابی گەورەی لەسەر بوو بەسەوزەو تەماتەو ماستاوو ترشیاتەوە، دایناو موعەمەدیش هەروا بەزمانە شیرینە ناسکەکەی دەتوێتەوەو دەتووت برای باوکمانە.

ئەمانەی گێرامەوە لەنازو خۆهەڵکێشانەوە دوورەو بەڵکو تێڕوانینی نەوازشی کۆمەڵانی خەڵکیە بۆ هونەر. لەسەرێکی تریشەوە ناچنە لیستەی تەنیا ڕێزگرتن و پێزانینی جەماوەرەوە، بەڵکو وێنەیەکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی خۆمە کە بردوومەتە سەر، کە هەموو هونەرمەندێکی شایست بەم نەوازشە، ژیانی بەمجۆرە پێشوازیانەی کۆمەڵدا تێدەپەڕێت.

جائەگەر جەماوەری بینەران بەو چاوی ڕێزو ستایشەوە، نەیانڕوانایەتە هونەرەکەم و بەرهەمەکانم، درێژەم بەم کاروانە هونەرییەم نەدەداو، هەر زوو پشتێنەکەم دەکردەوەو وازم لێدەهێناو ڕووم دەکردە چالاکییەکی تر، چونکە

دەمێك بوو ئەم یاداشتەی (ستانسلاڤسکی)م خوێندبووەوە کەلە دەفتەرەکەیدا نووسی بووی و دەڵێت: ((... هەتا بزانیت هونەر بەرزت دەکاتەوە لەپێناویدا خەریك بە، بەلاّم هەر کە پێتزانی وەك تاعونە ڕەشە نزمت دەکاتەوە، وەك تاعونە ڕەشە خۆتی لێدوورخەرەوە. چونکە هیچ شتێك لەجیهاندا ناتوانێت وەك هونەر، مرۆڤ بەرز یان نزم بکاتەوە. چونکە لەهونەردا کاروباری بەرزکردنەوەو نزمکردنەوە زۆرە، جا ئەوکەسانەی کە توانای ئەوەیان هەیە، بۆ سوودی شەخسی ڕووت، شتە خراپەکانی لێوەرگرن (کە لای من خۆدەرخستن و، لەخۆبایی بوون و، خۆهەڵکێشان و، خۆ بەگەورەزانین، کەلەو خراپانەن- عومەر) دەبێت ئەوە بزانن کە خەڵك هەیە، بەدوای چاك و نایابدا دەگەرێت و بەلایەنی کەمیشەوە هەوڵ دەدەن بۆ وەرگرتنی شتە بەرزەکان لەهونەردا (واتا، نامەو ڕاسپاردەکانی دراما- عومەر)وە هونەر پێویستی بەم کەسانە هەیەو، ئەم کەسانەیش پێویستیان بەهونەرە)).

جا کە بێینەوە سەر باسی ئەم بەندو باوی (ئیعجاب)و ڕێزلێنانە کە جەماوەری بینەر هەیەتی بۆ هونەرمەندێکی شایست، لەڕاستیدا ئەمە کوڕی دەوێت کە بتوانێت بەسەنگینیەوە خۆی لەبەریدا ڕاگرێت، دوور لەخۆبایی بوون و، خۆگۆڕین و، خۆهەڵکێشان و، خۆ بەگەورە زانین و، هەڵەو خوارو خێچیەوە، لەسەرێکی تریشەوە، هونەرمەند لەئاستی ئەم ئیعجابە، ژیانی دەچێتە بارودۆخێکەوە، کە سەربەستی هەڵسوکەوت و هەڵوێست و جموجووڵی شەخسیی خۆی، لەسنووری سەرنجێکی تیژی کۆمەڵدایەو، گوشراویشە. کە بەلای منەوە ئەوکەسە وەکو چۆن لەبەر بارانێکدا بێت، وایە. چۆن باران فەڕو پیتە، لەهەمان کاتدا تەڕبوونیش، دەبەخشێت.

## سێ شانۆیی

لەناوەراستی بیستەکانەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەرەوتی شانۆی کوردا، بەرهەمێکم نەبیست و نەدی کەلە خواست و خۆزگەکانی جەماوەری گەلەکەمان لارێی کردبێت. بۆیە بەدرێژی ئەو ماوەیە بەچاوی رێـزەوە روانراوەتە ئەم بزووتنەوەیەی.

لەساڵی ١٩٧٥یشەوە هەتا راپەرینی پیرۆزی ١٩٩١ ئەم رێزە لەنێو جەماوەری بینەراندا کەمتر نەبۆتەوە، بەڵکو فراوانتربووە، بەرادەیەك پرسی هەرکەسێك بکرایە هەر ئەم وەڵامەی دەدایەوە. ئەمیش لەئەنجامی ئەوەدا لەشارەکەماندا ئەم هەموو تیپ و کۆرو کۆمەڵانە وەك: تیپی نواندنی سلێمانی و کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی و، تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی و تیپی شانۆی سالارو پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و تیپی هاورێیانی گەزیزەو تیپی ئەزموونگەری، هەموو بەیەکەوە لەگەڵ ئەو تیپانەی سەر بەرێکخراوە نیشتمانی و پیشەییەکان بوون وەك: تیپی کارگەی جگەرەو یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەقابەی کرێکاران و یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی قوتابیان و...هتد ئەم تیپانە هەموو بەتایبەتی خاوەن مۆڵەتە رەسمیەکان، بەرەنجێکی هەرەوەزی لەدروستکردنی تەلاری شانۆو درامای تەلەفزیۆنیدا بەشداربوون و لە رەوتی هونەری شانۆکەماندا دەستە بالابوون و،هونەرەکەیان بەو قۆناغە درەوشاوەیە شادکرد، کە ئەمەش بەبەخشندەییەکی گەورەو گران دەژمێردرێت بۆ مێژووی

شانۆی کورد.

جالەم ئاستە دڵخۆشکەرەشدا خەمخۆرانی شانۆی کورد با ڕێگە بەلەخۆبایی بوون نەدەن و، چاوێك بەو ڕابووردووەماندا بخشێنن، سەرنج بدەن کە تا چ ڕادەیەك هونەرەکەمان بەتەواوی ئامانجەکانی شانۆیان هێناوەتە دی، تا ئەگەر نابەجێییەکیان بەدی کرد، بژاری بکەن و ڕزگاری بکەن لەو خوارو خێچانەی کە دەبوونەهۆی دۆراندنی ئەو خاسیەتە جوانانەی کە پێی ناسرابوو ئەو ستایشانەی کە هەڵیدەگرت.

من خۆم یەکێك بووم لەوکەسانەی کە لافاوی ئەو ستایشکردنە منیشی بردبوو. لەزۆر نووسین و دیمانەدا وایان بەخشیوە کەئەم بزووتنەوەیە هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات کە پێشەنگی بیری نیشتمان پەروەری و پێشکەوتنخوازی بووەو، لەگەڵ هیواو ئاواتەکانی گەلی کوردا هاوڕێی گیانی بەگیانی بووە.

جائەگەر ئەم ڕایەشم، ئەو نابەجێیانە بگرێتەخۆ کەلەم چاوپیاخشاندنەدا دەکەونە پێشچاو، ئەوە دەگەیەنێت: کە من لەگەڵ ڕاستگۆییدا نەبووم. ئەی گوایا بۆچی دەبێت ڕاکانیشم بەوجۆرە دەربڕیبێت؟

(هـۆراس)ی شاعیری لاتین دەڵێت (( هەر قسەیەك کاتی خۆی هەیە. ئێستا ئەو شتە بڵێ کە پێویستە بووترێت، زۆر شتیش دوابخە هەتا کاتی خۆی دێت)) جا پشت بەڕاکەی هۆراس، ئەوکاتە کە نەموتووە، لەبەر ڕێزی شانۆی کورد نەموتووە لەبەرئەوە بووە ڕووە تەڵخەکانی نەکەونە بەرچاوی جەماوەر چونکە لەو سەردەمەدا دەرخستنی ئەو لایەنە تەڵخانە، لەلای منەوەو دەبوونە هۆی سڵەمینەوەیەکی بینەر لەئاستی پێگەیشتنی شانۆکەماندا. واتە زیانی پێدەگەیاند، جا ئەوسا کەنەموتووە، ناڵێم یەکجاری کاتی وتنی نەهاتووە (لەگەڵ داوای لێبووردنم لەهۆراس) بەلاَم لەوانەیە ئێستا کاتی سووکە ئاماژە بۆکردنێکی هاتبێ، تا بەلایەنی کەمەوە پێشەکیەك بێت بۆ وتنی لەکاتی خۆیا.

بۆ ئەمانەتی مێژووییش باسی دەکـەم: من ئەوساش بەڵکو زۆر لەبرا هونەرمەندەکان لەملاولاوە ڕەخنەو سکالاَیان لەدەم دەبیستمەوە، بەلاَم کە نەگەیشتۆتە گاڵەی نووسین و بلاَوکردنەوە، هەڵبەتە لەئاستی ئەو سکالاَیانەدا لەبێدەنگی و خۆوێڵکردن بەولاوە هیچی ترم نەدەبینی کە هانم بدات دەنگ بەرز بکەمەوە، یان وزەیەکم پێ ببەخشێت کە بیانخەمە سەر لاپەڕەی گۆڤار

یان ڕۆژنامەیەك، تەنانەت هەر بەتەمای ئەوەش نەبووم بەنووسینیش پشتگیریم لێبکرێت. سەرەڕای ئەوەش، سەردەمەکە هێندە ناهەموار بوو، کە ئەنجامی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش، لەناوچوونی خاوەنەکەی بوو.

ناوی ڕۆژنامەو گۆڤارم برد، لەو سەردەمانەشدا ڕۆژنامەو گۆڤار، نەك هەر ئامادەنەبوون ئەوجۆرە ڕەخنانە بڵاوبکەنەوە کەلە سوودی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو بەلاشیانەوە قەدەغەکرابوو.

بۆنموونە لەمیهرەجانەکەی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٩ی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیدا کە گەزیزە میلۆدرامای (دارتووەکە)ی نمایش کرد، بێجگەلە ئەو پیرۆزبایی کردنە گەرمەی کە ڕووبەڕوو پێداگەیشت، چەندان نووسین و هەڵسەنگاندنی ولاتەکەی لەسەر نووسراو، ڕەوانەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کرا، بەلاّم یەك نووسینی لێ بڵاونەکرایەوە، بەڵکو تاریکاییەکی خەستیشی خرایە سەر، کە یەکێکیان لەوانە بەڕێز (کەمال غەمبار) بوو کە نووسینەکەی خۆی واز لێنەهێنا هەتا لەژمارە ٣٤ی گۆڤاری (رامان)دا ساڵی ١٩٩٩، بەناونیشانی (شانۆگەری دارتووەکەی هونەرمەند گەزیزە شاکارێکی داهێنەرانە بوو) بڵاوی کردەوە.

جا بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئەگەر ڕووناکی ئەم چاوپیاخشاندنەش چاوی ئەوکەسانە بخاتە ڕەشکەوپێشکە کەلە ئاستی شانۆکەماندا بالادەستی ئەو ناهەمواریيانە بوون، کە زۆریان لەقۆناغی ڕاپەڕیندا ئێستا خاوەن دەسەڵات و کاربەدەستی بزووتنەوە هونەرییەکەن، ئەوکەسانە ئەگەر زویری و نیگەرانی لەخۆیان دوور بخەنەوە یانەخەنەوە، ئەوە پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە، چونکە خوانەخواستە من ڕێگە بەخۆم نادەم مەبەستم خودی کەس بێت بەڵکو ئەمە تەنیا، دەنگێکی وریابوونەوەیە لەپێناوی شانۆکەمانداو بانگەوازێکیشە بۆ هەندێك ئەکتەری کورد کە ڕۆشنبیری خۆیان بگەیەننە ئاستی پەیامی شانۆ.

خۆ ئەم هونەرمەندانەش چاوەڕوانی ئەمەیان لێنەدەکرا کە ئەمەیان لێبوەشێتەوە، دەسا ئیتر هەرچۆنێك بووبێت: بەمەبەستێکی سیاسی بووە، یان بایەخدان بە کەلەپوور بووە، یان بەبێ بیرکردنەوە بووە یان مەبەست جوانیی شێوە بووە نەك ناوەڕۆك، یان هونەر بۆ هونەر بووە؟ بۆ هەر مەبەستێك بووبێت کارەکان و نمایشەکان خۆیان وەها دەکەوتنەوەو وەها دەردەکەوتن

که گلەییان دەهێنایە سەر خۆیان. لەوەشدا من هەر ناتوانم لەجیاتی ئەوان وەڵام بدەمەوە، چونکە ئەوە پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە. ئەگەر بارودۆخەکەش درێژەی بکێشایەو ڕاپەڕین نەهاتایە، ئایا ئەم سیناریۆیەش هەر درێژەی دەکێشا تا بەتەواوی دەکەوتە بەرەی بەرانبەرەوە؟ ئەوەش هەر مێژوو دەیزانی وەڵامی دەدایەوە، چونکە من مێژوو نانووسمەوە، بەڵکو بیرەوەری خۆم دەنووسمەوە، بەڵام کە ئەم دێڕەم لەم بارەیەوە کەلەوە دەچێت بچێتە خانەی مێژوونووسینەوە، سیخورمەیەکی توندە بۆ داچڵەکاندنی ئەو بەناو (مێژوونووسانە) کە خۆیان گیف کردۆتەوە بۆ نووسینی مێژووی شانۆی کورد، کەلە ڕاستیدا مێژوونووس ئەوەندە ئامادە نییە هەتا هەتایە بەم منداڵە لەبارچووەی سکیەوە بتلێتەوە.

ئەنجا لەو ڕۆژگارە ناهەموارانەدا، کە هونەرمەندی ڕاستگۆ لەکاتی گەڕانیاندا بەنێو ڕێگەوبانی نمایشە شانۆییەکانی ئەو ماوەیەماندا ١٩٧٥-١٩٩١ سەرنج دەدەن و وردەبنەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو کارو بەرهەمانەی کە تەڵخیەکەیان لەگەڵ ڕووناکیی کەشی بزووتنەوە هونەرییەکەماندا نەدەگونجا، بێگومان دەست دەخەنە سەر سێ شانۆیی، کە یەکێکیان نەبێت دوانەکەی تریان بەلایەنی کەمەوە هەریەکەیان دووجاریش پێشکەشکراون.

لەبەرئەوە ناوی ئەم سێ شانۆییە ڕاناگەیەنم و زانیاریشیان لەسەر بڵاوناکەمەوەو لێکۆڵینەوەشیان لەبارەوە ناخەمە ڕوو، چونکە وەکو وتم مەبەستم لەم کارە شەخسیەتی هیچ کەسێك نییە، بەڵکو تەنیا بەهێزبوون و پوختکردنی بزووتنەوە گشتیەکەیە، ئەگەرچی بەهۆی هێندێ وردە تێبینی پێویستیشەوە، هەرکەسە هی خۆی دەناسێتەوە.

## شانۆیی-١-

کاتی خۆی زۆر بەنمایشەکەی سەغڵەت بووم، هەتا لەو ڕۆژەدا کەلە سەیری شانۆییەکە بووم، دوای تەواوبوونی نمایشەکە، لەژووری جل گۆڕینەکە بەناسیاوێکیانم وت: ((دەبوایە لەنمایشەکەتاندا بەوجۆرە تۆمەتی وا گەورەتان نەخستایەتە پاڵ کەسانێك، شێوە ڕێگەی تر هەبوو بۆ ڕەخنە، پەندو ڕێنمایی تر لەبارەی تاقیکردنەوەکە زۆربوو. جگەلەئەوەش، ڕاست وابوو حسابی ئەوەتان بکردایە کە ناحەزانیش ئەم نمایشە بەپارە دەکڕن و پێی شادمان دەبن)).

بەناو شاعیرێکی بینەریش لەهۆڵەکەدا، لەوانەی کە هاوبیری دەقەکە بوون چەند جارێك بەدەنگی بەرز دەیوت: ((ئا ئەمەیە شانۆی ڕاست!)).

بینەرێکی تریشی لێبوو، کە کارمەندێکی دڵسۆزو تیژڕەوی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بوو لەبەغدا، کە گەڕایەوە بۆ ئـەوێ، لەڕۆژنامەی هاوکاریدا لەبارەی ئەم شانۆییەوە نووسینێکی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردەوە، لەنێو دێڕەکانیدا پیرۆزباییەکی گەرم لەم شانۆییە دەکات هەروەها دەڵێت: ((خۆزگە ئەمجارەو جارێکی تریش و، جارێکی تریش، ئەم شانۆییەمان نمایش دەکردەوە)).

## شانۆیی -٢-

ئامادەکەر کە ویستوویەتی بەشێوەیەکی هێماگەری (ڕەمزی) ئامادەی بکات، ئەوەندە مەبەستی بووە کە بینەر لەچیرۆکەکە تێبگات، وێنەکێشانی کەسەکانی و، گفتوگۆو، هەندێك لەڕووداوەکانی، وەها زەق دەرچوون، خەریکن لەهێماگەری بچنەدەرەوەو، وای لەبینەر کردووە کە ئەم خۆی ڕوون و ئاشکرا لەڕووداوو بەسەرهات و مەبەست تێبگات.

پێش نمایشکردنی ئەم شانۆییە، ناسیاوێکی کۆنم پێی وتم: بەو سیفەتەی تۆ درامانووسیت حەز دەکەم بزانم ئەم دەقە چۆنە بەلاتەوە؟ منیش دوای خوێندنەوەی وتم: زۆر ناپەسەندەو لەگەڵ ئامانجە پیسەکانی دوژمنانی گەلی کوردە. دوای ماوەیەکی تر ئاشنایەکم لەچاخانەی شەعب وتی: دەقی ئەم شانۆییەیان داومەتێ بۆ هەڵسەنگاندنی، من بەلامەوە پەسەند نەبووە، دەستت دەگات بتدەمێ بیخوێنیتەوە؟ وتم: خوێندوومەتەوە، بەلای منەوە ئەمجۆرە دەقانە ڕووبکەنە شانۆی کورد، هەر بەجارێك وێرانی دەکەن. کەچی دوای ماوەیەك نمایشەکەم دی لەسەر شانۆ گرمەی دەهات. دوو تیپ لەساڵێکدا یەکی جارێك بۆ ماوەیەك پێشکەشیان کرد.

نمایشکردنی ئەم شانۆییە زۆر بەگەرمیەوە ستایش دەکرا، گەلێك برەوو بایەخی پێدرا، ڕاگەیاندنێکی پان و پۆڕیشی لەپشتەوە بوو، لەنێوەندە

هونەریەکەیشدا، کرا بەهەرایەك کە گوایا: نوێکاری و داهێنانکاری هەر وا دەبێت. لەڕووی نووسینیشەوە وا بەشان و باهویدا هەڵدرا کەئەم شانۆییە لەکەلەپووری کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە، گوایا بەشێوەیەکی هاوچەرخانە مامەڵەی لەتەکدا کراوە، ڕووداوی ڕابووردووی گرێداوە بەتاقیکردنەوەکانی ئێستامانەوەو ئەمە هەمووی بەپێچەوانەی ئەو ڕاستیانەوە: کە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا، دەبێت لەپێناوی بەدەستهێنانی ژیانێکی پێشکەوتووترو دوارۆژێکی ڕووناکتردا بێت، نەك بۆ کۆیلەجاری خستنەوە. کە هەر کەلەپوور خۆیشی پێمان دەڵێت: ((ئەوەی بۆ ڕیش دەچێت، وریابێت سمێڵیشی نەنێتە بان)).

بەم بۆنەیەشەوە دەنگێکی بەرز دەڵێت: ئەگەر مەبەست لەم نمایشکردنە، ڕەخنەگرتن و، وانە فێرکردنە، ئایا شێوازی ترو ڕێبازی تر نەبوو، ئەمە نەبێت کە بەبەرچاوی ناحەزانی گەلەکەمانەوە، کەموکوڕی و، تۆمەت و تۆمەتکاری هەڵببەسترێت؟؟

## شانۆیی -٣-

ئەم شانۆییە کەلە چیرۆکێکی چاپکراوەوە، ئامادەکراوەو لەساڵێکدا دووجار لەدوو شار بۆماوەیەك نمایشکراوە... هێماگەرییەکی بەهێزی گرتۆتەخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا بۆئەوەی دەروازەش لـەڕووی لێکدانەوە هەمەجۆرەکان دابخات، نووسینەکەی زۆر بەشارەزایانە چنراوە. وەکو بڵێیت تووشی ڕاراییەك بووبێت: لەسەرێکەوە دەیەوێت ماناو مەبەستی هێماکان بگاتە بینەر، کەچی لەسەرێکی ترەوە، سفت و سۆڵی یەکی پێوەدیارە بۆئەوەی بەئاسانی نەیگاتێ، وەکو

ئەوەی بڵێ: بینەر تۆ خۆت چۆنی لێك دەدەیتەوە، خۆت بەرپرسیاریت، من بەرپرسیارنیم، جا ئەم دەروازە داخستن و ئەم سفت و سۆڵیە جەزرەبەی گەیاندۆتە هێزی چیرۆکەکە، چونکە هێماکان وەها بەهێز دەبوون کە بەتەواوی ئاماژەیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان بکردایە بەبێ ئەوەی سەر لەبینەر بشێوێنن.

لەکاتی سەیرکردنی نمایشەکەشدا بینەر تووشی ئەم سەرلێشێوانە دەبێت. لەسەرێکەوە لەبەر رووداوو بەسەرهاتە ترسناکە یەك لەدوای یەکەکاندا، بەگشتی زۆر سەرنجی بۆ ماناو مەبەست و هێماکانیش ناچێت، مەگەر ئەوکەسانە نەبێت کەلە چۆنێتی بینراوەکاندا قووڵ بڕوانن و بتوانن وەك مەلەوانێکی شارەزا لەبن ئاوەکەدا دەنکە مرواری ژەهرەو بۆیان کراوەتە هەنگوینەوە، بینەر لەسەرێکی تریشەوە کەسەیر دەکات بەرواڵەت بینراوەکانی نمایشەکەو رووداوو بەسەرهاتەکانی هەمووی ساکارو ئاسایین، نە نوێکاری و نە داهێنانکارییەکی تێدا نییەو نەهیچیش بەبینەر دەڵێت، ئەی کەواتە هەر دەبێت مەبەستێك هەبێت لەنووسینی چیرۆکەکەدا ڕستەیەك هەیە کە ئەو مەبەستە دەبەخشێت چیرۆکەکەی بۆ نووسراوە ئەگەرچی لەشانۆییەکاندا حسابی بۆکراوە کە ئەو ڕستەیە، نەوترێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، نمایشەکە بەگشتی هەر هەمان ناوەرۆك و هەمان مەبەستی چیرۆکەکە دەگەیەنێت.

لەکاتێکدا کە هەموومان دەزانین دەنگوباس بەگەرمیەوە وابڵاوە کە: کورد درامانووسی نییەو، دەقی کوردی بوونی نییەو، هەیشی بێت، لاوازو کاڵ و کرچەو شایانی ئەوەنییە بچێتە سەر شانۆ. هەتا ئەو کەسانەش کە هەفتەیەك بوو چووبوونە تیپەکانەوە بایەخیان بەم بەندو باوە دەدا بۆ شانازی کردن بەشارەزایی لەشانۆدا، ئەمەی دەوت و دەوتەوە... کەچی بۆ ئەم نمایشانەی کە باسمان کردن، بەپێچەوانەی ئەم ڕاگەیاندنە تاڵ و ترشانەوە، دەقی کوردی سەرکەوتوو نایاب هەبوو! بۆچی (شانۆیی-١-) هەبوو شایانی سەرشانۆش بوو! بۆچی (شانۆیی-٢-) هەبوو! بۆچی (شانۆیی-٣-) هەبوو؟

## ئاستی شانۆی کوردیمان لەهەشتاکاندا

بەڵێ هەرچەندە کاروانی شانۆکەمان لەدوای ناوەراستی هەشتاکانەوە خەریك بوو تووشی ئەوجۆرە وەیشوومەیە ببێت کە گێڕامەوە، بەڵام ئاستی ئەو هونەرە ئازیزە بەرەنجی دڵسۆزانەی هونەرمەندان بەپێچەوانەوە هەتا دەهات بەرزتر دەبووەوە لەجارانی... ئەم بەڵگەیەش شایەتی بەچاوەوەی ئەم راستیەن:

١- بینینی دووەم میهرەجانی عەرەبی لەبەغداد.

٢- سازکردنی سێیەم میهرەجانی شانۆ لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.

## بینینی دووەم میهرەجانی عەرەبی لەبەغداد

" کە هەواڵی دووەم میهرەجانی بەغدادمان بیست کە بۆ شانۆی عەرەبی سازکراوە وڵاتە عەرەبیەکان بەشداری تێدا دەکەن، خۆ واش باوە لەمیهرەجانیشدا پێشکەوتووترین و نوێترین شانۆیی نمایش دەکرێت ئیتر کێچ کەوتە کەوڵم کە بینینی ئەم میهرەجانەم لەدەست نەچێت، چونکە ئەمە هەلێکی بەنرخە بۆ بینین و سەرنجدان و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ئەو تاقیکردنەوانە کەوا بەئاسانی دێتە بەرچاوت و پێویست بەوە ناکات بۆ ئەم مەبەستە وڵاتەوڵات تەی بکرێت. کەبینینەکەی بەشی خۆی کەڵك بەئەزموونەکانی هونەرمەندانی شانۆی کورد دەگەیەنێت... ئیتر لەم ڕوانگەیەوە من و گەزیزە لەسەر وێری گیرفانی خۆمان نەك نەقابەی هونەرمەندان، بڕیارماندا ڕۆژانی میهرەجانەکە لەبەغداد بمێنینەوە.

ئەم میهرەجانە لە (٢٠ی شوباتی ١٩٨٨)ەوە دەستیپێکرد هەتا سەرەتای مانگی ئازارو لەژێر دروشمی (شانۆ ڕەشماڵێکە بۆ یەکگرتن و نیشتمانێکە بۆ داهێنان) کەلە سەرەتای هەموو نمایشێکەوە بەدەنگێکی سازگارو ڕەوان بەرز دەگوترایەوە.

نۆزدە شانۆیی لەوڵاتە عەرەبیەکانەوە بەشداریان تێداکرد، لەوانە شانۆیی (العوادە- لەتونسەوە) (بەگەکان بەخێرهاتن- لەمیسرەوە) (ئازارەکانی کورەکەی ماجد- لەقەتەرەوە) (حەلیمەو مەنسور- لەبەحرەینەوە) (کێ حەز دەکات کێ بکوژێت- لەلوبنانەوە) (بەدەرخستن- لەفەڵەستینەوە) (شارە هەنگ و پردی ئارتاو دەزدەموومە- لەعێراقەوە) هەروەها شانۆیی (شێتەو تەقینەوەی بێدەنگی و شەوی شاییەکەی ئەلەکتراو فاوست و میرزادە سەرڕووتاوەکەو شەوی

چوونەدەرەوەکەی بەشیری کوری حاریس بەپێی پەتی و جەواد سەلیم سەر دەکەوێتە سەر قەڵای بابل و کاڵەکی شین و لەسەرەتاوە قوربانی هەبووە)... هتد، بەرهەمەکانیش ئێواران دوو شانۆیی لەشانۆکانی شاری بەغداد پێشکەش دەکران، وەکو شانۆی (نیشتمانی و ڕەشیدو مەنسوورو مۆزەخانەی بەغدادی و مونتەدای گەنجان و ڕەبات و نەجاح و... هتد).

کە ئەم شانۆییانە لەبەرئەوەی دووربوون لەیەکتری ئەرکی هاتووچۆو کەم کاتییان بۆ بینەران دروست دەکرد لەپێداگەیشتن بۆ جێگەی نمایشەکان. هەموو ڕۆژێکیش بەیانیان سەعات دە هونەرمەنداندان لەئوتێلی (میلیا مەنسوور) کۆڕی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی دوێنێیان لێگەرم دەکرد.

لەشاری سلێمانیەوە هونەرمەندان جگەلە (گەزیزە) بەڕێزان (دانا ڕەئووف و جەلیل زەنگەنەو عەلی کەریم و حسێن میسری)ش بەشێك بووین لەبینەرە هەمیشەییەکانی ئەم میهرەجانە کە هەرچەندە هێندێکیشیان بۆیاننەکرا هەتا سەر بمێننەوە، بەڵام کەلە هۆڵەکاندا ئامادە دەبوون کۆڵێك دڵم پێیان دەکرایەوە.

من لەچاویلکەی هونەرەوە هەموو بەرهەمەکانی ڕۆژانی میهرەجانەکەم بینی یەکێکیان نەبێت. تێبینیم کردن ماندوێتی و ئیشکردنیان گرتبووەخۆ، تەکنیك و شێوەی نمایش و ڕێبازی نوێکاری هەوڵی ئامادەبوونیان دابوو، زۆریشیان سەرکەوتنیان پێوە دیاربوو. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەنگاوانەدا ئەوەی کە بەڕوونی لەدووتوێی ئەم شانۆییانەدا دەمخوێندەوە، شانۆیی العوادە (عودژەنەکان)ی تونسی لێدەرچێت کە نمایشێکی تەواو بەهێزو نایاب بوو، ئیتر سەرجەم وایان دەگەیاند بڕی ئەوە ناکەن بگەنە ئاستی شانۆییەکانی ئەوسای شاری سلێمانی.

خوێنەری بەڕێز ئیتر کە ئەم ڕاستیەم بۆ دەرکەوت ئەوەندەیتر ڕێزم بۆ شانۆی کوردی گەورەتر بوو، ئەوەندەیتر باوەڕم بەتواناو لێهاتنی هونەریی خۆمان پەیداکردو، ئەوەندەیتر هونەرمەندەکانی خۆمانم بەلاوە ئازیزتربوو.

لەڕێگای گەڕانەوەشدا بۆ سلێمانیە حەیاتەکەم، کاتێك کە بەشانازییەوە لەپێشی قەمەرەکەدا پاڵم لێدابووەوەو بەگەشبینیەوە دەمروانییە دوارۆژی بزووتنەوەی شانۆکەمان، لەوکاتەدا دەستم برد ڕۆژنامەیەکم لەگیرفانم دەرهێنا کە ژمارە (١٢٧ی پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق)ی پێوەبوو کەبەدەم ڕێگەوە چاوێکی

پێدابخشێنم، دیم بەئیمزای (دیاری) ناوێك كەلەدوایدا دەركەوت هونەرمەند (دانا رەئووف)ە بەخەتێكی گەورە نووسرابوو (بروسكەیەك بۆ عومەر عەلی ئەمین) كە خوێندمەوە نووسرابوو:

((رۆژانێك منداڵ بووین بەچاوی خۆشەویستیەوە دەمروانییە چیرۆك و تەمسیلە كوردیەكان كەلە تەلەفزیۆنی كەركوكەوە پێشكەش دەكران و زۆر لەو هونەرمەندانەی ئەوكاتە دەمێك ساڵ بوو لەبزووتنەوەی شانۆی كوردیدا كاریان دەكرد هونەرمەند مامۆستا عومەر عەلی ئەمین یەكێك بوو لەو هونەرمەندانەی كە چالاكانە كاری دەكردو بەچیرۆك و تەمسیلەكانی دڵخۆش و گەشدار دەبووین. رۆژان رۆیشت و رۆژان هات چارەنووس وای ویست كارو پیشەی پیرۆزی هونەر ببێتە كارمان و خۆمان لەرەوتی بزووتنەوەی شانۆی كوردیدا ببینینەوە.

زۆر لەهونەرمەندانی ئەوكاتە كە لەگەڵ مامۆستا عومەر عەلی ئەمیندا كاریان دەكرد ئێستا ونن و نایانبینین، هەرچەندە تائێستاش زۆریشیان لەتیپە هونەریەكاندا كاردەكەن. ئەوەی جێگەی رێزو خۆشەویستیە ئەوەیە كە تەنیا مامۆستا عومەر عەلی ئەمین لەو نەوەیەی پێش ئێمە وەكو گەنجێك خوا تەمەن درێژی بكات، بەردەوام ئامادەی هەموو فیستیڤاڵ و كەرنەڤاڵە شانۆییەكانی سلێمانی و هەولێرو بەغدا دەبێت، دەمێكە پێشبینی ئەم خاڵەم كردبوو، بەڵام ئەوەی زیاتر وای لێكردم ئەم چەند دێرە بنووسم: ئامادەیی مامۆستا عومەر عەلی ئەمین بوو لە فیستیڤاڵی بەغدای دووەمی شانۆی عەرەبی كەبەردەوام لەهەموو هۆڵە شانۆییەكان و جێگای گفتوگۆو ناو هونەرمەنداندا دەبینراو وەك گەنجێكی باڵا هەڵپەی زانین و زانیاریتری شانۆیی بوو.

((سڵاو لە مامۆستا عومەر، سڵاوی شانۆو خۆشەویستی))

## (٢) سێیەم میهرەجانی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی:

لەدوای ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانەوە بزووتنەوەی هونەری شانۆمان لە سلێمانی لەهەرەتی گەنجێتیدا بوو. تیپ و ڕێکخراوە هونەرییەکانیش هەریەکە لەلایەن خۆیەوە هەڵپەی پێشکەشکردنی بەرهەمی شانۆیی نواندنی بوو جەماوەریش تا دەهات ئاشنایەتیان لەگەڵ شانۆکاندا گەرمتر دەبوو.

لەسەردەمی (٣-٩/٤/١٩٨٩)دا بوو کە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەسلێمانی سێیەم میهرەجانی بۆ شانۆ سازکرد، کە تیپ و ڕێکخراوە شانۆییەکانی شارو دەرەوەی شاریش ئەو نوێکاری و داهێنانکاریانەی بەدەستیان هێناوە، تێیدا نمایش بکەن.

بەپێی ئەو مەنهەجەی کە داڕێـژرابـوو (١٣) تیپ بەشداربوون (٢٠) شانۆییش تێیدا پێشکەشکرا وەك: (قەرەجەکەی بۆشگین) (دارتووەکەی گەزیزە) (چاوەڕوانی سیامەند)ەکەی (شەماڵ عومەر) (جەزیری-کەی ئەحمەد سالار) (هەنگوین-ەکەی عومەر عەلی ئەمین) گەشتەکەی حەنزەلە-ی سەعدوڵا وەنووس) (مامەیارە-کەی سیروان محەمەد) (مەریەم و کۆشکەکە-ی شێرزاد حەسەن و... هتد) لەگەڵ بەشداریکردنی دەرهێنانی (١٨) هونەرمەندی دەرهێنەریش... پەیمانگەش بۆ ئەم میهرەجانە جگەلە هونەردۆستانی شارو چەند تیپێکی هەولێرو دهۆك و مامۆستایانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لەبەغداو کۆمەڵێك گەورە هونەرمەندی ناسراوی عێراقیش لەبەغداو هەولێرو کەرکوك و شارەکانی ترەوە بەمیوانداریی بانگکردبوو وەك (فزعل الماجدی، عقیل مهدی،

صلاح القصب، عادل كاظم، عبدالستار الناصري، مؤيد وهبي، حسين الانساری، عبدالجبار كاظم، یاسین النصیر، عزیز خیون، کەمال غەمبار، محمد ابو هاشم (فەلەستین)، یوسف الحیدری، عواد علی، جلیل القیسی، ناصر حسن، فازل خلیل) کە ئەم میوانانە دوای سەیرکردنی نمایشەکان لەئێوارانداو، بەیانیانیش سەعات (٩) لەهۆڵی ڕۆشنبیری کۆڕی تایبەتیان بۆ دەگرتن، بەڕاستی ڕۆژانێك بوون، ڕووناك لەبیرم ناچنەوە.

ئەنجا لەبارەی ڕێکوپێکی ئەم میهرەجانەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان و بەهرەو لێهاتوویی هونەرمەندان و بەرزبوونەوەی ڕادەی هونەرەکەمانەوە، من نامەوێت بەقەڵەمەکەی خۆم بۆتان بنووسم، نەوەکا وەهای لێکبدرێتەوە کە لایەنگیرییەکی تێدا هەیە، بەڵکو ئەمە واز لێدەهێنم بۆ ئەو میوانە بەڕێزانە با ئەوان لەلاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی عێراق (ڕۆژی ١٨ی نیسانی ١٩٨٩)دا بیگێڕنەوە کە ئێستا دەقی هێندێك لەو نووسینانەیانتان بۆ دەکەم بەکوردی تاخۆتان لەنێو دێڕەکانیدا بڕیاری ئەوە بدەن چەندە ڕەنگیان داوەتەوە.

- نمایشەکان هەموو هەستێکی بینەرانیان دەهێنایە لەرزین.
- ڕێگە بەخۆم نادەم ئەوەی کە دیم، بیرم بچێتەوە.
- گوێزانەوەیەکی چاکبوو، بۆ پێناسەکردنی شانۆ.
- هێندێك شانۆ باوەکان و، شانۆ ڕاستەوخۆکان و شێوە شانۆییەکانی قوتابخانەیان ڕامڵی.
- ئەم شانۆ دەوڵەمەندە هەمەجۆرە.
- ئەم نمایشانە بوونە هۆی چالاککردنی شانۆو بووژانەوەی.
- ئەم شانۆییانەو ئەم هەڵچوونە هونەرییە درەوشاوانە، وایان لێکردم، کە بگەمە ئەو نرخ و بەهایانەی کەلێمەوە دیار نەمابوون کە ئەویش ئەم جەماوەرە هونەرییەیە.
- وزەیەکی گەنجانەی داهێنانکاری، تاقیکردنەوەیەکی هەمەجۆر، ئەمانە چاونەترسانە دەچوون بەگژ (تجریب)دا.
- وەها گەرم بوون، وەکو شەیتان سواری سەریان بووبێت، شەیتانی گەشەکردن و داهێنان.
- هەمەجۆر شێوازی نمایشکردنی شانۆیی تێدا دەرکەوت.

- حاڵەتی گۆڕانکاری شانۆکەمانی بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر برد.
- خۆشترین گۆرانی کە گوێم لێبووبێت، ئەم میهرەجانە بووە.
- بەبیروڕای من بزووتنەوەی شانۆیی، خۆی جۆرە گەڕانێکە، کە ئەمەش جۆرە ڕەوشتێکی جوانە بۆ دەربڕین، و وەهاش دەبینم ئەکتەرەکان خاوەنی ڕاستگۆیی و پاکیی و بەهرەن، بۆ ڕۆشنبیریەکی شانۆییش دەگەڕێن.
- شانۆ لەوپەڕی خۆشییایەتی و هەر بۆ پێشەوە دەڕوات.
- ئەمانە هێندێك بیروڕای ئەو میوانە هونەرمەندە ناسراوەبوون لەمیهرەجانەکەدا، کە جگەلە ئەو تێبینی و باوەڕانەشیان، هەموو ئامادەبووانی لێکۆڵینەوەکانیش گوێیان لێبووە کەلەبارەی لێهاتوویی ئەکتەرەکانیشەوە چییان دەربڕیوە:

مامۆستا (سەلاح قەساب) هەڵسا وتی: من بۆ مێژوو دەڵێم، لەم هۆڵەوە ڕایدەگەیەنم کە گەزیزە فرمێسك و میدیاو نیگارو کامەران ڕەئوف هەریەکەیان ئەکتەرێکە خاسیەتی ئەکتەرێکی جیهانیان تێدایە. هەروەها (عەزیز خەیون)یش وتی: گەزیزەی ئازیز وەهای لەمن کرد کە گەڕامەوە دەست بکەم بەئیشێك. هەتا بەنووسینیش ئەم وتانە لەژمارەیەکی ڕۆژنامەی (العراق)ی سەردەمی میهرەجانەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

هەتا لەپەراوێزی ئەم هەڵسەنگاندنانەدا، ڕۆژێکیان لەکاتی لێدوانەکانی بەیانیانی نێو هۆڵەکەدا برادەرێکی خۆمان هەڵسا وتی: ((م ئێوە نمەکی میوانداریێتی گرتوونی بۆیە ئەوەندە ستایشی بەرهەمەکان دەکەن. لەوانیش هونەرمەند سەلاح قەساب هەڵساو وەڵامیدایەوە: ئەوەی کەپێشووتر وتوومانە، چەند جارێکی تریش هەر ئەوە دەڵێینەوە)).

ئای چۆن لەو ڕۆژانەدا درامای شانۆ لەشارەکەماندا بەرخی بازی دەکرد! دەبا ڕۆژانی ئێستاو داهاتووشمان هەروا ڕووناك و گەش بن.

# ماڵی کاک فەیزی

من کەلەبارەی ئەم میوانداری کردنەوە دەنووسم، لەبەرئەوە ناینووسم کە میواندارییەکی ئاساییەو هیچی تر، بەڵکو کۆمەڵە چرکەیەکی هەستی جوان و کۆمەڵێك حەسانەوەی دەروونــی و باری خۆشنوودیە کە چەند ساتێکی ژیانیان رازاندۆتەوەو، هەموو جارێکیش کە دێنەوە یادم چەندان خۆزگەیان بۆ هەڵدەکێشم.

، ئێمە لەم چوونەماندا بڕیاری پرۆگرامەکان وەهابوو کە گەیشتینە (تاران)، پێشەکی لە ئوتێلێك دابەزین و دوای دووسێ شەوێك ئەوسا سەردانێکی ماڵی (کاکە فەیزی) بکەین و شەوێکیش لای ئەوان بمێنینەوە ئەنجا بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی.

بەڵام کە سەعات حەوتی بەیانی دوای ڕەژاندنی شەوێك لە پاسدا کە، لەگەراج دابەزین کاتێك کەویستمان بەرەو ئوتێلێکی ناو شار بچین، شەکەتی ڕێگەو بێزاری گیانم و نوزە نوزی نەخۆشیەکەم دەستی پێکردەوە، جگەلەئەوەی کە ٢٤ سەعات ڕێگە لە حەوتی دوێنێ بەیانیەوە تا حەوتی ئەم بەیانیە ئێمە لەسلێمانیەوە بەبێ پشوو بەرێگەوەین، ئەمانە بەرگەی ئەوەیان نەگرت کە ئەو بڕیارە نەگۆرم. کەلە گێلاسی کچمم پرسی: تۆ ڕات چییە ڕاستەوخۆ بچینە ماڵی کاکە فەیزە؟ ئەویش وتی: سەیری تەندروستی خۆت بکە، چی بۆ تەندروستی تۆ چاکە، ئەوە بکەین. ناونیشانی ماڵەکەیانم لەگیرفانم دەرهێناو نیشانی شۆفێرێکی تەکسیمدا. (بانی چەشم) وتی. ئەنجا بەفارسیەکی شکستە تێمگەیاند کە ئێمە نەشارەزاین، تکایە بالە جێگەیەکدا دانەبەزێنرێین و ئاماژەی ماڵەکەیانمان بۆ

بکرێت. خۆمان بیدۆزینەوە. بۆ ئێمە پێویستە ڕاست و ڕەوان لەبەر ژمارەی ئەم دەرگایەدا دابەزین، خۆئەگەر ئەوەشتان بۆ ناکرێت ئەمە کەم وکووڕیی نییە. کابرا سەیرێکی  تری ناونیشانەکەی کردو دیسانەوە وتی (بانی چەشم) منیش بۆیە باوەڕم پێکرد چونکە گەڕەکەکە نوێترین گەڕەکی تاران بوو، واتە میللی و کۆن نەبوو کە خانووەکانیان چڕبێتنە یەکترو نەدۆزرێنەوە.

لێماندا بەرەو ڕۆژهەڵاتی شاری تاران ڕۆیشتین، ئەو نیو سەعات پترە ڕێگەیە، نێو ئۆتۆمبیلەکە پڕبوو لەهەتاوی بەیانی، شەقامەکانیش بەو بەرەبەیانە لەبەر ئۆتۆمبیل ژاوەیان دەهات. کابراش زۆر بەتیژیی لێیدەخوڕی، وتم برا ئەگەر لەبەر ئێمەتە، هیچ پەلەیەکمان نییە، بەڵام ئەو هیچ خۆی تێکنەدا. ئەنجا دوای کەمێکی تر هەڵگەڕایەوە بەرەو باکوورو هەتاوی نێو ئۆتۆمیلەکە کەم بووەوە ماوەیەکیش بەباکووردا سوڕاینەوە.. باکووری چی؟ گەڕەکێکی نوێی پاك و خاوێن خانووەکان بەقەد چیاوە لەسەر ئەو گابەردانە دوونهۆم و سێ نهۆم گەورەو جوان بەرەو ئاسمان هەڵکشاون، شەقامی پان و درێژ، شۆسە بەنەمام نێژراوی، بێ دوکان و بازاڕ، ئالاّونەتە ئەو چیایە، بەرز بەرز بەسەر تاراندا دەڕوانن.

لەم گەڕەکەشدا ماوەیەکی کەم نەسووڕاینەوە، کاکی شۆفێر بەوەدا کەسێ چوار جارێك پرسیاری لەوکەسانەی سەر شۆسەکان دەکرد کە دەرچووبوون بۆ ئیشی ڕۆژانەیان، وادیاربوو زۆر شارەزا نەبوو، بەڵام بەوەشدا کەبێزاری دەرنەدەبڕی، وەهام لێ چاوەڕوان دەکرد کە هەر نەیدۆزێتەوە. هەتا دواجار گەنجێك ئاماژەی بۆ هەورازێکی نزیك کرد، کە دوای کەمێك بینیمان پیاوێکی کامڵی باڵابەرزی لەش سووك، بەڕاکردن بەرەو پیری ئۆتۆمبیلەکەمان هات. ئەو پیاوە هەر (کاکە فەیزە) خۆی بوو کەلە سلێمانی خزمێکمان ناونیشانەکەی بۆ هەڵدابووم. جامنیش ئەم بەیانیە لەگەراجەوە تەلەفۆنێکم بۆکرد نەوەکا لەماڵ نەبن هەواڵم دابوویە کە ئێستا دێین بۆ لایان.. بەڵێ تاکسیەکەی لەبەرئەو دەرگایە ڕاگرت کە ژمارەکەیمان دابوو بەشۆفێرەکە. کاکە فەیزە بەخۆشیەکەوە خێرا دەرگاکانی ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو ئێمەش دابەزین و بۆ یەکەمجار دەستمان کرد بەیەکترناسین و چاك و چۆنیەکی گەرم و گوڕ.. هەتا ئێمە لەم کەین بەینەدا بووین هەرنەمانزانی  چۆن کاکە فەیزە جانتاکانی لەسندووقی دواوە داگرت و زۆر بەپەلە کرێ تەکسیەکەیداو (٥٠٠) تمەنیشی بەخشیش دا بەکاکی شۆفێر.

ئەنجا دەستیدایە جانتاکان و بەرەو ماڵ فەرمووی لێکردین، هەرچەندە ویستیشمان خۆمان جانتاکان هەڵگرین، بەڵام بێ سوود بوو. بەپلیکانەیەکی پاك و خاوێنی خانوویەکی گەورەی حەوشە بچووکی شتایگەر ڕێژکراوی دوو نهۆمدا سەرکەوتینە سەرەوە، کە دیمەنێکمان بینی ئەو هەناسە سوارییەی لەبیر بردمەوە کە جاران لەهەورازدا تووشم دەبوو، دیمەنەکەش ئەوەبوو: ئەندامانی خێزانەکە ژنان بەعەبای ئەوغانی بەسەرەوە رووخسار تەواو داپۆشراو، بەڕێزو ڕێزێکی زۆرەوە وەستاون بۆ داب و نەریتی پێشوازی کردنمان.. دوای تەواوبوونی ئەو پێشوازیە فەرمویان لێکردین بۆ جێگەی دانیشتن.

خانووەکە هۆڵێکی فەرش ڕێژی پان و پۆری گەورەی هەشت نۆ مەترێك چوارگۆشە دەبوو کە تامی حەوشەکەی دەدا.. پایەیەکی ئەستوور لەناوەڕاستدا، دووسێ پەنجەرەی گەورە، بەو بەرزاییەوە بەسەر شاری تاراندا دەیانڕوانی، دەرگای دووسێ ژووریشی لەسەربوو کە لەگەڵ مەتبەخەکەدا تێکەڵ ببوو تەنیا سەکۆیەکی باریکی نزمی وەکو بار بەبێ دەرگاو پەنجەرە لەهۆڵەکەی جیادەکردەوە.

کە لەلایەکی هۆڵەکەوە لەسەر دۆشەك و ڕایەخ دانیشتن بەعەباکانی سەرو رووخساریانەوە بەخۆشحاڵیەوە دەوریان لێداین و دیسانەوە بەخێرهاتنیان کردینەوە ئەنجا دوای چاك و چۆنی کاکە فەیزی یەکە بەیەکەیانی پێشکەش کردین: ئەوە ئەکرەم خانمی دایکی منداڵەکانە. ئەوە سودادەی کچی گەورەمەو شەهادەتنامەی دانشگای هەیەو ئەو دوو منداڵە بچووکەشی هەیە بەڵام کەیبانوی ماڵە. ئەوە سانازی کچە بچووکمەو ئەمساڵ دانشگای تەواوکردووە. کە ساناز وەکو ئەوان عەبا پۆش نەبوو، لەخۆپۆشین و قسەو جموجوڵیدا سەربەستی تەواوی وەرگرتبوو.. ئەوەش جەوادی کوڕە بچووکمەو کلاسی پێنجی سەرەتاییە. کوڕەکەی ترمان لەماڵی خۆیەتی و عەلی ڕەزای خوشکەزای ئەکرەم خانم و ئەردەڵانی زاواشمان چوونەتە ناو شار بۆ سەر ئیش.

ئێمەش پێخۆشحاڵی خۆمانمان بۆ دەربڕین و گەلێك سوپاس و ڕێزی خۆمانمان پێگەیاندن و هیوای جوان و شادمانیمان بۆ خواستن.

ئەم خێزانە هەر بەفارسی دەدوان لەکوردیش تێنەدەگەیشتن کاکە فەیزی نەبێت ئەویش خەریك بوو زمانە کوردیەکەی پەکی بکەوێت. کاکە فەیزی سی چل ساڵێك بوو لەتاراندا ژیابوو، لەوێ ئەکرەم خانمی مارە کردبوو، تەمەنێکی زۆری

له سوپادا بەسەر بردبوو، لەدوایدا دەستی کردبوو بەکاسپی و ئەم خانووەی دروست کردبوو، ئێستاش خاوەنی پێشانگای ئۆتۆمبێل کڕین و فرۆشتنە.

لەسەرەتای دانیشتنەکەماندا کە بینیمان من چوار مەشقی دانیشتبووم وتیان: قاچت ڕاکێشەو بەئیسراحەت دانیشە با ماندوو نەبیت، ئەنجا دوای گفتوگۆیەکی کورت وتیان خۆتان بشۆرن و بحەوێنەوەو، بانانێك بخۆین... کە بانگێکیان کردینە نزیك مەتبەخەکەوە بۆ نانخواردن لەڕاستیدا ئەو پێشوازیە گەرم و گوڕەی ئەوان کارێکی وای کرد، ئەوسا بیرم کەوتەوە کە ئەمە ژەمی بەیانیەو سەعات نزیکی نۆیەو ئەوانیش هێشتا نانیان نەخواردووە. دوای نان خواردنیش وتیان ئێوە شەو بەڕێگەوە بوون و نەخەوتوون، ئێستا سەرخەوێك بشکێنن با ماندوێتیتان دەربچێت.

بەڵام دوای نانخواردنیش پێم وتن کە، من نەخۆشم و جارجار ئازارێکی ئێسقانی ملم هەیە، هەرچەندە لەسلێمانیش پزیشکی باشی لێیەو ئێستاش بەرەو باشتر دەچم، بەڵام لەترسی ئەوەی لێم پیس نەکات هاتم بۆ (تاران). ئەنجا بەتایبەتی لە کاکە فەیزەم گەیاند کە، جەنابت شارەزای ئێرەیت، بەئەرکی نەزانی پزیشکێکی شارەزاو پسپۆڕی ئەو نەخۆشیەم بۆ بدۆزەرەوە کە سەیرم بکات. بۆ زمانەکەش، خۆمن فارسی نازانم و پشتم بەجەنابت بەستووە. ئیتر هەموو هیوای چاك بوونەوەیان بۆ خواستم و کاك فەیزیش بەبڕوایەکی تەواوەوە وتی هیچ خەمت نەبێ مامۆستا، ئێوارە دەچیتە لای پزیشکی خۆت.. ئەنجا هەرکەسەو چوو بەلای کاری خۆیەوە، ئەکرەم خانم و سوودادە خانم بەخۆیان و عەباکانی سەریانەوە بۆ مەتبەخ، ئێمەش بەلای حەسانەوەی خۆمانەوە، کاك فەیزیش بۆ ناو شار.

بۆ نانی نیوەڕۆش کە دانیشتین، ئەکرەم خانم سفرەو خوانێکی ڕازانەوە، بەڵام شاهانە. هەرچەند ئەو پێخۆشحاڵیەی وەك خۆی نەما کە بۆی دەرکەوت من پارێز دەکەم و کەمخۆریشم، گێلاسیش لەسەر ڕێڕەوەکەی خۆی هێندەی چۆلەکەیەك دەخوات. هەر لەسەر نانەکەش کاکە فەیزە هەواڵی پێدام، کە پزیشکێکی پسپۆڕی چاکی لە تاراندا بۆ دۆزیومەتەوە ئێوارە بەیەکەوە دەچنە لای وتیشی مامۆستا هەتا چاك دەبیتەوە، برای خۆت لەخزمەتدایە.

من لەسلێمانی بیستبووم کە کاکە فەیزی شان لەشانی حاتەمی تەی داوە،

لەبەرئەوە ئەو ئێوارەیە پێش ڕۆیشتنە دەرەوەمان پێم وت: کاکە فەیزی، من لەسلێمانیەوە کە، هاتووم، بۆلای دکتۆر هاتووم، پارەیەکی زۆریشم هێناوە، لەبەرئەوە برای خۆت تکات لێدەکات نە بۆ پزیشك نە بۆ دەرمان نە بۆ تاقیگە نە بۆ ئەشیعە نە بۆ هیچ، دەست ناکەیت بەگیرفانتا، با لەدەرەوە لەبەر چاوی خەڵکی دەبێت و نابێت نەکەین. کە وام وت بەبێزاریەکەوە هەردوو لەپی دەستی هێناو برد. منیش وتم برام من ئەگەر پێویستم بەپارە بوو خۆم داوات لێدەکەم..

هەتا ئێمە خەریکی ئەم وتووێژە بووین، ئەکرەم خانم بەعەبایەکی ڕەش و چاویلکەکەی چاویەوە خۆی کۆك و تەیار کرد، هەرچەند پێمان وت تۆ بۆچی ئەم ئەرکە دەکێشیت؟ بێ سوود بوو. چووینە دەرەوەو بەئۆتۆمبیلەکەی کاکە فەیزی سەربەرەو خواربووینەوە بۆناو شار، بەو هەموو شەقام و ڕێگەو بان و ساختمان و بینا سەرکەشانەو ئەو هەموو دوکان و بازارانەدا کە ژاوەی لێوە دەهات، بەنێو ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانەدا کە وەکو شارە زەردەواڵە لەناو ئەو شەقامانەدا خرۆشابوون و بەدەگمەن نەبوایە پۆلیسێکی هاتوچۆمان نەدەدی، دوای نزیکی سێ چارەکە سەعات، ئەوسا کاکە فەیزی گەیاندینیە لای پزیشك کە هەوارەکەی لەنهۆمی خوارەوەی بینایەکی گەورەدا بوو. بەڵام زۆر چاوەڕوانمان نەکرد وادیار بوو کاکە فەیزە مشووری نۆرەشی خواردبوو. ئەوەی کە لێرەدا پەسەند هاتە بەرچاوم، هەر نەخۆشێك نۆرەی بهاتایە ڕاستەوخۆ نەدەچووە لای پزیشکەکە، بەڵکو بەتەنیا لەگەڵ ناسیاوێکیدا دەچووە ژوورێکی تایبەت چاوەڕوانی دەکرد تا لەدوایدا پزیشك خۆی دەهات بۆلای لەوێ سەیری دەکرد.

ئێمەش دوای چاوەڕوانیەکی کەم لەژوورەکەی خۆماندا کە پزیشك هاتە لامان، پێش سەیر کردنم کە زانی خەڵکی سلێمانیم بەفارسیەکەی وتی: کەی نیازتانە جمهوریەتە ئیسلامیەکەمان بۆ دابمەزرێنن؟ ئێمە چاوەڕوانی ئێوەین. ئەو ڕۆژەش ٢٠٠٣/٧/٧ بوو منیش لەگەڵیا کردم بەسوعبەت و وتم: با من بگەڕێمەوە سلێمانی ئیشەڵڵا هەموو شتێك جێبەجێ دەبێت. ئەنجا دوای سەیرکردنی شان و ملم وتی: هیچ خەمت نەبێ من چاك چاکت دەکەمەوەو منیش سوپاسم کردو پێم ڕاگەیاند: من لێرە هەر چوار ڕۆژێك دەتوانم بمێنمەوە ئەوەندە دەرمانم بۆ بنووسە لەسلێمانی لێم نەبڕێت. پڕ دوو ڕەچەتە دەرمانی بۆ نووسیم و ئاگاداری کردم کە ئەم ملپێچەی خۆت باش نییەو ڕەچەتەیەکی دامێ بۆ کارگەیەك کە

بەتایبەت یەکێکی ترم بۆ دروست بکەن. هەروەها ڕەچەتەیەکی تری دامێ کە ئەم ئەشیعەیەی بۆ بگرم و سبەی ئێوارە بۆی بەرمەوە. کە لای هاتینە دەرەوە دەبینم ملپێچەکەم ملپێچێکی باشەو مانگێکە لەملمایەو هیچ گلەیم لێی نییەو، هەتا بەشەویش پێوەی دەنووم هیچ سەغڵەتم ناکات ئیتر بۆچی ملپێچێکی تر بدەم بەکردن؟ بەتایبەت بەدەستی دەستی دوو ڕۆژ دەبات، لەبەرئەوە دروستکردنەکەیم هەر فەرامۆش کرد.

دەرمانەکانم کڕی و بۆ ئەشیعەکەش دیسانەوە لەگەڵ کاکە فەیزی و ئەواندا سواربووینەوەو دوای بیست دەقیقەیەك لەبەردەم ئەشیعە خانەیەکی گەورەدا دابەزین، لەوێ زانیمان کە ئەم دەزگایە نوێترین دەزگای ئەشیعەو تاکە دەزگاشە لەتاراندا. بەچەند کاکە؟ وەکو لێکمان دایەوە هەزارو چوار سەد دیناری سویسری خۆمان بوو. بەڵێ باشە. گێلاس و ئەوان لەجێگەی چاوەڕوانی دانیشتن و منیشیان بردە نهۆمی خوارەوە. چی بێت لەئێوە نهێنی بێت، خستمیانە فرنێکەوە نیو سەعات بەبێ هیچ جوولەیەك لەسەر پشت تێیدا ڕاکشام و بەچاوی نووقاوەوە لەدنیا دابڕام. بەڵام فرنی چی؟ تەق و هوڕو چەکوشکاری و دەنگە دەنگێکی لێوە دەهات دەتوت لەهۆڵێکی کارگەدام.. بەڕادەیەك هەستێکی وەهام لێنیشت حەزم دەکرد ئەگەر دەرفەتی ڕاکردنم ببوایە، ڕامبکردایەتە دەرەوە. دوای ئەوەی ئەو نیو سەعاتەم بەڕۆژێك لێ ڕۆیشت، خوای من و تۆ کردی هێنامیانە دەرەوەو وتیان چاکەتەکەت لەبەر کەرەوە. کەویستیشم بچمەوە بۆلای ئەوان، تەماشا دەکەم کچەکە زۆر مەبەستێتی لەگەڵمدا بێت. کە چوومە سەرەوەو گەیشتمە لایان هەموویان بەکارمەندەکانەوە بەسەرسووڕمانێکەوە سەیریان کردم، کە دانیشتم پرسیان هیچ هەست بەماندوێتی ناکەیت کەوتم نەخێر، بەلایانەوە نائاسایی بوو، کارمەندێك شەربەتێکی بۆ هێنام داوای لێکردم نیو سەعاتێك پاڵ بدەمەوەو بحەوێمەوە، کە هاتینە دەرەوە، وتیان سبەی ئێوارە وەرنەوە بۆ ئەشیعەکان. بەڵام سبەی نیوەڕۆ کە کاکە فەیزە هاتەوە بۆ نان خواردن، ئەشیعەکەی پێدام و وتی ئێستا لەبەر دەرگا کارمەندێکی ئەشیعەخانەکە بۆی هێنامەوە، کە دیاربوو ئەمەش بەرانبەر چەردەیەك پارەبوو. بۆ ئێوارەکەی کۆمەڵەکەمان هەر لەسەر پەیڕەوەکەی دوێنێ کە ئەشیعەکەمان بردەوە بۆلای پزیشك، سەیرێکی کردو وتی: تەواوە هەر ئەوەی دوێنێیە کە وتم. منیش لەدڵی خۆمدا وتم: ئەی بۆچی

ئەم هەزارو چوار سەد دینارەت پێکردمە ئاوەوە، هەر لەبەر خاتری خاوەنی ئەشیعەخانەکە؟ کە وتیشم ئەی دەرمانی ترم بۆ نانووسیت؟ وتی دەرمان هەر ئەوانەی دوێنێیە. بەڵام ڕەچەتەیەکی تری بۆ نووسیم وتی نیشانی ئەم فەرمانبەرەی بدە لەم ژوورەدا، لەکاتی خواحافیزیشدا دیسان وتیەوە ئاغا فریامان کەون زوو زوو جمهورییە ئیسلامیەکە زوو.

کە چووینەوە لای فەرمانبەری ژوورەکەی ترو ڕەچەتەکەمان نیشاندا، وتی ئاغا ئەمە بیست دەست لیزەر نووسراوە. سەرم سووڕما. جا ئەمە چەند ڕۆژی پێدەچێت؟ بیست ڕۆژ ڕۆژی دەستێك. کەوتم من دەبێ بڕۆمەوە بۆ سلێمانی و کاتی ئەوەم نییە، کابراش وتی دە قەیناکا من یارمەتیت دەدەم بە دە ڕۆژ تەواوی دەکەم. ڕۆژی دوو لیزەر. باشە دەستی لیزەر چەندە؟ وەکو ئەو داوای دەکرد لێکم دایەوە، خانووەکەی خۆمانم لە سلێمانی بفرۆشتایە، ئەوسا تێدا دەبوو. وتم با بزانین و هاتینە دەرەوە، چونکە ئەوەی لێم ڕوون بوو: من تەندروستیم چاك بوو، زۆر گەشبینیش بووم کە چاکتریش دەبم. لەبەرئەوە وام بەڕاست زانی خۆم لەچاوچنۆکی بازرگانێتی هێندێك پزیشك ڕزگارکەم، بەتایبەت وەکو تێبینیم کرد پزیشکەکانی ئێرە کوردی عێراق بە (لۆرد) دادەنێن. لەبەرئەوە بەکاکە فەیزەم وت باهەر بەتەمابێت. نە لیزەرم لێداو نە ملپێچم گۆڕی، دەوا ئێستاش سێ ساڵێك پتری بەسەردا تێپەڕیوە کە ئەم بەسەرهاتە دەنووسم تەندروستیم لەوسا گەلێك باشترە.

شەو کە هاتینەوەو کاروباری پزیشکیمان نەما، کاکە فەیزە ئەوەندە دڵی بەو میوانداری کردنەی ئێمە خۆشبوو، لەخۆشیاندا لەگەڵ مۆسیقای تەلەفزیۆنەکە دەستی کرد بەسەماکردن. ئەم هەڵوێستە شیرینەی خانە خۆییەتی ئەوان و ئەم پێشوازیە گەرم و گورەی ئەو خێزانە، خستبوومیانە داراتێکەوە هیچم لەبیر نەمابوو، وام دەزانی لەخەوندام... ئەوان بەو یەك دوو ڕۆژە لەگەڵ گێلاسدا بەجۆرێك ڕاهاتبوون و هۆگری ببوون، هەروەکو کچی خۆیان سەیریان دەکرد، گێلاس گێڕایەوە وتی ئەکرەم خانم پێی وتووم کە سودادەی کچی ماڵ و حاڵێکی پۆشتەو پەرداخیان هەیە، ئەو ئێستا بۆیە لێرەیە بۆ خزمەتکردنی ئێوە.

ڕۆژی دووەم کە پێش نیوەڕۆکەی لەگەڵ گێلاس چووینە دەرەوە بۆ فۆتۆکۆپی ئیشێکی خۆمان لەو نزیکانە، لەکاتی هاتنەوەدا من دەستم بۆ ئۆتۆمبێلێك ڕاگرت

کە بمانباتەوەماڵەوە، خەریکبوو سەودای لەگەڵدا بکەم، وتی بابە ئەوە کاکە ئەردەڵانە تومەز ئەکرەم خانم لەترسی ئەوەی ئێمە ون نەبین ئەردەڵانی زاوای ناردووە بەدواماندا بگەڕێت و بماندۆزێتەوەو بمانهێنێتەوە بۆ ماڵەوە.

سانازخان تەنیا ژنێك بوو لەناو خێزانەکەدا کە عەبای بەکارنەدەهێنا.. ئەو سەربەستیەکی تەواوی خۆی وەرگرتبوو، چ لەپۆشاك و چ لەهەڵسوکەوت چ لەگفتوگۆدا بگرە نموونەی ژنێکی شارستانی بوو. زۆریـان پێخۆش بوو باسی سلێمانیان بۆ بکەین، خانووبەرە، بـازاڕ، ژیانی کۆمەڵایەتی.. هتد. زۆرجاریش بەبێئەوەی لەیەکتر تێبگەین سەری تێگەیشتنمان بۆ یەکتری دەلەقاند، کە تێگەیشتن و وشەیەکیشمان لێ عاسی نەبوو، ئەوە وەکو کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان یان کۆبوونەوەیەکی بۆ دەکرا، یان هەرکەس لەئاستی خۆیەوە ماناکەی لێکدەدایەوە، یان لەپڕێکدا ئەردەڵانی بەشانازیەوە دەیوت.. ئا بەڵێ. من دۆزیمەوە ئەو وشەیە مەبەستەکەی ئەمەیە کەلەڕاستیشدا واش نەبوو. جاروبارەش ئەکرەم خان هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا دەیوت: ئاخ خۆزگە نەمردمایە جارێك دەچووم بۆ نەجەف و ئەو مەرقەدەی ئیمامی عەلیم ماچ دەکرد. ئەوە خۆزگەی ژیانی بوو. ئێمەش دڵخۆشیمان دەدایەوەو پێمان دەوت ئیشەڵا ئەو ڕۆژە دێت.

کاکە فەیزیش وادیاربوو بازاڕی کاروکاسپیەکەی گەلێك باش بوو ئەوکاتانەی کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە لەسەر نانخواردن ئەوەندە تەلەفۆنیان بۆ دەکردو پرس و ڕایان پێ دەکرد، بەسزمانە نانەکەی بەدڵەوە نەدەنووساو ئیسراحەتی لەبەر هەڵگیرابوو.

شەوی سێیەم کاك فەیزە وتی سواربن بابتانبەم بۆ شاری یاری لەگەڕەکەکەی خۆیان، ئەکرەم خانم و گێلاس و جەوادو منداڵەکەی سودادەشمان لەگەڵ بوو... دوور نەبوو، بەنزیکی چارەکە سەعاتێك گەیشتینە ئەوێ. بەڵام شاری یاری چی؟ ئەوەندە چڕبوو شانت دەسووا، یاریەکانیش هەموویان ئاسایی بوون، لەسلێمانی لەپارکی ئازادی و سەیرانگای نەورۆز بینیبوومانن، لەبەر دوکان و کۆگاو چێشتخانە جێگەی گەڕان و هاتووچۆی کەمبوو... ئەوەی کە نوێ بوو بەلامەوە: لە چێشتخانەکانیدا، سەکۆیەك لەسەر پێنج شەش قاچی ئاسن بەبەرزی ئەژنۆیەك دروست کرابوون بەڕەو ڕایەخی لەسەر ڕاخرابوون، هەر کەس بچوایە

چوارمەشقی دادەنیشت بۆ نانخواردن. ئێمە تێریش بووین بەڵام لەسەر ویستنی گەرمی کاك فەیزە دانیشتین، ئیتر ئەو پیاوە چی بۆ نەهێنایین؟ کوڕە کاکە فەیزی بێ قەزابی یاخوا، شەوە، ناخورێت، ئیتر بەسە. ئێمە وتمان و ئەو دەتوت بایەو بەپەنا گوێیدا دەڕوات، کاتێك کە هەڵساین و شاگردەکە پاشماوەکەمانی کۆکردەوە، هێشتا دووسێ یەکی خواردنەکە لەسەر سفرەکە مابووەوە.

ئێمە کە بارودۆخی ئەم خێزانەمان دەبینی ئاوا بەڕێزو دۆستایەتیەکی ڕاستەقینەوە بەدەورپشتماندا دێن و سفرەو خوانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەڕوویەکی گەشەوە ڕازاوەتر دەبێت ئەمجۆرە خانەخۆییە کارێکی وای کرد هەست بەحەسانەوەیەکی فراوانی دەروونی بکەم، هەر بیرم چووبووەوە کەلە سلێمانیەوە هاتووم و بەڵکو لەماڵی خۆمدام.. جا کەلە پەنجەرەکانی هۆڵەکەوە دەمروانی بەسەر شاری تاراندا، دەچوومە دنیایەکی ترەوە. ئەمجۆرە مرۆڤانە چین وا بەخۆشحاڵیەوە، پێشوازی میوان دەکەن.

ئێوارەیەکی پێش ڕۆژی گەڕانەوەمان، کاك فەیزە بەڕووناکی هاتەوە بۆ ماڵەوە وتی وەرن بابتانبەم بۆ دامێنی گەڕەکەکەمان کە دامێنی شارە، حەز دەکەم ببینن، کە سواربووین بەرەو هەورازی سەخت پێینا بە بەنزیندا بەنێو ئەم هەموو ساختمانە گەورانەی سەر ئەم شەقامە پێچاو پێچانەی پاڵ ئەم چیایەدا زۆر نەڕۆیشتین گەیشتینە چۆڵی و، خانوو نەما، لەجیاتی ئەوە هەر قەدی شاخەکەو هەر لووتکەی چیای بەرزو هەر باخ و باخات و کانی بوو... ئەنجا لەو هەزار بەهەزارەشەوە کە دەتروانی بەسەر هەموو شاری تاراندا، تەمێکی خەستی دووکەڵ و تۆز بەسەریدا کشابوو، وردەکاری خانووبەرەو شەقامەکانی داپۆشی بوو تەنیا کەمێك ڕوناکی گڵۆپەکان دیاربوو.

من لەم میوانداریەمدا هەرساتێکم بەجۆرە خۆشیەك لێدەڕۆیشت. وام دەزانی لەنێو خەوێکی شیریندام و هەستم بەجۆرە ژیانێکی خۆشنوودی و کامەرانی دەکرد. جۆرە ئارامیەك هاتبوو بەسەرمدا وەهام دەزانی هەرچی ئەم تارانە هەیە بەدەربەست منەوەیە.

کە ڕۆژی چوارەم نیازی گەڕانەوە هات بەسەرماندا، ئەو پەندە ئینگلیزیەم بیرکەوتەوە کەوا دەگەیەنێت (میوان و ماسی وەك یەك وانە، هەردووکیان بەسێ ڕۆژ بۆگەن دەکەن)، ئیتر بۆ بەیانی ڕۆژی پێنجەم کە بەپێچەوانەی خواستەکانی

ئەوانەوە بڕیاری تەواوی گەڕانەوەماندا، پێش نیوەڕۆکەی کاك فەیزی و ئەکرەم خان لەگەڵمان هاتن بۆ بازاڕێك کە ئەو دیاریانەی لێبێت کە ئێمە نیازمانە بیکڕین.. لەڕاستیدا بازاڕەکەی دوور نەبوو، خوار گەڕەکەکەی خۆیانەوە بوو بەنیو سەعاتێك گەیشتینە ئەوێ. کە دابەزین ئەکرەم خانم پێشنیازی کرد با پێشەکی سەردانێکی نزرگەی (ئیمام رەزا) بکەین کەلە تەنیشت بازاڕەکەوەیەو ئەنجا بچین بەلای کارەکانمانەوە. بەڵێ نزرگەیەکی گەورەی بەزێر ڕازاوەی فراوان بوو، لەبەر میوان جگەرەت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی، کاك فەیزی وتی ئیمامێکی زۆر پیرۆزە لەهەموو لایەکەوە خەڵکی دێن بۆ سەردانی. لەوێش ژنان بۆیان نەبوو هەتا نەك هەر بەجل و بەرگی (موحەجەبەشەوە) بچنە ژووری مەرقەدەوە، بەڵکو دەبوایە لای زێوانەکە بەرانبەر هێندێك تمەن عەبایەکی ئەوغانیان بپۆشیایە، بۆیە گێلاسیش بۆ یەکەمجار بەو عەبایەوە سەردانەکەی ئەنجامدا... ئەنجا چووینە بازاڕەکەوە، هەتا شتەکانمان کڕی سەعاتێکمان زیاتر پێچوو، بەلام شایانی باسە، ئەو بازاڕە لەجوانی کەل و پەل و ئاوەدانیدا، نەدەگەیشتە بازاڕەکانی سلێمانی... بەڵێ، بۆئەوەی زۆر ئەوانیش ماندوونەکەین کەمێك زوو هاتینەوە بۆ ماڵەوە.

ئیتر بۆ ئێوارە کەلوپەلەکانمان کۆکردەوەو دەستمدایە گۆچانەکەمم و کاتی ماڵئاوایی هات، هەر بەهەمان شێوەی پێشوازیەکە، بۆ بەڕێکردنەکەش، خێزان هەمووی لای دەرگای هۆڵەکەوە بەریز ڕاوەستان و، یەکێك لەمنداڵەکانی سوداد خانم لەسەر سینیەك قورئانێك و یەکێکی تریش هەر لەسەر سینیەك دووسێ پەرداخ ئاوی بۆ ڕاگرتبووین، کە ئەم دیمەنەم دی دڵم پڕبوو لەسۆزو ڕێز، دوای ماڵئاوایکردنێکی بەجۆش دوا وشەم ئەوەبوو: کە هەرگیز ئەو ڕۆژانەی لای ئێوەم لەیاد ناچێتەوەو، بەڵکو یەکێك دەبێت لەبیرەوەریەکانی ژیانم... قورئانەکەمان ماچ کردو لەگەڵ گێلاس سەرو قووم ئاومان خواردەوەو بەدڵێکی پڕەوە هاتینە خوارەوە هەرچەند کاتی دەرچوونی پاسیش بۆ (سنە) سەعات دەی شەو بوو، بەلام کاك فەیزەو ئەکرەم خانم لەسەر داوای ئێمە لەسەعات حەوتی ئێوارەوە ئێمەیان هێناوە بۆ گەراج (تەرمیناڵ) هەتا سەعات دەی شەو لەوێ بەدیارمانەوە بوون، واتە هەتا ئەوکاتەی کەلەسەر کورسی ناو پاسەکەدا دانیشتین و پاس کەوتۆتە جووڵە، کە ئەوسا بەدەم ئومێدو هیوای تەندروستی و کامەرانیەوە

**ماڵئاوایمان لێکردن و شادمانی ئەو چرکە ساتەی تەمەنم لای ئەوان کۆتایی هات و لەیەکتر جیابووینەوە.**
**یاخوا ماڵەکەتان هەزار ماڵی لێبکەوێتەوە کاکە فەیزی!**

# نانەواخانەکە

برادەر، دەڵێت نرخی ئارد شکاوە، بووە بەدوانزە دینار؟ ئەم پرسیارە لەوکاتەدا بوو کەلە گەڕەکی سابونکەران لەدوکانی ئاشنایەکم دانیشتبووم. دوو منداڵی رووتەڵەی هەشت نۆ ساڵان هاتن بۆ کڕینی یەك کیلۆ ئارد. دوانزە دیناریان کردە دەستییەوەو زروقەی چاویشیان هەر لەلای سێوو پرتەقاڵەکەی دراوسێ دوکانەکە بوو. بەڵێ کە ئاردەکەی بۆکێشان ڕۆیشتن.

منیش کە ئەو پرسیارەم لێکرد وەڵامی دامەوە کە، نرخی ئاردەکە نەشکاوەو هەر چواردە دینارەکەیە، بەڵام من دوانزە دیناریان لێوەردەگرم. ئەمانە منداڵی خێزانێکی هەژارن لەپشتمانەوە حەوت هەشت کەسێك دەبن هەموو ڕۆژێك دێن یەك کیلۆ ئارد دەبەن، دایکە داماوەکەشیان بۆیان دەکات بەنان، ئەی بەهەویری دەیانداتێ؟ بەشیان دەکات بەشیان ناکات؟ ئیتر ڕۆژەکەی پێدەبەنە سەر.

ئازیزەکەم، سەردەمەکەی زۆر ناهەمواربوو، حکومڕانی بەعسی جەزرەبەیەکی وەهای لێوەشاندووین دوژمنم نەیبینێت، گرانیەکی ئەوتۆی بۆ دروستکرد بووین قات و قڕی خستبووە وڵاتــەوە، زۆری هاوڵاتیان بەفرۆشتنی کەلوپەلی نێو ماڵەکانیان ژیانیان دەبردە سەر، هەر ماڵەی دووسێ زەلامی دەویست گوزەرانی ڕۆژانەی بۆ پەیدا بکات ئەنجاش دەریشی نەدەهێنا. چەندان دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو کەوتنە سواڵی نهێنی و ئاشکرا کە هەموو ڕواڵەتەکانی دەوروبەر، تاڵیی و زەقنەبووتی ساڵی گرانیە گەورەکەی بیر خستینەوە، باوکم ئەو گرانیەی دی بوو بۆیە دوای هەموو نوێژێك لەسەر بەرماڵەکەی لەخوا دەپاڕایەوە:

خوایە هەرچییەکمان لێدەکەیت لەگرانی بەدوورمان کەیت! جا ئازیزەکەم هەر لەو ڕۆژگارە سەختەدابوو- بڕوات و نەیەتەوە- بەردەم نانەواخانەکان بۆ هەڵپەی نانکڕین بەجۆرێك بەخەڵکی تەنرابوو هەر بەدەرەوە نەبوو، منیش لەنانەواخانەیەکی (دارە سووتاوەکە) وەکو ئەم خەڵکە پارەی خۆم لەڕیزەکەدا داناو ئیتر هەرکەسە بەدەم جۆرە خەیاڵێکەوە چاوەڕوانی دەکرد هەتا نۆرەی دێت. لەم کاتەدا لەنێو کڕیارەکاندا گوێم لەدەنگێکی کزبوو وتی: کاکە دوو کولێرەش بۆ من دانێ. کە سەرم هەڵبڕی ژنێکی کەمێك بەتەمەنی بالآبەرز، لەش ولار نارێك، ڕووخسار خەماوی، لەچك بەسەر، جلەکانی هیچیان هی بەری خۆی نەبوون دوو منداڵیشی لەگەڵدا بوو.

یاران ئەم خێزانە ئەوە سیانیان لێرەن، بەلایەنی کەمەوە سیانی تریشیان لەماڵەوەن، دوو کولێرەش ئاخۆ کێ بیخوات و کێ سەیری بکات؟ بیرکردنەوەم دەربارەیان یەکجار ورووژا، بەڵام کە وتی کاکە دوو کولێرەش بۆ من دابنێ، گورج بەنانەواکەم وت، دە کولێرەی بۆ دابنێ و پارەکەشی بدەرەوە.

من بیرم بێت بەدرێژی ژیانم دەستی یارمەتیم بۆ زۆر هەژاران درێژکردووەو پێویستی زۆر داماوانم ڕایی کردووە، بەڵام بیرم نایەت هیچ جارێکیان وەکو ئەمجارە ئەم شێوە حاڵەتەی تێدا دروست کردبم. ئا لەوکاتەدا هەموو گیانم گۆڕا بۆ بڕوایەکی ئەوتۆ کە دەیگوت: زەمانە هەر تەنیا ئەم چرکە ساتەی ئێستایەو بەس کە، فریای ئەو هەژارانە دەکەوێت خەمەکانی دڵیان دەرەوێنێتەوە، کە ئەگەر ئەو کارە بەنرخە جێگیرەت نەکردایە، ئیتر کات و سات بۆ یارمەتیەکی تر نەدەمایەوە. لەو ساتەوەختەدا وەهام دەهاتە بەرچاو: وەك چۆن یەکێك، یەکێك لەخنکان ڕزگار دەکات، منیش ئاوها ئەو هەژارەم لەئازاری برسێتی ڕزگار کردووەو هەناسەیەکم بەهەموو خێزانەکە بەخشیوە. هەروەها سۆزێکم لێوڕووژا، سەبووریەکی بێهاوتای پێبەخشیم، هەموو دەروونم هەناسەی حەوانەوەی هەڵدەکێشا، هەر ئەوەندە ئاگام لەخۆم ما، من کارێکی وەهام کردووە، کەم بێت یان زۆر شایانی شانازیە بەخۆم، من مرۆڤێکم دەتوانم پشت بەخۆم ببەستم و چنگ لەگەڵ ئەو لەشکری برسێتیەدا بدەم کە دوژمنانی ئەم گەلە کردویێتیە سەرمان، ئەمجۆرە خاسیەتانەش مرۆڤ بەدوویدا دەگەڕێت، دەمن وا بەدەستم هێناوە ئیتر چۆن سروەی شەماڵی حەوانەوە لەسینەمدا ناشنێتەوە؟

یاران، کەم ڕێك دەکەوێت ئەم فێنکایەتیانە وەها بیدات بەڕووی مرۆڤدا، دەبا لەدەستی خۆمی نەدەم با هێندێکی تریان بخەمە سەرو زۆرتریان بکەم… گۆشت فرۆشەکەی ئەوبەر نانەواکەم ڕاسپارد کە، کیلۆیەك گۆشتی جوان بۆ ئەم منداڵانەی بکێشێت.

کاتێکیش کەلەو گوزەرە ڕۆیشتم و دوور کەوتمەوە، هەر بەخۆم دەوت: دۆستی ئازیز، من کارێکی باشم کرد خوا بەقوربانی عەقڵی خۆمم بکات، هەرچەندە گیرفانیشم بەتەواوی چۆڵ بوو، بەڵام ئەگەر پڕیش بوایە لەزێڕو زیو، هەر ئەوەندە لەش سووك و دڵخۆش دەبووم.

# شانۆی سەردەمی ڕاپەڕین

کە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١ هات، مژدەی جەژنێکی بەباق و بریقی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کوردستان و عومرمانی سەرلەنوێ نووسیەوەو کاربەدەستانی وڵاتیش کورانە کەوتنە خۆیان بۆ دانانی بەرنامەیەکی شایست بەو سەردەمە نوێیە. بەڵام لەسەرەتادا هەندێك ڕووداوی تاڵ و ترشی چاوەڕوان نەکراوی وەها ڕوویدا ئاڵۆزیی و شێواویی لەوڵاتدا خستەوە.

لەپێش ڕاپەڕیندا کە کەسوکاری شەهیدان لەبەر غەزەبی میریدا بوون، منیش بەو هۆیەوە کە باوکی شەهید ئاواتی جوانەمەرگ بووم، دام و دەزگاکانی میری بەچاوی ناحەزانەوە تێیان دەڕوانیم، ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵەکانیش کەلەسایەی میریدا بوون، لەبەرچاوی زەقی ئەو دەسەڵاتە، مامەڵەو پەیوەندییەکانی جارانیان لەگەڵما کەم بووەوە، بۆیە لەهەشتاکاندا ئەوجۆرە چالاکیانەم لەسەر شانۆو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ،ئەو گورەی جارانی نەما،هەرچەندەش بۆ خۆڕاگرتن لە ئاستی ئەو گەمارۆیەدا، دەرفەتی دراما نووسین و بڵاوکردنەوەو ئامادەبوونی کۆڕو سیمینارو میهرەجانەکانم بەبوارێکی گەورە دەزانی بۆ تینوێتی شکاندنی هونەریم.

بەڵام کەلە ١٩٩١ دا ڕاپەڕین بەخۆی و مەشخەڵەکەیەوە هات، دیارە من لەکەسانیتر، زۆرتر دڵم پێی شاد دەبێت، چونکە بەلای کەمەوە ڕاستەوخۆ چاوەڕوانی پچڕاندنی ئەو کۆت و زنجیرانەی لێدەکەم کە بەدەوری ئەو چالاکیە هونەریانەماندا بەستراون.

کەچی بەداخێکی سەختەوە لەم سەردەمەشدا ئەو ئومێدە چریسکاوە چاوەڕوان کراوەم نەهاتەدی، بەڵام بەجۆرێکی ترو بەشێوەیەکی جیاواز لەهی پێشتر.

ئەو بزووتنەوە شانۆییەی لەهەشتاکاندا بەرەو پێشەوە بینی گرتبوو، ئەو شانۆیەی کە جەماوەرێکی فراوانی بۆ خۆی دروستکردبوو، ئەو شانۆیەی کە بەرێبازی کلاسیکی و واقیعی و برێختی و ئەزموونگەری و ئاهەنگ سازییدا تێپەری بوو، نەك هەر راوەستا، بەڵکو بەرەو دواشەوە گەرایەوە.

نەك هەر لای ئێمە بەڵکو لەهەموو وڵاتانی جیهاندا ئەوە ئاساییە کە: سەردەمی شۆرشگێری و گۆرانی حکومرانی، تا ماوەیەك، شێواهن و شڵەژاویەکی تێدەکەوێت و زۆر بوار دەشڵەقێنێت و، یەکێك لەوانە بواری، شانۆیە. جا لەم حاڵەتەدا زۆر کاروبار تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت و تێکدەچێت و چەندان شەخسیاتی کۆمەڵ، رێگەیان لێون دەبێت. هەر بۆنموونە: (ستانسلافسکی) ئەو هونەرمەندە درەوشاوەیە کە ئێستا تیۆرەکانی لەزانکۆکانی عالەمدا دەخوێنرێت، نوێکاری و داهێنانکاریەکانی، هەمووی لەسەردەمی قەیسەریدا بوو، دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر ئیتر ئەو بەندو باوەی نەما. هەروەها هونەرمەندی مەزنیش (مایەرهۆڵد) وەهای لێ بەسەرهات لەچلەکاندا ئیعتباری بۆ گەرایەوە.

جا کەلای ئێمەش بواری شانۆ شڵەقاو لەئەنجامی ئەم شڵەقاندنەدا لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەرك و ماندووبوونی هونەرمەندان بەنیازێکی نەتەوەیی و لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەماندا، قۆڵیان لێ هەڵماڵی، چەند ساڵێك هەر شانۆیی بوو، پێشکەش دەکراو، هەر نمایش بوو نیشان دەدراو هەرتایتڵی درامابوو لەشەقام و لەفولکەکان سەیری رێبواریان دەکرد، لەنووسین و دەرهێنانی فلان و نواندنی فیساری نەدیوو نەناسیوی جیهانی شانۆمان، لەوانەی کە بەدەگمەن تێیدا هەبوو، بینەر لەکاتی هەڵساندا بۆ چوونە دەرەوە لەهۆڵەکە، بیری نەچێتەوە چی دیوەو چی پێشکەشکراوە، منێك کە کەم شانۆیی رێککەوتووە نەیبینم وام لێ بەسەرهات وەك پێبری ببم وابووم...

هەروەها ئەمە هەر نمایشی تەلەفزیۆنی بوو، بەناوی نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرو هەمەجۆر کۆرو کۆمەڵی نوێوە هەروەکو وتم نەدیوو نەناسیوی دەوڵەتی هونەر، لەتەلەفزیۆنەکاندا، بڵاودەکرایەوە، کە زۆربەیان گوایا لەبارەی خەباتی رابووردووی پێشمەرگەوەیە، بەجۆرێکیش تۆماردەکران کە زۆری مابوو تا بگاتە پلەی سادەو ساکاریی.

کە ئەم تەوژمی چالاکیی شانۆو تەلەفزیۆنە بەرەبەرە ئارام بووەوەو

خەتمكرا، ئیتر لەم دواییەدا باو بوو بەباوی بەرهەمهێنانی (فیلمی سینەمایی) بەڵام چۆن سینەمایەك؟ هەر بەباغە فیلم بوو، بەنووكە قەڵەمیش سینەمابوون.

ئەم هروژمی پەلەپروزێیەی ئاماژەم بۆ كرد، دەروون گەورەیی كاربەدەستان و سنگفراوانیی یاسایان بەهەلزانی و بەڵكو زۆربەشیان پشتگیری داراییان قۆزتەوەو چەندان میهرەجانیان گێراو خەلاَت و بەراتیان، گوایا بەسەركەوتووەكان بەخشی، بەبێ ئەوەی خەمخۆرانی هونەر بیرێك لەوە بكەنەوە: بەلایەنی كەمەوە لیژنەیەكی راوێژكاری هونەریی دابمەزرێت بۆ بەربەستكردنی ئەم هروژمە نابەجێیەو دروستكردنەوەی تەلاری هونەر.

منیش وەكو هونەرمەندێكی دڵسۆز بەنەتەوە، زۆر ئاسایی بوو كە هونەرەكەم بكەمە قەبەڵ گەشەكردنی راپەرین و ئەم سەردەمە نوێیە شانمدایە بەر ئەرك و پێداویستیەكانی. بەڵام بەبێ ئەوەی كە پەیوەندییەكم هەبێت بەهیچ لایەنێكی حزبیەوە، چونكە من وەكو لەوەپێشتر وتم: من هەر لە ١٩٥٠ وە بریارم دابوو كەلەرێگەی غەیرە حزبیەوە، واتە لەرێگەی ترەوەو لەرێگەی شەخسیەتی خۆمەوە، خزمەتی خۆم بەگەل و وڵات بگەیەنم.

من بـیرەوەری دەنووسمەوە، كارەكە ئەوەنییە: یەكێكم خۆشبووێت، ستایشی بكەم، یەكێكیشم خۆش نەوێت لەرێزی كەم بكەمەوە. چیم دیوە، ئەوە دەنووسم. چونكە ئەگەر وانەبێت، بیرەوەریەكان راستگۆیی ناگرنەخۆ. ئەمە بیرەوەریەو مێژوونووسین نییە كەوەك مێژوونەناسان، بەلێدوانەوە، بەبیروراو بۆچوونی خۆمەوە بینووسمەوە. بەڵكو هەڵوێست و رووداوو بەسەرهات، چۆنم دیوە، وەك خۆی ئاوێنەی دەكەمەوە بەڵێ لەپێناوی ئەم سەردەمە نوێیەدا، لەسەرەتادا دوو تەلەفزیۆنی هەردوو حزبە گەورەكە چووم یەكی سێ وچوار مانگێك تیایاندا بۆ كاروباری شانۆو جیهانی منداڵان، دەست بەكاربووم:

بەڵام گەشەكردنی نوێكاری و داهێنانكاری چاوەروانكراوم تیایاندا نەگەیشتە ئەنجام. دوای ئەوەش زۆربەی تەلەفزیۆنەكان لەكارەكانیاندا، بەشی خۆیان درامایان تۆمار دەكرد، بەڵام تا ئێستاش نەمدی یەكێك داوای بەشدابوونێكم لێ بكات. بەڵكو دەبوایە خۆم بچوومایە كە ئەگەر مامۆستاشم بوونایە لەهونەرەكەدا، خۆ من شانازیم پێوە دەكردن. بەڵام من هەر لەیارمەتیداندا گەرم بووم. دەقی ئۆپەرێتی (باوە نەورۆز)م برد بۆ چەند تەلەفزیۆنێك وەڵامی نەبوو.

دەقی (١٥) چیرۆکی شەو چەرەی ڕەمەزانم برد بۆ تەلەفزیۆنێك، هەتا بە خوێندنەوەش سەیر نەکرا.

چاوی درامای جیهانی لە (ئەفسانەی چیای ئاگری) و(مەم وزین) و (گوڵی خوێناوی) برد بۆ تەلەفزیۆنێك ئەوانیش بۆ هەڵگرتن بەرەو ڕووی خۆم کرانەوە.

خۆئەگەر من مەبەستم خزمەتی کوردستان نەبێت، هەرگیز ئامادە نیم ئاوا دەرگا بەکەس بگرم.

مەبەست لەم نووسینانە دەرخستنی کەموکوڕی نییە. هەموو گەلێك بەشی خۆی کەموکوڕی هەیە. ئێمەش بەهۆی چەپۆکی داگیرکەرانەوە کەلە کەموکوڕی بەدەر نین، لەنگیەکی تێدا نییە، بەڵام لەنگی لەوەدایە کە چاوی کەموکوڕیەکان بنووقێنین و خۆمان لەچارەسەرکردنیان دوور بخەینەوە.

خۆ من بەئاسانی دەتوانم بابەتی عاتیفی بنووسم. دەتوانم دەقی پێکەنین و کۆمیدی و گاڵتەجاڕی ڕووت، یان ستایش و یان تانەو تەشەرو، یان لایەنگیری بەراگەندکاریەوە بنووسمو یان تۆمارو نمایش بکەم... بەڵام ئەم شێوازە، هەمووی پێچەوانەی دابونەریتی جیهانی هونەرەو لەگەڵ پەیامەکەیدا ناگونجێتو لەگەڵ نامەی هونەردا دژ بەیەکترن، بۆ منیش نەهاتووە بەم هەموو ئەزموونو تاقیکردنەوەیەوە، لەم ڕاستیانە، لابدەم.

## ڕووبـارە گەورەکە

باواز لەکاروبارە تایبەتیەکان بهێنین و بێینەوە سەر باسی بارودۆخە گشتیەکان لەو سەردەمەدا چەند بەندو باوێکی ئەوتۆ هروژمی هێنایە ناوەندە هونەریەکەوە، خۆی زاڵکرد بەسەریدا گەلێك دەستەبالأبوو کە بارودۆخەکەی زۆرتر شڵەقاند وەك: سەلەفی خەلەفیو کۆنو نوێو، نکۆڵکردن لەڕەنجی ڕابردوو... هتد کەلێرەدا باسیان دەکەین.

(کە ئەم نمایشەش دەنووسم، لەکەنار ڕووبارە گەورەکەی شانۆکەمانەوە سەیر دەکـەم. چی بەسەر ئاوەکەوە دیـارەو شایستتری لێدوانە، لەبارەی ئەوانەوە دەنووسم.)

بەتەنتەنەو فەنتەنەش نانووسم، بائەوەی مەبەستە ڕاستەوخۆ بگاتە جێ.

بەکۆڵە زاراوەی نوێشەوە نەهاتووم، وەك (ئەبستمۆلۆجیو پرانسیب توبیاو، دۆگماو، لۆژیكو، ناسیونالیستو سیسمۆلۆجیو ماسمیدیاو یا خوانەخواستە ڕێگەی (نوێکاری) لەکەس بگرم.

بەکەموکوڕیشی نازانم کەلەبارەی شتە بەرزەکانەوە بەشێوە زمانەکەی دایك و باوکم بنووسم تا ئاسان تێگەیشتن ببەخشێت.

(ئەوانەی کەلەبارەی شتە بەرزەکانەوە بەقسە بەسەر ئەوانیتردا سەرکەوتوون، ئەوانە زۆریان ئەوکەسانەن کە بۆ خۆیان لەوخاسیەتانە بێبەشن کە دەیانگەیەنێتە پلەی سەرەوە. ئەوانە بەسۆزێکی داتاشراوو پڕ پێچو پەناوە لەبارەی هونەرەوە دەدوێن- ستانسلاڤسکی- ئامادەکردنی ئەکتەر لاپەرە(١٠)).

ئێستاش کە دەنووسم، بەدەم سەرماو سۆڵەی وەرزێکەوە هەڵدەلەرزم کە هەمووماني سڕ کردووە، کەچی لای یەکتریش دەری ناخەین کە پێی سڕبووین.

وێنەکانی ئەم نمایشەش، هێندە بەربڵاوو جەنجاڵ و ئاڵۆزە، نازانم لە چ دەرگایەکەوە بچمە ناوەوە بۆ مەبەستەکە ئاسانترو نزیکترو چڕوپڕ ترە. ئازارەکانیش هێندە بەژانن، نازانم پەنا بۆ کام دکتۆریش بەرم فریاکەوێت.

کە دەشنووسم، باوەڕی بەهێزم بەوە هەیە: هەر کەسێك تەواوی مافی نووسین و دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی هەیە. گوێشی لێبگیرێتو ڕێزیشی لێ بنرێت... لەهەمان کاتیشدا: بەتریقەی پێکەنینی ساوای بەرمەمکانە سوێند دەخۆم، کە ڕێزی ئەم مافە پیرۆزەش بەوە دەگیرێت: خاوەنەکانیان بەوە بزانن کە گرنگ هەر نووسینو وتنو دەربڕین نییە، چونکە هەموو کەس دەتوانێت بەنووسین وشە خۆی دەرببڕێت، دەسا زۆر، یان کەم. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بتوانێت گوێگر یان خوێنەر قایل بکات.

جگەلەئەوە تێبینیەکی وەهاش بکرێت کە ئەم مافەش بەربەرەڵڵا نییەو بەڵکو سنوورێکی خۆی هەیەو کە ڕەورەوەکەی گەیشتە ئاستێك پێچەوانە بسوورێتەوە دژی سوودی گشتی یان لاڕێ بکات یان هەڵە بکات، ناقایل هەر پشت بەهەمان مافی دەربڕین، بەتەواوی بۆی هەیە لەپێناو گەیشتنە ڕاستیەکاندا، ڕای خۆی دەرببڕێت، کە ئەم کارەش لەخانەی شارستانێتیەکی پێشکەوتوودا تۆمار دەکرێت.

خۆ هەرچۆنێك بێت لەبەردەرگا ڕاوەستین، فەرموون بابچینە ناوەوە: (سوقرات) فەیلەسوفی پێش (ئەفلاتۆن)و (ئەرستۆ)ی نەك هەرە گەورەی یۆنان، بەڵکو هەموو جیهان، ئەو فەیلەسوفە سەر رووتە پێپەتیەی شەقامەکانی (ئەسینا)کە بلیمەتیەکەی مێشکی هەموو بەشەری هەژاند، دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ پترە کە فەیلەسوفو زانایانی دوای خۆی، لەوساوە لەجیهانی فیکرو فەلسەفەدا کردەو کۆشە دەکەنو نوێکاریو داهێنانکاری تر دەدەن، ئەگەر لەو ڕەنجەیاندا گەیشتبنە دۆزینەوەی هێندێ فەلسەفەو بیروڕاو داهێنانکاریەکانی (سوقرات)ەو، هەر دەچێتەوە سەر سامانەکەی ئەو و لەهی ئەو تێنەپەڕیوە، بەڵکو هەر کشاندنو پانو پۆرکردنێکی ئەفکارەکانی ئەم هەڵکەوتووەیە.

(سوقرات)ی مەزن خۆی نا، بەڵکو (ئەفلاتۆن)ی قوتابیشی ئەگەر هەموو ئەو کتێبو نووسراوانەشی بسووتێنرێت، هێشتا مەترسی لەناوچوونیان لێناکرێت، چونکە لەهەموو شتێکی کۆڵیوەتەوەو شت نەماوە لەبارەیەوە نەدوابێت. کەچی

ئەو (سوقرات)ی فەیلەسوفە لەگەڵ ئەو هەموو بلیمەتیە بێ هاوتاییەی خۆیدا، باوەڕی وابووە کە، لەم گەردوونەدا هێشتا یەك شتی بۆ ساغ بۆتەوەو لەڕاستی یەك شت دڵنیایە، ئەویش ئەوەیە کە: خۆی کەسێکی نەزانە!

جا ئەگەر ئەم رایەی (سوقرات) لەگەڵ ئەو دەنگانەدا بەراورد بکرێت، ئەوانەی کە خاوەنەکانیان لەسەرەتادا بەرهەمێکی هونەریی خۆیان دەبینن، لەوان وایە ئەمە داهێنانکاریەکەو یەکەمجارە لەمێژوودا دەبینرێتو، سووریشن لەسەر ئەوەی کەهەر دەبێت چەپڵەشی بۆ لێبدرێت لەئەنجامی ئەم بەراوردکاریەدا ئەو راستیە سەر هەڵدەدات، کە خاوەنی ئەو دەنگانە، نە کەم نە زۆر، ئاگاداری گۆڕانکاری نوێکاریەکانی (٢٥٠٠) رۆژی لەمەوپێشی شانۆش نین، نەك (٢٥٠٠) ساڵ تەمەنە ڕاستەقینەکەی خۆی، تەنانەت وەکو هیچیشیان لەوبارەیەوە نەبیستبێ، ئەگینا هەر دەیانزانی کە ئەو بەرهەمانەیان لەبەر ڕووناکی ئەزمونی نەوەکانی سەدەها ساڵانی پێشووتر هاتۆتە دەست.

شانۆکەشمان بەدەست ئەم دیاردە ناهەمواریيەی بێ ئاگاییەوە تەندروستی هیچ باش نییە.

هەر بۆنموونە نەك بەڵگە... لای ئێمە لەسەردەمی هەشتاکاندا لەکۆڕو کۆبوونەوە هونەرییەکاندا، بەشانۆ نووسەکان ڕادەگەیەنرا کە قەڵەمەکانیان بشکێنن، کەچی لەڕاستیدا خاوەنی ئەو داوایانە ئەوەندە ئاگاداری خۆیان نەبوون کەلە حەفتاکانو پیشتریش مامۆستاو هونەرمەندە گەورەکانی ڕێبازی مامۆستاکانی خۆیان لەئەوروپا بۆیان سەلمابوو کە ئەم ڕێبازەیان لەشانۆدا چۆکی داداوە، لەبەرئەوە ئەوانە خۆشیان لێی کشاونەتەوەو وازیان لێهێناوە (جان جینیو یوجین یونسکۆو بیکیت) ڕوویان کردۆتە تەلەفزیۆنو سینەما (ئارسەر ئادامۆفیش) بەرەو شانۆی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕێگەی گرتۆتە بەر. کەچی وەك ئاماژەم بۆ کرد لێرە تازە بانگەوازی قەڵەم شکاندن تاوی دەسەند.

جگەلەئەوەش هێندێك بەندوباوی هەمەجۆری تر، وەڵام بۆ ئەوانە دەبێت چی بێت، کە نەك هەر ڕاستو چەپێکی پانان بەسەر خەرمانی ڕەنجی هونەرمەندانی پێش خۆیاندا هێناوە، بەڵکو لەدواکەوتنی شانۆی کوردیش بەرپرسیاریان کـردوون؟ ئەی قاوە قاوی سەلەفیو خەلەفی؟ ئەی واتەواتی پیرو گەنجو کۆنو نوێ کەلە مەبەستی شاردنەوەی کەم توانایی هونەریی خاوەنەکانیان،

کەش‌وهەوای ڕەوتی شانۆکەیان سەرقاڵ کردووە... وەلاّم لەئاستیاندا دەبێت چی بێت؟ کە ئەم حاڵەتەش ئەوکەسانەی کەبۆ یەکەمجاری تەمەنیان هەنگاویان بەرەو شانۆ هێناوەو دەبینن لەگۆڕەپانەکەدا ئەم واتەواتانە باوە، لای ئەمانیش بۆتە مۆدەیەك کە بەرزتر هاوار بکەن.

ئەگەر بڵێین ئەم حاڵەتە تایبەتیە بەئێمەوەو لەڕەوتی شانۆی گەلاندا نییە، بەڵێ هەیەو ئاساییەو لەڕابووردووشدا هەبووە، بەلاّم لای ئەوان پەرژینێکی هەبووەو بۆ مەبەستی ئیسپاتی وجوودی تاکەکەس‌و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ناوی خۆدا نەبووە.

بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ڕێبازو تیۆری نوێ‌و شێوازی چارەسەرو مەزاهبی هونەری‌و قوتابخانەکانیدا، بووە.

بۆ ئێمە ئەوە ڕاستە کە بزانین بارودۆخی شانۆکەمان ئەگەرچی زۆر نەبزرکاوە بەلاّم هێشتا نەش مەیوە، لەبەرئەوە ئەو ڕاستیە والەسەرمان پێویست دەکات کە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستایدا بەجۆرێك بێت، کەڵکی پێ ببەخشێت‌و خزمەتی بکات‌و کۆتایی بەئێش‌و ئازارەکانی بهێنێت، ئەمەش بەو مانایەی کە کاروبارەکانی بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ناوببرێن‌و ناوی خواستراویان بۆ دروست نەکرێت.

دەپرسین، ئاخۆ پیروگەنج لەهونەردا دەبێت مەبەست چی بێت؟ خۆ دیارە مەبەست زۆرانبازی نییە. چونکە ئەمە شانۆیەو گۆڕەپانی وەرزش نییە، ئەگەر زۆرانبازیشە، پیرو بەتەمەنەکان لەدیوانی خوادا دەکێشن بەلاملیانداو شایەتی دەدەن کە گەنجەکان هێندە لەوان بەهێزترن، شان بدەن لەدیوار دەیڕوخێنن... بەلاّم لەڕاستیشدا مەبەستەکە هەر ڕوودەکاتەوە، دراما. چونکە (هەموو ڕێگایەك هەر بۆ بانە دەچێت) کەواتە ناونانی ئەوجۆرە حاڵەتانە بەو ناوانەوە، هەڵەیە. بەڵکو ناوە ڕاستەقینەکەی وەکو وتمان، درامایە.

دراماش بەشێوەیەکی گشتی، هەروەکو چۆن شەخسیەتی گەنجی تێدا بەشدارە، شەخسیەتی پیرو بەتەمەنیشی تێدا بەشدارە، کەبەبێ ئەم تێکەلاّوی هەرەوەزکارییەی یەکتری، نمایشکردنی دراماکە ڕووناکی نابینێت.

جگەلەئەوەش سازکردنی نمایشەکە بەهەر ڕێبازێکیش بێت پێویستی بەئەزمونێکی پێشووتری شانۆیی تێکڕا گەورە تەمەنو گەنج هەیە، کەئەم ڕاستیەش نکوولی لێناکرێت.

کەواتە ناوی ڕاستەقینەی ئەم حاڵەتە وەك ئاماژەی بۆ کرا، پیروگەنج نییە. بەڵکو (سستیو چالاکی، یان بەئەزموونو بێ ئەزموونییە) کە ئەم خاسیەتانەش بوونیان لەهەردوولادا وەکو گشت نییە. بەڵکو وەکو تاکە کەس هەیە.

کۆنو نوێ چییە؟ ئەی سەلەفی چییە کەلەچوارچێوەی مانای (ڕابووردوو)دا نیشان دەدرێت؟ ئەم ناوە لەچ دیاردەیە نراوەو، بۆ مەبەستی ناشیرین کردنی چی بەکاردەهێنرێت؟

ڕابـووردوو (سەلەفی) وەك باخەوان بەکۆڵێك ئەزموونو تاقیکردنەوەی خۆیەوە دێتو خۆشی لێدەخواتو (خۆ ماڵ لەساحێب ماڵ حەرام نییە) خۆشی لێی دەخواتو دەیشی بەخشێت بەنوێو هەردووکیان لەسەر خوانەکە بەیەکەوە دادەنیشن. بەڵام نوێ کە بەبێ فەر سەیری کردو لێی وەرنەگرت، واتە هیچ ناخاتە سەر تاقیکردنەوەکانی خۆیو دیاریەکەش لەنێو دەچێتو زیانەکەش هەر بەسەر شانۆی داماودا دەشکێتەوە.

کەواتە ناوی ڕاستەقینەی ئەم حاڵەتەش، (کۆنونوێ) نییە ناوی (سەلەفیو خەلەفی) نییە. بەڵکو ناوی معادەلەیەکە کە پێی دەڵێن (بەخشینو وەرگرتن) کە ئەم هاوسەنگییە (معادەلەیە) نەك هەر لەبواری هونەردا بەتەنیا، بەڵکو لەهەموو چالاکیە گشتیەکانی تری کۆمەڵی بەشەریدا، یاسایەکی سروشتیەو هەوێنی پێشکەوتنێکە.

(ستانسلاڤسکی ١٨٦٣-١٩٣٨) گەورە هونەرمەندی ڕووسی کە سەیری ڕابـــووردووی شانۆی کـرد، نەبیسترا بکەوێتە ســەرو گوێلاك کوتانەوەی هونەرمەندانی پێش خۆی. سەلەفیەتو خەلەفیەتی بەسەردا نەسوون، بەڵکو گەورەییو زیرەکیی خۆی بەدۆزینەوەی ئەو تیۆرە هونەریانە سەلماند، کە بچنە بەرنامەی خوێندنی زانکۆکانی جیهانەوە. جەگەلەئەوەش وا بەگەرمیو ڕێزەوە ناوی هونەرمەندانی پێش خۆیو سەردەمی خۆی هێناوەو شانازی پێوە کردوون، دەیکردنە مەدالیایەك بۆ بەرۆکی شانۆی ڕووسی (وەك لەکتێبی ژیانم لەهونەردا نووسیوێتی) (مایرهۆڵد)یش کە لەگەڵ (ستانسلاڤسکی)دا لەبارەی

هێندێك بیروڕاوە ڕێك نەكەوتن، لەسەر پەسەند نەكردنی ڕێبازی سروشتی بوو بەبێئەوەی لەڕێزو گەورەییەكەی كەم بكاتەوە.

(بریخت ١٨٩٨-١٩٥٦) لەبیروبۆچوونە شانۆییەكانیدا، هێرشی نەبردە سەر پێشینانی خۆیو كۆنو نوێو پیروگەنجی نەهێنایە ئاراوەو سەلەفیو خەلەفی پێوە نەنان، بەڵكو بلیمەتی خۆی بەدۆزینەوەی ڕێبازێكی نوێی تایبەتی لەدەرهێنانو نووسیندا سەلماند، كە داهێنانی شانۆی مەلحەمی بوو.

هەروەها (بیتەر بروك) دەرهێنەری ناسراوی ئینگلیزیش لەڕەوتی هونەری خۆیدا، بەچاوی ڕێزو پێزانینەوە كەوتە پەند وەرگرتن لەتاقیكردنەوەكانی پێشینانی خۆیو، پیرو كەنەفتو سەلەفی پێ نەوتنو، لەدواكەوتنی شانۆكەیان بەرپرسیاری نەكردن. بەڵكو بەزیرەكی خۆی ڕێبازێكی نوێی دەرهێنانی تری بۆ شانۆ دۆزیەوە.

(ئارتۆ ١٨٩٦-١٩٤٨) كە لەگەڵ هونەرمەندانی پێشووی خۆی وەك (ئەدۆڵف ئابیاو گریك)دا تێهەڵچوو، بەنەشارەزاو سەلەفی ناوی لێنەنان، بەڵكو تینو تواناكەی بوو بەهۆی داهێنانی جۆرە شانۆیەكی تریش كە (القسوة) بوو.

(چارلس لام)یش كە تێبینی خۆی لەسەر (شكسپیر) هەبوو، بەنەشارەزاو سەلەفی دانەنا، بەڵكو ڕای وابوو كە شانۆییەكانی ئەو وەك (هاملێتو مەلیك لیر) لەوە مەزنترن كەلەسەر شانۆ جێگەیان بێتەوە، چونكە لەكاتی نواندندا بەشێكی تەلیسمەكانیان لەناو دەچێت.

بەڵێ ناودارانو گەورە هونەرمەندانی جیهان ئەم ڕەفتارانەیان لێنەبینراوە.. ئەوە نەبێ كە گەورەیی خۆیان بەدۆزینەوەی داهێنانكاری سەلماندووە.

هەر لەباسو خوازی ئەم بەندو باوانەدا كە شانۆكەمان نیگەران دەكات: لەهاوینی (١٩٧٦)دا یەكێتی نووسەرانی كورد لەسلێمانی لەباخچەكەی خۆیدا، لەبارەی چیرۆكەوە كۆڕێكی بەست، مامۆستا (ساجید ئاوارە) لە تێبینیەكانیدا هەڵسا وتی (ساڵی ١٩٥٦ چیرۆكی كوردی لەڕووی شێوەو لەڕووی هونەریەوە ئەم پێشكەوتنەی ئێستای ساڵی ١٩٧٦ی بەخۆیەوە نەدیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چیرۆكەكانی ئەوسا لەڕووی ناوەڕۆكەوە، بەكارتربوونو خوێنەریان دەجووڵاند).

بەڵێ (مامۆستا ساجید) ناوەڕۆکی بـەلاوە لەپێشتربوو، کە مەبەست جووڵاندنەکەیە... لەهونەری شانۆشدا ئەگەر لەسەر حسابی ناوەڕۆك، بایەخدانەکە تەنیا هەر بەشێوە بێت، واتە (هونەر بۆ هونەر) ئەوە لە پێویست دەچێتە دەرەوەو وەکو (کەمالیات) دێتە بەرچاو، بەپێچەوانەی خۆزگەو خواستەکانی گەلەکەمانەوە، کە تایبەتمەندێتیەکەی پێویستی بەجۆرە هونەرێکە، بۆ گەل بێت. واتە پێویستی بەهونەرێکە بەشداری لە هۆشیاربوونەوەیدا بکات، نەك لەسرکردن‌و بێهۆش کردنیدا. کە ئەمەش بەڵگەیەکی تری بێهوودەیە بۆ کەم توانایی خاوەنەکانیان، ئەوەش نیشان دەدات کە (عوزر لەقەباحەت خراپترە).

خاڵێکی بەئازاری تریش: بێ ئاگایی بگاتە ڕادەیەك، وادابنرێت کە پەرژینی بزافی شانۆکەمان شکاوەو هونەرەکە بەبێ خاوەن ماوەتەوەو ئەمە بکرێتە هەلێك بۆ ڕاگەیاندنی سڕینەوەی خەرمانی ڕابووردوومان بەرەنجی هونەرمەندانی حەفتاو هەشتاکانیشەوە. لەهاتنەدەنگیشدا لەئاستی ئەم نکۆڵی لێکردنە زەقە، خۆ ئێمە ڕامان وانیە کە درامانووسەکانمان (شکسپیر)ن‌و، دەرهێنەرەکانمان، (ستانسلاڤسکی)ن‌و ئەکتەرەکانمان (لۆرەنس ئۆلیڤی)ن. بەڵکو وەڵام ئەوەیە، لەگەڵ مێژوودا بەدەنگی بەرز دەڵێین: (٢٥٠٠) ساڵە، شانۆ بەڕێگەی گۆڕانکاری‌و نوێکاریەوەیە، میوانداری هەر نەوەیەکی ئەم جیهانەشی کردبێت، پێشوازی کردووە، ئەنجا بەڕێی کردووە. ئەگەر ئەم ڕاستیە وانەبووایە، هەر بەمنداڵی لەوڵاتی ئەغریقیدا، گیانی لەدەستدەداو نەدەگەیشتە لای ئێمە. ئێمەش وەکو نەوەیەك لەنەوەکانی جیهان کە گەیشتۆتە لامان، بەتایبەت نەوەی شەست‌و حەفتاو هەشتاکان، ڕەنجیان لەگەڵ داوەو، ماندوو بوون‌و، پەرش‌و بڵاویەکەیان لەچوارچێوەیەکی بەرنامەییدا، کۆکردۆتەوەو، تیپ‌و کۆمەڵی تایبەتیان بۆ دامـەزرانـدووەو، پەیمانگەو ئەکادیمیایان بۆ کردۆتەوەو، هونەرەکەیان هێناوەتە سەر شانۆو تەلەفزیۆن‌و سینەماو ڕادیۆو، بزووتنەوەکانی بەرێبازی کلاسیکی‌و واقعی‌و پێشرەوگەری‌و برێختی‌و ئەزمونگەری‌و ئاهەنگسازیدا هێناو، جەماوەرێکی گەورەیان لەبینەران‌و دۆستان بۆ شانۆ دروست کردو، گەلێك فیستیڤاڵ‌و میهرەجانیان لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا بۆ سازداو، هەمەجۆر خەڵات‌و ئافەرین‌و ستایشیان بەدەستهێناو بزووتنەوەکەیان پیرۆزکردو کردیانە دیاریەکی شارستانێتی‌و بەڕووی سوورەوە بەخشییان بەگەل‌و وڵات.

لەخانەی پشتگیری کردنی ئەم ڕاستیانەشدا: وەك پێشتر وتم: لەشوباتی ساڵی (١٩٨٨)دا، لەگەڵ (گەزیزە)دا بەتایبەتی چووین بۆ بینینی میهرەجانی شانۆی عەرەبی لەبەغداد، لەوێ دوو هەفتە پتر بۆ ئەم مەبەستە ماینەوە (١٩) شانۆیی زیاتر لەوڵاتە عەرەبیەکانەوە تێدا بەشداربوو، لەپاش بینینی (١٨) شانۆییان، گەیشتینە دڵنیاییەك، دوور لەشۆفینیەتو خۆ هەڵکێشان، شانۆیی (العوادة)ی تونسو شانۆییەکی تری نەبێت، ئێستا ناوەکەیم لەبیر نییە کە سەرکەوتوو بوون، ئەوانی تریان شانیان لەشانی شانۆییە کوردیەکانی ئەوسا، نەدەدا. کەبەم ئامانجە ئەوەندەی تر شانۆکەی خۆمانو هونەرمەندەکانی خۆمانم، لەلا بەرزترو گەورەتر بوو.

هەروەها لەمیهرەجانەکەی نیسانی ١٩٨٩ی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا کە گەورە هونەرمەندانی عێراق (وەك پێشتر باسم کرد) بەرادەیەکی ئەوتۆ شانۆی کوردیان هەڵسەنگاند، کە هەستی دەهێنایە جۆشو هونەرمەندی کوردی لە خۆشیانا دەهێنایە گریان، بۆچی ئەوسا ئەوانە گەورە هونەرمەند بوون بەو ڕادەیەی کە ئەم خاوەن بەندو باوانە ئەوسا دەچوونە بەغداد بۆ بینینی بەرهەمەکانیانو بەشانازیەوە دەیانگوێزایەوە بۆ سەر شانۆکانی سلێمانی، ئەی بۆچی لەم سەردەمەی دواییەدا بەسیحربازی پیرێژنی هەقایەتەکە ئەو هونەرمەندە گەورانە هێرشیان برایە سەرو بوونە کەسانی لەڕو لاوازو ناهونەرمەند؟!

خوێنەری بەڕێز ئێمە کە بەو شێوەیە ڕاستە باسی گەشەکردنی ئەوسای شانۆکەی خۆمان کرد. ئیتر چی لەئاستی ئەم ڕاستە گەورانەو لەئاستی ئەم کێوە بەرزەدا زمانی بەستووە پرسیار نەکات:

ئەم کەلەپوورە گەورە هونەرییە چۆن دروست بوو؟ لەکوێوە هات؟ کێ هێنای؟

بەڵێ ئەم بێدەنگیو پرسیار نەکردنەش: هەر نکووڵی لێکردنێکی بێهوودە دەگەیەنێت. چونکە بەرانبەر ئەو بێدەنگیو پرسیارنەکردنە، پرسیارێکی بەهێز پەنجە بەرز دەکاتەوە دەڵێت:

ئەگەر ئەم سامانە گەورەیە، کردەو کۆشەی هونەرمەندەکانی ئەو بیست سی ساڵە نییەو، ئەوان نەیانهێنابێت، ئەی خۆ نەباریوە؟

جا خۆ گێل کردنیش لەم بێئاگاییەی خۆیان، هەر لەوە دەچێت، دەقاودەق بووترێت: ١+١=٢ ناکات.

دەڵێت (قسە، قسە رادەکێشێت) خۆ وا ئێستا رۆژگار (سەلەفیو کۆنو پیرو گەورە تەمەن)ی لەگۆرەپانی هونەرەکە دوورخستۆتەوە، دەنگی دلێر هەر دەنگی (نوێکاران)ەو وەکو خۆیان دەڵێن: شانۆکەمان لەسەر دەستی ئەماندا دەبووژێتەوەو گەشە دەکات.. ئەی ئەمان لەماوەی ئەم دە ساڵەی دواییەدا، چ مەڵۆیەکیان خستە سەر خەرمانی شانۆکەمان؟

چ تیۆرو میتۆدێکیان بۆ دەرهێنان داهێنا؟

چ رێبازێکی نوێیان نیشانی بزاڤەکەدا؟

چ تەکنیکی نوێی شانۆییان دۆزیەوە؟

ئەی ئایا کام داستانی میلییان پێشکەش کرد کە گەلەکەمان هەست بەگەورەیی خۆی بکات؟

کام بەیتو کام کەلەپووریان پێشکەش کرد کە نەتەوەکەمان وانەو ورەی لێوەرگرێتو بەرەو پێشەوەی ببات؟

بە کام نمایشی شانۆیی مێژووی وڵاتەکەیانیان نەمر کرد؟

بەکام بەرهەم درامای کوردیان دەوڵەمەند کرد؟

چ شانۆییەکیان نیشان ئەم جەماوەرەدا، کە هەست بەشەخسیەتی خۆیو، کە شانازی بەخۆیەوە بکات؟

تاچ رادەیەك شانۆیان لای گەل خۆشەویستکردو ژمارەی بینەرانیان بۆ زۆر کرد؟

دواپرسیار چ درامایەکیان بەئامانجی پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەرینەکەمانو هەروەها لەپێناو یەکگرتنی رۆڵەکانی گەلو بڵاوبوونەوەی گیانی برایەتیو تەباییو خۆشەویستییو ئاشتیدا، سازکرد؟

کورد لەرابووردووی دوورودرێژی خۆیدا گەلێکی چەوساوەیی تاسێنراوی دەستی داگیرکەران بووە. ئەمەی کە ئێستاش هونەرمەندانی پێشووی، سەردەمەکەی خۆیان پێ نەخشاندووە، بەچاوی رێزەوە دەیروانینیو بەپێخۆشحاڵیەوە شانازی پێوە دەکەین،. سەرکەوتنی ترو چوونە پێشەوەی زۆرتری، ئاواتی هەموومانەو، خۆزگە شانۆش لەکوردستاندا لەدایك ببوایە.

بەڵام ئەمڕۆ ئەمە لەدەستدایە (چۆلەکەیەکی نێو دەست لەحەوت چۆلەکەی دەشتی باشترە). ئاوازی ئەم داواکردنانەی ئەمڕۆ، کەلەسەروەتەری زیادەڕەوویی لێبدات، وەکو ئەوە وایە داوا لەکورد بکرێت کە: بۆچی ترسانەیەکی ناوەکی وەکو ئەمەریکاو ڕووسی نییە؟! وەکو ئەوە وایە کە بۆچی هونەرمەندی وەك (شکسپیرو مۆلێرو تنسی ولیامزو شارلی شابلنو ئەنتۆنی کیۆن...)ی نییە؟ وەك ئەوە وایە داوای لێبکرێت کە بۆچی شانۆیەکی وەك (بەرەدوا) لەئەمەریکاو وەك شانۆی (هونەریی) لەمۆسکۆو شانۆی (بەرلینەر ئنسامیل) لەبەرلین نییە، خۆزگەو خواست و خەونو خەیاڵ، نابێتە بەرنامەیەك بۆ پێشکەوتنی شانۆکەمان.

ئازارێکی بەسوێشە ببینرێت کە، لەنێوەندە هونەرییەکەدا کەسانێك ئەو دەسەڵاتە بەخۆیان بدەن، خۆیان بکەنە (قوماندان)ی هونەرو پلەوپایەی هونەریی ببەخشنەوە: فلانو فیسار هونەرمەندن! فلانو فیسار هونەرمەندنین! بەپێچەوانەی ئەوەوە کە، نەزانکۆو، نەپەیمانگەو، نەمامۆستاو، نەکۆمەڵو نەتیپو نەقوماندان دەتوانێت هونەرمەند دروست بکات. چونکە هونەرمەند وەکو مەلێك وایە بەدوو باڵ دەفرێت: بەهرە، کە بەخشینێکی سروشتیەو، پەروەردەکردنەکەی.

بەڕەشبینییەوە ناڕوانم: دە ساڵە شانۆکەمان لەبەردەم پێشنیازو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو لێدوانو، بیروبۆچوونی بێهوودەی هەمەجۆردا لەسەر جێگەی ئازار دەناڵێنێت. کە بەداخەوە ئەم حاڵەتە بۆتەهۆی ڕەخساندنی دەرفەتێکی وا، کەلە ئاسۆیەکی ناهونەرییەوە، نوزە نوزی بەندو باوی تاڵو ترش هەڵبکاتە سەریو ئەوەندەی تر کۆڵەواری بکات، هەتا ئەگەر ئەم نوزە نوزەش گوایا ناوی گۆرانی لێنرابێت، من بەجوانی گوڵەبەڕۆژە باڵابەرزەکانی کەنار جۆگەکانی بتوێن سوێند دەخۆم: گرنگ گۆرانی وتن نییە. هەمووکەس دەتوانێت گۆرانی بڵێت، خۆش یان ناخۆش، زۆر یان کەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئەو گۆرانیە ئەوەندەی جریوەی چۆلەکەیەکی بەربەیان بتوانێت، شادمانی بگەیەنێتە دەروونی ئەو کەسەی کە گۆرانیەکە دەبیستێت.

بارودۆخی ئەم هەموو کۆڕو کۆمەڵ بەستنی نێو هۆڵەکانو تەلەفزیۆنو ڕادیۆکانو، ئەم هەموو مێزگردو دیمانە سازکردنە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، ئەم هەموو تەوەرەو لێدوانو ڕاپرسی بڵاوکردنەوەیە، وادێنە بەرچاو، لەجیاتی ئەوەی

ئامانجە بەنرخەکانی خۆی بپێکێت، کەچی نزیك بوونەوە لەکێشە سەرەکیەکە کەمتر دەکاتەوە، هەروەها لەجیاتی ئەوەش چارەسەری کەموکوڕیەکان بکات، ئێش‌وئازارەکانی زۆرتر دەکات. دە ساڵە ئەم کۆڕو کۆبوونەوەو لێدوانانە بەردەوامە، کەچی ئەنجامی چاوەڕوانکراوی نییە.

دە ئیتر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە بڵێین: کە هۆی سەرەکی، ئەم دەمەتەقێو گفت‌وگۆیانە وەها بەزۆریی، دەگەڕێتەوە بۆ چۆڵی شانۆکانو چۆڵیی هۆڵی بینەران، کە نمایشێکی نیو سەعاتی لەسەر شانۆ، کەڵکی یەك مانگی ئەو لێدووانانە دەبەخشێت. چونکە شانۆ کە چۆڵ بوو، وەك پێویست نمایشی بەخۆیەوە نەدی، ئەوسا سەرچاوەیەك نابێت کە تێبینیو بیروڕای لێوە هەڵگۆزرێتو سەرنجەکان بووروژێنێتو بۆچوونەکان یەك بخات.

بەپێچەوانەوەشەوە، تا سەر شانۆکان بەبەرهەمی دراما ئاوەدان بێت، بیروراکان لەیەکتر نزیك دەبنەوەو، یارمەتی دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێبازی نوێترو، هەلیش لەدەست نامۆ بەهونەرەکان، کەمتر دەبێتەوە.

کەواتە: بایەخدان بەچالاکیی شانۆیی، خوێن دەزێنێتەوە، نێو دەمارەکانی هونەرەکەمان، نەك بایەخدان بەوجۆرە کۆبوونەوانەو باس‌و خوازەکانی.

ئیتر دوای ئەوەش کە ئەم سکاڵا کەمەمان بەدیار هێندێك لە سەرکۆزەرەکانی بارودۆخە هونەرییەکەوە کرد، باوەڕمان وایە کە ئەم قۆناغەش قۆناغێکی کاتییەو، بەکەموکووڕییەکانیەوە بەسەردەچێتو دەڕوات، رووبارە گەورەکەی شانۆش هەموو پووش‌و پەلاشێکی لەگەڵ ئاوەکەی خۆیدا دەباتو ڕووەو پاراوکردنی کێڵگەو زەمینە بەپیتو فەڕەکان دەچێت.

## بچووکبوونەوەی شانۆمان لەنەوەدەکاندا

## هۆکاری بچووکبوونەوەی شانۆکەشمان لەنەوەدەکاندا، سەرجەم لەم وێنەیەدا دەبینم:

(هونەر بەشێوەیەکی گشتی بەشانۆو مۆسیقاو شێوەکارییو لقەکانی تریەوە، هەر لەکۆنەوە هەتا ئێستاش وەك چالاکییەك لەکۆمەڵدا، هەمەجۆر پێناسەی گرتۆتەخۆ، هەر چینێكو دەستەو بەرەیەك، هەر مەزەبو باوەڕێك بەپێی ئاشنایەتیو مامەڵەکردنی خۆی لەگەڵیدا، جۆرە پێناسەیەکی بۆ داناوە، لەبەر تەنگەبەری ئەم دەرفەتە بۆمان ناکرێت بیانخوێنینەوە. لەئەنجامی ئەم فرەکۆرو کۆمەڵو بیرکردنەوانەشدا هیچ سەیرنییە کە هونەر هەمەجۆر پێناسەی لەیەکترچوو، لەیەکترنەچووی گرتبێتەخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونانەشدا، هەموو لە کۆتاییدا لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە ئەویش ئەوەیە: مەبەست لەهونەر یان بڵێین پەیامی هونەر، چاککردنو پێشخستنی چۆنێتی ژیانی مرۆڤە.

لەم نووسینەشدا کە ئەم چەند لاپەڕەیەی بۆ تەرخانکراوە، تەنیا ئاوڕدراوەتەوە بەلای هونەری شانۆو لقو پۆپەکانی تریدا لەتەلەفزیۆنو سینەماو ڕادیۆو وردکاریەکانیان کە بەشێوەیەکی گشتیی هەموو لەخانەی،ئەگەر بشێت،دراما دا کات دەبەنە سەر.

بزووتنەوەی شانۆش، وەك دەزانین هونەرێکی کۆنەو، تەمەنی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش زایین کەوتووە لەوڵاتی ئەغریقیدا سەریهەڵداوەو دواتریش خۆراکی خۆی لەوڵاتانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەمەریکاو ئەفریقادا دۆزیوەتەوە. هەواریشی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا هەڵدابێت، جێ دەستی لەپێشخستنی لایەنەکانی

ژیانی ئەو وڵاتەدا دیارەو، هەمیشە بەرانبەر بەدواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستی لەجەنگێکی دژواردابووە.

ئەگەر ئەم راستییە وەها نەبوایە، شانۆ نەك هەر لەو جێگایانەدا جێ‌و رێی نەدەبووەوە، بەڵکو چەکەرەشی تێدا نەدەکرد، ئەمە جگەلەئەوەی هەر کۆمەڵگەیەکیش لەرێڕەوی چالاکییەکانیدا، تاقیکردنەوەکانی خۆی پێبەخشیوەو گەشەی پێداوەو.

گەلی کوردیش کە گەلێکە لەگەلانی ئەم جیهانە، شانۆ لەکات‌و ساتی خۆیدا، خۆی گەیاندۆتە ئەم وڵاتە، دیارە خاوەنی پەیامی خۆی بووەو نامەیەکی لەسنگدا هەڵگرتووەو لەخزمەتگوزاریە بەنرخەکانی خۆی بەشی داوەو، بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە بەشداریی لەپێشکەشکردنی شارستانێی‌و پێشخستنی چۆنێتی ژیانی هاوڵاتیەکانیدا بکات. ئەمانەش لەراستیە سەلماوەکانن کە کەس ناتوانێت لاریی لێیان هەبێت. بەم پێیەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەندە سوود لەچالاکییەکانی هونەر پەیامی هونەر وەردەگرین، ئەوەندەش لاوازی هونەرە زیانمان پێدەگات‌و تووشی دواکەوتن‌و راوەستان دەبین.

هونەریش لەوکاتەوە پێی ناوەتە ئەم کوردستانەوە هەر لەرۆیشتندا بووە، دوای ماندووبوون‌و رەنجێکیش ئەوسا گەیشتۆتە ساڵانی نەوەدەکان، بەڵام لەسەردەمانی نەوەدەکانیشدا ئەو گلۆربوونەوەی کە بەخۆیەوە بینی‌و دەستیپێکرد هەتا ئێستاش بەتەواوی رانەوەستاوەتەوە.

پێشەکی لەسەرەتای سەردەمانی نەوەدەکاندا چەندان هونەرمەندو هونەردۆست لەپێناو خزمەتی نیشتمان‌و خۆشەویستی گەلدا، دەستیانکرد بەدامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لەتیپ‌و کۆڕو کۆمەڵی هونەریی کە جێگەی رێزن، بەڵام بەبێئەوەی بیرلەوە بکرێتەوە کە ئەمجۆرە رێکخراوە ناسکانە پێویستیان بەتاقیکردنەوەی پێشووترو، زانستی هونەرو، تواناو بەهرەو، کادری پێشرەو هەیە. بەتایبەت کە ئەو دامەزراندنانەش لەباردۆخێکدا بوون کە وڵاتەکە نائاسایی بوو، بەسەردەمی گواستنەوەدا تێدەپەری‌و کاروبارەکان جێگیر نەبووبوون‌و بەخێراییش تێدەپەرین، کە ئەم حاڵەتانەش نەیانتوانی یارمەتی ئەو مەرجانە بدەن کە پێویستن بۆ گەورەبوونی ئەو تیپانەو بێتەهۆی درێژخایەنی‌و بەردەوامبوونیان، هەروەکو چۆن لەو سەردەمەدا چەندان چالاکیی هەمەجۆرو

کۆڕو کۆمەڵی جیاواز هاتنە ئاراوەو دوای ماوەیەکی کورت دیار نەمان، وەکو چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەو پرۆژەی بەکەڵک.

لەسەرێکی تریشەوە هەڵسوکەوتی کۆمەڵێك لەنەشارەزاکانی هونەرەکە بەرانبەر بەهونەرمەندانی پێشووتری جـووڵانـەوە گەشاوەکەی هونەری گەلەکەکەمان، کارێکی وای لێوەشایەوە، نەك هەر لەجیاتی دەستخۆشی لێکردن‌و ڕێزلێنانیان، بەڵکو ئۆباڵی دواخستنی هونەرەکەی پێشووتریشیان بۆ داتاشین‌و کردیانە ئەستۆیان، کەچی لەهەمان کاتیشدا چالاکییەکانی خۆشیان لەم ئاستەدا دەستەوسان وەستانەوە کە بتوانن بەرهەمی بەهێزترو جوانتر لەوان پێشکەش بکەن، کەلەم هەڵوێستەشیاندا، دۆستایەتی‌و نزیکی خۆیان بەکاربەدەستانەوە بەهەل قۆستەوە.

زۆر لەخەمخۆرانی هونەری ئەم سەردەمەمان، هۆی خاوبوونەوەو بچووك بوونەوەی شانۆکەمان دەگەڕێننەوە بۆ دەسەڵاتی وڵات‌و کاربەدەستانی‌و گلەییەکانیان بەرەو ڕووی ئەوان دەکەنەوە، بەڵێ لەم ئازاردانەی هونەرەکەشماندا، هەرچەندە دەکـەم‌و دەکۆشم من ناتوانم بەرگری لەکاربەدەستان بکەم، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گلەییەکە هەمووی هەر بەرەو ڕووی ئەوان دەگرێتەوەو، ئیتر کۆڕوکۆمەڵی تر نییە کە ئازاری جێگەدەستیان لەوان گرانترو بەکارتر نەبووبێت، کە وەك لەم وێنەیەدا دەبینرێت:

لەپێش ڕاپەڕیندا دوژمنی کورد دەستی لەبینی سەربەستی‌و دیموکراتیدا بوو، کەچی شانۆکەمان لەچاو خۆیدا چالاك‌و دڵخۆشکەربوو، لەسەردەم‌و ڕۆژگاری ڕاپەڕینیشدا، شنەی جەژنێکی ئازادی بەرووماندا هەڵیکرد، کەچی شانۆکەمان خاوبووەوەو بەرەو دواوە گەڕایەوە. جا ناکۆکی‌و نەگونجان لەم موعادەلە سەیرەدا بانگمان دەکات بۆ باس‌و خوازێك بەناونیشانی (ئازادی‌وشانۆ) کەلەم بوارەدا دەرفەتی باسکردنی نییە.

پرسیارەکەش کە دەپرسێت: بۆچی شانۆکەمان لەم سەردەمەدا بچووك بووەوە؟ لەوەڵامەکەدا دەیخوێنینەوە کە:

هۆکاری ئەم ناهەمواریيە هەر تەنیا یەك هۆکار نییە لەئارادا، بەڵکو گەلەکۆمەکێی کۆمەڵە هۆکارێکە کە چوون بەگژیدا. وەکو: دەسەلات، هونەرمەند، بینەر.

**یەکەم -دەسـەڵات-** دەسـتـەڵات کە پەنجەی لـەکـاروبـاری شانۆکەمان وەردابێت، بەنیازی تێوەردان نەبوو، بەڵکو بەنیازی بەدەستهێنانی لایەنی بانگەشەو ڕاگەیاندن بوو بۆ خۆیو باوەڕەکەی، کە ئەم کارەش فریویدا بۆ لاواندنێکی تایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە لایەنگیری باوەڕە سیاسیەکەیان دەکردن، بێئەوەی ئیعتیبار بۆ ئەو ڕاستیە دابنێن کە (هونەر، هونەرەو؟، ڕاگەیاندنیش، ڕاگەیاندنە. هەریەکەیان جیاوازنو پەیامی تایبەتی خۆیان هەیە) کەلە ئەنجامی ئەم کارەشدا ڕەش بوو بەسپیو، سپیش بوو بەڕەش. بەناوی هونەرو هونەرمەندانەوە نیمچە لەشکرێك لەئینتیهازیو مشەخۆرو کاسەوەلێس دروست بوو، بەتەکان دەروازەی نێوەندە هونەریەکەمانیان لەگرێژەنەدا برد، بەرادەیەك ژمارەی هونەرمەندە ڕەسەنەکان شایستەکان کەم بووەوە، توانای پێشکەشکردنی هونەرە ڕاستگۆکانی خۆیان نەما.

لەم ئاستە تایبەتەشدا لەوانەیە نزیك بڵێم کە، شارەزابوونی کاربەدەست لەهونەردا، مەرجە زۆرتربێت لەشارەزابوونی هونەرمەندەکە خۆی، تا ئەم خاسیەتە بپارێزێت لـەوەی کە چەپڵە بۆ بەرهەمی ناهونەریش لێنەداتو لەئەنجامدا خاوەنەکەی ببێتە مێردەزمەیەك بەسەر بزووتنەوەکەوە.

لەبەرئەوەیە کوێرەوەری هونەر لەوڵاتێکدا کاتێك دەستپێدەکات کە هەڵسەنگاندنی تـەواوی هونەری تێدا سەوز نەبووبێت. بەپێچەوانەشەوە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی هونەریو ناسینی پەیامەکەشی هەر لەبەختانی هونەرە.

دوور نەڕۆین با سەیرێکی ئەم وێنەیەی وڵاتی میسر بکەین کە ڕۆشنبیریی هونەری تێدا ڕووناکی دەداتەوە: لەسەرەتای چلەکاندا قوتابی بووم لەبەغداد، خولیای بینینی فیلمی سینەماییم هەبوو، کە فیلمی میسریش هاتە ئاراوە، بووم بەیەکێك لەبینەرانی ئەو فیلمانە. کە ڕۆژگاریش چووە پەنجاکانەوەو چوومەوە بۆ بەغدادو لەوێ بووم بە مامۆستا،فیلمی زۆرترم بینیو هونەرمەندی زۆرترم ناسین وەکو (یوسف وەهبی، لیلی موراد، بەشارە واکیم، فائق حەسەن، عەباس فارس، ئیسماعیل یاسین، ئامینە ڕزق، ئەنوەر وەجدی، ئەسمەهان...هتد) کە خوا بردنیەوە بۆ خۆی، دوای ئەمانە جێگەیان بەهەشت بێت، ئێستاش هەر زۆربەی ئەو ڕووخسارانەی ئەوسا دوای ئەوان وەکو (مەحمود یاسین، نور ئەلشەریف،

حسێن فەهمی، لبلبە، صەفیە عومەری، سەمیحە ئەیوب، سوهیر بابلی، فاتن حەمامە، سەلاح ئەلسەعدەنی، جەمیل راتب، عادل ئیمامو هودا سوڵتان...هتد) ئێستاش دوای چل پەنجا ساڵ پترە لەکۆڕی هونەرەکەدا هەر ئەو رووخسارەو ئەو ئەکتەرانەن کە گورەی داوێنیان دێت، بەبێ دابڕانو دوورکەوتنەوە، بەبێ پچڕانووازهێنان، بەڵکو درێژەیان بەچالاکییەکانی خۆیانداو سینەماو تەلەفزیۆنو شانۆی میسریان لەسەر شانی خۆیان گەیاندە ئەم ئاستە گەشەی ئێستایو هەتا رادەیەکی بەرێزیش کردیانە بەشێك لە سامانی ئابووری وڵاتەکەیان، خۆ ئەگەر لە چالاکییە هونەرییەکانیان بپچڕانایە، یان کەندو کۆسپ بۆ بزووتنەوەکە دروست بکرایەو میسر لەهونەرەکەیدا ئەم پێشکەوتنەی بەخۆیەوە نەدەبینی.

وڵاتــی میسر لە ساڵی ١٩٥٠وە هەتا ئێستاش بەچەندان گۆڕانکارییو تەنگوچەڵەمەی سیاسیدا تێپەڕیوە، چەندان حکومەتی جۆراوجۆرو حیزبی جیاواز دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لەسەرەتای پەنجاکاندا (مەلیك فاروق) لابراو رژێمی کۆماری دامەزرا (محەمەد مەجیب) حوکمی گرتەدەست. لە ١٩٥٦دا جەنگی قەنات بەرپابوو. دواتر (جەمال عەبدولناسر) بوو بەسەرۆکێکی بەناوبانگ، ئەنجا جەنگی (١٩٦٧و١٩٣٧) داگیرسانو کوژانەوە، دواتریش (ئەنوەر سادات) لەناوبرا، موبارەك بوو بەسەرۆك، ئەم هەموو گۆڕانکارییو بەسەرهاتانە روویدا، بەڵام نەبیسترا بەهونەرەکەو هونەرمەندان بووترێت بەری چاوتان کلی پێوەیە. چونکە کاربەدەستانی وڵات لەروانگەی رۆشنبیریی خۆیان و ناسینی پەیامی هونەرەوە، مامەڵەی شایستی خۆیان لەگەڵ هونەرو هونەرمەنداندا کرد، دوور لەدەستێوەردانو شێواندنکارییو دوور لەتێکەڵکردن بەراگەیاندنکاری تایبەتی. بەڵکو بزووتنەوەکە وەك هونەر لەرەوتی خۆیدا گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتو هونەرمەندانیش مانای دابڕبوونو ساردبوونەوەیان نەزانی. چەندە شایستە سوود لەتاقیکردنەوەی هونەریی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین! هەتاکەی دەست بدەین بەدەستداو بڵێین: ملی شەیتان بشکێت، بریا وەهامان نەکردایە!؟

**دووەم:- هونەرمەند-** راستییەکی لەبەرچاوە، لەنەوەدەکاندا هونەرمەندان بەگەرمی هەوڵی بەخشینی بەرهەمی دڵخۆشکەری شایست بەباروذۆخەکەیان داوە، بەڵام پێداویستییەکانی هەژاریی رۆشنبیرییە هونەرییەکەیان، کارێکی

وەهای نەکردووە کە ئەو بەرهەمانەیان، تەڵخیی‌و تەم‌و مژیان پێوە دیار نەبێت.

لەکاتێکیشدا کە باسی هۆکاری بچووکبوونەوەی هونەرەکەمان دەکەین، با وەها لێکنەدرێتەوە کە ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە، هیچ چین‌و توێژێکی تر ناگرێتەوە. بەڵکو دەنگێکی بەرز لەکۆمەڵدا وادەگەیەنێت کە، هونەرمەند وەکو کەسانیتر دوور نییەو، خۆی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەهونەرەکەوە، لەناوەندەکەدا هەر ئەو دەبینرێت‌و دەناسرێت، ئەمە کارێك دەکات زۆری گلەییەکان بەرۆکی ئەوان گرێتەوە، لەئەکتەرو نووسەرو دەرهێنەرو هەتا ئەوانەی ئەودیوو کەوالیس‌و کارمەندانی تریش، کە ئەگەر چەکدار بوونایە بەزانستی هونەریی‌و ناسینی پەیامی هونەرەوە، بەم خاسیەتانەیان کەلێنەکانی ڕۆشنبیریان پڕ دەکردەوەو بواری ئەوە نەدەما کە پەنجەی گلەیی بۆ ئەوان ڕابکێشرێت. چونکە کە هونەرمەند پەیام‌و نامەی هونەرەکەی پێگەیشت، ئەوسا لەسەرو هەموو ڕاستیەکەوە جێگەی بۆ دەکاتەوەو لەسەر سوودی تاکەکەسیی‌و، ناوبانگ پەرستی‌و، پول‌وپارەو، پلەو پایەیەکەوە دایدەنێت، کە وەها بگەیەنێت (هونەر، هونەرەو لەپێناو گشتیدایەو، ڕاگەیاندنیشی، ڕاگەیاندنە لەپێناو تایبەتمەندێتیایە).

لەسەرێکی تریشەوە هونەرمەند نرخی خۆی بەوە بەرزدەکاتەوە کە ڕێگەی ئەوە نەدات ببێتە وەك کەوێکی ناو قەفەز تەنیا هەر بۆ خاوەنەکەی بخوێنێت‌و گشت کۆمەڵ لەئاوازەکانی بێبەش بکات.

چەندە بەرزە ئەو هونەرەی کەلەپێناو گشت کۆمەڵ‌و وڵاتیدا خۆی ماندوو دەکات‌و کارێك دەکات گیانە مرۆڤایەتیەکەی وەك پیرۆزە بدرەوشێتەوە! ئائەمەیە ڕاستگۆیی هونەرمەند!

بەڵێ هەرچەندە لەو سەردەمانەدا باری سەختی ژیان‌و گرانیی لەوڵاتدا زۆر هونەرمەندانی ناچارکرد کە ڕووبکەنە دەزگای تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو ڕاگەیاندنەکان، ئەمەش لەژمارەی هونەرمەندانی هەڵمژی‌و کاری خۆی هەبوو بۆ بچووکبوونەوەی قەوارەی شانۆو دراما بەگشتی، ئەمەش دەتوانرا بەو ڕادەیە نەبێت کە پەکی بخات بەڵکو هەتا سنوورێك بێت. لەکاتێکیشدا لەسەیرکردنی گۆڕەپانی شانۆکەماندا وەها دەهاتە بەرچاو کە هونەرمەندەکانی بەهۆی برەوو باوی تەلەفزیۆن‌و سینەماوە ئەو دیاربوونەیان کەمتر بووەتەوەو یان شانۆ ئەو

دەورەی نەما، ئەم بۆچوونە بەتەواوی لەجێگەی خۆیدا نییە، چونکە شانۆ وەك خوودی خۆی ئاوەکەی وشك ناکات. ئەوەتا لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا سینەماو تەلەفزیۆن لێرە گەلێك بڵاوترو لەبرەوتردایە، کەچی شانۆکەشیان هەر شانۆیە هەر لەچالاکیی خۆیدایە.

لەڕوانگەیەکی تریشەوە بیروبۆچوون هەیە کە کۆچکردنی هونەرمەندانیش بۆ دەرەوەی وڵات پێوەندی بەکزبوونی بزووتنەوە شانۆییەکەمانەوە هەیە کە چاوی باسکردنی لێناتروکێنێت. هونەرمەندێکیش کە زانی وڵاتەکەی بەقۆناغێکی ناسکی خۆدامەزراندنو خۆدروستکردندا تێدەپەڕێتو پێویستی هاوکاریکردنو هاوبەشی ئەو بەهرەو تواناو هونەرو پەیامی هونەرەی، ئەوەیە، ئەرکی شایستی خۆیەتی کەلەوکارە پیرۆزەدا هاوبەشییەکی تەواو چالاك بکات، نەك لەم کاتە ناسکەدا وڵات بەجێبهێڵێتو بڕوات. لەسەرێکی تریشەوە گوایا (چالاکی) هێندێ هونەرمەندی کۆچبەر لەدەرەوەی وڵات بریتی بێت لەنمایشکردنی تابلۆیەکی ئەورووپا شێوە لە شەمەندەفەرێکدا، یان وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆمەڵێکیان بێت بەجلوبەرگی عەسابەگەریی ئەورووپاوەو، ناردنی بۆ گۆڤارەکانی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەو، کە کێ کورە ئازاکەیە بیانناسێتەوە، ئەوەندە دۆلار حەلاڵێتی...هتد ئەمجۆرە کارانە نە داهێنانکاریو نە بەرنامەو نە مەنهەجیشن بۆ خزمەتی شانۆی کوردی. کە هەر ئەوەندەش لەوڵاتدا بزووتنەوەکە جووڵەیەکی تێکەوت، ئیتر کورگەل کچگەلی هونەرمەندانی بەتوانا، هێندە شانۆکەمان ئاوەدان دەکەنەوە، هەر چەپڵەیان بۆ لێبدرێت.

(برێخت)ی ئازادیخوازو هونەرمەندو خاوەنی شانۆی مەلحەمیی کە لەساڵی (١٩٣٣)دا ئەڵمانیای بەجێهێشت: بەئارەزووی خۆی نەبوو، بەڵکو هەلاتووی دەستی پۆلیسو سەرکوتکەرانی ڕژێمی نازیەکان بوو، دوای (١٦) ساڵیش لە (١٩٤٩)دا کەلە (براغو، ڤییەنناو، پاریسو، لەندەن و، ئەمەریکاو، مۆسکۆ) گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاکەی خۆی هەتا درێژە بەکارە هونەرییەکانی خۆی بدات، ئەوسا ئەڵمانیا لەکۆتو زنجیری (هیتلەریەکان) ئازاد بوو. بەلاّم لەلای ئێمە بەپێچەوانەی (برێخت)ەوە هونەرمەندەکان لەکاتێکدا وڵاتیان بەجێدەهێشت، لەچەپۆکی ناحەزان ڕزگاری بووبوو، لەشنەی جەژنی ئازادیدا دەژیا.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوو بەسەرهاتانەشدا ئەگەر هونەرمەندان لەو سەردەمانەدا، بایەخیان بەهونەرەکەیان بدایەو، ئەو پێوەندی ڕێزو یارمەتیەی جاران درێژە پێبدایەو، لەڕەوتی چالاکیەکانیاندا خۆخۆییان لێکنەدایەتەوەو، لەجیاتی نزیکبوونەوە، لەیەکتر

دووركەوتنايەتەوەو، هەروەكو جارانيان يەكگرتوو بوونايە، دەيانتوانی لەئاستی هەموو سەغڵەتيەكدا شان بدەنە بەر تەلاری شانۆكەمانو لەكۆتاييشدا ئەگەر پارێزگاری ئەو خۆشەويستيەی هونەرەكەيان بكردايە، دەيانتوانی كاروبەرهەمی مەزنيان ئەنجام بدايە. ئەگەر خۆشەويستی نەبوايە، نە (فەرهاد) كێوی بێستوونی كون دەكردو نە داستانەكەی (مەموزين و رۆميۆ جۆلێتو قەيسو لەيلا)ش دروست دەبوون.

**سێيەم- بينەر-** لەزانستی شانۆدا راستيەكی گەورە لەبەرچاوە ئەويش ئەوەيە: بينەر شادەماری سێيەمە لەپێكهاتەی شانۆدا كە بينەر ئەو بوونەی نەبوو، هۆڵەكە چۆڵی پێوە دياربوو، نمايشەكە سەيركەری نەبوو، ئەوسا پرسيارە چاوەڕوانكراوەكە بەرز دەبێتەوە: ئيتر شانۆ بۆكێو؟ بۆچی؟

جەماوەری بينەرانی خۆشمان، ئەو بەرهەمانەی كەلەدوای راپەرينەوە لەسەر شانۆو جێگەی تر بينييان، زۆر ساكارترو بچووكتر هاتنە بەرچاو لەوداستانی قارەمانێتیو جوامێريانەی كەلە رۆژانی راپەرينەكەدا هاوڵاتيان بەكارو كردەوەو بەراستی ئەنجاميانداء ئەمەش تارادەيەكی زۆر كاری كردە كەمبوونەوەی ئەو رووتێكردنەی شانۆ كە جاران بەگەرمو گوڕی بەپيريەوە دەچوون.

لەتێبينيەكی تريشەوە، هەروەكو چۆن شانۆنامەی (خەبات)ەكەی جوازورزی ئينگليزی ساڵی (١٨٦٥-١٩٣٣) نيشانی بينەرانی دا كە ياسای سزادان لەئينگلتەرەدا پێويستە دەستكارييەكی تەواو بكرێتو ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی كەلەوەدوا بۆ كێشەی مانگرتن، ناوبژيوكردن بەكاربهێنرێت، لەوسەردەمانەی خۆشماندا ئێمەش بەتەمای كۆمەڵە نمايشێكی وەهابووين نيشانيبدات كەچ جۆرە دابو نەريتێكو چ جۆرە ياسايەك راپەرين دەپارێزێتو چۆنی بەهێز دەكات، كە ئەمە لەخودی خۆشيدا فريوێك بوو بۆ هامشۆكردنی شانۆو پێبڕی نەبێت كەچی ديارنەبوونی ئەمجۆرە نمايشانە، كارێكی وەهای كرد تا رادەيەكی زۆر بينەران لەشانۆ دابڕێت.

لەسەرێكی تريشەوە، بينەر بەهۆی گرانیو سەختی باری ژيانو، گوزەرانی رۆژانەوەو، جێگە گۆڕكێو، ئاوارەبوونو نائاسودەييەوە نەيانپەرژايە هاتووچۆكردنێكی دڵخۆشكەری شانۆكە، كە بێگومان ئەم خاوبوونەوەی جەماوەری بينەريش دەبێتە هۆكارێكی گەورە كە كاربكاتە سەر تەندروستی شانۆكەمان.

لەدوای ئەم چەند لاپەڕە سكاڵايەی بزووتنەوەی هونەرەكەمان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە تاقيكردنەوەی رابووردووی چالاكييەكانی، لەكۆتاييدا وەها نمايش دەكەين:

بەوپێودانەی کە ڕەوتی ژیانیش ڕاوەستانی نییەو ڕۆشتنەکەشی بەبێ گێروگرفت نابێتو، خۆ هەتا کێشمەکێش هەبێت، چالاکی هونەریش هەر ڕووبەڕووبوونەوەو چاککردنو پێشخستنی کۆمەڵە، لەبەرئەوە ئەم ناهەموارییانەی کە باسمان کردن، هەروا نامێنێتەوەو، بەکردەو کۆشەی هەمووان بەرەو چاکبوون دەکشێت، سەردەمانێکیش دێت هونەرە ئازیزەکەمان لەقۆناغی گەشانەوەو درەوشانەوەدا دەکەوێتە گەنجەفەوە.

# دەستەوەستانییەکەم

هەرچەندە جاروبارەیەك بیرم دەکەوتەوە خۆم لەتیری چاوپیس بپارێزم بەڵام سوودی نەبوو. هەتا لەتەمەنی (٧٤)ساڵیشدا ئەوەندە نیشانەکانی گەنجێتیم پێوە مابوو خۆم هەستم پێدەکرد. بەڵام ئێوارەیەکی ساڵی دووهەزار لەپڕێکدا لای ڕاستم گۆجو ئیفلیج بوو هەتا بەزمانیشەوە. کە دوای ڕۆژێك خۆم گەیاندە لای دکتۆر (تەها مەحوی) کە سەیری کردم زەغتەکەم ببوو بە (٢٥) پلەو جەڵتەی دەماخی لێیداوم، هەر دەستبەجێ ڕەوانەی بەشی بووژانەوەی دڵی کردم لەخەستەخانەی کۆماری ئەوەندەش بەتەنگمەوەبوو بەسێ ڕۆژ زەغتەکەم دابەزی کە ئەم کارەشی شایانی سوپاسە... ئیتر لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا کە ئەم دێرانە دەخەمە سەر کاغەز کە دەکاتە هەشت ساڵ (کاکە عومەر) بەبێ پشوو بەدەم ئازارەوە دەست بەگۆچان لەگەڵ پزیشكو نەخۆشخانەو جیهانی ناساغیدا ژیان دەبەمەسەر.

لە دووسێ ساڵی سەرەتادا دکتۆر تەها بەدەربەستمەوەبوو، منیش لەچاو ئێستامدا باشترێك بووم، بەڵام لەوەدوا بەرەوباشی نەدەرۆیشتم، ئەگەر بشمزانیایە هەروا دەمێنمەوە، دەچووم بۆ ئەمەریکا لای (ئاوان)ی کچم، بەڵام چونکە بەتەمای مانەوە نەبووم، ئەوەم پەسەند نەکرد.

نەخۆشیەکەم ببوو بەنەخۆشیەکی درێژخایەن. منیش ئەوەندە پزیشکاو پزیشکم نەکرد. دکتۆر تەها زۆر لەگەڵم خەریك دەبوو منیش ئەوەندە چووبوومە لای، حەزم نەدەکرد.

نەخۆشەکان زۆریان وا دادەنێن کە دکتۆر بەرپرسیاری ژیانی ئەوانە. چەند خۆشە کە دەبینیت دکتۆریش هەندێك خاسیەتی جوانی گرتۆتە خۆی، بۆنموونە: سنگ فراوانیی لەگەڵ نەخۆشدا، زمانی شیرینی، گەش بینی. بەخشندەیی، دوورکەوتنەوە لەبێزاریو وەرست بوونو ڕەشبینی، بۆ سەیرکردنیش هەرجارە یەکیەك نەخۆش بانگ

بکاتە ژوورەوە، ئەرکەکانیشی ئەوەندە بێت کاتەکەی بەشی بکات. لەشەستەکاندا بەرانبەر دادگەی سلێمانی دکتۆرێکی مەسیحی گەنج، عیادەیەکی هەبوو ئێوارەی (١٠) نەخۆشی زۆرتر سەیر نەدەکرد.

من سەری پزیشکێکی تارانمدا بەتایبەت بۆ ئازاری ئێسقانەکانی ملم، بەڵام لای ئەو ناوی گۆجیو ئیفلیجیەکەم نەبرد بۆئەوەی سەری لێ تێك نەدەم، لەجێگەیەکی تردا لەم بارەیەوە دەیخوێنێتەوە. خۆ لای ئێمەش گەلێك پزیشکی شارەزاو زیرەك؛ شارەکەمانیان رازاندۆتەوەو نەخۆشیان چاك کردۆتەوە.

وەکو وتم نەخۆشیەکەم بووە بەدرێژخایەن، هەستو هۆشم لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەو ئازارانەدا تێکەڵ بووە کە پێم دەڵێن: ئەوا چووشم بۆ ئەمەریکا یان ئەڵمانیا یان هەر جێگەیەکی تر، ئەوا لەوێ چاکیش بوومەوەو بوومەوە بەگوێزی ساغ، ئەی لەوەدوا نەخۆشناکەومەوە؟ ئەی جارێکی تر مردن دەستی نامگاتێ؟ ئەی ئەوسا بۆ کوێ بچمەوە؟ دەرفەت کوێیە؟ خۆ تووشی مردنەکە هەر دەبمەوە. کەواتە ئەم پزیشكو نەخۆشە، ئەم دەرمانو چارەسەرە، هەمووی تێکرا، یاری منداڵانە.

نەخۆشی درێژخایەن واتە بیرکردنەوە لەمردن. مردنیش نهێنیەکی زۆر گەورەیە، بیرکردنەوە نایگاتێ. لەم ئاستەشدا بیرکردنەوە لەمردن، واتە بیرکردنەوە لەمردن خۆی نا، بەڵکو لەئەنجامەکانی.

کە سەیری ئەم هەموو مرۆڤە دەکەم، رایەکی وەهام لەلا دروست دەبێت، کە ئەوان هێشتا تەمەنیان لەپێشەوەیە پرۆژەکانیان تەواو بکەن: کتێبێك بنووسن، گۆرانیەك بڵێن، وێنەیەك بکێشن، شانۆییەك نمایش بکەن، شیعرێك هەڵببەستن، مۆڵەتیان لەژیاندا ماوە گەشتێك بچن،میوانداری دۆستێك بکەن، ژن بۆ منداڵەکانیان بهێنن، خانوویەك دروست بکەن، سامانو پارە پەیدا بکەن، هیواو ئاواتەکانیان بهێننە دی، بەڵام من مردن چاوەرێمەو پەککەوتەو دەستەوسانم. هەتا ئەوانەی کە رووبەروو داخوازی چاك بوونەوەم بۆ دەکەن، وادەزانم پرسەی مردنەکەمە لەتەعزیەکەمدا دەیڵێنەوە.

ئەوان نەخۆشیشبن هیوای چاکبوونەوە یان هەیە. بەڵام دەرمانو چارەسەرکردن لەئاستی من بێ دەسەڵاتە چارەنووسم هەر مردنە. مردنیش وەکو وتم خۆی کە بیری لێبکرێتەوە هێندێك گرنگ نییە بەڵام گرنگ ئەو ئەنجامانەیە کە لێیدەکەوێتەوە کە وەکو باسم کردن، ئێستاش کە خەریکی نووسینی ئەم بیرەوەریانەم هەر سڵ لەوە

دەكەمەوە كەلە هەموو چركە ساتێكدا مردن بێتو قەلەمەكە لەدەست وەرگرێتو ئەم كارە خۆشەویستەم تەواو نەكەم.دە من ئێستا وەها دەژیم و وەها هەشت ساڵە شەوو رۆژ دەبەمە سەر دوو دەقیقە رێك نەكەوت بەبێ ئێشو ئازاربم.

ئازارەكانی ئەم نەخۆشیە درێژخایەنە، جگەلەئەوەی جەستە دەكوتێت، دەروونیش دەكوتێتەوە. هەر بەتەواوی لەژیان دابڕاوم، كاروبارەكانم پێوەندیان بەتەمەنمەوە نەماوە. لێپرسینەوەی خزمو ناسیاو لەبەر درێژەكێشان وەكو جاران نەماوە. هەتا منداڵەكان و خێزانەكەشم ئەگەر زۆر بەدەوروپشتمدا نەیەن، گلەییان لەسەر نییە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا دكتۆر تەها بۆ ماوەیەك چوو بۆ دەرەوەی وڵات، منیش چوومە لای دكتۆر (جەمال ساڵح عەبدولرەحمان) ئەو مشورخواردنو بەدەربەستەوە بوونەم لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەدا كە ئەو بەدەربەستمەوە بووە، برا بۆ برای ناكات، زۆر شایانی رێزو نەوازشمە.

ئیتر لەم بارەیەوە هەرچەند بڵێمو بنووسم تەواوبوونی نییەو بەجیهانو مرۆڤەكانیشیەوە گەشبینم.

# ئەرشیفی وێنەکان



وێنەکەی من لە ڕیزی پێشەوە کەمێك شانم داداوە بەتەواویی ڕێکی مەلا عەبدوڵای سورداشی کە کەواو سەڵتەی لە بەردایە ساڵی ١٩٣٦ گیراوە سورداش کاتێك کە لە پۆلی سێیەم بووم، من بە تەواوەتی لەڕیزی پێشەوە شانم داداوە لەگەڵ کوڕێکی ترا نازانم کێیە، وێنەکەی من ئەوەیە خەتی بەدەورداهاتوە پانتۆڵەکەم خەتی سپی تێدا نییە.

چیرۆکی تەلەفزیونی (دەوەن ئاش)دا ١٩٧٠/٣/٢٣ لە ستودیوی تلفزیونی بەغداد نواندنی:-
حەسەن تەنیا
حەسەن حسێن
عومەری عەلی تەمین



نووسینی عومەر عەلی ئەمین لەسەر شانۆی یانەی فەرمانبەران لە سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٧١/٢/٨دا سێیەم ڕۆژی جەژنی قوربانی نوێنەرەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ: عومەر عەلی، جەمال عەبدوڵێ، حەسەن تەنیا، لەتیف ئەحمەد.



درامای تەلەفزیۆنی چەم بێ چەقەڵ نابێ نواندن و نوسینی عونەر عەلی ئەمین لەگەڵ کەمال سابیر –بەغدا ١٩٧١/١٢/٤





(١٩٦٩/٣/٢٦) یەکەم ئاهەنگی گشتی بەبۆنەی وەرگرتنی ئیجازەو وێنەیەکی یادگاریەکەم لە ئاهەنگی تیپی نواندن و موسیقای سلێمانی ساڵی (١٩٦٩) بە بۆنەی وەرگرتنی مۆڵەتەوە.



بەشدارانی چیرۆکی (چەمی بێ چەقەڵ نابێ) لە ستودیۆی تەلەفیزوینی بەغدا (١٩٧١/١٢/٥)



لە دادگەدا شایلول لە نێوان گراتیانۆو تووبالدا (بازرگانی ڤینیسیا) لەسەر شانۆی سانەوی سلێمانی کوران (٢-٨-١٩٧٢/٨/٧)



ما مۆ ستا یا نی
قو تا بخا نه ی
سەوره ١٩٦٣



فەرمانبەرانی خورماڵ
ساڵی ١٩٥٤



گوندی هەرتەل ساڵی ١٩٦١



ئاهەنگی کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی لەسەر شانۆی سانەوی سلێمانی کوڕان ١٩٧١



شانۆیی (بەرەوخۆر) لەسەر شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە (٢٠-٢-١٩٨٦/٣/١٥) تیپی شانۆی سلێمانی بەهاوبەشی تیپی شانۆی سالار




شانۆگەری کووپە تیپی نواندنی سلێمانی شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان (عومەری عەلی ئەمین لەدەوری مامە شەریف)دا ١٤-٢-١٩٧٨/٢/٢١



قارەمانی ئافرەتان) نووسین و دەرهێنانی عومەر عەلی ئەمین لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کوڕان (١-٨-١٩٧٣/٨/١٠)



چیر ۆ کی بلیمەت لەسەر شانۆی سانەوی کوڕان (١ — ٨/١١/١٩٦٩) عو مە ر عەلی ئەمین لەگەڵ عەلی دڵخۆش بهات عەبدولکەریم.




گە ز یز ە لە دراما ی هە نگو یند ا شا نۆ ی پە یما نگە ( )



بەرێز ئەورەحمان




ڕەوشەن هەمزە دایکم



عومەری عەلی ئەمین



ئاواز عومەر




شەهید (ئاوت عومەر




گەزیزە




بورهان عەبدولکەریم



نووسەر جەمال بابان



سمکۆ عەزیز فەرەج



ئەنوەر قەرەداخی




هونەرمەند
(خەرمان
جەمال) شانۆیی
بەرەوخۆر
١٩٨٦/٦/٥



تەها خەلیل



ئەحمەد دەنگ گەورە



حەسەن تەنیا



(١٩٩٢/١/١١) لە تەلەفزیونی گەلی کوردستان بەشی منداڵان



وێنەیەکی یادگاری لە ٢٠٠٢/٣/٢٣ دا ئاهەنگی (جەژنی نەورۆز (چیرۆکی شانۆیی باوە نەورۆز



ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە دامێنی کارێزی وەستا شەریف (عومەر) دەوری باوە نەورۆزم پێشکەش کرد



سواربوونی وڵاخ بەبێ مامۆستا هیلال



ئۆپەرێتی (قوتابخانە چاومانە) لەسەرشانۆی چالاکی قوتابخانەکان قوتابخانەی ئاراسی سەرەتایی (پێشکەشیان کرد (١٩٧٥/١٢/٢٨



له دادگەدا شایلول له نێوان گراتیانۆو تووبالدا (بازرگانی ڤینیسیا) لەسەر شانۆی سانەوی سلێمانی (کوڕان (٢-٨-٧/٨/١٩٧٢



شانۆی (بەرەوخۆر) لەسەر شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان له (٢/٢٠ – ٣/١٥/ ١٩٨٦ تیپی شانۆی سلێمانی بەهاوبەشی تیپی شانۆی سالار



مامۆستایان فازل خەلیل و سەلاح قەسەب له میوانەکانی سێیەم میهرەجانی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان (له سلێمانی (٦/٤/١٩٨٩



فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان)




وێنەیەکی دەستکردی گوندی (ئاوایی دەرەی مەڕ) عومەر عەلی ئەمین




وێنەی پۆلە کەوێکی دەستکردی (عومەری عەلی ئەمین)




وێنەی گوندی زەڵم دەستکردی عومەری عەلی ئەمین




نیگاری سەر سەڵتە



نیگاری سەر سینی مس




نیگاری سەربەڕەی بەن




سەر کەوچکەدارینەی ماستاو



نیگای سەر سەرزین



نیگاری دامێنی جاجم



نیگاری سەر بەڕە

# ئەرشیفی وێنەکان

## سەرچاوەکان

١- گۆڤاری بەیان (١١١) ئەیلولی (١٩٨٥) (شانۆییەك لە ساڵی ١٩٣٩)دا٠
٢- ڕۆژنامەی (العراق) (١٢٣٩) (١٩٨٠/٧/٧) (مانگاو جوامێری کافر)٠
٣- گۆڤاری ڕامان (٣٤) نیسانی (١٩٩٩) (چاوپێکەوتن)٠
٤- گۆڤاری ڕامان (٣٤) نیسانی (١٩٩٩) (چاوپێکەوتن)٠
٥- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ (٧٧) (ت یەکەم (١٩٧٩)) (کلارنێتەکەی عەلی ئەفەنی)٠
٦- بڵاوکراوەی شانۆی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی ساڵی ١٩٨٤٠
٧-گۆڤاری ڕامان (٣٠) (١٩٨٨/١٢/٥) (ڕووناکیەك لەسەر مێژووی هونەری وێنەکێشان لەسلێمانی)٠
٨- پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق (١٢) (١٩٨٧/١٢/٢٠) (کورسیە بۆر)٠
٩- پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق (٦) (١٩٨٧/١٠/٢١) (بینەران)٠
١٠- گۆڤاری بەیان (٢٧) تەموزی (١٩٧٥) (ئەم چیرۆکانە چۆن لە تەلەفزیۆن تۆمار دەکەن)٠

١١- گۆڤاری ڕەنگین (١٢)ت یەکەم (١٩٨٨) (بزنەکە چۆن گەیشتە بەغدا).
١٢- دەلیلی شانۆیی (پژمین).
١٣- دەلیلی شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر).
١٤- دەلیلی شانۆیی (قارەمانی ئافرەتان).
١٥- دەلیلی میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی لەبەغدا.
١٦- دەلیلی شانۆیی (کووپە).
١٧- دەلیلی شانۆیی (پردی ئاوتا).
١٨/ أ- دەلیلی شانۆیی (دووڕەگ).
ب- ئەرشیفی خۆم.
١٩- دەلیلی شانۆیی (پەیکەر).
٢٠- ئەرشیفی خۆم.
٢١- ئەرشیفی خۆم.
٢٢- ئەرشیفی خۆم.
٢٣- دەلیلی شانۆیی (شیرینو فەرهاد).
٢٤- ئەرشیفی خۆم.
٢٥- دەلیلی شانۆیی (زڕەی زەنگۆڵەکان).
٢٦- دەلیلی شانۆیی (بەرەو خۆر).
٢٧- دەلیلی میهرەجانی سێیەمی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکان) سلێمانی لە مانگی چواری (١٩٨٩)دا.
٢٨- ئەرشیفی خۆم.
٢٩- ئەرشیفی خۆم.
٣٠- ئەرشیفی خۆم.
٣١- ئەرشیفی خۆم.
٣٢- ئەرشیفی خۆم.
٣٣- ئەرشیفی خۆم.
٣٤- دەلیلی شانۆیی (دار قەیسی).
٣٥- ئەرشیفی خۆم.
٣٦- ئەرشیفی خۆم.

٣٧- ئەرشیفی خۆم.
٣٨- ژمارەکانی گۆڤاری (پەپوولە)و (جریوە).
٣٩- ناوی گۆڤارەکان و ژمارەکانیان، وەك لە لیستەکەدایە.
٤٠- ئەرشیفی خۆم.
٤١- ئەرشیفی خۆم.
٤٢- ئەرشیفی خۆم.
٤٣- ئەرشیفی خۆم.
٤٤- ئەرشیفی خۆم.
٤٥- ئەرشیفی خۆم.
٤٦- گۆڤاری سینەماو شانۆ (٧) ئابی (٢٠٠٠ ) (شانۆی کوردی بەدەقی کوردی پێدەگات).
٤٧- ڕۆژنامەی (وڵات) (١٧٠) (٢٤) حوزەیرانی (١٩٩٦) (ئاماژەیەك بۆ شانۆ).
٤٨- ڕۆژنامەی (وڵات) (١٧٠) (٢٤) حوزەیرانی (١٩٩٦) (ئاماژەیەك بۆ شانۆ).
٤٩- گۆڤاری (الحیاه المسرحیه) (١٢،١١) ساڵی (١٩٨٠) (المسرح میدان الحیاه).
٥٠- گۆڤاری (سلێمانی) (٣٢) ئازاری (٢٠٣) (ئاستی شانۆی کوردی لە هەشتاکاندا).
٥١- ڕۆژنامەی (العراق) (١٨)ی نیسانی (١٩٨٩).
٥٢- گۆڤاری شار (١٤)ی ئابی (٢٠٠١) (ڕووبارە گەورەکە).
٥٣- گۆڤاری شاکار (١٨)ی بەهاری (٢٠٠٤) بچووکبوونەوەی شانۆمان).
٥٤- کتێبی هونەر لەبیرەوەریەکاندا.
٥٥- کتێبی شادمانیەکانی ژیانم.
٥٦- گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.

ئەرشیفی خۆم- ئەو زانیاریو هەواڵو دەقانەیە کەلای خۆم نووسراونو پارێزراون.
دەلیلەکان- هەموویان دەقە چاپکراوەکانیان، لای خۆم پارێزراون.
ڕۆژنامەو گۆڤارەکان- دەقەکانیان لای خۆم پارێزراون.

کتێبە چاپکراوەکانم/

١- سەرنجێك لەدەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە٠ بەهاوكاریی لیژنە٠

٢- دیاری بۆ شانۆی منداڵ٠

٣- شانۆ لەڕوانگەی خەمخۆرەكانیەوە٠

٤- جوغزە گەچینە (وەرگێڕان)٠

٥- هونەر لەبیرەوەریەكانمدا٠

٦- مام یارمەتی٠

٧-مشتومری دارسێو ومین٠

٨ – دیاریەکی تر بۆ شانۆی منداڵ٠

٩-شادمانییەكانی ژیانم٠

- جگە لە نووسینو وەرگێڕانی (٩) کتێب، بەهاوكاری لیژنە بۆ قوتابخانە سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندییەكان٠